# دەسەڵات و ململانێی سیاسییەکان لە عێراق

(١٩٢١ - ٢٠٠٣)

نووسینی

محەمەد فاتیح

پێشەکی و پێداچوونەوەی

د.ئەحمەد حەمەدئەمین

هەولێر ٢٠٢٢ کوردستان

# دەسەڵات و ململانێی سیاسییەکان لە عێراق

(١٩٢١ - ٢٠٠٣)


- ✓ نووسینی: محەمەد فاتیح
- ✓ پێشەکی و پێداچوونەوەی: د. ئەحمەد حەمەدئەمین
- ✓ تایپکردن: تارا زانا ئەحمەد
- ✓ نەخشەسازی ناوەوە: ڕەوان
- ✓ نەخشاسازی بەرگ: هیمداد ئەرگوشی
- ✓ چاپی: یەکەم
- ✓ تیراژ: دانە
- ✓ چاپخانە:
- ✓ نرخ:

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان/ هەرێمی کوردستان

ژمارە سپاردنی () ساڵی ٢٠٢٢ دراوەتێ


هەواڵنامەی کتێب

# ناوەڕۆک


**پێشەکی:** ........................................ ١١

**دەستپێک:** ........................................ ١٣

**بەشی یەکەم: عێراق لەسەردەمی پاشایەتیدا (١٩٢١–١٩٥٨)** ........................................ ١٥

**تەوەری یەکەم:** عێراق بەر لە دامەزراندنی سیستمی پاشایەتی ........................................ ١٦

باسی یەکەم: جەنگی یەکەمی جیهانی و کاریگەری لەسەر عێراقدا ........................................ ١٨

باسی دووەم: ڕێککەوتننامەی سایکس–بیکۆ ........................................ ١٩

باسی سێیەم: سیستمی ئینتیداب ........................................ ٢٠

باسی چوارەم: حوکمڕانی ڕاستەوخۆی بریتانیا لە عێراقدا ........................................ ٢١

باسی پێنجەم: بزووتنەوە جەماوەرییەکەی ساڵی ١٩٢٠ ........................................ ٢٢

باسی شەشەم: کۆنگرەی قاهیرە ........................................ ٢٥

باسی حەفتەم: هەڵبژاردنی میر فەیسەڵ بە پاشای عێراق ........................................ ٢٥

باسی هەشتەم: ڕەگەزەکانی پێکهاتنی دەوڵەتی عێراق ........................................ ٢٧

باسی نۆیەم: ئۆپۆزیسیون و ململانێی سیاسییەکان ........................................ ٢٨

**تەوەری دووەم:** هەیکەلی سیستمی سیاسیی لە عێراق ........................................ ٣٠

باسی یەکەم: کورتەیەک لە ژیانی فەیسەڵ کوڕی حوسێن ........................................ ٣١

باسی دووەم: ئەنجوومەنی وەزیران ........................................ ٣٤

باسی سێیەم: یەکەم ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق، دوای بوونی ........................................ ٣٥

باسی چوارەم: ئەنجوومەنی نوێنەران ........................................ ٣٧

باسی پێنجەم: هەڵسەنگاندنی ڕۆڵی ئەنجوومەنی نوێنەران ........................................ ٣٨

باسی شەشەم: یاسایی بنچینەیی–دەستور ........................................ ٣٩

باسی حەفتەم: ڕۆڵی سوپا ........................................ ٤١

باسی هەشتەم: خەسلەتەکانی سوپای عێراق لەسەردەمی پاشایەتی ........................................ ٤٣

باسی نۆیەم: پێکهاتەی کۆمەڵایەتی لەناو دامەزراوەی سەربازی ........................................ ٤٤

باسی دەیەم: ڕۆڵی عەشائیر لە سەردەمی پاشایەتیدا ........................................ ٤٦

باسی یازدەهەم: ڕۆڵی حیزبە سیاسییەکان ........................................ ٤٩

باسی دوازدەهەم: قۆناغەکانی پەرەسەندنی ژیانی حیزبایەتی لە ........................................ ٤٩

یەکەم: قۆناغی پاشایەتی یەکەم (١٩٢١-١٩٣٣) ........................................ ٤٩
دووەم: قۆناغی پاشایەتی دووەم (١٩٣٣-١٩٤٥) ........................................ ٥١
سێیەم: قۆناغی پاشایەتی سێیەم (١٩٤٦-١٩٥٨) ........................................ ٥٢
باسی سێزدەهەم: خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانی حیزبە سیاسییەکان.......... ٥٥
باسی چواردەهەم: پۆلێنکردنی حیزبەکان ........................................ ٥٦
باسی پازدەهەم: ڕەهەندی ململانێ کۆمەڵایەتییەکان و دەرکەوتنی ............ ٥٦
**تەوەری سێیەم:** ڕووداو و دیاردەکانی سەردەمی پاشایەتی ........................ ٦١
باسی یەکەم: ڕێکخستنی پەیوەندییەکانی نێوان بریتانیا و عێراق ............ ٦١
باسی دووەم: کورتەیەک لە بارەی ناوەرۆکی بەڕێوەچوونی ...................... ٦٢
باسی سێیەم: بیروبۆچوونی حکوومەتی عێراق دەربارەی ناوەرۆکی ........ ٦٤
باسی چوارەم: ململانێ لەپێناو ویلایەتی مووسڵ ........................................ ٦٤
باسی پێنجەم: مانگرتنی گشتی لە عێراقدا ساڵی ١٩٣١ ................................. ٦٧
باسی شەشەم: ڕاپەڕینەکانی عەشائیرەی ناوچەی فوراتی ناوەڕاست ......... ٧١
یەکەم: ڕاپەڕینی شێخ خەوام ........................................................ ٧٢
دووەم: ڕاپەڕینی سوق شیوخ ........................................................ ٧٣
سێیەم: ڕاپەڕینی ڕومێسە ........................................................ ٧٤
چوارەم: ڕاپەڕینی ئەگرەع ........................................................ ٧٥
باسی حەفتەم: کێشەی ئاشوورییەکان لە عێراق ........................................ ٧٥
باسی هەشتەم: کودەتا سەربازییەکەی بەکر سدقی ........................................ ٨١
باسی نۆیەم: مردنی مەلیک غازی پاشای دووەمی عێراق ................................. ٨٧
باسی دەیەم: گۆڕانە سیاسییە ناوخۆییەکان لەسەروبەندی جەنگی ............ ٩٢
باسی یازدەهەم: کودەتای ١٩٤١ (حکوومەتی بەرگری نیشتمانی)................. ٩٦
باسی دوازدەهەم: ڕاپەڕینی کانوونی دووەمی ١٩٤٨ ................................. ١٠١
باسی سێزدەهەم: یاخیبوونی بەڕێوەبەری گشتی پۆلیس ................................. ١٠٦
باسی چواردەهەم: ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٥٢ ........................................ ١٠٩
باسی پازدەهەم: ڕووداوەکانی هەردوو بەندیخانەی بەغدا و کوت ............... ١١٣
باسی شازدەهەم: ڕۆڵ و کەسایەتی نووری سەعید ........................................ ١١٥
**بەشی دووەم: سەردەمی کۆماری** (١٩٥٨-٢٠٠٣) ........................................ ١١٩

**تەوەری یەکەم:** کۆمەڵگای نوێی عێراقی شیکردنەوەیەکی گشتی ........................ ١٢٠

**تەوەرەی دووەم:** شۆڕشی ١٤ تەمووزی ١٩٥٨ و سەردەمی ........................ ١٢٦

باسی یەکەم: هۆکارەکانی شۆڕشی ١٤ی تەمووز ........................ ١٢٦

باسی دووەم: هەوڵە سەرنەکەوتووەکان ........................ ١٢٧

باسی سێیەم: شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ ........................ ١٢٩

باسی چوارەم: ڕێکخستنی ئەفسەرانی ئازادیخواز ........................ ١٣٠

باسی پێنجەم: ئامادەکارییەکان بۆ بەرپاکردنی شۆڕش ........................ ١٣٢

باسی شەشەم: کردارە سەربازییەکان ........................ ١٣٣

باسی حەفتەم: ڕۆڵی حیزبە سیاسییەکان لە شۆڕشی ١٤ی تەمووز ........................ ١٣٥

باسی هەشتەم: ڕێکخستنەوەی کاروباری دەوڵەت ........................ ١٣٧

یەکەم: ئەنجومەنی سەروەری (سەرۆکایەتی) ........................ ١٣٧

دووەم: ئەنجوومەنی وەزیران ........................ ١٣٨

سێیەم: زنجیرە بڕیارێک بۆ دانانی چەند بەرپرسێکی سەربازی ........................ ١٣٩

چوارەم: دادگای سەربازی باڵای تایبەت ........................ ١٤١

پێنجەم: دەستەی سەرۆکایەتی ........................ ١٤٢

شەشەم: ئەنجوومەنی داواکاری گشتی ........................ ١٤٢

حەوتەم: عەسکەرییەکان ........................ ١٤٢

هەشتەم: مەدەنییەکان ........................ ١٤٣

نۆیەم: دەستوری کاتی ........................ ١٤٤

باسی نۆیەم: ململانێ و ڕووداوەکان ........................ ١٤٥

یەکەم: سەرهەڵدانی ململانێی سیاسیی و ئایدیۆلۆژی ........................ ١٤٥

دووەم: ململانێ لەنێوان حیزبە سیاسییەکان ........................ ١٤٧

سێیەم: عەبدولکەریم قاسم و ژیانی حیزبایەتی ........................ ١٤٨

چوارەم: یاسای حیزب و کۆمەڵەکان ........................ ١٥٠

باسی دەیەم: هەڵسەنگاندنی ژیانی حیزبایەتی لە سەردەمی ........................ ١٥٠

یەکەم: ئەو حیزبانەی بە فەرمی کاریان دەرکرد ........................ ١٥١

حیزبی نیشتمانی دیموکراسی ........................ ١٥١

حیزبی نیشتمانی پێشکەوتخواز ........................ ١٥٢

حیزبی شیوعی-داود سایغ ........................................ ١٥٣
پارتی دیموکراتی کوردستان ........................................ ١٥٣
حیزبی ئیسلامی عێراق ........................................ ١٥٦
باسی یازدەهەم: هەوڵەکان بۆ گۆڕینی ڕژێمەکەی عەبدولکەریم قاسم....... ١٦٤
یەکەم: هەوڵەکەی ڕەشید عالی گەیلانی ........................................ ١٦٦
دووەم: کودەتای سەرنەکەوتووی عەقید عەبدولوەهاب شەواف ................ ١٦٨
سێیەم: ڕووداوەکانی کەرکووک ١٩٥٩ ........................................ ١٧٣
چوارەم: هەوڵی تیرۆرکردنی عەبدولکەریم قاسم ........................................ ١٧٥
باسی دوازدەهەم: هەڵسەنگاندنی کەسایەتی عەبدولکەریم قاسم ................ ١٧٩
باسی سێزدەهەم: هەڵوێست و بیروڕاکان بەرانبەر عەبدولکەریم قاسم ..... ١٨٠
باسی چواردەهەم: لایەنە ئەرێنی و نەرێنیەکانی عەبدولکەریم قاسم ........... ١٨١
یەکەم: خەسڵەتە ئەرێنییەکانی ........................................ ١٨١
دووەم: خەسڵەتە نەرێنییەکانی ........................................ ١٨٢
**تەوەری دووەم:** ٨ی شوباتی ١٩٦٣ – ١٨ی تشرینی دووەمی ١٩٦٣ ............ ١٨٤
باسی یەکەم: کودەتای ٨ی شوباتی ١٩٦٣ ........................................ ١٨٤
باسی دووەم: هۆیەکانی ڕووخاندنی ڕژێمەکەی عەبدولکەریم ................ ١٨٩
یەکەم: هۆکارە ناوخۆییەکان ........................................ ١٩٠
دووەم: هۆکارە دەرەکییەکان ........................................ ١٩٠
باسی سێیەم: کاردانەوەی حیزبی شیوعیی عێراق لە ئاست کودەتاکە ........ ١٩١
باسی چوارەم: هەوڵەکەی حەسەن سەریع() و هاوڕێکانی ........................ ١٩٢
باسی پێنجەم: ململانێی نێوان حیزبی بەعس و بزووتنەوەی نەتەوە........... ١٩٥
باسی شەشەم: پیلانی ١٨ی تشرینی دووەمی ١٩٦٣ ........................ ١٩٧
باسی حەفتەم: ململانێی باڵەکانی حیزبی بەعس لەسەر دەسەڵات............ ١٩٨
باسی هەشتەم: ڕووداوەکانی ١٣ی تشرینی دووەمی ١٩٦٣ ........................ ٢٠٢
باسی نۆیەم: کودەتای ١٨ی تشرینی دووەمی ١٩٦٣ ........................ ٢٠٤
**تەوەری سێیەم:** سەردەمی عەبدولسەلام عارف ........................................ ٢٠٦
باسی یەکەم: دامەزراوە باڵاکانی دەوڵەت ........................................ ٢٠٦
باسی دووەم: ململانێ سیاسییەکانی سەردەمی عەبدولسەلام عارف ........ ٢٠٩

یەکەم: دامەزراندنی یەکێتی سۆسیالیستی عەرەب - لقی عێراق..................٢٠٩
دووەم: حیزبی بەعس، هەوڵی گەڕانەوە دەدات بۆ دەسەڵات ..................٢١٢
سێیەم: سەلیم فەخری هەوڵی کودەتایەکی سەربازی دەدات ..................٢١٤
چوارەم: یەکەم هەوڵی عەمید عارف عەبدولڕەزاق بۆ دەستگرتن ..............٢١٧
باسی سێیەم: مردنی سەرۆک کۆمار عەبدولسەلام عارف ..........................٢٢٠
**تەوەرەی چوارەم**: سەردەمی عەبدولڕەحمان عارف ......................................٢٢٥
یەکەم: هێزە سیاسییە مەدەنییەکان .......................................................٢٢٥
دووەم: هێزە سیاسییەکان لەناو سوپای عێراق ..........................................٢٢٦
باسی یەکەم: پرۆسەی هەڵبژاردنی عەبدولڕەحمان عارف ..........................٢٢٧
باسی دووەم: ململانێیەکانی نێوان حیزبی شیوعی و دەسەڵات ....................٢٢٩
باسی چوارەم: دووەم هەوڵی کودەتای عارف عەبدولڕەزاق ..........................٢٣٤
**تەوەری پێنجەم**: گەڕانەوەی دەسەڵاتی حیزبی بەعس .................................٢٣٧
باسی یەکەم: کودەتای ١٧ی تەمووزی ١٩٦٨ ...............................................٢٣٧
باسی دووەم: ڕووداوەکانی ٣٠ی تەمووز و ململانێ لەسەر دەسەڵات......٢٤١
باسی سێیەم: هەندێک لە ڕووە شاراوەکانی کودەتاکەی ١٧ تەمووز ........٢٤٣
باسی چوارەم: بەرەی نیشتمانی و نەتەوایەتی پێشکەوتخواز ...................٢٤٤
باسی پێنجەم: هەوڵەکان بۆ گۆڕینی دەسەڵات.........................................٢٥٠
یەکەم: هەوڵەکەی لیوا عەبدولهادی ڕاوی ...............................................٢٥٠
دووەم: پیلانەکەی لیوا ڕوکن عەبدولغەنی ڕاوی ناسراو بە غەزال.............٢٥١
سێیەم: پیلانەکەی نازم کزار ..............................................................٢٥٤
باسی شەشەم: کۆنگرەی هەرێمایەتی حیزبی بەعس ١٩٧٩ ........................٢٥٨
یەکەم: پیلان دژی سەددام حوسێن .......................................................٢٥٨
دووەم: دادگا و کۆتاییهێنان بە دۆخەکە ..................................................٢٦٢
باسی حەفتەم: هەوڵی تیرۆرکردنی سەددام حوسێن ساڵی ١٩٨٢ ............٢٦٤
باسی هەشتەم: کودەتا شکستخواردووەکەی جبورییەکان ساڵی ١٩٩٠ .....٢٦٦
باسی نۆیەم: ڕاپەڕینەکەی ئازاری ١٩٩١ .................................................٢٦٧
باسی دەیەم: هەوڵی کودەتای سەربازی لەلایەن عەقید عەبدولڕەزاق ......٢٧٢
باسی یازدەهەم: پلانی لیوا محەمەد شەهوانی .......................................٢٧٤

باسی دوازدەهەم: هەڵاتنی حوسێن کاملساڵی 1995 ........................ ٢٧٦
باسی سێزدەهەم: ڕۆڵی ئۆپۆزیسیونی سیاسی لە هەندەران ........................ ٢٨٢
کۆنگرە و دانیشتنە فەرمییەکانی ئۆپۆزیسیون ........................ ٢٨٣
یەکەم: کۆنگرەی دیمەشق ........................ ٢٨٣
دووەم: کۆنگرەی بەیروت ........................ ٢٨٤
سێیەم: کۆبوونەوەی نیویۆرک (١٩٩٩) ........................ ٢٨٥
چوارەم: کۆنگرەی لەندەن ........................ ٢٨٦
شەشەم: کۆنگرەی تاران ........................ ٢٨٧
باسی چواردەهەم: جەنگەکان لە سەردەمی سەددام حوسێن ........................ ٢٨٨
یەکەم: جەنگی عێراق-ئێران ........................ ٢٨٨
دووەم: داگیرکردنی کوەیت ........................ ٢٩٠
سێیەم: جەنگی ئەمریکا و عێراق (داگیرکردنی عێراق) ........................ ٢٩٢
باسی پازدەهەم: ژیانی سیاسیی لە سەردەمی سەددام حوسێن ........................ ٢٩٤
باسی شازدەهەم: ڕۆڵ و کەسێتی سەددام حوسێن ........................ ٢٩٧
باسی حەڤدەهەم: بیروڕای چەند شارەزا و نووسەرێک دەربارەی ........................ ٣٠١
باسی هەژدەهەم: سەددام حوسێن و هەواڵگری ئەمریکا ........................ ٣٠٣
**بەشی سێیەم: ماف و ئەرکی کەمایەتییەکان لە عێراق** ........................ ٣٠٥
**تەوەرەی یەکەم**: چەمکی کەمایەتی و چەمکی هاوڵاتیبوون ........................ ٣٠٦
**تەوەرەی دووەم**: کەمە نەتەوەیی و ئاینییەکان لە عێراق ........................ ٣٠٨
باسی یەکەم: کەمایەتییەکان لە عێراق ........................ ٣٠٩
باسی دووەم: زانیاری دەربارەی کەمایەتییەکان() ........................ ٣١١
**تەوەرەی سێیەم**: دەستورەکانی عێراق و مافی کەمایەتییەکان ........................ ٣١٦
یەکەم: دەستوری ساڵی ١٩٢٥ ........................ ٣١٦
دووەم: دەستوری کاتی ساڵی ١٩٥٨ ........................ ٣١٧
سێیەم: دەستوری کاتی ساڵی ١٩٦٣ ........................ ٣١٨
چوارەم: دەستوری کاتی ساڵی ١٩٦٤ ........................ ٣١٨
پێنجەم: دەستوری کاتی ساڵی ١٩٦٨ ........................ ٣١٩
شەشەم: دەستوری کاتی ساڵی ١٩٧٠ ........................ ٣١٩

حەوتەم: پرۆژەی دەستوری هەمیشەیی ساڵی ١٩٩٠ ........ ٣٢٠
**تەوەرەی چوارەم:** بارودۆخی سیاسی تورکمان ........ ٣٢١
**تەوەری پێنجەم:** بارودۆخی مەسیحییەکان لە عێراق ........ ٣٢٥
**بەشی چوارەم: کورد و ململانێ لەگەڵ دەسەڵاتەکانی عێراق ........ ٣٣١**
**تەوەری یەکەم:** کوردستان لەسەرەتاکانی جەنگی یەکەمی جیهانی ........ ٣٣٢
**تەوەری دووەم:** ڕاپەڕینە نەتەوەییەکانی کورد ........ ٣٣٦
باسی یەکەم: شۆڕشی شێخ مەحموود حەفید ........ ٣٣٦
یەکەم: ڕاپەڕینی ساڵی ١٩١٩ ........ ٣٣٦
دووەم: ڕاپەڕینی شێخ مەحموودی دووەم (١٩٢٢-١٩٢٧) ........ ٣٣٧
سێیەم: ڕاپەڕینی بەردەرکی سەرا ٦ی ئەیلوولی ١٩٣٠ لە سلێمانی ........ ٣٤٠
چوارەم: ڕاپەڕینی سێیەمی شێخ مەحموود (١٩٣٠-١٩٣١) ........ ٣٤١
باسی دووەم: ڕاپەڕینەکانی بارزان ........ ٣٤٣
یەکەم: ڕاپەڕینەکەی شێخ ئەحمەد بارزانی (١٩٣١-١٩٣٢) ........ ٣٤٣
دووەم: ڕاپەڕینی بارزانییەکان ١٩٤٣ – ١٩٤٥ بەسەرکردایەتی مستەفا ........ ٣٤٤
باسی سێیەم: ڕاپەڕینی جوتیارانی دەشتی هەولێر ١٩٥٣ ........ ٣٤٨
**تەوەری سێیەم:** کورد لەسەردەمی دەسەڵاتی کۆماریدا ........ ٣٥٢
باسی یەکەم: کورد و شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ ........ ٣٥٢
باسی دووەم: کورد و حکوومەتی بەعس ١٩٦٣ ........ ٣٥٤
باسی سێیەم: دانوستان لەگەڵ ڕژێمەکەی عەبدولسەلام عارف ........ ٣٥٦
باسی چوارەم: کەرتبوونی پارتی دیموکراتی کوردستان ........ ٣٥٩
باسی پێنجەم: دانوستان لەگەڵ حکوومەتەکەی عەبدولڕەحمان عارف ........ ٣٦١
باسی شەشەم: ڕێککەوتنی ١١ی مارتی ١٩٧٠ ........ ٣٦٢
باسی حەفتەم: ڕێککەوتننامەی جەزائیر ٦ی مارتی ١٩٧٥ ........ ٣٦٦
باسی هەشتەم: هەڵسوکەوتەکانی حکوومەتی بەعس بەرانبەر کورد ........ ٣٦٩
باسی نۆیەم: دەستپێکردنەوەی شۆڕش لە باشووری کوردستان ........ ٣٧١
باسی دەیەم: چەند سەرەقەڵەمێک لەبارەی گرینگترین ڕووداوەکان ........ ٣٧٢
**بەشی پێنجەم: هەڵسەنگاندنی کۆتایی ........ ٣٧٥**
**تەوەری یەکەم:** هەڵسەنگاندنی ڕۆڵی ئەنجوومەنی وەزیران ........ ٣٧٦

**تەوەری دووەم:** هەڵسەنگاندنی ڕۆڵی ئەنجوومەنی نوێنەران ........................... **٣٨١**
باسی یەکەم: ئەنجوومەنی نوێنەران لە سەردەمی پاشایەتی ..................... **٣٨١**
باسی دووەم: سەردەمی کۆماری یەکەم (١٩٥٨ – ١٩٦٣) ........................ **٣٨٣**
باسی سێیەم: سەردەمی عەبدولسلام عارف (١٩٦٣ – ١٩٦٦)................... **٣٨٣**
باسی چوارەم: سەردەمی عەبدولڕەحمان عارف (١٩٦٦–١٩٦٨) ............... **٣٨٤**
باسی پێنجەم: سەردەمی ئەحمەد حەسەن بەکر (١٩٦٨–١٩٧٩) ................ **٣٨٤**
باسی شەشەم: سەردەمی سەددام حوسێن (١٩٧٩–٢٠٠٣) ....................... **٣٨٤**
**لیستی سەرچاوەکان** ............................... ............................... ............................... **٣٨٦**

هەواڵنامەی کتێب

# پێشەکی

نووسین و توێژینەوە لەبارەی مێژووی سیاسیی عێراق لە ماوەی نێوان ٢٣ی ئابی ١٩٢١ تا ٩ی نیسانی ٢٠٠٣، گرینگی و بایەخی خۆی هەیە، لەبەر ئەوەی لەو ماوە مێژووییەدا، کە تێکڕا هەشتا و یەک ساڵ و شەش مانگ و شازدە ڕۆژ دەکات، ڕووداو و ململانێی سیاسییەکان لەسەر دەسەڵات بە جۆرێک نەخشی خۆیان بەسەر ئەو وڵاتەدا کێشاوە لە ئایندەشدا کاریگەرییەکانی دەمێنێت.

شایەنی گوتنە، دەسەڵات لە عێراق لەو ماوەی ئاماژەمان بۆ کرد، چ لە قۆناغی پاشایەتی بێت، چ لە قۆناغی کۆماری بەگشتی و ماوەی حکومڕانی بەعسییەکان بەتایبەتی بێت، لە باشترین حالەتدا نەیتوانییوە نوێنەری ڕاستەقینەی تێکڕایی گەلانی عێراق بێت، بەڵکو هەمیشە نوێنەری بەشێک یان دووان بووە و بەشەکانی دیکە تێیدا یان پەراوێز خراون یان چەوسێنراونەتەوە. لەوەشدا هۆکاری سەرەکی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لەم وڵاتەدا هەمیشە ئەقڵییەتی شۆڤێنی و ڕەگەزپەرستی و تایفەگەری و بگرە عەشتیرەتگەری فەرمانڕەوا بووە، ئاکام وایکردووە ململانێی لەسەر دەسەڵات بەشێوەیەکی توندوتیژ بەردەوامی هەبێت.

ئەم بەرهەمە، کە تایبەتە بە ململانێی سیاسییەکان لەسەر دەسەڵات لە عێراق، تێیدا تیشکخراوەتەوە سەر بەشی زۆری ڕووداوەکانی نێوان ساڵانی (١٩٢١- ٢٠٠٣)، پاشان هۆکار و ئەنجامەکانیان خراونەتە ڕوو.

بەندە لەسەر داخوازی نووسەری ئەم بەرهەمە پێداچوونەوەی بۆ کردووە و سەرنج و تێبینییەکانمان لە بارەی پلانەی بەرهەمەکە، بەشێک لە زانیاری نێو ڕووداوەکان، شێوازی ئاماژەکردن بە سەرچاوەکان و ڕێکخستنی ژێدەرەکان لەگەڵ لایەنی زمانەوانی، بە نووسەر گەیاندووە.

جێی خۆیەتی بوترێت لەو کارەیدا مامۆستا محەمەد فاتیح ماندوو بوون و ئەرکی زۆری کێشاوە، کنە و پشکنینی زۆرێک لەنێو سەرچاوەکانی

کردوون و بە ئەمانەتەوە زانیارییەکانی ڕاگوێزاون، ئەوەش مایەی پێزانیین و دەستخۆشییە.

لەڕاستیدا، ڕەنگە سەرچاوە لەسەر ئەو ڕووداوە مێژووییانەی عێراق بە زمانی عەرەبی زۆربن، بەڵام لە کتێبخانەی کوردی دەگمەنە بە زمانی کوردی بەرهەمێک بەو شێوەیە و بەو قەبارە بوونی هەبێت، بۆیە دەخوازین بەو هەنگاوەی نووسەر، بەرهەمەکەی کەلێنێکی کتێبخانەی کوردی پڕ بکاتەوە و خزمەتێک بە خوێنەران و توێژەرانی ئەو بوارە بکات.

**د. ئەحمەد حەمەدئەمین**

**١٣ی مایسی ٢٠٢٢**

هەواڵنامەی کتێب

## دەستپێک

عێراق لە دوای دامەزراندنییەوە تا دەگاتە ئەمڕۆکە لەسەر ئاستی باڵا و دامەزراوەکانیدا ڕووبەڕووی چەندین جۆری ململانێ بۆتەوە، ئەو دیاردەیەش بەشێوەیەکی گشتی بۆ دەوڵەت و سیستەمی کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکەی دەگەڕێتەوە، جگە لەوەش پەیوەندی بە ئاسۆی ئایندەوە هەیە و خۆی لە کۆمەڵێک ململانێی سیاسی، هزری، ئەتنی، ناوخۆیی دەبینێتەوە و کاریگەری فاکتەریان بەسەرەوەیە.

مێژووی سیاسیی عێراق، لاپەڕەکانی بە شێوەیەک خوێناوییە و ڕەنگی توندوتیژی و ململانێی بەسەریدا زاڵە، ڕەنگە لە مێژووی گەلانی دیکە دەگمەن ڕوویدا بێت، هەر لەبەر ئەوەش کاتێک لاپەڕەکانی ئەو مێژووە دەخوێنینەوە، بۆنی کوشتن و بڕین گێژت دەکات، ناکۆکی و بەرەنگارییە سیاسییەکان و هەوڵدان بۆ دەستگرتن بەسەر دەسەڵات، یاخود درێژەپێدانی ئەو دەسەڵاتە، کارێک بێت بیر و هۆشی مرۆڤ سەرسام بکات.

لە چوارچێوەی ئەم نووسینەدا، هەوڵدەدەین لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون بکەین بۆ ئەو ئاراستەیە یان ئەو ڕێرەوە مێژووییەی، کە دیاردەی ململانێ لە عێراق گرتوویەتییە بەر، هەروەها ئاماژە بۆ ئاست و بوارە جیاوازەکانی دەکەین، بەمەش دەگەینە چەند خاڵێکی هاوبەش بۆ دیاردە و خەسڵەتەکانی ئەو ململانێیانە، کە دەکرێت لەم چەند خاڵەی خوارەوە کورتیان بکەینەوە.

١. لە دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقەوە جگە لە فاکتەرە ناوخۆییەکان، فاکتەرە دەرەکییەکان پشکی گەورەیان بەردەکەوێت.

٢. هەر قۆناغێک لە مێژووی سیاسی ئەو دەوڵەتە، هەلومەرجی بابەتی و خودی خۆی هەیە، ململانێییەکان لەو چوارچێوەیدا ڕوویانداوە، سەرکردە سیاسی و دەستەبژێری سیاسی قۆناغەکە، نوێنەرایەتی چەند کۆمەڵێکیان کردووە، نەوەک نوێنەرایەتی تێکڕایی کۆمەڵگا.

٣. ناکرێت ڕابردوو لە ئایندە دووربخەینەوە یان جیای بکەینەوە، لەبەر ئەوەی ڕووداو و خەسڵەتەکانی مێژووی ڕابردوو ڕەنگدانەوەی

لەسەر ڕووداو و ململانێیەکانی ساڵانی داهاتووی ئەو وڵاتە هەبووە و دەبێت، ڕابردوو و داهاتوو یەکەیەکی دیالیکتیکی پێکدەهێنن.

٤. هێز و کارتێکردنی ئەو ململانێیە تا دێت لەسەر هەردوو ئاستی ئاسۆیی و ستوونی بەهێز و فرەوانتر دەبێت.

ئەم بەرهەمە، کە تایبەتە بە مێژووی عێراق لە (١٩٢١-٢٠٠٣) بەسەر پێنج بەش دابەشکراوە.

بەشی یەکەم: باس لە دروستبوونی دەوڵەتی عێراق دوای کۆتایی هاتنی جەنگی یەکەمی جیهانی (١٩١٤-١٩١٨) دەکرێت، تێیدا ئاماژە بەو ڕووداوانە کراوە کە لەو ماوەیەدا ڕوویانداوە، بە گشتی کۆڵەکە و ڕەگەزکانی ڕژێمی پاشایەتی ڕووداوەکان تا بەرپابوونی شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ شەون و کەو کراون.

بەشی دووەم: سەردەمی کۆماری (١٩٥٨-٢٠٠٣) خراوتە بەر باس، بە جۆرێک سەردەمی عەبدولکەریم قاسم، کودەتای ساڵی ١٩٦٣، سەردەمی عەبدولسەلام عارف، سەردەمی عەبدولڕەحمانی برای، هاتنەوەی بەعسییەکان بۆ سە دەسەڵات ساڵی ١٩٦٨، سەردەمی ئەحمەد حەسەن بەکر، وەرگرتنی دەسەڵات لەلایەن سەددام حوسێن، و تێکڕایی ڕووداوەکان ئاماژەیان بۆ کراوە.

بەشی سێیەم، باس لە پێگە و ڕۆڵی کەمە نەتەوەیی و ئاینییەکان بە گشتی و تورکمان و مەسیحییەکان بە تایبەتی کراوە.

بەشی چوارەم: کورد و ململانێی بەردەوام لەگەڵ دەسەڵات یەک بە دوا یەکەکانی عێراق تاوتوێ کراون.

بەشی پێنجەم: هەڵسەنگاندن بۆ ڕۆڵی ئەنجوومەنی وەزیران و ئەنجوومەنی نوێنەران (پەرلەمان) لە تێکڕای ماوەی نێوان (١٩٢١-٢٠٠٣) کراوە.

لە کۆتاییدا بە پێویستی دەزانین زۆر سوپاسی دکتۆر ئەحمەد حەمەدئەمین بکەین، کە ئەرکی پێداچوونەوەی لە ئەستۆ گرتووە و لە زۆرێک لە کەموکورتی ئاگاداری کردووینەوە. دواجار هیوادارین بەرهەمێکی باشیمان پێشکەشی کتێبخانەی کوردی کرد بێت.

**نووسەر**

# بەشی یەکەم

# عێراق لەسەردەمی پاشایەتیدا (١٩٢١—١٩٥٨)

هەواڵنامەی کتێب

## تەوەری یەکەم: عێراق بەر لە دامەزراندنی سیستمی پاشایەتی

دوای زنجیـرەیەک شـەڕ و پێکـدادانی پچـڕ پچـڕی نێـوان لەشـکری سەفەوی و لەشکری عوسمانی، کە چەند ساڵێک درێژەی کێشا، ساڵی ١٥٣٤ لەشکری عوسمانی بە سەرکردایەتی سوڵتان سلێمان قانونی (١٤٩٤ – ١٥٦٦) توانیان دەست بگرن بەسەر شاری بەغدا و بیخەنە چوارچێوەی قەڵەمڕەوی خۆیانەوە.

عوسـمانییەکان دوای هاتنیـان لە ڕووی کـارگێڕییەوە ناوچەکەیـان دابەشـکرد بەسـەر ویلایەتـی: بەغـدا، مووسـڵ و بەسـڕە دا. هەر ویلایەتێک فەرمـانڕەوا و دامودەزگـای تـایبەتی خـۆی هەبـوو ڕاسـتەوخۆش پەیوەنـدی هەبـوو بە دەروازەی بـاڵا (بـاب العـالي) لە ئەسـتەنبووڵ-دا. وەلـێ لە نێـو والییەکاندا والی بەغدا ڕۆڵی لە والی دوو ویلایەتەکەی دیکە زیاتر بوو[١].

لە کۆتاییەکـانی سـەدەی نۆزدەهەم و سـەرەتاکانی سـەدەی بیسـتەم کۆمەڵگای عێراق لە بنچینەدا لە چەندین چین و توێژی جیاواز پێکهاتبوون، کە لێرەدا بە کورتی ئاماژەیان بۆ دەکەین:

١. چینێکی زۆر کۆنەپارێز تاڕادەی کۆنەپەرستی، ئەوانە باوەڕی بەهێزیان بە یەکێتی ئیسلامیی هەبوو لایەنگیری سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم (١٨٤٢-١٩١٨)یـان دەکـرد، ئەوانە پێکهـاتوون لە عەرەبـی سـوننە و ژمارەیەک کورد، کە پیاوانی ئاینی و پێڕەوکارانی ڕێبازی سۆفیگەری ئیسـلامی بـوون. بە گشـتی کەوتبـوونە ژێـر کـاریگەری جەمـالەدین ئەفغانی (١٨٣٨ – ١٨٩٧)، لەبەر ئەوەی بـانگەوازی بـۆ یەکێتـی گەلانـی ئیسلامی دەکرد.

٢. چینێکـی کەمتـر کۆنەپـارێز، ئەوانە بەشـی زۆریـان پاشـماوەی تـورکە عوسمانییەکان و بیانییەکان بوون، کە لە عێراقدا نیشـتەجێ ببوون، ئەم چینە بە گشـتی لایەنگری دەوڵەتـی تـورک بـوون و بە زمـانی تـورکی

---

(١) عبدالوهاب الكيالي، موسوعة السياسة، الجزء الرابع، الطبعة الخامسة، (بيروت، ٢٠٠٩)، ص ٥٣.

قسەیان دەکرد. بەشێک لەوانە لە هەوادارانی کۆمەڵەی ئیتیحاد و تەرەقی و بەشێکی دیکەیان لە ئەفسەرانی خانەنیشکراوی سوپای عوسمانی و کارمەندانی بە ڕەگەز عەرەب بوون.

٣. توێژێک لە نەتەوەخوازانی عەرەب، کە هەستی نەتەوەییان توند بوو، بانگەوازیان بۆ چاکسازی دەستوری و سەربەخۆیی دەکرد، لە ناویاندا نووسەر و ئەدیب و بیرمەند هەبوون، لە نێو ئەو چینەدا بانگەشە بۆ شۆڕشی عەرەب دەکرا، کە دواتر ساڵی ١٩١٦ بەسەرکردایەتی شەریف حوسێن (١٨٥٣ – ١٩٣١) لە حیجاز هەڵگیرسا.

٤. بەشی هەرە زۆری دانیشتوانی عێراق لە شار و شارۆچکە و دێهاتەکان لە باریکی ئابووری و کۆمەڵایەتی زۆر خراپ دەژیان، نەخوێندەواری و برسێتی و هەژاری و داب و نەریتی دواکەوتووانە بەسەریاندا زاڵبوو، ئەوانە جۆرە بیرکردنەوەیەکی سیاسی ئاشکرا و دیاریان لانەبوو، بەڵکو لەژێر کاریگەری زوڵم و چەوساندنەوەی دەسەڵات دەیانناڵاند.

٥. خەڵکی سەر بەتیرە و عەشیرەتەکان، کە زۆر ڕقیان لە دەسەڵات دەبووەوە، ئەوانە بەرژەوەندی ئابووری، یان هەست و سۆزی ئاینی بە دەسەڵاتیان دەبەستەوە.

٦. ئەو چین و توێژانەی ناو تائیفە ئاینییەکان، کە بە کۆمەڵ لە شارە گەورەکانی وەک: بەغدا، بەسرە، مووسڵ و کەرکووک دەژیان، نموونەی جولەکەکان، کە لە ڕووی ئابوورییەوە پێگەی بەهێزیان هەبوو، هەروەها مەسیحی، سابیئە و ئێزدییەکان[٢].

ئەوەی تێبینی دەکرێت، چینە کۆمەڵایەتییەکان لە سەردەمی پاشایەتیدا، حاڵەتی جێگیربوونی پێوە دیار نییە، لەبەر ئەوەی گۆڕانی کتوپڕ لە بونیادی کۆمەڵایەتییان ڕوویداوە. لەو چوارچێوەیەشدا خەڵکانێک لە ناو ئەو چین و

---

(٢) عبدالرحمان البزاز، العراق من الاحتلال حتى الاستقلال، الطبعة الثالثة، (بغداد، ١٩٦٧)، ص ٣٧.

تویژانه پێگەی کۆمەڵایەتی و ئابوورییان هەڵبەز و دابەزی بە خۆیەوە بینیوە. وەلێ ئەو دیاردەیەش زادەی چەند هۆکارێک بووە، وەک:

١. پێکهاتنی بەپەلەی دامەزراوەکانی دەوڵەت، کە لە ئەنجامدا زەمینە لەبەردەم هەندێک کەسدا ڕەخساند بەرژەوەندییەکانیان گەشە پێ بدەن و سامانێکی زۆر بەدەست بهێنن.
٢. دۆزینەوە نەوت و ڕەنگدانەوەی کاریگەری بەسەر ژیانی خەڵکیدا.
٣. دارمانی باری ئابووری جیهانی ساڵی ١٩٢٩، کاریگەری بەسەر کۆمەڵانی خەڵکیدا.
٤. سیاسەتی دابەشکردن و راییکردنی زەوی و زار لەلایەن دەسەڵاتەوە، بە تایبەت لەنێوان ساڵانی (١٩٣٢-١٩٣٩)دا.
٥. سەرهەڵدانی قات و قڕی و گرانی، لە ساڵانی جەنگی دووەمی جیهانی و ڕەنگدانەوەی بەسەر باری ئابووری و گوزەرانی بەشێک لە چینەکانی کۆمەڵگادا.
٦. کۆچکردنی جوولەکەکان بۆ فەلەستین و کاریگەری پەیوەندییە ئابوورییەکانیان لەگەڵ خەڵکیدا[٣].

**باسی یەکەم: جەنگی یەکەمی جیهانی و کاریگەری لەسەر عێراقدا**

ساڵی ١٩١٤ جەنگی یەکەمی جیهانی لەنێوان دوو بەرەی ناکۆک لەسەر بەرژەوەندییەکانیان هەڵگیرسا. بەرەی وڵاتانی هاوپەیمانان (بریتانیا، فەرەنسا و ڕووسیا) و بەرەی وڵاتانی میحوەر (ئەڵمانیا، ئیتاڵیا و دەوڵەتی عوسمانی)، بەهۆیەوە عوسمانییەکان لە سنورەکانی عێراق، سوریا و لوبناندا کەوتنە بەر شاڵاوی لەشکری بریتانیا و فەرەنسا، هەروەها لە سنووری ئەرمینیا و کوردستانیشدا کەوتنە بەر شاڵاوی لەشکری ڕووسیای قەیسەری.

لەشکری بریتانییەکان لە بەسرەوە دەستیان بە پێشڕەوی کرد و یەک بە یەک ناوچەکانیان کۆنترۆڵکرد تا ئەنجام لە ١١ی ئازاری ١٩١٧ گەیشتنە

(٣) حنا بطاطو، العراق؛ الطبقات الاجتماعية والحركات الثورية، ترجمة: عەفيف الرزاز، (بغداد، ٢٠٠٥)، ص ٢١.

شـاری بەغـدا. دوای ئەوەش لە ٣٠ی تشـرینی یەکەمـی ١٩١٨ بەر لەوەی ئاگربڕ ڕابگەیەنرێت بریتانییەکان گەیشتبوونە نزیک شاری مووسڵ، ئیدی کۆتایی بە دەسەڵاتی عوسمانی هێنرا لەو ناوچانەی، کە نزیکەی پێنج سەدەی بوو دەستیان بەسەر داگرتبوو.

هاوپەیمانان بەر لە کۆتایی هاتنی جەنگ لە چەند بۆنەیەکدا ئاشکرایان کردبوو، ئەوان هاتوون لەبری داگیرکردن؛ گەلانی ناوچەکە ڕزگار بکەن. ئیدی لەو سۆنگەیەوە کەوتبوونە، پێشکەشکردنی هاوکاری بە شەریف حوسێن میری ناوچەی حیجاز، کە لە ساڵی ١٩١٦دا شۆڕشێکی چەکداری لە دژی عوسمانییەکان ڕاگەیاندن بوو.

لەو شۆڕشەدا سەدان ئەفسەری هەڵاتووی ناو سوپای عوسمانی لە عەرەب و کورد و نەتەوەی دیکە بەشدارییان تێدا کرد، کە لە دواتردا لە دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق ڕۆڵی کارایان گێڕا لە حکوومەت و سوپادا، لە وانە: یاسین هاشمی (١٨٨٤-١٩٣٧)، مەحموود شەوکەت، هادی عومەری، عەلی نەجیب، عەلی جەودەت ئەیوبی (١٨٨٦-١٩٦٩)، جەعفەر عەسکەری (١٨٨٥-١٩٣٦)، نووری سەعید (١٨٨٨-١٩٥٨)، بەکر سدقی (١٨٨٦-١٩٣٧)، سەلاحەددین سەباغ (١٨٩٩-١٩٤٤)، فەهمی سەعید (١٨٩٩-١٩٤٤)، مەحموود سەلمان (١٨٨٩-١٩٤٢)، کامل شبیب (١٨٩٥-١٩٤٥) و جەمیل مەدفەعی (١٨٩٠-١٩٥٨)[٤].

**باسی دووەم: ڕێککەوتننامەی سایکس-بیکۆ**

لە سەروبەندی جەنگی یەکەمی جیهانیدا، نوێنەرانی بریتانیا، فەرەنسا و ڕووسیا دوای زنجیرەیەک کۆبوونەوە، لە ١٦ی مایسی ١٩١٦ بە نهێنی ڕێککەوتننامەیەکیان واژۆ کرد، کە دواتر بە ڕێککەوتننامەی سایکس بیکۆ ناسرا. وەلێ بە هۆی هەڵگیرسانی شۆڕشی سۆسیالیستی لە ڕووسیا و

(٤) د. جعفر عباس حميدي، تاريخ العراق المعاصر ١٩١٤- ١٩٦٨، الطبعة الثانية، (بغداد. ٢٠١٥)، ص١٣.

ڕووخانی ڕژێمی قەیسەری لەساڵی ١٩١٧دا، ڕێککەوتننامەکە ئاشکرا بوو و ڕووسیاش تێیدا هاتە دەرەوە.

بە گوێرەی ناوەڕۆکی ڕێککەوتننامەکە بەشێک لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە تایبەتی ئەو ناوچانەی لەژێر دەسەڵاتی عوسمانییەکاندا بوو بەسەر ئەو سێ دەوڵەتە دابەشکرا بوون. وەک لە خوارەوە ئاماژەیان بۆ دەکەین:

١. سوریا، لوبنان و ویلایەتی ئەدەنە کەوتبوونە ژێر دەسەڵاتی فەرەنسا.

٢. باشوور و ناوەڕاستی عێراق بەر دەسەڵاتی بریتانیا کەوتبوون.

٣. ناوچەکانی ئەرمینیای تورکی و باکووری کوردستان کەوتبوونە ژێر دەسەڵاتی ڕووسیا.

٤. فەڵەستین ژێر چاودێری نێودەوڵەتی دانرا بوو.

٥. بەندەری ئەسکەندرۆنە ئازاد بوو.

٦. ئەو ناوچانەی کەوتبوونە دەرەوەی ئەو شوێنانەی ناویان هاتبوو، لەژێر چاودێری نێودەوڵەتی؛ دەوڵەتی سەربەخۆیان تێدا دادەمەزرێت[٥].

هەواڵنامەی کتێب

**باسی سێیەم: سیستمی ئینتیداب**

ئینتیداب وەک سیستمێک لەلایەن کۆمەڵەی گەلانەوە بەسەر ئەو ناوچانەی لەژێر دەسەڵاتی ئەڵمانیا و دەوڵەتی عوسمانی دەرهێنرا بوون پێڕەو کرا. بە گوێرەی ناوەڕۆکی ئەم سیستمە، دەوڵەتی داگیرکەر سەرپەرشتی و چاودێری بەڕێوەبردنی کاروباری ئەو هەرێم و ناوچانەی دەکرد، کە لە ڕووی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە دواکەوتوو بوون.

---

(٥) سروه اسعد صابر، كوردستان من بداية الحرب العالمية الاولى الى نهاية مشكلة الموصل ١٩١٤-١٩٢٦ دراسة تأريخية سياسية وثائقية، (اربيل، ٢٠٠١)، ص ٦٧-٧٤؛ فاطمة غربي، اتفاقية سايكس بيكو ١٩١٦، رسالة ماجستير غير منشورة، (جزائير، جامعة محمد بوضياف، كلية العلوم الانسانية والاجتماعية، قسم التاريخ، ٢٠١٧)، ص١٢.

بەمەش ناوچەکە لەژێر ئەو سیستمە دەمایەوە تا ئەوەی بە ڕادەیەک دەتوانن بە تەواوی کاروباری خۆیان بەڕێوەبەرن.

هاوپەیمانان لە کۆنگرەی سان ڕیمۆ لە ٥ی نیسانی ١٩٢٠دا، عێراقیان خستەژێر سیستمی ئینتیداب و بریتانیا ڕاستەوخۆ کاروبارەکانی بەڕێوە دەبرد، ئەوە لە کاتێکدا بوو خەڵکی ناوچەکە لە چوارچێوەی بەڵێنی هاوپەیمانان چاوەڕێی بەدەستهێنانی سەربەخۆیی بوون.

شایەنی گوتنە، بریتانییەکان زۆر بەر لە هەڵگیرسانی جەنگی یەکەمی جیهانی، بە هۆی شوێنی جوگرافی و هاتووچۆ و پەیوەندی زۆریان بە ناوچەکانی باشووری ئێران و کەنداوەوە، بایەخی عێراقیان بۆ دەرکەوتبوو، ئیدی هەر ئەوە وایکردبوو هەوڵی ئەوە بدەن سوود لە خاک و سامانەکەی وەربگرن و بیخەنە خزمەتی پێگەی ئابووری و سیاسییان لە ناوچەکەدا[٦].

**باسی چوارەم: حوکمڕانی ڕاستەوخۆی بریتانیا لە عێراقدا**

بە گشتی حوکمڕانی ڕاستەوخۆی بریتانییەکان لە عێراق، چەند خەسڵەت و تایبەتمەندییەکی هەڵگرتبووە:

١. دابینکردنی پێداویستییەکانی هێزی داگیرکەر، وەک: داگیرکردنی چەند ناوچە و زەوی و خانووبەرەیەک، کارکردنی زۆرەملێ بە خەڵکەکەی لە هەندێک کاروباری ڕێگاوباندا.

٢. سەپاندنی شێوازەکانی سیستمی هیندستان بەسەر عێراقدا لە بواری کارگێڕی، بەتایبەتی لە ناوچەکانی باشوور.

٣. بایەخدانی زۆر بەعەشایەر وەک هێزێکی کاریگەر بۆ پاراستنی ئاسایش.

٤. پیادەکردنی شێوازێکی نەرم لە کارگێڕیدا، کە تییدا دەسەڵاتەکان بکەوێتە ژێر دەستی فەرمانده و ئەفسەرانی سیاسیی ئینگلیز و عێراقییەکانیش لە کاری لاوەکی بەشداریان پێ بکرێت.

---

(٦) عبدالوهاب الکیالي، موسوعة السیاسة، الجزء الرابع، ص ٥٥.

٥. گـۆڕینی یاسـا و ڕێنماییەکـان و سیسـتمی دادوەری عوسـمانی بە یاسـاکانی وڵاتـی هیندسـتان لە کاروبـاری شارسـتانی و بازرگـانی و یاساکانی سزاو تاوانەکاندا.
٦. دروسـتکردنی سیسـتمێکی دارایـی توونـد، بەهـۆیەوە بتوانێت داهـاتی دارایی پێویست دابین بکرێت.
٧. هەسـتان بە ئەنجامـدانی خزمەتگـوزاریی تەندروسـتی ڕووکەش و بەربەرەکانی نەخۆشییەکان و کاروباری شارەوانی(٧).

**باسی پێنجەم: بزووتنەوە جەماوەرییەکەی ساڵی ١٩٢٠**

دوای ئەوەی هاوپەیمانان لە کۆنگرەی سان ڕیمۆ لە ٥ی نیسانی ١٩٢٠، بڕیاری سەپاندنی سیستمی ئینتیدابیان بەسەر عێراقدا، خەڵکی چاوەڕێی ئەوە بوون، کە هاوپەیمانان بە تایبەتی بریتانیا بەڵێنەکانی خۆیان جێبەجێ بکەن و سەربەخۆیی بۆ عێراقییەکان دەستەبەر بکەن. ئەنجام ئەو هەنگاوە پاڵی بە هێزە نیشتمانی و سیاسییەکانی وڵات نا هەوڵەکانیان چڕ بکەنەوە و خۆیان یەکبخەن و داوای مافە ڕەواکانی خۆیان بکەن، بۆیە زنجیرەیەک کۆبوونەوە و گفتوگـۆ لە شـارەکانی نەجەف، بەغـدا، مووسـڵ و ناوچەکـانی دیـکە دەستپێکرد.

لێرەدا کۆمەڵە هۆکارێکی ناوخۆیی و دەرەکی بوون بەهۆی هەڵچوونی خەڵکی عێراق، لەوانە:

١. ڕۆڵی پیاوانی ئاینی لە خولقاندنی دژایەتی بۆ لەشکری بیانی.
٢. ڕۆڵـی ڕۆشـنبیران و سیاسـەتمەداران لە هۆشـیارکردنەوە و هانـدانی خەڵکی.
٣. ڕۆڵی عێراقییەکان، کە لە سوریا گەڕابوونەوە و پێشتر بەشدارییان لە جەنگ و شۆڕشی گەورەی عەرەبی کردبوو.

---

(٧) ئەحمەد حەمەدئەمین، چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی نوێ و هاوچەرخی عێراق، چاپی یەکەم، (هەولێر، ٢٠١٠)، ل٨٤.

٤. ڕەفتار و هەڵسوکەوتی ئەفسەر و فەرمانبەرانی ئینگلیز و هیندییەکان لە شار و شارۆچکەکان، کە ببوون بە مایەی ناڕەزایی و بێزاری خەڵک.

٥. گواستنەوەی پێگەی کار و چالاکییە سیاسی و نیشتمانییەکان لە دیمەشقەوە بۆ بەغدا، دوای ڕووداوەکانی سوریا و گەڕانەوەی ژمارەیەک گەورە ئەفسەر و سیاسەتمەداری خەڵکی عێراق، کە باوەڕیان وابوو بەدەستهێنانی سەربەخۆی تەنها لە ڕێگای شۆڕشەوە دێتەدی(٨).

لەو قۆناغەدا ژمارەیەک کۆمەڵە و ڕێکخراوی سیاسیی بە ئامانجی بەرەنگاربوونەوەی دەسەڵاتی داگیرکەر هاتنە دامەزراندن. لە شاری بەغدا ئەوانی ڕابەرایەتی بزووتنەوەی نیشتمانییان دەکرد بریتی بوون لە: جەعفەر ئەبوتمەن، یوسف سوەیدی، عەلی بازرگان، کە هەڵسان بە ئەنجامدانی کۆبوونەوەیەکی جەماوەری لە مزگەوتی حەیدەرخانە، لەم کۆبوونەوەیەدا لێژنەیەکی پازدە کەسی بە ئامانجی نوێنەرایەتیکردن پێکهێنرا. بریتانییەکان لەلایەن خۆیانەوە بەهۆی ئەو بارودۆخەی هاتبووە پێشەوە، بڕیاریاندا لێژنەیەک لە چەند فەرمانبەرێکی باڵای سیاسی پێک بهێنن. ئیدی هەر دوولا کۆبوونەوە و هەریەکە پێشنیار و بۆچوونەکانی خۆیان بۆ چارەسەرکردنی دۆخەکە خستەروو. وەلێ لەبەر ئەوەی ڕووداوەکان لە هەندێک ناوچەی ناوەڕاستی عێراق خێرا پەرەیان سەند و گرژی لێکەوتەوە، ئەنجام بوو بەهۆی هەڵگیرساندنی شەڕ و پێکدادان.

لە شاری ڕومیسەی سەر بە پارێزگای دیوانیە، ڕووبەڕوو بوونەوەی چەکداری ڕوویدا، کوشتن و زیانی زۆری لێکەوتەوە. دواجار ڕووداوەکان لە زۆربەی ناوچەکانی فوراتی ناوەڕاست زۆر بە خێرایی بڵاوبوونەوە و پێکدادانی لەنێوان خەڵیکی عێراق و هێزەکانی بریتانیای لێکەوتەوە، ئەوە لە

(٨) عبدالله الفياض، الثورة العراقية الكبرى سنة ١٩٢٠، الطبعة الاولى، (بغداد، ١٩٦٣)، ص٢٠٧.

کاتێکدا بوو، کە لە ناوچە کوردییەکان دەمێک بوو خەڵکی ڕووبەڕووی ئینگلیزەکان ببوونەوە[٩].

بریتانییەکان هەموو ڕێگایەکیان گرتەبەر بۆ کۆتایی پێهێنان بەو بزووتنەوە جەماوەرییە، بۆ ئەو مەبەستەش هەم هێزیان بەکارهێنا، هەمیش کەوتنە بەخشینەوە بەڵێن بە عێراقییەکان. ئەنجام لە دوای شەش مانگ لە شەڕ و پێکدادان و توندوتیژی، لەشکری بریتانیا توانی بزووتنەوە چەکدارییەکە کپ بکەنەوە.

شایەنی باسە، دوای ئەم قۆناغە بریتانییەکان بە ئامانجی چارەسەرکردنی دۆخەکە چەند هەنگاوێکیان گرتەبەر وەک:

١. هێنانەوەی سیر پرسی کۆکس بە هۆی شارەزایی لە بارودۆخی عێراق و دانانی وەک نوێنەری باڵای بریتانیا.
٢. پێکهێنانی حکوومەتی کاتی نیشتمانی بە سەرۆکایەتی عەبدولڕەحمان نەقیب (١٨٤١-١٩٢٧) لە ٢٥ی تشرینی یەکەمی ١٩٢٠.
٣. ئەنجامدانی ڕاپرسی بۆ وەرگرتنی بیروڕای خەڵکی ناوچەکە.
٤. هەوڵدان بۆ کۆتایی هێنان بە کێشە و داواکاری کورد و بەستنەوەی ویلایەتی مووسڵ بە عێراق.

شایەنی باسە، دەکرێت هۆکاری سەرنەکەوتنی ئەو بزووتنەوە جەماوەرییە لە چەند خاڵێکدا کۆبکەینەوە:

١. بەهۆی ململانێی لەنێوان سەرۆک هۆزەکان، بزووتنەوەکە سەرکردایەتییەکی نەبوو، سەرپەرشتی و ئاراستەی بکات.
٢. هەڵوێستی گۆڕینی ژمارەیەک لە سەرۆک هۆزەکان و دوورکەوتنەوەیان.

(٩) د. عەلی وەردی، چەردەیەکی کۆمەڵایەتییانە لە مێژووی نوێی عێراق، وەرگێڕانی: حەسەن جاف، بەرگی پێنجەم، (سلێمانی، ٢٠٠٥)، ل٢٣٧.

٣. لاوازی لە ڕووی چەک و پێداویستییەکان بە بەراورد لەگەڵ لەشکری بریتانیا، کە زلهێزی سەردەمەکە بوو.

٤. زەرەر و زیانی مادی و مرۆیی لە ناو بەری شۆڕش.

٥. نەبوونی پشتگیری بۆ بزووتنەوەکە لەلایەن دانیشتوانی شار بە تایبەتی شاری بەغدا[١٠].

**باسی شەشەم: کۆنگرەی قاهیرە**

بریتانییەکان لە چوارچێوەی هەوڵەکانیان بۆ چارەسەرکردن و یەکلاکردنەوەی ئەو کێشانەی لە عێراق ڕووبەڕووی ببوونەوە، لە ١٢ی ئازاری ١٩٢١ بە سەرۆکایەتی ویسنتۆن چەرچل (١٨٤٧ – ١٩٦٥) وەزیری داگیرگەکانی بریتانیا لە شاری قاهیرەدا ساز کرد، لەم کۆنگرەیەدا نزیکەی چل کەس لە ڕاوێژکار و بەرپرس و فەرمانبەرانی بریتانی ئامادە بوون.

کۆنگرەکە تایبەت بوو بە کێشە و بارودۆخی ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە گشتی و عێراق بە تایبەتی، ئەوانی نوێنەرایەتی عێراقیان دەکرد بریتی بوون لە: سیر پرسی کۆکس، مس بیل، جەعفەر عەسکەری وەزیری بەرگری، ساسۆن حسقیل وەزیری دارایی و جەنەراڵ هاڵدین.

کۆنگرەی قاهیرە دوو هەفتەی خایاند، لە بارەی عێراقەوە، بڕیاردرا بە دانانی میر فەیسەڵ کوڕی حوسێن بە پادشا لەسەر عێراقدا[١١].

**باسی حەفتەم: هەڵبژاردنی میر فەیسەڵ بە پاشای عێراق**

دوا بەدوای ڕووداوەکانی ساڵی ١٩٢٠ لە عێراقدا، بریتانییەکان بە گەرمی سەرقاڵی ئەوە بوون شێوە حوکمڕانییەک لە عێراق دابمەزرێنن، لەسەریێکەوە خەڵکی ئەو وڵاتەی پێ ڕازی بکەن و لەسەرێکی دیکەوەش ئامانجەکانی خۆیان بە هۆیەوە بەدی بهێنێن. لەو چوارچێوەیەدا سیر پرس کۆکس نوێنەری باڵای بریتانیا بەهۆی ئەوەی شارەزاییەکانی باشی

---

(١٠) عبدالرزاق الحسني، تأريخ العراق السياسي، الطبعة السابعة، (لبنان، ٢٠٠٨)، ص١٦٦.

(١١) عبدالرحمان البزاز، العراق من الاحتلال حتى الاستقلال، ص١٢٦.

دەربارەی عێراقییەکان هەبوو، پێی وابوو دەبێت هەنگاوی هێمن و لەسەرەخۆ بگیرێتە بەر[١٢].

وەک لە مەوبەر ئاماژەمان بۆ کرد، لە کۆنگرەی قاهیرەدا، فەیسەڵ کوڕی حوسێن وەک پاشا بۆ عێراق دەستنیشان کرا بوو، بەڵام ئەوە بەو مانایە نایەبێت، کە تەنیا کەس بووبێت ناوی هاتبێت، لەبەر ئەوەی جگە لەو ناوی هەر یەک لەمانەی خوارەوەش هاتبوو:

١. تالیب هادی نەقیب، لە ئەشرافەکانی بەسرە.
٢. عەبدولڕەحمان ئەلگەیلانی، نەقیبی شاری بەغدا.
٣. بورهانەدین، نەوەیەکی دوا سوڵتانی عوسمانی.
٤. شێخ خەزعەل، شێخی ناوچەی موحەمەرە.
٥. هادی پاشای عومەری، سەرۆکی بنەماڵەی عومەرییەکانی مووسڵ.
٦. یەک لە کوڕەکانی بنەماڵەی سعودییەکان.
٧. یەک لە میرەکانی بنەماڵەی هاشمی لە حیجاز میر عەبدوڵلا یان میر زەید.
٨. میرێک لە بنەماڵەی پاشاکانی میسر.
٩. ئاغاجان، خەڵکی ناوچەی کەربەلا.
١٠. والی ناوچەی پشتگۆی ئێران.

بەر لەوەی ناوی میر فەیسەڵ وەک پاشای عێراق بە ڕەسمی ئاشکرا بکرێت، لە شارە گەورەکان بەمەبەستی وەرگرتنی بیروڕای خەڵکی ڕاپرسییەکی رووکەشی بەڕێوەچوو، لەم ڕاپرسییەدا هەندێک لە شارەکان دەنگیان نەدا و هەندێک تریش وەک سلێمانی و کەرکووک بەشداریان تێدا نەکرد.

---

(١٢) لونگریک، العراق الحديث من سنة ١٩٠٠ الى سنة ١٩٥٠ تأريخي، سياسي، أجتماعي واقتصادي، ترجمة: سليم طه التكريتي، الجزء الاولى، الطبعة الثانية، (بيروت، ٢٠١٨)، ص٢٣٤.

١١ تەمـــووزی ١٩٢١ ئەنجـــوومەنی وەزیرانـــی عێـــراق بڕیاریـــدا بە دیـاریکردنی میـر فەیسـەڵ بە پاشـای عێـراق و لە ڕۆژی ٢٣ی ئـابی ١٩٢١ ئاهەنگی تاج لەسەرنانی بۆ ساز کرا[١٣].

**باسی هەشتەم: ڕەگەزەکانی پێکهاتنی دەوڵەتی عێراق**

دەوڵەتی نوێی عێراق لە سـەرەتای پێکهـاتن و دروسـتبوونیدا، پشـتی بە سێ ڕەگەزی بنچینەیی بەسـتبوو، پێکهـاتە سـەرەکییەکانی ئەو ڕەگەزانەش لە یەکەیەکـی یەکگرتـوو تێکەڵبـوون، کە بـنکەی حـوکمڕانی نوێیـان بەرجەسـتە دەکرد.

ڕەگەزەکان:

١. هێزەکـــانی داگیرکـــاری بریتانیـــا و کـــار بەدەســـت و فەرمـــانبەرە ئیدارییەکان.

٢. هێزە کۆمەڵایەتییە خۆجێییەکان، کە پێکهاتوون لە:

أ. شـــارییەکان، بنەمـــاڵەی خـــانەوادە و ئەریســـتوکراتە کۆنەکـــان و بازرگان و موڵکدارانی زەوی و زار.

ب. لادێیەکان، عەشایەر و تیرە گەورەکان بە تـایبەتی، هەروەهـا داب و نەریت و بە هاکانیان.

ج. لایەنە ئاینییەکان (سوننە مەزهەب بە تایبەتی).

٣. کەلەپوور و بەها مەعنەوییەکان و ڕابردووی مێژوویی خـودی پاشـا و ئەو ئەفســـەرانەی، کە لە ســـوپای عوســـمانی کشـــابوونەوە و ڕۆڵ و ئەرکی سیاسیی و عەسکەرییان لە عێراقدا بە ئەستۆ گرتبوو.

بە گشتی ڕەگەزەکان هەڵگری ئەو پێنج خەسڵەتەی خوارەوە بوون:

---

(١٣) د. بلقيس محمد جواد، قراءة في تأسيس الدولة العراقية ١٩٢١ الاهداف والنتائج، مجلة العلوم السياسية، المجلد (٢١)، العدد (٤١)، (بغداد، كلية العلوم السياسية، ٢٠١٠)، ص ١٨ (https://jcopolicy.uobaghdad.edu.iq/index.php/jcopolicy/article/view/259/202).

١. بـوونی ململانـێ و نـاکۆکی لەنێـوان تاکەکـانی هەر ڕەگەزێـک لە ڕەگەزەکان.
٢. بوونی ناکۆکی و ململانێ لەنێوان هەموو ڕەگەزەکان بەیەکەوە.
٣. سـنورداری ئاسـۆی پەرەسـەندنی هەنـدێک لەو ڕەگەزانە لە ڕووی مێژووییەوە.
٤. جیاوازی و گرینگی ڕۆڵی هەر ڕەگەزێک لەو ڕەگەزانە لەگەڵ ڕەوتی بەهێزبوونی حوکمڕانی، هەروەها جیاوازییان لە بەرهەمهێنانی بنکە و پێگەی کۆمەڵایەتییان، ئەویش وڵات.
٥. خواسـت و ویسـتی هەر ڕەگەزێـک بە تەنها بـۆ بەهێزکردنـی پێگەی خۆی لەسەر حیسابی پێگەی ڕەگەزەکانی دیکە(١٤).

**باسی نۆیەم: ئۆپۆزیسیون و ململانێی سیاسییەکان**

لە قۆناغی پاشایەتیدا، ناکۆکی و ململانێ سیاسییەکان لە عێراق خۆی لە چەنـد بـابەت و کێشـەیەکی جەوهەریـدا دەبینێـتەوە. لەبەر ئەوەی لایەنە سیاسـییەکان لە لایەک نـاڕازی بـوون لە ئاراسـتە و شـێوازی پێکهێنـانی دەوڵەت، لە لایەکـی دیکەشـەوە نـاڕازی بـوون لەگەڵ سیاسـەتی داگیرکـاری بریتانیا و حکوومەتە یەک لە دوایەکەکانی عێراقیدا.

حکوومەتەکان، کە پێک دەهێنران بە شێوەیەکی هەست پێکراو، لەپێناو بەرژەوەنـدی بریتانیـا کاریـان دەکـرد. ئاکـام ئەگەرچـی نارەزایەتییەکـان گۆڕانکارییەکی سیاسی وای نەدا بە دەستەوە، بەڵام دیسانەوە بەهۆی بوونی هەڵوێستی هەندێک لایەن و کەسایەتی ساسیی و ڕازی نەبوونی هەندێک لە کاربەدەسـتی نێـو وەزارەتەکـان، وایکـرد کەسـانێک لە بەرپرسـیارەتەکەیاندا دەست هەڵبگرن.

گرینگترین ئەو کێشە و بابەتانەی ببوون بەهۆی ململانێ:

---

(١٤) حسن ظاظا، العراق دراسة في تاريخه السياسي ١٩٠٨-٢٠٠٥، الطبعة الاولى، (دمشق، ٢٠٠٨)، ص ١٢٨؛ د. عديد دويش، تاريخ العراق السياسي المعاصر، ترجمة: مصطفى نعمان، (بغداد، ٢٠١٢)، ص ١٢٧.



هەولێرنامەی کتێب

١. سەپاندنی سیستمی ئینتیداب بەسەر عێراق و، بەستنەوەی سیاسەتی عێراق بە بەرژەوەندییەکانی بریتانیا لە ڕێگای گرێدانی پەیماننامەیەکەوە.

٢. دروست نەبوونی حکوومەتێکی سەردەمیانە و دانەنانی دەستورێکی شارستانی بۆ وڵات و ئەنجامدانی هەڵبژاردنی گشتی.

٣. مەترسیترین داردە بۆ پێگەی دەوڵەتی تازە دامەزراوی عێراق، ئەو بارودۆخەی سنووری تورکیا و کوردستانی عێراق بوو، لەبەر ئەوەی دەوڵەتی تورکیا لە هەوڵەکانی بەردەوام بوو بۆ گێڕانەوەی ویلایەتی مووسڵ.

٤. مانەوەی دەسەڵاتی بەکردار لە دەستی چەند کەسانێک، بوونی ئەنجوومەنی نوێنەران وەک دەزگایەکی ڕووکەش و تێپەڕاندنی بڕیارەکان(١٥).

هەواڵنامەی کتێب

---

(١٥) لونگریک، العراق الحديث من سنة ١٩٠٠ الى سنة ١٩٥٠ ....، الجزء الاولى، ص ٢٥٥؛ زهير خضير ياسين، ذاكرة عراقية، ملحق جريدة المدى، العدد (٢٧٣٤)، (بغداد، ٢٠١٣/٢/١٥).

## تەوەری دووەم: هەیکەلی سیستمی سیاسیی لە عێراق

سیستمی سیاسیی هەر وڵاتێک بریتییە لە کۆی دامەزراوە سیاسییە حکومی و ناحکومییەکانی، کە بۆ مەبەستی مانەوە و درێژە پێدان بە سیستمەکە لە بارێکی کار لە یەککردوودا لەگەڵ یەکتردا پەیوەندییان دەبێت.

هەیکەلی هەر سیستمێک لە دامەزراوەکان پێکهاتووە لە: دەسەڵاتی جێبەجێکرن، یاسادانان و دادوەری.

ساڵی ١٩٢١ لە کۆنگرەی قاهیرەدا بڕیاردرا لە دامەزراندنی دەوڵەتێکی پاشایەتی لە عێراق درا و فەیسەڵ کوڕی حوسێن وەک پاشا دیاریکرا. هۆکاری هەڵبژاردنی فەیسەڵ کوڕی حوسێن جگە لە دیاری پێگەکەی دەگەڕێتەوە بۆ[١٦]:

١. لایەنی کەسێتی و خەسڵەتە خودییەکانی فەیسەڵ لە زیرەکی و لێهاتوویی و کاریزمایی.
٢. کەسێک بوو دەیتوانی هاوسەنگی لەنێوان پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانی عێراق ڕابگرێت.
٣. لەبەر ئەوەی عێراقی نەبوو پێگەی جەماوەری لاواز بوو، ناچار دەبوو پشت بە بریتانیا ببەستێت.
٤. پەیوەندی بە بنەماڵەی پێغەمبەری ئیسلام محەمەد (د.خ).
٥. بوونی پەیوەندی و بەرژەوەندی هاوبەش لەنێوان بنەماڵەی فەیسەڵ و حکوومەتی بریتانیا.
٦. دژایەتیکردنی بۆ سیستمی کۆمۆنیستی.
٧. پاڵپشتیکردنی فەیسەڵ لەلایەن کۆمەڵە ئەفسەرێکی عێراقی، کە ئامرازی سەرەکی دامەزراندنی سوپای عێراقی بوون.

(١٦) محمد مظفر الادهمي، الملك فيصل الاول، دراسة وثائقية في حياته السياسية وظروف مماته الغامضة، (بغداد، ١٩٩١)، ص ١١٢-١١٣؛ ابراهيم خليل العلاف، الملك فيصل الاول (١٩٢١ – ١٩٣٣) ودوره في تأسيس الدولة العراقية الحديثة، مجلة الحوار المتمدن، العدد (٤٥٥٢)، ٢٠١٤، (https://www.ahewar.org/debat/show.art.asp?aid=429600).



هەواڵنامەی کتێب

فەیسەڵ کوڕی حوسێن میری ناوچەی حیجاز، کە بە بنەماڵەی هاشمی ناسراون، ساڵی ١٨٨٣ لە شاری تائیف لەدایکبووە، دوای بوونی باوکی بە ئەندامی ئەنجوومەنی شورای دەوڵەتی عوسمانی، ساڵی ١٨٩١ لەگەڵ باوکی لە شاری ئەستەنبووڵ جێگیر بووە. فەیسەڵ ماوەی (١٧) ساڵ لەو شارە ماتەوە و تێکەڵی ژیانی سیاسیی بووە، بە هۆیەوە لە هەڵسوکەوتی کاری دبلۆماسیی ئەو سەردەمە شارەزایی بووە و لە ڕێگای مامۆستای تایبەتەوە زانستی جۆراوجۆر و زمانی تورکی خوێندووە.

فەیسەڵ ساڵی ١٩٠٨ بە ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی (مەبعوثان) دیاری کراوە، لەو سەردەمەدا ڕۆڵی سەرکردایەتیی تێدا دەرکەوتووە و بایەخی بە کاروباری نەتەوەی عەرەب و سیاسەت داوە. ناوبراو پەیوەندی لەگەڵ هەردوو کۆمەڵەی عەرەبی لاو (العربیة الفتاة) و کۆمەڵەی پەیمان (ئەلعەهد) دروست کردووە. سەرکردەکانی ئەو دوو کۆمەڵەیە داوایان لێکردووە لە دژی دەوڵەتی عوسمانی و سیاسەتی ئیتحادییەکان لەژێر ڕابەرایەتی شەریفی مەککە حوسێنی باوکی سەرکردایەتی شۆڕشی عەرەبی بکات.

ساڵی ١٩١٦ کاتێک شۆڕش بەرپا دەبێت، بریتانیا لە جەنگدا بوو دژ بە عوسمانییەکان، بەو هۆیەوە کەوتە هاوکارییان بەڵێنیشی پێدان یارمەتییان بدات لە دامەزراندنی دەوڵەتێکی عەرەبیدا. فەیسەڵ لە شەڕەکاندا سەرکەوتن بەدەست دێنێت و لە حیجازەوە دەگاتە وڵاتی سوریا و شاری دیمەشقی ڕزگار کرد. ئەنجام ساڵی ١٩١٨ لە دیمەشقدا بڕیار لە دامەزراندنی حکوومەت دەدرێت لەژێر چاودێری ئەودا، بەڵام لەبەر ئەوەی بەپێی ڕێککەتننامەی سایکس – بیکۆ ناوچەکە بەر فەرەنساییەکان کەوتووە، ئەوا ڕازی نەبوون بە فەیسەڵ حکومڕانی تێدا بکات.

فەیسەڵ ساڵی ١٩١٩ بەشداری کۆنگرەی ئاشتی لە پاریس دەکات و تێیدا داوای دامەزراندنی دەوڵەتێکی عەرەبی دەکات. بەڵام لە هەوڵەکانی لە سوریا سەرکەوتوو نابێت، بۆیە دواتردا لە ساڵی ١٩٢١دا لە کۆنگرەی قاهیرە

بڕیار دەدرێت ببێت بە پادشای عێراق. ئەنجام فەیسەڵ ڕۆژی غەدیر[١٧]، کە مەبەستی خۆی تێدا بوو دیاری دەکات بۆ ڕێوڕەسمی لەسەرنانی تاجی پاشایەتی لە عێراقدا.

ساڵی ١٩٣٣ فەیسەڵ بە هۆی نەخۆشییەوە ڕوو لە وڵاتی سویسرا دەکات و لە وێدا کۆچی دوایی دەکات، دوای خۆی دوو کوڕ و سێ کچی بەجێ دەهێڵێت.

فەیسەڵی یەکەم لە ماوەی دوازدە ساڵ حوکمڕانی وەک یەکەم پاشای عێراق، بەچەند خەسڵەتێکی دەگمەن و کەم وێنە ناسراوە، لەوانە: پیاوێکی زیرەک و هۆشیار و لەسەرخۆ بوو، خاوەن هەست و سۆز بووە بەرانبەر خەڵک، ئەوە وایکردووە لە یەکەم ڕۆژی بوونی بە پاشای عێراق لە مزگەوتەکان لەوتاری هەینی ناوی بێت. ناوبراو بەپێی پێوەرەکانی ئەو سەردەمەی تێیدا دەژیا سیاسییەکی ژیر و تێگەیشتووی خۆرسک بوو، خاوەن ڕۆشنبیرییەکی پراکتیکی سیاسیی و کۆمەڵایەتی بوو.

فەیسەڵ لە سەرەتای حوکمڕانییەوە لە لایەک لەلایەن بریتانییەکان، لە لایەکی دیکەشەوە لەلایەن دەنگی ناڕازی و ئۆپۆزسیۆن ڕووبەڕووی ململانێیەکی توند و فشار بۆتەوە.

فەیسەڵ دروشمی (وەرگرە و داوابکە)ی هەڵگرتبوو، بەهۆی ئەو سیاسەتەی هەنگاو بە هەنگاو ڕژێمەکەی چەسپاند و ڕووی لە پەرەسەندندا بوو.

لەگەڵ تێپەبوونی ڕۆژگاردا، فەیسەڵی یەکەم، بەهۆی ئەزموونییەوە، شارەزای توانا و ویست و ئارەزووی بەرپرس و سیاسەتمەدار و سەرکردەکانی عێراق ببوو، بۆیە بەپێی لێکدانەوەی خۆی هەوڵیدەدا لە بوارەکانی سیاسیی و ئابووری و کارگێڕی هەر کەسە و لە شوێنی شیاوی

---

(١٧) بەپێی بۆچوونی شیعەکان لە ڕۆژی غەدیردا، کە دەکەوێتە ڕۆژی ١٨ی (ذل الحجة)، پێغەمبەر محەمەد (د.خ) بڕیاریداوە عەلی کوڕی ئەبو تالیب، لە دوای خۆی ببێت بە خەلیفەی موسڵمانەکان.

خـۆی دابنێـت، ئەو کـارەش فـاکتەرێکی یارمەتیـدەر بـوو لە چەسـپاندن و سەقامگیری سیستمی حکومڕانی لە وڵاتدا.

شـا فەیسـەڵ، لەگەڵ ئۆپۆزسـیۆن لە پەیوەنـدییەکی بەردەوامـدا بـووە، گفتوگۆی لەگەڵ کردوون و گوێی لە بیروڕکانیان گرتووە. بەو کارەی وای لە ئینگلیزەکان دەگەیاند، کە کەوتۆتە نێوان فشاری هەردوولا.

فەیسـەل، هەر لەسـەرەتای حوکمڕانییەوە سـەرەڕای کێشـە ئابووری و کۆمەلایەتی و ئیدارییەکانی وڵات لەسەر ئاستی ناوخۆدا ڕووبەڕووی چەندین کێشـە و گرفـت ببـووەوە، وەک کێشـەی مەرجەعە باڵاکـانی شـیعە، کێشـەی ویلایەتی مووسڵ ، کێشـەی کورد و کێشـەی ئاسـوورییەکان. ئەوە سـەرباری ئەوەی لەسـەر ئاستی هەرێمی هەر یەک لە تورکیا و ئێران دانیان بە دەوڵەتی تازە دامەزراوی عێراق نەدەنا و کێشەیان بۆ دەنایەوە.

فەیسـەڵ دەسـتەیەک لە سیاسـەتمەدارانی لە دەوری خۆیدا کۆکردبۆوە و ڕاوێژی لەگەڵ دەکردن و کاروبـاری وڵاتـی پێ دەسپاردن، ئەوانە بەشـێک بـوون لە تەکیـدا بەشـدارییان لە شۆڕشـی سـاڵی ١٩١٦دا کـرد بـوو، ڕۆڵـی گەورەیـان گێـڕا بـوو، لە وانە: جەعـفەر عەسـکەری، تۆفیـق سـوەیدی (١٨٩٢–١٩٦٨)، یاسـین هاشـمی، نـووری سـەعید، عەلـی جەودەت ئەیـوبی، جەمیـل مەدفەعـی، ساسـون حسـقیل[(١٨)]، مـحەمەد دەفـتەری، ڕەشـید عـالی گەیلانـی (١٨٩٢–١٩٦٥) و عەبدوڵلا ئەلدەمەلموجی بوون.

سـاڵی ١٩٣٣ فەیسـەڵ بەهـۆی نەخۆشـییەوە سـەردانی سویسـرای کـرد، لەوێ لەژێر چاودێری پزیشکی چەند ڕۆژێـک مـایەوە، لەپڕ لە شـەوی ٨/٧ ی ئەیلوولی ١٩٣٣ کۆچی دوایـی کـرد. مردنـی فەیسـەڵ گومـانی لای زۆر لایەن

---

(١٨) ساسـون حسـقیل، سـاڵی ١٨٦٠ لەدایکبـووە. لەسـەردەمی عوسـمانیدا ئەنـدامی ئەنجوومەنی مەبعوسان بووە، (١٩٢٠ – ١٩٢٤) پێنج جار لە عێراق بووە بە وەزیری دارایی. سـاڵی ١٩٢١ بەشـداری کۆنگرەی قاهیرەی کـردووە سـاڵی ١٩٢١، بە ئەندامی لێـژنەی یاسـای بنچینەیـی لە عێـراق دانـراوە، سـاڵی ١٩٣٢ لە پـاریس کـۆچی دوایـی کردووە. د. حسن لطيف الزبيدي، موسوعة الاحزاب العراقية، الطبعة الاولى، (بيروت، ٢٠٠٧)، ص ٣٦٥.

پەیدا کرد، لەبەر ئەوەی بەر لە دوو ڕۆژ پشکنینی پزیشکی دەری خستبوو هیچ کێشەیەکی نییە و دڵی بە باشی کار دەکات، بەو هۆیەوە گومان دەکرا ژەهری بۆ کرابێتە خواردنەوە. بۆ ئەو بابەتەش پەنجەی گومانی بۆ نووری سەعید درێژ دەکرا[١٩].

بە بۆچوونی توێژەر و چاودێرانی سیاسی فەیسەڵی یەکەم، لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا، بە بەرچاوترین و گەورەترین کەسایەتی عەرەب دادەنرێت، لەبەر ئەوەی ناوبراو لە بواری سیاسیی و عەسکەریدا ڕۆڵی جیاواز و تایبەتمەندی گێڕاوە.

سەرچاوەکان پێیان وایە کۆچی دوایی فەیسەڵی یەکەم بۆشاییەکی سیاسیی گەورەی لەسەر کاروباری سیاسیی و کارگێڕی لە عێراقدا بەجێهێشتووە، چونکە دوای ئەوەدا هێزە سیاسییەکان بە شێوەیەکی فرەوان و بە توندی کەوتونەتە ململانێ لەگەڵ یەکتریدا بە تایبەتی لەسەردەمی پاشا غازی کوڕی فەیسەڵ (١٩٣٣ – ١٩٣٩)دا[٢٠].

**باسی دووەم: ئەنجوومەنی وەزیران**

ئەنجوومەنی وەزیران لە هەر وڵاتێکدا دەزگای باڵای کارگێڕی دەنوێنێت و لوتکەی دەسەڵاتی جێبەجێکردنە. بەپێی دەستوری عێراق لە سەردەمی پاشایەتیدا ژمارەی ئەندامانی ئەنجوومەنی وەزیران دەبوایە لە (٦) وەزیر کەمتر نەبێت، بە سەرۆکەوە دەبوونە (٧) کەس. وەزیرەکان لەلایەن سەرۆک وەزیران دیاری دەکران، دواتر فەرمانی شاهانەیان بۆ دەردەچوو.

بڕیارەکانی ئەنجوومەنی وەزیران دەربارەی دانان و دامەزراندنی هەر کەسێک بۆ پلەیەکی کارگێڕی باڵا پێویستی بە ڕەزامەندی پاشا بوو. وەلێ دواتر دەسەڵاتەکانی پاشا هەندێک گۆڕانکاری بەسەردا هات، چونکە پێشتووتر بۆی نەبووە هیچ وەزیرێک لە کارەکەی لابدات، بەڵام ساڵی ١٩٤٣

---

(١٩) باقر ياسين، تاريخ العنف الدموي في العراق الوقائع، الدوافع، الحلول، الطبعة الثانية، (دمشق، ٢٠١٤)، ص ٣١٥.

(٢٠) د. نزار توفيق، الصراع على السلطة في العراق الملكي، (بغداد، ١٩٨٤)، ص ٦٠.

بەپێی یاسا هەمواکراوەکە، پاشا بۆی هەبوو سەرۆک وەزیران لە کار دووربخاتەوە، کە لە ئاکامدا کابینەی حکوومەتەکە تێکڕا هەڵدەوەشایەوە. شایەنی گوتنە هەر لەو قۆناغەدا ئەنجوومەنی نوێنەرانیش هەمان ئەو دەسەڵاتەی هەبووە، بۆیە ئەنجوومەنی وەزیران کەوتبووە ژێر کاریگەر هەر دوو دەسەڵاتەوە.

لە ڕاستیدا، ڕۆڵی وەزیرەکان لە چوارچێوەی دەسەڵاتی جێبەجێکردن کەم نەبوو، بەڵکو هەندێکجار پەلی دەکێشا بۆ نێو ئەنجوومەنی نوێنەران، لەبەر ئەوەی زۆربەی وەزیرەکان لە هەمان کاتدا هەم وەزیر بوو، هەمیش ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەران.

ئەندامێیەتی لە ئەنجوومەنی نوێنەران یان ئەنجوومەنی پیران بۆ کەسی وەزیر پێویست بوو، بۆ ئەوەی پێگەکەی خۆی بپارێزێت. بەپێی بەندەکانی دەستور وەزیر ئەگەر لە ماوەی (٦) مانگ نەیتوانی ببێتە ئەندام لە یەکێک لە دوو ئەنجوومەنەکە (نوێنەران و پیران) ئەوە دەبوایە دەس لە کار بکێشێتەوە.

سەرەڕای ئەو دۆخەش ئەندامانی ئەنجوومەنی وەزیران بەرپرسیاربوون بە تاک یاخود بە کۆمەڵ لە ئاست کاروبارەکانی ئەنجوومەن بە گشتی و بەرانبەر کاروباری هەر وەزارەتێک بە تەنیا، هەموو وەزیرێک دەبوایە وەڵامی ئەو پرسیارانە بداتەوە کە لەلایەن ئەنجوومەنی نوێنەرانەوە ئاراستەیان دەکرێت[٢١].

**باسی سێیەم: یەکەم ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق، دوای بوونی فەیسەڵی یەکەم بە پاشا**

ئەندامانی ئەنجوومەنی وەزیران پێکهاتبوون لە[٢٢]:

١. عەبدولڕەحمان نەقیب، سەرۆک وەزیران[٢٣].

٢. ڕەمزی بەگ، وەزیری ناوخۆ[٢٤].

---

(٢١) المركز العراقي في المعلومات و الدراسات، الطبعة الاولى، (بغداد، ٢٠٠٧)، ص٢٠.

(٢٢) د. نزار توفيق، الصراع على السلطة في العراق الملكي، ص٦٣؛ د. فاهم نعمة ادريس، واقع الحياة النيابة في العراق في العهد الملكي (١٩٢٥-١٩٥٨)، مجلة الكلية التربية، مجلد (٧)، العدد (١)، (جامعة واسط، ٢٠٠٧)، ص٢٤٧.

(٢٣) ناوبراو یەکێک بوو لەوانەی دژی ڕووداوەکانی ساڵی ١٩٢٠ بوو.

٣. جەعفەر عەسکەری، وەزیری بەرگری[٢٥].
٤. ساسۆن حسقیل، وەزیری دارایی[٢٦].
٥. ناجی سوەیدی، وەزیری داد[٢٧].
٦. عەبدولموحسین سەعدوون وەزیری داد[٢٨].
٧. تۆفیق خالیدی، وەزیری ناوخۆ[٢٩].
٨. د. حەننا خەتات، وەزیری تەندورستی[٣٠].
٩. عیززەت پاشا کەرکووکی، وەزیری ئەشغال[٣١].
١٠. محەمەد عەلی فازڵ، وەزیری ئەوقاف[٣٢].
١١. عەبدوللەتیف مەندیل، وەزیری بازرگانی.
١٢. هوبەدین شەهراستانی [٣٣].
١٣. جەعفەر ئەبو تمەن[٣٤].

---

(٢٤) بەر لەوە ئەندامی کۆمەڵەی پاسەوانانی ئیستقلال و ئەفسەری عوسمانی بوو..
(٢٥) بەر لەوە ئەفسەری سوپاسی عوسمانی بوو، دواتریش یەکێک بوو لە لایەنگرانی نووری سەعید.
(٢٦) ناوبراو لایەنگری ئینگلیزەکان بوو.
(٢٧) ناوبراو سەر بە حیزبی ئەخائیی نیشتمانی بوو، زۆر نەمایەوە و لادرا، لە شوێنی ئەودا عەبدولموحسین سەعدون دانرا.
(٢٨) یەکێک بوو لە ئەفسەرانی سوپاسی عوسمانی، دواتر بوو بە لایەنگری ئینگلیزەکان.
(٢٩) یەکێک بوو لە ئەفسەرانی سوپاسی عوسمانی، دواتر بوو بە لایەنگری نووری سەعید بوو، ساڵی ١٩٢٤ کوژرا.
(٣٠) کریستان بوو خەڵکی مووسڵ بوو.
(٣١) بە ڕەچەڵەک تورکمان بوو، خەڵکی کەرکووک بوو.
(٣٢) بەر لەوە سەرۆکی شارەوانی مووسڵ بوو.
(٣٣) زانای ئایینی بوو.
(٣٤) جەعفەر ئەبو تمن، ساڵی ١٨٨١ لە بەغدا لەدایکبووە، سەرەتا بەکاری بازرگانی دەستی پێ کردووە، یەکێک بووە لە سەرکردەکانی شۆڕشی ساڵی ١٩٢٠، (١٩٢٢-١٩٣٢) سەرۆکی حیزبی نیشتمانی. ساڵی ١٩٣٦ بەشداری لە کودەتاکەی بەکر سدقی کردووە، چەند جارێک بە وەزیری بازرگانی و دارایی دانراوە، پیاوێکی بێ فیز و خاوەن بیروباوەڕ بووە و بەرگری لە عێراق کردووە، ساڵی (١٩٤٥) کۆچی دوایی کردووە. د. حسن لطيف الزبيدي، موسوعة الاحزاب العراقية، ص ٢٠٥.

## باسی چوارەم: ئەنجوومەنی نوێنەران

تەمووزی ١٩٢٤ لەلایەن ئەنجوومەنی دامەزراندن-ەوە، پڕۆژە یاسای بنچینەیی (دەستور ) ڕەوانەی لای سەرۆک وەزیران کرا، تا ڕەزامەندی لەسەر بدات و پاشان بخرێتە بەردەم فەیسەڵی یەکەم پاشای عێراق تا بڕیاری کۆتایی لە بارەوە بدات. ئەنجام لە ئازاری ١٩٢٥ ڕەزامەنی لەسەر درا و دواتر بڵاوکرایەوە.

دەستور لە (١٢٣) مادده پێکهاتبوو، بەسەر دە بەشی سەرەکی دابەشکرا بوو. بەپێی ئەو یاسایە شێوازی ژیانی پەرلەمانی دارشترابوو، لە یاساکەدا دەسەڵاتی یاسادانان بەسترابۆوە بە ئەنجوومەنی نەتەوە و دەسەڵاتەکانی پاشای وڵات.

ئەنجوومەنی نەتەوە لە دوو ئەنجوومەن پێکهاتبوو، کە بریتی بوون لە ئەنجوومەنی پیران و ئەنجوومەنی نوێنەران. دەسەڵاتی ئەو ئەنجوومەنانە بەپێی پێویستی هەلومەرجەکان دانانی یاساکان و هەمووارکردن و هەڵوەشاندنەوەیان بوو.

ئەنجوومەنی پیران پێکدەهات لە (٢٠) ئەندام، لەلایەن خودی پاشاوە دیاری دەکران. ساڵی ١٩٤٣ کاتێک دەستور هەمووارکرایەوە، بڕیاردرا ئەنجوومەنی پیران ئەندامەکانی لە چواریەکی کۆی ئەندمانی ئەنجوومەنی نوێنەران زیاتر نەبێت. جگە لەوەش ئەوە دەبوو بە ئەندام پێویست بوو خاوەن ڕابردوویەکی سەربەرزانە بێت و کاری بۆ خزمەتکدرنی نیشتمان کردبێت. ماوەی ئەندامێتی لە ئەنجوومەن پیران (٨) ساڵ بوو، بەڵام پێویست دەکرد هەر چوار ساڵ جارێک نیوەیان بگۆڕدرێن. ئەندامی ئەنجوومەنی پیران بۆی هەبوو لە خوولێکی دیکەدا وەک ئەندام دابنرێتەوە.

ئەنجوومەنی نوێنەران، بەپێی بەندەکانی دەستور ئەندامەکانی نوێنەری دانیشتوان بوون، بەڕێژەی هەر یەکێکیان، نوێنەری (٢٠) هەزار دەنگدەربوو لە ڕەگەزی نێردا. شێوازی هەڵبژاردنەکە یاسایەکی تایبەت دیاری کردووە. لەنێو ئەنجوومەندا دەبوو کەمە نەتەوە و ئایینییەکان بوونیان هەبێت. ئەندامان

دەبوو نوێنەرایەتی هەموو گەلی عێراق بکەن، واتا تەنیا نوێنەری ناوچەی هەڵبژێردراو نەبوون. خوولی ئەنجوومەن چوار کۆبوونەوەی ئەنجام دەدا، لە هەر ساڵێکدا کۆبوونەوەیەک، کە ماوەی چوار مانگی دەخایاند.

بەپێی هەمواری دەستور لە ساڵی ١٩٤٣دا، ماوەی کۆبوونەوەکان بۆ شەش مانگ درێژ کرایەوە. یەکەم دانیشتنی ئەنجوومەنی نوێنەران لەسەر داواکاری پاشا ئەنجام دەدرا. بەپێی یاسای بنچینەیی دەبوو وەزیر ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەران یان ئەنجوومەنی پیران بێت. دەکرا یەکێک ببێت بە وەزیر، بەڵام مەرج بوو لە دوای شەش مانگ لە بوونی بە وەزیری ببێت بە ئەندام لە یەکێک لەم دوو ئەنجوومەنە، ئەگەرنا دەبوو دەست لە کارکێشانەوەی پێشکەش بکا(٣٥).

**باسی پێنجەم: هەڵسەنگاندنی ڕۆڵی ئەنجوومەنی نوێنەران**

لەنێوان ساڵانی (١٩٢٥-١٩٥٨) ژمارەی ئەنجوومەنەکانی نوێنەران لە عێراق گەیشتە (١٦) ئەنجوومەن، یەکەمیان لە ڕۆژی ١٦ی تەمووزی ١٩٢٥ لە شاری بەغدا دەست بەکاربوو، تا ساڵی ١٩٣٥ ژمارەی ئەندامانی ئەنجوومەن (٨٨) ئەندام بوون، ساڵی ١٩٤٣، ژمارەیان بوو بە (١١٨) و ساڵی (١٩٥٤) بوو بە (١٣٥) و ساڵی ١٩٥٨ بەرزبووەوە بۆ (١٤٨) ئەندام.

ئەنجوومەنی نوێنەران ڕۆڵی زۆر لاواز بوو، دەکرێت بوترێت ڕۆڵی لە ئاست ڕۆڵی ئەنجوومەنی وەزیران ڕۆڵێکی لاوەکی بوو، لەبەر ئەوەی بەرەو ڕووی زۆر کەموکوڕی و کۆسپ هاتۆتەوە، وەک:

١. وەک پێویست نەیتوانیوە دەسەڵاتە دەستورەییەکانی خۆی جێبەجێ بکات، بەتایبەتی لە بواری سەرپەشتی و چاودێریکردنی کاروباری حکوومەت و لێپرسینەوە لە دەسەڵاتی جێبەجێکردن.

٢. یاسای بنچینەیی دەسەڵاتێکی فرەوانیدابووە پاشای وڵات، بەو هۆیەوە ڕۆڵێکی کەمی بۆ ئەنجوومەنی نوێنەران هێشتبۆوە. فەیسەڵی یەکەم

---

(٣٥) د. فاهم نعمة ادريس، واقع الحياة النيابة في العراق في العهد الملكي (١٩٢٥-١٩٥٨)، ص ٢٤٨.

ئەنــداماني ئەنجــوومەنی پیرانـــی دیــاری دەکــرد و دەســـەڵاتی هەڵوەشاندنەوەی ئەنجوومەنی نوێنەرانیشی هەبوو.

٣. شــا فەیســەڵی یەکەم، دەســەڵاتی هەبــوو بڕیارەکــانی ئەنجــوومەنی وەزیــران پەســەند بکــات و ڕەزامەنــدییان لەســەر بــدات، هەروەهــا دەسەڵاتی هەبوو سەرۆک وەزیران دیاری بکات و لاشی بدات، بۆ ئەوەی ئەنجوومەنی نوێنەران ڕۆڵێکی وای لەو بارەیەوە هەبێت.

٤. شێوەی هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەنجوومەنی نوێنەران بە دوو قۆناغ تێپەر دەبوو، ئەوەش ڕێگای خۆش دەکرد فێڵ و ساختەکاری تێدا بکرێت، سەرەڕای ئەوەی زۆری ئەوانی هەڵدەبژێردران سەر بە دەسەڵات و سیاسەتەکانی پاشا و حکوومەت بوون.

٥. دەستوری عێراق لەو سەردەمە ڕێگای نەدەدا ئافرەت نەخۆی کاندید بکات نە بەشداری دەنگدان بکات[٣٦].

**باسی شەشەم: یاسایی بنچینەیی-دەستور**

کاتێک یاسای بچینەیی لە ٢١ی ئازاری ١٩٢٥ لە عێراقدا بڵاوکرایەوە، خواست و ویست لەو هەنگاوە ئەوەبوو لە چوارچێوەی سیستەمە پەرلەمانییەکانی جیهانی، سیستمێکی دیموکراسی پەرلەمانی لە عێراقدا دابمەزرێت و بە هۆیەوە ڕێگری بکرێت دەسەڵاتی جێبەجێکردن دەست بخاتە کاروباری دەسەڵاتەکانی یاسا دانان و دادوەری، هەروەها بەپێی بنەماکانی ئەو یاسایە وڵات ببێتە خاوەن دەستورێکی دیموکراسی و سیستمەکەش سەروەری میللەت و پاراستی مافەکانی مرۆڤ بەدی بهێنێت.

یاسای بنچینەیی عێراق پەیکەرێکی بۆ سیستمی حوکمڕانی گرتەخۆی، خەسڵەتی ئەو پەیکەرەش دیموکراسییەتی لیبراڵی بوو، بنەماکانی یاساکە لە

---

(٣٦) د. عامر حسن فياض، جزور الفكر الديمقراطي في العراق الحديث (١٩١٤-١٩٣٩)، (بغداد، ٢٠٠٢)، ص٢٠٠؛ ئەحمەد حەمەدئەمین ئۆمەر، ئەندامە کوردەکانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لە ڕۆژگاری پاشایەتیدا (١٩٢٥-١٩٥٨)، چاپی یەکەم، (هەولێر، چاپخانەی شەهاب، ٢٠٠٧)، ل ٣-١٧.

چەند دەستورێکی وڵاتانی ڕۆژئاوا وەرگیرابوون، (بێ ئەوەی ڕەچاوی باری کۆمەڵایەتی و ئابووری ناوخۆی عێراق بکات)، زۆربەی بەندەکانی لە دەستوری وڵاتانی ئوستراڵیا و نیوزیلەندا وەرگیرابوون، بۆیە بەپێی ئەو دەستورە دەبوایە عێراق ببێتە وڵاتێکی دیموکراسی لیبراڵ.

دوای دامرکاندنی ڕووداوەکانیساڵی ١٩٢٠، لێژنەیەکی هاوبەشی عێراق و بریتانی پێکهات، لێژنەکە ئەرکی نووسینەوەی دەستورێک بوو بۆ عێراق، ئەنجام ئازاری ١٩٢٥ پرۆژەکە بوو بە یاسا و ئەنجوومەنی دامەزراندن پەسەندی کردو پاشانیش فەیسەڵی یەکەم واژۆی لەسەر کرد.

دەستوری وڵات چەندین کاروباری وڵاتی دیاری کردبوو، وەک: ماف و ئەرکەکانی هاوڵاتی، بنەما بنچینەیەکانی کاری حکوومەت. دیارە بەپێی ئەو بەڵگە سیاسییە عێراق بوو بە خاوەن حکوومەتێکی دەستوری نوێنەرایەتی دیموکراسی لە چوارچێوەی یاسادا.

جێگەی گوتنە، لە میانەی خوێندنەوەی دەستوری عێراق بۆمان دەردەکەوێت، کە دوو بنەمای گرینگ دەگرێتە خۆی، ئەوانیش[٣٧]:

١. بەسیستم هێما و تیشکێکی بچووک بە دیموکراسییەت دراوە. بەمەش بۆ دامەزراندنی حکوومەت پێویست دەکات ڕەزامەندی دانیشتوانی وڵاتی لەسەر بێت بەهۆی نوێنەرەکانیان، واتە ملکەچی دەسەڵاتی جێبەجێکردن بۆ ئەنجوومەنی نوێنەران.

٢. بنەمای فرەیی و پسپۆری لە کارکردندا گرتوّتە خۆیی، واتە دابەشکردنی دەسەڵاتەکان (جێبەجێکردن، دادوەری، یاسادانان)، لە یەک جودا بکرێنەوە، هەروەها کاری بە سیستمی هاوسەنگی و پابەندبوون بکرێت لەنێوان دەسەڵاتەکاندا، چونکە ڕێگای بەهەریەک لە دەسەڵاتەکان داوە، دەست بخاتە کاروباری هەردوو دەسەڵاتەکەی دیکە، بەڵام بەڕادەیەکی دیاریکرا.

---

(٣٧) د. انور عبدالملک، الجيش والحركة الوطنية، ترجمة: حسن قبيسي، (بيروت، دون سنة الطبع)، ص٤٣.

له ئەنجـامی چەنـد فاکتەرێـک ئەو دیموکراسـییەت و پسـپۆرییە لە دابەشکردنی دەسـەڵاتەکان لە سیستمی پاشایەتی عێراقدا، وەک پێویست لە بواری پڕاکتیکی نەهاتۆتە دی، لەبەر ئەوەی سروشتی ئەو بڕیار و یاسا و پەیوەندییە ناوخۆییانە، کە لە هەیکەلی فەرمی سیستمی سیاسی پشتی پێ بەسـترابوو، هەروەهـا ئەو پەیوەنـدییەی لەنێـوان دەسـەڵاتە پسـپۆر و تایبەتییەکـان دیـاریکرابوون، بـوونە هـۆی لـێکەوتن و پەیـدابوونی چەنـدین شێوەی دەستێوەردانی دوولایەنە، بەهۆیەوە ڕێگای بە تاک دەدا لە یەک کاتدا سوودی زیاتر لە جۆری دەسـەڵاتێک وەربگرێت (جێبەجێکردن و یاسادان). لەو حالەتەشدا لە لایەکەوە، کاریگەری لەسـەر بنەمـا پسپۆرییەتی لە کـار و فەرماندا دەکرد و دەبووە هۆی هەڵاوسان و پەرش و بڵاوی بەرپرسیاریەتی فەرمی، لە لایەکی دیکەشـەوە، هەردوو دەسـەڵاتی دادوەری و پەرلەمـانی لە ئاستی دەسەڵاتی جێبەجێکردن لاواز دەکرد[٣٨].

**باسی حەفتەم: ڕۆڵی سوپا**

سـوپا وەک هێزێکی نیشتمانی کـاریگەر، شـوێنی خۆی لە قوڵایی هەر دەسـەڵاتێکدا دەبینێـتەوە (بە تـایبەتی لە وڵاتـانی جیهـانی سـێیەمدا)، ئەو سوپایەش دەبێتە خاڵی هاوبەش لەنێوان هەر پڕۆژەیەکی سیاسیی نیشتمانی و ئەو دەزگایەی پارێزگاری لە پڕۆژەکە دەکات[٣٩].

دوای ئەوەی ڕێککەوتن کرا لەسـەر دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق و بۆ بەڕێوەبردنی حکوومەتێکی کاتی پێکهێنرا، ئیدی بیر لە دامەزراندنی هێزێک کرایەوە بۆ پارێزگاری کردن لەو قەوارە تازەیەدا. بۆ ئەو مەبەستە وەزیری بەرگری جەعفەر عەسکەری بـانگەوازێکی ئاراستەی هەمـوو ئەو ئەفسـەرە عێراقییانە کرد، کە لە ناو سوپای عوسمانی بوون، بۆ ئەوەی پەیوەندی بکەن و بەشداری لە دامەزراندنی سوپای عێراقیدا بکەن.

---

(٣٨) د. نزار توفيق، الصراع على السلطة في العراق الملكي، ص ٤٥-٦٠.

(٣٩) د. عقيل الناصري، الجيش والسلطة في العراق الملكي (١٩٢٠ – ١٩٥٨)، الطبعة الاولى، (دمشق، ٢٠٠٠)، ص ٧٦-٨٩.

دوای زنجیرەیەک هەنگاوی کارکردن، لە ٦ی کانوونی دووەمی ١٩٢١ بڕیاری دامەزراندنی یەکەم فەوجی سوپا لەژێر ناوی (فەوجی ئیمام موسای کازم) درا، ئەنجام ئەو ڕۆژە بوو بە ڕۆژی دامەزراندنی سوپا.

بەپێی چەند سەرچاوەیەک ژمارەی ئەو ئەفسەرانەی گەڕانەوە عێراق و پەیوەندییان بە سوپا تازەکە کرد نزیکەی (٥١٩) ئەفسەری پلە جیاواز بوون.

شایەنی باسە، ئەگەرچی بریتانییەکان کۆسپ و تەگەرەی زۆریان خستە بەردەم سوپای عێراقی، بەڵام هەر لەسەرەتای دامەزراندنییەوە بە ئامانجی زاڵبوون بەسەر بارودۆخی ناوخۆی وڵات چ لەلایەن حکوومەتەوە بێت یان لەلایەن خودی پاشاوە بێت هەوڵی پەرەسەندن و بەهێز بوونی درا.

سوپا لە سەرەتای دامەزراندنی ژمارەی سەربازانی (٣٦١٨) سەرباز و ئەفسەر بوون، ساڵی ١٩٢٥ ئەو ژمارەیە گەیشتە (٧٥٠٠) سەرباز، ساڵی ١٩٣٣ ژمارەکە دوو ئەوەندی لێهات.

لە ڕووی چۆنایەتییەوە لە ٢٠ی تەمووزی ١٩٢١ کۆلێژی سەربازی دامەزراوە و ساڵی ١٩٢٧ کۆلێژی ئەرکانیش کراوەیەوە، ئەوە سەرەڕای پەرەسەندن و بەهێزبوونی لە رووی چەک و پێداویستییە سەربازییەکانی دیکە.

لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەم (سەردەمی سەددام حوسێن، ئەو سوپایە گەیشتە لوتکەی هێز و تواناکانی. بە کورتی چەند زانیارییەک لە بارەی سوپا دەخەینە ڕوو.

١. هێزی وشکانی:

- ژمارەی سەربازانی ئەوانی بەکردار لە کاردابوون بە بەردەوامی دەگەیشتە (٣٥٠) هەزار سەرباز و ئەفسەر. ئەو ژمارەیە دابەشکرا بوو بەسەر (٧) فەیلەق، لە وانە سێ فیرقەی زرێۆش بوو، ١١ فیرقەی میکانیکی، ٦ فیرقەی پاسەوانی کۆماری و (٤) لیوای تایبەت بە پاسەوانی سەدادم حوسێن، (٥) لیوای فیدایی و (٢) لیوای هێزی تایبەت.

- کەرەستە و چەکەکان ئەو هێزە پێکهاتبوو لە: (٢٦٠٠) دەبابە، (١٢٠٠) زرپۆش، (١٨٠٠) ئۆتۆمۆبێلی سەرباز بارهەڵگر، (١٩٠٠) تۆپی پێشکەوتوو، (٢٠٠) تۆپی ئۆتۆماتیکی، (٢٠٠) ئامێری مووشەک هاوێژ.

٢. هێزی ئاسمانی:

- ژمارەی سەربازانی (١٧) هەزار سەرباز و (٤٦٢) فڕۆکەی شەڕکەری جۆراوجۆر، (١٦٤) هەلیکۆپتەر بوون.

٣. هێزی دەریایی:

- ژمارەی سەربازانی (٤٤) هەزا و ژمارەیەک کەشتی و بەلەمی شەڕکەر. ئەوە جگە لە هێزەکانی ئاسایش و پۆلیس و پاسەوانانی سنوور.

**باسی هەشتەم: خەسڵەتەکانی سوپای عێراق لەسەردەمی پاشایەتی**

١. پەرەسەندن و بڵاوبوونەوەی دیاردەی گروپ گروپی لەناو دامەزراوەی سەربازی و پێکهێنانی گروپی فشار بەسەر دەسەڵاتدا (نموونەکان دوای مردنی غازی دووەم پاشای عێراق).

٢. بەشداریکردنی سوپا لە کودەتا سەربازییە شاراوە و ئاشکراکان.

٣. بەشداریکردنی سوپا لەکپکردنەوە و کۆتایی هێنان بە ڕاپەڕینە میللییە ناوخۆییەکان، لە کوردستان و لە باشووری عێراقدا.

٤. بەکارهێنانی سوپا لەلایەن دەستەبژێری دەسەڵاتدار لە ململانێ سیاسییەکان. (نموونە: پشت بەستنی نووری سەعید بە گروپی (٧) ئەفسەرەکە[٤٠]ساڵی ١٩٣٧ بە مەبەستی گەڕانەوەی بۆ دەسەڵات).

(٤٠) دوای کودەتا سەربازییەکەی بەکر سدقی، ململانێ سیاسییەکان لەناو سوپا بە توندی ڕەنگی دایەوە، ئەنجام چەند گروپێک پێکهاتن لەئەفسەرە پلە باڵاکان، یەک لەو گروپانە گروپی (٧) ئەفسەرەکە بوو، کە لە ساڵی ١٩٣٨دا دامەزرا. ئەم گروپە پێکهاتبوون، لە چەند ئەفسەرێک: حوسێن فەوزی، ئەمین عومەری، سەلاحەدین سەباغ، فەهمی سەعید، مەحموود سەلمان، کامیل شبیب، عەبدولعەزیز یامولکی.

٥. دوورخستنەوە و خانەنشینکردنی ژمارەیەک ئەفسەری پلە باڵا بەهۆی ناڕەزایی و ڕکابەرییان بۆ سیاسەتەکانی حکوومەت.

٦. پەرەسەندنی ڕێکخستنە نهێنیە سیاسییەکان لەناو سوپادا (ڕێکخستنەکانی حیزبی شیوعی عێراق).

٧. ئەوەی جێگای سەرنجدانە لەسەر سوپای عێراق، ئەم سوپایە بەهۆی کارتێکردنی ئایدۆلۆژیای حیزبی شمولی لە ماوەی نێوان سالانی (١٩٦٨ – ٢٠٠٣)، گۆڕان بەسەر هەڵسوکەوتیدا هاتووە. پێشتر هێزێک بوو لە ڕووی سیاسییەوە پێگەی کاریگەری هەبوو لە دروستکردنی سیاسەتەکانی وڵات یاخود گۆڕینی دەسەڵات. بەڵام دواتر ئەم پێگەیەی لە دەستدا و ڕووی لە پاشەکشە کرد و لەلایەن جەماوەرە بە گومانەوە سەیر دەکرا. هۆکارەکەشی ئەو بوو سەرکردایەتی حیزبی بەعس لە دوای ساڵی ١٩٦٨دا بە وریاریییەوە مامەڵەی لەگەڵ سوپا دەکرد و سوور بوو لەسەر ئەوەی سوپا ڕۆڵ و پێگەی جارانی نەمێنێت[٤١].

**باسی نۆیەم: پێکهاتەی کۆمەڵایەتی لەناو دامەزراوەی سەربازی**

کاتێک دێینە سەر شیکردنەوەی باری کۆمەڵایەتی و چینایەتی پێکهاتەی دامەزراوەی سەربازی لە سەردەمی پاشایەتی، هەمان دیاردەمان بۆ دەردەکەوێت، کە لەناو لەشکری عوسمان هەبوو. سەرکردایەتی ئەو دامەزراوە سەربازییە تا کۆتایی چلەکان (سەدەی بیستەم) پێکهاتەکەی لە ئەفسەرانی عەرەبی سوننە بوون، بنچینە کۆمەڵایەتییەکانی ئەوانیش بە زۆری لە چین و توێژە مام ناوەندییەکان بوون، زۆر کەم ئەفسەری پلە باڵا لە نەتەوەیەکی دیکە یاخود تائیفەیەکی غەیرە سوننە هەبوون، ئەوەش پێچەوانەوەی بنچینە و هێزی سەربازی ئاستی خوارەوەی هێزەکە بوو، بە زۆری لە ڕەش و ڕووت و هەژارانی گوند و ناوچەی عەشایەرەکانی باشووری عێراق بوون.

---

(٤١) د. انور عبدالملک، الجیش والحرکة الوطنیة، ص٤٣.

لێرەدا وەک ئاماژە بۆ کردن چەند زانیارییەک دەخەینە ڕوو:

١. بەپێی ڕاپۆرتێکی بریتانی لە کاتی دامەزراندنی سوپادا، زۆربەی ئەفسەرانی سوپای عێراق خەڵکی شارە گەورەکان بوونە. ئەوە وایکردووە ئینگلیزەکان لەبەر بەرژەوەندی خۆیان و پێگەکەیان لەناو هۆزەکاندا، داوا لە وەزارەتی بەرگری بکەن بە پێی بەرنامەیەک ژمارەیەکی کوڕانی عەشائیر (کوڕە شێخ و کوڕانی سەرۆک هۆزەکان) بە ئەفسەری سوپا وەربگرن بۆ ئەوەی هاوسەنگی لەنێوان عەشائیر و خەڵکی شاردا دروست ببێت.

٢. زۆربەی هەرە زۆری سەرباز و ئەفسەرانی سوپای عێراق لە ڕووی ئاینییەوە ئیسلام بوون سەر بە (ئاینزای سوننە) بوون. بەپێی ئامارەکانی لە ساڵی ١٩٢٣ – ١٩٢٤دا، تەنها (٤) کەسی مەسیحی و (٦) جولەکە لەناو سوپادا هەبوون.

٣. ساڵی ١٩٢٥ لە کۆی (٥٤١٨) سەرباز، (٢٤٥٧)یان لە عەشائیر بوون ، لە بەرانبەردا (٢٩١٦) خەڵکی ناو شار و شارۆچکەکان بوون.

٤. بوونی کورد لەناو توێژی ئەفسەرانی سوپا زۆرکەم بووە، ئەوانی هەبوون هی سەردەمی دەسەڵاتداری عوسمانی بوون. لەبەر ئەوەی کاتێک لە شاری سلێمانی قوتابخانەیەکی سەربازی کرایەوە، ژمارەیەک لە کوڕانی کورد گەیشتنە پلەی بەرزی ناو سوپا، لە وانە: یەکرسدقی، تۆفیق وەهبی (١٨٨٩ – ١٩٨٤)، عەبدولوەهاب مەحموود، محەمەدئەمین زەکی و جەمال بابان.

بۆیە دەکرێت بوترێت، پێکهاتەی دامەزراوەی سەربازی و سەرکردایەتییەکەی بە شێوەیەکی تایبەت ڕەنگدانەوەیەکی ڕاستی باری کۆمەڵایەتی و تائیفی عێراق نەبووە، ئەوەش تا شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ درێژەی کێشا. ئیدی لە دوای ئەو قۆناغە بە تایبەتی لە سەردەمی

فەرمانڕەوایەتی عەبدولکەریم قاسم جۆرێک لە گۆڕان ڕوویدا، پاشان دۆخەکە لەگەڵ کودەتاکەی ٨ شوباتی ١٩٦٣ وەک پێشووی لێهاتەوە[٤٢].

**باسی دەیەم: ڕۆڵی عەشائیر لە سەردەمی پاشایەتیدا**

عەشیرەت لە مێژوودا، قۆناغێکە لە قۆناغەکانی پەرەسەندنی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی، ڕەگ و ڕیشەی بۆ هەزاران ساڵ دەگەڕێتەوە، قۆناغێکی گواستنەوەیە لەنێوان کۆمەڵگایەک کە ژیانێکی سەرەتایی ژیاوە لە چاخە بەردینەکان، بەرەو قۆناغێکی پێکهێنانی گەل و دەوڵەت.

بەر لە دامەزراندنی دەوڵەت لە عێراقدا، شێخی عەشیرەتەکان بە زۆری دەرەبەگ یاخود خاوەن موڵک و زەوی نەبوون، بەڵکو پیاو ماقوڵ و میر بوون لەناو عەشیرەتەکانیان پەیوەستییەکانی خوێن و خزمایەتی کۆیانی دەکردنەوە.

کاتێک دەسەڵاتی ئینگلیز گەیشتە عێراق، زەوییە ئەمیرییەکانیان بەسەر ئەو شێخانە دابەش دەکرد، پاشانیش بەرپرسانی عێراق بۆ نزیکبوونەوە لێیان بەهەمان کار هەڵسان. بەو جۆرە ئەو شێخانە لە شێخی عەشیرەتەوە گۆڕان بوون بە دەرەبەگ. دیارە ئەو دیاردەیەش یەک لە هۆیەکانی توندبوونی ململانێی نێوان چینی دەرەبەگ و چینی جوتیار و کشتیاری بەدوای خۆیدا هێنا. لە سەردەمی پاشایەتی و لە ئەنجامی پەرەسەندنە کۆمەڵایەتییەکان و دروستبوونی چینی بۆرژوازیی نیشتمانی، ڕووبەرووبوونەوەی توند لەنێوان هەردوو چینی بورژوا و دەرەبەگ لەپێناوی بەشداریکردن لە دەسەڵات سەری هەڵدا.

لە عێراقدا بەلای کەم تا سەرەتای سییەکانی سەدەی بیستەم، عەشائیر بەهۆی زۆر ژمارەیان و بەهێزیان لە ڕووی چەکدارییەوە ڕۆڵێکی سیاسی گرینگییان گێڕا. لەو بارەیەوە هەندێک لە وەزیرەکان پێویستیان بە هاوکاری سەرۆک عەشیرەتەکان هەبووە، ئەویش نەک تەنها بۆ پاڵپشتیان لە پارێزگاریکردنی پلە و پایە حکومییەکانیان، بەڵکو بۆ هاوکاریکردنی

---

(٤٢) د. رجاء حسين الخطاب، تأسيس الجيش العراقي تطور دوره السياسي من (١٩٢١-١٩٤١)، (بغداد، ١٩٧٩)، ص٩٠ – ٩٥.

حکـــوومەت لە بەرەنگـــاربوونەوەی عەشـــیرەتە ناحەزەکـــانی دیـــکە و پارێزگـاریکردنی ئاسـایش لە نـاوچە جیاوازەکـانی عێراقـدا. لێـرەدا جێگـای خۆیەتی بوترێت ئەو ستراتیژییەتە بناغەکەی بۆ ئەو پەیوەندی و ئاڵوگۆڕە دەگەڕێتەوە، کە لەنێوان هەندێک لە بەرپرس و وەزیرەکان لەگەڵ هەندێک لە شـێخی عەشـیرەتەکان هـاتبووە ئـاراوە، ئەوەش لە سـەردەمی پاشـایەتیدا (بیستەکانی سەدەی ڕابردوو بە تایبەتی) لەلایەن سیستمی سیاسییەوە وەک هێزێک تەماشا کراوە.

شێخ و سەرۆک عەشیرەتەکان بۆ مەبەستی دروستکردنی هاوپەیمانی و پەیوەندییەکانیان لەگەڵ چەند وەزیر و بەرپرسێکی ڕکابەر لەگەڵ یەکدا دابەشببوون بەسەر چەند لایەک، لەوەشدا ئامانجیان دەست ڕۆیشتن و بەهێز بـوون بـوو. بـۆ نمـوونە: عەلـی جەودەت ئەیـوبی لەگەڵ جەمیـل مەدفەعـی پشتگیری چەند شێخێکیان بە دەستهێنا بوو، وەک: شێخ مەرزوق عەواد لە عەشیرەتی عەواد، عەدنان حاجی سەعدوون لە عەشیرەتی بەنی حەسەن، ڕابح عەتیە لە عەشیرەتی حمیدات، خەوام فەرهود لە عەشیرەتی بەنی زریق و شێخ شەعلان لە عەشیرەتی ئیبراهیم.

لە بەرانبەردا هاوپەیمانیەتییەکی دیکە دروست ببوو، لەلایەن یاسین هاشمی، ڕەشید عالی گەیلانی، حیکمەت سلێمان (١٨٨٩-١٩٦٤) و جەعفەر ئەبوتمەن، ئەوانەش پشتگیری چەند سەرۆک عەشیرەتێکی دیکەیان بە دەستهێنا بوو، وەک شێخ شەعلان عەتیە لە عەشیرەتی شەبانە، شێخ عەبدولواحید سوکەر و سەماوی چەلوب لە عەشیرەتی غەتلاوی لەگەڵ شێخ حەبیب خەیزەران لە عەشیرەتی عززە.

لە ڕاستیدا، کۆشکی پاشا لەو جۆرە پەیوەندییانە بەدەرنەبوو، لەبەر ئەوەی زنجیرەیەک پەیوەندی بەهێزی هاوشێوەیان دامەزراندبوو.

وەزیر و بەرپرسەکان سوودیان لە پلە و پێگەی خۆیان وەردەگرت بۆ دامەزراندن و بەهێزکردنی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ شێخی عەشیرەتەکان، لە ڕێگای پێدان و بەخشینی دەسکەوتی ماددی و سیاسی بە شێخەکان. لەو چوارچێوەیەدا هەندێک لە شێخەکان پارەیان لە دەسەڵاتداران وەردەگرت و هەندێکیش دەستەکەوتی سیاسی، ژمارەیەک سەرۆک و شێخی عەشیرەتەکان

بوون بە ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەران یان ئەنجوومەنی پیران، یاخود کاربەدەستی میری، ئیدی بەو هۆیەوە دەرفەتی ئەوەیان بۆ هەڵکەوت دەسەڵاتیان بەسەر ناوچەکەیان بەهێز بکەن. ئەنجام، ئەو جۆرە لە سیاسەت کردنە نارەزایی و یاخیبوونی چەند عەشیرەتێکی دیکەی بە دوای خۆیدا هێناوە، لەبەر ئەوەی لە دەسکەوتەکان بێبەش بوون.

دیارە گردبوونەوەی ئەو توێژە عەشائیرە لەناو دامەزراوەیەکی سیاسی نوێدا، ڕەنگە بۆ ماوەیەک هەنگاوێک بێت بۆ بەدیهێنانی سەقامگیری لە وڵاتدا، هەروەها دەکرێت ببێتە هۆی چەسپاندن و بەهێزبوونی بنچینە سەرەتاییەکانی یەکگرتنی کۆمەڵایەتی لەناو وڵاتدا، بەڵام لە ڕاستیدا ئەوەی جێگای سەرنجدانە، سیستمی پاشایەتی لە عێراق سەرکەوتوو نەبووە لە بە دەستهێنانی ئەو ئامانجانە، چونکە دەرکەوت ئەو ڕێبازە هۆیەک بوو بۆ نوشستی هێنان لە بونیادنانی دامەزراوەیەک لەم وڵاتە، کە هەڵگری پێناسەیەکی نیشتمانی کارا بێت.

لەو ڕوانگەوە وەک ئەوەی لە بارەی ڕۆڵی عەشائیرەکان ئاماژەمان بۆ کردن، دەکرێت بوترێت عەشائیرەکان ڕۆڵی کاریگەریان هەبووە لە نەبوونی سەقامگیری لە عێرقدا، لەبەر ئەوەی فەیسەڵی یەکەم، لە ڕۆژی دەست بەکاربووبوونیدا بۆی دەرکەوت، کە ئەو لەبەردەم ئەرکێکی ئاڵۆز و زەحمەتدایە، پێی وابووە شێخی عەشیرەتەکان یەکێکن لە هۆکارەکانی نا سەقامگیری، ئیدی هەر ئەوە وایکردووە لە ئازاری ١٩٣٣ لە نووسینێکدا لە بارەی عێراقەوە بڵێت: ئەم وڵاتە گرینگترین ڕەگەز لە ڕەگەزەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی ناتەواوە، ئەویش بوونی یەکێتی و باوەڕ و هەستی نەتەوەیی و ئاینییە. حکوومەت لەم وڵاتە لاوازترە لە میللەت، لەم وڵاتە زیاتر لە (١٠٠) هەزار تفەنگ بە دەست خەڵکەوەیە، لە بەرانبەریدا حکوومەت (١٥) هەزار تفەنگی، تا ئێستا گەلێک نییە بەناوی گەلی عێراق، بەڵکو کۆمەڵە خەڵکانێک یان چەند گردبوونەوەیەک هەیە، کە دوورن لە هەر هەستێکی نیشتمانپەروەری، ئەوانە ئامادەن هەر کاتێک دژی هەر حکوومەتێک بن[٤٣].

---

(٤٣) كريم حمزة، تاريخ الاستخدام السياسي للهوية المحلية العشائرية في العراق، مجلة العمران للعلوم الاجتماعية، المجلد (٥)، العدد (١٩)، (المركز العربي للابحاث و دراسة

**باسی یازدەهەم: ڕۆڵی حیزبە سیاسییەکان**

لەگەڵ ئەوەی لە عێرقدا یاسایەکی تایبەت بە دامەزراندنی حیزب نەبوو، کەچی نوێنەری باڵای بریتانیا سێر پرسی کۆکس لە ٦ی ئابی ١٩٢١، بە بێ ڕەزامەندی سەرۆک وەزیران، ڕێگایدا بە دامەزراندنی پارتی نەهزەی عێراقی (حیزب النهضة العراقي)، ئیدی ئەو حیزبە تاکە حیزب بوو کاری دەکرد تا دەرچوونی یاسای دامەزراندنی حیزب و کۆمەڵەکان لە ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٢٢دا، کە بە هۆیەوە زەمینە ڕەخسا لە بەردەم دامەزراندنی چەندین حیزب و ڕێکخراوی سیاسیی، کە بە ئاشکرا و لە چوارچێوە یاسا دەستیان بە کارکردن کرد(٤٤).

**باسی دوازدەهەم: قۆناغەکانی پەرەسەندنی ژیانی حیزبایەتی لە سەردەمی پاشایەتیدا**

**یەکەم: قۆناغی پاشایەتی یەکەم (١٩٢١-١٩٣٣)**

ئەو قۆناغە لە دوای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق و دانانی فەیسەڵی کوڕی حوسێن بە پاشا دەست پێدەکات، تێیدا چەندین ڕێ و شوێن و کارڕاییەک جێبەجێکران، کە سیما و مۆرکی دیموکراسییان پێوە دیارە، لەوانە دەرکردنی یاسای ڕێکخستنی حیزب و کۆمەڵەکان.

لەو قۆناغەدا دوو حیزبی سیاسی دامەزران، ئەوانیش: حیزبی نیشتمانی عێراقی و حیزبی نەهزەی عێراقی بوون.

بەپێی بیروبۆچوونی چاودێران، یاسای حیزبەکان وەک پێویست کێشەی دروستبوونی حیزبەکانی ڕێک نەخستووە، لەبەر ئەوەی نوێنەری باڵای بریتانیا هەوڵیداوە دەست بگرێت بەسەر پرۆسەی دروستبوونی ئەو یاسایە، تا لەو ڕێگایەوە حیزبەکان ملکەچی مەرجێک بکات، کە لە بەرژەوەندی دەوڵەتی بریتانیا بێت.

---

السياسات، ٢٠١٧)، ص٨٩ – ١١٨؛ عبدالخالق حسين، العشائر والدولة، الحوار المتمدن، العدد (٦٣١٣)، ٢٠١٩ (https://www.ahewar.org/debat/show.art.asp?aid=645847).

(٤٤) عبدالرزاق الحسني، تاريخ الوزارات العراقية، الجزء الاول، (بغداد، ١٩٨٨)، ص ١٢١.

حیــــزبە سیاســــییەکان لەو قۆنـــاغەدا هەڵگـــری بیروبـــاوەڕی نیشتمانپەروەری بوون، هەوڵیاندەدا گرینگی بە داواکارییەکانی خەڵکی بدەن و چارەسەر بۆ دۆخی سیاسیی وڵات بدۆزنەوە، کە کەوتبوە ژێر دەسەڵاتی ئینتیداب. هەروەها بەرنامەکانیان ڕەنگدانەوە بێت بۆ داخوازییە سیاسییەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی عەرەب.

حیزبەکـــان ســـەرەڕای پەیوەســـت بوونیـــان بە گۆڕانکارییەکـــان لە دەسەڵاتدا، بە هۆی لاوازی بونیادی ڕێکخراوەیی و لاوازی ئامانجەکانیان، کە خۆی لە هەوڵی سەربەخۆیی بۆ عێراق دەبینیەوە، تەمەنیان کورت بوو. ئەوە لە لایەک، لە لایەکـی دیـکەوە جـۆرێکی دیـکە لە حیزبەکـان چارەنووسـیان پەیوەست بووە بە پێگەی یاخود ڕادەی دەسترۆیی سیاسی دامەزرێنەرەکەی، ئەوانەش هەندێکجار پێگەی جەماوەریان لاوازبوو.

لەم قونـــاغەدا بە شـــێوەیەکی ناڕاســـتەوخۆ بەهـــۆی هەوڵەکـــانی دەستەبژێری سیاسی بۆ گەیشتن بە دەسەڵات ململانێی توونـد سـەری هەڵدا، بە جۆرێک عەشائیر و سوپا تێکەڵاوی ناو ململانێیەکان بوون، لە ئاکامدا ئەو سـەری بـۆ دژایەتیکردنـی چـالاکی سیاسـی و حیزبـایەتی کێشـا، ئیـدی بەو هـۆیەوە یاسین هاشـمی سـەرۆک وەزیـران سـاڵی ١٩٢٥ بڕیـاری ڕاگرتنـی چالاکی حیزبایەتی دەرکرد.

شایەنی گوتنە، ئەگەرچی توێژینەوەکان لەو قۆناغەدا ئاماژە بۆ چـالاکی لایەنە مارکسـی و چەپەکـان نـاکەن، کە بە شـێوەی نهێنـی کاریـان کـردووە، بەڵام بازنەی یەکەمیان لەسەر دەستی حوسێن ڕەحاڵ ساڵی ١٩٢٤ دروست بووە و دواتـر لە سییەکان ئەو ئاراسـتەیە بە هـۆی یوسـف سـەلمان یوسـف (فەهد)[٤٥] زیاتر پەرەی سەندووە[٤٦].

(٤٥) یوسف سەلمان یوسف (فەهد)، ١٩١٠ لە بەرتلەی سەر مووسڵ لەدایکبووە، سەرەتای منداڵی بەخوێندن خەریکبووە، پاشان بۆ کرێکاری دەچێتە شاری ناسرییە. ساڵی ١٩٢٨ پەیوەندی بە ڕێکخستەکانی حیزبی شیوعی کردووە، ساڵی ١٩٣٣ زیندانی کراوە. دوای ئـازادبوونی بـۆ خوێنـدنی هـزری کۆمۆنیسـتی دەچێتە مۆسـکۆ. لە دوای گەڕانەوەی ڕێکخستنێکی کرێکاری پێکدەهێنێت، ڕۆژنامەی (الشرارة) دەردەکات، دواتر ڕۆژنامەی

## دووەم: قۆناغی پاشایەتی دووەم (١٩٣٣-١٩٤٥)

لەم قۆناغەدا ژیانی حیزبایەتی بەشێوەی ئاشکرا چەسپا، بەو هۆیەوە ململانێییەکان بۆ دەستگرتن بەسەر دەسەڵات پەرەی سەند. ژمارەیەک کودەتای سەربازی ڕوویاندا، گرینگترینیان کودەتاکەی بەکر سدقی ساڵی ١٩٣٦ کە بووە هۆکار لە دواییدا بریتانیا هێرش بکاتەوە سەر عێراق لە ساڵی ١٩٤١دا.

دەرهاویشتەکانی ئەو دۆخە دووبارە دارشتنەوەی هاوپەیمانیەتییەکان بوو لەنێوان لایەنە سیاسییەکان، دیارە ئەوەش گوزارشت بوو لە پەرەسەندنی ناکۆکییە کۆمەڵایەتییەکان بە شێوەیەکی توندتر وەک ئەوەی لە پێشووتر هەبوون. ئەو ململانێیە لەلایەن هێزە نوێیە نەتەوەخوازەکانەوە دەستیپێکرد، کە ڕوویان لە پەرەسەندن بوو، ئەوانە لە دەرەوەی دەسەڵاتی سیاسی بوون و پێکهاتبوون لە چین و توێژی مام ناوەندی خوارووتر. بریتی بوون لە چەند ئەفسەرێکی پلە باڵای ناو سوپای عێراق، کە پەیوەندییان بەرابەری ئۆپۆزیسیونی عەرەبچێتی یونس سەبعاوی[٤٧] هەبوو، کە لەگەڵ

---

(القاعدة). بەهۆی خۆپیشاندانەکانی شاری بەغدا ڕێکخستنەکانیان ئاشکرا دەبێت و فەهد دەگیرێت. ١٤ی شوباتی ١٩٤٩ سزای مردنی بەسەردا جێبەجێ دەکرێت. سيف الدين القيسي، الحزب الشيوعي العراقي من اعدام فهد حتى ثورة ١٤ی تموز ١٩٥٨، الطبعة الاولى، (سوريا، ٢٠١٢)، ص ٢٥.

(٤٦) عبدالرحمن البزاز، العراق من الاحتلال حتى الاستقلال، ص ١٤٤.

(٤٧) یونس سەبعاوی، ساڵی ١٩٠٦ لە مووسڵ لەدایکبووە، کۆلێژی مافی لە دیشمەق تەواوکردووە بە کاری ڕۆژنامەوانی خەریک بووە ماوەیەک لە ڕۆژنامەکانی (استقلال، الاخاء الوطني) کاری کردووە. چەند کتێبێکی دەربارەی زانستە سەربازییەکان وەرگێراوەتە سەر زمانی عەرەبی، سەرەتای ژیانی سیاسی پەیوەندی بە گرووپی ئەلئەهالی کردووە، پاشان لێی کشایەوە. ناوبراو هەڵگری بیروباوەڕی عەرەبچێتی بووە. بەو هۆیەوە لەنێوان ساڵانی (١٩٣٦-١٩٣٩)بە دزییەوە چەکی بە فەڵەستینیەکان گەیاندوە. ساڵی ١٩٣٩ نوێنەری شاری مووسڵ بووە. ساڵی ١٩٤١ بووە بە وەزیری ئابووری. لەگەڵ رشید عالی گەیلانی و گرووپی چوار ئەفسەرەکە کاری کردووە. لەبەر ئەوە لە مایسی ١٩٤٢ بڕیاری لە سێدارەدانی لەسەر جێبەجێ کراوە. د. حسن لطيف الزبيدي، موسوعة الاحزاب العراقية، ص ٤٥٠.

جەعفەر ئەبو تمەن هاوکاربوون، ئەوانە گروپێکیان پێکهێنا لە چەند کەسێکی ناو سوپا و لەژێر چاودێری چەند سیاسەتمەدارێکی بە توانای خاوەن ئەزمون. ئەوەش هەموو لە کاتێکدا بوو کە لە بەرانبەر ئەو گروپە، گروپێکی دیکە هەبوون یاسین هاشمی سەرۆک وەزیران سەرۆکایەتی دەکردن.

هەر لەو سەروبەندەدا بەهۆی لێکەوتەکانی ئەو ململانێیە، کۆمەڵەیەک پێکهات لەژێر ناوی (کۆمەڵەی چاکسازی میللی)، کە ئاراستەیەکی چەپی هەبوو. ئەو گروپە نوێیە نەتەوەخوازە عەرەبیە، لە بنەماڵەی پاشا دوورکەوتنەوە. بەم جۆرە لەسەر گۆڕەپانی سیاسیی لە عێراقدا دوو بەرەی ئاشکرا دەرکەوتن: بەرەی بنەماڵەی پاشا لەگەڵ شێخی چەند عەشیرەتێک و خاوەن سامان و دەسەڵات بوونە هاوپەیمانی بریتانیا. بەرەی هێزە نیشتمانی و دیموکراسی و نەتەوەخوازەکان کە لە دەرەوەی دەسەڵات بوون[٤٨].

**سێیەم: قۆناغی پاشایەتی سێیەم (١٩٤٦-١٩٥٨)**

لەسەردەمی حکوومەتەکەی تۆفیق سوەیدی و بەهۆی گۆڕانکارییە جیهانییەکانی دوای جەنگ، لە ٢ی نیسانی ١٩٤٦دا ڕێگا بەچەند حیزبێکی سیاسی درا، کە بە ئاشکرا کار بکەن. لە وانە:

- حیزبی ئەلئەحرار بە سەرۆکایەتی تۆفیق سوەیدی، کە هەڵگری بیرۆکەی چاکسازی کۆمەڵایەتی و دیموکراسییەت بوو.
- حیزبی ئیسقلال، بە سەرۆکایەتی محەمەد مەهدی کوببە[٤٩]، کە حیزبێکی نەتەوەخوازی عەرەب بوو.

---

(٤٨) د. محمد سهيل طقوش، تاريخ العراق الحديث والمعاصر، الطبعة الاولى، (بيروت، ٢٠١٥)، ص ٢٠٥.

(٤٩) محەمەد مەهدی کوببە، ساڵی ١٩٠٠ لە سامەڕا لەدایکبووە، لە ماڵەوە فێری خوێندن و نووسین بووە، ساڵی ١٩١٧ لەگەڵ خێزانەکەی لە ناوچەی کازمیە گیرساونەتەوە، گرینگی بەخۆ فێربوون و ڕۆشنبیری داوە، پەیوەندی لەگەڵ کەسایەتییە نیشتمانییەکان هەبووە، (١٩٣٠ ١٩٣٣) ئەندامی حیزبی نیشتمانی بووە. (١٩٣٥-١٩٤١) جێگری سەرۆکی یانەی (المثنى) بووە. (١٩٣٥-١٩٤١) بووە بە سەرۆکی حیزبی ئیستقلال.

- حیزبی نیشتمانی دیموکراسی بە سەرۆکایەتی کامیل چادرچی[٥٠]، کە حیزبێکی دیموکراسی بوو.
- حیزبی یەکێتی نیشتمانی بە سەرۆکایەتی عەبدولفەتتاح ئیبراهیم[٥١]، کە ئاراستەی چەپ بوو.
- حیزبی گەل، بە سەرۆکایەتی عەزیز شەریف[٥٢]، کە ئاراستەی چەپی سۆسیالیست بوو.

---

(١٩٤٦-١٩٥٩) وەزیری بووە لە حکوومەتی عێراقی. ساڵی ١٩٨٤ کۆچی دوایی کردووە. د. حسن لطيف الزبيدي، موسوعة الاحزاب العراقية، ص ٤٩٤.

(٥٠) کامل چادرچی، ساڵی ١٨٩٧ لە بەغدا لەدایکبووە، ساڵی ١٩٠٧ کۆلێژی مافی تەواوکردووە، ساڵی ١٩٢٧ ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەران بووە، بەشداری کردووە لە دامەزراندنی حیزبی نیشتمانی، هەروەها لە گروپی ئەلئەهالی دژی پەیمانەکانی نێوان عێراق و بریتانیا بووە. ساڵی ١٩٤٦ حیزبی نیشتمانی دیموکراسی دامەزراندووە. زیاتر لە جارێک دادگایی کراوە. لە دەسەڵاتەکەی عەبدولکەریم قاسم ناڕازی بوو. ساڵی ١٩٦٨ کۆچی دوایی کردووە. د. حسن لطيف الزبيدي، موسوعة الاحزاب العراقية، ص ٢٥٩.

(٥١) عەبدولفەتتاح ئیبراهیم، ساڵی ١٩٠٤ لە ناسرییە لەدایکبووە، ساڵی ١٩٢٨ زانکۆی ئەمریکی لە بەیروت تەواوکردووە. لە سەرەتای سییەکانی سەدەی بیستەم کۆمەڵەی ئەهالی دامەزراندووە. لەنێوان (١٩٤٦ – ١٩٤٧)سەرۆکی حیزبی ئیتحادی وەتەنی بووە. ناوبراو دژایەتی کودەتاکەی بەکر سدقی کردووە و بەشداری حکوومەتەکانی عێراقی کردووە. وەک بیرمەندێکی کۆمەڵایەتی چەندین کتێب و بابەتی نووسیوە. ساڵی ٢٠٠٣ کۆچی دوایی کردووە. د. جليل العطية، عيراقيون، ملحق جريدة المدى، ٥ نيسان ٢٠١٧.

(٥٢) عەزیز شەریف، ساڵی ١٩٠٤ لەدایکبووە، دەرچووی کۆلێجی مافە، لە دادگای تێهەڵچوونەوە کاری کردووە، ساڵی ١٩٤٨ پەیوەندی بە حیزبی شیوعیی عێراقی کردووە، پاشان لەگەڵ کۆمەڵەی ئەلئەهالی پەیوەندی هەبووە، ساڵی ١٩٤٦ ئەندامی دامەزرێنەری حیزبی گەل بووە. دوای شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ بە سەرۆکی ئەنجوومەنی ئاشتی لە عێراق دانراوە. لە ١٩٥٨ ئەندامی یەدەکی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی شیوعی عێراقی بووە، دوای کودەتاکەی ٨ی شوباتی ١٩٦٣ لە بەغدا هەڵاتووە و گەیشتووەتە کوردستان، ساڵی ١٩٦٩ بە وەزیر دانراوە، ڕۆڵی گرینگی هەبووە لە گفتوگۆی نێوان حکوومەتی بەغدا و سەرکردایەتی شۆڕشی کورد بینیوە. ساڵی ١٩٩٠

- کۆمەڵەی بەربەرەکانی زایونیزم، ڕوویەکی حیزبی کۆمنیستی عێراقی بوو.

شایەنی گوتنە، وێڕای دەرچوونی یاسا، ژمارەیەک حیزب ڕێگایان پێ نەدرا بە فەرمی کار بکەن.

ساڵی ١٩٤٦، حیزبی ئیستقلال، لەسەر ئاستی وڵاتانی عەرەب بانگەوازێکی ئاراستەی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان کرد، داوای دامەزراندی (کۆمکاری عەرەبی میللی) کرد، لەو بارەیەوە زۆر هەوڵیدا، بەڵام هیچ ئەنجامێکی ئەرێنی لێ نەکەوتەوە.

لە ئەیلوولی ١٩٤٨ هەر دوو حیزبی گەل و یەکێتی نیشتمانی مۆڵەتی کارکردنیان لێ وەرگیراوە.

لە سەردەمی پاشایەتیدا ژمارەیەکی زۆر حیزب دامەزراون، بەشێکیان بەئاشکرا کاریان دەکرد و بەشداریان لە دەسەڵات دەکرد، بەڵام بەشێکیان هەر بەنهێنی کاریان دەرکرد و بەشداری دەسەڵاتیان نەکردووە. کە لە خوارەوە ئاماژە بە ناوەکانیان و ساڵی دامەزراندنیان دەکەین[٥٣].

- حیزبی نیشتمانی عێراقی، ١٩٢٢ دامەزراوە.
- حیزبی نەهزەی عێراقی، ١٩٢٢ دامەزراوە.
- حیزبی ئەلحورەی عێراقی، ١٩٢٢ دامەزراوە.
- حیزبی ئەلئیستیقلال ١٩٢٤ دامەزراوە.
- حیزبی پێشکەوتن ١٩٢٥ دامەزراوە.
- حیزبی گەل، ١٩٢٥ دامەزراوە.
- حیزبی عەهد، ١٩٣٠ دامەزاروە.
- حیزبی ئەخائی نیشتمانی، ١٩٣٠ دامەزراوە.
- حیزبی یەکێتی نیشتمانی، ١٩٣٤ دامەزراوە.

---

لە مۆسکۆ کۆچی دوایی کردووە. د. عصام عزيز شريف، مذكرات عزيز شريف، (دون مكان الطبع، ٢٠١٠)، ص ٧ ومابعدها.

(٥٣) د. جعفر عباس حميدي، تاريخ العراق المعاصر ١٩١٤ – ١٩٦٨، ص ١٩١.

- حیزبی شیوعی عێراق، ١٩٣٤ دامەزراوە.
- حیزبی هیوا، ١٩٣٧ دامەزراوە.
- حیزبی ڕزگاری، ١٩٤٥ دامەزراوە.
- حیزبی شۆڕش، ١٩٤٥ دامەزراوە.
- حیزبی نیشتمانی دیموکراسی، ١٩٤٦ دامەزراوە.
- حیزبی ئیستقلال، ١٩٤٦ دامەزراوە.
- حیزبی ئەحرار، ١٩٤٦ دامەزراوە.
- پارتی دیموکراتی کورد، ١٩٤٦ دامەزراوە.
- حیزبی ئیتیحادی نیشتمانی، ١٩٤٦ دامەزراوە.
- کۆمەڵەی بەربەرەکانی زایونزم ١٩٤٦ دامەزراوە.
- حیزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی، ١٩٤٧ دامەزراوە.
- حیزبی ئیتیحادی دەستوری، ١٩٤٩ دامەزراوە.
- حیزبی ئومەمی ئیشتراکی، ١٩٥١ دامەزراوە.

**باسی سێزدەهەم: خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانی حیزبە سیاسییەکان لەسەردەمی پاشایەتی**

١. لە زۆربەی قۆناغەکانی سیستمی پاشایەتی لە عێراقدا، حیزبەکان بە شێوەی نهێنی کاریان کردووە، لەبەر ئەوەی هەڵگری دروشمی ڕزگاری نیشتمانی و ئازادییە گشتییەکان بوون و ئامانجیان نەمانی داگیرکاری بریتانیا و کۆتایی هێنان بوو بەو پەیماننامە و ڕێککەوتننامانەی لەنێوان عێراق و بریتانیادا هەبوون.

٢. حیزبەکان لەو سەردەمە حیزبی نیشتمانی بوون، دوور لە ڕەوتی تائیفەگەری، درێژەیان بەهۆشیاری نیشتمانی نەتەوەییان دادە.

٣. ئەو حیزبانە خاوەن بەرنامەی سیاسی درێژخایەن نەبوون، لەبەرئەوەی بڕیاری سیستمی حوکمڕانیان بۆ ئایندەی عێراق و پێکهێنانی حکوومەتێکی دەستورییان بە دەست نەبووە، بەڵکو بەرنامەکانیان زیاتر بۆ بونیادنانەوەی ژێرخانی وڵات بووە.

٤. حیزبەکـان ڕازی نەبـوون بەو دەسـت ڕۆیـیەی پاشـا پێـی درابـوو لە کاروباری وڵاتدا، ئەوان بۆ چوونیـان وابوو، پاشا دوور بێت لە کاری سیاسی، تەنها هێمایەک بێت.

٥. حیزبەکان لە لایەک بەهۆی کورتی تەمەنیان و لە لایەکی دیکەشـەوە بە هـۆی بـاردۆخە سیاسـی و کۆمەڵایەتییەکـان، هەم چالاکیـان کەم و هەمیش بنکەی جەماوەری[٥٤].

**باسی چواردەهەم: پۆلێنکردنی حیزبەکان**

١. حیزبەکانی توێژی دەستەبژێری دەسەڵاتدار، وەک: حیزبی تەقەدوم، بە سـەرۆکایەتی عەبدولموحسـین سـەعدوون، حیزبـی عەهـد بە سەرۆکایەتی نووری سەعید حیزبی نیشتمانی بە سەرۆکایەتی جەعفەر ئەبو تمەن.

٢. حیزبەکـانی ئۆپۆزیسـیون، وەک: حیزبـی ئیسـتقلال، حیزبـی نیشـتمانی دیموکراسی، حیزبی گەل.

٣. حیزبەکـانی نەتەوەخـوازانی عەرەب، وەک: حیزبـی بەعسـی عەرەبـی ئیشتراکی، بزووتنەوەی نەتەوەخوازانی عەرەب.

٤. حیزبی چەپی ڕادیکال، وەک: حیزبی شیوعی عێراقی.

٥. حیـزبە کوردییەکـان، وەک: حیزبـی هیـوا، حیزبـی ڕزگـاری، حیزبـی شۆڕش، پارتی دیموکراتی کوردستان.

**باسی پازدەهەم: ڕەهەندی ململانێ کۆمەڵایەتییەکان و دەرکەوتنی توێژی دەستەبژێر**

ئەگەرچـی دامەزرانـدنی دەوڵەتـی عێـراق لە سـاڵی ١٩٢١دا لە هەلومەرجێکی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی ئاڵۆز و پڕ لە کێشە و ململانێی بوو، بەڵام توانی زۆربەی ئاراستەکانی ژیان لە عێراقدا بگۆڕێت و قورسـای گەورە بخـاتە سـەر پەرەسـەندن و گۆڕانکارییەکـان، وەک: دروسـتکردنی پەیوەنـدی

(٥٤) عادل غفوري خليل، احزاب المعارضة العلنية في العراق ١٩٤٦ – ١٩٥٤، الطبعة الاولى، (بغداد، ١٩٨٤)، ص ٥٨- ٦٦.

نێوانی پێکهاتە بنچینییە کۆمەڵایەتییەکان و هێزە سیاسییەکان، کە دواتر بوون بە بنکەی کۆمەڵایەتی سیستمی حکومڕانی. دیاریکردنی سەرخان و ژێرخانی ئابووری. دامەزراندنی پەیوەندی نێودەوڵەتی. ڕەخساندنی دەرفەتێکی کارکردن و ئەنجامدانی چالاکی سیاسیی بۆ چینی مام ناوەندی لەناو دامودەزگاکانی حکوومەت، لە کاتێکدا پێشووتر لەلایەن چینی سەرەوە پەڕاوێز خرابوون. ئەنجام هاتنە پێشەوەی ئەو هەلومەرجە تازەیە، یارمەتیدەر بوو بۆ چین و توێژەیکی کۆمەڵایەتی تازە، تا بنکەی جەماوەری خۆیان لە تەک چینە کۆنەکاندا فرەوان بکەن.

جێگای ئاماژە بۆ کردنە، وەک پێویست بە دەنگەوە نەهاتنی سیستمی سیاسی وڵات بۆ ئەو گۆڕان و پەرەسەندن و ڕووداوانەی نێو کۆمەڵگا، زادەی چەند فاکتەرێک بوون، کە دواجار بوون بە هۆی سیستی و بێ توانایی سیستم لە ڕووبەڕووبوونەوەی قەیراکاندا، ئیدی بەو هۆیەوە ڕێگا لە بەردەم ئەندامانی چین و توێژ و هێزە نوێیەکان خۆشکرد، کە ڕێگای سەرکەوتن بەسەر دامودەزگاکانی دەوڵەت لە بواری سیاسی، سەربازی و مەدەنی بگرنە بەر(٥٥)..

توێژی دەستەبژێری ناو کۆمەڵگای عێراق، بریتی بوون لە کۆمەڵە کەسانێک، کە هەڵگری چەند خەسڵەتێکی جیاکار و تایبەتمەند بوون و توانایان هەبوو چەندین ڕۆڵی جیاواز و کاریگەر لە نێو کۆمەڵگادا بگێڕن. ئەو خەسڵەتە جیاکارییە لە ڕۆڵەکاندا وای لەو کەسانە دەکرد، کە کاریگەری گەورەیان هەبوو لەسەر ئاراستەکردنی ڕووداوەکان. هەروەها کاریگەرییان هەبوو لەسەر بڕیارە گرینگەکان لە بوارە جیاوازەکانی ژیان، بەگشتی ئەگەرچی بە ژمارە کەمبوون، بەڵام هەڵگری چەند خەسڵەت و ئاکاری تایبەت بوون(٥٦).

---

(٥٥) د. نزار توفيق، الصراع على السلطة في العراق الملكي، ص ١١١؛ د. بلقيس محمد جواد، قراءة في تأسيس الدولة العراقية ١٩٢١ الاهداف والنتائج، ص١٧.

(٥٦) حنان بطاطو، العراق – الكتاب الاول، ترجمة: عفيف الرزاز، الطبعة الاولى، (بغداد، ٢٠٠٥)، ص ٤٠.

فرەوانبوونی دامەزراوە کارگێڕییەکان و لاوازی دەسەڵاتی پلە و پایە جیاوازەکان و بوونی چەند هێزێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی کاریگەر، هۆکار بوون بۆ پەیدابوونی هێزێکی نافەرمی ،کە توانای ڕۆڵ گێڕانی هەبێت، دەرکەوتنی ئەو هێزە کۆمەڵایەتییەش ڕەهەندەکانی پەیوەستی خوێنی نێوان تاکەکانی تێپەر دەکرد. ئەو هێزە نافەرمییە پشتی بە پەیوەندییە کەسایەتییەکانی نێوان ئەندامانی دەستەبژێری ناو کۆمەڵ و کەسانی دیکە دەبەست. واتە ئەو کۆمەڵ و گروپانەی، کە ناسراوبوون بە (تاقم...دەستە...گروپ).

دیارە لاوازی کەناڵە فەرمییەکان لەناو هەر حکوومەت و وڵاتێک وەک: پەرلەمان، حیزبەکان، سەندیکاکان ...هتد، دەبنە هۆی ئەوەی، کە بڕیارە سیاسییەکان بکەونە دەستی ئەو تاقم و گروپانە. ئەنجام زاڵبوونی بەرژەوەندییە کەسییەکان و بوونی هێزی نەریتگەری کۆن (عەشائیر) دەبن بە هۆکاری لاوازی، لەوەشدا تەنیا نابنە هۆکاری لاوازی دەسەڵاتی فەرمی، بەڵکو وادەکەن دامەزراوە فەرمییەکانیش توانای چاودێری و ئاراستەکردنی دەزگا کارگێڕییەکانیان نەبێت، هەروەها وا دەکەن لایەنی کارگێڕی دەسەڵاتی ڕەهای نەبێت لە جێبەجێکردنی کاروبارە گشتییەکان و خزمەتکردنی بەرژەوەندی سەرکردەکانی.

لە ڕاستیدا، ئەگەر ئامرازی هاوڵاتی بۆ دەستەبەرکردنی بەرژەوەندییەکان لە بری کەناڵە فەرمییەکان پەیوەندییە کەسێتییەکان بێت، کە بەو هۆیەوە بە کەسانی دەست ڕۆیشتوو و چەند تاکێکی بژرادەی سیاسی دەبەسترێنەوە، ئەوا ئەو حاڵەتە زەمینە خۆش دەکات بۆ دروستبوونی چەند گروپێکی نافەرمی دواجاریش تاکەکان لە دەوری کۆ دەبنەوە. ئیدی ئەوە وا دەکات خەڵکی وا بیربکەنەوە، ئەو گروپە سیاسییە کۆمەڵایەتییە هۆکارێکە بۆ تێرکرن و بەجێهێنانی پێداویستییە تایبەتیەکانییان، ئەوانەش ڕۆڵی دامەزراوە سیاسیی و کارگێڕی فەرمییەکان دەگێڕن.

شایەنی گوتنە، سیاسەتە ناوخۆییەکانی عێراق هەر لەسەرەتاوە بە پلەیەکی کاریگەر کەوتبووە ژێر کارتێکردنی کەسایەتییە دەسترۆیشتووەکان، لە ئاکامدا هەر کەسایەتییەکی دیار و بەرچاو لە دەوری خۆی کۆمەڵێک

لایەنگری کۆ دەکردەوە و ڕۆژنامەیەکی دەردەکرد و حیزبێکی سیاسیی بەناو پێکدەهێنا، لەوەشدا هەموو مەبەستی پەیداکردنی پێگەیەکی بەهێز و ناوبانگ دەرکردن بوو.

لە سەردەمی پاشایەتیدا دەستبژێری سیاسیی پەرش و بڵاوبوون، لەبەر ئەوەی چەند دەستەیەکی ناکۆک لەژێر ناوی جیاوازی سەرکردەکانیان دامەزران. لە کەسە دیارەکانی ئەو دەستە و گروپانە بۆ نموونە: گروپی ڕەشید عالی گەیلانی، کە دژی گروپەکەی نووری سەعید بوو، هەروەها گروپی ساڵح جەبر[٥٧]، کە ململانێی لەگەڵ گروپەکەی نووری سەعید هەبوو، گروپی نووری سەعید ناکۆک بوو لەگەڵ گروپەکەی عەلی جەودەت ئەیوبی، گروپی جەمیل مدفەعی دژی گروپی یاسین هاشمی بوو، گروپی حیکمەت سلێمان دژی گروپی یاسین هاشمی بوون، گروپی حەمدی پاچەچی دژی گروپی تۆفیق سوەیدی بوو.

سەرچاوەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن ناکۆکی و دابەشبوونی نێوان ئەندامانی دەستەبژێری سیاسی، هەم پەیوەندی بە جیاوازی و ململانێی نێوان کەسایەتییەکان و ناکۆکی لەسەر کێشە و مەسەلە سیاسییەکان هەبوو، هەمیش بە کەمی و پەرشوبڵاوی سەرچاوەکانی هێزی گروپەکان. لەبەر ئەوەی سەرچاوەکانی هێز و دەسەڵات، لە وڵاتێکی وەک عێراق دابەش ببوون لەنێوان لایەنە ناکۆک و ناتەباکان، هەر گروپێک لە ئەندامانی ئەو دەستەبژێر کۆمەڵایەتیانە خاوەن بەشێک بوون لە کۆڵەکەکانی هێز، ئەو بەشە یەکسان بوو بەوەی لایەنەکەی دیکە بەدەستی هێناوە، ئەگەر ئەو لایەنە ناحەز بێت یاخود دۆست. بەم شێوەیە دەبینین مانەوە لە دەسەڵات یاخود ڕووبەڕوو بوونەوەی مەترسی و بەرەنگارییە دەرەکییەکان، یانیش هەوڵدان بۆ پێکهێنانی

(٥٧) ساڵح جەبر، ساڵی ١٩٠٠ لە ناسرییە لەدایکبووە، کۆلێژی مافی تەواو کردووە. چەندین پلەو پایەی لەناو دامەزراوەکانی حکوومەت وەرگرتووە: (١٩٣٠-١٩٣١) ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بووە. ساڵی ١٩٤١ لە سەردەمی حکوومەتەکەی ڕەشید عالی گەیلانی زیندانی کراوە، ساڵی (١٩٤٧-١٩٤٨) بووە بە سەرۆک وەزیران، بە هۆی واژۆکردنی پەیمانی پۆرتسمۆس ناچار دەستی لە کار کێشاوەتەوە، ساڵی ١٩٥٧ کۆچی دوایی کردووە. د. حسن لطيف الزبيدي، موسوعة الاحزاب العراقية، ص ٣٦٥.

حکوومەتێک و دەستگرتن بەسەر چەند پلەوپایەیەکی سەرەکی، لەناو ئەندامانی ئەو دەستەبژێرە، زۆر جار پێویستی بە ڕێککەوتن و هاوپەیمانییەتی دوو لایەن یاخود زیاتری پێویست بووە(٥٨).

(٥٨) د. کاظم حبیب، لمحات من عراق القرن العشرين، الجزء الاولى، الطبعة الاولى، (اربيل، ٢٠١٣)، ص٢٤٤.

## تەوەری سێیەم: ڕووداو و دیاردەکانی سەردەمی پاشایەتی

### باسی یەکەم: ڕێکخستنی پەیوەندییەکانی نێوان بریتانیا و عێراق

دوای گفتوگـۆ و زنجیـرەیەک کۆبـوونەوە و ئـاڵوگۆڕکردنی نـامە و بیـروڕای دووردودرێـژ لەنێـوان بەرپـرس و نـوێنەرانی هەر دوو حکـوومەتی بریتانیا و عێراق، لە ١٠ی تشرینی یەکەمی ١٩٢٢ یەکەم پەیماننامەی نێوانیـان لەلایەن عەبدولڕەحمان نەقیب سەرۆک وەزیرانی عێراق و سیر پرسی کۆکس مەندوبی سامی بریتانیا واژۆ کرا.

ئەو پەیماننــامەیە دوای ڕەزامەنــدی ئەنجــوومەنی دامەزرانــدن، لە کانوونی یەکەمی ١٩٢٤ کەوتە بواری جێبەجێکردنەوە. دیارە ئەم پەیماننـامەیە بە مەبەستی ڕێکخستنی پەیوەندییەکانی نێوان عێراق و بریتانیا لە بوارەکـانی سیاسـی، عەسـکەری و ئـابووری کۆمەڵێـک ڕێککەوتنـامە و پاشـکۆی دیکـەی بەدوادا هاتن.

بڵاوبـوونەوەی نـاوەڕۆکی پەیماننـامەی سـاڵی ١٩٢٢، لەسـەر ئاسـتی ناوخۆی عێراق ڕووبەڕووی دەنگی نارەزایی زۆر هاتەوە، لەو چوارچێوەیەدا کەسـایەتی سیاسـیی و کـۆمەڵایەتی و ئـایینی بە تونـدی لە دژی وەسـتانەوە، لەبەر ئەوەی هەنـدێک لە بەنـدەکانی پەیماننامەکەیـان پـێ قـورس بـوو، بـۆ ئەوەش نــامەی نــاڕەزایی خۆیــان پێشکەشــی پاشــا فەیســەڵی یەکەم و حکـوومەتی بریتانیـان کـرد. ڕۆژنامەکـان کەوتـنە نووسـین دژی بڕگەکـانی پەیماننـامەکە، هەردوو حیزبـی سیاسـی حیزبـی نەهـزەی عێـراق و حیزبـی نیشـتمانی عێـراق، بە ئاشـکرا نـاڕەزایی خۆیـان دەبـڕی و پشـتیوانیان لە خۆپیشـاندن و ناڕەزاییە جەماوەرییەکانی شاری بەغدا کرد، هەروەها وەک هەڵوێست وەرگرتنێک چەند وەزیرێ: دەستیان لە کار کێشایەوە ئەنجام کار گەیشـتە ئەوەی نـوێنەری بـاڵای بریتانیـا خـۆی ڕاسـتەوخۆ سەرپەرشـتی کاروباری ناوخۆی عێراق بکات. وەلێ سـەرباری هەموو ئەوانەی ڕوویدا لە کۆتاییدا بڕیاری پەسەندکردنی پەیماننامەکە سەری گرت[٥٩].

---

(٥٩) د. نزار توفيق، الصراع على السلطة في العراق الملكي، ص ٦٨.

**باسی دووەم: کورتەیەک لە بارەی ناوەرۆکی بەڕێوەچوونی دانوستانەکان**

**یەکەم:** گرینگترین ئەو پێشنیازانەی حکوومەتی بریتانیا خستبووینە ڕوو.

١. پشتیگری دانانی فەیسەڵی کوڕی حوسێن بە پاشای عێراق.
٢. دامەزراندنی ئەفسەر و فەرمانبەرانی بریتانیا و پێشکەشکردنی یارمەتی و ڕاوێژپێکردن بە عێراق بەپێی پێویستی.
٣. دیارکردنی نوێنەرێکی باڵای بریتانیا لە عێراق، تا ئەوەی بەشێوەیەکی بەردەوام لە کاروباری وڵات ئاگادار بکرێنەوە.
٤. سپاردنی کاروباری دەرەوەی عێراق بە حکوومەتی بریتانیا .
٥. عێراق پابەند بێت بە ڕاوێژکردن بە بریتانیا لە ڕووی سەربازی و دابینکردنی پێداویستییەکانی.
٦. دەست هەڵنەگرتن لەهەر بەشێکی خاکی عێراق یان بەکرێدانی بۆ هەر دەوڵەتێکی بیانی.
٧. مانەوەی هێزەکانی بریتانیا لە عێراق بۆ بەرگریکردن لە هەر دەست درێژییەکی دەرەکی بێت یاخود ناوخۆیی. هەروەها بەکارهێنانی ڕێگاکان و هێڵی ئاسینین و بەندەرەکانی عێراق بۆ هاتووچۆ و جوڵەی ئەو هێزانە.
٨. ڕازی بوون و جێبەجێکردنی ئەو مەرجانەی حکوومەتی بریتانیا، کە بۆ دەستەبەرکردنی بەرژەوەندی بیانییەکان لە عێراقدا دیاریان دەکات.
٩. دانانی یاسای بنەڕەتی بەراوێژ کردن لەگەڵ نوێنەری باڵای بریتانیا .
١٠. ڕازیبوون بە هەموو ئەو کارڕایی و بڕیار و هەڵسوکەوتانەی حکوومەتی بریتانیا، کە بە مەبەستی جێبەجێکردنی بەڵێن و ڕێککەوتننامەکانی پەیوەندیان بە عێراقەوە هەیە، ئەنجامیان دەدات.
١١. ئازادی تەواو لە بڵاوکردنەوەی ئاینی مەسیحییەت.

١٢. بەشداریکردنی عێراق بەو ڕادەیەی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ئاینی ڕێگای پێدەدا لە جێبەجێکردنی هەر جۆرە سیاسەتێکی گشتی، کە کۆمەڵەی گەلان بڕیاری لەسەر دەدات.

١٣. ڕێککەوتن لەنێوان هەردوو حکوومەتی عێراق و حکوومەتی بریتانیا دەربارەی کاروبار و ئەو خزمەتگوزارییانەی حکوومەتی بریتانیا لە عێراق پێی هەستاوە، تا بدرێنەوە دەستی عێراق.

١٤. تۆمارکردنی هەموو ئەو شتانەی پەیوەندی بە بابەتە گشتییەکانەوە هەیە لە باج و ترانزێت و داهات و خەرجییە گشتییەکان لەلایەن حکوومەتی عێراق بەراوێژ کردن لەگەڵ نوێنەری باڵای بریتانیا(٦٠).

دووەم: گرینگترین ئەو خاڵانەی نوێنەری عێراق خستبوویانە ڕوو:

١. ڕەچاوکردنی بەڵێنەکانی هاوپەیمانان بۆ دەربارەی سەربەخۆیی تەواوی گەلی عەرەبی، لە چوارچێوەی ناوەرۆکی نامە و پەیوەندییەکانی (حوسێن-مەکماهون)

٢. باسکردنی بڵاوکراوە و بەڵێنەکانی هەوپەیمانان، وەک بڵاوکراوەکەی جەنەراڵ مود و جەنەراڵ لنبی.

٣. دانپێنانی عێراق بە سیستمی (ئینتیداب) وەک بنەمایەک بۆ دانوستان، لەگەڵ گرێدانی ڕێککەوتنێک لەنێوان عێراق و بریتانیا بە مەرجی پاراستنی بەرژەوەندی هەردوولا و ڕێگری کردن لە دەست تێوەردانی هێزەی دەرەکی دیکە.

٤. پابەندبوونی عێراق بە بنەمای هاوپەیمانییەتی و دامەزراندنی پەیوەندییەکانیان لەسەر چەند بنەمایەکی سروشتی(٦١).

---

(٦٠) عبدالرزاق الحسني، العراق في ظل المعاهدات، الطبعة الثانية، (بغداد، ١٩٧٥)، ص ١١.

(٦١) عبدالرزاق الحسني، تاريخ الوزارات، العراقية، الجزء الاولى، (بغداد، ١٩٨٨)، ص ١٠٨؛ د. كاظم حبيب، لمحات من عراق القرن العشرين، الجزء الاولى، ص١٢٩.

**باسی سێیەم: بیروبۆچوونی حکوومەتی عێراق دەربارەی ناوەڕۆکی پڕۆژەکەی بریتانیا**

متمـانەی گەلانـی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت بە بەڵـێن و لێـدوانەکانی هاوپەیمانـان و ڕاسـتگۆیی ئامانجەکانیـان بە تەواوی جێگـای گومـانە، هەوڵـدانیش بـۆ شـتێک گومـان و نـارونی تێدابێت ئەوە بـێ سـوود دەبێت، بریتانیـا، کە زۆرێـک لە ناوبانـگ و ڕاسـتگۆیی خـۆی لە دەسـتداوە، لە جێبەجێکردنـی بەڵێنەکـانی بەرانـبەر عەرەب، کە دڵسـۆزی بـووە لە ڕۆژانـی جەنـگ، ئەوە بە کـارێکی بـاش دادەنرێـت، کە بـریتییە لەپێـدانی مـافی سەربەخۆیی ڕاست. دیارە ناکرێت کەسێک بەڵێن بدات بە ئەنجام گەیاندنی ئەرکەکانی بەڵام پێچەوانەوە بکەوێتەوە.

لە لای خـۆیەوە نـوێنەری بـاڵای بریتانیـا لە عێراقـدا، ئەو بیـروڕا و پێشنیارانەی لایەنی عێراقی بە سەرسورمانەوە وەرگرتووە. هەر ئەوەش وا دەکات زنجیرەیەک کۆبوونەوە و نامە گۆڕینەوە و گفتوگۆی درێژخایەن و پڕ لە ململانێ دەست پێ بکات. بەڵام فەیسەڵی یەکەم وەک پاشا ڕۆڵی خۆی تێدا گێڕا لە نزیککردنەوەی هەردوولا.

بە گشتی کۆبوونەوەکان لە مانگی تشرینی یەکەمی ١٩٢١ دەستیپێکرد و لە مانگی تشرینی یەکەمی ١٩٢٢ کۆتایی هات و ئەنجام پەیماننامەکە واژۆ کرا.

شـایەنی گـوتنە، لەسـەردەمی پاشـایەتیدا، چەنـد پەیماننـامەیەکی دیکە لەنێوان بریتانیا و عێراق واژۆ کراوە، کە بریتین لە:

١. پەیمانی یەکەم لە تشرینی یەکەنی ١٩٢٢.
٢. پەیمانی دووەم لە کانوونی یەکەمی ١٩٢٧.
٣. پەیمانی سێیەم لە ١٣ حوزەیرانی ١٩٣٠.
٤. پەیمانی چوارەم لە ٣٠ حوزەیرانی ١٩٤٨.

**باسی چوارەم: ململانێ لە پێناو ویلایەتی مووسڵ**

ویلایەتـی مووسـڵ بەشـێک بـوو لەو ناوچـانەی دەوڵەتـی عوسـمانی دەستی بەسەردا گرتبوو، یەک لەو سێ ویلایەتەی پێکدەهێنا کە عێراقی نوێی لێ دروستبوو. ئەم ویلایەتە بەشی باشووری کوردستانی پێکدەهێنا و جگە

له ناوەندی ویلایەتەکە کە شاری مووسڵ بووە، شارەکانی سلێمانی، کەرکووک، هەولێر و دهۆک دەگرێتەوە.

لەگەڵ کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانی، بەشێک لە ناوچەکانی ولایەتی مووسڵ بە تایبەتی ناوەندی ویلایەتەکە هێشتا لەژێر دەسەڵاتی عوسمانییەکان دابوو، بەڵام بەپێی یەکێک لە بڕگەکانی ئاگربڕی مودرۆس، بریتانییەکان بۆیان هەبوو دەست بەسەر ئەو ناوچانەدا بگرن، کە جێگای مەترسی بوون لەسەر بەرژەوەندییەکانی ئەواندا، ئیدی بەم شێوەیە داوایان کرد و هێزی عوسمانییەکان بۆیان چۆڵکردن.

بەپێی ڕێککەوتننامەی سایکس بیکۆی ساڵی ١٩١٦ ویلایەتی مووسڵ بەر فرەنسییەکان کەوتبوو، بەڵام دواتر بریتانییەکان توانیان فرەنسییەکان ڕازی بکەن، دواتر لە کۆنگرەی سان ڕیمۆ ساڵی ١٩٢٠ دانی پێنرا.

بەپێی پەیماننامەی سیڤەر ساڵی ١٩٢٠ دەوڵەتی عوسمانی ناچارکرا پابەندبێت بە دەست هەڵگرتن لە ویلایەتی مووسڵ-دا، ئەوەش لە کاتێکدا بوو هێشتا ناوچەکە نەخرابووە سەر عێراقەوە.

دوای دامەزراندنی پاشانشینی عێراقی ویلایەتی مووسڵ بووە جێگای ململانێی نێوان دەوڵەتی تازە دامەزراوی تورکیا لەگەڵ عێراق و بریتانیادا. بریتانیا لەم مەسەلەیەدا بە بە توندی پشتگیری عێراقی دەکرد، لەوەشدا بەرژەوەندی خۆی تێدا هەبووە، لەبەر ئەوەی هەم مەبەستی سوود لە نەوتی کەرکووک وەربگرێت، هەمیش پێگەی ستراتیژی عێراق لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە پارێزراوی بهێڵێتەوە.

لە کۆنگرەی لۆزان لە ١١ی تشرینی یەکەمی ١٩٢٣)دا کێشەی ویلایەتی مووسڵ خرایە بەرباس، نوێنەری کۆماری تورکیا بەرگری لە مافی وڵاتەکەی لە ناوچەکەدا کرد، ئەوەش لە کاتێکدا بوو، کە نوێنەری بریتانیا داوای دەکرد ناوچەکە بخرێتە سەر عێراق، بەڵام دانیشتنەکان نەگەیشتنە ئەنجامێک، بۆیە کێشەکە بەرەو ڕووی کۆمەڵەی گەلان کرایەوە.

ساڵی ١٩٢٤ کۆمەڵەی گەلان بڕیاریدا بە پێکهێنانی لیژنەیەکی بێلایەن تا ڕاستەوخۆ سەردانی ناوچەکە بکات و بیروڕای خەڵکەکە وەربگرێت و لە کێشەکە بکۆڵێتەوە، ئینجا پێشنیارەکانی خۆی بەرزبکاتەوە.

ئەندامانی لیژنەکەی کۆمەڵەی گەلان پێکهاتبوون لە نوێنەرانی هەریەک لە دەوڵەتانی: مەجەر، سوید، بەلجیکا. ئەو لیژنەیە لە ١٦ی کانوونی دووەمی ١٩٢٥ گەیشتنە بەغدا و لە ١٩ی ئازاری ١٩٢٥ کۆتایی بە کارەکانی هێنا و ناوچەکەی بەجێهێشت، دواتر ڕاپۆرتی خۆی بەرزکردەوە. لە ڕاپۆرتەکە پشتی بەچەند تەوەرێک بەستبوو، لە وانە:

١. شوێنی جوگرافی و پێکهاتەی ڕەگەزی دانشتوانی ناوچەکە.
٢. لایەنی مێژوویی ناوچەکە.
٣. لایەنی ئابووریی ناوچەکە.
٤. لایەنی ستراتیژی و گرینگی ناوچەکە[٦٢].

لیژنەکە لە ڕاپۆرتەکەیدا ئاماژە بە بوونی نیوملیۆن کورد و نزیکەی (٥٠) هەزار تورکمان لە سنووری ولایەتەکەدا کردووە. ئەنجام دەربارەی دانیشتوانی ناوچەکە، گەیشتۆتە چەند ئەنجامێک، کە بە تەواوی لەگەڵ بۆچوونەکانی تورکیا یاخود هەولەکانی بریتانیا پێچەوانە کەوتۆتەوە، لەبەر ئەوەی بەپێی ئەنجامی لیژنەکە کورد میللەتێکی جیاوازن لە تورک و عەرەب و فارس (ئەگەرچی لە فارسەوە نزیکترن تا ئەوانی دیکە)، بۆیە ئەگەر لایەنی ئەتنی ڕەوچاوبکرێت ئەوا پێویست بە دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ دەکات، لەبەر ئەوەی کورد دانیشتوانی ڕەسەنی ناوچەکەن و ڕازی نەبوونە ملکەچی هیچ دەوڵەتێک بن، بەڵکو بەردەوام هەوڵی سەربەخۆیانداوە.

شایەنی گوتنە، وێڕای گوتنی ئەو ڕاستیانەی، کە لیژنەکە لە ڕاپۆرتەکەیدا ئاماژەی بۆ کردوون، کۆمەڵەی گەلان لە ١١ی ماتی ١٩٢٦ بڕیاری لکاندنی ویلایەتی مووسڵ بە عێراقەوە داوە. لێرەدا ئەوەی زیاتر ڕۆڵی لەو بابەتەدا بینوە، بریتانیا بووە، چونکە توانیویەتی هەم ئەندامانی کۆمەڵەی گەلان هەمیش تورکیاش بە وەرگرتنی بەشێک لە داهاتی نەوتی ناوچەکە بۆ ماوەی چەند ساڵێک بە بابەتەکە ڕازی بکات.

(٦٢) عبدالرحمن البزاز، العراق من الاحتلال حتى الاستقلال، ص ١٦٠.

سەرچاوەکان ئاماژە بۆ ڕۆڵی پیاوانی تورک لە دەمی بوونی لیژنەکە لە ناوچەکەدا دەکەن و ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، کە چۆن هەوڵەکانیان خستۆتە گەر و هانی خەڵکی ناوچەکەیان داوە داوای گەڕانەوە بۆ سەر تورکیا بکەن. لەو کەسایەتیانەش ناوی ناوی هەر یەک لە نازم نەفتچی و فەتتاح بەگ وەک دوو کەسی دیار دەکرێن.

وەلێ لە بەرانبەر ئەو هەوڵەی پیاوانی تورک، حکوومەتی عێراقیش هەر لە سەرەتاوە هەوڵەکانی خستۆتەگەر، لەو چوارچێوەیدا فەیسەڵی یەکەم لە ڕۆژی ٢١ی ئازاری ١٩٢٣ سەردانی شاری مووسڵ و دواتریش شاری سلێمانی دەکات، لەوەشدا مەبەستی بووە پشتگیری جەماوەری بەدەست بێنێت. سەرچاوەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن فەیسەڵ لەو سەردانەیدا ڕەتیکردۆتەوە پرسێک لە عێراق بە ناو ویلایەتی مووسڵەوە هەبێت، لەبەر ئەوەی پێی وابووە مووسڵ بۆ عێراق یەکلا بۆتەوە. لەوەشدا ڕەنگە زیاتر پشتی بە بەڵێنی بریتانییەکان بەستبێت، ئەگەرچی هەندێکجار بریتانییەکان وەک کارتی فشار لە بەرانبەر عێراقییەکان بەکاریان هێنا[٦٣].

**باسی پێنجەم: مانگرتنی گشتی لە عێراقدا ساڵی ١٩٣١**

لە ١٤ی حوزەیرانی ١٩٣١ لە ژمارە (٨١) ڕۆژنامەی فەرمی لە عێراق (الوقائع العراقية)، یاسای نوێی باجەکانی شارەوانی، کە لەلایەن شارەوانییەکان لە خاوەن پیشەکاندا وەردەگیرا، بڵاوکرایەوە.

دەرکردنی ئەو یاسایە هاوکات بوو لەگەڵ دەرهاوێشتەکانی قەیرانی ئابووری جیهانی (١٩٢٩-١٩٣٣)، کە عێراق بە دەستییەوە دەیناڵاند. ئەنجام خاوەن کار و پیشە جۆراوجۆرەکانی شاری بەغدا بەرانبەر بەو یاسایە و سەپاندنی باجی تازە ناڕەزاییان پیشاندا و بەو هۆیەوە (٢٣) کەس لە سەرۆک کۆمەڵە و سەندیکاکان لەوانە: کۆمەڵەی کرێکارانی چاپ، کۆمەڵەی

---

(٦٣) لونگريک، العراق الحديث من سنة ١٩٠٠ الى سنة ١٩٥٠...، ٢٦٨؛ د. كاظم حبيب، لمحات من عراق القرن العشرين، الجزء الثالث، ص ١٩٦؛ د. واحد عومەر محێدین، دانوستانەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کورد و حکومەتەکانی عێراق (١٩٢١-١٩٦٨)، (سلێمانی، ٢٠٠٦)، ل٥١.

کرێکارانی میکانیک، کۆمەڵەی خاوەن پیشەکان، لە ٢٧ی حوزەیرانی ١٩٣١ لە بارەگای خاوەن پیشەکان، کۆبوونەوە. لەم کۆبوونەوەیەدا بڕیاری ئەوەیاندا داواکارییەک پێشکەش بە وەزیری ناوخۆ بکەن و داوای ئەوەی لێ بکەن بەهۆی دارمانی ئابووری و خراپی گوزەرانی چینەکانی خوارەوەی کۆمەڵگا بڕیارەکە نەچێتە بواری جێبەجێکردنەوە. ئەنجام حکوومەت بە دەنگی داواکاریەکەیان نەهات، بەو هۆیەوە جارێکی دیکە کرێکار و خاوەن پیشەکان لە هەمان شوێن کۆبوونەوە مانگرتنی گشتیان ڕاگەیاند.

مانگرتنەکە لە ڕۆژی ٥ی تەمووزی ١٩٣١ لە شاری بەغدا دەستی پێ کرد و تێکڕایی دامودەزگا ئابوورییەکانی گرتەوە، پاشان فرۆشگا، دوکاندار، چێشتخانە، نانەواخانە، دەرمانخانە، بازاڕی سەوزە و میوە و هۆکایەکانی هاتووچۆ بەشداریان تێدا کرد. بەم شێوەیە ژیان لە شارەکە پەکی کەوت.

لە ڕاستیدا مانگرتنەکە بەرەنگاییەکی گەورە بوو بەرانبەر بە حکوومەت، بە تایبەتی کاتێک ڕووبەڕووبوونەوە لەنێوان هێزەکانی پۆلیس و مانگرتووەکان ڕوویدا.

ڕووداوەکان لە بەغداوە گواسترایەوە بۆ شارەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق لە وانە: ڕومادی، فەلوجە، حیللە، نەجەف، دیوانیە، کوت، لەوەشدا پارتە سیاسییەکان ڕۆڵی دیاریان هەبوو.

سەروبەندی مانگرتنەکە، فەیسەڵی یەکەم و نووری سەعید سەرۆک وەزیران لە دەرەوەی وڵات بوون، هەر بۆیە حکوومەت هەوڵیدا چارەسەری بارودۆخەکە بکات، ئەنجام لە ٦ی تەمووزی ١٩٣١ مزاحم پاچەچی وەزیری ناوخۆ و ئەمینداری گشتی پایتەخت و موتەسەڕیفی بەغدا لەگەڵ هەر یەک لە: محەمەد ساڵح قەزاز(٦٤)، مەکی ئەشتەری، سەید حەسون ئەبو جبن، سەید

(٦٤) محەمەد ساڵح قەزاز، ساڵی ١٩٠٥ لە بەغدا لەدایکبووە، خوێندنی سەرەتایی تەواو کردووە، ساڵی ١٩١٧ لە قوتابخانەی (ئەلسەنایع) وەرگیراوە، پاشان لە قوتابخانەی بازرگانی ئێواران خوێندویەتی، زمانەکانی ئینگلیزی، تورکی، بە باشی زانیوە، لە تەمووزی ١٩٢٩ لەگەڵ کۆمەڵە کرێکارێک لە شاری بەغدا کۆمەڵەی خاوەن پیشەکانیان دامەزراندووە. د. حسن لطيف الزبيدي، موسوعة الاحزاب العراقية، ص ٤٩٤.

عەدبدوللا بەدری نوێنەرانی ڕەوتی مانگرتن و ناڕەزایەتییەکان کۆبوونەوە. ئەنجام بەرەی ناڕەزایەتییەکان داواکارییەکانی خۆیان پێشکەشکرد، کە بریتی بوون لە:

١. هەڵوەشاندنەوەی باجە نوێیەکان و کەمکردنەوەی باج بە گشتی.

٢. کردنەوەی بارەگای کۆمەڵەی پیشەداران، کە لەلایەن پۆلیسەوە داخرابوو.

٣. جێبەجێکردنی داواکاری کرێکارانی هێڵی شەمەندەفەر.

٤. ئازادکردنی ئەوانی بەندکراون بەهۆی خۆپیشاندانەوە.

دوای ئەوەی حکوومەت وەک پێویست بەدەنگ داواکارییەکان نەهات، مانگرتن وخۆپێشاندان لە بەغدا دەستی پێ کردەوە، لە بەرانبەردا حکوومەت پۆلیسی زیاتری بۆ ڕووبەڕووبوونەوە هێنانەیە سەر شەقام، ئەنجام بە هۆی بەشداری کارای پارتە سیاسییەکان بە گشتی و حیزبی ئەخائی نیشتمانی[٦٥] بە تایبەتی ئاراستە ڕووداوەکان مۆرکی سیاسی وەرگرت و سەقفی داواکارییەکان بەرزبووەوە، بۆ هەڵوەشاندنەوەی حکوومەتی نووری سەعید و دامەزراندنی حکوومەتێکی تازە.

لە خۆپێشاندانەکاندا ژمارەیەک دروشم بەرزکرابوونەوە، لە وانە: بژی بەرەی ئۆپۆزیسیون، بژی یاسین هاشمی، بژی جەعفەر چەلەبی، بمرێ پاشا، بروخێ وەزارەت و بژی سیستمی کۆماری.

وەک دەردەکەوێت حکوومەت بە وردی چاودێری جوڵانەوەی سەرکردە سیاسییەکانی ئۆپۆزسیۆنی کردووە. لەبەر ئەوەی بە پێی ڕاپۆرتی پۆلیسی نهێنی بێت لە ڕۆژی ١٠ی تەمووز لە بارەگای حیزبی ئەخائی نیشتمانی کۆبوونەوەیەکی فرەوان بە ئامادەبوونی هەر یەک لە: یاسین هاشمی، جەعفەر ئەبوتمن، ڕەشید عالی گەیلانی، عەلی مەحموود، کامل چادرچی و عەبدولئیلا حافیز ئەنجامدراوە و لە کۆبوونەوەکە بڕیاری

(٦٥) حیزبی ئەخائی نیشتمانی، زۆر مەبەستیان بوو ئاراستەی بابەت بەرەو ئاراستەی سیاسی بەرن، لەبەر ئەوەی سەرکردەکانیان جەعفەر ئەوتمەن، ڕەشید عالی گەیلانی و یاسین هاشمی ڕکابەری توندی نووری سەعیدی سەرۆک وەزیران بوو.

ئەوەیانداوە وەفدێک بۆ دیداری جێگری پاشای وڵات ڕەوانە بکەن و داوای هەڵوەشانەوەی حکوومەتی لێ بکەن، ئەوە لە لایەک، لە لایەکی دیکەوە لە کۆبوونەوەکەدا بڕیاری ئەوەیانداوە لەسەر پڕوپاگەندەکردن دژ بە حکوومەت بەردەوان و نامە بۆ شارەکانی باشوور و ناوەڕاستی عێراق ڕەوانە بکەن تا ئەوەی لەسەر چۆپێشاندان و مانگرتنەکانیان بەردەوام بن.

١٥ی تەمووزی ١٩٣١ نووری سەعید لە دەرەوەی وڵات گەڕایەوە، یەکەم هەنگاوی کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی وەزیران تاوتوێکردنی بارودۆخەکە بوو، پاشان لەگەڵ سەرکردەی پارتەکان و ئەو خۆپێشاندەرانەی زیندانی کرانبوون کۆبۆوە، ئەنجام هەردوولا ڕێککەوتن دۆخەکە ئارام بێتەوە و کۆتایی بە خۆپێشاندان و مانگرتنەکان بهێنرێت، بۆ ئەو مەبەستەش بەیاننامەیەکیان بڵاوکردەوە.

لە دوای یەک ڕۆژ ئەنجوومەنی ئەمینداری شاری بەغدا، بڕیاریدا بە هەلوەشاندنەوە یاسای باجی شارەوانییەکان، بە دوای ئەوەش لە ڕۆژی دواتر بە بڕیارێک (١٧) جۆر باج کەمکرانەوە، ئەنجام بەو هەنگاوە دۆخەکە ئارامبوویەوە.

شایەنی باسە، وێرای ئارامبوونەوەی بارودۆخ لە بەغدا، لە هەندێک لە شارەکانی باشوور بە تایبەتی شاری بەسرە مانگرتن و خۆپێشاندان درێژەی کێشا. لە بەرانبەردا حکوومەتی خۆجێی شارەکە بێ دەسەڵاتبوو، توانای ئەنجامدانی کارێکی وای نەبوو، تا ئەو کاتەی نووری سەعید خۆی سەردانی شارەکەی کرد و بە هەردوو شێوازی نەرمی و ڕازی کردنی هەندێک، سەرکوتنکردنی هەندێکی دیکە، دۆخەکەی ئاسایی کردەوە[٦٦].

ئەو بارودۆخەی، کە بە هۆی مانگرتنەکان لە عێراقدا هاتبووە پێشەوە، بەپێی هەڵسەنگاندنی فەیسەڵی یەکەم و چەند کەسایەتییەکی سیاسیی ئەو

(٦٦) د. حيدر نزار عطية السيد سليمان، الطبيعة السياسية المطلبية لاضراب عام ١٩٣١، مجلة الكلية الاسلامية الجامعة، العدد (١٢)، (الجامعة النجف، ٢٠١٠)، ص ١١٣-١٢٩؛ حامد الحمداني، صفحات من تاريخ العراق الحديث، الجزء الثاني، الطبعة الثانية، (دون مكان و سنة الطبع)، ص٩.

سەردەمە، هەڕەشە بوو لەسەر دەوڵەتی عێراق و سیستەمەکە. لەو سۆنگەیەوە یەکێکی وەک عەبدولڕەزاق حەسەنی مێژوونووس بە **شۆڕشی بێدەنگی گەل** و ئیندمۆنس ڕاوێژکاری وەزارەتی ناوخۆی عێراقیش بە **ڕاپەڕین دژی ڕژێم** ناوی دێنن.

مانگرتن و خۆپیشاندانەکانی ساڵی ١٩٣١ شوێنێکی بەرچاو لە مێژووی سیاسیی عێراقی تۆمارکردووە، لەبەر ئەوەی بە یەکەمین ڕاپەڕینی جەماوەری دادەنرێت، کە تێیدا فشاری ئابووری وەک چەکێک بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکان بەکارهێنراوە.

مانگرتن و خۆپیشاندانەکانی ساڵی ١٩٣١ یەکەمین هەڵگەڕانەوەی فرەوانی چین و توێژەکانی خوارەوە بوون دژ بە جیاوازییە کۆمەڵایەتییەکان لە سەردەمی سیستمی پاشایەتیدا، کە لە ئەنجامدا جەماوەر دەنگی ناڕەزایی دژ بە خراپ دابەشکردنی دەرامەت و پلەوپایەکانی دەسەڵات و ئەو بونیادە سیاسییە گەندەڵە لە وڵاتدا، بەرزکردبوویەوە.

پارتە سیاسییە ئۆپۆزسیۆنەکان، گەرەکیان بوو سوود لە دەرفەتەکە وەربگرن و دروشم و داواکارییە سیاسییەکانیان تێکەل بە هی جەماوەر بکەن، تا ئەوەی بە قازانج و ویستی ئەواندا بکشێتەوە. بەڵام لەوەدا بە تایبەتی لە هەڵوەشاندنەوەی حکوومەت سەرکەوتوو نەبوون[٦٧].

**باسی شەشەم: ڕاپەڕینەکانی عەشائیرەی ناوچەی فوراتی ناوەڕاست**

ساڵی ١٩٣٣ فەیسەڵی یەکەم پاشای عێراق کۆچی دواییکرد، غازی کوڕی لە شوێنی ئەودا بوو بە پادشا. سەردەمی غازی پڕبوو لە کێشە و ململانێ، لەبەر ئەوەی بەر لەهاتنی ئەودا نەتوانرا بوو کێشەکان بنەبڕ بکرێت و دەسەڵاتەکان بچەسپێنرێت، ئیدی بەو هۆیەوە بارێکی نا ئارام باڵی بەسەر عێراقدا کێشا.

غازی گەنجێکی کەم ئەزموون بوو، دەوروبەرەی لە سیاسەتمەدار و کەسایەتییەکان ململانێی توند و بیروڕای جیاواز بەسەریاندا زاڵبوو، لەو

(٦٧) عبدالرزاق الحسني، تاريخ الوزارات العراقية، الجزء الثالث، ص١٤٩ - ١٦٠.

چوارچێوەیەدا کێشەکان بوارەکانی سیاسیی، ئابووریی، کۆمەڵایەتیی، تائیفیی گرتبووەوە.

لەو سەروبەندەدا لە ناوچەکانی فوراتی ناوەڕاستدا زنجیرەیەک ڕاپەڕینی عەشائیری و جوتیاری سەریان هەڵدا، ئەوەشیان زادەی چەند هۆکارێک بوون، لە وانە:

١. سیاسەتی دەسەڵاتدارانی بریتانیا لە عێراق بەرانبەر بە عەشیرەتەکان و جیاوازی کردن لەنێوانیاندا.

٢. پیادەکردنی سیستمی سەربازی زۆرە ملێ، کە عەشائیرەکان زۆر بە توندی دژایەتیان دەکرد.

٣. گەندەڵی سیستمی کارگێڕی، لاوازی و بێ توانایی هەندێک لە فەرمانبەران و هەڵسوکەوت و ڕەفتاری بەرپرسەکان.

٤. ململانێی توند لەسەر دەسەڵات لە سەردەمی شا غازی، بە تایبەتی لەنێوان حیزبەکان و لاوازی ڕۆڵی ئەنجوومەنی نوێنەران.

٥. هێز و کاریگەری عەشائیر و فشاریان لەسەر حکوومەت بۆ جێبەجێکردنی ئامانجەکانیان.

٦. سەرۆک و شێخی عەشیرەتەکان دابەش ببوون لەنێوان حیزب و سیاسەتمەداران(٦٨).

بە گشتی ئەو هۆیانە هاندەر بوون بۆ ڕاپەڕینی جوتیاری و یاخیبوونی چەکداری لە هەندێک ناوچەی فوراتی ناوەڕاستدا، کە لێرەدا بە کورتی باسیان لێوە دەکەین:

**یەکەم: ڕاپەڕینی شێخ خەوام**

ئەنجوومەنی وەزیرانی نوێ، بە سەرۆکایەتی یاسین هاشمی، کە لە ١٧ی مایسی ١٩٣٥ پێکهات، لە هەوڵی ئەوەدا بوو بەپێی توانا لە فشاری ناڕەزایی و نەیارانی کەم بکاتەوە.

---

(٦٨) عبدالرحمان البزاز، العراق من الاحتلال حتى الاستقلال، ص٢٣٣؛ عبدالرزاق الحسني، تاريخ الوزارات العراقية، الجزء الاربع، ص ٩٤؛ محەمەد ئیسماعیل محەمەد، ئینقلابی بەکر صدقی، چاپی یەکەم، ( هەولێر، ٢٠٠٧)، ل ٢٠.

سەرەتای مایسی ١٩٣٥ هەواڵێک گەیشتە حکوومەت، شێخ ئەحمەد ئەسەدوڵڵا نیشتەجێی شارۆچکەی ڕومێسە هانی خەڵک دەدات لە دژی حکوومەت بوەستن. بەو هۆیەوە لە ئێوارەی ٦ی مایس شێخ لەلایەن هێزێکی پۆلیس دەسگیر کرا. ئەو کارە هاندەر بوو بۆ ئەوەی هۆزەکەی (بەنی زریج) لە ڕۆژی دواییدا هێرش بکەنە سەر بارەگای حکوومەت لەناو شارۆچکەکەدا. ئیدی گەمارۆی هێزەکانی حکوومەتیاندا، ئەنجام هێزەکان پەیوەندییان لەگەڵ سەروی خۆیاندا پچڕا.

ڕاپەڕیوان ڕێگای هاتووچۆی شەمەندەفەریان تێکدا. لە بەرانبەردا حکوومەت کەوتە هەڕەشەکردن لێیان، بەڵام ڕاپەڕیوان گوێیان پێی نەدا. بۆیە حکوومەت لە ١١ی مایسدا باری نائاسایی ڕاگەیاند، دواتریش لە ڕێگای وشکانی و ئاوییەوە هێرشی کردە سەر ناوچەکە، ئەنجام دوای شەڕێکی گەرم شێخ خەوام دەستگیرکرا و شارۆچکەکە لەلایەن سوپاوە دەستی بەسەردا گیرایەوە.

**دووەم: ڕاپەڕینی سوق شیوخ**

تیرە و هۆزەکانی دەوروبەری شارۆچکەی سوق ئەلشیوخ واتێگەیشتن، ئەو جوڵانەوە جەماوەرییەی لە شارۆچکەی ڕومێسە ڕوویدا، بە هاندانی زانا ئایینییەکانی نەجەف بووە، بۆیە کۆمەڵێک لە عەشیرەتی (بەنی خیکان) هێرشیان کردە سەر شارۆچکەی عەکیکە و لە ڕۆژی ٩ی مایسی ١٩٣٥ داگیریان کرد، ئەنجام هەرچی نوسراو و دۆسییە و تۆمارکراوەکانی حکوومەت هەبوون هەموویان سووتاندن هێزەکانی حکوومەتیان ناچار بە خۆیان بەدەستەوە بدەن.

حکوومەت باری نائاسایی لە ناوچەکەدا ڕاگەیاند و هێزی سەربازی لە ڕێگای وشکانی و ئاوی و بە پاڵپشتی هێزی ئاسمانی ناردە ناوچەکە، لە ئاکامدا لە ٢ی حوزەیران شارۆچکەی سوق ئەلشیوخ کەوتەوە ژێر کونترۆڵی هێزەکانی میری و بەو هۆیەشەوە ژمارەیەکی زۆری چەکداری عەشائیری دەسگیرکران و بەرەو ڕووی دادگا کرانەوە.

شایەنی گوتنە، لە ئەنجامی دادگادا (٩) کەس فەرمانی لە سێدارەدران، (٥٤) کەسیش زیندانی هەتا هەتاییان بۆ دەرچوو، لە پاڵ ئەوانیشدا ژمارەکی دیکەیان بە ماوەی جیاواز زیندانی کران.

**سێیەم: ڕاپەڕینی ڕومێسە**

دوای ئەوەی بڕیاری جێبەجێکردنی یاسای سەربازی زۆرە ملێ دەرچوو و کەوتە بواری جێبەجێکردنەوە، ئۆپۆزسیۆنی سیاسیی هەوڵیدا سوود لەو بڕیارە وەربگرێت و بەمەبەشتی لەقکردنی حکوومەت هەستی عەشائیرەکانی بەلای خۆیدا ڕاکێشێت. جێگای ئاماژەیە بڕیارەکە دەرفەتێکی باش بوو بۆ نەیارانی حکوومەت، تا بکەوتە پڕوپاگەندە لە نێو عەشیرەت و دانیشتوانی گوندەکاندا.

عەشیرەتی زەوالم لە ناوچەی فوراتی ناوەڕاست یەکێک بوون لەو عەشیرەتانە دژی بڕیارەکە بوون و لە بەرانبەریدا نارەزایەتیان دەربڕی. ئەنجام وەک هەڵوێست نواندێک لە شەوی ٢١ی نیسانی ١٩٣٦دا، کاتێک شەمەندەفەری نێوان بەغدا و بەسرە بە نزیک شارۆچکەکەی ڕومێسەدا تێپەڕ دەبێت پەلاماری دەدەن و تەقەی لێ دەکەن، هاوکات لەگەڵ ئەوەدا پەلاماری ئۆتۆمۆبێلێک دەدەن سەرنشینەکانی ڕووت دەکەنەوە، کە لە شاری حیللە وە بەرەو بەسرا دەچوون[٦٩].

کاتێک ئەو هەواڵانە گەیشتنە حکوومەت، ترسی جووڵانەوەیەکی دیکە لە ناوچەکەدا پەیدا بوو، بۆیە فڕۆکەی جەنگی ڕەوانە کران و تەقە لە خەڵکی ناوچکە کرا. لە بەرانبەردا خەڵکی ناوچەکە تەقەیان لە فڕۆکەکان کرد و فڕۆکەیەکیان پێکا. ئەو ڕووداوە بووە هۆی ڕاگەیاندنی باری نائاسایی لە ناوچەکەدا.

٥ی مایسی ١٩٣٦ هێزێکی سەربازی ڕووی کردە ناوچەکە، ئەنجام شەڕ لەنێوان هێزەکانی میری و عەشائیری ناوچەکە دروستبوو، لە ئاکامدا هێزەکانی حکوومەت توانیان عەشائیرەکان تێک بشکێنن و یاخیبوونەکە کۆتایی پێ بێنن.

---

(٦٩) د. عەلی وەردی، چەردەیەکی کۆمەلایەتییانەی لە مێژووی نوێی عێراق، ل ٢٣٧.

### چوارەم: ڕاپەڕینی ئەگرەع

شەعلان عەتیە سەرۆکی تیرەی ئەلئەگرەع لە سنووری قەزای عەفەک لایەنگرانی حیزبی ئەخائی نیشتمانی بوو، کاری دەکرد بۆ ڕووخاندنی وەزارەتەکانی عەلی جەودەت ئەیوبی و جەمیل مەدفەعی. کاتێک حیزبی ئەخائی نیشتمانی گەیشتە دەسەڵات، لە ناو سەرکردەکانی ناکۆکی دروستبوو، بە تایبەتی لەنێوان حیکمەت سلێمان و یاسین هاشمیدا، لەبەر ئەوەی هەریەکەیان دەیویست ژمارەی زیاتری لایەنگرانی ببن بە وەزیر. لەو چوارچێوەیەدا شێخ شەعلان لە دژی یاسین هاشمی پشتیوانی حیکمەت سلێمانی دەکرد، بەو هۆیەوە بۆ پاڵپشتی جووڵانەوەکەی ڕومێسە خۆی و عەشیرەتەکەی ڕوویان کردە ناوچەکە، بەڵام هێزەکانی حکوومەت لە ٦ی حوزەیرانی ١٩٣٦ توانییان بڵاوەی پێ بکات و دەست بەسەر عەفەک دابگرێتەوە.

### باسی حەفتەم: کێشەی ئاشوورییەکان لە عێراق

ئاشوورییەکان بە هەردوو تائیفەی نەستوری و یەعقوبی لە ناوچەکانی باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا لە ویلایەتی وان، لە ناوچە گوندییەکانی باکووری کوردستان لەگەڵ کورددا دەژیان. لە سەروبەندی جەنگی یەکەمی جیهانی کەوتنە پاڵپشتیکردنی سوپای ڕووس دژی دەوڵەتی عوسمانی. کاتێک شۆڕشی ئۆکتۆبەری ١٩١٧ی لە ڕووسیا سەرکەوت و سوپای ڕووس لە ناوچەکەدا کشایەوە، ئاشوورییەکان لە ترسی هێرش و تۆڵە سەندنەوەی سوپای تورک ناوچەکانی خۆیان بەجێهێشت و ڕوویان کردە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە ناوچەی ورمێ گیرسانەوە.

شایەنی گوتنە بەپێی پاداشتەکانی سێر ئارنۆڵد وڵسۆن حاکمی گشتی بریتانیا لە عێراقدا، لیژنەی تایبەت بە کاروباری ڕۆژهەڵات هەوڵیداوە لایەنگری ئاشووری و ئەرمەنییەکان بۆ دژایەتی تورکەکان بەدەست بێنێن، بۆ ئەو مەبەستەش حکوومەتی بریتانیا چەند ئەفسەرێکی ڕەوانەی ناوچەی ورمێ کردووە، چەک و کەل و پەلە سەربازیی بۆ ڕەوانە کردوون. وەلێ

بەهـۆی فشـاری تورکەکـان و نـاکۆکی ئاشـوورییەکان لەگەڵ کوردەکـانی ناوچەی ورمێدا، ناچار بوون لە ڕێگای ئێرانەوە بێنە عێراق و لە ناوچەی بەعقوبە لە ئۆردوگایەک نیشتەجێ بن. بەپێی زانیاری نێو سەرچاوەکان ژمارەیان نزیکەی (٥٠) هەزار کەس بوونە.

نوێنەری باڵای بریتانیا لە عێراق لە مایسی ١٩٢٠دا بەیاننامەیەکی دەرکرد تێیدا جەختی لەسەر ئەوە کردبووەوە، کە حکوومەتی بریتانیا بە گرینگییەوە دەروانێتە کێشەی گەلی ئاشووری و پارێزگاریکردن لێیان، هەروەها تێیدا هاتبوو ئەو کار و ماندووبوونەی ئەوان پێشکەشی هاوپەیمانانیان کردووە لە کاتی جەنگ لە بەرچاوە و بەهەند وەردەگیرێن، بەهۆیەوە بریتانیا هەوڵدەدات نیشتمانێکی نەتەوەییان بۆ ئامادە بکات، تا ئەوەی هەموو ئاشوورییە پەرش و بڵاوەکانی تێیدا کۆبێتەوە.

دیارە نوێنەری باڵای بریتانیا دڵنیا بووە لەوەی چەند ناوچەیەک یاخود ڕووبەرێکی چۆڵ و بەتاڵ لە باشووری کوردستان لە نزیک دهۆک و ئامێدی و ناوچە شاخاوییە سنوورییەکاندا هەیە، بۆیە داوای لە حکوومەتی عێراق کرد، کە ئەو زەوییانەی دەکەونە باکوور لە ناوچەکانی: دهۆک، ئامێدی، مێرگە سور، زێبار، بدرێنە ئاشوورییەکان. لەو سۆنگەیەوە لە ٨ی ئازاری ١٩٢٧ ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق، بڕیاریدا بە نیشتەجێکردنی ئاشوورییەکان لەم ناوچانەی ئاماژەیان بۆکرا، لەگەڵ بەخشینیان لە وەرگرتنی باج لێیان، بە مەرجی ئەوەی نیشتەجێبوونیان لە ناوچەکە لەگەڵ بەرژەوەندی خەڵکی ناوچەکە دژ بە یەک نەبێت. هەر لەو چوارچێوەیەدا حکوومەتی عێراق مارشمعونی وەک سەرۆکی ئاشوورییەکان ناساند و بڕی سێ هەزار ڕوپییەی وەک مانگانە بۆ بڕییەوە.

لەم ماوەیەدا کە عێراق لە سەرەتای قۆناغی سەربەخۆییدا بوو، مارشەمعون بڕیاریدا ناوچەکەیەکی ئۆتۆنۆمی بۆ ئاشوورییەکان لە باشووری کوردستان دابمەزرێنێت، ناوبرا هەوڵیدا بۆ ئەو مەسەلەیە هاوکاری و پاڵپشتی بریتانیا بەدەست بێنێت تا ئەوەی داواکارییەکانیان لە ساڵی ١٩٣٢دا بخرێتە بەردەم کۆمەڵەی گەلان.

ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٣١-١٩٣٢) مارشمعون پێنج داواکاری پێشکەشی کۆمەڵەی گەلان کرد، لەوەشدا مەبەستیان بوو گوێ لە داوکارییەکانیان بگیرێت بەر لەوەی عێراق سەربەخۆ بێت. لەو چواچێوەیدا لە یاداشتی یەکەم و دووەمدا کە لە ٢٠ و ٢٣ی تشرینی یەکەمی ١٩٣١ پێشکەشی کۆمەڵەی گەلان کرابوون، داوای ئەوەیان کردبوو ئاشوورییەکان لەژێر دەستی دەوڵەتێکی ئەوروپی بەهێزدا لە ناوچەکەدا بمێنێتەوە، بۆ ئەوەش پێشنیاری سوریایان کردبوو، کە لەژێر ئینتدابی فەرەنسادا بوو. شایەنی گوتنە، لەو بارەیەوە نە بریتانیا و نە حکوومەتی عێراق دژی ئەو داوکارییەی ئاشوورییەکان نەبوون.

١٦ی حوزەیرانی ١٩٣٢ ئاشوورییەکان یاداشتی سێیەمیان پێشکەشی کۆمەڵەی گەلان کرد، ئەو یاداشتەدا لە ئەنجامی کۆبوونەوەی سەرکردەکانیان لە شارۆچکەی ئامێدی، داوای ئەوەیان کرد حکوومەتی عێراق و کۆمەڵەی گەلان دان بەوەدا بنێن، کە ئاشوورییەکان گەلێکن لە ناو گەلانی عێراق، هەروەها داوای ئەوەیان کردبوو سنووری نێوان عێراق و تورکیا دەستکاری بکرێت بەجۆرێک ناوچەکانی هەکاری و ئامێدی و هەندێک ناوچەی دەوروبەری زاخۆ و دهۆک بخرێنە ناو ناوچەی ئۆتۆنۆمی ئاشوورییەکان، جگە لەوانەش داوایان کردبوو مارشمعون وەک سەرکردەی ئاینی و دونیایی ئاشوورییەکان بناسێنرێت و وەک نوێنەری ئاشوورییەکان لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق دەست نیشان بکرێت.

لە ڕاستیدا، حکوومەتی عێراق داواکارییەکەی قبوڵ نەکردن، لەبەر ئەوەی مەترسی ئەوی هەبوو کۆمەڵ و نەتەوە و ئاینزاکانی دیکە وەک کورد و شیعە هەمان داوکاری پێشکەش بکەن. لەو میانەدا نووری سەعید بەڵگەی ئەوەی دەهێنایەوە، کە ئاشوورییەکان تەنیا چواریەکی کریستانەکانی مووسڵ پێکدەهێنن، بۆیە مافی ئەوەیان نییە ئەندامیان لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقدا هەبێت، ئەوە لە لایەک، لە لایەکی دیکەشەوە دەوڵەتی تورکیا ڕازی نەبوون دەستکاری هێڵی سنوورەکان بکرێن و ئاشوورییە پەناهەندەکان بگەڕێنەوە.

ئاشـــوورییەکان لە ٢١ی ئەیلـــوولی ١٩٣٢ داواکـــارییەکی دیکەیـــان پێشکەشـــی کـــۆمەڵەی گەلان کـــرد، لە داواکـــارییەکە (٥٨) کەســـایەتی بە نـــوێنەرایەتی (٢٣٩٥) خێـــزان واژۆیـــان کردبـــوو. لە نـــاو داوکارییەکەیانـــدا دژایەتیان بۆ داواکارییەکانی مارشمعون پێشاندا بوو، هەروەها ئاماژەیان بۆ ئەوە کردبوو، کە مارشـمعون نـوێنەری ئەوان نییە، جگە لەوەش سـەرباری جیاوازییەکانیـان سوپاسگوزاری خۆیـان بۆ حکوومەتی عێراق ڕاگەیاندبوو. ئەوە لە کاتێکدا بوو کە مارشمعون لە یاداشتێکی دیکەدا داکۆکی لەسەر مـافی ئاشـوورییەکانی کـرد بـوو و داوای گەڕانەوەی نـاوچەی هەکـاری کـرد بـوو بۆسەر عێراق تا ئەوەی ئاشوورییەکان تێیدا نیشتەجێ بن[٧٠].

هەموو لایەنگرانی مارشەمعون ئەوانی لە هێزەکانی لیڤی بە سـەرباز و ئەفسـەر دامەزرابوون و لەژێر فەرماندەی سوپای بریتانیـادا بـوون، بڕیاریانـدا وازبهێنن وەک میلیشیای چەکدار ڕووبکەنە نـاوچەی ئامێدی، تـا ئەوەی ئەو پـــلانەی مارشـــەمعون کێشـــابووی لە نیشـــتەجێکردنی ئاشـــوورییەکان لە ناوچەکانی نێوان دهۆک و ئامێدیدا جێبەجێ بکەن. نوێنەری بـاڵای بریتانیـا لە عێراق لەگەڵ ئەنـدامانی ئەو هێـزە کۆبـۆنەوە و هەوڵیـدا پەشـیمانیان بکـاتەوە لەو بڕیارە، بەڵام لە هەوڵەکەیـدا سـەرکەوتوو نەبوو، لەبەر ئەوەی لە وەڵامـدا پێیان وت ئەوان لە بڕیاری مارشەمعون دەرناچن.

بەهاری ساڵی ١٩٣٣ یاقۆ مالیک یەک لەو ئەفسـەرانەی لیوای لیڤی، کە وازهێنانی خۆی ڕاگەیاند بوو لەگەڵ نزیکەی (٢٠٠) کەسـدا، کەوتە هەڵمەتێکی پڕوپاگەندەی فرەوان بۆ بانگەوازەکەی مارشەمعون، تا ئەوەی ئاشوورییەکان ڕازی بکەن بە پیل بانگەوازەکەی مارشەمعونەوە بێن. یاقۆ ئامـاژەی بـۆ ئەوە دەکرد حکوومەتی عێراق ڕاستگۆ نییە لەگەڵ ئاشـوورییەکاندا لەوەی شـوێنی نیشتەجێ بوونیان بۆ دابین دەکات و ڕەگەزنامەیـان پـێ دەدات. لە بەرانـبەردا حکـوومەتی عێراقـی ئەو هەنگـاوەی ئاشـوورییەکانی بەکـارێکی مەترسـیدار لێکدایەوە و پێی وابوو شـەڕ و پێکدانانی لەگەڵ کوردەکان لـێ دەکەوێتەوە،

---

(٧٠) لونگریـک، العـراق الحـدیث مـن سـنة ١٩٠٠ الـی سـنة ١٩٥٠ ...، ص ٣٦٢؛ عبـدالرحمن البزاز، العراق من احتلال حتی الاستقلال، ص ٢٢٦.

بەو هۆیەوە هەڵسا بە ناردنی سوپا بۆ ناوچەی دهۆک تا ئەوەی فشاربخاتە سەر یاقۆ و ڕووبەڕووی هەنگاوەکانی بێتەوە.

دوای ئەو ڕووداوانە هەر یەک لە: همغری نوێنەری بریتانیا لە عێراق، جەعفەری عەسکەری جێگیری سەرۆک وەزیران، ناجی شەوکەت وەزیری ناوخۆ کۆبوونەوە، لە کۆبوونەوەکەدا هەڵسەنگاندن بۆ هەنگاوەکانی مارشەمعون کران، بە مەترسی لەسەر بارودۆخی گشتی لێکدرایەوە. بۆیە چەند ڕێنماییەکیان بۆ هەردوو موتەسەڕیفی لیوای مووسڵ و لیوای هەولێر دەرکرد، تا ئەوەی ئاگاداری هەڕەشەکانی یاقۆ مالیک بن و بنکەکانی پۆلیسی ناوچەکانیان ڕێکبخەنەوە و ئاشوورییەکانی لێ دوور بخەنەوە. ئەوە لە لایەک، لە لایەکی دیکەوە داوایان لە بەرپرسەکانی ناو سوپا کرد هەڵسن بە تۆمارکردن و کۆکردنەوەی ئەو تفەنگ و چەکانەی بەدەستی سەربازە لیڤییە ئاشوورییەکانەوەن، لەگەڵ ئەوەشدا بێ مۆڵەتی فەرمی ڕێگایان پێنەدرێت یەکە سەربازییەکانی خۆیان جێ بهێڵن. پاشان داوا لە مارشەمعون کرا، کە لە بەغدا ئامادەبێت بۆ ئەوەی چاوی بە حیکمەت سلێمان سەرۆکی حکوومەت بکەوێت، ئەنجام کاتێک مارشەمعون گەیشتە بەغدا ژمارەیەک داواکاری خرایە بەردەمی و ئەویش پێی ڕازی نەبوو، ئیدی دەستگیرکرا و بۆ دوورگەی قوبرس دووخرایەوە.

لەگەڵ ئەوەی حکوومەتی عێراق هەوڵی ئەوەیدا ئاشوورییەکان بەپێدانی ڕەگەزنامە و نیشتەجێبوونیان لە ناوچەکانی شێخان و نزیک زاخۆدا ڕازی بکات. کەچی یاقۆ مەلیک لە ٢١ی تەمووزی ١٩٣٣ بڕیایدا لەگەڵ ژمارەیەک لە پیاوانی بەرەو سوریا بچن، بە هیوای ئەوەی فەرەنسییەکان ڕازی بکەن، ناوچەیەکی ئۆتۆنۆمییان بۆ دیاری بکەن تا ئەوەی تێیدا نیشتەجێ بن. وەلێ فەرەنسییەکان بە داواکارییەکەی ڕازی نەبوون. بۆیە یاقۆ بڕیاریدا بگەڕێنەوە بۆ عێراق. فەرەنسییەکان لە ڕێگای خۆیانەوە ئاگاداری حکوومەتی عێراقیان کردەوە کە نزیکەی (٨٠٠) چەکداری ئاشوورییەکان لە دەروازەی (دێربوون)ەوە بەرەو عێراق دەگەڕێنەوە. ئەنجام لە دەمی گەڕانەوەی یاقۆ و ئەوانەی لەگەڵیدا بوون، شەڕ و پێکدان لەگەڵ هێزەکانی عێراقی لێکەوتەوە. سەرەتا سوپای عێراقی کشانەوەی بارەگاکانیان لە نزیک

گوندی (دێربون) دەستی پێ کر، لە بەرانبەردا ئاشوورییەکان بەردەوامبوون لە هێرشکردن، بەڵام کاتێک هێزی ئاسمانی عێراق بەشداریکرد لە شەڕەکەدا ئاشوورییەکان ناچار بوون بەرەو خاکی سوریا بکشێنەوە[٧١].

سەرچاوەکان لەو شەڕەدا زیانی سوپای عێراقی بە نزیکەی (٣٣) کوژراو و ژمارەیەکی بەرچاو لە بریندار دەخەملێنن. لە بەرانبەرشیدا زیانەکانی ئاشوورییەکان کەمتر دێتە هەژمارکردن.

ئەگەرچی شەڕ و پێکدادان لە ٥ی ئابدا بە تەواوی وەستا، بەڵام ڕۆژنامە عێراقییەکان بەشێوەیەکی زۆر زیادەڕۆ هەواڵەکانیان بڵاودەکردەوە و ئاماژەیان بۆ ئەوە دەکرد ئاشوورییەکان بە پاڵپشتی بریتانیا شۆڕشی چەکدارییان ڕاگەیاندووە و مەبەستیان دابەشکردنی عێراق و گێڕانەوەی دەسەڵاتی بریتانیایە. لەو بارەوە هەندێک لایەنی ناو حکوومەتی عێراقی بۆ پەردەپۆشکردنی ڕووداوەکانی ناوچەی فوراتی ناوەڕاست لە پشتی ئەو پڕوپاگەندانە بوون.

لەمەوبەر ئاماژەمان بۆ ئەوە کرد، ئاشوورییەکان دوای پێکدادانەکانی (دێربون) کشانەوە بەرەو سوریا، ئەوەش لە کاتێکدا بوو کە ژمارەیەک لە وانەی خێزانەکانیان لە عێراق بوون مانەوە، ئەنجام ژمارەیەکیان لەلایەن هێزەکان عێراق دەستگیرکران و ژمارەیەکیان کوژارن.

لە میانەی ئەو ڕۆژانەدا بە بڕیاری بەکر سدقی فەرماندەی سەربازی هێزەکان دەستیان کرد بە گەڕان و پشکنین لە شاخەکانی بێخێر و ئەوانەیان دەستگیرکرد، کە خۆیان حەشاردابوو، ئەنجام سەرباری ڕێگریکردنی وەزیری بەرگری عێراق جەلال بابان بە بڕیارێک، کە لە ٧ی ئابی ١٩٣٣ دەرچوو دەستگیرکراوەکان کوژران. لە ئاکامدا دیاردەی ڕووداوەکانی کوشتن و گرتن دوور لە یاسا و لێکۆڵینەوەی پەرەیان سەند و گەیشتە ڕادەی ئەوەی ماڵ و گوندی ئاشوورییەکان بەر شاڵاوی تاڵانکردن و سوتاندن بکەون. لەو

(٧١) د. عصام عزيز شريف، مذكرات عزيز شريف، ص١٥٤؛ اديب وفي و ايني بيزو، العراق دراسة في علاقاته الخارجية و تطوراته الداخلية (١٩١٥-١٩٧٥)، الجزء الاول، الطبعة الاولى، (بيروت، ١٩٨٩)، ص ١٦٤.

کردەوانەشدا عەشیرەتە کورد و عەرەبەکانی ناوچەکە کەوتنە ژێر کاریگەری پڕوپاگەندەکان و بەشدارییان کرد. لە بەرانبەردا ئاشوورییەکان ناچار بوون بۆ خۆ ڕزگاربوونیان ڕوو بکەن ناوچەکانی دهۆک و سمێل.

شایەنی گوتنە، خراپترین ڕوودا لە ٨ی ئابی ١٩٣٣ لە سمێل ڕوویدا، لەبەر ئەوەی هێزەکانی عێراق ڕوویان کردە ناوچەکە و داوایان کرد ئاشوورییە هەڵاتووەکان خۆیان بدەن بە دەستەوە، ئەنجام دوای خۆ بەدەستدانەوەی ئاشوورییەکان ژن و منداڵەکان لە پیاوەکان جیاکرانەوە و هەر لەوێدا پیاوەکان بە کۆمەڵ گولەباران کران. لێرەدا جێی خۆیەتی ئاماژە بۆ ئەوە بکرێت، کە ئەگەر هەوڵەکانی پیاوانی ئاینی مەسیحی لە بەغدا بە گشتی و هەوڵی پەتریاتیک عەمانویلی سێیەم نەبوایە، دوور نەبوو هەمان ڕووداو لە شارۆچکەی ئەلقوش دووبارە بێتەوە.

سەرچاوەکان لە بارەی ژمارەی کوژراوەکان داتایەکی دروست نادەن بەدەستەوە، بە جۆرێک سەرچاوەکانی حکوومەت ئاماژە بۆ چەند سەد کەسێک دەکەن و پێیان وایە، لە هەموو بارێکدا (٥٠٠) کەس تێپەر ناکات. ئەوە لە کاتێکدایە سەرچاوە ئاشوورییەکان زیانەکان بە کوشتنی چەند هەزار کەسێک و سووتاندنی دەیان گوند و هەزاران ماڵ و تاڵانکردنێکی بەرچاو دەخەملێنن.

لێرەدا دەتوانرێت بوترێت ئەوەی ساڵی ١٩٣٣ بەرانبەر بە ئاشوورییەکان کرا، هاوشێوەی ئەو ڕووداوە بوو، کە لە ئەنفالەکانی ساڵی ١٩٨٨دا بەرانبەر بە گەلی کورد کرا[٧٢].

**باسی هەشتەم: کودەتا سەربازییەکەی بەکر سدقی**

مایسی ١٩٣٥ یاسین هاشمی دووەم کابینە وزاری خۆی پێکهێنا، بەڵام کابینەکەی هەر لەسەرەتاوە ڕووبەڕووی چەندین کێشە و گرفت هاتەوە. لە وانە:

---

(٧٢) عوديشو ملكو كوركيس اشيثا، نكبة سميل ١٩٣٣ اسبابها و تأثيراتها المحلية والدولية، اطروحة دكتورا غير منشورة، (جامعة سانت كليمنتس العالمية للتعليم المفتوح، ٢٠١٢)، ص ١٦٥ ومابعدها.

١. کەرتبوونی حیزبەکەی، حیزبی ئەخائی نیشتمانی دوای جیابوونەوەی حیکمەت سلێمان تێیدا.

٢. ڕووبەڕووبوونەوەی ناڕەزایی و دژایەتی سیاسیی لەلایەن دانیشتوانی شارەکان لە ناوەڕاست و باشووری عێراق بە بەغدای پایتەختیشەوە.

٣. گـرژی و ئـاڵۆزی و یـاخیبوونی عەشـیرەت و هۆزەکـانی فـوراتی ناوەڕاست.

٤. درێـژە پێدان بە بـاری نائاسـایی و شـەڕ و ئاڵۆزییەکانی ناوەڕاسـتی عێـراق و سـەرکوتکردنی ئاشـووریەکان لە کوردسـتان، کە دواجـار سەری کێشا بۆ ناڕەزایەتی ژمارەیەک ئەفسەری سوپا.

وەلێ ئەنجامی ئەو بارودۆخەی ئاماژەمان بۆ کردن، بوونە هاندەر بۆ ژمارەیەک ئەفسەری پلە باڵا بیر لە کودەتایەکی سەربازی بکەنەوە و هەوڵی گۆڕینی حکوومەت بدەن. هەموو ئەوانەش لە کاتێکدا بوو، کە فەریق ڕوکن بەکر سدقی فەرماندەی فیرقەی دووی سوپای عێراق، پەیوەندییەکانی لەگەڵ بەرەی ئۆپۆزیسیون بە تایبەتی لەگەڵ حیکمەت سلێمان لە باشیدا بوو.

وەک ئامـاژەی بـۆ دەکرێـت بەکـر سـدقی و حـیکمەت سـلێمان لە دیدارەکانیاندا باسیان لە وەزارەتەکەی یاسین هاشمی کردووە، پێیان وابووە پشتگیرییەکی جەماوەری لە دەستداوە. لێرەدا لەبەر ئەوەی یاسین هاشمی ئامادە نەبوو دەستبەرداری وەزارەتەکەی بێت، لە بەرانبەردا بەکر سدقی و حیکەت سلێمان کەوتوونەتە بیرکردنەوە لە ئەنجامدانی کودەتایەکی سەربازی بەسەریدا.

ئەگەرچی حیکمەت سلێمان لە چەند لێدوانێکی ڕۆژنامەوانیدا، جەختی لەسـەر ئەوە کـردۆتەوە، نـاوبراو پـلانە سـەربازییەکەی بـۆ ڕووخانـدنی وەزارەتەکەی یاسین هاشمی داڕشتووە، بەڵام هەندێک لە سەرچاوەکان بە گومـانەوە سـەیری ئەو بۆچـوونە دەکەن، لەبەر ئەوەی نـاوبراو کەسـێکی سەربازی نەبووە.

شـایەنی گـوتنە، وەک بـاس دەکرێـت سـێ ڕۆژ بەر لە ئەنجامـدانی کودەتاکە حیکمەت سلێمان لەگەڵ کۆمەڵەی ئەهالی لە ماڵی کامل چادرچی

کۆبوونەتەوە و باس لە ئەنجامدانی کودەتای سەربازی بەسەرپەرشتی بەکر سدقی کراوە، بەو هۆیەوە وا گومان دەبردێت کە یەکەم بەیاننامەی کودەتاکە لە نووسینی کۆمەڵەی ئەهالی بێت.

بەکر سدقی دوای ئەوەی ڕۆڵی بینی لە کۆتایی پێ هێنانی یاخیبوونی ئاشوورییەکان ساڵی ١٩٣٣ و دامرکاندنەوەی یاخیبوونە چەکدارییەکانی عەشائیرییەکان لە ناوچەکانی فوراتی ناوەڕاستدا (١٩٣٠ – ١٩٣٥)، وەک کەسایەتییەکی سەربازی لە گۆڕەپانی عێراقدا دەرکەوت و بەهۆیەوە کەسایەتییە سیاسییەکان هەوڵی نزیکبوونەوەیاندا و بەیەکەوە گروپێکیان لە دژی حکوومەتەکەی یاسین هاشمی پێکهێنا.

بەکر سدقی بەشێوەیەک دەستی بە جوڵە کرد، توانی چەند سەرکردەیەکی سەربازی لەناو سوپا ڕازی بکات، لە وانە: فەریق عەبدوللەتیف نووری فەرماندەی فیرقەی یەکەم و عەقید محەمەد عەلی جەواد فەرماندەی هێزی ئاسمانی، ئەنجام لەبەر ئەوەی کارەکانیان بە نهێنی بەڕێوە دەبرد، دەزگای هەواڵگری سەربازی عێراقی شتێکی لە بارەیەوە نەزانی، تا ئەوەی کودەتاکە ئەنجامدرا[٧٣].

وەک نەریتێک وابوو، هەموو ساڵێک سوپای عێراق بە بەشداری چەند یەکەیەکی سەربازی لە ناوچەکەیەدا ڕاهێنانی سەربازی ئەنجام دەدا. لەو ساڵەدا بڕیار وابوو لە مانگی تشرینی دووەمی ١٩٣٦دا هەردوو فیرقەی یەک و دووی سوپای عێراق لە ناوچەی جەبەل حەمرین لە لیوای دیالە ڕاهێنان ئەنجام بدەن، ڕەنگرێژەرانی کودەتاکە بەباشیان زانی سوود لەو هەلە وەربگرن، لەبەر ئەوەی تەها هاشمی برای یاسین هاشمی، کە ئەو دەمە سەرۆکی ئەرکانی سوپا بوو بە کارێکی فەرمی لە دەرەوەی وڵات بوو، لە جێگای ئەوەدا فەریق عەبدوللەتیف نووری دانرا بوو، کە نەیارێکی سەر

(٧٣) د. عكاب يوسف الركابي، صفحات مطوية من احداث اول انقلاب عسكري في تاريخ العراق دور حكمت سليمان في تطورات يوم الانقلاب، ذاكرة عراقية، ملحق جريدة المدى، العدد (٣٨١٥)، ( بغداد، ٢٠١٧/١/٢)، ص ١٢-١٣.

سەختی سەرۆک وەزیران بوو. ئەوە لە لایەک، لە لایەکی دیکەشەوە بەکر سدقی فەرماندەی فیرقەی دوو بوو لە ڕاهێنانەکە ئامادەبوو.

بەپێی بەرنامەی ڕاهێنانە سەربازییەکە دەبوایە شەڕی ٢٥/ ٢٦ی تشرینی یەکەم یەکە سەربازییەکانی فیرقەی دوو لە قەرەتەپەوە بۆ قەرەغان بگوازرێنەوە، بەڵام ئەو بڕیارە گۆڕان بەسەر کاتەکەی داهات، وابوو پێشیان خست بۆ کۆتایی مانگی تەمووز. ئەنجام یەکە سەربازییەکانی فیرقەی دوو ڕوویان لە شاری بەعقوبە کرد، کە سنووری یەکە سەربازییەکانی فیرقەی یەک بوو، بەو هۆیەوە دەستیان گرت بەسەر هەندێک ناوچەی ستراتیژی و چەند دامەزراوەیەکی هەستیاری وەک: پۆست و گەیاندن، پاشان لە کۆتایی مانگی تشرینی یەکەم بەرەو شاری بەغدا پێشڕەویان کرد.

کاتژمێر (٨،٥) سەر لە بەیانی ٢٩ی تشرینی یەکەمی ١٩٣٦ لە ئاسمانی شاری بەغدا چەند فڕۆکەیەکی شەڕکەر بە فەرماندەی عەقید محەمەد عەلی جەواد بەدیارکەوتن، فڕۆکەکان بەلێشاو بڵاوکراوەیان بەسەر شاردا باراند. بڵاوکراوەکان یەکەم بەیاننامەی کودەتاکەی لەسەر نووسراو بوو. هاوکات لەگەڵ ئەوەدا حیکمەت سلێمان، لە ماڵەکەی خۆی لە شاری بەغدا بە ئۆتۆمبێل ڕووی کردە کۆشکی زهور و لەلایەن ڕۆستەم حەیدەر سەرۆکی دیوان-پێشوازی لێکرا. حیکمەت نامەیەکی بەناوی هەردوو فەرماندەی سوپا بەکر سدقی و عەبدوللەتیف نووری گەیاندە کۆشک، کە تێیدا ماوەی (٣) کاتژمێر مۆڵەتیاندا بوو بۆ هەڵوەشاندنەوەی وەزارەتەکەی یاسین هاشمی[٧٤].

جەعفەر عەسکەری وەزیری بەرگری وەک هەوڵێک بۆ ڕێگرتن لە ئەنجامدانی کودەتاکە، گەیشتە کۆشکی زهور، لەوێدا لەگەڵ مەلیک غازی کۆبووەوە، نامەیەکی لێوەرگرت بۆ بەکر سدقی، جەعفەر عەسکەری لەگەڵ مولازم تاهیر محەمەد زوبەیدی، کە یەکێک بوو لە پاسەوانەکانی پاشا بە مەبەستی چوونە لای بەکر سدقی کەوتە ڕێ بۆ دەرەوەی بەغدا. ئەنجام

(٧٤) عبدالرحمان البزاز، العراق من الاحتلال حتى الاستقلال، ٢٤٩؛ محەمەد ئیسماعیل محەمەد، ئینقلابی بەکر صدقی، ل١٦٠ – ١٦١.

کاتێک دەگاتە کاروانی هێزەکانی بەکر سدقی لەنێوان بەغدا و بەعقوبەدا، لە وێدا ڕادەگیرێت و بە ئۆتۆمۆبێلێکی سەربازی دیکە دەگوازرێنەوە، دوای ماوەیەک ڕۆشتن ئۆتۆمۆبێلەکە دەوەستێت و پێی ڕادەگەیەنن لە ئێستاکە بەکرسدقی خۆی بەرەو ئێرە دێت، لەو دەمەدا دوو ئۆتۆمۆبێلی سەربازی دەگەنە شوێنەکە و چوار ئەفسەر تێیدا دادەبەزن و ڕووەو جەعفەر عەسکەری هەنگاوی دەنێنن و بە دەمانچەکانیان تەقەی لێدەکەن و هەر لە وێدا دەیکوژن[٧٥].

دوای ئەوەی هێزەکانی فیرقەی دوو بە سەرکردایەتی بەکر سدقی ڕوو دەکەنە شاری بەغدا، دەرووبەری سەعاتی چواری ئێوارە دەگەنە قەراغی شار و دواتر ناو شار. ئەنجام پاشا ناچار بوو بڕیار لە هەڵوەشاندنەوەی کابینەی وزاری یاسین هاشمی بدات و حیکمەت سلێمان بە دامەزراندنی کابینەی نوێ ڕابسپێرێت.

حیکمەت سلێمان لە کاتژمێر شەشی ئێوارەی ٢٩ی تشرینی یەکەمی ١٩٣٦ ناوی ئەندامانی کابینەکەی پێشکەشکرد، کە پێکهاتبوون لە:

- حیکمەت سلێمان، سەرۆک وەزیران، وەزیری ناوخۆ.
- جەعفەر ئەبوتمەن – وەزیری دارایی.
- ساڵح جەبر-وەزیری داد.
- ناجی ئەسیل-وەزیری دەرەوە.
- کامل چادرچی-وەزیری ئابووری و گەیاندن.
- یوسف عیزەدین ئیبراهیم-وەزیری مەعاریف.
- عەبدوللەتیف نووری-وەزیری بەرگری.

دوای ئەوەی بڕیار لە خانەنشینبوونی تەها هاشمی درا، بەکر سدقی وەک سەرۆکی ئەرکانی سوپا دەستنیشانکرا. ئیدی لە ئەنجامی هاتنە پێشەوە ئەو بارودۆخە هەر یەکە لە: یاسین هاشمی، نووری سەعید و ڕەشید عالی گەیلانی بە هاوکاری بالیۆزخانەی بریتانیا چوونە دەرەوەی عێراق.

---

(٧٥) عبدالرحمان البزاز، العراق من الاحتلال حتى الاستقلال، ٢٥٠.

دوای سەرکەوتنی کودەتاکە، خۆپیشاندان شەقامەکانی شاری بەغدا گرتەوە، هەریەک لە: محەمەد ساڵح قەزاز(٧٦) و محەمەد مەهدی جەواهیری سەرکردایەتیان دەکرد، گرینگترین داواکاری خۆپیشاندەران بریتی بوو لە: دەرکردنی لێبوردنی گشتی بۆ زیندانە سیاسییەکان، ڕێگادان بە کاری حیزبی و ئازادی ڕۆژنامەوانی.

لەو قۆناغەدا بەکر سدقی وەک دەسەڵاتداری یەکەمی دەوڵەت دەرکەوت، پادشا و بەرپرسان بە گشتی گوێڕایەڵی بوون، ئیدی هەر ئەوەش زەمینەساز بوو لە بەردەم دەرچوونی ژمارەیەکی بەرچاو لە لایەنگرەکانی لە هەڵبژاردنی ٢٠ی شوباتی ١٩٣٧ی ئەنجوومەنی نوێنەراندا.

شایەنی باسە، پەیوەندییەکانی نێوان عێراق و بریتانیا لەو قۆناغەدا بەشێوەیەکی ئاسایی وەک خۆی مایەوە، هیچ کارێک دژی بریتانییەکان ڕووی نەدا، بەڵکو کودەتاچییەکان لە هەوڵی پارێزگاریکردنی پەیوەندییەکاندا بوون، لەوەشدا مەبەستیان بوو بریتانیا دژایەتیان نەکات.

لە دوای ڕوودانی کودەتاکە بەرپرسانی بریتانی لە بەغدا و ژمارەیەک سیاسەتمەنداری عێراق بە وردی کەوتنە چاودێرکردنی کاروباری عێراق. ئەنجام بۆ حکوومەتی بریتانیا دەرکەوت بەکر سدقی جێگای گومانە و نابێت متمانەی پێی بکرێت، لەبەر ئەوەی ژنێکی ئەڵمانی خواستووە، هەروەها دەنگۆی ئەوەش هەبوو نیازی داگیرکردنی کوەیتی هەیە. ئەوە هەمووی لە کاتێکدا بوو، کە گروپێک لە ناوخۆی وڵاتیش هەبوون وەک نووری سەعید، فەهمی سەعید، سەلاحەددین سەباغ و ڕەشید عالی گەیلانی دژایەتی ناوبراویان دەکرد.

سەرچاوەکان لە بارەی هەوڵی لە ناوبردنی بەکر سدقی باسی چەند پلان و بەرنامەیەکی جیاواز دەکەن، بەڵام دواجار بەم شێوەیە سەریگرت، کە لە خوارەوە ئاماژەی بۆ دەکەین.

بەکر سدقی و محەمەد عەلی جەواد بە مەبەستی ئەنجامدانی سەردانێکی فەرمی بۆ تورکیا لە ١١ی ئابی ١٩٣٧ دەگەنە فڕۆکەخانەی

---

(٧٦) سەرۆکی کۆمەڵەی کرێکارانی پیشەیی بوو.

مووسڵ، کاتێک لە باخچەی فرۆکەخانە پشوو دەدەن، سەربازێک بەناوی محەمەد عەبدوللا تەلەعفەری بە پلەی سەربازی عەریف بە بیانووی خزمەت هاتووچۆیان دەکات. ناوبراو دەمانچەیەکی بە شاردراوەیی پێ دەبێت، کاتێک لێیان نزیک دەبێتەوە تەقە لە بەکر سدقی دەکات، بەو هۆیەوە محەمەد علی جەوادیش پەلاماری دەدات، ئەنجام تەقە لەویش دەکات و هەردووکیان دەکوژێت.

کاتێک محەمەد عەبدوللا تەلەعفەری دەستگیر دەکرێت و لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا دەکرێت، ناوبراو ئاشکرای دەکات کە ئەفسەرێک بە ناوی مەحموود هیندی ڕایسپاردووە ئەو کارە ئەنجام بدات، وەلێ کە بە دوای ئەفسەرەکەدا دەگەڕێن بزر دەبێت و کەس نایدۆزێتەوە.

حکوومەت داوا دەکات تاوانباران بە مەبەستی لێکۆڵینەوە لێیان ڕەوانەی بەغدا بکرێن، بەڵام محەمەد عومەری فەرماندەی سەربازی مووسڵ لەژێر هەڕەشەی ئەفسەرانی هێزەکەی ناو مووسڵ، ناتوانێت ئەو بڕیارە جێبەجێ بکات. ئەنجام بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکە بیر لە ناردنی هێز کرایەوە، بەڵام ترس لە دابەشبوونی سوپا و سەرهەڵدانی شەڕ و پێکدادان کرا بۆیە حکوومەت لە لە ناردنی هێز پەشیمان بوویەوە.

لە ڕاستیدا کوشتنی بەکر سدقی بووە هۆکاری ئەوەی حکوومەتەکەی حیکمەت سلێمان پاڵپشتی سەربازی لە دەست بدات، بۆیە بە ناچاری هەڵوەشایەوە و لە شوێنی ئەو دا جەمیل مەدفەعی کابینەی نوێ وزاری پێکهێنا(٧٧).

**باسی نۆیەم: مردنی مەلیک غازی پاشای دووەمی عێراق**

ساڵی ١٩٣٣ غازی لە تەمەنی بیست و سێ ساڵیدا شوێنی فەیسەڵی یەکەمی باوکی گرتەوە بوو بە پاشای عێراق.

(٧٧) د. وئام شاكر غني، موقف الملك غازي من سياسة بريطانية اتجاه العراق (١٩٣٣ – ١٩٣٩)، مجلة التربية للبنات، المجلد (٢٦)، العدد (١)، (جامعة بغداد، ٢٠١٥)، ص٢٢١.

له ڕاستیدا، وەرگرتنی ئەرکێکی گەورەی لەم شێوەیە پێویستی بە شارەزایی و ئەزموونی سیاسی زۆر هەبوو، هەر لەبەر ئەوەی بوو غازی بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەلێنە ژمارەیەک ڕاوێژکاری سیاسی و سەربازی بۆ خۆی دانا.

غازی لە تەمەنی لاوێتی پێش جێبەجێکردنی بەندەکانی ڕێککەوتنی سایکس-بیکۆ بەسەر هات و ئەزموونەکانی باوکی و بنەماڵەکەی لە جەنگی یەکەمی جیهانی و هەوڵەکانیان بۆ ڕزگارکردن و یەکگرتنی ویلایەتە عەرەبییەکانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانییەکان، کاریگەری بەسەر تێگەیشتن و ئەزمونەکانی دروستکرد بوو.

مەلیک غازی زیاتر وەک کەسێکی خاوەن بیروباوەڕی نەتەوەیی لە ناو عێراقدا کەوتە بەرهەڵستی دەستێوەردانی بریتانیانییەکان، ئەوەش وایکرد بەر لە هەڵگیرسانی جەنگی دووەمی جیهانی بیروڕاکانی لە ئەڵمانەکان نزیک بێتەوە.

سەردەمی فەرمانڕەوایەتی مەلیک غازی دوو ڕەوتی سیاسی لەنێوان سیاسەتمەدار و هێزە نیشتمانییەکان دروست ببوون. ڕەوتێک لەگەڵ سیاسەتەکەی بریتانیا بوون، ڕەوتێکی دیکە دژی ئیستعمار بوون، لەگەڵ ڕزگاربوونی یەکجارەکی بوون.

وەک ئاماژەی بۆ دەکرێت مەلیک غازی دژایەتی بۆ کودەتا سەربازییەکەی بەکر سدقی نەبوو، بەڵکو ئەو ئەفسەرانەشی لەگەڵ ئەو ڕێبازە بوون لە خۆی نزیک کردنەوە. لە وانە ڕەشید عالی گەیلانی، کە خاوەن بیروباوەڕێکی عەرەبچێتی بوو کردی بە سەرۆکی دیوانی کۆشکی پاشا.

غازی باوەڕی بە یەکێتی عەرەب هەبووە، بیری لە گێڕانەوەی کوەیت بۆ سەر عێراق دەکردەوە. لەناو کۆشکی پاشایەتی ئێزگەیەکی دامەزراند بوو، بەرنامەی تایبەتی پەخش دەکرد، پشتگیری کێشەی عەرەبی فەڵەستینی دەکرد.

له ٢٥ی كانوونی یەكەمی ١٩٣٨ نووری سەعید سێیەم وەزارەتی پێكهێنا، لەو هەلومەرجەدا حیكمەت سلێمان پێشتر لەسەردەمی كودەتای بەكر سدقی سەرۆك وەزیران بوو، بەڵام ناچار كرا بوو دەست لە كار بكێشێتەوە، بەو هۆیەوە نیازی ئەوەی هەبوو عێراق بەجێ بهێڵێت و بەرەو دەرەوە بڕوات. كاتێك نووری سەعید بەو كارەی زانی، پەیوەندی پێوە كرد و دڵنیای كردەوە، هیچ شتێك بەرانبەری ڕوونادات، بۆیە حیكەت سلێمان لە ڕۆشتنەكەی پەشیمان بووەوە.

له ٦ی مارتی ١٩٣٩ حكوومەت بەیاننامەیەكی بڵاوكردەوە تێیدا هاتبووە: لەسەردەمی وەزارەتی جەمیل مەدفەعی پیلانێكی شاروە هەبووە ئامانجی ئەو پیلانە گۆڕینی حكوومەت و كوشتنی نزیكەی (٤٠-٥٠) ئەفسەر و بەرپرسانی ناو دەسەڵات بووە، جگە لەوەش مەبەستی كوشتنی مەلیك غازی و دانانی عەبدولئیلا[٧٨] بووە لە شوێنەكەی.

شێوەی جێبەجێكردنی پیلانەكە، بریتی بووە لە بانگكردنی نزیكەی (٢٥٠) كەسایەتی دەوڵەت بۆ نان خواردن لە كۆشكی عەبدولئیلا، لە ناویاندا ئەوانەی ئامانجی كوشتنیان هەبووە. هەروەها لە بەیاننامەكەدا هاتبوو/ ئەوانەی ئەو پیلانەیان داراشتووە، بریتی بوون لە: حیكمەت سلێمان، ئیسماعیل عەباوی، یوسف عەباوی، حیلمی عەبدولكەریم، جەواد یوسف، عەلی غالب، عەبدولهادی كامیل و عەقید ساڵح سائیب. بەو پێیە لە ٦ی مارتی ١٩٣٩ حكوومەت بڕیای پێكهێنانی دادگایەكی عورفی بەمەبەستی دادگایكردنی ئەو كەسانەی تاوانباركرا بوون، دەركرد، ئەنجام لە ١٨ی ماتر بڕیارەكان بەم شێوەیە بوون:

---

(٧٨) عەبدولئیلا، ساڵی ١٩١٣ لە حیجازە لەدایكبووە، لای دایكی نەفیسەخان فێری خوێندن بووە. پاشان لە كۆلێژی فیكتوریا لە شاری ئەسكەندرییە وەرگیراوە بەڵام بۆی تەواو نەكراوە. ساڵی ١٩٣٩ دوای مردنی غازی دووەم شا، عەبدولئیلا لە جیاتی فەیسەڵی دووەم تا ساڵی ١٩٥٣ سەرپەرشتی دەوڵەتی كردووە ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ كوژراوە. د. حسن لطیف الزبیدي، موسوعة الاحزاب العراقیة، ص ٤٥٥.

١. له سێدارەدانی هەر یەک لە: حیکمەت سلێمان، ئیسماعیل عەباوی، یوسف عەباوی، حیلمی عەبدولکەریم، جەواد یوسف.
٢. زیندانیکردنی عەبدولهادی کامیل بۆ ماوەی (٧) ساڵ.
٣. زیندانیکردنی عەلی غالب بۆ ماوەی (٨) ساڵ.
٤. ئازادکردنی تاوانبارەکانی دیکە.

شایەنی گوتنە، وێرای بڕیاری دادگا، بەڵام بە فەرمانێکی شاهانە ئەوانەی بڕیاری لە سێدارەدانیان بۆ دەرچوو بوو، سزاکانیان گۆڕا بۆ زیندانی هەتا هەتایی.

لەو بارەوە لەلایەن سیاسەتمەدار و هێزە سیاسییەکان، گومانێکی گەورە هەبوو دەربارەی بابەتی پیلانەکە، لەبەر ئەوەی هەندێک پێیان وابوو نووری سەعید مەبەستییەتی ۆتڵە لە حیکمەت سلێمان بکاتەوە، لەبەر هەم بەشداری کودەتاکەی بەکری سدقی کردووە، هەم بەر پرسیارە لە کوشتنی جەعفەر عەسکەری[٧٩].

شەوی ٤ی نیسانی ١٩٣٩، مردنی مەلیک غازی ڕاگەیەندرا، هۆکارەکەی بۆ ئەنجامی پێکدانی ئۆتۆمۆبێلەکەی لەگەڵ ستوونێکی کارەبا گێڕدرایەوە، کە پاشا خۆی لێی خوریوە.

لە کاتێکدا دادگا خەریکی لێکۆڵینەوە بوو لە ڕووداوەکە و بەو هۆیەوە چەند کەسێک دەستگیرکرا بوون، بارێکی نائارام باڵی کێشا بە ناو شارەکاندا، لە بەغدا و مووسڵ خەڵکی هاتە دەرەوە، پڕوپاگەندەکان دەستیان پێکرد و خەڵکی دەستی تاوانیان بۆ ئینگلیزەکان درێژ دەکرد، ئەنجام لە بەغدا هێرشکرایە سەر بالیۆزخانەی بریتانیا و دەرگا و پەنجەرەکان شکان و قونسوولی بریتانیا کوژرا.

٥ی نیسانی١٩٣٩ ئەنجوومەنی وەزیران لە کۆبوونەوەی خۆیدا، باری نائاسایی ڕاگەیاند و دواتریش بڕیاری دانانی میر عەبدوئیلا وەک ڕاسپێدراو

(٧٩) عبدالرزاق الحسني، تاريخ الوزارات العراقية، الجزء الخامس، ص ٦٨.

بەسـەر فەیسـەڵی دووەم درا، لەبەر ئەوەی فەیسـەڵی دووەم بەپێـی ماددەی (٢٢) دەستووری وڵات تەمەنی نەگەیشتبووە ڕادەی یاسایی[٨٠].

بڵاوبـوونەوەی مردنـی مەلیـک غـازی، هەر لە سـەرەتاوە لێکـدانەوەی جیاوازی بۆ کرا، لەبەر ئەوەی هەندێک پێیان وابوو، ڕووداوێکی ئاسایی نییە، بەڵکـو پیلانێکـی دارێـژراوە. ئەوانەی ئەو بۆچوونەیـان هەبـوو، بابەتەکەیـان دەبەسـتایەوە بە ڕازی نەبـوونی ئینگلیزەکـان لە نزیکـایەتی مەلیـک غـازی لە ئەڵمانەکان.

وێـڕای جیـاوازی بۆچـوونی پزیشـکەکان لە ئەنجـامی پشـکنین و لێکـۆڵینەوەدا و ئامـاژە کـردن بە بریـندارکردنی سـەری پاشـا لە دواوە، لە ڕاپۆرتی لێژنەکەدا، کە دکتۆر سندرسـن سەرپەرشتی دەکرد، ئامـاژەی بـۆ ئەوە کـردووە مردنـی مەلیـک غـازی بە ڕووداوی پێکـدادان بـووە. بەمەش نووسـیویانە ئۆتۆمـۆبێلی پاشـا خـۆی کێشـاوە بە سـتوونێکی کارەبـاوە بە هۆیەوە پاشا سەری بریندار بووە خوێنێکی زۆری لەبەر ڕۆیشتووە، ئەنجام کۆچی دوایی کردووە[٨١].

دکتۆر شـەوکەت، وەک پزیشـکێکی عێراق بـاوەڕی وایە، مردنی مەلیک غازی، بە هۆی پێکدادانی ئۆتۆمۆبێلەکەی بە ستوونی کارەباوە نەبووە. لێرەدا ئەوانەی ئەو بۆچوونەیان هەیە، بەڵگەی بزرکردنی وێنەی ئۆتۆمۆبێلەکە دوای ڕووداوەکە دەهێننەوە، لەبەر ئەوەی بە گوێرەی وێنەکـان بێت، ئۆتۆمـۆبێلەکە لە لای ڕاستەوە لێدراوە و پاشا لە لای چەپدا بووە. ئەوە لە لایەک، لە لایەکی دیـکەوە وەک بەڵـگەی دووەم باسـی بزربـوونی عەبـد سـەعید خزمەتکـاری مەلیک غازی لە دوای ڕووداوەکە دەکەن.

لەو قۆنـاغەدا بەڵگەنـامە نهێنییەکـان ئامـاژە بـۆ بـوونی پەیوەنـدی و نامەگۆڕینەوەی کاربەدەستانی حکوومەتی بریتانی دەکەن، کە تێیدا بە ڕوونی باسـی دەربـاز بوونیـان لە مەلیـک غـازی و دانـانی زەیـد کـوڕی حوسـێن لە

(٨٠) د. عكاب يوف الركابي، محاكمة رئيس وزراء بتهمة التامر على حياة الملك غازي، ذكرة عراقية، ملحق جرية المدى، العدد (٢٩١١)، (بغداد، ٢٠١٣/٩/٧)، ص٢.

(٨١) د. جعفر عباس حميدي، تاريخ العراق المعاصر ١٩١٤ – ١٩٦٨، ص ١٥٦.

شوێنی ئەودا کردووە، ئەوەش بە بیانوونی ئەوەی مەلیک غازی ڕێگرە لەبەردەم جێبەجێکردنی سیاسەتی بریتانیا لە عێراقدا. لەوەدا بریتانییەکان مەترسی ئەوەیان هەبووە، سیاسەت و هەڵسووکەوتی مەلیک غازی کاریگەری بەسەر وڵاتانی دیکەی عەرەبی و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەبێت.

عالیەخان هاوسەری مەلیک غازی لە قسەکانیدا ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە، مەلیک هەموو ئێوارەیەک چۆتە کۆشکی حارسییە لە وێدا تانیوە شەو ماوەتەوە، کاتێکیش گەڕاوەتەوە ڕاستەوخۆ نووستوە. بە گوێرەی قسەکانی عالیەخان بێت شەوی ڕووداوەکە واتە ٤ی نیسانی ١٩٣٩ زوو گەڕاوەتەوە، کاتێک خەریکی گۆڕینی جلەکانی بووە، زەنگی تەلەفۆن لێداوە و بۆ ماوەیەک گفتوگۆی کردووە، پاشان جلەکانی لەبەرکردوو و بە ئۆتۆمبیلەکەی بەرەو کۆشکی حارسییە ڕۆیشتووە. مەلیک بەر لە ڕۆیشتنی وتوویەتی: ئەو کەسەی چاوەڕێم دەکرد ئێستا ئامادە بوو. عالیە دەڵێت دوای ماوەیەکی کورت هەواڵی مردنیم پێ گەیشت، گوایە ئۆتۆمبیلەکەی خۆی بەستوونی کارەبا کێشاوە(٨٢).

**باسی دەیەم: گۆڕانە سیاسییە ناوخۆییەکان لەسەروبەندی جەنگی دووەمی جیهانی**

**یەکەم: ژیانی سیاسی**

دوای ئەوەی عێراق ساڵی ١٩٣٢ توانی سەربەخۆ بێت و ببێتە ئەندام لە کۆمەڵەی گەلان، لە گۆڕەپانی سیاسیی عێراقدا چوار ئاراستەی فکری سیاسی دەرکەوتن کە بریتی بوون لە:

١. ئاراستەی کۆنە پارێز، کە زۆرینەی دەستەبژێری دەسەڵاتداریان پێکدەهێنا، لە ساڵی ١٩٢١ەوە لە نێو وەزارەتەکاندا بوون. زۆربەیان

---

(٨٢) حامد الحمداني، من ذاكرة التاريخ اسرار مقتل الملك غازي، الحوار المتمدن، العدد (٣٤٤١)، ٢٠١١/١١/٢٩
(https://www.ahewar.org/debat/show.art.asp?aid=269154)؛ د. عكاب يوف الركابي، محاكمة رئيس وزراء بتهمة التامر على حياة الملك غازي، ذكرة عراقية، ص٢؛ اسعد محمد علي، ٧٢ عاما على حادثة مقتل الملك غازي، ملحق جريدة المدى، العدد (٤٢٢٧)، (بغداد، ٢٠١١/٤/١٧).

ئەفسەر بوون و لایەنگیری بنەماڵەی پادشا بوون و لە شۆڕشی ساڵی ١٩١٦ دژی عوسمانییەکان بەشداریان کردبوو. بۆچوونی ئەو ئاراستەیە، پارێزگاری کردن بوو لە تەواوی پەیوەندییەکانی نێوان عێراق و بریتانیا.

٢. ئاراستەی نەتەوەیی، ئەم ئاراستەیە تێکەڵی ئاراستەی یەکەم بوون، هەر لە هەناوی ئاراستەی کۆنەپارێزدا پەرەی سەند و دواتر لێی جیابوونەوە، ئەم ئاراستەیە خۆی لە ئەفسەران و سیاسەتمەدارانی ڕووداوەکانی ساڵی ١٩٤١ دەنواند.

٣. ئاراستەی سێیەم، لە دەوروبەری ساڵانی ١٩٣٠ دەرکەوتن و پێگەیشتن، ئەم ئاراستەیە لە فکری سیاسیدا پشتیوانیان لە بیروباوەڕی سۆسیالیستی دیموکراسی دەکرد.

٤. ئاراستەی کۆمۆنیستی، لە سییەکانی سەدەی بیستەم لەناو ژینگەکانی کرێکاری و بورژوازی بچووک سەری هەڵدا، پاشان زیاتر گەشەیان کرد.

شایەنی گوتنە، لە کۆتاییەکانی جەنگی دووەمی جیهانیدا چەندین حیزب و ڕێکخراوی سیاسی دامەزران، هەندێکیان بە ئاشکرا و هەندێکی دیکەش بەنهێنی کاریان دەکرد. ئەوانیش بەسەر چوار ڕەوت دابەشبوون، کە بریتی بوون لە:

أ. ڕەوتی نەتەوەیی (عەرەب، کورد)، لە نموونە: حیزبی ئیستقلال و حیزبی هیوا.

ب. ڕەوتی دیموکراسی لیبراڵ وەک: حیزبی نیشتمانی دیموکراسی، حیزبی ئەحرار.

ج. ڕەوتی کۆمۆنیستی-مارکسی، وەک حیزبی شیوعی عێراق، حیزبی شۆڕش.

د. ڕەوتە ئیسلامییەکان، کۆمەڵەی ئیخوان مووسڵمین.

## دووەم: سوپا و سیاسەت

دوای پاشەکشە و لاوازبوونی ڕۆڵی عەشائیر وەک هێزێکی کاریگەر لە کاروباری سیاسی و حوکمڕانیدا، لە سەرەتاکانی دروستبوونی دەوڵەتدا

سیاسـەتمەداران ڕوویـان لە سـوپا کـرد و هەوڵیانـدا بـۆ بەرژەوەنـدییە تایبەتییەکانی خۆیان سوود لە هێزی سەربازی وەربگرن.

ئەم قۆناغە لەگەڵ یەکەم کودەتای سەربازی ساڵی ١٩٣٦ دەست پێ دەکات، بەمەش دەسەڵاتی سوپا پەلی دەهاوێتە دەرەوەی بارەگاکانی و بەکردار ڕۆڵ لە سیاسەتی هاوچەرخی عێراقدا دەبینێت. ئەگەر بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆبێت یان ناڕاستەوخۆ، تێبینی ئەو دیاردەیە بکەین، ئەوە لە میانەی شیکردنەوەی پێکهاتەی دەسەڵاتی جێبەجێکردن (وەزارەت) بۆمان ڕوون دەبێتەوە لە قۆناغی حوکمڕانی پاشایەتی (٥٨) کابینەی وەزارەت پێکهاتوون، بەگشتی (٢٣) کەس سەرۆکایەتی کابینەکانیان وەرگرتووە، لەنێو ئەو (٢٣) کەسەدا، (١٥) کەسیان لە ئەفسەرانی سوپا بوونە.

بە گشتی لە سییەکانی سەدەی بیستەم ڕۆڵی سوپا و سەرکردە سەربازییەکان لە عێراق ڕوو لە زیاد کردووە[٨٣]. ئەوەش لەو چەند ڕووداوەی لە خوارەوە ئاماژەیان بۆ دەکەین زیاتر ڕوون دەبێتەوە:

١. کودەتای ٢٩ی تشرینی یەکەمی ١٩٣٦ بە سەرکردایەتی فەریق ڕوکن بەکر سدقی.
٢. جوڵانەوەی ئەمین عومەری و عەزیز یامولکی لە ١١ی ئابی ١٩٣٧.
٣. بزووتنەوەی گرووپی (٧) ئەفسەرەکە حوسێن فەوزی، ئەمین عومەری، عەزیز یامولکی، سەلاحەددین سەباغ، مەحموود سەلمان، فەهمی سەعید، کامیل شبیب لە ٢٤ی کانوونی دووەمی ١٩٣٨.
٤. ڕاپەڕینی چەکداری گرووپی (٧) ئەفسەرەکە لە ٥ی ئابی ١٩٣٨.
٥. جوڵانەوەی چەکداری گرووپی (٤) عەقیدە لە دژی ئەمین عومەری و لایەنگیریکردنی نووری سەعید لە ٢١ی شوباتی ١٩٤٠.
٦. ڕاپەڕینی چەکداری گرووپی چوار عەقیدەکە: سەلاحەددین سەباغ، فەهمی سەعید، مەحموود سەلمان، کامل شبیب لە ١ی شوباتی ١٩٤١.

دیارە ئەو ڕووداوانەی وەک نموونە ئاماژەمان بۆ کردن دەرهاوێشتەی خەسڵەتەکانی هەر هێزێکی چەکدارە کە بەردەوام خۆی لە فشار و هێزنواندن

(٨٣) د. عدید دویش، تاریخ العراق السیاسي المعاصر، ص ١٧٦-١٨٠.

دەردەخات، لەبەر ئەوەی سوپا لەوڵاتانی دواکەوتوو و گەشە کردووشدا، بە شێوەیەکی کاریگەر دەستێوەردانی دەبێت لە ژیانی سیاسیدا. ئەو ڕۆڵەی سوپای عێراقیش دوای ئەوە هات، گە ئەو سوپایە لە ڕووی چەندایەتی و چۆنایەتییەوە گەشەی کرد و بووە بنکەیەک بۆ دەسەڵات.

لێرەدا واپێویست دەکات بەکورتی باس لەو هۆکارانە بکەین کە دەبنە هاندەر بۆ ئەوەی سوپا بە کودەتا هەڵسێت، یان دەستێوەردانی هەبێت لە کاروباری سیاسی وڵاتدا:

١. جیاوازی لە بیروباوەری سیاسی و هزری، هەروەها توندبوونی ململانێیە سیاسییەکان لە وڵات.
٢. هاندەرە خودییەکانی چەند ئەفسەرێک بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندییە تایبەتییەکانیان.
٣. پیلانی چەند ئەفسەرێکی پلە باڵا، کە خواست و ئاواتیان گەیشتنە بە دەسەڵات.
٤. لاساییکردنەوەی ڕووداوەکانی تورکیای سەردەمی مستەفا کەمال و ئێرانی سەردەمی ڕەزا شا.
٥. دەستێوەردانی حیزبە سیاسییەکان لەناو سوپا و پاڵپشتیان بۆ ڕووداوەکان.
٦. دەکرێت دەستێوەردانی دەرەکیش وەک خاڵێک ئاماژە بۆ بکرێت، کە بە کردار لە عێراق ڕوویداوە.

دامەزراوەی سەربازی بەردەوام ڕۆڵی گرینگی لە مێژووی عێراقی هاوچەرخ گێراوە، لە گرینگترین ڕۆڵەکانیش بەشداریکردنییەتی لە دامەزراندنی دەوڵەتی ناوەندی. لەسەرەمی پاشایەتی لەناو سوپای عێراق دوو ئاراستەی سیاسی بەهێز پەیدا ببوون، ئەوانیش:

١. ئاراستەیەک دەکرێت ناوی لێبنرێت (عێراقچیتی) ئەو ئەفسەرانە بوون بەزۆری دەرچووی کۆلێژی سەربازی عێراق بوون.
٢. ئاراستەیەکی دیکە، کە بیروباوەری نەتەوەییان هەڵگرتبوو، دەکرێت ناوی بنێین (عەرەبچێتی)، نموونەش لەسەر ئەوانە چوار عەقیدەکە:

سەلاحەددین سەباغ، فەهمی سەعید، مەحموود سەلمان و کامل شبیب[٨٤].

**باسی یازدەهەم: کودەتای ١٩٤١ (حکوومەتی بەرگری نیشتمانی)**

ساڵی ١٩٣٥ کۆمەڵێک لە نەتەوەخوازانی عەرەب لە شاری بەغدا خۆیان ڕێکخست لەژێر ناوی یانەی **موسەننای ڕۆشنبیری**، ئەوانە هیوایان وابوو حیزبێکی سیاسی پێک بهێنن و بتوانن بەو هۆیەوە ئامانجەکانیان بهێنەدی. دیارە بە هەڵاتنی موفتی فەلەستین ئەمین حوسێنی و هاتنی بۆ عێراق و پەیوەندی لەگەڵ ئەو کۆمەڵەدا، ئەوا ئەو ویست و هیوایان زیاتر پەرەی سەند. ئەنجام لە شوباتی ١٩٤١دا حیزبێکی سیاسی نهێنیان بە ناوی حیزبی شەعب دامەزراندن، سەرکردایەتی حیزب بریتی بوون لە ئەمین حوسێنی، ڕەشید عالی گەیلانی، یوسن سەبعاوی، سەلاحەددین سەباغ، فەهمی سەعید، مەحموود سەلمان، ناجی شەوکەت و ژمارەیەک کەسایەتی دیکە.

حیزب شەعب باڵێکی سەربازی پێکهێنا، ئەندامەکانی بریتی بوون لە: سەلاحەددین سەباغ، فەهمی سەعید، مەحموود سەلمان و چەند کەسانێکی دیکە. هاوکات لەگەڵ ئەوەشدا ڕێکخراوێکی لاوانی بە ناوی کەتیبەی لاوان دامەزراند، ئەندامەکانی لە خوێندکارانی کۆلێژ و پەیمانگاکان پێکهاتبوون و لەلایەن محەمەد دەروێش میقدادی سەرپەرشتی دەکران.

وەک دەردەوەکەێت ئامانجی ئەو حیزبە دژایەتی ڕژێمی پاشەیەتی نەبووە، لەبەر ئەوەی هەم ڕژێمەکە لایان بەبناغەی حوکمڕانی دانراوە، هەمیش مانەوەی بنەماڵەی پاشایان لا پەسند بووە. بەمەش ڕوون دەبێتەوە کە ئەوان کێشەیان لەگەڵ چەند کەسانێکی نێو دەسەڵات و زاڵبوونی دەسەڵاتی بریتانییەکان هەبووە.

---

(٨٤) د. عقيل الناصري، الجيش والسلطة في العراق الملكي (١٩٢٠ – ١٩٥٨)، ص٧٨؛ كاظم حبيب، لمحات من عراق القرن العشرين، الجزء الرابع، ص١١٤؛ د. نزار توفيق، الصراع على السلطة في العراق الملكي، ١٢٥؛ د. بلقيس محمد جواد، قراءة في تأسيس الدولة العراقية ١٩٢١ الاهداف والنتائج، ص٢٠.

لەو قۆناغەدا، لە گەرمەی جەنگی دووەمی جیهانی، لە کاتێکدا بەرەی وڵاتانی تەوەر ئەڵمانیا و ئیتاڵیا لە پێشڕەویدا بوون، سەرۆک وەزیرانی عێراق ڕەشید عالی گەیلانی بەرەو ڕووی فشارێکی زۆر ببۆوە تا هاوکاری بریتانیا بکات، ئەوەش لە کاتێکدا بوو ئەفسەرە نەتەوەخوازە عەرەبەکان لەگەڵ ئەوەدا بوون عێراق لە شەڕدا بێ لایەنی خۆی بپارێزێت[٨٥].

ڕەشید عالی گەیلانی لە هەوڵی ئەوەدا بوو پاڵپشتی و لایەنگری ئەڵمانیا و ئیتاڵیا بۆ کێشەکانی عەرەب بە دەست بێنێت، بۆ ئەو مەبەستەش لە پەیوەندی بەردەوامدا بوو لەگەڵ هەردوو حکوومەتی ئەڵمانیا و ئیتاڵیا. ئەوەش وایکرد لەسەر ئاستی ناوخۆ ناڕەزایەتی بەرانبەر هەنگاوەکان زیاتر بن، بە تایبەت لەلایەن لایەنگرانی بریتانیا لە سەرووی هەموویانەوە عەبدولئیلا. ئەنجام وەک ناڕەزایەتییەک عەبدولئیلا بەغدای جێهێشت و ڕووی کردە لیوای دیوانیە، لەوێدا هەم بوو بە میوانی فەرماندەی فیرقەی چوارەمی سوپا، هەمیش لە هۆزە عەرەبەکانی ناوچەکە نزیک بوویەوە، کە لایەنگری خۆی بوون.

ئەو هەنگاوەی عەبدولئیلا، لە ٣١ی کانوونی دووەمی ١٩٤١ ڕەشید عالی گەیلانی سەرۆک وەزیرانی ناچار بە دەست لە کار کێشانەوەی کرد. کاتێک دەست لە کار کێشانەوەکە گەیشت بەر دەستی عەبدولئیلا پەسەندی کرد و هەمان ڕۆژ تەها هاشمی ڕاسپارد کابینەی نوێی حکوومەت پێک بێنێت. لە کابینەی تازەدا نووری سەعید و ڕەشید عالی گەیلانی دوورخرانەوە تا ئەوە حکوومەتە لە ململانێی هەر دووکیان بە دوور بێت.

وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا لە ڕێگای وەزیری دەرەوەی عێراق تۆفیق سوەیدی چەند داواکارییەکی ئاراستەی حکوومەتەکەی تەها هاشمی کرد، وەک:

١. پساندنی پەیوەندییەکان لەگەڵ حکوومەتی ئیتاڵیا، هەروەک پێشتر لەگەڵ حکوومەتی ئەلمانیا ئەنجامدرا.

---

(٨٥) محمد حديد، مذكراتي – الصراع من أجل الديمقراطية، تحقيق: نجدت فتحي صفوت، الطبعة الاولى، (بيروت – ٢٠٠٦)، ص ١٧٤.

٢. ڕێگاپێدان بەهاتووچۆ و گردبوونەوەی لەشکری بریتانیا لەناو خاکی عێراقدا.
٣. دوورخستنەوەی چوار سەرکردە سەربازییەکە: سەلاحەددین سەباغ، فەهمی سەعید، مەحموود سەلمان و کامیل شبیب.

داواکاری بریتانییەکان لەلایەن بەشێک لە هێز و حیزبە ئۆپۆزیسیونەکان قبوڵ نەکراو دژی وەستانەوە، لەبەر ئەوەی پێیان وابوو نیشانەی ڕاگەیاندنی جەنگە بەرانبەر بەرەی وڵاتانی تەوەر. ئەنجام دۆخەکە ڕووی لە گرژی کرد و چوار فەرماندەکە داوایان لە سەرۆک وەزیران کرد دەست لەکار بکێشێتەوە تا ئەوەی دووبارە ڕەشید عالی گەیلانی بگەڕێتەوە سەر دەسەڵات. هاوکات لەگەڵ ئەوەشدا بەسەرکردایەتی ڕەشید عالی گەیلانی هەڵسان بە پێکهێنانی ئەنجوومەنی بەرگری نیشتمانی لە بەغدا و چەند بڕیارێکیان دەکرد.

عەبدولئیلا، کە تا ئەوکاتە لە ناوچەی دیوانیە مابووەوە، لە دۆخەکە تێگەیشت بەچ ئاراستەیەک دەڕوات، بۆیە ڕووی لە شاری بەسرە کرد، لەبەر ئەوەی شارەکە هێزێکی سەربازی بریتانیا ی تێدابوو، بۆ ئەو زیاتر جێگای دڵنەوایی بوو.

شوباتی ١٩٤١ کودەتای سەربازی بەکردەوە ڕوویدا، کاتێک بە بڕیاری هەر چوار فەرماندە سەربازییەکە دەست بەسەر دامودەزگا گرینگەکانی حکوومەت لە بەغدا گیرا و شوێنە ستراتیژییەکان سوپا تێیدا جێگیرکرا.بەو هۆیەوە فەرمانبەرانی باڵیۆزخانەکانی بریتانیا و ئەمریکا لەناو بارەگاکانی خۆیان نەدەهاتنە دەرەوە، بە گشتی ژیان لەناو شاری بەغدا لە تێکچوندا بوو.

عەقید فەهمی سەعید ڕووی کردە ماڵی تەها هاشمی سەرۆک وەزیران و بە هەڕەشە دەست لە کارکێشانەوەی خۆی پێ واژۆکرد، ئەنجام ڕەشید عالی گەیلانی جارێکی دیکە، حکوومەتی پێکهێنایەوە.

سوپا دەسەڵاتی بەسەر شاری بەغدا و دەوروبەری سەپاند، حکوومەتی بەرگری نیشتمانی بە سەرۆکایەتی ڕەشید عالی گەیلانی بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە تێیدا جەختی لەسەر بێ لایەنی عێراق لە جەنگ و

پابەندبوونی بە پەیوەندی و ڕێککەوتنە نێودەوڵەتییەکان و جێبەجێکردنی ئەرکە نیشتمانییەکان کردبووەوە.

ئەنجوومەنی نوێنەران لە ١ی نیسانی ١٩٤١ لەسەر داواکاری سەرۆک وەزیران کۆبوونەوەیەکی ئەنجامدا، لە کۆبوونەوەکەدا بڕیاری لادانی میر عەبدولئیلا وەک ڕاسپێردراو بەسەر فەیسەڵی دووەم درا و لە شوێنی ئەودا میر شەریف شەرەف دیاری کرا و سوێندی یاسای خوارد.

ئاڵۆزبوونی ڕووداوەکان لە شاری بەغدا، ترس و دڵەڕاوکێی لای بەشێک لە کەسایەتی و سیاسەتمەداران وەک نووری سەعید و داود حەیدەری دروستکرد و پایتەختیان جێهێشت و ڕوویان کردە لای عەبدوئیلا لە بەسرە.

٤ی نیسانی ١٩٤١ باڵیۆزی نوێی بریتانیا گەیشتە شاری بەغدا بە تەنیا لەلایەن ئەمینداری پایتەختەوە پێشوازی لێکرا. پاڵیۆز لەنێو بارەگای خۆی دەرنەچووە دەرەوە، پەیوەندییەکان بە لاوازی لەگەڵ حکوومەت مانەوە، ئەنجام دۆخەکە بەو شێوەیە درێژەی کێشا.

حکوومەتی بریتانیا لە لەندەن بڕیاریدا شوێنە گرینگەکانی عێراق وەک شاری بەسرە دەست بەسەردا بگرێت، بەو هۆیەوە لە ١٨ی نیسانی ١٩٤١ هێزێکی گەورەی بریتانیا لە کەنداو لە فەلەستینەوە ڕوویان کردە شاری بەسرە و دواتریش بۆ شارۆچکەی جەبانیە لە نزیک ڕومادی.

حکوومەتی بەغدا بە فەرمی داوای لە هێزەکانی بریتانیا کرد عێراق جێ بهێڵن. بە دوای ئەوەی ڕەشید عالی گەیلانی سەرۆک وەزیران و باڵیۆزی بریتانیا لە عێراق بەمەبەستی چارەسەرکردنی کێشەکان کۆبوونەوە، ئەنجام هەردوولا سوور بوون لەسەر ڕاکانی خۆیان.

حکوومەتی عێراق هێرشی ڕاگەیاندنی بەرانبەر بە بریتانیا دەست پێ کرد، لە ناو شاری بەسرەش ناڕەزایی جەماوەری سەرهەڵدا، بەغدا تا دەهات ئاڵۆزتر دەبوو، بریتانییەکان و ئەمریکییەکان بەغدایان جێهێشت و ڕوویان کردە بنکەی سەربازی بریتانییەکان لە شارۆچکەی حەبانیە، هەروەها باڵیۆزخانەی بریتانیا و ئەمریکا دەرگایان لەسەرخۆیان داخست.

فەیسەڵی دووەم، لەگەڵ عالیەخانی دایکی لە بەغداوە بەرەو هەولێر هاتن بوون بە میوانی مەلا فەندی.

حکوومەتی بریتانیا دەستیکرد بەناردنی هێز بۆ عێراق، ئەوانەی لە ڕێی دەریاوە گەیشتن بە بەسرە و ئەوانەیتریش لە ڕێگای فەڵەستین و ئوردنەوە هاتن بۆ حەبانییەی سەر ڕووباری فورات.

هەوڵەکانی حکوومەتی عێراق بۆ دەرکردنی هێزەکانی بریتانیا سەرکەوتوو نەبوون، بۆیە گەمارۆی بنکەی سەربازی حەبانیەیاندا، شەڕ دەستیپێکرد. هێزی ئاسمانی بریتانیا ڕۆڵێکی گەورە و کاریگەری بینی لە شەڕەکاندا، بەو هۆیەوە سوپای عێراق ناچاربوو پاشەکشە بکات.

ئەمین حوسێنی موفتی فەڵەستین بانگەوازی جیهادی ڕاگەیاند و داوای لە خەڵکی کرد بەشداری بکەن، ئەوە لە کاتێکدا بوو سۆڤییەت پشگیری خۆی بۆ حکوومەتی بەغدا دەربڕی بوو و پەیوەندی دبلۆماسی لەنێوانیان هاتبووە ئاراوە[٨٦].

سوپای بریتانیا ڕوویان کردە بەغدا، حکوومەتی بەرگری نیشتمانی ڕوو لە شکست بوو، باری ئابووری تێکچوو بوو، ئەنجام هەڵاتن لە ڕیزی سوپا پەرەی سەند. سەرەتای هەفتەی یەکەمی مانگی مایس، چەند وەزیر و بەرپرسی باڵا و سیاسەتمەدارێک بەغدایان جێهێشت و ڕوویان کردە تاران و ئەنقەرە. ئەمین حوسێنی ڕووی کرد ئێران، لە کۆتایی مانگی مایس ڕەشید عالی گەیلانی سەرۆک وەزیرانیش سەرەتا ڕوو کردە ئێران، پاشان تورکیا و دواجاریش لە سعودیا گیرسایەوە.

ئەو ئەڵمانی و ئیتاڵییانەی کە بۆ هاوکاری حکوومەتی بەرگری نیشتمانی هاتبوون ڕوویان کردە سوریا.

---

(٨٦) حوادث العراق في ١٩٤١ كما رتويها وزارة الخارجية البريطانية، نقلها الى العربية: جعفر خياط، (بيروت، ١٩٥٤)، ص ٣٠؛ د. عماد خميس حمزة ود. علي حسين علي سعيد، موقف الفلوجة من حركة مايس ١٩٤١ دراسة وثائقية، المؤتمر الدولي السنوي الثاني للعلوم الإنسانية الفلوجة خلال العهد الملكي العثماني والعراقي، (جامعة الانبار، ٢٠٢٠، https://knepublishing.com/index.php/KnE-Social/article/view/7174/12819)، ص ٣٠.

له بەغدا، یونس سەبعاوی وەک سەرکردەیەکی سیاسی بە تەنها مابووەوە، تا سەرکردایەتی بەرگی میللی بکات. ڕەشید عالی گەیلانی لە ٢٨ی مایسی ١٩٤١ بەر لە دەرچوونی لە بەغدا، بڕیاریدا بە پێکهێنانی لیژنەی ئەمنی ناوخۆ بە سەرۆکایەتی ئەرشەد عومەری، تا ئەوەی پارێزگاری لە بارودۆخی ناوخۆی شاردا بکەن، دواجار ئەو لیژنەیە لەگەڵ بریتانیاییەکان ڕێککەوتن و بڕیاری ئاگربڕیان ڕاگەیاند(٨٧).

سەرەتای مانگی حوزەیران عەبدولئیلا گەڕایەوە بەغدا و لە ٢ی حوزەیران حکوومەتێکی نوێ بە سەرۆکایەتی جەمیل مەدفەعی ڕاگەیاند. پاشان دادگاییکردنی تاوانباران دەستی پێ کرد و دادگای عورفی تایبەت پێکهێنرا. تاوانبارە هەڵاتووەکان زۆربەیان لە ڕێگای دەوڵەتانی بیانی درانەوە دەست حکوومەتی عێراقی.

دادگا دوای بەڕێوەچوونی دانیشتنەکان، بەم شێوەی خوارەوە بڕیاردا:

١. لە سێدارەدانی هەر یەک لە: سەڵاحەددین سەباغ، فەهمی سەعید، مەحموود سەلمان، کامیل شبیب، یونس سەبعاوی، دواتر لە ماوەی جیا جیا بڕیارەکەیان بەسەردا جێبەجێکرا.
٢. لە سێدارەدانی ڕەشید عالی گەیلانی، بەڵام بەهۆی پاراستنی لەلایەن سعودیا و مانەوەی لەوێدا بڕیارەکەی بەسەردا جێبەجێ نەکرا.
٣. زیندانیکردنی تاوانبارەکانی دیکە بە ماوەی جیاواز جیاواز(٨٨).

**باسی دوازدەهەم: ڕاپەڕینی کانوونی دووەمی ١٩٤٨**

پەیماننامەی ساڵی ١٩٣٠ لەنێوان عێراق و بریتانیا جێگای ڕەزامەندی هێز و لایەنە سیاسییەکانی نەبوو، لەبەر ئەوەی دەسەڵات و مافێکی زۆری

---

(٨٧) ذاكر محي الدين عبدالله، محمد يونس السبعاوي ودوره في الحياة السياسية في العراق، الطبعة الاولى، (الموصل، ٢٠١٤)، ص ٢٠٣.

(٨٨) لونگريک، العراق الحديث من سنة ١٩٠٠ الى سنة ١٩٥٠ ...، ص١١٨؛ د. كاظم حبيب، لمحات من عراق القرن العشرين، الجزء الرابع، ص١١٦؛ حنان فاهم، الدعايات الاجنبية خلال حركة مايس ١٩٤١ في وثائق وزارة الداخلية، مجلة واسط للعلوم الانسانية، المجلد (٨)، العدد (٢٠)، (جامعة قادسية، ٢٠١٢)، ص ٢٧٨-٣١٥.

دابوو بە بریتانییەکان بەسەر عێراقدا. لە دوای کۆتایی هاتنی جەنگی دووەمی جیهانی، ئۆپۆزسیۆنی سیاسیی لە عێراق هەوڵیدا سوود لە بارودۆخەکە وەربگرێت و پەیماننامە کە هەڵبوەشێندرێتەوە، تا ئەوەی عێراق بە تەواوەی سەربەخۆیی و سەروەری خۆی دەستەبەر بکات.

لە ڕاستیدا، پێدەچوو جۆرێک لە ڕێککەوتنێکی نافەرمی لەنێوان لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکان (بەئاشکرا و نهێنی )هەبووبێت، کە وایکردبوو هەموویان بۆ یەک ئامانج کار بکەن، کە ئەویش هەڵوەشانەوەی پەیماننامەکە بوو.

شانبەشانی ئۆپۆزسیۆنی سیاسیی عێراقی، چەند لایەنێکی دیکە لە لایەنگرانی کۆشکی پاشا و سیاسەتی بریتانییەکان، هەمان بۆچوونیان لە ئاست پەیماننامەکەدا هەبووە

لەو پێودانگەدا نووری سەعید لە ٢١ی تشرینی دووەمی ١٩٤٦ کابینەیەکی نوێ حکوومەتی پێکهێنا و بەشێک لە ئۆپۆزسیۆنی سیاسیی بەشداریان تێدا کرد، لەوانە: حیزبی نیشتمانی دیموکراسی، حیزبی ئەحرار، هەروەها وەک کەسایەتی سیاسی لە نموونەی ساڵح جەبر و سادق بەسام بەشدار بوون.

ئامانجی نووری سەعید لە بەشداری پێکردنی ئەو لایەنانە، زامنکردنی هەڵوێستی ئۆپۆزسیۆن بوو لە پاڵپشتیکردنی کۆشکی پاشا و مانەوەی هێزەکانی بریتانیا لە عێراقدا. بەڵام ئەو کابینەیە زۆری نەخایاند، لەبەر ئەوەی عەبدولئیلا و نووری سەعید لەگەڵ باڵیۆزی بریتانیا ڕێککەوتن لەسەر ئەوەی سەرۆکایەتی حکوومەت بدرێت بە ساڵح جەبر، ئەنجام ساڵح جەبر لە ٢٩ی ئازاری ١٩٣٧ کابینەی نوێی وزاری پێکهێنا[٨٩].

ئاشکرایە، ئەو بڕیارە هەروا بێ لێکدانەوە نەدرا، بەڵکو دوای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەران لە شوباتی ١٩٤٧ درا، لەبەر ئەوەی بەپێی ئەنجامی هەڵبژرادنەکان ژمارەیەکی زۆر لەوانەی سەر بە دەسەڵات و لایەنگری نووری سەعید بوون دەرچوون بوون بە ئەندامی ئەنجوومەن، ئەوەش کاردانەوەی لەلایەن حیزبە سیاسییەکانی وەک حیزبی یەکێتی

(٨٩) د. کاظم حبیب، لمحات من عراق القرن العشرین، الجزء الخامس، ص١٤٥.

نیشتمانی، حیزبی ئیستقلال، حیزبی ئەحرار، حیزبی نیشتمانی دیموکراسی و حیزبی گەل لێکەوتەوە و ئەندامەکانیان کشانەوە.

هەڵبژاردنەکە بۆ ئەوە بوو، ئەنجوومەنێک ئامادە بکرێت، پاڵپشتی سەرۆک وەزیران بکات لە تێپەراندی پەیماننامەیەکی نوێ لەنێوان عێراق و بریتانیادا.

کابینەی نوێ بە سەرۆکایەتی ساڵح جەبر لایەنگرانی کۆشکی پاشا، باڵیۆزخانەی بریتانیا و نووری سەعید لە نموونەی فازیڵ جەمال، جەمال بابان و شاکر وادی تێدا بوون. کابینەکە لە بەرنامەی خۆیدا لە خاڵی یەکەمدا ئاماژەی بە گۆڕینی پەیماننامەی نێوان عێراق و بریتانیا دابوو، فازیڵ جەمالی[٩٠] وەزیری دەرەوە لە دەربڕینێکی میدیاییدا، باسی پەیماننامەیەکی نوێ کرد و ئاماژەی بە خاڵە سەرەکییەکاندا. ئەوە بوو قسەکانی وەزیری دەرەوە کاردانەوەی گەورەی لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆنی بەدوای خۆیدا هێنا و دەنگی ناڕەزایی هەموو لایەکی گرتەوە.

بۆ ئەو مەبەستە لە مانگی دووەمی ١٩٤٨ بەرەیەک لەژێر ناوی (لیژنەی هاوکاری نیشتمانی) لەنێوان حیزبی شیوعی عێراق، حیزبی گەل، باڵێکی حیزبی نیشتمانی دیموکراتی و پارتی دیموکراتی کورد پێکهێنرا. ئەندامانی لیژنەکە بریتی بوون لە: کامل قەزانجی[٩١]، عەبدولستار زوبیر،

---

(٩٠) فازیڵ جەمالی، ساڵی ١٩٠٣ لە کازمیە لە بەغدا لەدایکبووە، ساڵی ١٩٢٧ زانکۆی ئەمریکی لە بەیروت تەواوکردووە، چەندین پلەوپایەی حکوومەتی وەرگرتووە. لە بواری سیاسەت پەیوەندی بە گروپی ئەلئەهالی هەبووە، ساڵی ١٩٤٦ تا ساڵی ١٩٥٨ وەزیری دەرەوەی عێراق بوو. لە زۆربەی حکوومەتەکانی عێراق بە وەزیر دیاریکراوە. دوای شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ گیراوە، پاش ماوەیەک لە زیندان ئازاد کراوە. ساڵی ١٩٩٧ لە شاری لەندەن کۆچی دوایی کردووە. د. حسن لطيف الزبيدي، موسوعة الاحزاب العراقية، ص ٤٧٧.

(٩١) کامل قەزانجی، ساڵی ١٩٠٧ لە مووسڵ لەدایکبووە، خوێندنی لە زانکۆی ئەمریکی لە بەیروت تەواوکردووە، فەرمانبەر بووە لە وەزارەتی دەرەوە، پەیوەندی بە حیزبی نیشتمانی دیموکراسی کردووە، ساڵی ١٩٤٩ لە دژی پەیماننامەی پۆرتسمۆش بەشداری خۆپیشاندانەکانی کردووە، ماوەی سێ ساڵ زیندانی کراوە. تۆمەتی

عەبدولموحسین جەواد غالب، عەبدولڕەحیم شەریف و ڕەشید عەبدولقادر. ئەوە لەلایەک، لەلایەکی دیکەوە حیزبە ئاشکراکان بە فەرمی بەیاننامەیەکان بڵاوکردەوە و هەڵوێستی خۆیان ئاشکرا کرد، دواتریش چالاکی و جموجۆڵیان بەرانبەر بە حکوومەت و پەیماننامە نوێیەکە دەست پێ کرد[٩٢].

لە بەندەری پۆرتسمۆس لە لەندەن گفتوگۆکان دەستیان پێکرد، شاندی عێراق پێکهاتبوون لە ساڵح جەبر سەرۆک وەزیران، محەمەد فازیل جەمالی وەزیری دەرەوە، شاکر وادی وەزیری بەرگری، نووری سەعید سەرۆکی ئەنجوومەنی پیران و تۆفیق سوەیدی ئەندامی ئەنجوومەنی پیران، لە بەرانبەردا ژمارەیەک بەرپرسی بریتانیا بەشداربوون. دوای گفتوگۆ و گۆڕینەوەی بیروڕاکان، دانیشتەکان لە ١٥ی کانوونی دووەمی ١٩٤٨ کۆتایی هات و هەر دوولا لەسەر خاڵە سەرەکییەکان ڕێککەوتن.

لەگەڵ بڵاوبوونەوەی هەواڵەکان لە ڕۆژانی دواتر دەنگی ناڕەزایی شەقامەکانی بەغدای گرتەوە. خوێندکارانی کۆلێژ و پەیمانگاکان هاتنە دەرەوە و هێزەکانی پۆلیس ڕووبەڕوویان بوونەوە. ١٨ی کانوون دووەم حیزبە سیاسییەکان بەیاننامەیەکیان بڵاوکردەوە و تێیدا هاتبوو:

١. خوێندکارە دەستگیرکراوەکان ئازاد بکرێن.
٢. دەرگای خوێندن لە کۆلێژی ماف بکرێتەوە.
٣. لێپرسینەوە لە بەرپرسانی ڕووداوەکەی کۆلێژی ماف بکرێت.
٤. پەیماننامەی نێوان عێراق بریتانیا هەڵبوەشێندرێتەوە.

١٩ی کانوونی دووەمی ١٩٤٨ لێژنەی پەیمانگا و کۆلێژەکان بڕیاری مانگرتنیاندا، هاوکات بارودۆخی ناو ئەنجوومەنی نوێنەران ئاڵۆز بوو، خۆپیشاندان شەقامەکانی بەغدای گرتەوە، پۆلیس بە تەقەکردن ڕێگایان

---

کۆمۆنیستی خراوەتە پاڵ، پاشان ڕەگەزنامەی عێراقی لێوەرگیراوەتەوە بۆ تورکیا دەرکراوە، دوای شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ گەڕاوەتەوە عێراق، ساڵی ١٩٥٩ لە یاخیبوونەکەی شەواف ١٩٥٩ کوژراوە. د. حسن لطيف الزبيدي، موسوعة الاحزاب العراقية، ص ٤٩٠.

(٩٢) عبدالرزاق الحسني، تأريخ الوزارات العراقية، الجزء السابع، ص ١٥٧.

لێگرتن. لە پێکدادانەکان (٤) کەس کوژران و ژمارەیەکیش برینداربوون. بۆ ڕۆژی دواتر لە کاتی ناشتنی تەرمی کوژراوەکان خۆپیشاندانەکان دەستپێکردەوە. جارێکی دیکە پۆلیس تەقەیان لە خۆپیشاندەران کرد، ژمارەیەک برینداری لێکەتەوە. بەو هۆیەوە مامۆستایانی کۆلێژی پزیشکی دەستیان لە کار کێشایەوە. خۆپیشاندانەکان هەردوو بەرەی کەرخ و ڕەسافەی گرتەوە[٩٣].

تا دەهات بارودۆخی بەغدا بەرەو خراپتر دەچوو، میر عەبدولئیلا داوای کۆبوونەوەیەکی فرەوانی کرد، جگە جەمال بابان جێگری سەرۆک وەزیران نزیکەی (٢٥) کەسایەتی و سیاسەتمەدار و وەزیر و بەرپرس ئامادە بوون، لەوانە: محەمەد سەدر[٩٤]، جەمیل سەدر، جەمیل مەدفەعی، حیکمەت سلێمان، حەمدی پاچەچی، ئەرشەد عومەری، نوسرەت فارسی، جەعفەر حەمەمەندی، محەمەد ڕەزا شەبیبی، عەبدولعەزیز قەساب، سادق بەسام، محەمەد مەهدی کوبە، کامیل چادرچی، عەلی مومتاز دەفتەری، نەجیب ڕاوی و... هتد. لە کۆتایی کۆبوونەوەکەدا بەیاننامەیەک بڵاوکرایەوە، تێیدا هاتبوو ئامادەبووانی کۆبوونەوەکە دوای هەڵسەنگاندنی بارودۆخی وڵات، بەباشی دەزانن پەیماننامە تازەکەی نێوان عێراق و بریتانیا هەڵبوەشێتەوە، چونکە لە بەرژەوەندی وڵاتدا نییە و ئامانجە نیشتمانییەکان بەدی ناهێنێت.

ڕۆژی ٢٢ی کانوونی دووەم ساڵح جەبری سەرۆک وەزیران لە شاری لەندەن لە لێدوانێکدا وتی: " **ئومێدەوارم پەرلەمان و گەلی عێراق ڕەچاوی**

---

(٩٣) فاطمة صادق السعدي، من احداث وثبة ١٩٤٨..اجتماع قصر الرحاب، ذاكرة عراقية، ملحق جريدة المدى، العدد (٢٧٩٦)، (بغداد، ٢٠١٣/٥/١٢).

(٩٤) محەمەد سەدر، ٣٠ی تشرینی یەکەمی ١٨٨٣ لە بنەماڵەیەکی ئاینی لە کازمیە لەدایکبووە، زانستە ئاینیەکانی خوێندووە، لە دوای دروست بوونی حکوومەتی عێراقی چەند پلەوپایەکی وەرگرتووە، ماوەیەک ئەندامی ئەنجوومەنی پیران بووە، پاشان سەرۆکی ئەنجوومەن، لە ساڵی ١٩٤٨ بووە بە سەرۆکی حکوومەت، لە ٣ی نیسانی ١٩٥٦ لە بەغدا کۆچی دوایی کردووە. ئەحمەد حەمەدئەمین، چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی نوێ و هاوچەرخی عێراق، ل ١٥٢.

**ئەوە بکەن، ئەو پەیماننامە نوێیە ئامانجەکانیان بەدی دەهێنێت**"، هەروەها وتی: " **کاتێک دەگەڕێتەوە عێراق کۆتایی بە ئاژاوە و خۆپێشاندانەکان دێنێت**".

وێڕای ئەوەی بەهۆی بەیاننامە و کۆبوونەوەی گەورە سیاسییان بارودۆخەکە تارادەیەک هێور ببوویەوە، بەڵام ئەو وتانەی ساڵح جەبر بوون بە هۆکاری ئەوەی لە ٢٣ی کانوونی دووەم خۆپێشاندانەکان دەست پێ بکەنەوە. خوێندکاران و کرێکاران و کاسبکاران لە ناوچەی بابولموعەزەم کۆبوونەوە و بەرەو پرێدی کۆن (پردی شەهیدان) ڕۆیشتن. خۆپێشاندانەکان هەردوو بەری بەغدای گرتەوە، پۆلیس ڕێگای پەرێنەوە سەر پردەکەی گرتبوو و تەقەی لە خۆپێشاندەران کرد، بەو هۆیەوە نزیکەی (٣٠٠ بۆ ٤٠٠) کەس کوژران و بریندار بوون.

نارەزاییەکان بەرانبەر بە دۆخەکە پەرەی سەند و گەیشتە ناو ئەنجوومەنی نوێنەران و وەزیرەکانی حکوومەت. ژمارەیەک لە ئەندامانی ئەنجوومەنی نوێنەران دژی سیاسەتی حکوومەت وەستانەوە و لیژنەکیان پێکهێنا بەناوی (بەرەی دەستوری پەرلەمان)، داوایان کرد ڕاستییەکان ئاشکرا بکرێن و بڵاوبکرێنەوە. هاوکات ئەنجوومەنی پیران دژی پەیماننامەکە وەستانەوە.

٢٧ی کانوونی دووەم کۆمەڵێک لە ئەندامانی پەرلەمان دەست لە کار کێشانەوەی خۆیان ڕاگەیاند، لە نێویاندا عەبدولعەزیز قەساب سەرۆکی ئەنجوومەنی تێدا بوو.، دوای ئەوە چەند وەزیرێک بڕیاری دەست لەکارکێشانەوە یان ڕاگەیاند، بەو هۆیەوە میر عەبدولئیلا داوای لە ساڵح جەبری سەرۆک وەزیران کرد، دەست لە کار کێشانەوەی خۆی پێشکەش بکات. ئەنجام عەبدولئیلا، محەمەد سەدری ڕاسپارد تا کابینەی نوێ حکوومەت پێکبێنێت. هەروەها پەیماننامەکەش هەڵوەشایەوە.

**باسی سێزدەهەم: یاخیبوونی بەڕێوەبەری گشتی پۆلیس**

عەلی خالید حیجازی، ئەفسەرێکی سوپای عوسمانی بوو، پلە و پایەی وەزیفی لەناو دامەزراوەکانی حکوومەتی عێراق بەرز بۆوە تا گەیشتە پلەی بەڕێوەبەری پۆلیسی لیوای بەغدا، دواتر بە هۆی پەیوەندییەکانییەوە لەگەڵ

میر عەبدولئیلا لە کاتی ڕووداوەکانی مایسی ١٩٤١ پلەی بەرزبووەوە بۆ بەڕێوەبەری گشتی پۆلیسی عێراق.

ساڵی (١٩٥٠) کاتێک ئەنجوومەنی وەزیران گۆڕانی بەسەر داهات و تۆفیق سوەیدی بوو بە سەرۆک وەزیران و ساڵح جەبر بوو بە وەزیری ناوخۆ، پەیوەندییەکانی نێوان وەزیری ناوخۆ و بەڕێوەبەری گشتی پۆلیس ئاسایی نەبوو، بۆیە لەلایەن وەزارەتی ناوخۆ بڕیاری گواستنەوەی بۆ بەڕێوەبەری گشتی پۆلیسی لیوای سلیمانی دەرچوو.

کاتێک ناوبراو هەواڵەکەی پێ گەیشت، بڕیاریدا بەکارێک هەستێت وەزیری ناوخۆ دەرکرێت، دیارە بۆ جێبەجێکردنی پلانێکی داڕشت و لە کاتژمێری دوازدەی شەوی ١٢ی شوباتی ١٩٥٠ ڕووی کردە سەربازگەی هێزی پۆلیسی گەرۆک لەناوچەی ساڵحیەی شاری بەغدا، لە وێدا بڕیاری بە هێزێکی پۆلیسی دامەزراوەکەدا پلانەکە جێبەجێ بکەن.

سەرۆک وەزیران تۆفیق سوەیدی لە یادەوەرییەکانی خۆیدا نووسیویەتی:" **کاتژمێری دوازدەی شەو بەتەمابووم بخەوم، دەنگی تەلەفۆن بەرزبۆوە، کاتێک وەڵامم دایەوە، بەرانبەرەکەم دەنگی عەلی حیجازی بوو، لەشێوەی ئاخاوتنەکەی دیار بوو سەرخۆش بوو ... بە ئاشکرا و ڕوون پێمی ڕاگەیاندم ئەگەر ساڵح جەبر لە وەزیری ناوخۆ دوور نەخەنەوە ئەوا سبەی بە کودەتا هەڵدەستم بەرانبەرتان ... یەکسەر تەلەفۆنەکەشی داخست. بۆیە ڕاستەوخۆ منیش پەیوەندیم بە ساڵح جەبرەوە کرد، ئەوەی عەلی حیجازی پێمی ڕاگەیاندم گێرامەوە بۆی، داواشم لێیکرد ئەوەی پێویست دەکات پێی هەستێت، دواتر پەیوەندیم بە شاکر وادی وەزیری بەرگری کرد ئەویشم لە حاڵەتەکە ئاگادار کردەوە و داوام لێیکرد یەکسەر دەستگیری بکات**".

لە دەمی هەنگاوەکانی عەلی خالید حیجازی لە سەربازگەی ساڵحیە، هەردوو ئەفسەری پۆلیس شاکیر نوعمان و لەتیف سالم گومان لە هەڵسوکەوتی بەڕێوەبەری گشتی پۆلیس دەکەن و، سەرووی خۆیان ئاگادار دەکەنەوە و بڕیارەکەی جێبەجێ ناکەن. بەو هۆیەوە عەلی خالید حیجازی لە کاتژمێر سێ شەودا دەستگیر دەکرێت و بەرەو کۆشکی ڕیحاب بۆ لای عەبدولئیلا ڕەوانە دەکرێت.

بەڕێـوەبەری پڕوپاگەنـدەی گشـتی حکـوومەت بەهـۆی ڕووداوەکە ئاگادارینامەیەک بڵاوکردەوە، کە تێیدا هـاتبوو: "**بەهۆی دەرچوونی بڕیاری ئەنجـوومەنی وەزیـران سـەر لە ئێـوارەی دوێنـێ، تـایبەت بە گواسـتنەوەی بەڕێوەبەری گشتی پۆلیس عەلی خالید حیجازی، ناوبراو لەژێر کاریگەری ئەو بڕیارە هەوڵیدا هێز بەکاربهێنێت و بارودۆخی ئاسایی وڵات تێک بدات. بەپێی ڕێ و شـوێنەکانی حکوومەت نـاوبرا کە هـیچ پشتگیرییەکی نەبـووە، توانرا دەست بەسەر بارودۆخەکە بگیریت و ناوبراو دەسگیر بکرێت.**

١٤ی شـوباتی ١٩٥٠ بەپێـی نووسـراوێکی وەزارەتـی نـاوخۆی عەلـی خالید حیجازی ڕەوانەی دادگای سزادانی تایبەت کرا و داواش لە وەزارەتـی داد کرا ڕێکاری یاسای بەپێی مادەی (٨) و (٨٠) لە یاسـای سزادانی عێراق بەرانبەری بگیرێتە بەر. ئەنجام دادگا لە ٩ی نیسانی ی١٩٥٠ بڕیاری زیندانی بۆ عەلـی خالیـد حیجـازی دەردەچێت. لە نـاوەرۆکی بڕیـارەکەدا هـاتبوو:" **لە ئەنجامی وردبوونەوە لە بەڵگەکان و بابەتەکانی لێکۆڵینەوەی دادگایی، بۆمان دەرکەوت تاوانبـار لە شـەوی ١١-١٢ی شـوباتی١٩٥٠، کاتێـک بڕیـاری ئەنجوومەنی وەزیرانی بەدەست گەیشت بە گواستنەوەی بۆ وەزیفەیەکی دیکە، دەستی بەمەی خواردنەوە کردووە و وای دەربڕیوە لە وەزیفەکەی دەرکـراوە. دواتـر ڕووی لە سـەربازگەی پـۆلیس لە نـاوچەی سـەعدوون کـردووە و بڕیـاری کـۆکردنەوەی هێـزی پۆلیسـیداوە بە چەک و ئوتومبیلەکانیانەوە، داواشی لێکردوون بچنە سەربازگەی پۆلیس لە ناوچەی ساڵحیەی بەغدا. لەو شـوێنە دەسـتیکردووە بەدەرکردنـی فەرمانەکـانی بۆ بەشەکانی پۆلیس و ئەفسەرانی، داوای لێیان کردووە دەست بگرن بەسـەر چەند شوێنێکی شاری بەغدا، ئەگەر داواکەی بە دەرکردنی وەزیری ناوخۆ لە وەزارەت جێبەجێ نەکرێت. هەروەهـا دوو ئۆتۆمـۆبێلی چەکداریشـی ڕەوانە کردووە بۆ دەستگرتن بەسـەر دەزگای پۆسـتە و گەیاندنی ناوەندی. بەڵام بەهـۆی چەنـد هەوڵ و ڕێکارێـک لەلایەن بەرپرسـان بـۆ ڕێگـرتن لە جێبەجێکردنـی پـلانەکەی، هەروەهـا ئامـادەبوونی چەنـد کەسـایەتییەک و هەوڵدان بۆ ڕێگرتن لەو کارانە، کە بۆ جاری دووەم عەقید عوبید عەبدوڵلا چاوی پێکەوت و داوای لێدەکات لەبەردەم میر عەبدولئیلا ئامادەبێت، تاوانبار**

**ئامادە بوو سەربازگەی پۆلیس بەجێ بهێڵێت و لەگەڵ هێزەکەی عەقید عوبید بەرەو کۆشکی ڕیحاب بچێت، لەوێ خرایە ژێر چاودێری، دواتر باری نائاسایی لەلایەن سوپاوە هەڵگیراو ئۆتۆمۆبێلە چەکدارەکانی پۆلیس گەڕانەوە شوێنی خۆیان".**

لە دوای بڕیاری دادگا، تاوانبار داوای لە دەسەڵاتدارانی پەیوەندار کرد تاوانەکەی بە تاوانێکی سیاسی نائاسایی دابنرێت. لە ئەنجامی وردبوونەوەی دادگای تێهەڵچوونەوە لە ڕووداوەکە، دادگا لە ٦ی مایس بڕیاریدا بە هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری سزادان و دووبارە دادگایی کردنی. لە ١٧ی حوزەیران دووبارە تاوانبار دادگایی کرا و دواتر بڕیاری بە سێ ساڵ زیندانی بۆ دەرچوو. پاشان لە ١٦ی ئەیلوولی ١٩٥٠ کاتێک نووری ئەلسەعید وەزارەتی پێکهێنا بە فەرمانێکی کۆشکی شا، تاوانبار لە ٣٠ی تشرینی یەکەم لێبوردنی بۆ دەرچوو و لە زیندان ئازادکرا، بەوەش تاوانبار عەلی خالید تەنها ماوەی (٩) مانگ لە زیندان ماوەتەوە[٩٥].

**باسی چواردەهەم: ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٥٢**

سەرەڕای درێژەپێدانی سیاسەتی توندوتیژی و تۆقاندن، حیزبە سیاسییە عێراقییەکان درکیان بەوە کردبوو بارودۆخی سیاسی و ئابووری وڵات بەردەوام ڕووی لە دارمانە، بۆیە لە هەوڵی ئەوەدا بوون بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی کردار و هەڵسوکەوتەکانی حکوومەت بەرەیەکی نیشتمانی پێکبهێنن، بەڵام دواتر بۆیان پێک نەهات.

لەو قۆناغەدا بە مەبەستی بەشدارنەکردن لە هەڵبژاردنە گشتییەکان، کە وەزارەتەکەی مستەفا عومەری[٩٦] نیازبوو ڕێکی بخات، حیزبەکان بە جۆرێک

---

(٩٥) عبدالرزاق الحسني، تأريخ الوزارات العراقية، الجزء الثامن، ص١٥١.

(٩٦) مستەفا عومەری، ساڵی ١٨٩٧ لە مووسڵ لەدایکبووە، لە بەغدا کۆلێژی مافی خوێندووە، چەندین پلەو پایەی وەزیفەی حکوومەتی وەرگرتووە. ساڵی ١٩٣٠ بووە بە موتەسەڕیفی دیوانیە. ساڵی ١٩٣٧ وەزیری ناوخۆ بووە. ساڵی (١٩٥٢) بووە بە سەرۆک وەزیران. ساڵی ١٩٦٢ لە لەندەن کۆچی دوایی کردووە. د. حسن لطيف الزبيدي، موسوعة الاحزاب العراقية، ص ٤٧٧.

له یەکتر نزیک کەوتنەوە، بەڵام لە ئاستی خواست و داواکاری نێوانیاندا نەبوو.

هەلومەرجی سیاسی وڵات لەباربوو بۆ تەقینەوە و هەڵگیرساندنی ڕاپەڕین، ئەوەی چاوەڕوان دەکرا" تەنها یەکەم بڵێسەی ئاگرەکە بوو. دیارە مانگرتنی خوێندکارانی کۆلێژی دەرمانساز و کیمیا لە بەغدا، ئەو بڵێسەیە بوو، کە چاوەڕوان دەکرا.

نارەزایەتییەکانی خوێندکارانی کۆلێژی دەرمانسازی و کیمیا سەرەتا دەگەڕایەوە بۆ بڕیارێکی کارگێڕی کۆلێژەکە، کە دەربارەی ئەو خوێندکارانە دەری کردبوو، کە لە چەند وانەیەک کەوتبوون، بەپێی بڕیارەکە بە کەوتن لە هەموو بابەتەکان بۆیان هەژمار دەکرا، خوێندکارەکان دەبوو لە هەمان پۆلی خۆیاندا بمێننەوە. ئەوەش لە کاتێکدا بوو کە لە کۆلێژەکانی دیکە پێچەوانەی ئەو بڕیارە کاری پێدەکرا، بۆیە لە ئەنجامدا نارەزایەتی خوێندکارانی بە دوای خۆیدا هێنا و لە ٢٦ی تشرینی یەکەمی ١٩٥٢دا مانگرتنیان ڕاگەیاندن و باسی پیرەوکردنی سیستمی کۆنیان دەکرد.

ئەگەر چی هەردوو وەزارەتی مەعاریف و تەندروستی چەند هەوڵێکیاندا و هەندێک گۆڕانی سوکیان لە بڕیارەکەدا کرد، بەڵام خوێندکاران ڕازی نەبوون و درێژەیان بە مانگرتندا. ئەنجام دۆخەکە ڕووی لە پەرسەندن کرد و حیزبە سیاسییەکان دەستیان تێوەردا، کێشەکە گۆڕا بوو بە کێشەیەکی سیاسی. لەو بارەوە ڕێکخراوێکی خوێندکاران لەژێر ناوی (یەکێتی لاوانی نەتەوەیی) بەیاننامەیەکی بڵاکردەوە و تێیدا هاتبوو: "**پشت گوێ خستنی دەسەڵات بۆ داواکارییە نیشتمانییەکان، بەڵگەیەکی سەلمێنەرە لەسەر ئەقلییەتێکی کۆنەپەرستانەی زاڵ بەسەر ئەقڵی بەرپرسەکان، ئەو ئەقڵییەتە دژایەتی هەر کارێک دەکات مەبەستی چاکسازی بێت لە دۆخەکە و کۆتایی هێنان بێت بەو گەندەڵییەی باڵی کێشاوە بەسەر ژیانی گەل، دیارە ئەوەش بەهاندانی ئیستعمارە، بۆیە ئێمە خوێندکارانی پەیمانگا باڵاکان مانگرتنی خۆمان ڕادەگەینین تا داواکارییەکانمان جێبەجێ دەکرێن، کە بریتین لە: پیادەکردنی شێوەی هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆ، وەک بنەمایەک بۆ هەڵبژاردنە گشتییەکان. ئەنجامدانی ئەو چاکسازییە ناوخۆییانەی پێویستن بۆ پاراستنی**

**ئازادییە گشتییەکان، بەپێچەوانەوە ئەوە پەنا بۆ شێوازی دیکەی کارکردن دەبەین. یەکێتی لاوانی نەتەوەیی ٢٣ی تشرینی دووەمی١٩٥٤".**

دەزگا ئەمنییەکان نەچوونە ژێرباری ئەو داواکارییانە، ئەو هەڵوێست و کردارانەیان لا قبوڵ نەبوو، ئەوان ئەو کارانەیان وەک لەڕوو وەستانێک دانا بەرانبەر حکوومەت، بۆیە لەگەڵ کارگێڕی کۆلێژی دەرمانسازی و کیمیا ڕێککەوتن ڕێگایان بدەن تۆڵە لە خوێندکاران بکەنەوە و وانەیەکی باشیان لە لێدوان و ئازار پێگەیشتن فێربکەن. لە ئاکامدا هەندێک لە پیاوانی پۆلیس بەجلی مەدەنی خۆیان گەیاندە ناو کۆلێژەکە دەستیان کرد بە دەست درێژی و لێدانی خوێندکاران، دیارە خوێندکارانیش هاوکاری یەکتربوون، بەرەنگاری ئەوانە بوونەوە، لەو شەڕ و پێکدادانە ژمارەیەک خوێندکار بریندابوون لەناو کۆلێژ، ئیدی مانگرتنەکان درێژەیان پێدرا[٩٧].

شایەنی گوتنە، دوای ئەوە ڕەوشەکە گۆڕا، سنووری مانگرتن فرەوانتر بوو و کۆلێژ و پەیمانگاکانی دیکەی گرتەوە، دواجار خۆپیشاندان کەوتە سەر شەقامەکانی ناو شاری بەغدا، حکوومەت بۆ ڕێگرتن لەو کارە هێزی زۆری بەکارهێنا. کاتێک هێزی پۆلیسی خۆجیی توانای بەرەنگاری و بڵاوەپێکردنی خوێندکارانی نەبوو، وەزیری ناوخۆ بڕیاریدا هێزی پۆلیسی گەڕۆک بەکاربهێنێت بۆ چارەسەرکردنی بارودۆخەکە، بەمەش فەوجێک لەو هێزە هاتنە سەر شەقام و بەرەو ڕووی خوێندکاران بوونەوە و وێڕای توندوتیژی بەرانبەریان گازی فرمێسک ڕێژییان بەکارهێنا، بەو هۆیەوە ژمارەیەکی زۆر کوژران و برینداربوون. سەرچاوەکان لەو بارەیەوە ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن لەنێوان ڕۆژانی ٢٠ تا ٢٤ی تشرینی دووەمی ١٩٥٢ ژمارەی کوژراوان گەیشتوونەتە (٢٧) کەس، کە لە نێویاندا (٤)یان لە هێزەکانی پۆلیس بوون.

کاتێک بارودۆخەکە زیاتر ڕووی لە هەڵچوون و گرژی کرد، خۆپیشاندەران توانیان سنووری شاری بەغدا ببڕن بگەنە لیواکانی کەربەلا، نەجەف، حیللە، دیوانیە و بەسرە. ئەندام و سەرکردەکانی هەردوو حیزبی ئیستیقلال و حیزبی نیشتمانی دیموکراسی بەشدارایان تێیدا کرد. لە ئاست

---

(٩٧) لؤي توفيق السويدي، مذكرات توفيق السويدي، (لبنان، دون سنة الطبع)، ص ٤٣٠.

ئەو دۆخە و پەرەسەندنی ڕووداوەکان، سەرۆک وەزیران هیچ ڕێگایەکی لەبەردەم نەما تەنها دەست لە کار کێشانەوەی خۆی نەبێت، کە بۆ میر عەبدولئیلای بەرزکردەوە. بەمەش عەبدولئیلا، فەریق ڕوکن نورەددین مەحموود(٩٨) سەرۆکی ئەرکانی سوپای ڕاسپارد بە پێکهێنانی کابینەی نوێ حکوومەت.

دوای پێکهێنانی وەزارەت، بەپشت بەستن بە هێزی سوپا، کەوتەکار بۆ کۆتاییهێنان بە بارودۆخەکە، یەکەم کار پێی هەڵسا بڵاوکردنەوەی ئاگادارییەک بوو بۆ خەڵکی، کە تێیدا هاتبوو: "**بەهۆی ئەو ڕووداوانەی ئاسایش و دۆخی وڵاتی بەرەو مەترسی بردووە، ئەوا لەلایەن خاوەن شکۆ میر عەبدولئیلاوە ئەرکی پێکهێنانی حکوومەتم پێ سپێردراوە. بۆیە بەرپرسیاریەتی و بەڕێوەبردن و پاراستنی ئەمن و ئاسایشم لە ئەستۆدایە، داوا لە گەلی عێراق دەکەم پشتیگری من و سوپا بکات بۆ جێبەجێ گەیاندنی ئەو ئەرکە، داوا لە هەموولایەک دەکەم ئاسوودەیی و هێمنی وڵات بپارێزن**".

کابینەی تازە بەوەندە نەوەستا، بەڵکو باری نائاسایی ڕاگەیاند، تا ئەوەی کۆتایی بە بارودۆخەکە بێنێت. لەو چوارچێوەیەدا دادگایەکی عورفی بە سەرۆکایەتی زەعیم ڕوکن جەمیل عەبدولمەجید پێکهێنرا و زەعیم ڕوکن عەبدوللەتیف ئەمین بوو بە فەرماندەی سەربازی ناوچەکە. ئینجا حکوومەت کۆمەڵێک بڕیاری دەرکرد، وەک:

١. قەدەغەکردنی خۆپیشاندان و گردبوونەوە.
٢. قەدەغەکردنی هەڵگرتنی چەک.
٣. داخستنی بارەگای حیزبە سیاسییەکان.

---

(٩٨) نورەددین مەحموود، ساڵی ١٨٩٨ لە هەولێر لەدایکبووە، خوێندنی سەربازی لە ئەستەمبوڵ و بەغدا تەواوکردووە، بووە بە ئەفسەر لە سوپای عوسمانی، ساڵی ١٩٤٨ فەرماندەی سەربازی هێزی عێراق بووە لە فەڵەستین، لەنێوان (١٩٥٢ – ١٩٥٣) سەرۆکی ئەرکانی سوپا بووە. پاشان بووە بە سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران. ساڵی ١٩٨١ کۆچی دوایی کردووە. د. حسن لطيف الزبيدي، موسوعة الاحزاب العراقية، ص ٤٥٠.

٤. ڕاگرتنی دەرچوونی ڕۆژنامەکان[٩٩].

سەرەڕای بڕیارەکانی حکوومەت، مانگرتن و خۆپیشاندانەکان بەردەوام بوون. بۆیە سوپا بەرەو ڕووی خۆپیشاندەران بووەوە و تەقەی لێکردن، بەوەشەوە نەوەستان بڕیاری قەدەغەکردنی هاتووچۆ لە کاتژمێر (٦) ئێوارەوە تا (٦) بەیانی دەرچوو. پاشان بەهۆی زنجیرەیەک ڕووبەڕووبوونەوە و ململانێ و بەکارهێنانی چەک و توندوتیژی لە لایەنە سوپاوە، دۆخەکە ڕووی لە کپ بوونەوە کرد، توانرا بارودۆخەکە کونترۆڵ بکرێت..

سەرچاوەکان لە بارەی زیانەکان ئاماژە بە (١٨) کوژراو و (٤٨) بریندار لە ناوچەی باب ئەلشێخ دەکەن و دەستگیرکراوەکانیش بە نزیکەی (٢٠٠) کەس دەخەملێنن، کە لە نێویاندا وەزیر و ئەندام ئەنجوومەنی نوێنەران و ڕۆژنامەوان و سەرۆک حیزب و کەسانی دیکە تێدا بوون.

بە گشتی کۆی ئەوانەی لە ڕۆژانی خۆپێشاندانەکان دەستگیرکرابوون ژمارەیان (٢٩٩٩) کەس بوون. ئەوانە کە دواتر خرانە بەردەم دادگای عورفی، بڕیاری دادگا لە بارەیانەوە بەم شێوەی خوارەوە بوو.

١. دووانیان بڕیاری لە سێدارەدانیان لەسەر جێبەجێکرا.
٢. (٩٥٨) کەس بە ماوەی جیاواز زیندانی کران.
٣. (٥٨٢) کەس سزادانی دارایی جیاواز دران.
٤. (٢٩٦) کەس بە کەفالەت ئازاد کران.
٥. (١١٦١) کەس بڕیاری ئازاد بوونیان بۆ دەرچوو[١٠٠].

**باسی پازدەهەم: ڕووداوەکانی هەردوو بەندیخانەی بەغدا و کوت**

ساڵی ١٩٥٣ حکوومەتی عێراق بڕیاریدا بەدانانی چەند ئەفسەرێکی پۆلیس بۆ بەڕێوەبردنی بەندیخانەکان، بۆ ئەو مەبەستەش تاهیر زوبەیدی

---

(٩٩) محمد حديد، مذكراتي – الصراع من أجل الديمقراطية، ص٢٦١.
(١٠٠) عبدالرزاق الحسني، تاريخ الوزارات العراقية، الجزء الثامن، ص ٣٣٥؛ كاظم حبيب، لمحات من عراق القرن العشرين، الجزء الخامس، ص٤١١.

بوو بە بەڕێوەبەری گشتی و عەبدولجەبار ئەیوب بوو بە بۆ بەڕێوەبەری بەندیخانەی ناوەندی بەغدا و جیهاد جافیش بوو بۆ بەڕێوەبردنی بەندیخانەی کوت. ئەوانە کەسانێک بوون بە توندوتیژ و دڵڕەق بەرانبەر بە زیندانییەکان ناسرا بوون.

وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی بڕیاریدا بە گواستنەوەی زیندانیانی بەندیخانەی ناوەندی بەغدا بۆ بەندیخانەی نوێی بەعقوبە، لەو دەمەدا بەشی زۆری ئەوانەی لەم بەندیخانەیە بوون، ئەوانە بوون، کە بەهۆی بەشداریکردن لە ڕاپەڕینەکەی ساڵی ١٩٥٢ زیندانی کرا بوون. سەرچاوەکان لە بارەی بڕیاری گواستنەوەی بەندییەکان ئاماژە بۆ چەند هۆکارێک دەکەن، وەک:

١. دوورخستنەوەی زیندانییە سیاسییەکان لە شاری بەغدا و لە ڕووداوە سیاسی و خۆپیشاندانەکان.
٢. کەمکردنەوەی چاوپێکەوتنی نێوان زیندانیان و کەس و کاریان، بەهۆی دووری زیندانی بەعقوبە.
٣. هەڵوەشانەوەی ئەو دەسکەوتانەی زیندانییەکان بەهۆی مانگرتن و خۆپیشاندان بەدەستیان هێنابوو.

لە ڕاستیدا، زیندانییەکان بە بڕیاری گواستنەوەیان بۆ زیندانی بەعقوبە ڕازی نەبوون، لە بەرانبەریشدا دەسەڵات سوور بوو لەسەر گواستنەوەیان. هەر ئەوەش وایکرد بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکە پەنای بۆ بەکارهێنانی هێز ببات.

لەو قۆناغەدا، کە باری نائاسایی سەپێنرابوو بە سەر ناوچەکە و بزووتنەوەی سیاسیش بەرەو لاوازی هەنگاوی دەنا، بەندیخانەی بەغدا زیاتر لە (١٥٤) زیندانی سیاسی تێدا بوو و زۆربەیان سەر بە حیزبی شیوعی عێراق بوون، لەلایەن دادگا سەربازییەکان بڕیاری قورسییان بەسەردا سەپێنرا.

حکوومەت بۆ جێبەجێکردنی بڕیاری گواستنەوەی زیندانیان جێگری موتەسەڕیفی بەغدا و داود سەلمان بەڕێوەبەری بەندیخانەکەی ڕاسپارد. زیندانییەکان بەرگریان کرد و شەڕ و پێکدادانی لێکەوتەوە، لە ئەنجامدا (٨)

زیندانی کوژران و نزیکەی (٩٣) دیکەیان بریندار‌بوون. بەم شێوەیە توانیان زیندانییەکان بگوازنەوە.

کاتێک هەواڵی ئەو کوشتارە گەیشتە دەرەوەی بەندیخانە، بوو بە هۆی وروژاندن و هەڵچوونی خەڵک، ڕۆژنامەکان لە ناوخۆ و لە دەرەوەی عێراقدا ڕووداوەکەیان بڵاوکردەوە، حیزبە سیاسییەکان ناڕەزاییان دەربڕی و داوای لێکۆڵینەوەیان کرد و کەس و کاری زیندانیانیش خۆپیشاندانیان ئەنجامدا.

وەک پشتگیری بۆ زیندانیانی بەغدا، لە بەندیخانەی کوت زیندانیان بڕیاری مانگرتنیاندا. بەهەمان شێوە هێزێکی پۆلیس و پیاوانی ئاسایشی ڕژێم هێرشیان کردە سەر زیندانیانی ناو بەندیخانەکە و بەچڕی تەقەیان کرد، لە ئاکامدا (١٠) زیندانی کوژران و نزیکەی (٩٠) یشیان بریندار بوون.

ڕووداوەکان دەنگی ناڕەزایی لە شەقامدا بەرزکردەوە و حیزبە سیاسییەکان کەوتنە ناڕەزایی و دەرکردنی بەیاننامە و لەگەڵ ئەوەشدا داوای لێپرسینەوەیان لەبەرپرسانی ئەم ڕووداوانە دەکرد. ئەو کاردانەوەیە بە تێکرا بوون بە فشار و بەهۆیەوە جەمیل مەدفەعی سەرۆک وەزیران دەستی لە کار کێشایەوە[١٠١].

**باسی شازدەهەم: ڕۆڵ و کەسایەتی نووری سەعید**

نووری سەعید بە کاریگەرترین و دیارترین کەسایەتی عێراق دادەنرێت، لەبەر ئەوەی ناوبراو لە سەردەمی پاشایەتیدا ڕۆڵی گەورە و بەرچاوی گێڕاوە. نووری سەعید ناوی تەواوی نووری سەعید ساڵح-ە، ساڵی ١٨٨٨ لە شاری بەغدا لەدایکبووە. باوکی فەرمانبەرێکی بچووکی دەوڵەتی عوسمانی بووە. ناوبراو ساڵی ١٩٠٦ خوێندنگای سەربازیی لە ئەستەمبوڵ تەواو کردووە، ساڵی ١٩١١ لە کۆلێژی سەربازی وەرگیراوە و بەشداری لە جەنگی ناوچەی بەلقانی کردووە. نووری سەعید هەڵگری

---

(١٠١) د. كاظم حبيب، الاستبداد والقسوة في العراق، (السليمانية، ٢٠٠٥)؛ عبدالزراق الحسني، تاريخ الوزارات العراقية، الجزء التاسع، ص ٤٠-٤٥؛ جريدة اليقظة العراقية، العدد (١٥٨٨)، (بغداد، ١٩٥٢/١١/٢٣).

بیروباوەری عەرەبچێتی بووە و بە هۆیەوە بەیەکێک لە کۆڵەکە سیاسییەکانی عێراق و عەرەب دەژمێردرێت. ناوبراو بەشداری لە دامەزراندنی کۆمەڵەی گەلان و نەتەوە یەکگرتووەکان و کۆمکاری عەرەب کردووە و خواستی ئەوەی هەبوو ببێت بە سەرۆکی کۆمکاری عەرەبی. سەعید لەگەڵ ئەوەی هەستی نیشتمانپەروەری بەرزبووە، لایەنگری سیاسەتی ڕێککەوتن و ئاشتەواییش بووە لەگەڵ بریتانیاکاندا.

نووری سەعید وەک ئەفسەرێک سەرەتا لە ناو سوپای عوسمانی کاری کردووە و بەشداری لە شەڕەکانی ناوچەی قرم لە دەریای ڕەش کردووە. دوای تێکشانی عوسمانییەکان، نووری سەعید بە پیادە و بە سواری وڵات گەڕاوەتەوە عێراق و پەیوەندی بە کۆمەڵەی عەهد کردووە. پاشان بەشداری لە شۆڕشی گەورەی عەرەبی ساڵی ١٩١٦ دەکات.

ساڵی ١٩٢٠ نووری سەعید وەک ئەندامی ئەنجوومەنی دامەزراندن دەستنیشانکرا، پاشان بووە بە ڕاوێژکاری فەیسەڵی یەکەم. دەکرێت بوترێت نووری سەعید ئەندازیاری سیاسەتی گشتی عێراق بوو لەوە بەدواوەی تا ساڵی ١٩٥٨.

خاتوو بێل لە چاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ نووری سەعید، نوسیویەتی: "**ئێمە لە ئاست هێزێکی گەورەین، کەسێکی نەرم و ئارام، بەرانبەر هەڵوێستەکانی وەستاین، پێویست دەکات لەسەرمان ئێمەی بەریتانییەکان بەیەک دەست لەگەڵ ئەو هێزە کار بکەین، ئەگەر نا ئەوا لە ململانێیەکی توونددا بەرەوڕووی دەبینەوە دژوارە سەرکەوتنی تێیدا بەدەست بهێنین**".

بە بڕوای بیتەرسۆن باڵیۆزی بریتانیا لە بەغدا نووری پاشا نهێنییەکی گەورەیە، چونکە لە دوای ساڵی ١٩٢٧ ڕازیکردنی بووەتە کارێکی دژوار.

نووری سەعید دیپلۆماتکارێکی پلە یەک بووە، بە زمانێکی ئینگلیزی ڕەوان قسەی کردووە، لە ڕوخساردا ڕاست دەرکەوتووە، خۆڕاگر و دڵڕەق بووە لە کاتی پێویستدا، هەڵسوکەوتی توندوتیژی هەبووە، میزاجێکی هەڵچونی لێ بەدیارکەوتووە. دەوترێت زۆر تێکەڵی ململانێ و ناکوکییەکان دەبوو، ئەگەر بیویستایە بگاتە ئامانجێک یاخود کار بۆ ڕێبازێکی سیاسی بکات ئەوا زوو هەڵنەدەچوو. لە نەیارەکانیدا ڕەخنەی توندی سووتێنەریشی

قبــوڵ دەکــرد. لە کــاتی گفتوگۆکــانی لە هەنــدێک جــۆرە بــاس و بــابەت، مەبەســتەکانی ئاشکرا نەدەکردن و لایەنــی شــاراوە و لێڵــی بەســەرەوە بــوو. بیروبۆچوونەکانی چەند ئەگەرێکی بەخۆوە دەگرت، یان ناکۆک بوون، لەوەدا مەبەســتی ســەرلێشــێوانی بەرانــبەرەکەی ڕاکێشــانی بــوو بــۆ ئاشــکرا کردنــی ویست و بیروباوەڕەکانی.

لە ڕاســتیدا نــووری ســەعید کەســێکی بە پــێچ و پەنــابوو تــاڕادەیەکی دەگمەن، دەیزانی چۆن سوود لە دەرفەت و دۆخە گۆڕاوەکان وەربگرێت و بۆ ئامانجەکــانی بەکاریــان بێنیــت. ئەو کەســێکی پڕاگمــاتیکی بــوو، بــاوەڕی گەورەی بەو بنەمــایە هەبــوو، کە میکــاڤیلی پشــتی پێــی دەبەســت لە کــاری سیاسدا، بەڵکو میکاڤیلییەکی خۆرسک بوو، باوەڕی وابوو ئامانج بیانووە بۆ ئەو هۆکــارانەی بەکــاری دەهێنێت، کــاتی بڕیــاردانی بە باشــی هەڵــدەبژراد و دەیزانی چۆن هەلی بەنرخ لە دەس نەدات بۆ بەهێزکردنی هەوڵەکانی. ئەو لە ژیانی خۆیدا پێڕەوی بنەمایەکی تایبەتی دەکرد، کەپێیێ دەوترێت (وەگرە و داوای هی تربکە) (١٠٢).

نووری سەعید لە حکومڕانیدا هێز و دەسەڵات و تواناکانی پشتی بە چەند سەرچاوەیەک دەبەست لەوانە:

١. پشتگیریکردنی بریتانییەکان.

٢. دامەزراوە فەرمییەکانی دەوڵەت، کە خۆی ڕۆڵی سەرەکی هەبوو لە لە دروستکردنیاندا.

٣. هێزی عەشائیری عێراقی، کە بەشێکی گەورە پشتگیریان دەکرد.

٤. ڕۆڵی لە ناو سوپا و سەرکردایەتیکردنی بۆ ئەو دامەزراوەیە لە چەند قۆناغێکدا.

٥. خزمایەتی و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان.

٦. درێژەپێدانی دەسەڵاتی.

---

(١٠٢) د. حسن لطيف الزبيدي، موسوعة الاحزاب العراقية، ص٤١٣.

نووری سەعید لە ماوەکانی دەسەڵاتی وەک سەرۆک وەزیرانی عێراق، زنجیرە سەردانێکی ئەنجامداوە بۆ وڵاتانی ناوچەکە بەتایبەتی تورکیا و لوبنان و سوریا، لە هەمان کاتدا سەردانە بەردەوامەکانی بۆ بریتانیا و ڕێکخستنی پەیوەندییەکان لەنێوانیاندا. نووری سەعید لە ماوەی سەردەمی پاشایەتی (١٤) جار بۆتە سەرۆکی وەزیران و لەو کارانەی بەشداری گەورەی تێدا کردووە:

١. دامەزراندنی کۆمکاری عەرەبی ساڵی ١٩٤٥.
٢. کارکردن بە ئامانجی بە عەرەبکردنی ناوچەی کەرکووک.
٣. گرێدانی پەیماننامەی بەغدا ساڵی ١٩٥٥.
٤. یەکێتی هاشمی لەنێوان ئوردن و عێراق ساڵی ١٩٥٨.

نووری سەعید بە دڵسۆزی و بەتووندی پشتی بە دەوڵەتانی ڕۆژئاوا بە تایبەتی بریتانیا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەستووە، بەو هۆیەوە زۆر بەتووندی دژی ڕێبازی کۆمونیستی و حیزبی شیوعی بووە، لەگەڵ پەیوەندی دبلۆماسی لەگەڵ یەکێتی سوڤییەتدا نەبووە[١٠٣].

---

(١٠٣) عبدالوهاب الكيالي، موسوعة السياسية، الجزء السادس، الطبعة الثالثة، (بيروت، ١٩٩٥)، ص٦٣٣؛ د. كاظم حبيب، لمحات من عراق القرن العشرين، الجزء الخامس، ص٤٣١؛ عقيل الناصري، من اوجة الصراع السياسي في الجمهورية الاولى، (بغداد، ٢٠١٧)، ص٤٣٧.

# بەشی دووەم

# سەردەمی کۆماری (١٩٥٨—٢٠٠٣)

## تەوەری یەکەم: کۆمەڵگای نوێی عێراقی شیکردنەوەیەکی گشتی

خاکی عێراق یەکەیەکی جیۆلۆجی یەکگرتووی پەتی و تەواوی نییە، ئەو وڵاتە لەڕووی جوگرافییەوە لە سێ ناوچەی جیاواز پێکهاتووە. ناکرێت بوترێت لە عێراقدا کۆمەڵگایەک هەیە ناوی نەتەوەی عێراقە. لەبەر ئەوەی هیچ جۆرە هاوکارییەکی پابەندبووی باوی ڕیشەیی تێیدا بەدی ناکرێت تا چین و توێژ و کۆمەڵە جیاوازەکانی ئەو کۆمەڵگایە بەیەک ببەستێتەوە. یاخود بە دیوێکی دیکە هیچ پەیوەستییەک نییە، کە کاریگەری یەکلاکەرەوەیان هەبێت بەسەر ڕێرەوی ژیانی مرۆڤەکان لە ڕووی سیاسییەوە.

دوای سێ ساڵ لە جەنگی یەکەمی جیهانی دەوڵەتێک لە وڵاتی نێوان دوو ڕووبارەکە ناوی لێنرا عێراق دامەزرا، دواتریش سیستمی ئینتیدابی لەژێر چاودێری بریتانیا بەسەردا سەپێنرا.

ڕەگەزە کۆمەڵایەتییە بنچینەییەکان لە عێراقدا بریتیین لە: عەرەبی سوننە، کە ڕۆڵی کاریگەریان لە بەڕێوەبردن و حکومڕاندا بنیوە، عەرەبی شیعە، کە کۆمەڵگایەکی گەورە لە بەغداوە بەرەو باشوور پێکدێنن. بە دوای ئەوانەدا کورد دێن، کە لە ناوچەکانی باکوور و باکووری ڕۆژهەڵات هەن و لە سەرووی زنجیرە شاخەکانی حەمرین نیشتەجێن. بەدەر لەوانە ئاماژەمان بۆ کردن، کەمایەتی دیکەی وەک: تورکمان، کلدان و ئاشوور هەن(١٠٤).

دوای ئەوەی ساڵی ١٩٣٢ سیستمی ئینتداب کۆتایی هات، عێراق بووە دەوڵەتێکی سەربەخۆ و ئەندام لە کۆمەڵەی گەلان، ئەوە لە کاتێکدا بوو، کە پێشووتر بە هاوکاری بریتانییەکان ویلایەتی مووسڵ (باشووری کوردستان) بە عێراقەوە لکێنرا بوو، هەروەها مافی دۆزینەوە و دەرهێنان و فرۆشتنی نەوتەکەی ناوچەی کەرکووکی درابوو بە چەند کۆمپانییەکی بیانی، ئینگلیزەکان لەوەدا پشکی شێریان بەرکەوتوو بوو.

دەسەڵاتدارانی دەوڵەت لە پاشا بەرەو خوار، کە بریتی بوون لە شێخ و سەرۆک تیرە و عەشیرەتەکان پێگەیەکی کۆمەڵایەتییان بۆ دیاری کرا بوو،

---

(١٠٤) حنا بطاطو، العراق؛ الطبقات الاجتماعية والحركات الثورية، الكتاب الاول، ص٦٣-٢٥٢.

بەهۆیەوە مافی دەستگرتنیان بەسەر زەوی و زاری ناوچەیەکی بەرفرەوانی عێراقییان هەبوو.

بریتانییەکان لەسەر خاکی عێراق چەند بنکەیەکی سەربازی دروستکرد بوو و توانیبووی کار لە کاروباری سیاسیی عێراق بکات، ئەوە سەرباری ئەوەی عێراق وەکو دەوڵەت بە چەند پەیماننامەیەکی سیاسیی و سەربازی نێودەوڵەتیی لە نموونەی پەیماننامەی بەغدا بەسترا بووەوە.

عێراق لە ڕووی ئابوورییەوە، بە درێژایی سەردەمی پاشایەتی، پەرەسەندنێکی سنورداری بڕی بوو. بە گشتی ئابووری عێراق لەو سەردەمەدا بەچەند خەسڵەتێک دەناسرێتەوە:

١. پاشکۆیەتی تەواو بۆ ئابووری بیانی، بە تایبەتی لە هەردوو کەرتی نەوت و دراودا.
٢. نا هاوسەنگی و بێ سەروبەری لە پێکهاتە ئابوورییەکان و نەبوونی پلان بە تایبەتی لە کەرتی پیشەسازی و زاڵبوونی کەرتی کشتوکاڵی.
٣. ڕۆڵی دامەزراوەی ئاوەدانکردنەوە: ئەو دامەزراوەیە لەسەر داوای بانکی نێودەوڵەتی دامەزرا بوو، دواتر پەرەی سەند بوو ببوو بە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە (الاعمار)، ئەرکی سەرەکی ئەو وەزارەتە گرتنە ئەستۆی ئاراستەکردنی دەرامەتەکانی دەوڵەت بە تایبەتی داهاتی نەوت بوو. بەپێی ڕاپۆرتی ساڵانەی بانکی نێودەوڵەتی تێکڕای داهاتی ساڵانەی تاک لە دەوروبەری (٣٠) دیناری عێراقی بوو، کە دەیکرد (٨٤) دۆلاری ئەو سەردەم[١٠٥].

دەسەڵاتی سیاسیی لەو وڵاتە تا ساڵی ١٩٣٢ لە دەست کۆمەڵێکی بچووک لە چەند خێزانێکی عەرەبی سوننە و بنەماڵەی دەست ڕۆیشتوو بوون. بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی ئەو بنەماڵانە وایان پێویست دەکرد پارێزگاری لە یەکتری بکەن.

---

(١٠٥) ليث عبدالحسين الزبيدي، ثورة ١٤ تموز في العراق، الطبعة الثانية، (بغداد، ١٩٨٢)، ص ٢٨.

سەرکردە سیاسییە بە ناوبانگەکانی ئەو سەردەمە بریتی بوون: یاسین هاشمی، ڕەشید عالی گەیلانی، کامیل چادرچی، نووری سەعید، جەعفەر ئەبوتمەن و جەعفەر عەسکەری. ئەوانە زۆر لە خەمی ئەوەدا بوون چین و توێژە کۆمەڵایەتییە نوێیەکان لە موڵکدار، گەورە بازرگانەکان، ئەوانەی لە نێو دەزگا کارگێڕییەکان کاریان دەکرد، کە بۆرژوازی گەورە بوون و ڕوویان لە هەڵکشان و بەهێزبوون بوو.

ڕۆڵ و کاریگەری سوپا زیاتر لە سییەکان دەستیپێکرد، بەتایبەتی دوای ئەوەی لە کاروباری سیاسیدا بەکاردەهێنران دژی خۆپیشاندان و ڕاپەڕینە جەماوەرییەکان، ئەوە لە لایەک، لە لایەکی دیکەوە بەکاردەهێنران وەک فشار بۆ ڕووخاندنی حکوومەت و گۆڕانکارییە سیاسییەکان. ئەوە سەرباری ئەوەی هەمیشە ئامادەبوون بۆ دژایەتی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد.

لەو قۆناغەدا یەکێک لە گۆڕانکارییەکان، کە هاتە ئاراوە، دەرکەوتنی ڕۆڵی سەرۆک عەشیرەت و شێخی تیرە و هۆزەکان بوو لە دونیای سیاسەتدا، ئەوەش دوای ئەوەی هەوڵیاندا خۆیان لە پیاوانی دەسەڵات و سیاسەتمەدارانی ناو حیزبەکان نزیک بکەنەوە، ئەنجام ئەو دیاردەیە هەم کاریگەری هەبوو لەسەر بونیاد و پێکهاتەی هۆز و عەشیرەکان، هەمیش لەسەر شێوازی دەسەڵات لەناو عەشیرەتەکاندا، بۆیە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان ڕووی لە گۆڕان و لەقبوون کرد(١٠٦).

هەندێک سەرمایەدار لە شارەکاندا دەستیان کرد بە وەبەرهێنان لە گوندەکاندا، حکوومەت بۆ ئەو مەبەستە کەوتە پشتگیری بەهێزبوونی دەسەڵاتی سەرۆک و شێخی تیرە و هۆزەکان، لەبەرئەوەی زۆرێک لەوانەی لە شارەکاندا نیشتەجێبوون برێکی زۆر پارەیان خستە وەبەرهێنانەوە.

هەر لەبواری پەرەسەندن و گۆڕانەکانی سەردەمی پاشایەتی، سێ فاکتەری نوێ ڕۆڵیان دەرکەوت، ئەوانیش: پەرەسەندنی هاتووچۆ و گەیاندن

---

(١٠٦) د. كاظم حبيب، لمحات من عراق القرن العشرين، الجزء الخامس، ص١٠٨.

(بەهـۆی هێڵـی شـەمەندەفەرو بەنـدەرەکان)، وەبەرهێنـانی نەوت لە نـاوچەی کەرکووک و دروستکردنی بەنداو لەسەر ڕووبارەکان.

هەمـوو ئەو فـاکتەرانە بەیەکەوە ڕۆڵیـان هەبـوو لە دەرکەوتنـی چینـی کرێکاری کرێگرتە، لە دوایشدا بوونی سـەندیکاکان و سـەرهەڵدانی مـانگرتن و خۆپیشـاندانەکان. هەر لە هەنـاوی ئەو چینە شـارییە، ئەو بۆرژوازە لاویـیەی پەیوەست بە بازاڕ و بە پیشەدارە بچووکەکانی شـار، چەند سیاسـەتمەدارێک سـەرکەوتن بەرەو پـێگە کـۆمەڵایەتییە سیاسـییەکان، کە هەڵگـری بیـرۆکەی چاکسازی بوون.

لەنێـوان سـاڵانی (١٩٤٥-١٩٥٨) ژمـارەی (٢٤) وەزارەت بەدوای یەکـدا پێکهاتن، زۆربەیان لەهەمان خودی ئەو گروپ و لایەنە سیاسـییان بـوون. لەو مـاوەیەدا چەندین حیزبی سیاسیی دامەزران، چـالاکی دیاریـان بینی، لە وانە: حیزبـی ئیسـتقلال، حیزبـی نیشـتمانی دیموکراسـی، حیزبـی گەل، حیزبـی یەکگرتووی نیشتمانی، حیزبی بەعس عەرەبی ئیشـتراکی، پـارتی دیمـوکراتی کوردستان.

لەسەر ئاستی سیاسـیی، بەشێک لە عێراقییە هەژارەکان ئەوانی، کە لە گوندەکان نیشتەجێبوون و ئەوانی کرێکاری پڕۆژە گەورەکان بوون، ئەوانە بەقوڵی درکییان بە کەموکوڕییەکـانی ڕژێم دەکرد، بە گومـان بوون بەرانبەر سەروەری نیشتمان، کە گرینگ بوو لایان، ئەو سەروەری و سـەربەخۆییە بۆ وڵات ببـووە ئامانجیـان، هەروەهـا چاکسـازییە کـۆمەڵایەتی و ئابوورییەکـان جێگای گرینگی و بایەخ پێدانیان بوو.

سـامان و دەرامەتـی وڵات بەشـێوەیەکی تـایبەت لەژێـر دەسـتی چەنـد خێزانێـک بـوو، ئەوانە داهـاتی نیـوەی زیـاتری کۆمپانیـا تایبەتییەکانیـان (بازرگـانی و پیشەسـازی) لەژێـر دەسـتدا بـوو، دوای ئەوان سـامانـدارەکان لە خاوەن موڵک و زەوی زاری کشتوکاڵی دەهاتن، هەروەها پایەدارە ئاینییەکان

و کەسایەتی و پیاو ماقوڵانی شار و گوندەکان، ئینجا بازرگان و پیشەدارانی شارەکان[١٠٧].

ئەو گۆڕانە کۆمەڵایەتیی و سیاسیی و ئابوورییانەی ڕوویاندا لەنێوان (١٩٢٠-١٩٥٨) لەگەڵ گەورەییان (بەشێوەیەکی ڕێژەیی) ئەو ڕاستییە نەشاردەوە، کە ژمارەیەکی گەورەی خەڵکی ئەو کۆمەڵگایە، تێکەڵی ژیانی دەوڵەتی و سیاسەت نەبوون و نابن.

جێی خۆیەتی بوترێت سەرەتاکانی سەدەی بیستەم سەرەڕای ئەو توێژە خوێندەوارە نەریتگەرییەی هەبوون، بە هۆی کار لەیەککردنی چەند هۆکارێکی بابەتی و خودی، زەمینەیەک ڕەخسا بۆ دەرکەوتنی چەند هێزێکی ڕۆشنبیری نوێ. ئەو توێژە نوێیە هەڵگری خەسڵەتی گۆڕان بوون و دابەش ببوون بەسەر چوار بەشدا.

١. خوێندەوارە لیبراڵەکان ئەوانی لە قوتابخانە تازەکان خوێندنیان تەواو کردبوو.
٢. ئەو ئەفسەرانەی لە ناو سوپای عوسمانی کاریان کرد بوو پاشان گەڕابوونەوە عێراق.
٣. هەندێک لە دانیشتوانی شار و خوێندەوارانی نەوەی کۆن.
٤. بەشێک لە بازرگانی شارەکان.

بە گشتی کۆمەڵگای عێراق دابەش ببوو بەسەر چەند بەشێکی ئەتنی، ئاینی، تائیفی، لە نێو ئەوانەشدا سێ گروپی سەربەخۆ و ناتەبا لەگەڵ یەک، کە پاشماوە کلتوورییەکانیان درێژە پێدەری ژیانی کۆچەری بوون، بریتیبوون لە دانیشتوانی شار، دانیشتوانی گوند و دێهات (جوتیار و گشتیار) و کۆچەری بیابانەکان، ئەم بەشەی دواییان ڕوو لە کەمبوونەوە و نەمان بوون و تێکەڵ بە ژیانی دوو بەشەکەی دیکە ببوون، بەڵام کلتوور و نەریتیان ئاسەواری بەسەر ژیانی هەردوو بەشەکەی دیکەدا بەجێهێشتبوو.

---

(١٠٧) احلام حسين جميل، الخلفية السياسية والاجتماعية للاوضاع التي كان يطبق في ظلها دستور عام ١٩٢٥ في العراق، (الدار العربية للموسوعات، ١٩٨٦)، ص١٥؛ اوريل دان، العراق في عهد قاسم، ترجمة: جرجيس فتح الله، الطبعة الثالثة، (اربيل، ٢٠١٢)، ص١٥.

سـالّی ١٩٥٧ سـەرژمێرییەکی فـرەوان و هەمەلایەن لە ڕووی زانیارییەکانەوە بۆ دانیشتوانی عێراق ئەنجامدرا، بەپێی ئەو سەرژمێرییە کۆی دانیشـتوانی عێراق لە (٦،٥) ملیۆن کەس زیاتر بوون. ئەو ژمارەیە لە ڕووی نەتەوەییەوە بەم شێوەیەی خوارەوە دابەش ببوون:

١. عەرەب (٥،٠١٨،٦٩٢) کەس.
٢. کورد (١،٠٤٢،٧٧٤) کەس.
٣. تورکمان (٠،١٣٦،٨٠٦٠) کەس.
٤. کلد و ئاشوور (١٠٠٠٠٠) کەس.

بەلاّم لە ڕووی ئـاین و ڕێبـازە ئاینییەکـانەوە، بەم شـێوەیەی خـوارەوە بوون:

١. ئیسلام (٦،٠٧٥،٤٤٢) کەس.
٢. مەسیحی (٠،٢٠٦،٢٦٠) کەس.
٣. جولەکە (٠،٠٠٤،٩٠٦) کەس.
٤. ڕێبازەکانی دیکە (٠،٠٥٦،٩٢٤) کەس(١٠٨).

---

(١٠٨) حنا بطاطو، العراق؛ الطبقات الاجتماعية والحركات الثورية، الكتاب الاول، ص٦٣-٢٥٢.

## باسی یەکەم: هۆکارەکانی شۆڕشی ١٤ی تەمووز

زاناکانی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان، پێناسەی زۆر و جۆراوجۆریان بۆ زاراوەی شۆڕش دارشتووە، دەکرێت ئەو بیرۆکە جیاوازانە لەچەند دێرێک کۆبکەینەوە بڵێین: شۆڕش گۆڕانێکی جۆرایەتییە لە ژیانی سیاسیی و ئابووری و هزری کۆمەڵگادا، کە بە ڕووخاندنی سیستمی کۆنی دارماو و سەرکەوتنی سیستمێکی کۆمەڵایەتی نوێی زیاتر پێشکەوتوو لە ڕێگای بەرپاکردنی ململانێیەکان و یەکلاکردنەوەیان بۆ بەرژەوەندی لایەنی پێشکەوتوو، دێتە دی.

دیارە هەر شۆڕشێک چەند ڕەهەندێکی هەمەلایەن و تەواوکەری هەیە، کە ڕەنگدانەوەیان دەبێت بەسەر بوارە جیاوازەکانی چالاکی و پەیوەندییەکانی نێوان خەڵک. لە بەرپاکردنی شۆڕشدا، هۆشیاری و ڕێکخستنی سیاسیی و بەها هزری و ڕۆشنبیرییەکان ڕۆڵی گرینگ دەگێرن بۆ ڕووتکردنەوە و شەرمەزارکردنی سیستمی کۆن، هەروەها ئاماژەکردن بە گرینگی تێکۆشان لەپێناو گۆڕینی ئەو سیستمە کۆنە و بونیادنانی سیستمی نوێی کۆمەڵایەتی، لەبەرئەوەی هەر قۆناغێکی مێژوویی نوێ لە دایکبووی قۆناغی پێشووتری کۆمەڵگایە.

ئەو ڕاپەڕینە چەکدارییەی ئەفسەرانی ئازادیخواز پێی هەڵسان لە بەرەبەیانی ڕۆژی ١٤ی تەمووز ١٩٥٨دا، یەکەمین هەوڵ نەبووە لەو جۆرە، بەڵکو چەندین هەوڵی دیکە و پلانی تر داڕێژرا بوو بۆ کۆتایی هێنان بە ڕژێمی پاشایەتی، بەڵام هەلومەرجی جێبەجێکردنیان لەبار نەبوو[١٠٩].

---

(١٠٩) ليث عبدالحسين الزبيدي، ثورة ١٤ تموز في العراق، ص ١٦١؛ علي جاسم الواد، القائد المجهول لثورة ١٤ تموز ١٩٥٨، الطبعة الاولى، (بغداد، ٢٠١٩)، ص٨٥؛ اشراف عبدالوهاب الكيالي، موسوعة السياسية، الجزء الاول، الطبعة الرابعة، (بيروت، ١٩٩٤)، ص٨٧٥.

١. ساڵی ١٩٤٩ یەکەمین هەوڵ بۆ گۆڕینی سیستمی پاشایەتی لە کاتی ئاهەنگێران بەبۆنەوەی گەڕانەوەی چەند یەکەیەکی سوپا لە وڵاتی فەڵەستین درا. ئەوانەی پلانەکەیان دارشت بوو چەند ئەفسەرێک بوون دواتر پەیوەندییان بە بزووتنەوەی ئەفسەرانی ئازادیخواز کرد. ئەو هەوڵە جێبەجێ نەکرا بە هۆی ئامادەنەبوونی هەریەک لە: فەیسەڵی دووەم پاشای وڵات، میر عەبدولئیلا و نووری سەعید) بە هۆکاری جیاواز جیاواز لە کاتی دیاریکراودا.
٢. ساڵی ١٩٥٠ هەوڵێکی دیکە درا، بەڵام ئەویش بە هۆی ئامادەنەبوونی نووری سەعیدی سەرۆک وەزیران لە کاتی دیاریکراودا، پلانەکەی جێبەجێ نەکرا.
٣. ساڵی ١٩٥٦ عەبدولوەهاب شەواف[١١٠] فەرماندەی فەوجی (٣) لە لیوای (١٤) دوای دەست درێژییە سێ قۆڵییەکە بۆ سەر وڵاتی میسر، پلانی ڕاپەڕینێکی چەکداری بە هاوکاری کۆمەڵە ئەفەسەرێکی دیکە دارشت، ئەویش بە سوود وەرگرتن لەو کاتەی، کە سوپا لە ناوچەی حەمرین خەرکی ڕاهێنانی سەربازی دەبێت، بەڵام لەبەر چەند هۆیەک ئەو هەوڵەش پشت گوێ خرا.
٤. ١٤ی کانوونی یەکەمی ١٩٥٦ پلانێکی دیکە لە کاتی گەڕانەوەی لیوای (١٩)ی سوپای عێراق بە فەرماندەی زەعیم عەبدولکەریم قاسم بۆ ئەنجامدانی ڕاپەڕینێکی سەربازی لە ناوچەی (H3) کێشرا، بەڵام بە هۆی ئامادەنەبوونی نووری سەعید کارەکە هەڵوەشایەوە.

---

(١١٠) عەبدولوەهاب شەواف، ساڵی ١٩١٦ لە بەغدا لەدایکبووە، ئەفسەرێکی سوپای عێراق بووە، دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ بە فەرماندەی سەربازی ناوچەی مووسڵ دانراوە، لە مارتی ١٩٥٩ بە کاری یاخیبوون دژی حکوومەتەکەی عەبدولکەریم قاسم هەڵساو و بەو هۆیەوە کوژراوە. د. حسن لطیف الزبیدي، موسوعة الاحزاب العراقية، ص ٤٢٩.

٥. لە تشرینی یەکەمی ١٩٥٧ لیژنەی باڵای ئەفسەرانی ئازادیخواز بڕیاریدا جوڵانەوەیەکی چەکداری ئەنجام بدەن بۆ کۆتایی هێنان بەڕژێمی پاشایەتی، ئەو کارە کاتەکەی وادانرابوو لە کاتی مەشق و ڕاهێنانی یەکە سەربازییەکان لە ناوچەی ڕەواندز-بێخاڵی پارێزگای هەولێر بە سەرکردایەتی عەبدولسلام عارف جێبەجێ بکرێت، بەڵام دیسان بەهۆی ئامادە نەبوونی هەریەک لە میر عەبدولئیلا و نووری سەعید جێبەجێ نەکرا و دواخرا.

٦. لە ڕۆژی ٦ کانوونی دووەمی ١٩٥٨ لیژنەی باڵای ڕێکخستنی ئەفسەرانی ئازادیخواز، بڕیاری ئەنجامدانی شۆڕشیدا، ئەوەش هاوکات بوو لەگەڵ ئاهەنگێران بەبۆنەی دامەزراندنی سوپای عێراقدا. ئاهەنگەکە لە سەربازگەی ڕەشید لە پارێزگای بەغدا بەڕێوە دەچوو. بڕیاربوو لیوای (١٩) بە فەرماندەیی زەعیم ڕوکن عەبدولکەریم قاسم، کە بەشداری ئاهەنگ دەکات بەو کارە هەڵسێت، بەڵام بەهۆی کەمتەرخەمی و هاوکاری نەکردنی وەک پێویست لەلایەن عەقید عەبدولڕەحمان عارف(١٩١٦-٢٠٠٧)، کە فەرماندەی یەکەیەکی سەربازی بوو، کارەکە پشت گوێخرا.

٧. کۆمەڵە ئەفسەرێک لە ماڵی ڕائید حسەن موستەفا نەقیب کۆدەبنەوە پلانی کودەتایەکی سەربازی دادەرێژن و دەستنیشانی شەوی ١٢/١١ی مایسی ١٩٥٨ دەکەن. بەڵام بەهۆی جیاوازی بیروڕا لەنێوان ئەفسەرانی پلە بەرزی ڕێکخستنی ئازادیخوازان، لە وانەش خودی عەبدولکەریم قاسم هەوڵەکە سەرکەوتوو نەبوو.

٨. بەبۆنەی تێپەڕبوونی (٢٥) ساڵ بەسەر دامەزراندنی کۆلیژی ئەرکانی سوپای عێراق، بڕیاردرا بوو بەسازدانی ئاهەنگێک لە ٢٩/مایسی/١٩٥٨، بەو هۆیەوە لیژنەی باڵای ڕێکخستنی ئەفسەرانی ئازادیخواز بڕیاریاندا ئەو دەرفەتە لەدەست نەدەن و کودەتایەکی سەربازی ئەنجام بدەن، بەڵام دواتر بڕیارەکە بە هۆی ئامادەنەبوونی عەبدولئیلا و نووری سەعید هەڵوەشایەوە.

٩. بەپێی بڕیاری ئەنجوومەنی ئەرکانی سوپای عێراق، دەبوو لە (٢٢ حوزەیران ١٩٥٨) مەشق و ڕاهێنانی شەوانە بۆ سوپا لە دەوروبەری شاری بەغدا ئەنجام بدرێت. لەو مەشقەدا هەردوو لیوای (١٩و٢٠) لە سەربازگەی جەلەولاوە بەرەو بەغدا دەهاتن. لیژنەی بالای ڕێکخستنی ئەفسەرانی ئازادیخواز بەباشیانزانی لەو هەلەدا سوود وەربگرن و کودەتا ئەنجام بدەن، بەلام باسی مەشقەکە و هەلسان بە ڕاپەڕینەکە لەناو ئەفسەران بلاوبووەوە و دەنگۆی کودەتا گەیشتە بەرپرسە بالاکانی دەولەت، ئەوەش وایکرد بەشێک لە ئەفسەرانی ئازادیخواز بەتایبەتی عەبدولکەریم قاسم و عەبدولسەلام عارف (١٩٢١-١٩٦٦) پشت لە کارەکە بکەن[١١١].

**باسی سێیەم: شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨**

وەک بۆمان ڕوونبووەوە بەر لە شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ کۆمەلێک هەولی دیکە دراون، هەر یەکەیان بە هۆی هۆکاری جیاجیاوە سەرکەوتوو نەبوون، بەلام گرینگترین هۆکارەکانی سەرنەکەوتنیان بریتین لە:

١. ڕکابەری لەنێوان ئەفسەرانی ئازادیخواز لە لیژنەی بالا، ئەویش بەهۆی جیاوازی بیروباوەر و گومان و کەمی متمانەی نێوانیان.
٢. ئامادە نەبوونی هەرسێ کەسە دەسەلاتدارە گەورەکەی ڕژێم فەیسەلی دووەم، میر عەبدولئیلا و نووری سەعید لە شاری بەغدا، بۆ ئەوەی لە یەک کاتدا چارەنووسیان یەکلا بکرێتەوە.

**هۆکارەکانی سەرهەلدانی شۆڕش**

**هۆکارە ناوخۆییەکان**

١. کەموکوڕی و ناکۆکییەکانی سیستمی پاشایەتی لە ڕووی ئابووری و سیاسیی و کۆمەلایەتییەوە.

---

(١١١) علي جاسم الواد، القائد المجهول لثورة ١٤ تموز ١٩٥٨، ص٨٥؛ ليث عبدالحسين الزبيدي، ثورة ١٤ تموز في العراق، ص١٥٩.

٢. مانەوەی دەسەڵات و شێوازی حکومڕانی بەدەستی نەوەی کۆن.
٣. دروستبوون و سەرهەڵدانی ڕێبازی سیاسیی نوێ، خاوەن بیروباوەڕی شۆڕشگێڕانە.
٤. پێکهاتنی بەرەی نیشتمانی یەکگرتوو، کە ڕۆڵی گەورەی هەبووە لە پێگەیاندنی هەلومەرجی شۆڕش.
٥. کاریگەری ڕەوتی نەتەوەخوازی عەرەب.
٦. گەندەڵی سیاسیی و کارگێڕی دامەزراوەکانی حکومڕانی.

**هۆکارە دەرکییەکان**

١. درێژە پێدان و زۆربوونی دەستێوەردانی بیانی لە کاروباری ناوخۆی عێراق.
٢. کارتێکردنی شۆڕشی میسر و دەرکەوتنی کەسایەتی جەمال عەبدولناسر.
٣. پەرەسەندنی هۆشیاری نەتەوایەتی و دەرکەوتنی بزووتنەوەی عەرەبچێتی.
٤. ڕکابەری و پێکدادانی بەرژەوەندییەکانی هەردوو زلهێزی ئەو سەردەمە (ئەمریکا و یەکێتی سۆڤییەت)[١١٢].

**باسی چوارەم: ڕێکخستنی ئەفسەرانی ئازادیخواز**

بە گشتی دوای سەرنەکەوتنی ڕاپەڕینی مایسی ١٩٤١ و گەڕانەوەی دەسەڵاتی ڕاستەوخۆی بریتانیا و تێکشکانی عەرەب لە جەنگی عەرەب ئیرائیل ساڵی ١٩٤٨، هۆشیاری نیشتمانی و نەتەوەیی لە ناوەندەکانی سوپادا ڕووی لە گەشەکردن کرد. بەوهۆیەوە چەند شانەیەکی ڕێکخراوەیی پێکهاتن. لە پێش هەموویاندا شانەیەکی ڕێکخستن بەسەرپەرشتی ڕەفعەت حاجی

(١١٢) د.عديد دويش، تاريخ العراق السياسي المعاصر، ص ٣١٠؛ ليث عبدالحسين الزبيدي، ثورة ١٤ تموز في العراق، ص٢١٩؛ د. جعفر عباس حميدي، تاريخ العراق المعاصر ١٩١٤-١٩٦٨، ص٢٥٨.

سرِی[١١٣]، کە لقەکانی لە ناو یەکەکانی سوپای عێراق لە ناوچەکانی مووسڵ و بەغدا و دیوانیە، هاتە دامەزراندن.

کانوونی دووەمی ١٩٥٧ لە بەغدا لیژنەیەکی ڕێکخراوەیی لەژێر ناوی لیژنەی باڵا بەسەرکردایەتی عەقید ڕوکن محێدین عەبدولحەمید پێکهات، لیژنەکە لەگەڵ لیژنەیەکی دیکە بە سەرۆکایەتی زەعیم ڕوکن عەبدولکەریم قاسم یەکیان گرت و تێکەڵبوون، بەمەش لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٥٨ ئەندامانی لیژنەی باڵای ڕێکخستنی ئەفسەرانی ئازادیخواز بوون بە (١٥) ئەفسەر.

شاینی باسە، ئەگەرچی هەندێک لە سەرچاوەکان تەنیا ناوی عەبدولڕەحمان عارف و عەبدولوەهاب شەواف و تاهیر یەحیا (١٩١٤-١٩٨٦) دێنن، بەڵام ڕاستییەکەی (١٥) ئەندامەکە بریتی بوون لەم ئەفسەرانەی خوارەوە:

١. زەعیم ڕوکن عەبدولکەریم قاسم.
٢. عەقید ڕوکن عەبدولسەلام عارف.
٣. عەقید ڕوکن محێدین عەبدولحەمید.
٤. عەقید ڕوکن ناجی تالیب.
٥. عەقید ڕوکن موحسین حەبیب.
٦. عەقید ڕوکن عەبدولوەهاب ئەمین.
٧. عەقید ڕوکن سەبیح عەلی غالب.
٨. عەقید ڕەجەب عەبدولحەمید.
٩. موقەدەم ڕوکن عەبدولکەریم فەرحان.
١٠. عەقید عەبدولڕەحمان عارف.

---

(١١٣) ڕەفعەت حاجی سرِی، ساڵی ١٩١٧ لە بەغدا لەدایکبووە،کۆلێژی سەربازی تەواوکردووە، یەکەم کەس بووە بە ڕێکخستنی سەربازانی ئازادیخواز هەستاوە، چەند جارێک بەرەو ڕووی لێپرسینەوە بۆتەوە، ساڵی ١٩٥٧ خانەنشین کراوە، دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ گەڕاوەتەوە ناو سوپا، لە مارتی ١٩٥٩ بەهۆی پەیوەندی بە کودەتا سەرنەکەوتوەکەی عەقید عەبدولوەهاب شەواف گیراوە و بە بڕیاری دادگای گەل کوژراوە. د. حسن لطیف الزبیدي، موسوعة الاحزاب العراقیة، ص ٤٢٦.

١١. موقەدەم ڕەفعەت حاجی سری.
١٢. موقەدەم وەسفی تاهیر.
١٣. عەقید ڕوکن عەبدولوەهاب شەواف.
١٤. عەقید تاهیر یەحیا.
١٥. ڕائید (خانەنیشن) محەمەد سەبع (١١٤).

**باسی پێنجەم: ئامادەكارییەكان بۆ بەرپاكردنی شۆڕش**

لە کۆتایی مانگی حوزەیرانی ١٩٥٨ لەلایەن سەرۆکایەتی ئەرکانی سوپاوە بڕیاردرا لیوای بیست، کە بارەگاکەی لە ناوچەی جەلەولا بوو، ڕەوانەی وڵاتی لوبنان بکرێت تا پشتگیری حکوومەتی ئەو وڵاتە لە کێشە و ململانێیەکانی بکات. هێزەکە لەلایەن زەعیم ڕوکن ئەحمەد حەققی محەمەد، کە سەر بەفیرقەی سێی سوپای عێراق بوو، سەرکردایەتی دەکرا.

ئەندامانی لیژنەی باڵای ئەفسەرانی ئازادیخواز ڕێککەوتن لە کاتی تێپەڕبوونی هێزەکە بە شاری بەغدا، شۆڕش ئەنجام بدەن، لەم بارەوە چەندین کۆبوونەوە بە مەبەستی دانانی پلان و نەخشە سازکران، لەگەڵیدا باس لە دامەزراندنی ئەنجوومەنی سەرۆکایەتی بە شێوەیەکی کاتی، لەگەڵ ئەنجوومەنی وەزیران و پلە و پایە گرینگەکانی حکوومەت لە سیستمی نوێدا کران.

دوا کۆبوونەوەی لیژنەی باڵا لە ڕۆژی ٤ی تەمووز لە ماڵی عەبدولکەریم قاسم بەسترا، تێیدا گفتوگۆ لەسەر خاڵە ناکۆکەکانی نێوان ئەندامانی لیژنەی باڵا و هێڵە گشتییەکانی سیاسەتی حکوومەتی شۆڕش کران، بەڵام کۆبوونەوەکە بە هیچ ئەنجامێک نەگەیشت و کۆتایی پێ هات، هەروەها بە هۆی هەواڵی هاتنی هێزێکی ئەمنی بۆ شوێنی کۆبوونەوەکە بەشداربووان بڵاوەیان لێکرد.

---

(١١٤) د. جعفر عباس حميدي، تأريخ الوزارات في العهد الجمهوري (١٩٥٨-١٩٦٨)، الجزء الاول، الطبعة الاولى، (بغداد، ٢٠٠٥)، ص٢٠؛ صبحي عبدالحميد، أسرار ثورة ١٤ تموز ١٩٥٨ في العراق، (بغداد، ١٩٨٣)، ص٩٢؛ علي جاسم الواد، القائد المجهول لثورة ١٤ تموز ١٩٥٨، ص٨٥.

دوای ئەو کۆبوونەوەیە هیچ کۆبوونەوەیەکی دیکە گرێنەدرا، ئەنجام وا لێکدرایەوە هەرسێ فەرماندە: عەبدولکەریم قاسم، عەبدولسەلام عارف و عەبدوللەتیف دەراجی لەنێوان خۆیان ڕێککەوتبن، کە زۆر بەنهێنی کارەکان ئەنجام بدەن و ئاگاداری ئەندامانی دیکەی لێژنەی باڵا نەکەنەوە(١١٥).

**باسی شەشەم: کردارە سەربازییەکان**

ئێوارەی ١٣ی تەمووز لیوای (٢٠) بە فەرماندەی ئەحمەد حەققی محەمەد لە جەلەولا کەوتە ڕێ، کاتێک گەیشتنە دەوروبەری شاری بەعقوبە، عەبدولسەلام عارف کە فەرماندەی فەوجێکی لیواکە بوو، هەروەها کۆنترین ئەفسەریش بوو، توانی فەرماندەی لیوا ڕازی بکات، کە خۆی بەرەو فەلوجە بڕوات و چاوەڕوانی گەیشتنی هێزی لیوا بێت بەرەو ئوردن. کاتێک فەرماندەی لیوا بەرەو فەلوجە کەوتە ڕێ، عەبدولسەلام عارف جێگای فەرماندەی لیوای گرتەوە، ئەنجام کاتێک یەکەکانی لیواکە گەیشتنە ناوچەی خان بەنی سەعد، عەبدولسەلام دەستیکرد بەجێبەجێکردنی پلانی شۆڕش.

یەکەم هەنگاو عەبدولسەلام عارف بڕیاریدا بەناردنی هێزێک بۆ دەست گرتن بەسەر ئێزگەی حکوومەت لە ناوچەی ساڵحییە و بارەگای خۆی لێدانا، کاتژمێر شەشی سەر لە بەیانی ڕۆژی ١٤ی تەمووز لەگەڵ دەست پێ کردنی بەرنامەکانی ئێزگە، عەبدولسەلام عارف یەکەم بەیاننامەی بەناوی سەرکردایەتی شۆڕش خوێندەوە، لە بەیاننامەکەدا هاتبوو سوپا هەڵساوە بە شۆڕش و ڕژێمی پاشایەتی لە وڵاتدا کۆتایی هات و ڕژێمی کۆماری لە جێگایدا دادەمەزرێت.

لای خۆیەوە عەبدولکەریم قاسم فەرماندەی لیوای ١٩، کە چاوەڕێی بیستنی بەیاننامەکەی دەکرد، بە هێزەکەیەوە لە سەربازگەی مەنسور لە پارێزگای دیالە بەرەو بەغدا کەوتە ڕێ بەرەو بەغدا تا دەست بگرێت بەسەر شوێنە گرینگ و ستراتیژییەکانی پایتەخت. ئەنجام پێش نیوەڕۆ گەیشتە پایتەخت و دەستیگرت بەسەر وەزارەتی بەرگری و کردی بە بارەگای

(١١٥) صبحي عبدالحميد، أسرار ثورة ١٤ تموز ١٩٥٨ في العراق، ص٨٠.

سەرکردایەتی شۆڕش و، پاشانیش کرا بە بارەگای ئەنجوومەنی وەزیرانی سیستمی کۆماری.

بەدیدی شۆڕشگێڕان دەستگرتن بەسەر سەربازگەی ڕەشید لە نزیک شاری بەغدا گرینگترین و ترسناکترین هەنگاو بوو، لەبەر ئەوەی هەم پێداویستی سەربازی تێدا بوو، هەمیش سەرۆک ئەرکانی سوپا، کە دەستگیرکردنی پێویست بوو. ئەنجام بەپێی ئەو پلانەی دانرابوو سەر لە بەرە بەیانی ١٤ی تەمووز هێزێکی سەربازی سەر بە بەرەی شۆڕش توانیان دەست بگرن بەسەر سەربازگەکە، بەمەش سەرۆکی ئەرکانی سوپا فەریق ڕوکن محەمەد ڕەفیق عارف دەستگیر کرا.

لە بەرە بەیانی ١٤ی تەمووز، یەکەیەکی سەربازی دەوری کۆشکی ریحابیدا، ئەو کۆشکە جێگای حەوانەوە و ماڵی شا فەیسەڵی دووەم و میر عەبدولئیلا و خێزانەکانیان بوو، ئەنجام کاتژمێر شەشی سەر لە بەیانی تەقە لە کۆشک کرا، بەو هۆیەوە میر عەبدولئیلا داوای لە شا فەیسەڵ و ئەندامانی خێزانەکە کرد دابەزن و بچنە ژوورەکانی ژێر زەمین و خۆیان بپارێزن.

عەقید تەها بامەرنی فەرماندەی هێزی پارێزگای کۆشک بوو میر عەبدولئیلای لە بارودۆخەکە ئاگادارکردەوە. جۆرێک لە شپرزەیی و ترس باڵی بەسەر ئەوانەدا کێشا بوو، کە لە کۆشکدا بوون. گفتوگۆ لەنێوان عەبدولئیلا و ئەفسەرانی یەکەی پارێزگاری کۆشک ئەنجامدرا. دواتر عەقید تەها بامەرنی خۆی یەکلاکردەوە و پەیوەندی خۆی بە شۆڕش ڕاگەیاند، بۆیە بڕیاردرا هێزی پارێزگاری کۆشک خۆیان بەدەستەوە بدەن. بەو هۆیەوە هێزی پارێزگاری پاشا و عەبدولئیلا و خێزانەکانیان ئامادەبوون خۆیان بە دەستەوە بدەن، بەڵام لە پڕ دوو ئەفسەری هێزی سەر بە شۆڕش بەناوەکانی نەقیب عەبدوڵڵا مستەفا و نەقیب عەبدولستار عەبوس لە دەرگای سەرەکی هاتنە ژوورەوە و ڕووی تەقەیان لە مەلیک فەیسەڵ و میر عەبدولئیلا کرد، بەهۆیەوە بارودۆخەکە ئاڵۆزتر بوو و لە چەند لایەکەوە تەقە کرا. ئەنجام ژمارەیەک لە بنەماڵەی پاشا کوژران لەوانە: فەیسەلی دووەم، میری

عەبدولئیلا و دایکی و خوشکی و هاوسەرەکەی، لەگەڵ ژمارەیەک لە خزمەتکارانی ناو کۆشک[116].

**باسی حەفتەم: ڕۆڵی حیزبە سیاسییەکان لە شۆڕشی ١٤ی تەمووز**

لەگەڵ دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق ساڵی (١٩٢١)، پێکهاتنی حیزبە سیاسییەکان بە ئایدیولۆژیای جیاوازەوە پەرەیان سەند، بەشێکیان بۆ پاڵپشتنی دەسەڵات بەشەکی دیکەیان ئۆپۆزیسیون بوون لەوانە: حیزبی ئیستقلال و حیزبی نیشتمانی دیموکراسی و حیزبی گەل و حیزبی ئەحرار. حیزبەکان لە کاتی جیاوازدا دامەزران و زۆربەیان بە ئاشکرا کاریان دەکرد، بە گشتی دژی سیاسەتی ئەو حکوومەتانە بوون، کە لایەنگیری سیاسەتی بریتانیایان دەکرد لە عێراقدا.

شانبەشانی ئەو حیزبانە، چەند حیزبێکی دیکە لە ترسی ڕاونان و ستەمی دەسەڵات بە شێوەیەکی نهێنی کاریان دەکرد لەوانە: حیزبی شیوعی عێراق، حیزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی، پارتی دیموکراتی کوردستان.

یەکێک لە ئامانجە هاوبەشەکانی، کە حیزبە ئاشکرا و نهێنییەکانی بە یەکەوە دەبەستایەوە بریتی بوو لە: بەدیهێنانی سەربەخۆیی تەواو بوو لە دەستێوەدرانی بیانی، ڕزگارکردنی سامانی نەوت و دوورکەوتنەوە لە پەیمانە نێو دەوڵەتییەکان، هاوکاری و پەیوەندی لەگەڵ وڵاتانی عەرەب و باشکردنی گوزەرانی خەڵکی[117].

چەند جارێک لەنێوان ئەو حیزبانەدا هەوڵی ئەوە درا لە یەک بەرەدا بەیەکەوە کار بکەن، لەو چوارچێوەیەدا ساڵی ١٩٥١ بەرەی میللی یەککگرتوو دامەزرا. پاشان لە مایسی ١٩٥٤دا بەرەی نیشتمانی یەکگرتوو لەنێوان هەردوو حیزبی نیشتمانی دیموکراسی و حیزبی ئیستقلال و پشتیوانانی ئاشتی و هەندێک کەسایەتی سەربەخۆ هاتە دامەزراندن.

---

(١١٦) د. نوري عبدالحميد العاني وعلاء جاسم، تاريخ الوزارات العراقية في عهد الجمهوري، الجزء الاولى، الطبعة الثانية، (بغداد، ٢٠٠٥)، ص ٢٨.

(١١٧) ليث عبدالحسين الزبيدي، ثورة ١٤ تموز في العراق، ص٢٠٣.

بەشێک لەو حیزبانە بە نهێنی کاریان دەکرد، ژمارەیەکی زۆری لایەنگریان هەبوو، لە کارەکانیان سەرکەوتوو بوون. بەو هۆیەوە لە دوای دەست درێژییە سێ قۆڵییەکەی سەر میسر ساڵی ١٩٥٦ و هەڵچوونی شەقام لەگەڵ کەسایەتی سەربەخۆدا تواناکانی خۆیان خستەکار و ساڵی ١٩٥٧ بەرەی یەکێتی نیشتمانییان دامەزراند، بەشداربووانی ئەو بەرەیە پێکهاتبوون لە: حیزی ئیستقلال، حیزبی نیشتمانی دیموکراسی، حیزبی شیوعی عێراق، حیزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی. ئەنجام ئەو بەرەیە پەرەی بە بەرنامەی سیاسیدا و پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ لیژنەی باڵای ئەفسەرانی ئازادیخواز ڕێکخست.

شایەنی گوتنە، ئەگەرچی پەیوەندییەکانی نێوان بەرە و ئەفسەرانی ئازادیخواز لە ڕێگا عەبدولکەریم قاسم بەرپرسی باڵای ئەفسەرانی ئازادیخواز و کەمال عومەر نەزمی ئەندامی بەرە بوو، بەڵام دواتر حیزبەکانی ناو بەرە بەشێوەی جیاواز ئاگاداری بەرپابوونی شۆڕش کرانەوە[١١٨]. بە نموونە:

١. حیزبی ئیستقلال، بەر لە هەفتەیەک لە هەڵگیرسانی شۆڕش بەهۆی ئەفسەرێکی سەر بە لیوای (٢٠) ئاگادارکرایەوە، ئەفسەرەکە خزمی فائیق سامەرایی ئەندامی سەرکردایەتی حیزب بوو، ئەنجام لە ڕێگای فائیق سامەراییەوە محەمەد سەدیق شەنشەل سەرۆکی حیزب لە بابەتەکە ئاگادار کرایەوە.
٢. حیزبی نیشتمانی دیموکراسی، لەلایەن سەکردایەتی شۆڕشەوە لە ڕێگای ڕەشید موتلەک ئاگادار کرانەوە.
٣. حیزبی شیوعی عێراقی، لەسەر داوای عەبدولکەریم قاسم و لە ڕێگای ڕەشید موتلەک ئاگادار کرانەوە.
٤. حیزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی، لە ڕێگای ئەندامێکی بە ناوی عەلا چەلەبی، کە ئەفسەری لیوای بیست بوو ئاگادار کرانەوە.

لە ڕۆژی ١٥ تەمووز دوای ئەوەی هێزی چەکدار دۆخەکەی یەکلاکردەوە و خۆی سەپاند و دەستی بەسەر شاری بەغدا گرت و پێکهاتەی

---

(١١٨) د. نوري عبدالحميد العاني وعلاء جاسم، تاريخ الوزارات العراقية في عهد الجمهوري، الجزء الاولى، ص ٥٨.

ئەنجوومەنی وەزیران ڕاگەیاندرا، لە ماڵی کامیل چادرچی سەرۆکی حیزبی نیشتمانی دیموکراسی کۆبوونەوەیەک بە ئامادەبوونی: محەمەد مەهدی کوببە، نائیق سامەرایی، حوسێن جەمیل، فوئاد ڕیکابی (١٩٣١-١٩٧١)، ئیبراهیم کوببە، کامیل چادرچی، ئەنجامدرا. دوای گفتۆکردن دەربارەی بارودۆخەکە، کامیل چادرچی پێی وابوو کارێکی ئاسان نییە لەگەڵ سەربازەکان لە یەک حکوومەتدا کار بکەن، بەڵام وێڕای ئەو بۆچوونە لە کۆتایی کۆبوونەوەکە بڕیاردرا بەشداری بکەن لەو حکوومەتەی ئەفسەرانی ئازادیخواز پێکیان هێنا بوو[١١٩].

### باسی هەشتەم: ڕێکخستنەوەی کاروباری دەوڵەت

دوای یەکەم بەیاننامەی شۆڕش و ڕاگەیاندنی ڕژێمی کۆماری و هەڵوەشاندنەوەی ڕژێمی پاشایەتی، سەپاندنی دەسەڵاتی هێزی شۆڕش بەسەر پایتەخت، بە مەبەستی ڕێکخستنی کاروباری نوێی وڵات و سەپاندنی دەسەڵات بەسەر تەواوی عێراق و بەڕێوەبردنی کاروبارەکان زنجیرە بڕیارێک دەرچوون واژۆی ئەنجوومەنی سەروەری بەسەرەوە بوو.

جێگای ئاماژە بۆ کردنە، بەشی زۆری ئەو بڕیارانە تەنها عەبدولکەریم قاسم فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان بەڕاوێژ لەگەڵ عەبدولسەلام عارف لەسەری ڕێککەوتنبوون و زۆربەی ئەندامانی لیژنەی باڵای ڕێکخستنی ئەفسەرانی ئازادیخواز و حیزبەکانی ناو بەرەی یەکگرتووی نیشتمانیش ئاگادار نەبوون، هەروەها بەشێکی زۆری ئەوانی بوون بە وەزیر پرسیان پێ نەکرابوو، بەڵکو لە ئێزەگەوە گوێ بیستی ناوەکانیان بوون[١٢٠].

### یەکەم: ئەنجومەنی سەروەری (سەرۆکایەتی)

ئەرکی ئەم ئەنجوومەنە ڕاپەڕاندنی کاروباری سەرۆک کۆمار دەبێت و جێگای سەرۆک کۆمار دەگرێتەوە، بەڵام وەک سەرکردایەتییەکی بە کۆمەڵ. پێکهاتەی ئەو ئەنجوومەنە بریتی بوون لە:

---

(١١٩) ليث عبدالحسين الزبيدي، ثورة ١٤ تموز في العراق، ص٢٠٣

(١٢٠) د. جعفر عباس حميدي، تأريخ الوزارات في العهد الجمهوري، الجزء الاول، ص ٢٦٥.

١. فەریق ڕوکن محەمەد نەجیب ڕوبەیعی[١٢١]، سەرۆک
٢. محەمەد مەهدی کوببە، ئەندام
٣. خالید نەقشبەندی، ئەندام

پێکهاتەی ئەو ئەنجوومەنە لە سێ کەسیان دوانیان کە دەکاتە محەمەد نەجیب ڕوبەیعی و خالید نەقشبەندی لە ئەفسەرانی سوپا بوون، وەک نەتەوە دوو عەرەب و یەک کورد بوون، لە ڕووی ئاینزاوە دوو سوننە و یەک شیعە بوون. سەرباری ئەوانەش بەرپرسی یەکەمی ئەنجوومەنەکە کەسێکی سەربازی بوو.

**دووەم: ئەنجوومەنی وەزیران**

ئەنجوومەنی وەزیرانی بە سەرۆکایەتی عەبدولکەریم قاسم درێژەی بەکارەکانی خۆیدا تا کودەتای ٨ی شوباتی ١٩٦٣، بەڵام لەم نێوەندەدا وەزیرەکانی بەشێکی باشیان گۆڕدران. ئەنجام پێکهاتەی ئەنجوومەنی وەزیران بریتی بوو لە:

١. عەبدولکەریم قاسم، سەرۆکی وەزیران، سەربەخۆ، عەرەبی سوننە.
٢. عەبدولسەلام عارف، جێگری سەرۆک وەزیران، سەربەخۆ، عەرەبی سوننە.
٣. ناجی تالیب، وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی، سەربەخۆی، عەرەبی شیعە.
٤. عەبدولجەبار جومەرد، وەزیری دەرەوە، ئەندامی بەرەی میللی، عەرەبی سوننە.

---

(١٢١) نەجیب ڕوبەیعی، ساڵی ١٩٠٤ لە بەغدا لەدایکبووە، ١٩٢٧ لە کۆلێژی سەربازی وەرگیراوە، پاشان لە کۆلێژی ئەرکان خوێندوویەتی، پلەکانی سەربازی لەناو سوپا بەرز بۆوە تا گەیشتە فەریق ڕوکن، پەیوەندی سیاسی بەهیچ حیزبێکەوە نەبووە، دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ بە سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرۆکایەتی وڵات دانراوە، لەو پێگەیە تا ساڵی ١٩٦٣ ماوەتەوە، ساڵی ١٩٦٤ کۆچی دوایی کردووە. د. حسن لطيف الزبيدي، موسوعة الاحزاب العراقية، ص ٤٥٠.

٥. محەمەد سەدیق شەنشەل، وەزیری ڕاگەیاندن، ئەندامی حیزبی ئیستقلال، عەرەبی سوننە.
٦. محەمەد حەدید[١٢٢]، وەزیری دارایی، ئەندامی حیزبی نیشتمانی دیموکراسی، عەرەبی سوننە.
٧. فوئاد ڕەکابی، وەزیری ئیعمار، ئەندامی حیزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی، عەرەبی شیعە.
٨. هەدیب حاجی حەمود، وەزیری کشتوکاڵ، ئەندامی حیزبی نیشتمانی دیموکراسی، عەرەبی شیعە.
٩. جابر عومەر، وەزیری مەعاریف، سەربەخۆ، عەرەبی سوننە.
١٠. ئیبراهیم کوببە، وەزیری ئابووری، مارکسی سەربەخۆ، عەرەبی شیعە.
١١. محەمەد ساڵح مەحموود، وەزیری تەندروستی، سەربەخۆ، کوردی سوننە.
١٢. بابا عەلی شێخ مەحموود، وەزیری گەیاندن، ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستان، کوردی سوننە.
١٣. مستەفا محەمەد، وەزیری داد، سەربەخۆ، کوردی سوننە[١٢٣].

**سێیەم: زنجیرە بڕیارێک بۆ دانانی چەند بەرپرسێکی سەربازی**

١. زەعیم ڕوکن **ئەحمەد ساڵح عەبدی**[١٢٤]، سەرۆکی ئەرکانی سوپا، فەرماندەی سەربازی گشتی.

---

(١٢٢) محەمەد حەدید، ساڵی ١٩٠٧ لە مووسڵ لەدایکبووە، ساڵی ١٩٣١ ئابووری سیاسی لە زانکۆی ئەمریکی لە بەیروت خوێندووە. پەیوەندی بە گروپی ئەلئەهالی کردووە. پاڵپشتی کودەتاکەی بەکر سدقی بووە. لە کابینەی حیکمەت سلێمان بووە بە وەزیر. (١٩٤٦-١٩٦٠) جێگیری سەرۆکی حیزبی نیشتمانی دیموکراتی بووە. (١٩٦٠-١٩٦٣) بووە بە سەرۆکی حیزبی نیشتمانیی پێشکەوتنخواز. لە حکوومەتەکەی عەبدولکەریم قاسم بووە بە وەزیری دارایی. پاشان چووە بۆ بریتانیا. ساڵی ١٩٩٩ کۆچی دوایی کردووە. مذكرات محمد حديد، الطبعة الاولى، (بيروت، ٢٠٠٦)، ص ٣٥.

(١٢٣) د. نوري عبدالحميد العاني و علاء جاسم، تاريخ الوزارات العراقية في عهد الجمهوري، الجزء الاولى، ص ٥٧.

٢. زەعیم ڕوکن **سدیق حەسەن**، یاریدەدەری سەرۆکی ئەرکانی سوپا.
٣. زەعیم ڕوکن **شاکر مەحموود شوکری**، یاریدەدەری سەرۆک ئەرکانی سوپا
٤. عەقید **مەجید جەلیل**، بەڕێوەبەری ئاسایشی گشتیی.
٥. زەعیم ڕوکن **عەبدولعەزیز عوقەیلی**(١٢٥)، فەرماندەی فیرقەی یەک.
٦. زەعیم ڕوکن **نازم تەبەقچلی**، فەرماندەی فیرقەی دوو.
٧. عەقید ڕوکن **خەلیل سەعید**، فەرماندەی فیرقەی سێ.
٨. زەعیم ڕوکن **محیّدین عەبدولحەمید**، فەرماندەی فیرقەی چوار.
٩. عەقید ڕوکنی فڕۆکەوان **جەلال ئەوقاتی**(١٢٦)، فەرماندەی هێزی ئاسمانی.

---

(١٢٤) ئەحمەد سالّح عەبدی، سالّی ١٩١٤ لە بەغدا لەدایکبووە، سالّی ١٩٣٢ کۆلێژی سەربازی وەرگیراوە، پلەی سەربازی لەناو یەکە سەربازییەکانی سوپای عێراق بەرز بۆتەوە تا گەیشتووە بە لیوا. بەشداری ڕووداوەکانی سالّی ١٩٤١ی کردووە. پاشان پەیوەندی بە ڕێکخستنی ئەفسەرانی ئازادیخواز کردووە. لە دوای شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ بە فەرماندەی گشتی سەربازی دانراوە، لەگەڵ کودەتاکەی ٨ی شوباتی ١٩٦٣ زیندانی کراوە، پاشان ئازاد کراوە. ناوبراو سالّی ١٩٦٤ کۆچی دوایی کردووە. هادي حسن عليوي، رجالات العراق الجمهوري من عبدالكريم قاسم الى صدام حسين، ص٧٣.

(١٢٥) عەبدولعەزیز عوقەیلی، سالّی ١٩١٩ لە مووسڵ لەدایکبووە، دوای خوێندنی ئامادەیی لە خولێکی سەربازی خوێندوویەتی بووە بە ئەفسەر، سالّی ١٩٤٣ لە کۆلێژی ئەرکان وەرگیراوە، پەیوەندی بە ڕێکخستنی ئەفسەرانی ئازادیخواز کردووە. دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ بە فەرماندەی فیرقەی یەکەم دیاری کراوە، سالّی ١٩٦٥ بووە بە وەزیری ناوخۆ. سالّی ١٩٦٩ زیندان کراوە. سالّی ١٩٨١ بەهۆی نەخۆشییەوە کۆچی دوایی کردووە. هادي حسن عليوي، رجالات العراق الجمهوري من عبدالكريم قاسم الى صدام حسين، ص ٢٩٤.

(١٢٦) جەلال ئەوقاتی، سالّی ١٩١٤ لە بەغدا لەدایکبووە، کۆلێژی سەربازی تەواوکردووە، پاشان بوو بە ئەفسەر لە سوپای عێراق، سالّی ١٩٥٢ بووە بە زەعیم ڕوکن، بەهۆی گومان لە بەشداریکردنی لە ڕووداوەکانی سالّی ١٩٥٢ خانەنشین کراوە. سالّی ١٩٥٤ بوو بە ئەندامی ئەنجوومەنی جیهانی، پاشان پەیوەندی بە ڕێکخستنی ئەفسەرانی ئازادیخواز کردووە، دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ بە فەرماندەی

١٠. لیوا ڕوکن **سالّح زەکی**، بەڕێوەبەری گشتی هێڵی ئاسنین.
١١. لیوا ڕوکن **مەزهەر شاوی**، بەڕێوەبەری گشتی بەندەرەکان.
١٢. زەعیم ڕوکن **نووری جەمیل**، بالّیۆز لە ئەفغانستان.
١٣. زەعیم ڕوکن **ناجی شاکر**، بەڕێوەبەری گشتی ئازوخە.
١٤. زەعیم ڕوکن **جەسام شاهر**، بەڕێوەبەری هێڵی ئاسمانی.
١٥. زەعیم ڕوکن **محەمەد ئیبراهیم**، بەڕێوەبەری گشتی زیندانەکان.
١٦. زەعیم ڕوکن **ئەحمەد محەمەد یەحیا**، بالّیوز لە سعودیا.
١٧. زەعیمی پۆلیس **نازم ڕەشید**، فەرماندەی گشتی هێزی گەرۆک.
١٨. عەقید **تاهیر یەحیا**، بەڕێوەبەری گشتی پۆلیس.
١٩. ڕئیسی فڕۆکەوان **محەمەد سەبع**، بەڕێوەبەری فڕۆکەخانەی مەدەنی.
٢٠. لیوا ڕوکن **ئەکرەم ئەحمەد سەلمان**، موتەسەڕیفی لیوای دیوانیە.
٢١. لیوا ڕوکن **تاریق سەعید فەهمی**، موتەسەڕیفی لیوای بەغدا.
٢٢. لیوا ڕوکن **عەبدولڕەزاق عەبدولوەهاب**، موتەسەڕیفی لیوای بەسرە.
٢٣. لیوا ڕوکن **حوسێن عومەری**، موتەسەڕیفی لیوای کوت.
٢٤. لیوا ڕوکن **عەلائەدین مەحموود**، موتەسەڕیفی لیوای هەولێر.
٢٥. زەعیم ڕوکن **عەبدولوەهاب شاکر**، موتەسەڕیفی لیوای حیللە.
٢٦. زەعیم **فوئاد عارف (١٩١٢-٢٠١٠)**، موتەسەڕیفی لیوای کەربەلا.

هاوکات لەگەڵ ئەو بڕیارانەدا، بڕیاری خانەنشینکردنی نزیکەی (٥٠) ئەفسەری پلە باڵای ناو سوپا درا.

**چوارەم: دادگای سەربازی باڵای تایبەت**

بڕیاردرا بە دامەزراندنی دادگایەکی باڵای تایبەتی سەربازی بۆ دادگایکردنی بەرپرسە باڵاکانی سەردەمی ڕژێمی پاشایەتی، پێکهاتەی دادگا بەم شێوەی خوارەوە بوو(١٢٧):

---

هێزی ئاسمانی دامەزرێنراوە، لە ڕووداوەکانی کودەتای ٨ی شوباتی ١٩٦٣ دەکوژرێت. د. حسن لطيف الزبيدي، موسوعة الاحزاب العراقية، ص ٢٧٧.

(١٢٧) د. جعفر عباس حميدي، تأريخ الوزارات في العهد الجمهوري، الجزء الاول، ص٢٤٣؛ د. نوري عبيدالحميد العاني ود. علاء جاسم، تاريخ الوزارات في العهد الجمهوري، الجزء الاولى، ص ٢٤٣.

**پێنجەم: دەستەی سەرۆکایەتی**

١. عەقید فازیل عەباس مەهداوی، سەرۆک.
٢. موقەدەم عەبدولهادی ڕاوی، ئەندام.
٣. موقەدەم فەتتاح شاڵی، ئەندام.
٤. موقەدەم شاکر مەحموود، ئەندام.
٥. ڕەئیس ئیبراهیم عەباس، ئەندام.

**شەشەم: ئەنجوومەنی داواکاری گشتی**

١- عەقید ڕوکن ماجید محەمەدئەمین، سەرۆک.
٢- دادوەر غازی عەبدولهادی، ئەندام.
٣- دادوەر عەبدولمەجید سەلام، ئەندام.

دواتر عەبدولکەریم قاسم سەرۆک وەزیران لە بەیاننامەیەک، کە لە ٩ی ئابی ١٩٥٨ دەرچوو داوای کرد هەر کەسێک زانیاری لە بارەی بەرپرسان و پیاوانی ڕژێم هەیە بیگەیێنێتە دادگا. ئەنجام ناوی (١٠٣) کەسی مەدەنی و عەسکەری ڕەوانەی دادگای باڵای سەربازی کران، ناوەکان بریتی بوون لە:

**حەوتەم: عەسکەرییەکان**

لیوا عەباس عەلی غالب، لیوا عومەر عەلی، لیوا عوبید مزیافی، لیوا غازی داغستانی، موقەدەم مەهدی ساڵح درەیعی، موقەدەم حەسەن عەلی زەکی، ڕەئیس ناجی کەریم، زەعیم ئەحمەد مەرعی، زەعیم شوکری مەحموود نەدیم، موقەدەم حەمدون سەعید، موقەم نەزهەت قاسم، زەعیم سەید ئەمین بەکر، موقەدەم محەمەد شێخ لەتیف، موقەدەم یوسف مەحموود، مولازم شەریف عەلی ناسر، عەقید عەبدولقادر ئەحمەد، زەعیم ئەفرام هندو، زەعیم موحسن محەمەد عەلی، لیوا خەلیل جەمیل، ڕەئیس مەحموود ئەکرەم یونس، فەریق ڕەفیق عارف، زەعیم وەفیق عارف، عەقید یاسین محەمەد ڕەئووف، موقەدەم داود سەلمان بەدر، عەقید جەبار یونس، موقەدەم نەجیب محەمەد عەلی، عەقید محەمەد خورشید، موقەدەم سەعب حەردان، موقەدەم محەمەد حەبیب قەحتان و موقەدەم سەلمان دەکەزلی.

سەعید قەزاز، یونس بەحری، بەهجەت عەتیە، تۆفیق سویدیۆ، ڕەفیق عارف، عەبدولڕەحمان سامەرائی، خەلیل کنە، خەلیل ئیبراهیم، عەبدولجەبار فەهمی، عەلی حەیدەر ڕیکابی، بورهانەددین ئەعیان، عادل عەونی، فەخری فەخری، خزر حەسەن عوبەیدی، محەمەد عەلی کەریم، کازم حەیدەری، ڕوشدی چەلەبی، حوسێن فەوزی خەیال، عەبدولحەمید کازم، بوهانەددین ئەسعەد، نەدیم پاچەچی، ئەحمەد مودەرس، ئەحمەد موختار بابان، فازیڵ جەمالی، مالیک سەیف، یەحیا قاسم، فەرید ئەوفی، عەبدولڕەسول خالسی، عەبدولمەجید مەحموود، نازم پوترس، عەبدولکەریم ئەرزی، وەجیە عەبدوللا، سامی فەتتاح، ئەمین مومەیەز، غازی عەبدولکەریم، محەمەد حەسەن سەلمان، کەنعان عەسکەری، عەبدولڕەزاق عەلی سەلمان، عەبدولوەهاب مەرجان، محەمەد ئیبراهیم، نەجمەددین سائیب، عزەدین مەلاح، حازم موفتی، موحسن عانی، فەیسەڵ حەسون، عادل نەورەس، مالەللا خەساب، جیران سەلیم، عەدنان ڕوبەیعی، فائیق عەزیز، عەبدولوەهاب ئەڵمان، سەلاحەددین عارف محەمەد، محەمەد سەیوان، وەدیع خوندە، کامیل قستەندی، موحان تاغی، تۆفیق وەهبی، عەبدوللەتیف ئاغا جەعفەر، یونس ئاغا حاجی یەحیا، شێخ حەموش ڕومی، جەمال موفتی، جەمیل عەبدولوەهاب، محەمەد مەهدی وەهاب، عەبدولحوسێن کەمونە، عەباس بەغدای. عەبدولجەلیل ڕاوی، لوئەی تۆفیق سویدیۆ، خەلوسی خەیدی، عەتیە سەید سەلمان، کازم ئەحمەد، عەبدولمەجید قەساب، مەجید خەلیفە.

ئەرکی ناوەندی دادگا، بڕیاردان بوو لەسەر ئەو کێشانەی دەخرێنە بەردەمی[١٢٨]. لەو ماوەیەشدا کێشەی سیاسیی و سەرکردەکانی ڕژێمی پێشوو خرانە بەردەمی، بە تایبەتی سەرکردە سیاسییەکان لە: حیزبی یەکێتی دەستوری (حیزبەکەی نووری سەعید)، حیزبی ئومەی ئیشتراکی (حیزبەکەی ساڵح جەبر)، ئەوە سەربازی سەرکردە سەربازییەکان، کە بەشێکیان بەرپرسی دامەزراوە ئەمینەکانی ڕژێمی پاشایەتی بوون.

شایەنی گوتنە، ئەو دادگایە لە دواتردا چەندین ڕووداو و کێشەی دیکەی خرایە بەردەم، وەک: پیلانگێران دژی ڕژێمی کۆماری و هەوڵی کوشتنی

(١٢٨) د. كاظم حبيب، لمحات من عراق القرن العشرين، الجزء السادس، ص ٢٩.

سەرۆک وەزیران عەبدولکەریم قاسم، تاوانبارانی یاخیبوونەکەی شەواف ساڵی ١٩٥٩ لە مووسڵ و دواجاریش دادگاییکردنی عەبدولسەلام عارف.

ئەو دادگایە، ژمارەیەک بڕیاری قورسی بەرانبەر بە تاوانباران دەرکرد، بەڵام دواتر کەمێکیان بڕیارەکانیان بەسەردا جێبەجێکرا، بەمەش ئەوانەی بڕیاری لە سێدارەدانیان بۆ دەرچوو بوو، بڕیارەکانیان گۆڕدران بۆ زیندانی کردنیان بۆ ماوەیەکی دیاری کراو.

لە میانەی کارەکانیاندا ئەو دادگایە بەرەو ڕووی ڕەخنەی زۆر بوویەوە، لەبەر ئەوەی فازیڵ عەباس مەهداوی[١٢٩] سەرۆکی دادگا، لە کاتی دادگاییکردندا هێرش و دەم درێژی دەکردە سەر تاوانباران و کەسایەتییە سیاسییەکان. بەو هۆیەوە زۆر لەو کەسایەتییانەی عەبدولکەریم قاسم-یان دەناسی و هاتووچۆیان دەکرد، داوایان لێدەکرد یان دادگای (گەل) هەڵوەشێنێتەوە و کارەکانی بە دادگا ئاساییەکان بسپێرێت، یاخود ڕێگانەدا بە مەهداوی بەوجۆرە مامەڵە لەگەڵ تاوانباران بکات.

بە وردبوونەوەمان لە کاری ئەو دادگایە بۆمان ڕوون دەبێتەوە دادگاکە ئامرازێک بوو بە دەستی دەسەڵات بەکاردەهێنرا بۆ کارتێکردن بەسەر جەماوەر لە ڕووی مەعنەوی و سیاسییەوە، هەروەها سەرۆکی دادگاش ئەوەی دەیکرد جێبەجێکردنی ئیرادەی عەبدولکەریم قاسم بوو[١٣٠].

**نۆیەم: دەستوری کاتی**

عێراق لەسەردەمی سیستمی پاشایەتیدا، دەستورێکی هەمیشەیی هەبوو کە لەسەرەتای دامەزراندنی ئەو سیستمە بڕیاری لەسەر درابوو، بەڵام

---

(١٢٩) فازیڵ عەباس مەهداوی، ساڵی ١٩١٥ لە بەغدا لەدایکبووە، ساڵی ١٩٣٩ کولێژی سەربازی تەواوکردووە. پەیوەندی بە ڕێکخستنی ئەفسەرانی ئازادیخوازەوە کردووە، بەشداری شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ کردووە، دواتر بە سەرۆکی دادگای سەربازی تایبەت دانراوە، ژمارەیەکی گەورەی بەرپرس دادگایی کردووە، لە کودەتاکەی ٨ی شوباتی ١٩٦٣ کوژراوە. د. حسن لطيف الزبيدي، موسوعة الاحزاب العراقية، ص ٥٤٧.

(١٣٠) د. جعفر عباس حميدي، تأريخ الوزارات في عهد الجمهوري، الجزء الاول، ص ٤٣١.

بەهۆی گۆڕینی ڕژێم بۆ کۆماری، بارودۆخێک هاتە پێشەوە پێویستی بەوە دەکرد زۆرێک لە بەند و بابەتەکانی دەستوور بگۆڕدرێن.

لە ١٧ی تەمووزی ١٩٥٨ لە کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی وەزیرانیدا بابەتی دەستوور گفتوگۆی لە بارەوە کرا، ئەنجام بڕیاردرا دەستوورێکی کاتی بۆ وڵات دابنرێت. لەبەر ڕۆشنایی بڕیارەکە لیژنەیەک بە ئەندامێتی حوسێن جەمیل، حوسێن محێدین، عەبدولئەمیر عوگەیلی وەک شارەزایانی یاسایی دامەزرا. لیژنەکە لە کارەکانیدا لەبەر لە یەکچوونی ڕەوشی هەردوو وڵات پشتی بە هەردوو دەستوری وڵاتی میسر بەستبوو، کە ساڵانی (١٩٥٣ و ١٩٥٦) دەرچوو بوون. لیژنەکە دوای تەواوبوونی کارەکانی، ڕەشنووسی دەرستوورەکەی خستیە بەردەم ئەنجوومەنی وەزیران، ئەنجوومەنی وەزیرانیش لە ٢٦ی تەمووز بڕیاری لەسەریدا.

دەستوری کاتی لە چوار بەشی سەرەکی و (٣٠) مادە پێکهاتبوو، لەو بابەتانەی ئاماژەی بۆیان کردبوو: عێراق کۆمارێکی سەربەخۆیە و بەشێکە لە نەتەوەی عەرەب، هەردوو نەتەوەی عەرەب و کورد هاوبەشن لەسەر ئەم خاکە، هاوڵاتیان یەکسانن لە بەردەم یاسا لەماف و ئەرک. ئازادی بیروباوەڕ مافێکی پارێزراوە، یاسا ڕێکی دەخات.

جێگای ئاماژە بۆ کردنە، دەستووری کاتی عێراق وێڕای ئەوەی بە قووڵی گفتوگۆی لەبارەوە نەکرا، نەخرایە ڕاپرسی و خەڵکی دەنگیان لەبارەوە نەدا(١٣١).

**باسی نۆیەم: ململانێ و ڕووداوەکان**

**یەکەم: سەرهەڵدانی ململانێی سیاسیی و ئایدیۆلۆژی**

شۆڕش ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ لە عێراق، کە پشتگیرییەکی جەماوەری بەهێز و فرەوانی هەبوو، تەنها چەند ڕۆژێکی بەسەردا تێپەڕیبوو، دیاردەکانی دوو بەرەکی و ململانێ لە ناو سەرکردایەتییەکەی بە تایبەتی و لە ناو بزووتنەوەی نیشتمانی بە گشتی سەریان هەڵدا.

---

(١٣١) د. جعفر عباس حميدي، تأريخ الوزارات في العهد الجمهوري، الجزء الاول، ص ١٩٤؛ ليث عبدالحسين الزبيدي، ثورة ١٤ تموز في العراق، ص٢٢٥.

حیزب و هێزە سیاسییەکان و لە دوای ئەوانشدا جەماوەر و شەقام دابەشببوونە سەر دوو بەرەی تەواو ئاشکرا و جیاواز و دژ بەیەک.

دیارە لە وڵاتێکی دواکەوتووی وەک عێراق، هەر ململانێیەکی ئایدیۆلۆژی و سیاسیی کاریگەری خۆی بەسەر دەروون و ڕەفتاری ئەوانە جێدەهێڵێت، کە پێی هەڵدەستن و دەکەونە گێژاوییەوە، ئەو کەسەش ئەگەر سەرکردەبێت یان کەسی ئاسایی، کاردانەوەکانی ئەو ململانێیە لە ژیانی سیاسیی و بوونیان بە ئۆپۆزیسیون بە ئاشکرا بەسەریاندا دەردەکەوێت[١٣٢].

ئەگەر لەو دۆخە تێگەیشتین، کە ململانێی ئایدۆلوجی و سیاسیی توندوتیژی لەگەڵ خۆی هەڵگرتبوو، ئەوا لەو حاڵەتە جێ پەنجەی خۆی و ئاکامەکانی لە زیندانی و کودەتا و تیرۆر و خۆپیشاندان جێ دەهێڵێت یان ڕەنگدەداتەوە. ئەوە لە لایەک، لە لایەکی دیکەوە بۆمان دەردەکەوێت ئەو کاریگەرییە توونده یاخود زیادەڕۆییەی ئەو ئایدیۆلۆژی و ململانێ سیاسییانە لە دەروونی تاک و گروپە سیاسییەکان بەجێیان هێشتوە، ئەوا بۆماوەیەکی دوورودرێژ دەمێنێتەوە کەم تازۆریش ڕۆڵی دەبێت لە بڕیار و هەڵسوکەوتەکانیاندا.

ئەوەی باوە لای حیزب و ڕەوتە سیاسییەکانی وڵاتێکی وەک عێراق، ئامانج لە کاری ڕۆشنبیری ئایدیۆلۆژی بریتییە لە دوورخستەوەی یاخود بەلاوەنانی بەرانبەر، یاخود دەربەدەکردن و تاوانبارکردنی.

دیارە هەندێک لەو جۆرەکارانە هاندەرەکانیان ڕق و قینی چینانەتی یان نەتەوەیی و یاخود ئایدیۆلۆژی بووە، هەروەها بەمەبەست تێرکردنی حالەتەکانی لەیەک تێگەیشتن و بەیەکەوە ژیان و پێکهێنانی کۆمەڵگای فرەیی پشت گوێ خراوە، ئەو ڕاستییەش لە کۆمەڵگای فرە ڕەگەز و ئایین و تائیفە و ڕەوتی سیاسیی وەک کۆمەڵگای عێراق، کە شوناسە نیشتمانییەکەی لەسەر بنچینەیەکی چینایەتی یان نەتەوەیی و یاخود ئایدیۆلۆژی دیاری ناکرێت، بە تەواوی هاتۆتە دی.

---

(١٣٢) د. نوري عبدالحميد العاني وعلاء جاسم، تاريخ الوزارات العراقية في عهد الجمهوري، الجزء الخامس، ص ٣٠٥.

لە عێراقدا هێزە سیاسییەکانی ناو شۆڕشی ١٤ تەمووز، خێرا کەوتنە ناو داوی ململانێیەکی توند لەسەر دەسەڵات، حیزبە سیاسییەکان بەهۆی باڵە سەربازی و ڕێکخراوەییەکانیان لەناو دامەزراوەکانی: سەربازی، کارگێڕی، سەندیکایی، ناکۆکی و ململانێیەکانیان بەڕێوە دەبرد، شەقامیش ببوو بە گۆڕەپانی ئەو ململانێیە، ڕۆژانە لەنێوان شیوعییەکان و بەعسییەکان و عەرەبچییە توندڕەوەکان ڕووداوی نەخوازراو ڕوویان دەدا، لەو چوارچێوەیەدا بەشێکی ئەو ململانێیە ڕەنگدانەوەی جەنگی سارد بوو، کە لەسەر ئاستی جیهان لەنێوان هەردوو بەرەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا بوونی هەبوو(١٣٣).

ململانێ لە ناو باڵەکانی شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ لەسەر یەکێتی عەرەب یان دیموکراسییەت یاخود سۆسیالیزم نەبووە، هەروەها لەسەر پەرلەمان و هەڵبژاردن و ئازادی ڕۆژنامەگەری نەبوو، بەڵکو زۆربەی زۆری لەسەر خودی دەسەڵات بووە(١٣٤).

**دووەم: ململانێ لەنێوان حیزبە سیاسییەکان**

هەر لەسەرتاوە ململانێ لەنێوان هێز و حیزبە سیاسییە عێراقیەکان شێوازێکی دوژمنکارانە و هەوڵی نەهێشتنی بەرانبەری وەرگرت. ئەو ئاراستەیەش لە ململانێ هۆکار بوو بۆ ئەوەی چەند کەسایەتییەکی سەربازی پلە و پێگەیان دەست کەوێت و ناویان بەرزبێتەوە، هەروەها بووە هۆی پابەندبوون و پەیوەندی و بەرگریکردنی جەماوەریش لێیان، لەبەر ئەوەی وەک پێشەوا لە دژی هێزی دەرەکی سەیر دەکران.

ئەو ململانێ و جیاوازییانەی هەبوون لەنێوان حیزب و لایەنە سیاسییەکان، تەنها هێما و سروشتێکی ناوخۆیی یان مۆرکێکی خۆجێی ڕووتی هەڵنەگرتبوو، چونکە لە بنچینەدا دەربارەی کێشە ناو خۆییەکان بوون.

---

(١٣٣) د. كاظم حبيب، لمحات من عراق القرن العشرين، الجزء السادس، ص١٠٠.

(١٣٤) د. جعفر عباس حميدي، تأريخ الوزارات في العهد الجمهوري، الجزء الخامس، ص٣٠٥.

عێـراق لەو سـەروبەندەدا لە دەوڵەتـانی ڕۆژئـاوای سـەرمایەداری دوورکەوتبۆوە و لە پەیماننـامەی بەغداش هـاتبووە دەرەوە، لە ڕاسـتیدا ئەو پەیماننامەیە بەشێک لە ئەرکەکانی ڕووبەروو بوونەوەی یەکێتی سوڤییەت و وڵاتانی دیکەی سۆسیالیزم بوو.

عێراق پەیوەندی هاوکاری لەگەڵ ژمارەیەک وڵات دروستکرد بوو، لە کێشە نێو دەوڵەتییەکاندا لایەنگری زۆر لە هەڵوێستەکانی یەکێتی سۆڤییەت و بزووتنەوەکانی ڕزگاریخوازی نیشتمانی گەلانی دەکرد. بەو جۆرە عێراق خـۆی خسـتە لیسـتی وڵاتـانی دژ بە ڕۆژئـاوا، دیـارە ئەو هەڵوێسـتانە و پەیوەنییەکان لەگەڵ کۆماری عەرەبی یەکگرتوو کاریگەریان هەبووە لەسەر پەیوەنـدی نێـوان حیـزب و هێـزە سیاسـییەکان لەگەڵ یەکتـر و هەڵوێسـتیان بەرانبەر دەسەڵاتەکەی عەبدولکەریم قاسم[١٣٥].

## سێیەم: عەبدولکەریم قاسم و ژیانی حیزبایەتی

بەپێـی بۆچـوونی سـەرچاوە مێژووییەکـان، سـەرکردەی شـۆڕش عەبدولکەریم قاسم لە ژیانی سیاسیدا پەیوەندی و ئینتیمای بۆ هیچ حیزبێکی سیاسـیی نەبووە، ئەو بـاوەڕی بە حیـزبە سیاسـییەکان و ژیـانی حیزبـایەتی نەبـووە. لە سـەرەتای دەسـەڵاتییەوە بۆچـوونی وابـوو هێـزە سیاسـییەکان بەهۆی خۆپەرستی سەرکردایەتییەکانیان و ویستیان بۆ دەسەڵات پشتگیری ناکەن و ڕێگریش دەبن لەبەردەم پێشکەوتنی ڕژێمەکەی.

عەبـدولکەریم قاسـم خـۆی سـەرکردایەتی جەمـاوەری دەکـرد، ئەرکـی ڕابەرایەتـی شـۆڕش کەوتبـووە سەرشـانی تـا بەرژەوەنـدی و ویسـتەکانی جەماوەر جێبەجێ بکات. قاسم خۆی بە باشترین کەس دەزانی بۆ ئەو کارە.

عەبدولکەریم قاسم لە باشترین حاڵەتەکانی ژیانی حیزبایەتی، لایەنگری سیستمی تاک حیزبی دەکرد، بە باشی دەزانی تەنها یەک حیزب دەسـەڵاتی

(١٣٥) نبيل ياسين، التاريخ المحرم–قراءة تحليلية وقائيعة للفكر السياسي العربي (العراق أنموذجا، الطبعة الاولى، (دون مكان الطبع، ١٩٩٨)، ص١١.

بەدەستەوە بێت، دیارە ئەوەش یەک لە هۆیە سەرەکییەکان بوو بۆ دواکەوتنی دەرچوونی یاسای حیزب و کۆمەڵەکان.

عەبدولکەریم قاسم بەهۆی هەڵوێست و بڕیارەکانی لە دەسەڵات، حیزبە سیاسییەکانیش لە پشتگیری خۆی دوورخستەوە، هەر لە سەرەتای ڕۆژانی سەرکەوتنی شۆڕش، حیزبی بەعس و ئاراستە عەرەبچییەکان لێی دوورکەوتنەوە، حیزبی نیشتمانی دیموکراسی بە سەرۆکایەتی کامیل چادرچی باشترین لایەنگری بوو، ئەویش لە دوایدا لێی دوورکەوتەوە و بە هۆی هەڵوێست لە خودی عەبدولکەریم، دووبەرەکی کەوتە ناو حیزبەکەوە، حیزبی شیوعی عێراقی، کە خاوەن جەماوەری گەورە و ڕێکخستنی توندوتۆڵ بوو، بیروڕای جیاوازی لە ناو سەرکردایەتییەکەی بەرانبەر عەبدولکەریم قاسم هەبوو.

عەبدولکەریم قاسم تەنیا ئەوە نەبوو کە متمانەی بە حیزبەکان نەبوو، بەڵکو هەستێکی گەورەشی بە لە خۆبایی و متمانە بەخۆ و بە دەسەڵات سەپاندن هەبوو، ئەو بیرو بۆچوون و تێگەیشتنی بووە هۆی ئەوەی دواتر ئەو پشتگیرییە لە دەست بدات، کە لە کاتی سەرکەوتن بە دەستی هێنابوو، هەروەها ئەو دەرفەتەشی لە دەستدا، کە دەیویست بەهۆیەوە ڕۆڵێکی نائاسایی و جیاواز لە ژیانی کۆمەڵگای عێراقیدا بگرێت.

بە هۆی ئەو سیاسەتەی ڕژێمەکەی عەبدولکەریم پێڕەوی دەکرد لەناو دامەزراوەکانی حکوومەتدا، سەرەتا سۆز و لایەنگرییەکی زۆری پەیدا کرد، لەبەرئەوەی هیچ گۆڕانێکی ڕیشەیی لەو دامەزراوانە ڕوویان نەدا، بەرپرسەکانی خوارەوە و فەرمانبەران لە ناو دامەزراوەکانی ئاسایش و هەوڵگری و سەربازی و پۆلیس و کارگێڕییە خۆجێییەکان و ڕاگەیاندن، بە زۆری لە شوێنەکانی خۆیان مانەوە.

لە ڕاستیدا ئەو لایەنگرییە هەر بەشێوەیەکی ڕواڵەتی بوو، لە دڵسۆزی و باوەڕی تەواوە نەبوو، لەبەر ئەوەی کاتێک عەبدولکەریم کەوتە دژایەتی بەشێک لە حیزبەکان، بەهۆی ململانێ و ناکۆکی سیاسیی دوورکەوتنەوە لە دەسەڵات ڕوویدا، هەروەها لە ئەنجامی ڕێگا پێ نەدان بە کاری ئاشکرا و فەرمی بۆ ئەو حیزبانە، ئەوا ناڕەزاییەکان لە ناو هەمان ئەو دامەزراوانە

پەرەیان سەند. حیزبەکان بۆ بەرگری لە خۆیان بەهۆی دوورکەوتنەوە لە دەسەڵات و بڕیارەکانی ڕژێمەکەی عەبدولکەریم، جەماوەرو ئەندامانیان ئاراستە دەکرد، ئەنجام بێ سەروبەری لە کاروبارەکان ڕووی لە زۆر بوون بوو(١٣٦).

**چوارەم: یاسای حیزب و کۆمەڵەکان**

ساڵی (١٩٦٠) یاسای ژمارە (١) بەناوی یاسای کۆمەڵەکان لەلایەن حکوومەتەوە دەرچوو. ژمارەیەک لە حیزبە سیاسییەکان داوای مۆڵەتی فەرمییان کرد. بڕیارەکانی دەسەڵات بەرانبەر ئەو داواکاریانە بەم شێوەیەک بوو، هەر یەک لە حیزبی نیشتمانی دیموکراسی، پارتی دیموکراتی کوردستان، حیزبی نیشتمانی پێشکەوتخواز و حیزبی شیوعی-داود ئەلسایغ، مۆڵەتی کارکردنیان پێدرا. بەڵام حیزبی شیوعی عێراق، حیزبی ئیسلامی عێراق و حیزبی تەحریری ئیسلامی داواکاریەکانیان ڕەتکرایەوە و مۆڵەتی کارکردنیان پێ نەدرا.

جیا لە وانە هەر یەک لە: حیزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی، حیزبی نەتەوەیی ناسری، حیزبی ئیستقلال، حیزبی عەرەبی سۆسیالیست و بزووتنەوەی نەتەوەخوازی عەرەبی، لەبەر ئەوەی سیاسەتیان دژی ڕژێمەکەی قاسم بوو داوایان پێشکەش نەکردوو و بە نهێنی مانەوە(١٣٧).

**باسی دەیەم: هەڵسەنگاندنی ژیانی حیزبایەتی لە سەردەمی عەبدولکەریم قاسمدا**

ئەو ئەزموونە حیزبییەی، کە ساڵی ١٩٦٠ دەستیپێکرد و مۆڵەتی فەرمی بەچەند حیزبێک درا، زۆر درێژەی نەکێشا، بەو هۆیەوە حیزبەکان ڕۆڵێکی کاریگەرییان نەگێرا لە کاروباری سیاسیی وڵاتدا، دیارە ئەو بارەش هۆکاری

---

(١٣٦) د. عقيل الناصري، من اوجه الصراع السياسي في الجمهورية الاولى ١٩٥٨ - ١٩٦٣، ص١٣٦ و ١٦٤.

(١٣٧) د. نوري عبدالحميد العاني ود.علاء جاسم، تاريخ الوزارات العراقية في العهد الجمهوري، الجزء الرابع، ص ٥.

زۆر هەبــووە، گرینگترینیــان دەســتێوەردانی دەســەڵات بــوو لە کاروبــاری حیزبەکان[١٣٨].

لێرەدا بە کورتی باس لە ڕۆڵی هەر حیزبێک دەکەین:

**یەکەم: ئەو حیزبانەی بە فەرمی کاریان دەرکرد**

**١. حیزبی نیشتمانی دیموکراسی**

بەهێزترین حیزب بوو، لە وەزارەتەکەی عەبدولکەریم قاسم بەشداری کرد بوو، لە ڕووی ئایۆلۆژییەوە نزیکترین حیزب بوو لە عەبدولکەریم قاسم. ئەم حیزبە بەرەوڕووی چەندین ململانێ و کەرتبوونی ناوخۆ هاتەوە، بەوەش ڕۆڵی لاوازبوو و ڕووی لە نەمان کرد.

ناوەرۆکی ململانێ ناوخۆییەکانی ئەم حیزبە بریتی بوو لە بابەتەکانی: هەڵوێســت وەرگــرتن لە ســەرۆک وەزیــران و درێــژە پێدان بە دەســەڵات و دامەزراندنی بەرەی نیشتمانی، لەگەڵ هەڵوێست لە حیزبی شیوعی عێراقیدا. دوای گەڕانەوەی کامیــل چــادرچی لە ســەردانەکەی بــۆ یەکێتــی ســۆڤییەت، نــاکۆکی لەنێــوان ئەو و مــحەمەد حەدیــد جێگیــری ســەرۆکی حیــزب پەرەی ســەند، ئەنجــام مــحەمەد حەدیــد لەگەڵ چەنــد ئەنــدامێکی ســەرکردایەتی جیابوونەوە و حیزبی نیشتمانی پێشکەوتوخوازیان دامەزراند.

لە ١٨ی مایســی ١٩٦٠دا ئەو حیــزبە کــۆنگرەیەکی نائاســایی بــۆ چارەسەرکردنی قەیرانی ناوخۆی حیزب گرێدا. کامیل چادرچی بۆچوونی لە ئاســت عەبــدولکەریم قاســم ئەوە بــوو کە عەبــدولکەریم و دەســەڵاتەکەی سیستمێکی سەربازی تاکڕەوانەیە، ئاسان نییە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، بۆیە پێویست دەکات بەرەیەکی نیشتمانی لە هەموو حیزبەکان پێک بهێنرێت.

لە لایەکــی دیــکە حوســێن جەمیــل، کە یەکێــک بــوو لە ســەرکردەکانی حیزب بیروبۆچوونی لە ئاست حیزبی شیوعی عێراق نەرێنی بوو، هەروەها پێی وابوو بەرەی عەرەبی نەتەوەخوازی لەگۆڕەپانەکەدا ڕوویان لە بەهێزییە.

---

(١٣٨) قابـل محسـن الركـابي، الحيـاة الحزبيـة فـي العـراق (١٩٥٨-١٩٦٨)، (بغـداد، ٢٠١١)، ص١٢٠.

ئەو ململانێ و دوو بەرەکییە لە ناو حیزبدا، ڕۆڵی سیاسیی و جەماوەری لاوازکرد، ئەندامان ئەرکەکانی خۆیان پشت گوێ خست، بەو هۆیەوە کامیل چادرچی دەستی لە کاری سەرکردایەتی کێشایەوە و لە ۲۲ی ئەیلوولی ۱۹٦۱دا داواکارییەکەی خستە بەردەم ئەنجوومەنی سەرکردایەتی، بەڵام سەرکردایەتی حیزب داواکارییەکەی چادرچی قبوڵ نەکرد، بەڵکو بەهۆی ئەو بارودۆخەی حیزب پێیدا تێپەر دەبێت بەکوێ دەنگ بڕیاریاندا چالاکییەکانی حیزب هەڵپەسێرن. بەمەش ڕۆژنامەی ئەلئەهالی لە دەرچوون وەستا، حیزب لە کۆتاییەکانی نزیک بووەوە[١٣٩].

## ۲. حیزبی نیشتمانی پێشکەوتخواز

حیزبی نیشتمانی پێشکەوتخواز لە ۲۹ی تەمووزی۱۹٦۰ ڕێگای پێدرا بە فەرمی و بەشێوەیەکی یاسایی کاروبارەکانی بەڕێوە ببات، ئەم حیزبە محەمەد حەدید سەرکردایەتی دەکرد، پشتگیری عەبدولکەریم قاسم و دەسەڵاتەکەی بوو، بەڵام دواتر دەستیکرد بە دوورکەوتنەوە لێی. ڕۆژنامەی بەیان (البیان)ی زمانحاڵی حیزب دەستیکرد بە ڕەخنە گرتن لە دەسەڵات و داوای دەکرد دەسەڵاتی سەربازی کۆتایی بێت، لەبەر ئەوەی لە بەرژەوەندی وڵاتدا نییە.

لە ۲ی تەمووزی ۱۹٦۲دا محەمەد حەدید لە بەیاننامەیەک بڕیاری ڕاگرتنی چالاکییە سیاسییەکانی حیزبەکەی ڕاگەیاند، هەروەها ڕۆژنامەکەشیان وەستا. محەمەد حەدید لە بارەی هۆکاری ڕاگەیاندنەکەدا ئاماژەی بۆ ئەوە کرد حیزب لە توانای دانییە چالاکی سیاسیی بە شێوەیەکی ئاسایی بەڕێوە ببات، لەبەر ئەوەی بەهۆی درێژە پێدان بە قۆناغی گواستنەوە و باری نائاسایی وڵات ناتوانێت ڕۆڵی بنچینەیی بگێرێت. محەمەد حەدید لە بەیاننامەکەیدا جەختی لەسەر ژیانی دەستوری پەرلەمانی کردبۆوە بۆ ئەوەی حیزبە سیاسییەکان لە سێبەریدا بتوانن چالاکیە بنچینەییەکانیان بگێرن، هەروەها ئاماژەشی بۆ ئەوە کردبوو خەڵکی لەبەر هەڵوێست و کردارەکانی دەزگاکانی حکوومەت لە کاری حیزبی بەئاشکرا دوور دەکەونەوە.

---

(١٣٩) د. نوري عبدالحميد العاني ود.علاء جاسم، تاريخ الوزارات العراقية في العهد الجمهوري، الجزء الرابع، ص ٤٥.

### ٣. حیزبی شیوعی-داود سایغ[١٤٠]

ئەم حیزبە بەر لە ٩ی شوباتی ١٩٦٠ مۆڵەتی فەرمی وەرگرتبوو، حیزبێکی لاواز بوو دروستکراوی دەستی دەسەڵات بوو، ڕکابەری حیزبی شیوعی عێراقی دەکرد، بەڵام هێزی جەماوەری نەبوو، بۆیە کەوتە ژێر فشاری حیزبی شیوعی عێراقی. هەرچەندە ئەو حیزبە لەلایەن دەسەڵاتەوە پشتگیری دەکرا، بەڵام نەیتوانی لە کاتی دیاریکراودا کۆنگرەی خۆی ببەستێت، بەو هۆیەوە وەزارەتی ناوخۆ ڕێگای پێدا کۆنگرەی دوابخات.

لە مانگی تشرینی دووەمی ١٩٦٠ کاتێک کۆنگرەی دامەزراندنی گرێدا داود سایغ بە سکرتێری حیزب هەڵبژێردرا، بەڵام بەهۆی لاوازی و بێ توانایی لە جێبەجێکردنی هەر جۆرە چالاکییەکی سیاسیی و جەماوەری، هەروەها کشانەوەی ژمارەیەکی زۆری ئەندامانی، ئەوا دەسەڵات و خودی عەبدولکەریم قاسم هەڵوێستی خۆیان بەرانبەری گۆڕی و یارمەتی داراییان لێبری، ئەنجام بارەگاکانیان داخران و کۆتایی بە چالاکییەکانیان هات.

### ٤. پارتی دیموکراتی کوردستان

لە دوای مۆڵەت پێدانی فەرمی لە شوباتی ١٩٦٠دا پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ ماوەی زیاتر لە ساڵێک کەوتە هاوکاری لەگەڵ حکوومەتەکەی عەبدولکەریم قاسمدا، لە پاڵ ئەوەشدا لە هەوڵی بەدەستهێنانی بەشێک لەمافە

---

(١٤٠) داود سایغ، ساڵی ١٩٠٧ لە مووسڵ لەدایکبووە، بەشداری لە دامەزراندنی حیزبی شیوعیی عێراقی کردووە، (١٩٤١-١٩٤٣) بوو بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی. ساڵی ١٩٤٣ زیندانی کراوە و هەمان ساڵ ئازاد بووە. لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی یەکێتیی شیوعییە عێراقییەکان دادەمەزرێنن بەو هۆیەوە ساڵی ١٩٤٧ زیندانی دەکرێت. لە دووەم کۆنگرەی حیزبی شیوعی ساڵی ١٩٥٦ دەگەڕێتەوە ناو حیزبی شیوعی عێراقی و بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵدەبژێردرێت، لە کانوونی دووەمی ١٩٦٠ داواکارییەک بۆ وەزارەتی ناخۆی حکوومەت بەرز دەکاتەوە داوای مۆڵەت دەکات، ناوبراو حیزبێکی شیوعی جیا لە حیزبی شیوعی عێراقی دادەمەزرێنیت و مۆڵەتی فەرمی وەردەگرێت، بەڵام سەرکەوتوو نابێت و حیزبەکەی هەڵدەوەرێت. د. حسن لطيف الزبيدي، موسوعة الاحزاب العراقية، ص ٤٢٦.

نەتەوەییەکانی کورد بەردەوامبوو، داواشی دەکرد حکوومەت خزمەتگوزاری زیاتر پێشکەش بە خەڵکی کوردستان بکات. شایەنی گوتنە داواکارییەکانی کورد لەلایەن عەبدولکەریم پشت دەخران تا ئەو ڕادەیەی ڕازی نەبوو زارەوەی ئۆتۆنومی لە پێڕەو پڕوگرامی پارتیدا تۆمار بکرێت.

هاوکات لەگەڵ ئەوەدا عەبدولکەریم قاسم دەستیکرد بە پەیوەندیکردن لەگەڵ ئاغا و دەرەبەگەکانی کورد، بە تایبەتی ئەوانەی دژی پارتی و مستەفا بارزانی بوون.

لە کۆتاییەکانی ١٩٦٠ هەردوو ڕۆژنامەی (بەغدا و ئەلسەورە)ی سەر بە حکوومەت زنجیرە وتارێکیان بڵاوکردەوە و بەڕاشکاوی داوایان دەکرد، ئەوەی کورد داوای دەکات و ناوی لێناوە مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد، حکوومەت جێبەجێی نەکات، لە بەرانبەردا هەردوو ڕۆژنامەی خەبات و ڕۆژنامەی دەنگی کورد (صوت الاکراد) [١٤١] دەستیانکرد بە وەڵامدانەوەیان.

دەزگا ئەمنیەکانی حکوومەت لەو ماوەیەدا هەڵمەتێکیان دژی سەرکردە و کادیرانی پارتی دەسپێکرد، ئەنجام ساڵح یوسفی[١٤٢] ئەندامی مەکتەبی سیاسییان دەسگیرکرد.

(١٤١) ڕۆژنامەی دەنگی کورد، لە ٩ی شوباتی ١٩٦٠ وەک ڕۆژنامەیەکی سەربەخۆیی سیاسی بە زمانی کوردی و عەرەبی یەکەم ژمارەی لە شاری بەغدا دەرچووە. عومەر جەلال حەوێزی خاوەن ئیمتیاز و سەرنووسەری ڕۆژنامەکە بووە. ئەم ڕۆژنامەیە یەکێک بووە لەو ڕۆژنامانەی، کە ڕۆڵێکی بەرچاوی لە داواکردنی مافی نەتەوەیی کورددا هەبووە، ئەنجام بەو هۆیەوە لە ١٤ی مایسی ١٩٦١ لە دەرچوواندن وەستێنراوە و عومەر جەلال-یش زیندانی کراوە. شایەنی باسە، ڕۆژنامەی دەنگی کورد لە ماوەی دەرچوواندنی (٧١) ژمارەی لێ دەرچووە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: عەبدوڵڵا زەنگەنە، صوت الاکراد – دەنگی کورد یەکەمین ڕۆژنامەی سیاسیی کوردیی سەربەخۆیە، (هەولێر، ٢٠٢٢)، ل ١٧ – ١٨.

(١٤٢) ساڵح یوسفی، ساڵی ١٩١٨ لە بارمەڕنێ لەدایکبووە. ساڵی ١٩٣٨ لە شاری بەغدا خوێندنی ئامادەیی تەواو کردووە بە مامۆستا لە شارۆچکەی هەریر دادەمەزراوە. ساڵی ١٩٤٣ لە کۆلێژی شەریعەی شاری بەغدا وەرگیراوە.. دوای جەنگی دووەمی جیهان لە مووسڵ بووە بە فەرمانبەر. ساڵی ١٩٣٩ پەیوەندی بە حیزبی هیوا کردووە، پاشان بوو بە ئەندامی حیزبی ڕزگاری پاشان پارتی دیموکراتی کورد، (١٩٦٢-١٩٦٣)

دوای گەڕانەوەی مستەفا بارزانی لە ٥ی تشرینی دووەمی ١٩٦٠ لە یەکێتی سۆڤییەتدا پەیوەندی نێوان پارتی و عەبدولکەریم قاسم پتر ڕووی لە تێکچوون کرد، لەبەر ئەوەی بارزانی لەگەڵ بەرپرسانی یەکێتی سۆڤییەت باسیان لە تێکچوونی دۆخی کوردستان کردبوو، داواشی لە حکوومەتی سۆڤییەت کردبوو هەوڵی چاککردنەوەی نێوان پارتی و عەبدولکەریم بدەن.

لە ئازاری ١٩٦١ مستەفا بارزانی سەرۆکی پارتی لەوە تێگەیشت، کە عەبدولکەریم قاسم سیاسەتێکی توند بەرانبەریان بەکار دەهێنێت، لەبەر ئەوەی بارزانی تاوانبار کردبوو، کە لەگەڵ بریتانیا پیلان دژی عێراق دەگێڕن، بەو هۆیەوە بارزانی ناچار بوو شاری بەغدای بەجێ هێشت و ڕووکرد ناوچەی بارزان. لە بەرانبەردا، حکوومەت بەشێک لە بارەگاکانی پارتی داخست و ڕۆژنامەی خەبات لە ٢٢ی ئازاری ١٩٦١ لە دەرچوون ڕاگرت، ئیدی پارتی ناچار بوو چالاکییەکانی بەنهێنی بەڕێوەببات.

لەو ماوەیەدا بە ئامانجی خولقاندنی زەمینەیەکی لەبار بۆ ڕێککەوتن و گێڕانەوەی پەیوەندییە ئاساییەکان، پارتی چەندین یاداشت و نامەی بۆ عەبدولکەریم قاسم نارد، هەروەها چەندین پێشنیازی دەربارەی مافە نەتەوەییەکانی کوردی خستەروو، سەرباری ئەوانەش ئاگاداریان کردەوە لە ئەگەری هەڵگیرساندنی جەنگێکی ناوخۆیی لە کوردستاندا. لە بەرانبەر ئەو هەوڵانەدا عەبدولکەریم قاسم ڕازی نەبوو پێشوازی لە وەفدێکی پارتی بکات، هەروەها هێزە ئەمینەکانی پەلاماری بارەگای لقی پارتیاندا لەشاری بەغدا و چەند کادیرێکیان دەستگیرکرد، ئەنجام سەرکردەکانی دیکەی پارتی بەناچاری شاری بەغدایان بەجێهێشت.

---

بەرپرسی لقی بەغدای پارتی بووە، پاشان بوو بە ئەندامی مەکتەبی سیاسی. ساڵی ١٩٧٠ بوو بە وەزیر لە حکوومەتی بەغدا. دوای نسکۆی شۆڕش ١٩٧٥ گەڕاوەتەوە بەغدا، هەر پاش ماوەیەکی کەم لەگەڵ کۆمەڵە هاوڕێییەکی بزووتنەوەی سۆسیالیستی دیموکراسی کوردستان دادەمەزرێنن. لە حوزەیرانی ١٩٨١ لە شاری بەغدا بەپلانێکی ڕژێم شەهید کراوە. جمال بابان، اعلام الكورد، الجزء الثاني، (السلمانية، ٢٠٠٩) ص ٣٢٣.

٦ی ئەیلوولی ١٩٦١ پارتی بانگەوازی بۆ مانگرتنی سەرتاسەری لە کوردستان ڕاگەیاند، حکوومەت بەتۆپ بارانکردن و پەلاماری ناوچەی بارزان وەڵامیدانەوە، دواجار ڕووداوەکان ڕوویان لە گرژی زیاتر کرد و لە ١١ی ئەیلوولی ١٩٦١ جولانەوەی چەکداری دژی حکوومەت هەڵگیرسا[١٤٣].

### ٥. حیزبی ئیسلامی عێراق

حیزبی ئیسلامی عێراق لە ٢٦ی نیسانی/١٩٦٠ بە فەرمی ڕێگای پێدرا کاربکات، چالاکییەکانی بە زۆری دژی بیروباوەڕی کۆمۆنیستی بوو، بەو هۆیەوە خەڵکی لە مەترسی ئەو ڕێبازە سیاسییە هۆشیار دەکردنەوە. ئەوە لە لایەک، لە لایەکی دیکەوە یادداشتێکی بۆ عەبدولکەریم قاسم بەرزکردەوە و تێیدا ئاماژەی بە ناکۆکی و جیاوازییەکانی ناو کۆمەڵگا و باسی باڵادەستی حیزبی شیوعی عێراق بەسەر شەقامدا کرد بوو. هەر لەو یادداشتەدا ڕەخنەی لە حکوومەت گرتبوو، کە ڕێگا بەم جۆرە لە ئازادی دەدات، هەروەها ئاماژەی بۆ دارمانی باری ئابووری و بەفیرۆدانی سامان و دارایی دەوڵەتی کرد بوو، لە پاڵ ئەوانەشدا باسی نەبوونی دادوەری کۆمەڵایەتی و هاندانی بیروباوەڕی بێباوەڕی و خوانەناسی و یەکسانی نێوان پیاو و ژنی کرد بوو. حیزبی ئیسلامی عێراق لەبەر ئەوەی عەبدولکەریم قاسمی بە بەرپرسیار لە بەرانبەر ئەو بارودۆخە نائاساییە دەزانی، لە یادداشتەکەیدا داوای کردبوو سزانی ئەوانە بدات کە دەستیان لە ڕووداوەکانی شاری کەرکووک و شاری مووسڵی ساڵی ١٩٥٩ هەبووە.

ماوەیەکی زۆری نەبرد عەبدولجەلیل ئیبراهیم و وەلید عەبدولکەریم لەگەڵ نۆ کەسی دیکە لە سەرکردە دیارەکانی حیزبی ئیسلامی عێراق دەستگیرکران، پاشان لە ٢١ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٠ بارەگاکەیان لە شاری بەغدا داخرا، بە دوای ئەوەش ڕۆژنامەکەیان کە لەژێر ناوی (فەیحا) دەردەچوو، وەستێنرا.

---

(١٤٣) عبدالفتاح علي يحيى البوتاني، التطورات السياسية الداخلية في العراق ١٤ تموز ١٩٥٨ – ٨ شباط ١٩٦٣، (دهوک، ٢٠٠٧)، ص ٢٦١.

ناوەندی حیزب داوای ئازادکردنی سەرکردەکانی کرد، هەروەها وەک ناڕەزاییەک بەرانبەر بڕیارەکانی دەسەڵات، وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی دەستی لە کار کێشایەوە، بەڵام ئەوە نەبووە هۆکاری ئەوەی حکوومەت فشارەکانی کەم بکاتەوە، بەڵکو لە ئەنجامی زیاد بوونی فشارەکانی حکوومەت ئەندام و کادیرانی حیزب ناچار بوون بڵاوەی لێ بکەن.

لە ١٥ی ئازاری ١٩٦١ لەسەر داوای عەبدولکەریم قاسم سەرکردە بەندکراوەکانی حیزبی ئیسلامی عێراق دیدارێکی تایبەتییان لەگەڵ سەرۆک وەزیران ئەنجامدا. عەبدولکەریم داوای لێکردن شێوازی کارکردنی خۆیان بگۆڕن و ببن بە کۆمەڵەیەکی خێرخوازی، ئەنجام لە ڕۆژی دواتر بڕیار لە هەڵوەشانەوەی حیزب درا.

لە ئەنجامی هاتنە پێشەوەی ئەو هەلومەرجە، حیزب دابەشبوو بەسەر دوو گروپ، بەشێکیان بەشێوەیەکی نهێنی لەسەر چالاکییەکانیان بەردەوامبوون. بەشەکەی دیکە خۆیان بە کاری پەروەردەکردنەوە خەریک کرد و لە کاری حیزبایەتی دوورکەوتنەوە.

ئەو گروپەی بە نهێنی لە کاری سیاسیی بەردەوام بوون، لەژێر ناو و ناونیشانی جیاواز وەک ڕابیتەی ئیسلامی، بەرەی ئیسلامی لە کارەکانیان بەردەوام بوون.

**دووەم: ئەو حیزبانەی مۆڵەتی رەسمیان پێ نەدرا**

**١.حیزبی شیوعیی عێراقی**

حکوومەت بە فەرمی ڕێگای کارکردنی بە حیزبی شیوعی نەدا، تا دەهات جەماوەری حیزب ڕووی لە داشکان کرد، چەند زانایەکی ئایینی لە ڕۆژنامەیەکدا فەتواکانیان بڵاوکردبۆوە، ئاماژەیان بۆ ئەوە کردبوو پەیوەندی و لایەنگیری بۆ حیزبی شیوعی حەرامە، ئەوانەی ئیسلامن و لە ڕیزی حبزی شیوعیدان نوێژ و ڕۆژییان قبوڵ نییە، ئەو گەنجەی پەیوەندی بە شیوعییەوە هەبێت مافی میراتی باوکی نامێنێت. وێڕایی ئەوانە لە ڕوویێکی دیکەوە ئەندامانی حیزبی شیوعی بەرەوڕووی توندوتیژی و تیرۆر و ناو و ناتۆرەی خراپ دەبوونەوە، لە بارەگاکانی حیزب هێرش دەکرایە سەریان.

بەپێی زانیارییەکانی حیزبی شیوعی، بە ژمارە (٧٥١٠) هێرش کراوەتە سەر بارەگاکانی، ژمارەیەک لە خێزانی ئەندامانی ئەو حیزبە لەماڵەکانی خۆیان دەرکراون، چاپخانەی حیزب لە ناوچووە، ڕۆژنامەی (الاتحاد الشعب) زۆر بەدژواری بڵاودەکرایەوە و لە چەند شارێکدا کۆسپ لە بەردەمی دروست دەکرا، دواجار لە مانگی تشرینی یەکەمی ١٩٦٠ ڕۆژنامەکە لە دەرچوون وەستا، لە جێگای ئەودا بە شێوەیەکی نهێنی ڕۆژنامەی (طريق الشعب) لە مانگی جارێک یان دوو مانگ جارێک بڵاودەکرایەوە.

ژمارەیەکی زۆری ئەندام و لایەنگرانی حیزب لەلایەن دەزگا ئەمنییەکان بەندکران، هەندێکی دیکە لە فەرمانبەرانی میری لەسەر کارەکانیان دەردەکران یاخود دوور دەخرانەوە.

سەرەڕای ئەو بارودۆخە دژوارە، حیزبی شیوعی عێراق لە ناوخۆیدا لە ململانێیەکی توند دابوو. سەرکردەکانیان لە ئاست ئاراستەی کۆمۆنیستی سۆڤییەتی و ئاراستەی کۆمۆنیستی چینی میللی ببوونە دوو بەش، ئاکام حیزب بە ڕادەیەک بێ هێز ببوو، کاتێک کودەتاکەی ٨ی شوباتی ١٩٦٣ ڕوویدا، گۆشەگیر و چارەنووسی نادیار بوو[١٤٤].

### ٢. حیزبی کۆماری

ئەم حیزبە ڕێگای کارکردنی پێنەدرا ، چونکە بە ڕووکارێکی حیزبی شیوعی عێراقی ئەژمار دەکرا، بەو هۆیەوە پوکایەوە و هیچ چالاکییەکی نەما[١٤٥].

### ٣. حیزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی

دوای کۆنگرەی سێیەمی هەرێمایەتی حیزب لە ئابی ١٩٦٠، ئەم حیزبە چالاکییەکانی چڕکردەوە و دەستیکرد بە ڕێکخستنی مانگرتن و خۆپیشاندان،

(١٤٤) د. عبدالرزاق مطلك الفهد، الاحزاب السياسية في العراق ودورها في الحركة الوطنية والقومية ١٩٣٤ – ١٩٥٨، الطبعة الاولى، (بغداد، ٢٠١١)، ص ٣٣.

(١٤٥) محەمەد فاتیح، حزب و ڕێکخراوە سیاسییە عێراقییەکان ١٩١٠ – ٢٠١٠، (سلێمانی، ٢٠١٢)، ص١٢٣.

وردە وردە خۆی بەسەر شەقامدا سەپاند و ڕۆڵی لە ڕێکخراوە جەماوەری و پیشەییەکانی حیزبی شیوعی عێراق زەوت کرد، لە ڕۆژنامەی (الاشتراكي) جەختی لەسەر ڕووخاندنی ڕژێمەکەی عەبدولکەریم قاسم دەکردەوە.

بۆ هەڵدانەوەی لاپەڕەیەکی نوێ لە کاری سیاسی و ژیاندنەوەی بەرەی نیشتمانی، حیزبی بەعس داوای شیوعییەکانی قبوڵ نەبوو، لە مارتی ١٩٦٠ توانی بەرەی نەتەوەیی لە چەندین حیزب و کۆمەڵە و کەسایەتی نەتەوەخوازی عەرەب پێک بهێنێت.

### ٤. حیزبی عەرەبی ئیشتراکی

ئەو حیزبە لە تەمووزی ١٩٦٠ هاتە دامەزراندن، بڵاوکراوەیەکی خوولی هەبوو لە ژێر ناوی (العربي الاشتراكي) ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٦٠ – ١٩٦٣ لە دەرچوون بەردەوامبوو. هەروەها بڵاوکراوەیەکی دیکەشی هەبوو بە ناوی (الكفاح). ئەو حیزبە چەند جارێک بەیاننامەی دەربارەی سیاسەتەکانی عەبدولکەریم قاسم دەرکرد و بە توندی ڕەخنەی لێگرت.

حیزبی عەرەبی ئیشتراکی دروشمی دامەزراندنی بەرەیەکی نەتەوەیی ڕاستەقینەی بەرزکردبۆوە، بەو هۆیەوە ڕەخنەی لە حیزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی گرت ، لەبەر ئەوەی ڕازی نەبوو لە بەرەی نەتەوەیی وەریان بگرێت.

ئەو حیزبە وەک دەردەکەوێت درێژە پێدەری حیزبی ئیستقلال بوو، لەبەر ئەوەی ژمارەیەکی زۆری ئەندامانی پێشووتر ئەندامی ئەو حیزبە بوون.

حیزبی عەرەبی ئیشتراکی بەردەوام لە ململانێ لەگەڵ هێزە سیاسییەکاندا، لەنێو خۆشیدا ململانێییەکی زۆر و بەرچاو لەنێوان ئەندامەکانیدا هەبوو[١٤٦].

### ٥. بزووتنەوەی نەتەوەخوازانی عەرەب

ئەو بزووتنەوەیە جۆرج حەبەش، ئەمینداری گشتی بوو ناوبراو نیشتەجێی وڵاتی سوریا بوو، لەبەر ئەوە لە ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٥٩–

(١٤٦) محەمەد فاتیح، حزب و ڕێکخراوە سیاسییە عێراقییەکان ١٩١٠ – ٢٠١٠، ص١٢٤.

١٩٦٢ نایف حەواتمە لە عێراقدا بەرپرسی بزووتنەوەکە بوو. لەبەر ئەوەی ئەو ڕێکخراوە لە سەردەمی عەبدولکەریم قاسمدا ڕۆڵی دیاری هەبوو لە گواستنەوەی چەک لە سوریاوە بۆ مووسڵ، دەزگای ئاسایش ژمارەک سەرکردەی وەک: حامید عەلوان[١٤٧]، عەدای عەلوان، ڕەشید سەعید تکریتی و عەبدولموحسین زەوبەعی، لێ دەستگیرکردن.

کاتێک حیزبی بەعس دەست پێشخەری دامەزراندنی بەرەی نەتەوەیی کرد، سەرەتا بزووتنەوەی نەتەوەخوازانی عەرەبی بەشدارییان تێیدا کرد، بەڵام دواتر لە تەمووزی ١٩٦٠ لێی کشایەوە.

لە ١٠ی کانوونی یەکەمی ١٩٦٢ دەزگای ئاسایش پەلاماری بارەگای سەرەکی بزووتنەوەکەیدا و نایف حەواتمەی دەستگیرکرد، لەگەڵ ئەوەشدا ژمارەیەک بەڵگەنامە دەستی بەسەر داگیرا، کە تێیدا باس لە ڕووخانی ڕژێمی عەبدولکەریم قاسم بە هاوکاری هێزە عەربچییەکان کرا بوو.

### ٦. ڕابیتەی نەتەوەیی

ڕابیتەی نەتەوەیی لە ئابی ١٩٥٨ دامەزرا، سەرکردە دیارەکانی: هیشام شاوی، عەدنان ڕاوی، ڕەمزی عەمری و ژمارەیەکی دیکە بوون. ئامانجی ئەو ڕێکخراوە ڕزگاری، یەکێتی و سۆسیالیزم بوو. ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٦٠ –

---

(١٤٧) حامید عەلوان، ساڵی ١٩٣٢ لە حیللە لەدایکبووە. ساڵی ١٩٤٨ لە زانکۆی ئەمریکی لە بەیروت وەرگیراوە. هەمان ساڵدا پەیوەندی بە حیزبی بەعس کردووە، پاشان لە حیزبی بەعس دوور دەکەوێتەوە. ساڵی ١٩٥١ لە دامەزراندنی بزووتنەوەی نەتەوەخوازانی عەرەب بەشداریکردووە. ساڵی ١٩٥٨ زیندانی کراوە و ساڵی ١٩٦١ ئازاد کراوە. دوای کودەتاکەی ٨ی شوباتی ١٩٦٣ ڕۆژنامەی (الشعب)ی دەرچوواندووە. پاشان دووبارە پەیوەندی بە حیزبە بەعسەوە کردۆتەوە. ١٩٦٨ – ١٩٧٧ بووە بە وەزیرە. ساڵی ١٩٨٤ بوو بە وەزیری دەرەوەی عێراق. ساڵی ١٩٨٦ بوو بە باڵیۆز لە وەزارەتی دەرەوە. ساڵی ١٩٩٣ هەڵوێستی بەرانبەر ڕژێمە گۆڕاوە بوو بە ئۆپۆزیسیون. ساڵی ٢٠١٧ لە لەندەن کۆچی دوایی کردووە. المركز العراقي للمعلومات والدراسات، دليل الوزارات العراقية (١٩٢٠ – ٢٠٠٣)، الطبعة الاولى، (بغداد، ٢٠٠٧)، ص٢٦٣.

١٩٦٣ بڵاوکراوەیەکی نهێنی بە ناوی (الرقیب) دەرکرد و چەند بەیاننامەیەکی دژی عەبدولکەریم قاسم بڵاوکردەوە.

ئەم ڕێکخراوە ساڵی ١٩٦٤ بووە دوو بەش، یەکێکیان لەژێر ناوی کۆنگرەی نەتەوەیی، دووەمیشیان هەر بەهەمان ناوی خۆی کاری دەکرد. ڕابیتە وەک حیزبێکی سیاسیی ڕێک نەخرا بوو، بەڵکو زیاتر وەک گردبوونەوەیەکی نەتەوەیی بوو، دواجار ساڵی ١٩٦٤ کۆتایی بە چالاکییەکانی هات.

**باسی هەشتەم: ململانێی نێوان عەبدولکەریم قاسم و عەبدولسەلام عارف**

وەک باس دەکرێت پەیوەندی نێوان عەبدولکەریم قاسم و عەبدولسەلام عارف، تا بەرپابوونی شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ پەیوەندییەکی برایانەی توند بوو، بەڵام هەر لە ڕۆژانی یەکەمی دەسەڵاتدارییانەوە، وردە وردە جیاوازی لەنێوان هەردووکییاندا دەرکەوتوو، ئیدی ململانێیەکان تا دەهات زیاتر پەرەی دەسەند. هۆکاری سەرەکی ئەو ناکۆکی و ململانێیە بۆ خواست و ویستی هەر یەکێکیان دەگەڕایەوە، کە ویستی وەرگرتنی دەسەڵات و بینیی ڕۆڵی سەرەکی لە وڵاتدا. ئەنجام کار گەیشتە ئەو ڕادەیەی هەر لایەکییان هەوڵبدات ئەوی دیکە لاواز بکات و دووری بخاتەوە[١٤٨].

شایەنی گوتنە، لەو بارەیەوە دەکرێت ئاماژە بۆ چەند دیاردە و ڕووداوێک بکەین، کە بوونە هۆی ناکۆکی لەنێوانیاندا:

١. کوشتن و لەناوبردنی بنەماڵەی پاشای عێراق، سەر لە بەیانی ڕۆژی یەکەمی بەرپابوونی شۆڕش بە بڕیاری عەبدولسەلام عارف. ئەوەش لەگەڵ خواستی عەبدولکەریم نەدەهاتەوە بۆیە کاردانەوە و ناڕەزایی لێکەوتەوە.
٢. دانان و دامەزراندنی بەرپرسی باڵا و فەرمانەدەی سەربازی لە پێگە گرینگەکاندا، کە هەریەکەیان هەوڵی دامەزراندنی لایەنگری خۆی دەدا.

---

(١٤٨) د. محمد حمدي الجعفري، تدخل العسكريين العراقيين في السياسة ١٩٥٨ – ١٩٦٨، الطبعة الاولى، (دون مكان الطبع، ٢٠٢١)، ص٤٢.

٣. گواستنەوەی لیوایەکی سەربازی و ئەو کەتیبەی عەقید عەبدولڕەحمان عارف فەرماندەی بوو بۆ ناوچەی (**h3**) لە ڕۆژئاوای عێراق تا بەرگری لە سنورەکانی ناوچەکەدا بکات، عەبدولسەلام ئەو هەنگاوەی بەدوور خستنەوەی براکەی لێکدایەوە.

٤. سەردانەکی عەبدولسەلام عارف لە ١٩ی تەمووزی ١٩٥٨ بۆ دیمەشق و چاوپێکەوتنی بە سەرۆک جەمال عەبدولناسر و لێکەوتەکانی سەردانەکە، چونکە عەبدولسەلام لە سەردانەکەدا داوای کرد بوو یەکێتی نێوان هەردوو وڵات بێ دواکەوتن ڕابگەیەنرێت. جگە لەوەش لە وتار و گفتوگۆکانیدا ناوی عەبدولکەریم قاسمی نەهێنا بوو، وا ڕەفتاری کرد بوو، کە خۆی کەسی یەکەمی وڵات بێت.

٥. هۆیەکی گرینگی تێکدانی پەیوەندییەکان دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بڕووسکەیەی، کە عەبدولسەلام عارف بۆ باڵیۆزخانەی میسری لە بەغدا ناردبوو، تێیدا هاتبوو نیازی هەیە بە سەرۆکایەتی وەفدێکی باڵا بۆ ڕاگەیاندنی یەکگرتنی بە پەلەی نێوان هەردوو وڵات سەردانی میسر بکات، هەروەها تێیدا هاتبوو ئەگەر عەبدولکەریم قاسم ناڕازی بێت ئەوە لە دەسەڵات دووری دەخاتەوە. ئەنجام بە گەشتنی ئەو بڕووسکەیە بە دەستی عەبدولکەریم گەیشت و کاریگەری خراپی لەسەر پەیوەندییەکان دورست کرد.

عەبدولسەلام عارف بەدەر لە ململانێی لەگەڵ عەبدولکەریم قاسم، لەگەڵ چەپەکان لەگەل بەشێک لە ئەفسەرانی ناو سوپا و سەرکردەی حیزبەکان و کەسانی دیکە کەوتە ململانێ، جگە لەوەش لە گەڕان و سەردانەکانیدا بۆ شار و شارۆچکەکان، کردار و ڕەفتار و وتارەکانی بوون بە هۆی زیادبوونی ململانێی و ناوکۆکییەکان. بەو هۆیەوە عەبدولکەریم قاسم و ئەفسەرە دەسەڵاتدارەکانی نزیکی بیریان لە دووخستنەوەی عەبدولسەلام کردەوە، ئەنجام کاتێک ئەو خەریکی گەڕان و سەردانی کردن بوو، عەبدولکەریم خەریکی زیادکردنی لایەنگیرانی خۆی بوو لە پێگە هەستیارەکاندا، دواجار لە ١١ی ئەیلولی ١٩٥٨ عەبدولسەلام پۆستی جێگری فەرماندەی هێزە چەکدارەکانی بە بیانوونی نزمی پلەی سەربازی لە پلەی

فەرماندەی فیرقەکانی سوپا، لێ سەندرایەوە، لە پاشان لە ٣٠ی ئەیلوولدا هەموو پلە و دەسەڵاتەکانی لێوەرگیرایەوە و وەک باڵیۆزی عێراق لە ئەڵمانیای ڕۆژئاوا دەستنیشان کرا[١٤٩].

عەبدولسەلام سەرەتا ئەو بڕیارەی قبوڵ نەکرد، بەڵام پاشان ڕازییان کردو بەرەو شاری بۆن بە ڕێکەوت. ناوبراو لە ئەڵمانیا زۆر نەمایەوە لەپڕ گەڕایەوە بەغدا و وازهێنانی خۆی خستەبەردەم عەبدولکەریم قاسم، ئەو هەنگاوە هاوکات بوو لەگەڵ ئەو قسە و باسە زۆرانەی لە بارەی ئەنجامدانی کودەتا و پیلان بۆ کوشتنی عەبدولکەریم قاسم دەکران، بەمەش بە تاوانی هەوڵدان بۆ کوشتنی قاسم، عەبدولسەلام خرایە زیندانەوە.

لە ٩ی کانوونی یەکەمی ١٩٥٨ عەبدولسەلام عارف ڕەوانەی دادگای سەربازی باڵای تایبەت کرا و بەپێی مادەی (٨٠) لە یاسای سزادانی عێراقی لە ٢٧ی کانوونی یەکەم دانشتێکی دادگایی بە نهێنی بەستراو چەند تاوانێکی ئاراستە کرا، لە وانە:

١. ناونەهێنانی عەبدولکەریم قاسم لە وتارەکانیدا.
٢. پشتگیریکردنی لایەنی سیاسیی لە عەرەبچییەکان و بانگەواز بۆ یەکێتی عەرەبی بە پەلە.
٣. دارشتنی پیلان بۆ کودەتا دژی ڕژێمەکەی عەبدولکەریم قاسم.
٤. هەوڵدان بۆ کوشتنی عەبدولکەریم قاسم.

پاش وەرگرتنی وتەی شایەدەکان و خستنە ڕووی بەڵگەکان و وردبوونەوە لە ڕووداوەکاندا، لە ٥ی شوباتی١٩٥٩ دادگا بڕیاریدا بە: کوشتنی عەبدولسەلام عارف و دەرکردنی لە ڕیزی هێزە چەکدارەکان. بەڵام بڕیارەکە جێبەجێ نەکرا، بەمەش عەبدولسەلام لە زیندان مایەوە تا ئەوە لە مانگی تشرینی دووەمی ١٩٦١ لەلایەن عەبدولکەریم قاسمەوە بڕیاری ئازادبوونی دەرکرا[١٥٠].

---

(١٤٩) د. كاظم حبيب، لمحات من عراق القرن العشرين، الجزء السادس، ص ١٨٣.

(١٥٠) د. نوري عبدالحميد العاني ود. علاء جاسم، تاريخ الوزارات العراقية، الجزء الاولى، ص ٤٥٨.

ئیسماعیل عارف (کەسێکی نزیک بوو لە عەبدولکەریم قاسم) دەگێڕێتەوە: عەبدولسەلام کاتێک زیندانی کرا، چاوەڕوانی ئەوە بوو ئەفسەرانی لایەنگری و هاوبیرانی بە کودەتایەک هەڵسن، بەڵام ئەو چاوەڕوانییە زۆری خایاند و هیچ شتێک ڕوویندا، بۆیە عەبدولسەلام عارف کەوتە ژێر باڵی بێ ئومێدی و دەستیکرد بە نووسینی نامە بەدوای نامە بۆ عەبدولکەریم قاسم و لێی دەپارایەوە لە زیندان ڕزگاری بکات، لە مانگی تشرینی دووەمی ١٩٦١ یەکێک لەو نامانە لە ڕێگای فەرماندەی پۆلیسی سەربازی گەیشتە دەستی عەبدولکەریم قاسم، لە نامەکەدا هاتبوو:" **گەورەم و سەرکردەم و برام عەبدولکەریم قاسم، هارون چۆن بوو بۆ موسا، من بۆ تۆ بەم جۆرەم، چاوەڕوانی سۆز و بەزەیی پێ هاتنەوەی تۆم**". ئیدی قاسم دوای ئەو نامەیە بڕیاریدا لە عەبدولسەلام خۆش بێت، ئەنجام لە ٢٥ی تشرینی دووەمی ١٩٦١ لە زیندان ئازاد کرا و هەر ئەو شەوە لە بەندیخانەوە گەیشتە لای عەبدولکەریم لە بارەگاکەی لە وەزارەتی بەرگریدا، پاش چاوپێکەوتن و ئاشتبوونەوە بەهۆی پاسەوانەکانی قاسم، عەبدولسەلام عارف ڕەوانەی ماڵەکەی خۆی کرا و موچەی ئەو ماوەیەی، کە لە زیندانیش بوو بۆی خەرجکرا[(١٥١)].

### باسی یازدەهەم: هەوڵەکان بۆ گۆڕینی ڕژێمەکەی عەبدولکەریم قاسم

ململانێی سیاسیی لەنێوان حیزبی شیوعی عێراق و لایەنگرانی لە لایەکەوە، لەگەڵ هێزە سیاسییە عەرەبچییەکان لە لایەکی دیکەوە ڕووی لە توندی کرد. لایەنی نەتەوەخوازانی عەرەب بەرەو ڕووی فشار و دوورخستنەوە دەبوون لە پلەوپایە بەرزەکانی دەسەڵاتدا، بەتایبەتی دوای دوورخستنەوەی عەبدولسەلام عارف. لە بەرانبەر ئەو دۆخە ژمارەیەک لە ئەفسەرە نەتەوەخوازانی عەرەب لە ناو سوپا کەوتنە چالاکی بۆ ئەنجامدانی کودەتایەک دژی ڕژێمەکەی عەبدولکەریم قاسم.

---

(١٥١) ليث عبدالحسين الزبيدي، ثورة ١٤ تموز في العراق، ص٣٣٨؛ اوريل دان، العراق في عهد قاسم، ص١٠٧.

شایەنی گوتنە، بیرکردنەوە لە کودەتای سەربازی بۆ کۆتاییەکانی ساڵی (١٩٥٨) و سەرەتاکانی ساڵی (١٩٥٩) دەگەڕێتەوە. ئەو شوێنانەی ئەو کارانەشی تێدا ئەنجام دەدرا زۆرتر یەکە سەربازییەکانی ناوچەی مووسڵ و کەرکووک و بەغدا بوون.

لێرەدا بە کورتی باسی چەند هەوڵێک لەو بارەوە دەکەین:

١. یەکەم هەوڵ بۆ لادانی عەبدولکەریم قاسم لە دەسەڵات لەلایەن خودی عەبدولسەلام عارفەوە کاری بۆ کرا. ناوبراو هەوڵیدا سوود لە لیوای بیستی سوپای عێراق وەربگرێت، بەڵام بەهۆی گۆڕینی فەرماندەی لیواکە عەقید عەبدوللەتیف جاسم و دانانی عەقید هاشم عەبدولجەبار لە جێگای ئەودا بە فەرمانی عەبدولکەریم قاسم، هەوڵەکە شکستی هێنا، ئەوەش دوای ئەوەی بەشی زۆری ئەو ئەفسەرانەی جێگای گومانی فەرماندەی نوێ بوون و بەلایەنگری عەبدولسەلام دادەنران، بۆ شوێنی دیکە گواسترانەوە.

٢. دووەم هەوڵ کۆمەڵە ئەفسەرێکی نزیک عەبدولسەلام عارف بەرنامەیان بۆ دانابوو. عەقید ئەحمەد حەسەن بەکر (١٩١٤-١٩٨٢) فەرماندەی یەکێک لە فەوجەکان لە لیوای بیستدا لەگەڵ چەند ئەفسەرێکی دیکە هاوکار بوون و کارییان بۆی دەکرد. بەڵام ئەو هەوڵەش هەر پێش دەست پێ کردنی نوشستی هێنا، چونکە هەواڵەکە گەیشتە عەبدولکەریم قاسم و ئەحمەد حەسەن بەکر، ئەکرەم مەحموود، فازیڵ سافی و چەند ئەفسەرێکی دیکە کە جێگای گومان بوون دەستگیرکران.

**٣.** چەند ئەفسەرێک لە بەشی ئەرکانی سەر بەوەزارەتی بەرگری، پیلانی کودەتایەکی سەربازییان دارشتبوو، ئەوانیش بریتی بوون لە عەقید ڕەفعەت حاجی سرِی، عەقید سوبحی عەبدولحەمید، ڕائید جاسم عەزاوی، موقەدەم مەجید و عەقید ساڵح مەهدی عەماش[١٥٢].

(١٥٢) ساڵح مەهدی عەماش، ساڵی ١٩٢٥ لەبەغدا لەدایکبووە، دوای دەرچوونی لە کۆلێژی سەربازی، لە بەشی هەواڵگری سەربازی کاری کردووە، ساڵی ١٩٥٢ پەیوەندی بە

پیلانەکەیان بە کورتی بریتی بوو لە پەلاماردانی عەبولکەریم قاسم لە ژوورەکەی خۆی لە ناو وەزارەتی بەرگری و دەستگیرکردنی و ڕەوانەکردنی بۆ دەرەوەی عێراق، ئەوەش لە کاتێکدا ئەنجامی دەدەن، کە یەکەکانی سوپا لە لیوای مووسڵ و کەروکوک پشتگیری خۆیان بۆ کودەتاکە ڕادەگەیەنن، ئیدی دەست دەگرێت بەسەر کاروباری حکوومەتدا، بەڵام ئەو هەوڵەش بەهۆی ئاشکرا بوونی و دەستگیرکردنی زۆربەی ئەو ئەفسەرانەی بەشداربوون تێیدا شکستی هێنا(١٥٣).

**یەکەم: هەوڵەکەی ڕەشید عالی گەیلانی**

ساڵی ١٩٤١ دوای شکستهێنانی کودەتا سەربازییەکە و داڕمانی حکوومەتەکەی ڕەشید عالی گەیلانی، ناوبراو لەگەڵ ئەوەی بڕیاری کوشتنی بۆ دەرچوو بوو توانی لە عێراق خۆی دەرباز بکات، بەمەش لە وڵاتی عەرەبی سعودیا گیرسایەوە تا ساڵی ١٩٥٨ لە وێدا مایەوە.

دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ١٤ تەمووز، ڕەشید عالی گەیلانی لێبووردنی بۆ دەرچوو و لە مانگی ئەیلوولی ١٩٥٨ گەڕایەوە عێراق. پێش ئەوەی بگاتەوە بەغدا چووە میسر و چاوی بە سەرۆک جەمال عەبدولناسر کەوت.

ڕەشید عالی گەیلانی لە بەغدا پێشوازییەکی گەرمی لێکرا و لە ماڵەکەی خۆیدا عەبدولسەلام عارف سەردانی کرد، دواتر لەلایەن عەبدولکەریم قاسم

---

حیزبی بەعس کرووە، ساڵی ١٩٥٦ پەیوەندی بە ئەفسەرانی ڕێکخستنی ئازادیخواز کردووە، دوای شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ گیراوە. لە دوای کودەتاکەی ٨ی شوباتی ١٩٦٣ بە وەزیری بەرگری دانراوە. لە ئەیلوولی ١٩٦٣ بوو بە ئەندامی سەرکردایەتی شۆڕش. ناوبراو دەستی هەبووە لە کوشتنی سەدان زیندانی حیزبی شیوعی عێراقی لە سەربازگەی ڕەشید، ساڵی ١٩٧١ لە هەلومەرجێکی گوماناوی مردووە. هادي حسن عليوي، رجالات العراق الجمهوري من عبدالكريم قاسم الى صدام حسين، ص ٤٧٦.

(١٥٣) محمود الدرة، ثورة موصل القومية ١٩٥٩، الطبعة الاولى، (بغداد، ١٩٨٧)، ص ٨٤؛ د. جعفر عباس حميدي، تاريخ العراق المعاصر ١٩١٤– ١٩٦٨، ١٩٦٨، ص٢٧٨.

له بارەگـای حکـوومەت پێشـوازی لێکـرا، نـاوبراو جێگـای ڕێـز بـوو، وەک سەرکردەیەکی ڕووداوەکانی مایسی ١٩٤١ سەیر دەکرا.

ڕەشید عالی گەیلانی دوای ماوەیەکی کەم دەستیکرد بە چاوپێکەوتن و کۆبــووونەوە لەگەڵ کەســایەتییە سیاســییەکان و هەڵگرانــی بیروبــاوەڕی عەرەبچێتــی، لە وانە: موبــدر گەیلانــی، عەبــدولڕەحیم ڕوای، عەبــدولڕەزاق ســوکەر لەگەڵ چەنــدین ســەرۆک عەشــیرەت و کەســانی دیــکەی پــلەداری ســەربازی. هاوکـات لەگەڵ ئەوەشــدا پەیوەنـدی بەردەوامــی لەگەڵ کۆمـاری عەرەبی یەکگرتوودا هەبوو[١٥٤].

له ٨ی کـانوونی دووەمـی ١٩٥٩دا لە ئیـزگەی بەغـدا بەیاننـامەیەک بە ئیمزای عەبدولکەریم قاسم فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان بڵاوکرایەوە تێیدا هاتبوو: پیلانێکی مەترسیدار ئاشکرا بوو، تێیدا نەخشـەی ئەوە کێشراوە لە شــەوی ٩/٨ ی کـانوونی یەکەمـی ١٩٥٩ جێبەجـێ بکرێـت، ئەو کەســانەی پیلانییان بۆ جێبەجێکردنی داڕشتبوو پەیوەندییان بە وڵاتـانی بیانییەوە هەیە، بەو هۆیەوە بڕێک بەڵگەنامە و پارە و چەک دەستی بەسەردا گیراوە. دوای چەند ڕۆژێک لە تەلەفزیۆنی بەغداوە هەندێک چەک و تەقەمەنی پێشـاندران، پاشان لە بەیاننامەیەکی دیکە نـاوی پیلان داڕێژەران ئاشکرا کران کە بریتـی بـوون لە: ڕەشـید عـالی گەیلانـی (سـەرکردەی پـیلانەکە)، موبـدر گەیلانـی، عەبدولرەحیم ڕاوی، عەقید تـاهیر یەحیا بەڕێوەبەری گشـتی پۆلیس، عەقید عەبدوللەتیف دەراجی فەرماندەی کۆلێژی سـەربازی، عەقید ڕەفعەت حـاجی ســڕی بەرپرســی هەواڵگــری ســەربازی، زەعــیم عەبــدولعەزیز عــوقەیلی فەرماندەی فیرقەی یەکەم، عەقید عەبدولغەنی ڕاوی[١٥٥] و چەند ئەفسـەرێکی دیکە و کۆمەڵە سەرۆک عەشیرەتێک[١٥٦].

---

(١٥٤) حامد الحمداني، صفحات من تاريخ العراق الحديث، الجزء الثاني، ص٥٤.

(١٥٥) عەبـدولغەنی ڕاوی، سـاڵی ١٩١٢ لە ڕومـادی لەدایکبـووە، سـاڵی ١٩٤١ کـولێژی سەربازی تەواو کردووە، پلەی سەربازی لەناو سوپا بەرزبۆتەوە بووە بە سـەرهەنگ، هەڵگــری بیروبــاوەڕی ئیخــوان موســلمین بــووە. بەشــداری لە کودەتــاکەی ٨ی شوباتی١٩٦٣ کردووە، لە حکوومەتەکەی تاهیر یەحیا بووە بە وەزیر، سـاڵی ١٩٧٩ بە پشـتگیری ئێران پلانی کودەتایەکی سـەربازی ڕێکخسـتووە، بەخـۆی ئاشکرا بـوونی

بەپێی زانیارییەکان بڕیاربووە پیلانەکە لە شەوی ٩/٨ی کانوونی یەکەم ئەنجام بدرێت، بەڵام هەواڵگری سەربازی ئاگادار بووە و توانیویەتی بگاتە نهێنییەکانی و ئاشکرای بکات.

تاوانباران ڕەوانەی دادگای سەربازی بالاکران، بۆ دادگا دەرکەوت ئامانجییان ڕووخاندنی ڕژێمەکەی عەبدولکەریم قاسم و پێکهێنانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و جێبەجێکردنی یەکگرتن لەگەڵ کۆماری عەرەبی یەکگرتوو میسر و سوریا، بووە. وێڕای ئەوەی دادگا بڕیاری لە سێدارەدانی بۆ تاوانباران دەکرد، کەچی عەبدولکەریم قاسم بڕیاری لێبوردنی بۆیان دەرکرد، ئەنجام لە مردن ڕزگارییان بوو و دواتر لە کودەتای ٨ی شوباتی ١٩٦٣ لە کوشتنی قاسم بەشدارییات کرد(١٥٧).

**دووەم: کودەتای سەرنەکەوتووی عەقید عەبدولوەهاب شەواف**

کودەتای شەواف لە ٨ی ئازاری ١٩٥٩ دژی سیستمی کۆماری و ئامانجەکانی شۆڕشی ١٤ تەمووز نەبوو، بەڵکو دژی عەبدولکەریم قاسم سەرۆک وەزیران و بزووتنەوەی کۆمۆنیستی بوو لە عێراقدا.

شاری مووسڵ ڕەوتی ئاینی و هەست و بیروباوەڕی نەتەوەیی عەرەبی بەسەریدا زاڵبوو، بۆیە ببووە بنکەیەک بۆ دژایەتیکردنی کۆمونیستی و لەدوایشدا وەک ئۆپۆزیسیونی سیاسیی بەرانبەر بە عەبدولکەریم قاسم.

دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ١٤ تەمووز ١٩٥٨ لە شاری مووسڵدا دوو ئاراستەی سیاسی دژ بەیەک هەبوون، یەکەمیان عەرەبی نەتەوەخوازی، کە لە: حیزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی، عەرەبە یەکگرتووخوازەکان، کۆمەڵەی ئیخوان مووسڵمین، کۆنەپارێزان، ژمارەیەک موڵکدار و سەرۆک عەشیرەتی ناڕازی لە سیاسەتی چاکسازی کشتوکاڵی لە نموونەی شێخ ئەحمەد عەجیل

---

چووە بۆ هاندەران، ساڵی ٢٠١١ کۆچی دوایی کردووە. هادي حسن عليوي، رجالات العراق الجمهوري من عبدالكريم قاسم الى صدام حسين، ص ٢١٤.

(١٥٦) د. كاظم حبيب، لمحات من عراق القرن العشرين، الجزء السادس، ص ١٨٥.

(١٥٧) أديث وني وايف بينروز، العراق دراسة قي علاقاته الخارجية وتطوراته الداخلية ١٩١٥ – ١٩٧٥، ترجمة: عبدالمجيد حسيب، الجزء الاولى، (دون مكان الطبع، ١٩٨٩)، ص ٣٥٦.

یاوەر سەرۆکی عەشیرەتی شەمەر، پێکهاتبوون، ئامانجییان بەدیهێنانی یەکێتیی عەرەب بوو[١٥٨].

ئاراستەی دووەم، حیزبی شیوعی عێراقی ڕابەرایەتی دەکرد، لەلایەن حیزبی نیشتمانی دیموکراسی و پارتی دیموکراتی کوردستان پاڵپشتی دەکران.

شایەنی گوتنە، لەو قۆناغەدا ئاراستەی یەکەم لە ناو شاری مووسڵدا زیاتر دەست ڕۆیشتوو بوون، لە ناو یەکە سەربازییەکان زیاتر پشتیوانی دەکران. ئەنجام تا دەهات ناکۆکییەکانی نێوان ئەو دوو ئاراستەیە بەرەو گرژی هەنگاوی دەنا، بە تایبەتی دوای سەردانیکردنی عەبدولسەلام عارف لە ٥ی ئابی ١٩٥٨دا، لەبەر ئەوەی دواتر، کە بوو بە هۆکاری دورستبوونی شەڕ و پێکدادان لەنێوان لایەنگرانی هەردوو ئاراستەکە لە شەقام و مزگەوت چاپخانەکاندا.

لەو قۆناغەدا لە مووسڵ ڕێکخراوێک لەژێر ناوی (گردبوونەوەی نەتەوەیی ئاینی) لە نوێنەرانی حیزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی و بزووتنەوەی نەتەوەخوازانی عەرەب و ئیخوان موسڵمین پێکهات، ئامانجییان ڕووبەڕووبوونەوەی زیاتری تەوژمی حیزبی شیوعی عێراق و لایەنگرانی بوو. هاوکات لەگەڵ ئەوەدا هەر لە مووسڵ گردبوونەوەیەکی دیکە لە: سامی باش عالم عەمری (پارێزەر) و ئیبراهیم عەبدولڕەحمان مەحموود پێکهات، ئەوانەش لەپێناو دامەزراندنی حکوومەتێکی ئیسلامی لە جێگای حکوومەتەکەی عەبدولکەریم قاسم کاریان دەکرد.

جگە لەو گردبوونەوە و کۆمەڵە سیاسییانەی ناومان هێنان، لە ناو هێزە سەربازییەکانی ناوچەی مووسڵ چەند گردبوونەوەیەکی سیاسیی لە وانەی دژی ڕژێمەکەی عەبدولکەریم قاسم بوون پێکهاتبوون. گروپێک لە ئەفسەرانی ئازادیخواز ئەوانەی لە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ١٤ی تەمووز

(١٥٨) د. نوري عبدالحميد العاني ود. علاء جاسم، تاريخ الوزارات العراقية في عهد الجمهوري، الجزء الثاني، ص ٩٤.

لە یەکە سەربازییەکانی ناوچەی بەغداوە بۆ لیوای پێنجی مووسڵ گوازرابوونەوە، لە ڕیزی پێشەوەیان عەقید عەبدولوەهاب شەواف بوو[١٥٩].

گروپێکی دیکەی ئەفسەران، کە لەوانی دیکە بە ژمارە زۆرتر بوون، لە کۆمەڵە ئەفسەرێکی بەعسی خەڵکی مووسڵ پێکهاتبوون، هەڵگری بیروباوەڕی عەرەبچێتی بوون، هیچ جۆرە پەیوەندییەکیان بە ڕێکخستنی ئەفسەرانی ئازادیخواز نەبوو، ئەم گروپەی ڕێکخستنەکەیان لەژێر ناوی (ئەفسەرە شۆڕشگێڕەکان) بوو، کەسە دیارەکانیان بریتی بوون لە: ڕائید مەحموود عەزیز عەبدوللا، لە دژی عەبدولکەریم قاسم کاریان دەکرد، پەیوەندییان لەگەڵ گردبوونەوە (نەتەوەیی-ئاینی)ییەکانی شاری مووسڵ هەبوو. دوای ئەوەی عەبدولوەهاب شەواف پەیوەندی پێوە کردن، ڕێکخستەکانی دەستکاری کرد لە ١ی ئازاری ١٩٥٩ بوو بە بەرپرسی یەکەمیان.

لە بەغدا چەند ئەفسەرێکی هەڵگری ئایدۆلۆژیای عەرەبچێتی بە هاوکاری و راوێژ لەگەڵ چەند سیاسەتمەدارێک نەخشە و پیلانی لە ناوبردنی عەبدولکەریم قاسم-یان دادەنا. ئەو گروپە ئەفسەرە بەهۆی جیاوازی بیروڕاکانیان نەدەگەیشتە ڕێککەوتن، وەلێ دواتر گەیشتنە بەوەی عەقید ڕفعەت حاجی سڕی بەڕێوەبەری دەزگای هەواڵگری سەربازی سەر بە وەزارەتی بەرگری عێراق، بەرپرس بێت لە یەکلاکردنەوەی ئەو کێشەیەدا. لەم بارەوە چەند پیلانێک خرانە ڕوو بۆ ڕزگاربوون لە عەبدولکەریم قاسم، بەڵام لەلایەن ڕفعەت حاجی سڕییەوە پەسند نە دەکران، دوای چەندین دانیشتن و گفتوگۆی دوورودرێژ، بڕیار لەسەر دووپیلان درا، کە یەکێکیان جێبەجێ بکرێت، ئەوانیش:

پیلانی یەکەم: چەند ئەفسەرێک لە شاری بەغدا بە فەرماندەی ڕەفعەت حاجی سڕی لە کاتی کۆبوونەوەیان لە وەزارەتی بەرگری دەست بگرتن بەسەر ئەنجوومەنی سەرکردایەتی و ئەنجوومەنی وەزیران. بەو کارەیان عەبدولکەریم قاسم ناچار بکەن ئەنجوومەنی وەزیران هەڵبوەشێنێتەوە پێکهێنانی ئەنجوومەنێکی نوێ بە سەرۆکایەتی خۆی ڕابگەیەنێت، بە مەرجی

(١٥٩) د. كاظم حبيب، لمحات من عراق القرن العشرين، الجزء السادس، ص ٢١٨..

ئەوەی وەزیرەکان لە کەسانی سەربەخۆ و چەند ئەفسەرێک پێکهاتبن. بۆ ئەوەش ناوی هەر یەک لە: زەعیم نازم تەبەقچەلی[١٦٠] فەرماندەی فیرقەی دووەم، زەعیم عەبدولعەزیز عوقەیلی فەرماندەی فیرقەی یەکەم، زەعیم ناجی تالیب بۆ پلەی وەزیری بەرگری دەهاتن. سەرباری ئەوەش داوای ئەوەیان کرد بوو ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش، لە: سەرۆک وەزیران، وەزیری بەرگری، سەرۆکی ئەرکانی سوپا، فەرماندەی فیرقەکان، بەڕێوەبەری پۆلیسی گشتی پێک بێت.

پیلانی دووەم، بەپێی ئەو پیلانە کودەتا لەلایەن زەعیم نازم تەبەقچەلییەوە لە شارەکانی مووسڵ و کەرکووک و هەولێرەوە ڕادەگەینرێت. پاشان یەکە سەربازییەکانی سوپا لە ناوەڕاست و باشووری عێراق، پشتگیری خۆیان ڕادەگەینن و ئەفسەرانی بەشی هەواڵگریش لە شاری بەغدا، هەڵدەستن بە دەستگیرکردنی عەبدولکەریم قاسم، پاشان لە ئیزگەی بەغدا بەیان و ئاگادارییەکان بڵاو دەکرێنەوە.

دیارە گفتوگۆ و بیروڕای زۆر لەنێوان ئەو ئەفسەرانەی ئامادەکارییان دەرکرد بۆ کودەتاکە ئاڵوگۆر کران، ئەوان لە زۆر بابەت و خاڵەکاندا یەک بۆ چوون نەبوون و نە دەگەیشتنە ڕێککەوتنێکی یەکلاکەرەوە. خودی عەبدولوەهاب شەواف وا تێگەیشتبوو کە ڕاگەیاندنی کودەتا سەربازییەکە لە مووسڵەوە دەس پێدەکات، ئەو تێگەیشتن و باوەڕەشی دوای ئەوە هات، کە نە زەعیم نازم تەبەقچەلی و نە ڕفعەت حاجی سری بڕیاری یەکلاکەرەوەیان لا نەبوو. بۆیە عەبدولوەهاب شەواف بڕیاریدا دەستپێ بکات. دواتر هەر لایەک بە ئەرکی سەرشانی خۆی هەستێت، لەبەر ئەوەی دۆخی ناو مووسڵ لە بارە بۆ ڕاگەیاندنی کودەتا بە تایبەتی ڕۆژی ٧ی ئازار پاش ئاهەنگێرانی

(١٦٠) نازم تەبەقچەلی، ساڵی ١٩١٣ لە بەغدا لەدایکبووە، ساڵی ١٩٣٦ کۆلێژی سەربازی تەواوکردووە، پاشان کۆلێژی ئەرکانی خوێندووە، چەندین پلە و پێگەی سەربازی لەناو سوپا لە ئەستۆ گرتووە، دوای شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ بە فەرماندەی فیرقەی دووەمی سوپا دانراوە، بەشداری بزووتنەوەی شەواف کردووە، بەو هۆیەوە لە ٢٠ی ئەیلوولی ١٩٥٩ بڕیاری کوشتنی لەسەر جێبەجێکراوە. د. حسن لطيف الزبيدي، موسوعة الاحزاب العراقية، ص ٤٥٠.

ڕێکخراوی **پشتیوانانی ئاشتی** شاری مووسڵ بەرەو ڕووی پشێوی و گرژی توونـد هـاتبوو. ئەوە بـوو عەقیـد عەبـدلوهاب شـەواف فەرمانـدەی لیـوای پێنجەمـی نـاوچەی مووسـڵ، بڕیاریدا بە دەسـتگیرکردنی ژمارەیەک ئەفسـەر لەنـاو یەکە سـەربازییەکانی نـاوچەی مووسـڵ، بە تـایبەتی ئەوانـی گومانییـان لەسەر بوو، کە لایەنگری قاسم و حیزبی شیوعین[١٦١].

پاشـان لە کـاتژمێری (٧) سـەر لە بەیـانی ڕۆژی ٨ی ئـازاری ١٩٥٩ بەهۆی ئەو ئێزگەیەی پێشتر لە سوریاوە بە دەستی گەیشتبوو و لە شوێنێکی نـاو سـەربازگەی غەزلانـی دانـرا بـوو، یەکەم بەیاننـامەی بـزووتنەوە چەکـدارییەکە خوێنـدرایەوە، لە بەیاننـامەکە ڕەخـنەی توونـد ئاراسـتەی عەبدولکەریم قاسم کرا بـوو، هەروەهـا بەخیـانەت بەرانبەر شۆڕشـی ١٤ی تەمـووز تاوانبـار کرابـوو. بەیاننـامەکە تێیـدا هـاتبوو، کە ئەم بـزووتنەوە چەکدارییەکەیان پابەندە بە ئامانجەکانی شۆڕشی ١٤ی تەمووزدا.

شـایەنی گوتنە، وێڕای ئەوەی شـەواف بە مووسـڵ دەسـتیپێکرد، بەڵام لایەنەکـانی دیـکە نە لە کەرکـووک نە لە بەغـدا هەنگاوێکیـان بـۆ پشـتیوانی نەگـرتە بەر، بەمەش زەمینەخـۆش بـوو بـۆ کۆتـایی هـاتن بە جـوڵانەوەکەی شەواف.

لە ڕۆژی ڕووداوەکانی مووسڵ عەبدولکەریم قاسـم لە ئاهەنگی ڕۆژی ژنـانی جیهـانی بـوو وتـار دەخوێندنەوە، کاتێک وتـارەکەی کۆتـایی هـات و لە ڕەوشی مووسڵ ئاگادار کرایەوە، یەک ڕاست گەڕایەوە وەزارەتی بەرگری و گفتوگۆ لە بـارەی ڕەوشـەکە دەسـتیپێکرد. دواجـار فەرمـانی خانەنشـینی بـۆ شەواف دەرچوو، جگە لەوەش بڕیاری ئەوە درا هەر کەسێک عەبدولوەهاب شـەواف بە زینـدوویەتی یـان بە مردوویەتـی دەسـتگیر بکـات، ئەوە بـڕی دە هەزار دیناری عێراقی خەڵات دەکرێت.

بەرە بەیانی ٩ی ئازاری ١٩٥٩ چوار فڕۆکەی شەڕکەر لە فڕۆکەخـانەی ڕەشـید لە بەغداوە هەڵسـان و هێرشیان کردە سـەر بارەگای عەبدولوەهاب

---

(١٦١) د. عبدالفتاح علي البوتاني، حوادث الموصل وكركوك و تداعياتها، (اربيل، ٢٠٢٠)، ص ٤١.

شەواف لە دەوربەری شاری مووسڵدا، ئەنجام لە دوای چەند کاتژمێرێک لە ڕادیۆی بەغداوە هەواڵی کوشتنی عەبدولوەهاب شەواف بڵاوکرایەوە.

دوای بڵاوبوونەوەی هەواڵی کوشتنی شەواف، بارودۆخی شاری مووسڵ زیاتر تێکچوو، ئاژاوە و توندوتیژی سەری هەڵدا، شەڕ لەناو شار و دەوروبەری دەستیپێکرد، یەکە سەربازییەکان ببونە دوو بەش، هەروەها لەناو شاریش لایەنگرانی کودەتاکە و لایەنگرانی عەبدولکەریم قاسم، ژمارەیەک عەشائیری عەرەب و کورد ڕژانە ناو شار و بە هاوکاری هێزی بەرگری میللی دەستیان بەسەر شاردا گرت. گرتن و کوشتن و تاڵانکردن دەستیپێکرد. بارودۆخەکە ماوەی سێ ڕۆژ بەردەوامبوو تا ئەوەی وردە وردە هێمنی گەڕایەوە. ئەنجام ژمارەیەکی زۆری خەڵک کوژران و بریندار بوون، کە لە نێو سەرچاوەکان بە (٣٠ تا ٢٠٠) کەس دەیخەملێنن.

لایەنگرانی جووڵانەوەکە، کە ژمارەیان (٤٧) کەس دەبوو و لە پلەداری سەربازی و مەدەنی پێکهاتبوون ڕەوانەی دادگای سەربازی کران، ئەنجام (٢٩) کەسیان بڕیاری کوشتن و (٢٧)یشیان بڕیاری زیندانی هەتاهەتایی و (١٨)شیان بڕیاری ئازاد کردنیان بۆ دەرچوو[١٦٢].

**سێیەم: ڕووداوەکانی کەرکووک ١٩٥٩**

بارودۆخی گشتیی شاری کەرکووک پێش ڕووداوەکانی ١٤ تەمووزی ١٩٥٩ بارێکی نائاسایی بوو، ڕووداوەکانی شاری مووسڵ لە ئازاری ١٩٥٩ بەهۆی یاخیبوونەکەی عەقید عەبدولوەهاب شەواف کاریگەری بەسەر ئەو شارەدا بەجێ هێشتبووە.

لە کاتی ئاهەنگێران بە بۆنەی ١٤ی تەمووز، لە ناوشار پڕوپاگەندەی ئەوە بڵاوبووەوە، گوایە کارەساتێک ڕوودەدات. لێرەدا ئەوەی باری هێمنی شارەکەی شڵەژاندبوو، ڕق و قینی کۆمەڵ و لایەنەکان بوو بەرانبەر بە یەکتری، ئەوەش بارێکی دەروونی خراپی هێنابوویە پێشەوە، بە جۆرێک

(١٦٢) د. كاظم حبيب، لمحات من عراق القرن العشرين، الجزء السادس، ص ٢٣٥؛ د. عباس حميدي، تاريخ الوزارات في العهد الجمهوري، الجزء الثاني، ص٩٤.

چاودێری سیاسی وا هەبوون پێیان وابوو لە وڵاتدا دەسەڵاتێکی بەهێز بوونی نییە تا بڕیار لە کارەکان بدات و ڕێگر بێت لە بەردەم لە یاسا دەرچوواندا(١٦٣).

ململانێی حیزب و هێزە سیاسییەکان و ئەو ڕووداوانەی لە ناوچەکانی دیکەی عێراقەوە هاتبوونە پێشەوە، لە کەرکووک بە هۆی بوونی فرەنەتەوە و فرەئەتنی و فرەئاینی و ڕێبازی سیاسیی زیاتر ڕەنگیدابووەوە. کاتێک ڕێکخراوە سەندیکا جەماوەری و پیشەییەکان دروستبوون، تورکمانەکان بە زۆری لێ دوورکەوتنەوە، لەبەر ئەوەی حیزبی شیوعی عێراق ڕۆڵی دیاری تێیدا هەبوو، کە بە زۆریش کورد بوون.

لە سەروبەندی ڕووداوەکاندا لە شاری کەرکووک، دوو بەرەی سیاسیی ئەگەرچی ڕێکخراویش نەبوون بەرانبەر یەکتری دەرکەوتن، بەرەی یەکەمیان تورکمان و عەرەبە نەتەوەخوازەکان و کەسانی کۆنە پارێز و ئاینی بوون، بەرەکی دیکەشیان بریتی بوون لە شیوعییەکان و کورد و دیموکراتخوازەکان.

لە ڕووی سەربازییەوە ئەو سەربازانەی ناوچەی کەرکووکییان لەژێر دەسەڵات بوو، یەکەکانی فیرقەی دووەمی سوپای عێراق بوون، لەناو ئەو هێزانەشدا ململانێ و دووبەرەکی توند دروست ببوو. ئەفسەر و سەربازان بە هەمان شێوەی حیزب و هێزە سیاسییەکان دابەشببوون بەسەر دوو بەرە، بەو هۆیەوە پابەندی و دیسپلینی سەربازی لە ناویاندا لاواز ببوو.

پاش ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨، زەعیم نازم تەبەقچەلی ببوو بە فەرماندەی فیرقەی دوو، ناوبراو لایەنگری بەرەی یەکەم بوو، ڕۆڵێکی کارای هەبوو لە پیلانگێری دژی عەبدولکەریم قاسم، بەو هۆیەوە لە فەرماندەی فیرقەی دوو دوورخرایەوە و زەعیم داود جەنابی شوێنی گرتەوە، جەنابی بە پێچەوانەی تەبەقچەلی لایەنگری بەرەی شیوعییەکان بوو، ئەنجام هەر دووکیان بە بڕیار و کارەکانیان زیاتر ململانێیەکانیان توندوتیژ دەکرد.

---

(١٦٣) محەمەد فاتیح، کەرکوک ١٩٥٩ ڕووداوەکانی ١٤ی تەموزی ١٩٥٩، چاپی یەکەم، (هەولێر، ٢٠١٩)، ل٧١.

سەرەتای ڕووداوەکان سەر ئێوارەی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٩ لە کاتی بەڕێوەچوونی ئاهەنگەکان بە بۆنەی ساڵیادی یەکەمی ١٤ی تەمووز ڕوویدا. لەو کاتەدا ڕێرەوی جەماوەی لە ناو شاردا گەیشتنە سەرەتای شەقامی ئەتڵەس و لە بەردەم چایخانەیەکی تورکمانەکان شەڕ و ئاژاوە دەست پێ کرد و پاشان زۆرێک لە ناوچەکانی ناو شاری کەرکووکی گرتەوە. جەماوەر و حیزبە سیاسییەکان و هێزەکانی سەربازی فیرقەی دووەم، کەم تا زۆر ڕۆڵییان هەبوو لە کوشتن و سوتاندن و تالانکردن، کە ماوەی سێ ڕۆژ زیاتری خایاند.دوای ئەوە بە هێزی سەربازی، کە لە دەرەوەی شارەوە هاتن، توانرا بارودۆخەکە کۆتایی پێبهێنرێت(١٦٤).

شایەنی گوتنە، بۆ سەلماندنی ئەنجامی ڕووداوەکان، دەکرێت بوترێت دوای ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ لە عێراقدا بارودۆخێک هاتبوو پێشەوە، ناوەوەی وڵاتی دابەشکردبوو بەسەر دوو بەرەی دژ بەیەک، ئەوەشیان زۆرێک لە ناوچەکانی عێراقی گرتبووەوە، لەوەشدا ئەوەی بەردەوامی بە ململانێییەکان دەدا، حەز و ئارەزووی وەرگرتنی دەسەلات و ڕۆڵی هێزە دەرەکییەکان بوو.

**چوارەم: هەوڵی تیرۆرکردنی عەبدولکەریم قاسم**

سەرکردایەتی حیزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی لە عێراقدا، لە مانگی شوباتی ١٩٥٩ ەوە کەوتە سەر بیری کوشتنی عەبدولکەریم قاسم، بۆ ئەو مەبەستە فوئاد ڕیکابی ئەمینداری سەرکردایەتی حیزب ڕۆڵی سەرەکی گێڕا لە پەیوەندیکردن بە ژمارەیەک ئەفسەرێک، تا ئەوەی پیلانی کوشتنەکە و چۆنییەتی دەستگرتن بەسەر دەسەلاتەوە دابڕێژن(١٦٥).

پارێزەر فەیسەڵ حەبیب خەیزەران(١٦٦)، کە ئەو کاتە ئەندامێکی باڵای حیزبی بەعس لەو بارەیەوە دەڵێت: "ساڵی ١٩٥٩ باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە بەغدا بە هۆی پەیوەندنییەکانییەوە بەسەرکردایەتی حیزبی بەعس داوای لە

---

(١٦٤) د. عبدالفتاح علي البوتاني، حوادث الموصل وكركوك و تداعياتها، ص ٢٦١.

(١٦٥) محمد علي المصري، دور حزب البعث في عملية اغتيال عبدالكريم قاسم، مجلة اوراق من ذاكرة العراق، العدد (٦٥)، (بغداد، ٢٠١٧/٩/١٥)، ص ١٨.

(١٦٦) ناوبراو ساڵی ١٩٧٣ بوو بە باڵیۆزی عێراق لە یابان.

حیزبی بەعس کرد خۆی ئامادە بکات بۆ دەست گرتن بەسەر دەسەڵاتدا، هەروەها داوایکرد هەستێت بە تیرۆرکردنی عەبدولکەریم قاسم. بۆ ئەو مەبەستە یەکێک لە فەرمانبەرانی باڵیۆزخانەکە بەردەوام پەیوەندی بەمنەوە هەبوو، ڕێنماییەکان بەهۆی ئەو فەرمانبەرەوە بە حیزبی بەعس دەگەیشتە".

ئەلخەیزەران لە سەری دەرواوت دەڵێت: "لە ڕاستیدا حیزبی بەعس لەو سەردەمە گروپێکی لە کەسانی تاوانبار و کەتنکەر و لادەر و بازاڕی پێکەوە نابوو، پشتی پێ دەبەستن بۆ هەندێک کار و کرداری ناو بازاڕ و شەقام، بەرپرسەکەیان ناوی (محي مەرهون) بوو، یەک لە ئەندامەکانیش سەددام حوسێن بوو، من دۆسییەی ئەو کەسانەم لابوو، بەسەر هاتی ژیانیانم دەزانی، لە کاتی پێویست وەک فشار بەسەریان خاڵە لاوازەکانی ناو دۆسییەکەیانم بەکاردەهێنا بۆ جێبەجێکردنی هەندێ کار. سەددام حوسێن، کە یەکێک بوو لەو گروپە، کەسێکی دڵ ڕەق و توندوتیژ بوو، چاوەکانی پڕبوون لە ڕق و قین و خراپەکاری، کاتێک داوامان لێکرد بەشداری بکات لە کوشتنی قاسم، یەکسەر ڕازی بوو، بێ دوو دڵی ئامادەیی پیشاندا، بەڵام لە بەرانبەر ئەوەدا داوایکرد بڕی (١٥٠) دیناری پێ بدرێت (ئەو بڕە پارەیە ئەو کاتە زۆر بوو)، بۆیە پێم وت ئەو پارەیە زۆرە، وەڵامی دایەوە و وتی: من عەبدولکەریم قاسم بکوژم و ئێوە دەسەڵات بگرنە دەست ... خۆ من ناکەنە وەزیر؟".

ڕێشارد سایل لە هەواڵگری (یو. بی-ئای) بۆ کاروباری ئاسایش لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە دەزگای هەواڵگری ئەمریکا لەگەڵ ئیستخباراتی میسر لە بەرەنگاربوونەوەی ڕژێمەکەی عەبدولکەریم قاسم لە عێراق هاوکاری تەواوی کردووە، بەپێی بووچوونەکانی ناوبراو بێت بەر لە هەوڵی کوشتنی عەبدولکەریم قاسم لە تشرینی یەکەمی ١٩٥٩، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ٢٤ی ئەیلوولی ١٩٥٩ ئاگاداری پیلانی کودەتایەک بووە بەسەر عەبدولکەریم قاسمدا.

شایەنی گوتنە، بۆ بابەتی تەقەکردن لە عەبدولکەرین قاسم، دەستەیەکی هەشت کەسی دانرابوون، بۆ ئەو مەبەستەش لە شەقامی ڕەشید شوقەیەکیان بۆ بەکرێ گیرابوو، تا ئەوەی لە وێوە چاوەدێری هاتووچۆ و جووڵەکانی عەبدولکەریم قاسم بکەن. بۆ مەسەلەی چاودێری کردن، یەکێک لە ئەندامانی

دەزگای هەواڵگری ئەمریکی (CIA)، کە پزیشکێکی عێراقی بوو هاوکاری هەواڵگری میسری کردووە و پەیوەندی نێوان ئەوانەی نێو شوقەکە و سەفارەتی میسری لە بەغدا ڕێکخستووە[١٦٧].

لە کاتێکدا حیزبی بەعس لە ئامادەکارییەکانی بۆ جێبەجێکردنی کارەکەی لە تەواو بووندا بوو، لە حوزەیرانی ١٩٥٩ گۆڕانێک لە سیاسەتی عەبدولکەریم قاسم ڕوویدا و بڕیاریدا ژمارەیەک لە زیندانی سەر بە حیزبی بەعس و بزووتنەوەی نەتەوەخوازانی عەرەب ئازاد بکات و ڕێگەیان پێ بدات ڕۆژنامەی تایبەت بە خۆیان دەربچوێنن، ئەنجام سەرکردایەتی حیزبی بەعس بڕیاریدا کاری پیلانەکەی بۆ ماوەیەک دوابخات.

وەلێ هێوربوونەوەی بارودۆخەکە زۆری نەخایاند، لەبەر ئەوەی لە ٢٠ی ئەیلوولی ١٩٥٩ بڕیاری لە سێدارەدان بەسەر زەعیم نازم تەبەعقچلی و عەقید ڕەفعەت حاجی سڕی و ژمارەیەکی دیکە لە ئەفسەرە نەتەوەخوازەکانی دیکە جێبەجێکرا، ئیدی ئەو هەنگاوە هانی حیزبی بەعسیدا، کە پەلە بکات لە هەوڵی تیرۆکردنی عەبدولکەریم قاسمدا. بۆ ئەو مەبەستە ئێوارەی ٧ی تشرینی یەکەمی ١٩٥٩ دەست نیشانکرا، ئەوەش دوای ئەوەی هەواڵی ئەوەش گەیشت عەبدولکەریم سەعات (٦،٥) ئێوارە لە وەزارەتی بەرگرییەوە بە شەقامی ڕەشیددا بەرەو باڵیۆزخانەی ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات دەچێت.

عەبدوالکەریم قاسم سەعا (٧) گەیشتە شوێنی دیارکراو (رأس القرية)، هێرشبەرەکان لە دوولاوە بە چڕ تەقەیان لە ئۆتۆمۆبێلەکەی کرد، یەکەم کەس شوفێرەکەی بەرکەوت و ئۆتۆمۆبێلەکەی لە دەست دەرچوو و ئاراستەکەی گۆڕا، یاوەرەکەی قاسم، کە لە پێشەوە بوو ئەویش بریندار بوو، هەروەها عەبدولکەریم قاسم-یش گوللەی بەرکەوت، هێرش بەرەکان کشانەوە و وایان زانی قاسم کوژا. پیلانی دوای ئەو هەنگاوە دەستگرتن بوو بەسەر وەزارەتی بەرگری و حکوومەتدا، بەڵام بۆیان جێبەجێنەکرا، لەبەر

---

(١٦٧) وليام زيمان، التدخلات السرية الامريكية في العراق خلال فترة ١٩٥٨ – ١٩٦٣، ترجمة: عبدالجليل البدري (https://www.algardenia.com/terathwatareck/13938-1958-1963.html)، ٢٠١٤/١٢/١.

ئەوەی زەعیم ئەحمەد ساڵح ئەلعەبدی، سەرۆک ئەرکانی سوپا و فەرماندەی گشتیی سەربازی گەیشتە وەزارەتی بەرگری و بارودۆخەکەی کۆنترۆڵکرد و لە ئیزگەی بەغداوە بەیانێکی بڵاوکردەوە و تێیدا ئاشکرایکرد، کە سەرۆک وەزیران هێرشی کراوەتە سەری و بە سووکی برینداربووە، هەروەها داوای لە هەموو لایەک کرد هێمنی بپارێزن. هاوکات لەگەڵ ئەوەدا حیزبی شیوعی ئاگاداری جەماوەر و ڕێکخستنەکانی کردەوە بەرەو ڕووی هەر هەڵوێستێک بنەوە و لە ئامادە باشیدا بن(١٦٨).

جێگای ئاماژە بۆ کردنە، ئەگەرچی هێرش بەرەکان بەرنامەی پێشوەختەیان بۆ هێرشەکەیان دڕاشت بوو، بەڵام لە کاتی ئەنجامدانیدا یەکێکیان بە ناوی عەبدولوەهاب غەریری لێکوژرا و دوو کەسیشیان لێ بریندار بوو، کە یەکێکیان سەددام حوسێن بوو.

دەزگاکانی حکوومەت هەر زوو دەستیان بە لێکۆڵینەوە و بەدوا داچوون کرد، لە ئاکامدا بۆیان دەرکەوت هێرش بەرەکان سەر بە حیزبی بەعسن پێکهاتوون لە هەر یەک لە: عەبدلوەهاب غەریری، عەبدولکەریم شێخلی، سەلیم زیبەق، سەددام حوسێن، سەمیر عەزیز نەجم، ئەحمەد تەها عەزیز، حاتم عەزاوی و مەیسەر سامەرایی. هەروەها بۆیان دەرکەوت ئەوانە لەلایەن سەرکردایەتی حیزبی بەعسەوە بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە ڕاسپێردراون و لەلایەن ئەیاد سابت و خالید دلیمی ئەندامانی سەرکردایەتی سەرپەرشتی کراون. ئەنجام بەو هۆیەوە (٧٥) کەس دەسگیرکران و ڕەوانەی دادگای سەربازی باڵا کران، دوای لێکۆڵینەوە و بەڕێوەبردنی دادگاییەکە، بڕیاری لە سێدارەدان بۆ هەندێکیان و زیندانیکردن هەندێکی دیکەیان دەرچوو.

ئەگەرچی عەبدولکەریم قاسم بڕیاری لە سێدارەدانەکانی گۆڕی بۆ زیندانی هەتاهەتایی، بەڵام لەبەر ترس و دڵەڕاوکێ ژمارەیەک بەرپرس و کادیری حیزبی بەعس هەڵاتن و ڕوویان کردە سوریا، کە لە نێویاندا سەددام حوسێن یەکێکیان بوو(١٦٩).

---

(١٦٨) ليث عبدالحسين، ثورة ١٤ تموز ١٩٥٨، ص٤١٦.

(١٦٩) وليام زيمان، التدخلات السرية الامريكية في العراق خلال فترة ١٩٥٨ – ١٩٦٣.

عەبدولکەریم قاسم لە ٢١ی کانوونی یەکەمی١٩١٤، لە خێزانێکی هەژاری گەڕەکی مەهدییەی شاری بەغدا لەدایکبووە، دایکی خاتوو کەیفییەی کچی حەسەن یەعقوبە، دوو برای هەبووە بە ناوی حامید و لەتیف لەگەڵ دوو خوشکدا.

کاتێک عەبدولکەریم تەمەنی شەش ساڵ بووە، خێزانەکەیان بە هۆی دەست کورتی و نەداری بۆ شارۆچکەی سوێرەی پارێزگای واسیت گواستویانەتەوە. لە وێدا باوکی بەکاری جوتیاری خەریکبووە.

عەبدولکەریم قاسم لە قوتابخانەی سوێرەی سەرەتایی دەستی بە خوێندن دەکات، بەڵام بە هۆی گەڕانەوەی خێزانەکەی بۆ بەغدا دەگوازرێتەوە بۆ ئەوێ و ساڵی ١٩٢٦ خوێندنی سەرەتایی دەکات، پاشان دەچێتە دواناوەندی ساڵی ١٩٣١ لەو قۆناغەدا دەردەچێت. قاسم دوای ئەوەی لە شارۆچکەی شامیە بە مامۆستا دادەمەزرێت، باشتر تێکەڵی ژیانی خەڵکی دەبێت و لە ئێش و ئازاری جوتیاران تێدەگات، کە لە دەست زوڵم و سیستمی دەرەبەگایەتی دەیچێژن(١٧٠).

عەبدولکەریم لە پیشەی مامۆستایەتی بەردەوام نابێت و ساڵی ١٩٣٢ لە کۆلێژی سەربازی وەردەگیرێت، بەمەش ساڵی ١٩٣٤ بە پلەی مولازمی دووەم لە سوپای عێراق دادەمەزرێت، پاشان ساڵی ١٩٤١ لە کۆلێژی ئەرکان وەردەگیرێت و ساڵی ١٩٥٠ لەگەڵ کۆمەڵە ئەفسەرێکی دیکە بۆ خوولێکی سەربازی ڕەوانەی لەندەن دەکرێت.

قاسم لە نێو سوپای عێراقدا پلەی بەرز دەبێتەوە تا دەگاتە پلەی زەعیم (عەمیدی ئێستا)، بەمەش بەر لە ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ فەرماندەی لیوای (١٩) پیادە بووە لە سوپای عێراقدا.

عەبدولکەریم قاسم لە ژیانی سەربازیدا بەشداری کردووە لە شەڕەکانی فوراتی ناوەڕاست ساڵی ١٩٣٥، شەڕەکانی ڕاپەڕینی مایسی ١٩٤١

---

(١٧٠) جمال مصطفى مردان، عبدالكريم قاسم، البداية والسقوط، (بغداد، ١٩٩٠)، ص ٣٤.

دژی سوپا بریتانیا، شەڕەکانی ناوچەی بارزان ساڵی ١٩٤٥ و جەنگی فەڵەستین ١٩٤٨ – ١٩٤٩ دا. ئەوە لە لایەک، لە لایەکی دیکەوە ساڵی ١٩٥٦ پەیوەندی بە ڕێکخستنی ئەفسەرانی ئازادیخواز کردووە و لە کۆبوونەوەی ئابی ١٩٥٧ بە بەرپرسی ڕێکخستنەکە هەڵبژێردراوە.

قاسم لە ٩ی شوباتی١٩٦٣دا دوای سەرکەوتنی کودەتا سەربازییەکەی حیزبی بەعس و ڕەوتی عەرەبچییەکان، لەگەڵ چەند ئەفسەرێکی دیکە دەستگیر دەکرێت بێ دادگایی کردن لە ناو بەشەکانی ئیزگەی بەغدا لە ناوچەی ئەبو غەریب بەبڕیاری عەبدولسەلام عارف و ئەحمەد حەسەن بەکر دەکوژرێت(١٧١).

**باسی سێزدەهەم: هەڵوێست و بیروڕاکان بەرانبەر عەبدولکەریم قاسم**

چین و توێژەکانی کۆمەڵگا، کەسایەتی و شارەزایانی سیاسەت، لەئاست عەبدولکەریم قاسم بیروڕای جیاوازیان هەبووە. هەڵوێستەکان بەشێوەیەکی گشتی بەسەر دوو ئاراستە دابەش دەبن:

گروپێکییان پێیان وایە عەبدولکەریم قاسم کەسێکی دادپەروەر و دەسپاک و ڕاستگۆ و دڵسۆز بووە بۆ هەژاران و چینی چەوساوە، هەروەها بە سەرکردەیەکی ڕاستەقینەی شۆڕشی ١٤ی تەمووز لە قەڵەمییانداوە.

گروپەکەی دیکەیان پێیان وایە عەبدولکەریم خۆی وەک سەرکردە و باوکی ڕوحی شۆڕش دەردەخست، کەچی هەر خۆشی پێڕەوی ڕێبازی تاکڕەوی و دیکتاتۆرییەت کردووە، ئەو گروپە پێیان وایە عەبدولکەریم بەتەنیا خۆی بەڕابەر زانیوە و هەموو دەسەڵاتەکانی گرتۆتە دەست و ئەنجوومەنی سەرۆکایەتی پەکخستووە و هەڵبژاردنی بۆ پێگەی سەرۆک کۆمار ڕاگرت و ڕێگای نەداوە بە هەڵبژاردنی پەرلەمانی و حیزبەکانی هەڵوەشاندۆتەوە(١٧٢).

---

(١٧١) هادي حسن عليوي، رجالات العراق الجمهوري، الطبعة الاولى، (لبنان، ٢٠١٨)، ص ٣٧.

(١٧٢) مؤيد جبير محمود، الانتقال من الديموقراطية الى الفردية في العراق – العهد الجمهوري الاولى ١٩٥٨ – ١٩٦٣، مجلة تكريت للعلوم السياسية، المجلد (٣)، العدد (٧)، (جامعة تكريت، ايلول ٢٠١٦)، ص ٥٠.

نەیارانی عەبدولکەریم قاسم تاوانباری دەکەن بەوەی ڕێبازی ستالینی لە حوکمڕانی پێڕەو کردووە، جگە لەوە کوردیش تاوانباری دەکات بەوەی یاری بە کێشەی کورد کردووە و توندوتیژی بەرانبەر کورد بەکارهێناوە.

ئەو کەسانەی پەیوەندییان لەگەڵ عەبدولکەریم بەهێز بوو لە سەردەمی حکومڕانی، بریتی بوون لە چەند ئەفسەرێکی پلە باڵای ناو سوپا و چەند کەسایەتییەکی سیاسی لە هەردوو حیزبی شیوعیی عێراق و حیزبی نیشتمانیی دیموکراتی. چین و توێژە هەژار و چەوساوەکان تاڕادەیەک خۆشەویستیان بۆ عەبدولکەریم هەبووە، ئەویش بە هۆی ئەو خزمەتگوازریانەی پێشکەی ئەو چینانەی کردبوو، لە دروستکردنی خانوو و خزمەتگوزاری تەندروستی و فێربوون و چارەسەرکردنی کێشەی زەوی و زاری کشتوکاڵی.

عەبدولکەریم قاشم، هێز و تواناکانی لە بەڕێوەبردنی دەسەڵات، لە چەند سەرچاوەیەکی هەبووە وەک:

١. لێهاتووی و توانا خودییەکانی و متمانەی بەخۆی و پێگەی جەماوەری.
٢. فرەوانبوونی پێگە و بنکەی کۆمەڵایەتی، لە تایبەت لەناو چین و توێژی هەژاران.
٣. خاکێتی و دەست پاکی و دوورکەوتنەوەی لە ژیانی گەندەڵی و دەسکەوتی ماددی.
٤. عەبدولکەریم هەڵگری ئایدۆلۆژیایەکی تایبەت نەبووە، بەڵام لە ڕێبازی حوکمڕانیدا، پشتی بە بەرنامەی لیژنەی باڵای ئەفسەرانی ئازادیخواز و بەرنامەکەی حیزبی نیشتمانیی دیموکراسی بەستووە.

**باسی چواردەهەم: لایەنە ئەرێنی و نەرێنییەکانی عەبدولکەریم قاسم**

**یەکەم: خەسڵەتە ئەرێنییەکانی**

١. کەسێکی دڵسۆز و بوو بۆ عێراق، بەکرێگیراوی هیچ لایەنێکی بیانی نەبووە.

٢. دڵسۆز و بە ئەمەکە بۆ هاوڕێکانی، بەڵام ئەو خەسڵەتە کەمتر هەستی پێدەکرا، لەبەر ئەوەی گومانی زۆری بوو.
٣. لەگەڵ ئەوەی ئاستی ڕۆشنبیری وەک پێویست نەبوو، وتارەکانی جێگای سەرنج بوون، کەچی وەک کەسێکی زیرەک دەردەکەوت.
٤. لە هەڵسوکەوت و پەیوەندییەکانی زۆر بە ئاگا بووە، نێهنی ڕاگر بووە و تێکەڵاوبوونی کەم بووە.
٥. دەست پاک بووە، کەم پارەی خەرجکردووە، پێگەی خۆی بۆ بەرژەوەندی تایبەتی بەکار نەهێناوە، هەرچۆن بە خاکی هات، ئاوەهاش بە خاکی ڕۆیشت.

**دووەم: خەسڵەتە نەرێنییەکانی**

شارەزایان و نووسەران کۆمەڵێک ڕەخنە ئاراستەی عەبدولکەریم قاسم دەکەن و وەک خاڵی نەرێنی ئاماژەی بۆ دەکەن. لە وانە:

١. کەوتۆتە ژێر کاریگەری پەیوەندییە کەسێنییەکانی.
٢. کەسێکی کەللە ڕەق و دەمارگیر بووە.
٣. بەرنامەی تایبەتی نەبووە تا لەسەری بڕوات، کەچی دژی ڕەخنەش بووە.
٤. بۆ تێکدانی هێزە سیاسییەکان، سوودی لە ململانێی نێوان حیزبە سیاسییەکان وەرگرتووە.
٥. لە بواری پەیوەندییە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان، ئەزموونی تێگەیشتنی لاواز بووە، بڕیارەکانیشی زیاتر تاکڕەوانە بووە، دامەزراوە دەستوورییەکان لە وڵات ڕۆڵیان زۆر لاواز بووە.
٦. بۆ پەردە پۆشکردنی قەیرانەکانی، کە ڕووبەڕووی دەبوونەوە، لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوە کێشەی دەخولقاند.
٧. سەردەمی حوکمڕانییەکەی زەمینەی ڕەخساند لەبەردەم گەشەسەندی حوکمی تاکڕەوی و دواتریش حکومی شمولی لە عێراقدا.

٨. متمانەیەکی لە ڕادەبەری بە خۆی هەبووە، تا ئەو ئاستەی خۆی بە نوێنەری هەمووان زانیوە.
٩. دیدی بۆ ململانێ کۆمەڵایەتی و چینایەتییەکان، دیدێکی شۆڕشگێڕانەی خەیاڵی بوو.
١٠. دەسەڵاتی جێبەجێکردن و تەشریعی تێکەڵ کردووە و بنەما دەستوورییەکانی تەواو نەکردووە.
١١. کێشەی کوردی پێی چارەسەرنەکراوە.
١٢. هەوڵیداوە هەموو لایەک ڕازی بکات.
١٣. بەشێکی لە کار بەدەستە کۆنەکانی ناو دەسەڵات، بەتایبەتی لە دامەزراوەی ئاسایش هێشتنەوە و پشتی پێی بەستن[١٧٣].

(١٧٣) د. عقيل الناصري، من اوجه الصراع السياسي في الجمهورية الاولى، الطبعة الاولى، (بغداد، ٢٠١٧)، ص ٣٥٣- ٣٦٤.

## تەوەری دووەم: ٨ی شوباتی ١٩٦٣ – ١٨ی تشرینی دووەمی ١٩٦٣

### باسی یەکەم: کودەتای ٨ی شوباتی ١٩٦٣

ساڵی ١٩٦٢ حیزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی زیاتر گەشەی کرد و پەیوەندییەکانی پەرەی سەند. هەر لەو ساڵەدا لە مانگی ئازار کۆنگرەی چوارەمی خۆی گرێدا، دوای تاوتوێکردنی بابەتەکان و هەڵسەنگادنی تواناکانی گەیشتە ئەم بڕیارانەی خوارەوە(١٧٤).

١. بە ئامانجی ڕووخاندنی ڕژێم و وەرگرتنی دەسەڵات، پلانێک لەلایەن سەرکردایەتی حیزبەوە دابڕێژرێت.
٢. نووسینگەی سەربازی حیزب بەهێز بکرێت، لەبەر ئەوەی ئەرکی پلاندانان و جێبەجێکردنی کودەتاکەی دەکەوێتە ئەستۆی.
٣. هەڵبژاردنی سەرکردایەتی هەرێمایەتی نوێی حیزب کە پێکهاتبوو لە:

- عەلی ساڵح سەعدی(١٧٥)، ئەمینداری گشتی حیزب لە هەرێمی عێراق.
- حازم جەواد، ئەندام.
- موحسین شێخ ڕازی، ئەندام،
- مەهدی عەبدولکەریم، ئەندام.

---

(١٧٤) د. نوري عبدالحميد العاني ود. علاء جاسم، تاريخ الوزارات العراقية العهد الجمهوري، الجزء الخامس، ص ٤٦١؛ هاني الفكيكي، اوكار الهزيمة، الطبعة الثانية، (بيروت، ١٩٩٧)، ص ٢١٣.

(١٧٥) عەلی ساڵح سەعدی، ساڵی ١٩٢٨ لە خێزانێکی کوردی فەیلی لە پارێزگای دیالە لەدایکبووە، ساڵی ١٩٥٢ پەیوەندی بە حیزبی بەعس کردووە، ساڵی ١٩٥٤ بووە بە ئەندامی سەرکردایەتی، ساڵی ١٩٥٩ دوای هەوڵی کوشتنی عەبدولکەریم قاسم، هەڵدێت و دەچێتە سوریا، ساڵی ١٩٦٢ دەبێتە سکرتێری حیزبی بەعس لە عێراق، ئامادەکاری دەکات بۆ کودەتا بە سەر ڕژێمەکەی عەبدولکەریم قاسم، ئاشکرا دەبێت و دەگیرێت. دواتر لە کۆنگرەی نائاسایی حیزب لە تشرینی دووەمی ١٩٦٣ دوور دەخرێتەوە، بەو هۆیەوە دەچێتە دەرەوە وڵات. ساڵی ١٩٧٧ لە لەندەن کۆچی دوایی دەکات. هادي حسن عليوي، رجالات العراق الجمهوري من عبدالكريم قاسم الى صدام حسين، ص ٢١٤.

-کەریم مەحموود شنتاف، ئەندام.
-حەمید خەڵخاڵ، ئەندام.
-فەیسەڵ حەبیب خەیزەران، ئەندام.
-تاڵیب شبیب، ئەندام.

٤. بەرزکردنەوەی ئاستی چالاکی دیسپلینی حیزب.
٥. پەرەپێدانی پەیوەندییەکان لەگەڵ هێزە سیاسییەکان.
٦. پێکهێنانی لیژنەیەکی ڕاوێژکاری سەربازی لە ئەفسەرە پلە باڵاکان و چەند ئەندامێکی سەرکردایەتی، تا ئامادەکاری بۆ جێبەجێکردنی کودەتاکە بکەن. (دواتر ئەو لیژنەیە ئەندامەکانی پێکهاتن لە: عەلی ساڵح سەعدی، ئەحمەد حەسەن بەکر، ساڵح مەهدی عەماش، خالید مەکی هاشمی، عەبدولستار عەبدوللەتیف، حەردان عەبدولغەفار تکریتی، حازم جەواد و تاڵیب شبیب).

لە تشرینی یەکەمی ١٩٦٢ سەرکردایەتی حیزبی بەعس لە عێراق نامەیەکی دەربارەی ئامادەکارییەکانی جێبەجێکردنی کودەتاکە بۆ سەرکردایەتی نەتەوەیی حیزبی حیزبی بەعس لە سوریا نارد، پاشان نامەکە ڕەزامەندی لەسەر درا.

پلانی کودەتاکە وا بە پێویست دەزانی ئەو فڕۆکەوانانەی کە مونزر وەنداوی(١٧٦) پێشتر ئامادەی کردبوون، لە ئاسمانی شاری بەغداوە شوێنە تایبەتییەکان بۆ هێرش بردن دیاری بکەن. ئەنجام کۆتایی ساڵی ١٩٦٢

---

(١٧٦) مونزر وەنداوی، ساڵی ١٩٣٢ لە ناسرِیە لەدایکبووە، کۆلێژی هێزی ئاسمانی تەواو کردووە و بووە بە ئەفسەری فڕۆکەوان، ساڵی ١٩٥٩ پەیوەندی بە حیزبی بەعس کردووە، لە کودەتاکەی ٨ی شوباتی ١٩٦٣ ڕۆڵی کارای هەبووە. بەو هۆیەوە بووە بە ئەندامی سەرکردایەتی حیزب و بەرپرسی هێزی (حەرەس قەومی)، دوای تشرینی دووەمی ١٩٦٣ هەڵاتووە بۆ سوریا، دوای گەڕانەوەی حیزبی بەعس بۆ دەسەڵات لە تەمووزی ١٩٦٨ هاتووەتەوە عێراق، بە باڵیۆز لە وەزارەتی دەرەوە دانراوە. ساڵی ١٩٨٩ خۆی شاردۆتەوە و لە ئیسپانیا ماوەتەوە، ساڵی ٢٠١٥ کۆچی دوایی کردووە. هادي حسن عليوي، رجالات العراق الجمهوري من عبدالكريم قاسم الى صدام حسين، ص ٢٩٩.

هەنگاوەکان دەستیان پێکرد، بەڵام بۆیان دەرکەوت هێزەکەی عەبدولکەریم قاسم هەم لە وەزارەتی بەرگری، هەمیش لە سەربازگەی ڕەشید بە توانان، لەبەر ئەوەی لە یەکەمیاندا (٢٥٠٠) سەرباز و ئەفسەری لیوای تایبەت هەن و لە دووەمیشاندا هێزێکی هێرش بەری پیادە و زرێپۆش و فڕۆکەی مێک، لەگەڵ (٧٠) فڕۆکەوانی لایەنگیری حیزبی شیوعیی عێراق هەن.

سەعات (٩) سەر لە بەیانی ڕۆژی ١٨ی کانوونی دووەمی ١٩٦٣ وەک کاتی دەست پێ کردنی کودەتا دیاریکرا، بەڵام دواتر کاتەکە هەڵوەشایەوە و کاتێکی دیکە دیاری کرا. وەلێ بەر لەوە لە ١٩ی کانوونی یەکەمی ١٩٦٢ زەمینە بۆ هەڵگەڕانەوە خۆشکرا و دەستکرا بە ڕاگەیاندنی مانگرتنی گشتی خوێندکاران لە دواناوەندی (شەڕق) پاشان زۆرینەی قوتابخانە و کۆلیژەکانی گرتەوە و بووە مانگرتنی سەرتاسەری. ئەنجام مانگرتن گەیشتە شارەکانی مووسڵ و ڕومادی و چەند شارێکی دیکە، ئەوەش درێژی کێشا تا ٨ی شوباتی ١٩٦٣ و پێکدادانی لەنێوان پۆلیس و خوێندکاران ڕوویدا. بەدەر لە خوێندکاران چەند لایەنێکی سیاسی بەشداریان لە خۆپیشاندانەکان کرد، بەڵام شیوعییەکان لەبەر ئەوەی لە ئاست بارودۆخەکە بە گومان بوون بەشداریان تێدا نەکرد[١٧٧].

عەبدولکەریم قاسم کاتێک هەندێک زانیاری لە بارەی ڕوودانی کودەتا پێگەیشت، بڕیاری لە خانەنشینکردنی کۆمەڵە ئەفسەرێکدا کرد، لەوانە هەندێکیان لە داڕێژەرانی پلانی کودەتاکە بوون. لە لایەکی دیکە لە ڕۆژانی ٣ و ٤ی شوبات جارێکی دیکە نزیکەی (٨٠) ئەفسەری بەعسی و ڕەوتی نەتەوەخوازانی عەرەبی خانەنشین کرد. لە ڕۆژی ٥ی شوباتدا هەر یەک لە: عەلی ساڵح ساعدی، سەعدوون حەمادی، ساڵح مەهدی عەماش و کەریم شنتافی دەستگیرکردن، بەو هۆیەوە حیزبی بەعس کەوتە دۆخێکی مەترسیدارەوە، بۆیە بڕیاریاندا ئاستی ئاگاداری لەناو ڕیزەکانیدا بەرز بکاتەوە، لە ترسی ئەوەی نەوەک ڕووداوی دیکە بێنە پێشەوە، ئەوە لە

(١٧٧) سيف الدين الدوري، الانقلابات العسكرية والصراع على السلطة في العراق الجمهوري، الطبعة الاولى، (لندن، ٢٠١٩)، ص ١٠٥.

کاتێکدا بوو، کە لە کۆبوونەوەی ڕۆژی ٤ی شوباتی سەرکردایەتی حیزبدا، بڕیاریان لەوە دابوو، ڕۆژی ٨ی شوباتی کودەتا دژی عەبدولکەریم قاسم ئەنجام بدەن(١٧٨).

ئێوارەی ٨/٧ی شوباتی١٩٦٣ چەند ئەفسەرێکی سەر بە کودەتاچییەکان دەستیان گرت بەسەر سەربازگەی حەبانییە و بنکەی سەربازی ئاسمانی و لیوای هەشتی پیادە لەو ناوچەیە، دواتر سێ فڕۆکەی جۆری (هوکر هنتەر) لەو بنکەیەوە بە فەرماندەی نەقیب مونزر وەنداوی لە کاتژمێری (٨) سەر لە بەیانی هێرشیان کرد سەر چەند پێگە و ئامانجێک لە وەزارەتی بەرگری و بارەگای پۆلیسی سەربازی و سەربازگەی ڕەشید، لە بەرانبەردا بەرگرییەکی وانەبوو، تەنها لە وەزارەتی بەرگری نەبێت، کە توانیان یەکێک لە فڕۆکەکان بخەنە خوارەوە.

شەڕ و پێکدادان بۆ ماوەی دوو ڕۆژ بەردەوام بوو، ئەنجام عەبدولکەریم قاسم لەگەڵ هەر یەک لە: فازیل عەباس مەهداوی، تەها شێخ ئەحمەد و کەنعان خەلیل خۆیاندا بە دەستەوە و گوازرانەوە بۆ ئێزگەی بەغدا، لەوێدا بێ ئەوەی دادگایی بکرێن تەقەیان لێکرا و کوژران.

بە کوشتنی عەبدولکەریم قاسم، کودەتاچییەکان دەستیان گرت بەسەر کاروباری وڵات و زنجیرەیەک بەیاننامەیان بە ناوی ئەنجوومەنی نیشتمانی بۆ سەرکردایەتی شۆڕش دەرچوواند. بەپێی بەیاننامەکان ژمارەیەکی گەورەی ئەفسەرانی ناو سوپا خانەنیشین کران و لە جێگای ئەواندا ئەفسەری دیکە دانران. لە لایەکی دیکەوە بڕیار لە دامەزراندنی هێزێکی میلیشایی لەژێر ناوی (حەرەس قەومی) درا و گۆڕانکاری لە پلەوپایەی بەرپرسەکان لەنێو دامودەزگاکانی حکوومەت دران. دواجار ئەنجوومەنی نوێی وەزیران ڕاگەیاندرا و سەرۆک کۆماریش دیاری کرا.

بەپێی بڕیاری ژمارە (١٩) ئەو کەسانەی لەسەردەمی عەبدولکەریم قاسم وڵاتیان جێهێشتبوو ڕێگەیاندرا بگەڕێنەوە، لەو چوارچێوەیەشدا هەر

(١٧٨) د. محمد حمدي الجعفري، تدخل العسكريين العراقيين في السياسة ١٩٥٨ – ١٩٦٨، ص١١٤.

یەک لە: عەبدولڕەحمان بەزاز (١٩١٣-١٩٧٣)، عەبدولکەریم شێخلی، مەدحەت ئیبراهیم، حاتم عەزاوی، یاسین عەلی، فالح سامەرائی، فازیڵ شاهر و سەددام حوسێن گەڕانەوە.

شایەنی باسە، دامەزراوەکانی دەوڵەت بەم شێوەیەی خوارەوە دامەزرێنرانەوە:

١. عەبدولسەلام عارف بوو بە سەرۆک کۆمار.
٢. ئەنجوومەنی نیشتمانی بۆ سەرکردایەتی شۆڕش لە: عەبدولسەلام عارف، ئەحمەد حەسەن بەکر، تاهیر یەحیا، مونیز وەنداوی، ساڵح مەهدی عەماش، عەبدولستار عەبدوللەتیف، زیاب عەلگاوي، حەردان تکریتی[١٧٩]، عەبدولکەریم مستەفا نەسەڕەت، عەلی ساڵح سەعدی، حازم جەواد و تالیب شبیب، پێکهێنرا.
٣. ئەنجوومەنی وەزیران بە سەرۆکایەتی ئەحمەد حەسەن بەکر و (١٥) وەزیری مەدەنی و (٦) وەزیری عەسکەری پێکهێنرا. (حیزبی بەعس لەوەدا پشکی شێری بەرکەوت).
٤. ڕەشید موسلیح[١٨٠] بوو بە فەرماندەی گشتی سەربازی.

---

(١٧٩) حەردان تکریتی، ساڵی ١٩٢٥ لە تکریت لەدایکبووە، ساڵی ١٩٤٩ کۆلێژی سەربازی تەواو کردووە، پاشان کۆلێژی سەربازی ئاسمانی لە بریتانیا خوێندووە. ساڵی ١٩٥٧ پەیوەندی بە ڕێکخستنی ئەفسەرانی ئازادیخواز کردووە، بەشداری شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ کردووە، بەشداری کودەتا ٨ شوباتی ١٩٦٣ کردووە و بوو بە ئەندامی سەرکردایەتی شۆڕش، ساڵی ١٩٧١ لە کوەیت غافلکوژ کراوە. هادي حسن علیوي، رجالات العراق الجمهوري من عبدالكريم قاسم الى صدام حسين، ص ٤٦٨.

(١٨٠) ڕەشید موسلیح، ساڵی ١٩١٧ لە تکریت لەدایکبووە، دوای تەواوکردنی خوێندنی ئامادەیی ساڵی ١٩٣٧ لە کۆلێژی سەربازی وەرگیراوە. لەناو سوپای عێراق لە شوێنە جیاوازەکان کاری کردووە، ساڵی ١٩٥٧ پەیوەندی بە ڕێکخستنی ئەفسەرانی ئازادیخواز کردووە. بەهۆی ئەحمەد حەسەن بەکر پەیوەندی بە حیزبی بەعسەوە کردووە. ساڵی ١٩٥٩ خانەنشین بووە. لە کودەتاکەی ٨ی شوباتی ١٩٦٣ بەشداری کردووە و دواتر بە فەرماندەی سەربازی گشتی دیاری کراوە. ناوبراو لە کودەتاکەی دژی حیزبی بەعس پشتگیری عەبدولسەلام عارفی کردووە. لە حکوومەتی

دەکرێت هەڵوێستی حیزب و لایەن سیاسییەکان لە ئاست ئەو کودەتایە بەم شێوەی خوارەوە بخەینە ڕوو:

١. حیزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی ڕۆڵی سەرەکی و کاریگەری گێڕا، لەبەر ئەوەی پلانی کودەتاکە و ئامراز و پێویستییەکان جێبەجێکردن ئەو پێی هەڵسا.
٢. هێزە عەرەبییە نەتەوەخوازەکان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ پشتگیرییان کرد و بەشداربوون تێیدا، لە وانە: حیزبی نەتەوەیی ناسری، بزووتنەوەی نەتەوەخوازانی عەرەب، ڕابیتەی نەتەوەیی، حیزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی، گردبوونەوەی نەتەوەیی عێراق لە قاهیرە.
٣. هێزە ئیسلامییەکان، وەک کۆمەڵەی ئیخوان مووسلمین، حیزبی تەحریری ئیسلامی، حیزبی دەعوەی ئیسلامی، وێرای ئەوەی بەشدارییان لە حکوومەتی نوێدا نەکرد، بەڵام لە ڕووی سیاسی هەموویان لایەنگیریان کرد.
٤. پارتی دیموکراتی کوردستان، کە لە ١١ی ئەیلوولی ١٩٦١ەوە کەوتبووە شەڕی چەکداری لەگەڵ قاسم، شەڕی وەستاندا و کەوتە گفتوگۆکردنەوە، پاشان بە دانانی هەر یەک لە فوئاد عارف و باباعەلی شێخ مەحموود بەشداری لە کابینەی حکوومەتدا کرد.
٥. حیزبی شیوعیی عێراق بە توندی دژی کودەتاکە وەستا و پەنای بۆ بەکارهێنانی چەک برد[١٨١].

**باسی دووەم: هۆیەکانی ڕووخاندنی ڕژێمەکەی عەبدولکەریم**

لەمەو بەر ئاماژەمان بە زنجیرەیەک ململانێی و ناکۆکی نێوان هێز و کەسایەتییە سیاسییەکان کرد بەتایبەتی لە ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٥٨ – ١٩٦٣)دا، بەمەش زەمینەیەک هاتە پێشەوە کودەتای ساڵی ١٩٦٣ ئەنجام

---

عەبدولڕەحمان بەزاز بوو بە وەزیری ناوخۆ، دوای گەڕانەوەی حیزبی بەعس بۆ سەر دەسەڵات لە ١٩٦٨ زیندانی کراوە و بە تاوانی سیخوری کوژراوە. هادي حسن عليوي، رجالات العراق الجمهوري من عبدالكريم قاسم الى صدام حسين، ص ٢٨٧.

(١٨١) د. كاظم حبيب، لمحات من عراق القرن العشرين، الجزء السابع، ص ١٧-٤٣.

بدرێت، دەسەڵاتی قاسم کۆتایی پێ بێت. لە خوارەوە باسی هۆکارەکانی ڕووخانی دەسەڵاتی قاسم دەکەین.

### یەکەم: هۆکارە ناوخۆییەکان

أ. ململانێی سیاسی لەنێوان عەبدولکەریم قاسم و ڕەوتەکانی دیکەی ناو ڕێکخستنی ئەفسەرانی ئازادیخواز، بەتایبەتی لەنێوان عەبدولکەریم قاسم و عەبدولسەلام عارفدا.

ب. تاکڕەوی عەبدولکەریم قاسم لە شێوازی حوکمڕانیدا، بەشێوەیەک وایکردبووە، کە دامەزراوە سەرەکییەکانی دەوڵەتی ڕۆڵییان نەمابوو. ئەوە سەرباری ئەوەی درێژەدان بە ماوەی حکومڕانییەکەی و کارکردن بە دەستووری کاتی، دەرفەتی بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمان و بەشداری کارای حیزبە سیاسییەکان نەهێشتبۆوە.

ج. بوونی ململانێیەکی توندی حیزبی لەنێوان ئاراستە عەرەبییە نەتەوەخوازەکان و لایەنگیرانی عەبدولکەریم قاسم ، بە تایبەتی حیزبی شیوعیی عێراق.

د. دەرچوونی یاسای چاکسازی کشتوکاڵی، ڕەتکردنەوەی لەلایەن ئاغا و دەرەبەگەکان.

ه. هەڵگیرساندنی شەڕی کوردستان لە ئەیلوولی ١٩٦١ و بەشدار بوونی سوپای تێیدا، کە ئەنجام سەری بۆ لاوازبوونی سوپای عێراق کێشا.

و. نەبوونی بەرنامەیەکی ئابووری یان ڕێبازێکی سیاسی بۆ پەرەسندن و گەشەکردنی وڵات.

ي. زنجیرەیەک دادگاییکردن و لە سێدارەدان و کوشتنی ژمارەیەک ئەفسەر و سیاسەتمەداری نیشتمانی سەر بە هێزە سیاسییە جۆراوجۆرەکان، کە بوو بە هۆی کەمبوونەوەی لایەنگرانی قاسم.

### دووەم: هۆکارە دەرەکییەکان

أ. سەرهەڵدانی ناکۆکی و ململانێی سیاسی لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی و قەیرانی کوەیت.

ب. ترسی وڵاتانی ڕۆژئاوا لەنێویاندا بریتانیا و ئەمریکا لە پەرەسەندی شیوعییەت لە عێراق و دارشتنی پلان بۆ لە ناوبردنی دەسەڵاتی عەبدولکەریم قاسم.

ج. کێشـە و ئـاڵۆزی پەیوەنـدییەکانی حکـوومەت لەگەڵ کۆمپانیـا نەوتـیـە بیانییەکان.
د. نـاڕازی بـوونی دەوڵەتـانی بەشـداربوو لە پەیمـانی بەغـدا بەتـایبەتی تورکیا و ئێران لە سیاسەتی عەبدولکەریم قاسم(١٨٢).

**باسی سێیەم: کاردانەوەی حیزبی شیوعیی عێراق لە ئاست کودەتاکە**

لەگەڵ بڵاوبـوونەوەی هەواڵـی کودەتـاکە لە ٨ی شـوباتدا، سـەرکردایەتی حیزبی شیوعیی بەیاننامەیەکی دەکرد و داوای لە ئەندامان و لایەنگرانی کرد بە هەمــوو شــێوازێک ڕووبەڕووی کودەتاچییەکــان ببــنەوە. ئەنجــام ئەو هەڵوێستە بووە هۆکاری ئەوەی جەمـاوەرێکی فرەوان لە شـەقامەکانی بەغدا بڵاوببنەوە تـا ڕووبەڕووی بـارودۆخەکە ببنەوە، ئەوەش لە کاتێکدا بـوو، کە جەماوەر پێداویستییەکی وایان لەبەردەستدا نەبوو تـا بەرهەڵستی پێ بکەن. سـەرباری ئەوەش عەبـدولکەریم قاسـم پەکـی کەوتبـوو لە ڕێگـای ئێـزگەوە دەنگی بگەیەنێـتە سـوپا. کودەتاچییەکـانیش ڕێگـا سـەرەکییەکانیان گرتبـوو و چاودێرییان خستبووە سەر جموجۆڵی کاربەدەستە باڵاکان.

وێڕای ئەوانە حیزبی شیوعیی عێراق تـوانی جەمـاوەرەکەی بوروژێنێت و هانیان بدات ڕوو لە بارەگای عەبدولکەریم قاسم بکەن و بەرگری لێ بکەن. جگە لەوەش هەندێک ئەفسـەری سـەر بە حیزبی شـیوعی هەوڵیاندا بگەن ناو یەکە سەربازییەکان و کار بۆ ڕێگری کردن لە پەرەسـەندنەکان بکەن. ئەنجام لایەنگرانی عەبدولکەریم و جەمـاوەری حیزبی شـیوعیی عێراق لە شـەقامەکانی ئەعــزەمییە گردبــوونەوە و لە چەنــد شــوێنێکدا ڕووبەڕووی کودەتاچییەکــان بــوونەوە، بەڵام کەمــی چەک و تەقەمەنــی و بەردەوام بەهێزبــوونی لایەنــی بەرانبەر، پارسەنگی هاوکێشەکەی گۆڕی و لە بەرگریکردن نوشوستی پێهێنان.

شایەنی باسە، بەپێی سەرچاوەکان لە ماوەی سێ ڕۆژی پڕ لە ململانێ و شەڕ و پێکداداندا لەناو شاری بەغدا، نزیکەی پێنج هەزار کەس کوژرا و بریندار بوون. ئەنجام هێزی کودەتاچییەکان توانیان بگەن شوێنی سـەرکردەکانی حیزبی شیوعیی عێراقی و ژمارەیەکی بەرچاویان لێ دەستگیر بکەن.

---

(١٨٢) د. کـاظم حبیب، لمحـات مـن عـراق القـرن العشـرین، الجـزء السـادس، ص٤٩٤؛ حامـد الحمداني، صفحات من تأریخ العراق الحدیث، جزء الثاني، ص١٠٤.

سەرکردە دەستگیرکراوەکانی حیزبی شیوعی کە بریتی بوون لە: سەلام عادل (١٩٢٤ – ١٩٦٣) (سکرتێری حیزب)، جەمال حەیدەری (١٩٢٦-١٩٦٣)، حەسەن عوەینە، محەمەد حەسەن ئەبولعیس (ئەندامانی مەکتەبی سیاسی)، نافع یونس، جورج تەللو، تاڵیب عەبدولجەبار، محەمەد ساڵح عەبلی، عەزیز شێخ، شەریف شێخ، حەمزە ئەڵمان، عەبدولڕەحیم شەریف، عەبدولجەبار وەهبی و مەهدی کەریم (ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی)، لەژێر ئەشکەنجەدا بەشێکیان کوژران.

جێگای خۆیەتی بوترێت، بەدەر لە سەرکردەکان، ژمارەیەکی دیکەی بەرپرسی باڵا لە ناو حکوومەت و سوپا و هێزە ئەمنییەکان لەگەڵ ئەندامان و کادیرانی حیزبی شیوعی دەستگیران و لە زیندانندا ڕووبەڕووی ئەشکەنجە و ئازار بوونەوە، کە بە هۆیەوە هەندێکیان گیانیان لە دەستدا[١٨٣].

**باسی چوارەم: هەوڵەکەی حەسەن سەریع[١٨٤] و هاوڕێکانی**

کودەتای ٨ی شوباتی ١٩٦٣ وەک دەست وەشاندنێک زیانی گەورەی گەیاند بە حیزبی شیوعیی عێراق، بەو هۆیەوە ئەم حیزبە زۆر لە تواناکانی لە دەستدا و ڕێکخستنە نهێنییەکان توانای ئەوەیان نەبوو ڕۆڵی خۆیان لە

(١٨٣) حامد الحمداني، صفحات من تاريخ العراق الحديث، الجزء الثاني، ص١٢٣؛ د. كاظم حبيب، لمحات من عراق القرن العشرين، الجزء السابع، ص ٣٧؛ فايز الخفاجي، الحرس القومي ودوره الدموي في العراق، الطبعة الاولى، (بغداد، ٢٠١٥)، ص ١٣١.

(١٨٤) حەسەن سەریع، لە چلەکانی سەدەی بیستەم، لە گوندێکی قەزای سەماوە لەدایکبووە. پاشان لەگەڵ خێزانەکەی چوونەتە قەزای تەمر لە پارێزگای کەربەلا، لەوێدا خوێندنی سەرەتایی تەواو کردووە. ئینجا پەیوەندی بەڕیزەکانی سوپاوە کردووە و پلەی بوو بە نائیب عەریف، هەر لەو ماوانەدا پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی حیزبی شیوعی دەکات. لە کاتی کودەتاکەی ی٨ شوباتی ١٩٦٣ و لەژێر کاریگەر ئەو کوشتن و برینەی هێزەکانی حکوومەت و حیزبی بەعس بەرانبەر شیوعییەکان ئەنجامیاندا، حەسەن لەگەڵ چەند کەسێکی دیکەی لە ڕێکخستنەکانی حیزبی شیوعی، بڕیار ئەنجامدانی ڕاپەڕینێک دەدەن سەرەتای مانگی تەمووزی ١٩٦٣ پلانەکەیان دەست پێ دەکەن، بەڵام سەرکەوتوو نابن، ئەنجام لەگەڵ چەند کەسێکی دیکە دەگیرین و پاشان لە ١٣ی تەمووزی ١٩٦٣ دەکوژرێن. د. علي كريم سعيد، العراق البيرية المسلحة حركة حسن سەريع، الطبعة الاولى، (بغداد، ٢٠٠٢)، ص ١٠- ٣٠.

قۆنـاغەداکەدا ببینن. لەبەر ئەوە دەبینین جەمـال حەیـدەری، مـحەمەد سـاڵح عەبلی و عەبدولجەبار فەهمی لە ڕێکخستنەوەی پەیوەندییەکان لەسـەر ئاستی ڕێکخراوەیـی حیزبـی و دەرکردنـی ژمـارەیەکی نـوێی ڕۆژنـامەی حیـزب سـەرکەوتوو نەبـوون و دەسـتگیر کـران. ئەوە لە لایەک، لە لایەکـی دیـکەوە، هەوڵەکانی هەر یەک لە: ئیبراهیم محەمەد مەخمووری[(١٨٥)]، محەمەد حەبیب محەمەد (١٩٤١ – ٢٠١٣)، هاشم ئالوسی، حەسەن سەریع و چەند ئەندامێکی خـوارەوەی حیـزب بـۆ دروسـتکردنەوەی ئۆرگـانی حیزبـی لە نـاو سـوپا و یەکخستنەوەی ڕێکخستنەکانیش شکستیان هێنا[(١٨٦)].

بە گشتی لەو قۆناغەدا دوو ئاراستە خۆی سەپاند بوو:

١. ئاراستەیەک ئامانجی ئەنجامدانی کردە سەربازی و ڕووخاندنی حیزبی بەعس و دەستگرتن بوو بەسەر دەسەڵاتدا.
٢. ئاراستەی دیکەیان، بیروبۆچوونی چەند ئەندامێکی سـەرکردایەتی حیزب بـوو، کە هەوڵـی دووبـارە پێکهێنـانەوە و دروسـتکردنەوەی ئۆرگانەکـانی حیزبیان بە شێوەی نهێنی و دوور لە بەرەنگاربوونەوە دەدا.

ئاراستەی یەکەم، دوای گردبوونەوەی چەند ئەندامێکی چالاکی حیزب، لەگەڵ ئیبراهیم مەخمووری و حەسەن سەریع، لێژنەیەکی سـەرکردایەتیان بۆ

---

(١٨٥) ئیبـراهیم مەخمـوری سـاڵی ١٩٣٤ لە مەخمـور لەدایکبـووە، خوێـندنی سـەرەتایی و ئامـادەیی لە مەخمـور و هەولێـر خوێـندووە. هەر زوو پەیوەنـدی بە ڕێکخسـتنەکانی حیزبی شیوعیی عێراق کردووە و چەندین بەرپرسیاری ڕێکخراوەیی وەرگرتووە. لە پەنجاکانی سـەدەی بیسـتەم گیـراوە و مـاوەی (٧) سـاڵ زیندانی بـۆ بـڕاوەتەوە، بەڵام توانیویەتی لە زیندان هەڵبێت و خۆی ڕزگار دەکات، پاشان لە بەغدا گیرساوەتەوە و پەیوەندییەکانی لەگەڵ حیزب بەردەوام بووە. دوای شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ بە ئەنـدامی دەسـتەی کـارگێڕی یەکێتیـی سـەندیکاکانی کرێکـاری دیـاری کـراوە. لەسەروبەندی کودەتا ٨ی شوباتی ١٩٦٣ لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی ناو حیزبی شیوعی پلانی ڕاپەڕینێک لەناو سـەربازگەی ڕەشیدی نزیک بەغدا دادەنێن، بەڵام سـەرکەوتوو نابن، ئەنجام لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ هێزەکانی دەسـەڵات شـەهید دەبێت. نامەی سامان قەرەچوغی بۆ نووسـەر لە ٢٠ی تشرینی دووەمی ٢٠٢١. (سـامان قەرەچـوغی خوارزای ئیبراهیم مەخمورییە).

(١٨٦) د. علي كريم سعيد، العراق البيرية المسلحة حركة حسن سەريع، ص٣٢.

جێبەجێکردنی ڕاپەڕینێک دژی دەسەڵاتی بەعس پێکهێنا. ئەندامانی لیژنە بریتی بوون لە: ئیبراهیم مەخمووری، حەسەن سەریع، هاشم ئالوسی، ئەبو سائیر، ئەبو ڕەسووڵ، قاسم محەمەد حافیز لەفتە و حوسێن مەشهەندانی.

پەیوەندییەکانی ئەو لیژنەیە لەگەڵ ڕێکخراوەکانی حیزب لە شاری بەغدا و ناوچەی فوڕاتی ناوەڕاست بەرەو پێشەوە هەنگاوی نا. لە ئێوارەی ٣/٢ی تەمووزی ١٩٦٣ گروپی سەرکردایەتی (ئەوانەی پێشووتر ناویان هێنرا) لەگەڵ کەسانی سەربازی و مەدەنی لە کونجێکی ناوچەی (کەمپ سارە) لە شاری بەغدا بۆ چاوخشاندن و پێداچووونەوە بەدوای خاڵەکانی بەرنامەی کاریان و ئەنجامدانی کودەتا دژی بەعسییەکان کۆبوونەوە. کۆبوونەوەکە لە کاتژمێر (١٢.٥) دەست پێ کرد قسەکەری سەرەکی کۆبوونەوەکە حەسەن سەریع بوو باسی لە ناوەڕۆکی پلانەکەیان کرد، دەبوو دوای سێ کاژمێر دەست بەکار بن.

لە ناوەڕۆکی پلانەکەدا هاتبوو:

١. پەلاماری سەربازگەی ڕەشیدی نزیک بەغدا بدەن و دەست بگرن بەسەریدا.
٢. دەستبگرن بەسەر بنکەی ئاسمانی سەربازی ڕەشید.
٣. هەوڵی ئازادکردنی ئەو شیوعییانە بدەن، کە لە بەندیخانەی ژمارە (١) لەناو سەربازگەی ڕەشید بەند کرابوون و ژمارەیان نزیکەی (١٣٠٠) ئەفسەر و سەرباز لە پلەی جیاواز بوون و هەندێکیان فڕۆکەوان بوون، تا ئەوەی هاوکاریان بن لە تەواوکردنی پلانی کودەتا.

دوای کۆبوونەوەکە چەند پەیوەندییەک ئەنجامدران. بەرە بەیانی ڕۆژی ٣ی تەمووزی دەست بەکار کرا، گروپێک لە سەرباز و مەدەنییەکان پەلاماری کەتیبەی ئەندازیارانیاندا لەناو سەربازگەی ڕەشیددا و بە ئاسانی توانیان پاسەوانەکە چەک بکەن و دواتر دەست بگرن بەسەر بەشەکانی دیکەی سەربازگەکە.

هاوکات لەگەڵ دەستگرتن بەسەر سەربازگەی ڕەشید، ژمارەیەک بەرپرسی باڵای حکوومەت و حیزبی بەعس دەستگیرکران. لەوانە: حازم جەواد (وەزایر کاروباری سەرۆکایەتی کۆمار)، تاڵیب شبیب (وەزیری

دەرەوە)، مونزر مەنداوی (بەرپرسی حەرەس قەومی) و ژمارەیەک ئەفسەری پلەدار.

لەناو سەربازگەکە ژمارەیەکی زۆر دەبابە هەبوون، لەگەڵ چەند فڕۆکەیەکدا، تێکڕایان دەستیان بەسەر داگیرا، بەڵام چاوەڕوانی ئازادکردنی فڕۆکەوانەکان بوو لە زیندانی ژمارە (١) تا بەکاریان بێنن.

شایەنی گوتنە، بەهۆی هەڵەی گروپی هێرش بەر نەتوانرا دەست بەسەر زیندانی ژمارە (١)دا بگیرێت و زیندانییەکان ئازاد بکەن، ئەنجام کۆسپی گەورەی لەبەردەم کودەتاکە دروستکرد. لەبەر ئەوە لە چەند شەڕێکی نابەرانبەردا (١٥٠ – ٢٠٠) کەس کوژران و ئەوانەی دیکەش بە زیندووی دەستگیرکران و دران بە داداگاییەکی تایبەتی سەربازی و بڕیاری کوشتنیان بەسەردا جێبەجێکرا، کە ژمارەیان (٤٦) کەس دەبوون.

جێی خۆیەتی بوترێت، بەعسییەکان بۆ چاوترساند، لە ٣١ی تەمووزی ١٩٦٣ تەرمی حەسەن سەریع و هەندێک لە هاوڕێکانیان بە درێژایی یەک ڕۆژ بە ستوونی کارەبا هەڵواسی. بەمەش هەنگاوەکان شکستیان هێنا (١٨٧).

**باسی پێنجەم: ململانێی نێوان حیزبی بەعس و بزووتنەوەی نەتەوەخوازانی عەرەب**

هاوپەیمانی نێوان حیزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی و ئاراستە نەتەوەییە عەرەبچییەکان دژی حکوومەتەکەی عەبدولکەریم قاسم هاوپەیمانییەکی بەهێز و چەسپاو نەبوو، بەو هۆیەوە لە ئەنجامی چەند هۆکارێک لە یەکتر دوورکەوتنەوە و ململانێی کەوتە نێوانیانەوە.

سەرچاوەکان لە بارەی هۆکارەکان ئاماژە بۆ ڕۆڵی حیزبی بەعس لە هەڵوەشانەوەی کۆماری یەکگرتوو (جیابوونەوەی سوریا لە میسر) و دەرکردنی نایف حەواتمە(١٨٨) لە عێراق، لەگەڵ سیاسەتی تاکڕەوی بەعس لە بەڕێوەبردن و هەڵسوکەوتی میلیشیاکانی حەرەس قەومی دەکەن.

---

(١٨٧) د. محمد حمدي الجعفري، تدخل العسكريين العراقيين في السياسة ١٩٥٨ – ١٩٦٨، ص١١٤.

(١٨٨) نایف حەواتمە یەکێک بوو لە سەرکردە دیارەکانی بزووتنەوەی نەتەوەخوازانی عەرەبی.

ئەنجامی ئەو هۆکارانەی ئاماژەمان بۆ کردن، گرووپی بزووتنەوەی نەتەوەخوازانی عەرەب، بیریان لە ئەنجامدانی کودەتا و دوورخستەوەی بەعسییەکان کرۆدەتەوە. ئەنجام سەلام ئەحمەد سەرۆکی بزووتنەوەکە لە مانگی مایسی ١٩٦٢ پلانی بۆ کودەتایەک داڕشت. ناوەڕۆکی پلانەکەی ئەم چەند خاڵەی خوارەوەی لە خۆیدا دەگرت:

١. دەسگرتن بەسەر ئێزگە و بڵاوکردنەوەی بەیاننامەکان.
٢. موقەدەم جابر حەسەن حەداد بە هاوکاری چەند ئەفسەرێکی دیکە هەنگاوی یەکەم جێبەجێ بکەن.
٣. پەلکێشکردنی عەبدولسەلام عارف بۆ ناو ئێزگە و خوێندنەوەی یەکەم بەیاننامە.
٤. ڕێکخستنی خۆپیشاندانی جەماوەری لە شەقامەکانی بەغدا، بە ئامانجی پیشاندانی پشتگیری بۆ کودەتاکە.

بەر لە (٤٨) کاتژمێر لە دەست بەکاربوونیان ، لەلایەن چەند کەسێکەوە هەواڵەکان دزەیان کرد و تاهیر یەحیا ئاگاداربووەوە، لە ڕێی ئەویشەوە سەرۆک وەزیران ئەحمەد حەسەن بەکر ئاگادار بووەوە. ئەنجام ئەوانەی پەیوەندیان بەو پیلانەوە هەبوو لە کەسانی سەربازی و مەدەنی کە بریتی بوون لە: زەعیم عەبدولهادی ڕاوی، عەقید ساڵح عەبدولمەجید سامەڕایی، عەقید حەمید سەعید، عەقید عەبدولحەمید بەیرونی، زەعیم مونعم مەسرەف، عەقید جەمیل سعودی، عەقید ئەکرەم مەحموود، موقەدەم جابر حەسەن حەداد، موقەدەم عەبدولغەفور شێخ، ڕەئیس ئەوەل محەمەد خەلیل ڕاشدی، ڕەئیس غازی عەبدولجەبار، ڕەئیس عەبدولکەریم حەمود، ڕەئیس ئەفهەم عەزمی، ڕەئیس ئیبراهیم ئیسماعیل، ڕەئیس فەخری، عوبەیدی، پارێزەر عەبدولڕەزاق شبیب، پارێزەر محەمەد سەدیق شەنشەل، پارێزە باسم سەیفی، تاڵیب سوهەیل، محەمەد مشحن حەردان، سەلام ئەحمەد، عەدنان ڕاوی و ئەمیر حلو دەستگیرکران.

بەمەش تەنیا وەلید قزیها و عەبدولئیلا نەسراوی لەگەڵ چەند کەسانێکی دیکە توانیان دەربازیان بێت.

له میــانەی لێکۆڵینەوەکــان لەگەڵ دەســتگیرکراوەکان دەرکەوت، کە مەبەستیان:

١. پلانی دەستگرتن بەسەر دەسەڵات هەبووە.
٢. لیستێکیان بە ناوی ئەندامانی ئەنجوومەنی وەزیران ئامادەکردووە، بەم شێوەیە: محەمەد مەهدی کوببە سەرۆک وەزیران، هەر یەکەش لە : سەلام ئەحمەد، عەبدولهادی ڕاوی، جەمیل سعودی، زاهید شەفیق، عەزیز مەحموود شوکری، د. عەبدولحوسێن زەلزەلە، د. حەسەن سامر، ئەدیب جادر، فوئاد ڕیکابی، ئەیاد سەعید سابت، فوئاد عارف و د. هیشام شاوی؛ تێیدا ببن بە وەزیر(١٨٩).

**باسی شەشەم: پیلانی ١٨ی تشرینی دووەمی ١٩٦٣**

١٩ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٣ فەرماندەی سەربازی گشتی لە عێراق، بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە و تێیدا ئاماژەی بۆ ئەوە کرد بوو، پیلانێک دژی حکوومەت ئاشکرا بووە، لە پیلانەکەدا ژمارەیەک ئەفسەری خانەنشینی سەردەمی پاشایەتی، بە هاوکاری چەند دەرەبەگێک و سیاسەتمەدارێک پیلانی کودەتایەکیان دارشتووە، هەروەها لەگەڵ بزووتنەوەی چەکداری لە کوردستان ڕێککەوتنیان هەبووە، جگە لەوەش شای ئوردنیش (حوسێن) پشتگیری پلانەکەی کردوون و ئوردن وەک حکوومەت لە ڕێگای بەرپرسی سەربازی لە باڵیۆزخانەی ئوردن لە لوبنان بەشداری لە نەخشە کێشانی پیلانەکەیان کردووە، هەر بۆ ئەو مەبەستە چەند سەرکردەیەکی ئەو پیلانە لەگەڵ نوێنەری ئوردن لە شاری بەیروت و شاری لەندەن کۆبوونەوتەوە.

ئەوانەی بە تاوانی بەشداریکردن لەو پیلانە دەسگیرکران، لە سەربازییەکان بریتی بوون لە: زەعیم ڕوکن محەمەد ڕەشید جەنابی، عەقید ڕوکن ساڵح مەهدی سامەرایی، عەقید ڕوکن یاسین محەمەد ڕەئووف، لیوای خانەنشین غازی داغستانی، موقەدەم عەلی بەدەوی، موقەدەم محەمەد شێخ

---

(١٨٩) محمد جمال باروت، حركة القوميين العرب، (بيروت، ١٩٩٧)، ص٢٧٠؛ د. جعفر عباس حميدي، تأريخ الوزارات في العهد الجمهوري، الجزء السادس، ص٢١٣.

لەتیف، زەعیم ڕوکن شەمسەددین تۆفیق عەزاوی، زەعیم (فڕۆکەوان) جەسام شاوی و مفەوەزی پۆلیس موفتن جاروللا.

لە مەدەنییەکانیش بریتی بوون لە: تۆفیق سوەیدی، لوئەی سوەیدی، جەمال بابان، ئەحمەد موختار بابان، جەواد عەبدولهادی چەلەبی، عەبدولهادی چەلەبی، دادوەر جەودەت هیندی، شێخ شەعلان، شێخ تالیب سوهەیل، شێخ سالح تەلال، عیسا مەحموود، پارێزەر سادق عەبدولهادی بەسام، دەرب عەسکەر و ساحیب مەلا مەحموود[١٩٠].

**باسی حەفتەم: ململانێی باڵەکانی حیزبی بەعس لەسەر دەسەڵات**

دوای کۆتایی هاتنی کۆنگرەی نەتەوەیی شەشەمی حیزبی بەعس لە شاری دیمەشق لە ٥ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٣، بڕیاردرا لیژنەیەک بۆ چارەسەرکردنی کێشە ناوخۆییەکان ڕەوانەی بەغدا بکرێت. حیزب بەسەر دوو باڵ دابەش ببوو، یەکەمیان باڵێکی توندڕەو عەلی سالح سەعدی و مونزر وەنداوی سەرپەرشتیان دەکرد، باڵی دووەمیش باڵێکی میانڕەو بوون تالیب شبیب و حازم جەواد و عەبدولکەریم شێخلی لە سەرکردە دیارەکانیان بوون.

سەرۆک وەزیران ئەحمەد حەسەن بەکر، هەوڵیدا هەردوو باڵەکە یەکبخات، بۆیە داوای لە سەرکردایەتی نەتەوەیی حیزب کرد، لە عێراقدا کۆنگرەیەک ساز بکرێت. ئەنجام سەرکردایەتی نەتەوەیی حیزب ڕازی بوون لەسەر داواکارییەکەی و ئەرکی بەڕێوەبردنی کۆنگرەکە بە هانی فکیکی ئەندامی سەرکردایەتی سپێردرا.

ئامانج لەو کۆنگرەیە کار کردن بوو، بۆ دانانی چەند ئەفسەرێک بە ئەندامی سەرکردایەتی، لەگەڵ زیادکرنی (٥) ئەندامی دیکە بۆ ئەنجوومەنی سەرکرایەتی، تا ئەوەی بنکەی ئەنجوومەنەکە فرەوان بێت[١٩١].

---

(١٩٠) د. جعفر عباس حميدي، تأريخ الوزارات في العهد الجمهوري، الجزء السادس، ص٣٥٤؛ د. كاظم حبيب، لمحات من عراق القرن العشرين، الجزء السابع، ص١٨٦.

(١٩١) هاني الفكيكي، اوكار الهزيمة، ص٣٥٨.

حازم جەواد ئەندامی سەرکردایەتی لە بارەی ئەو قۆناغەدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە لە ئێوارەی ٩ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٣ لەلایەن سەرۆک کۆمار عەبدولسەلام عارف بە تەلەفۆن پەیوەندی پێوەکراوە، پێی وتووە: ئەحمەد حەسەن بەکر دەیەوێت قسەت لەگەڵدا بکات. ئەحمەد حەسەن بەکر لە پەیوەندییەکەدا پێی ڕاگەیاندووە ئاگاداری خۆی بێت، لەبەر ئەوەی هەڕەشەی لەسەرە، جگە لەوەش داوای لێکردووە دەیەوێت چاوی پێی بکەویت. ناوبراو ئاماژە بۆ ئەوە دەکات ڕاستەوخۆ لە دوای پەیوەندییەکە لەگەڵ تالیب شبیب کەوتوونەتە ڕێ چوونەتە لایان و لە ژوورەکەی عەبدولسەلام عارف دانیشتوون. لەو کاتەدا هەر یەک لە تاهیر یەحیا و عەقید محەمەد مەهداوی بەرپرسی سەربازی باڵیۆزخانەی عێراق لە دیمەشق و عەقید عەبدولستار عەبدوللەتیف-یش لەوێدا بووینە.

ئەحمەد حەسەن بەکر بە قسەی ناشیرین هێرشیکردۆتە سەر عەلی ساڵح سەعدی و ساڵح مەهدی عەماش بە گروپی پیلانگێر نێوزەندی کردوون. بەکر داوای لە مەهداوی کردوو زانیارییەکانی لای خۆی ئاشکرا بکات، لە وەڵامدا مەهداوی ڕایگەیاندووە لە ڕۆژی ١٤ی تشرینی دووەمی ١٩٦٣ لە کاتی کۆبوونەوەی کۆنگرەی هەرێمایەتی حیزب کارێکی یەکلاکەرەوە ڕوودەدات و وازهێنانی بە کۆمەڵ دەخرێتە ڕوو، هەروەها هەڵبژاردن دەکرێت بۆ پڕکردنەوەی بۆشاییەکان و پێنج کەسیس بۆ ئەنجوومەنی سەرکردایەتی زیاد دەکرێن.

لە ئاستی بارودۆخەکەدا ئەحمەد حەسەن بەکر، پێشنیازی ئەوەی کرد لە کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشدا، عەلی ساعدی وەزیری بەرگری و گروپەکەیان دەستگیرن بکرێن. لەو بارەیەوە حازم جەواد ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە لەگەڵ ئەوەدا نەبووە و بە کارێکی دوور لە ڕەفتاری حیزبی زانیوە. وادیارە حازم جەواد پێی باشبووە ئەو هەنگاوە لە کاتی کۆنگرەی حیزبدا بکرێت و ئەحمەد حەسەن بەکریش لە بارەی ڕەفتارەکانی

ساعدی و گروپەکەی قسە بکات. ئەنجام بەشداربووانی دانیشتنەکە پێشنیازەکەی حازم جەواد پەسەند دەکەن[١٩٢].

ڕۆژی ١١ی تشرینی دووەمی ١٩٦٣ کۆنگرەی نائاسایی حیزبی بەعس دەستی بە کارەکانی کرد، دوای جێبەجێکردنی چەند خاڵێکی ئاسایی بەرنامەی کار، دەرگای پاڵاوتن بۆ ئەندامییەتی سەرکردایەتی حیزبی بەعس هەرێمی عێراق کرایەوە، لەو کاتەدا سەرۆکی کۆنگرە هانی فکێکی خەریکی تۆمارکردنی ناوەکان بو، لە پڕ کۆمەڵێک چەکدار ژمارەیان نزیکەی (٤٠) کەس دەبن خۆیان دەکەن بەناو هۆڵی کۆنگرەدا، هەندێک لە سەرچاوەکان پێیان وایە ئەو کارە بە هاندانی عەبدولسەلام عارف و بە ئاگاداری حازم جەواد و تالیب شبیب کراوە.

سەرۆکی ئەو کۆمەڵە چەکدارە محەمەد حوسێن مەهداوی، دێتە پێشەوەی دەچێتە شوێنی سەرپەرشتیارانی کۆنگرە و دەڵێت: لە دیشمەقەوە هاتووە و ڕەزامەندی میشیل عەفلەقی پێیە بۆ کۆتایی هێنان بە هەر جۆرە گەندەڵی و لادانێک لە ڕێبازی حیزبیدا. بەر لەوەی قسەکانی تەواو بکات، هانی فکێکی داوای لێکرد هۆڵی کۆنگرە بەجێ بێلن. لە بەرانبەردا موقەدەم حەمید تکریتی کە یەکێک بوو لەناو گروپە چەکدارەکان، داوای لە سەرۆکی کۆنگرە کرد شوێنی خۆی جێبێلێت، لە لایەکی دیکەوە عەلی ساڵح ساعدی هەڵدەستێتەوە و بەرەو شوێنی سەرۆکی کۆنگرە دەڕوات و دەست بە هاوار دەکات و داوا لە سەرۆکی کۆنگرە دەکات شوێنەکەی جێ بێلێت، چونکە ئەوەی ڕوودەدات کودەتایەکی سەربازییە. ئەنجام لە ناو هۆڵی کۆنگرە بووە هاوار هاوار و ناڕەزایی دەربڕین و ناکۆکی و کۆمەڵێک چەکداری دیکەش هاتنە ناوەوەی، بەڵام کۆنگرە تاهیر یەحیای بە سەرۆکی کۆنگرە دیاریکرد.

تاهیر یەحیا لە قسەکانیدا باسی لە برایەتی و ڕێزگرتن کرد، هەروەها داوایکرد کێشەکان بەشێوەیەکی ئاشتیانە چارەسەربکرێن. پاشان مافی قسەکردن درایە محەمەد مەهداوی، بۆیە هۆڵی کۆنگرە ناڕەزایی و دەنگە دەنگی لێ پەیدابوو و زۆرینەی ئەندامانی کۆنگرە لە شوێن خۆیان هەستان تا

(١٩٢) حسن السعيد، نواطير الغرب صفحات من ملف علاقات اللعبة الدولية مع البعث العراقي ١٩٤٨ – ١٩٦٨، الطبعة الثانية، (بغداد، ٢٠١٥)، ص ٢٦٨.

بەرەو دەرەوە بڕۆن، بەڵام چەکدارەکان ڕێگریان لێکردن و نەیان هێشت کەس بچێتە دەرەوە[193].

مەهداوی لە قسەکانیدا باسی لە هەندێک کاری لادان و تێکدەرانە کرد لەلایەن چەند ئەندامێکی سەرکردایەتی حیزبی بەعس لە عێراقدا، ئاماژەی بەوەدا، کە ئەوانە لە ڕێبازی حیزب هەڵگەڕاونەتەوە و ملکەچی سەرکردایەتی نەتەوەیی حیزب نابن. پاشان باسی لە لادان و سەر کێشییەکانی حەرەس قەومی و سنووردارکردنی دەسەڵاتی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش کرد، سەرەڕای پیلانگێران و ڕێگرتن لەوەی چەند ئەفسەرێک لە ئەندامانی حیزب ببنە ئەندامی کۆنگرە، دواتر وتی: ئەوانی لادەرن هەریەک لە: عەلی ساڵح سەعدی، حەمدی عەبدولمەجید، موحسین شێخ ڕازی، هانی فکێکی و ئەبو تاڵیب هاشمی ئەوانە ئێستا بە دەسگیرکراو دادەنرێن تا سەرکردایەتی حیزب چارەنووسیان یەکلا دەکاتەوە.

مەهداوی داوای لە ئەفسەر و چەکدارەکان کرد دەستگیریان بکەن. دواتر داوای هەڵبژاردنی سەرکردایەتی نوێی کرد و لیستێکی ئامادەکراوی پێ بوو، دابەشکرا و دوای هەڵبژاردن ئەو لیستە ناوەکانی سەرکەوتن و بوونە ئەندامی سەرکردایەتی نوێی حیزب. لە دوای ئەو هەنگاوانە ئەحمەد حەسەن بەکر قسەی کرد و کۆتایی هاتنی کۆنگرەی حیزبی ڕاگەیاند.

سەرکردایەتی نوێی حیزب بڕیاریدا: ئەحمەد حەسەن بەکر بە سەرۆکی حکوومەت دیاری بکرێت، دەستگیرکراوەکانیش بۆ دەرەوەی عێراق دووربخرێنەوە.

لە کۆنگرەدا هەر یەک لە: ئەحمەد حەسەن بەکر، تاهیر یەحیا، حازم جەواد، عەبدولستار عەبدوللەتیف، تاڵیب شبیب، محەمەد مەهداوی، کەریم شنتاف، عەلی کەریم، عەدنان قەساب، عەبدولستار دوری، تاریق عەزیز، فائیق بەزاز، حەسەن حاجی جەوادە، ساڵح مەهدی عەماش، فوئاد شاکر موستەفا و مونز وەنداوی، بە ئەندامی سەرکردایەتی نوێ هەڵبژێردران.

(١٩٣) سيف الدين الدوري، طاهر يحيى، الطبعة الثانية، (عمان، الاردن، ٢٠١٥)، ص ٢٨.

به گشتی ناکۆکی و ململانێی ناوخۆییەکانی حیزبی بەعس، لەو قۆناغەدا دەکرێت بەم شێوەیەی خوارەوە ناوی بنرێت:

١. ململانێی نێوان گروپەکەی عەلی سالح سەعدی و گروپەکەی حازم جەواد.
٢. ململانێی نێوان بەرەی عەسکەرییەکان و بەرەی مەدەنییەکان.
٣. ململانێی نێوان ڕۆڵی سوپا و ڕۆڵی حەرەس قەومی لە کاروباری حیزب و حکومەت.
٤. ململانێی نێوان بەعسییەکان بە گشتی وەک لایەنێک، لەگەڵ هێزە عەرەبچییە نەتەوەخوازەکانی دیکە، لەگەڵ جیاوازی ئاراستە و باڵەکانیان(١٩٤).

**باسی هەشتەم: ڕووداوەکانی ١٣ی تشرینی دووەمی ١٩٦٣**
**دەرهاویشتەکانی کۆنگرەی حیزب**

واپێدەچێت دوای ئەو ڕووداوانەی لە ڕۆژانی پێشوتر لە ژیانی ناوخۆی حیزبی بەعس ڕوویاندا، کاردانەوەی لای بەشێک لە ئەندام و کادیرانی حیزبی دروستکرد بێت. یەک لەوانە موقەدەم وەنداوی بوو، کە ڕۆڵی کاریگەری لە کودەتاکەی ٨ی شوباتی ١٩٦٣ دا هەبوو و دواتر ببوو بە فەرماندەی هێزەکانی حەرەس قەومی. ناوبراو بڕیاریدا هەر دوا بە دوای کۆتایی هاتنی کۆنگرەکە بە کارێک هەڵسێت ئەوەی ڕوویداوە تێکی بدات و دۆخەکە بگەڕێنێتەوە سەر باری پێشوتر و شەرعییەت بۆ ڕۆڵی عەلی سالح سەعدی و گروپەکەی بگەڕێنێتەوە. بۆ جێبەجێکردنی ئەو ئامانجە ڕێککەوتنێک لەنێوان خۆی و سەرکردەکانی حەرەس قەومی و سەرکردایەتی لقی بەغدای حیزب دێنێتەدی. بەپێی ڕێککەوتنەکە دەبوو هێرش بکەنە سەر کۆشکی کۆماری و شوێنە گرینگەکانی شاری بەغدا و دەستیان بەسەردا بگرن. کاتێک حازم جەواد و تالیب شبیب پێیان زانی لەبەرە بەیانی ڕۆژی

(١٩٤) هاني الفكيكي، اوكار الهزيمة، ص ٣٥٩؛ سيف الدين الدوري، طاهر يحيى، ص٣٠.

١٣ی تشرینی دووەمی ١٩٦٣ بەپەلە ئاگاداری عەبدولسەلام عارف و ئەحمەد حەسەن بەکریان کردەوە[١٩٥].

سەرلە بەیانی ڕۆژی ١٣ی تشرینی دووەم مونز وەنداوی بە یارمەتی چەند ئەفسەرێک دەستیان گرت بەسەر بنکەی ئاسمانی نزیک شارۆچکەی حەبانییە و لەو بنکەیەوە بە فڕۆکەی جۆری (هۆک هنتەر) هێرشیان کردە سەر کۆشکی کۆماری، هێزەکانی حەرەس قەومیش لەناو شاری بەغداوە دەستیان گرت بەسەر چەند بنکەیەکی پۆلیس و لە چەند شوێنێکی گرینگ دابەشبوون. بارودۆخ ڕووی لە شپڕزەیی و تێکچون کرد، لای خۆیانەوە، سەرۆکی حکومەت ئەحمەد حەسەن بەکر و ساڵح مەهدی عەماش وەزیری بەرگری بەپەلە بەیانێکیان بڵاوکردەوە و داوایان کرد ئەو هێزە سەربازیانەی هاتوونەتە ناو شاری بەغدا بکێشێنەوە، هەروەها داوایان لە سەرکردایەتی نەتەوەیی حیزبی بەعس لە سوریا وەک باڵاترین دەسەڵاتی حیزب کرد نوێنەریان سەردانی بەغدا بکات تا چارەسەری قەیرانی ناوخۆی حیزب بکات.

لە ئێوارەی هەمان ڕۆژدا نوێنەرانی سەرکردایەتی نەتەوەیی حیزب میشیل عەفلەق، ئەمین حافز، سەلاح جدید و خالید نەقشبەندی گەیشتنە بەغدا و لە بارەگای سەرکردایەتی حەرەس قەومی لەگەڵ بەشێک لە ئەندامانی سەرکردایەتی حیزب و ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و سەرکردایەتی لقی بەغدا و چەند بەرپرسێکی سەندیکا و ڕێکخراوە جەماوەرییەکان کۆبوونەوە.

سەرکردایەتی نەتەوەیی حیزب لە ١٥ی تشرینی دووەم بڕیاریدا بە هەڵوەشاندنەوەی هەردوو سەرکردایەتی حیزب لە عێراق (کۆن و نوێ)، بەمەش سەرکردایەتی نەتەوەیی لە عێراق بە هاوکاری لقی بەغدا بۆ ماوەیەک کارەکان بەڕێوە دەبات. ئەوە لە لایەک، لە لایەکی دیکەوە بڕیاردرا هەریەک لە: حازم جەواد، تاڵیب شبیب، محەمەد مەهداوی و ئەوانی دیکەی سەر بەو گروپەن ڕەوانەی دەرەوەی عێراق بکرێن. ئەنجام ئەو هەوڵانە نەک کێشەکەی

---

(١٩٥) د. نوري عبدالحميد العاني ود.علاء جاسم، تاريخ الوزارات العراقية – العهد الجمهورية الجزء السابع، ص ٦٠.

چارەسەر نەکرد، بەڵکو دۆخەکەی ئاڵۆزتر کرد، دواجار ڕووداوەکان بەرەو ئاراستەی دیکە ڕۆیشتن(١٩٦).

**باسی نۆیەم: کودەتای ١٨ی تشرینی دووەمی ١٩٦٣**

ئەو ململانێ و ناکۆکییانەی لەناو سەرکردایەتی حیزبی بەعس ڕوویاندا لە ڕۆژانی کۆنگرە و ڕۆژانی دوایی، هەروا بە ئاسانی تێپەڕنەبوون و کۆتایی پێ نەهات، بەڵکو توندتر بوون دەرهاوێشتەی دیکەی لێکەوتەوە. سەرۆک کۆمار عەبدولسەلام عارف و کۆمەڵە ئەفسەرێکی دیکەی پلە باڵا، هەوڵیاندا سوود لەو دۆخە وەربگرن و دەسەڵاتی تەواو بگرنە دەست و ئەو دۆخەش لە ئاژاوە و کێشەی ناوخۆیی کۆتابی پێ بهێنن، بۆیە بەپێی پلانێک عەبدولسەلام عارف هەڵسا بە بەرپاکردنی کودەتایەکی سەربازی و کۆتایی هێنان بە دەسەڵاتی حیزبی بەعس لە عێراقدا(١٩٧).

لەبەرە بەیانی ڕۆژی ١٨ی تشرینی دووەمی ١٩٦٣ هەریەک لە عەقید سەعید سلیبی و ڕائید عەلی کەریم، چوونە ناو نووسینگەی سالح مەهدی عەماش وەزیری بەرگری و ئاگاداریان کردەوە خۆی بە بەندکراو بزانێت(١٩٨). پاشان عەبدولسەلام عاریف خۆی بەرەو ناوچەی ئەبو غرێب ڕۆیشت لەوێ لەگەڵ هێزێکی سەربازی دەستیان گرت بەسەر بورجەکانی ئێزگەی بەغدا و یەکەم بەیاننامەی بڵاوکردەوە.

کودەتاکەی عەبدولسەلام لەچەند شوێنێک بەرەو ڕووی بەرهەڵستی هێزەکانی حیزبی بەعس بوونەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی پارسەنگی هێز بەلای عەبدولسەلامدا بوو و حیزبی بەعسیش لە ناوخۆیدا وەک پێویست نەبوو، بۆ دواجار سەرکەوتن بەلای عارفدا شکایەوە(١٩٩).

---

(١٩٦) حسن السعيد، نواطير الغرب صفحات من ملف علاقات اللعبة الدولية مع البعث العراقي ١٩٤٨ – ١٩٦٨، ص ٢٩٣.

(١٩٧) سيف الدين الدوري، الانقلابات العسكرية والصراع على السلطة في العراق، ص ١٧٥.

(١٩٨) دوای دوو ڕۆژ بە فرۆکە دووریان خستەوە بۆ قاهیرە.

(١٩٩) د. محمد حمدي الجعفري، تدخل العسكريين العراقيين في السياسة ١٩٥٨ – ١٩٦٨، ص١١٤.

عەبدولسەلام لەگەڵ سەرکەوتنی کودەتاکەی چەند کارێکی ئەنجامدا:

١. ژمارەیەک سەرکردەی بەعسی لە مەدەنی و عەسکەری دەستگیرکردن.
٢. بەردەوامبوو لە دژایەتیکردنی حیزبی شیوعیی عێراقی و بەندکردنی ئەندامانی.
٣. پاککردنەوەی دامودەزگا حکومییەکان لە بەرپرسانی حیزبی بەعس.

پاشان چەند بڕیارێکی دەرکرد:

١. خۆی وەک سەرۆک کۆمار و سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش ناساند.
٢. هێزەکانی حەرەس قەومی هەڵوەشاندەوە.
٣. هەڵوەشاندنەوەی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش، پێکهێنانی ئەنجوومەنێکی نوێ.
٤. دانانی تاهیر یەحیا بە سەرۆک وەزیران و پێکهێنانی ئەنجوومەنێکی وەزیرانی نوێ[٢٠٠].

ئیدی لە عێراقدا سەردەمێکی نوێ دەست پێدەکات، سەرەتا عەبدولسەلام عارف و دواتریش عەبدولڕەحمانی برای دەبن بە فەرمانڕەوا[٢٠١].

---

(٢٠٠) د. محمد حمدي الجعفري، تدخل العسكريين العراقيين في السياسة ١٩٥٨ – ١٩٦٨، ص ١٨٠ – ١٨٥.

(٢٠١) د. جعفر عباس حميدي، تاريخ العراق المعاصر ١٩١٤-١٩٦٨، ص١٧٥.

## تەوەری سێیەم: سەردەمی عەبدولسەلام عارف

### باسی یەکەم: دامەزراوە باڵاکانی دەوڵەت

عەبدولسەلام عارف دوای سەرکەوتنی کودەتاکەی و کۆتایی هێنان بە دەسەڵاتی حیزبی بەعس، خەریکی چەسپاندن و ڕێکخستنەوەی دەسەڵاتەکەی بوو بەسەر عێراقدا، لەم بارەوە چەند بڕیارێکی دەرکرد:

یەکەم: هەروەک لە یەکەم بەیانی ڕاگەیاندنی کودەتاکەیدا هاتبوو، بڕیاریدا بە دانانی خۆی وەک: سەرۆک کۆمار، فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان، سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی سۆرش.

دووەم: پێکهێنانەوەی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە:

عەبدولسەلام عارف، سەرۆک کۆمار سەرۆک

تاهیر یەحیا، سەرۆک وەزیران، وەزیری بەرگری، ئەندام

عەبدولڕەحمان عارف، سەرۆک ئەرکانی سوپا، ئەندام

عەقید محەمەد مەجید، یاریدەدەری سەرۆک ئەرکانی سوپا، ئەندام

سێیەم: فەرماندەی فیرقەکانی سوپا:

عەمید ڕوکن: تەها محەمەدئەمین، فیرقەی یەکەم

عەمید ڕوکن: ئیبراهیم فەیسەڵ ئەنساری، فیرقەی دووەم

عەمید ڕوکن: مەحموود کەریم، فیرقەی سێیەم

عەمید ڕوکن: سەعید قەتان، فیرقەی چوارەم

عەمید ڕوکن: سدیق مستەفا، فیرقەی پێنجەم

عەمید ڕوکن عارف عەبدولڕەزاق[٢٠٢]، فەرماندەی هێزی ئاسمانی

---

(٢٠٢) عارف عەبدولڕەزاق، ساڵی ١٩٢٤ لە شارۆچکەی کوبیسە لە ئەنبارە لەدایکبووە، ساڵی ١٩٤٣ کۆلێژی سەربازی تەواوکردووە، ساڵی ١٩٤٥ کۆلێژی سەربازی فڕۆکەوانی بریتانیا ی خوێندووە، ماوەیەک فەرماندەی بنکەی سەربازی حەبانییە بووە، لەنێوان (١٩٥٨-١٩٦٦) پێنج جار هەوڵی کودەتای داوە و سەرکەوتوو نەبووە، دوای ئەوەی لە ١٩٦٨ لە زیندان ئازاد کراوە، ئیدی بەرەو هەندەران چووە و تێکەڵی بەرەی

عەمید ڕوکن ڕەشید موسلّیح وەزیری ناوخۆ

چوارەم: ئەو ئەفسەرانەی پلەی وەزیریان پێدار:

عەقید ڕوکن سوبحی عەبدولحەمید، وەزیری دەرەوە

عەمید ڕوکن عەبدولکەریم فەرحان، وەزیری ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن

موقەدەم ڕوکن، هادی خەماس، بەڕێوەبەری ئیستخباراتی سەربازی

عەقید ڕوکن، سەعید سلیبی، فەرماندەی سەربازی بەغدا(٢٠٣).

ئەوانە لە سەرەوە ناویان هێنرا، هەموویان لە ئەفسەرانی سوپای عێراق بوون، عەرەبی سوننە و هەڵگری بیروباوەڕی عەرەبچێتی بوون، بە گشتی دەسەڵاتی باڵای عێراق بوون لەو سەردەمەدا.

پێنجەم: ئەنجوومەنی وەزیران، لە سەردەمی عەبدولسەلام عارفدا پێنج جار کابینەی وەزرای پێکهێنراوە و هەر یەک لە: تاهیر یەحیا، عارف عەبدولڕەزاق و عەبدولڕەحمان بەزاز سەرۆکایەتیان کردووە.

پێکهاتەی یەکەم ئەنجوومەنی وەزیران لەو قۆناغەدا بەم شێوەی خوارەوە بووە:

١. تاهیر یەحیا، سەرۆک وەزیران

٢. حەردان تکریتی(٢٠٤)، وەزیری بەرگری

٣. ڕەشید موسلّیح، وەزیری ناوخۆ

٤. سوبحی عەبدولحەمید، وەزیری دەرەوە

٥. مەحموود شیت خەتاب، وەزیری شارەوانی

٦. عەبدولکەریم فەرحان، وەزیری ڕۆشنبیری

٧. عەبدولستار عەبدوللەتیف(٢٠٥)، وەزیری گەیاندن

---

ئۆپزیسیون بووە. ساڵی ٢٠٠٧ لە بریتانیا کۆچی دوایی کردووە. هادي حسن عليوي، رجالات العراق الجمهوري من عبدالكريم قاسم الى صدام حسين، ص ٣٣٠.

(٢٠٣) د. جعفر عباس حميدي، تأريخ الوزارات العراقية في العهد الجمهوري، جزء السابع، ص ٥-٢٠.

(٢٠٤) بەعسی بوو.

٨. عەبدولکەریم عەلی، وەزیری پلاندان
٩. عەبدولعەزیز وەتاری، وەزیری نەوت
١٠. عەبدولکەریم هانی، وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی
١١. ئەحمەد عەبدولستار جەواری[٢٠٦]، وەزیری پەروەردە
١٢. کامل خەتیب، وەزیری داد
١٣. محەمەد عەبدولمەجید عەبوسی، وەزیری دارایی
١٤. عیززەت مستەفا[٢٠٧]، وەزیری تەندروستی
١٥. عەبدولعەزیز حافز، وەزیری ئابووری
١٦. عارف عەبدولڕەزاق، وەزیری کشتوکاڵ
١٧. عەبدولفەتتاح ئالوسی، وەزیری ئیشغال
١٨. عەبدولساحب عەلوان، وەزیری چاککردن و کشتوکاڵ
١٩. شامل سامەرایی، وەزیری یەکێتی عەرەب
٢٠. عەبدولکەریم کەمونە، وەزیری پشەسازی
٢١. موسلیح نەقشبەندی[٢٠٨]، وەزیری دەوڵەت[٢٠٩]

بە وردبوونەوە لە ئەندامی ئەنجوومەنی وەزیراندا بۆمان ڕوون دەبێتەوە:

١. لە ڕووی مەزهەبییەوە، (١٧)یان سوننە و (٤)یان شیعەن.
٢. لە ڕوو سیاسییەوە (١٦)یان نەتەوەین، (٤)یان بەعسین، (١)یان سەربەخۆیە.

---

(٢٠٥) بەعسی بوو.
(٢٠٦) بەعسی بوو.
(٢٠٧) بەعسی بوو.
(٢٠٨) کورد بوو، سەربەخۆ بوو.
(٢٠٩) المركز العراقي للمعلومات والدراسات، دليل الوزارات العراقية (١٩٢٠-٢٠٠٣)، ص ٢٢٦.

٣. له ڕووی نەتەوەییەوە، (٢١)یان عەرەبن و (١)یان کوردە.
٤. له ڕووی پیشەییەوە، (١٢)یان سەربازین و (٩)یان مەدەنین.
٥. له ڕووی دابەشبوونی جوگرافییەوە (٩)یان خەڵکی بەغدان، (٣)یان هی تکریت، (٣)یان هی ئەنبار، (٢)یان هی مووسڵ و شارەکانی کورت و سامەڕا و کەربەلا و دهۆک هەر یەکەیان (١)یان بەر کەوتووە.

جێی خۆیەتی بوترێت، کە مانەوەی بەعسییەکان لە پێگەکانیاندا چەند مانگێکی خایاند، دواتر لادران و کەسانی دیکە لە شوێنەکانیان دانران، ئەنجام دەسەڵات کەوتە دەستی ڕەوتی عەرەبە نەتەوەخوازەکان و وەزارەتە گرینگەکانیانیش بەسەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران و عەسکەرییەکان بەسترایەوە.

شەشەم: هەر لە چوارچێوەی هەنگاوەکاندا لیوای عەبدولڕەحمان عارف برای سەرۆک کۆمار سەرباری سەرۆکی ئەرکان بەجێگری سەرۆکی ئەرکانی سوپاش دیارکرا(٢١٠).

**باسی دووەم: ململانێ سیاسییەکانی سەردەمی عەبدولسەلام عارف**

**یەکەم: دامەزراندنی یەکێتی سۆسیالیستی عەرەب - لقی عێراق**

باڵیوزی کۆماری عەرەبی یەکگرتوو ئەمین هوەیدی لە بەغدا، دەگێڕێتەوە، سەرۆک جەمال عەبدولناسر توانی عەبدولسەلام عارف سەرۆک کۆماری عێراق ڕازی بکات بەوەی پێویست بە بوونی بنکەیەکی جەماوەری فرەوان هەیە تا ڕژێمەکەی پشتی پێ ببەستێت، هەروەها پێویست دەکات لەناو سوپادا، ڕێکخستنێکی نهێنی هەبێت تا ئەفسەرەکان لە دەوری کۆببنەوە(٢١١).

لە شوباتی ١٩٦٤ عەبدولسەلام عارف ڕاگەیاند: ئامانجیان گردبوونەوەی خەڵکە لە دەوری بیروباوەڕێک، وەک چۆن لە جەزائیر و میسر کاری بۆ کراوە. لەو سۆنگەیەوە چەندین کۆبوونەوەی لە کۆشکی

---

(٢١٠) د. كاظم حبيب، لمحات من عراق القرن العشرين، الجزء السابع، ص٢٠٠.
(٢١١) سيف الدين الدوري، طاهر يحيى، ص ١٠٤.

کۆماری بە ئامادەبوونی تاهیر یەحیا، عەبدولکەریم فەرحان، سوبحی عەبدولحەمید، شامل سامەڕایی، عەبدولکەریم هانی و عارف عەبدولڕەزاق ساز دران. لە کۆبوونەوەکاندا بڕیاردرا بەپێکهێنانی لیژنەیەک بۆ دارشتنی بەرنامەیەک دەربارەی کاروباری بنەماکانی ئەو ڕێکخستنە.

دوای ماوەیەک عەبدولسەلام عارف سەرۆک کۆمار لیژنەیەکی دیکەی پێکهێنا بۆ نووسینی دەستوری ڕێکخراوەکە، ئەو لیژنەیەش چەند وەزیر و کەسایەتیەکی سیاسی گرتبووە خۆی، لیژنەکە بە پشت بەستن بە دەستووری یەکێتیی سۆسیالیستی عەرەبی لە میسر لەنێوان مانگی شوبات و نیسانی ١٩٦٤ کارەکانی خۆی کۆتایی پێکهێنا.

دواتر لیژنەیەکی نوێ پێکهات لە نوێنەری حیزب و ڕێکخراوە عەرەبییە نەتەوەخوازەکان و چەند کەسایەتییەکی سەربەخۆ بۆ گفتوگۆ کردن دەربارەی دەستورەکەی و بڕیاردان لە سەری و ڕاگەیاندنی دامەزراندن و لە دایکبوونی یەکێتیی سۆسیالیستی عەرەبی لقی عێراق.

لە کۆتایی حوزەیرانی ١٩٦٤ نووسینەوەی دەستوری ڕێکخراوەکە کۆتایی هات و خرایە بەردەم سەرۆک کۆمار پاش گفتوگۆ کردن لەسەری لەگەڵ ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش، بڕیاردرا لەسەر بابەتەکانی و داواش لە ئەنجوومەنی ئامادەکاری کرا کار بۆ بەستنی کۆنگرە بکات. ئەنجام داوا لە هەزار کەس کرا ئامادەی کۆنگرەکە بن. لەناویاندا (١٠٪) یان لە ئەندامانی حیزب و هێزە سیاسییەکان بوون[٢١٢].

١٤ی تەمووزی ١٩٦٤ کۆنگرە دەستی بە کارەکانی کرد، بەو هۆیەوە حیزبی عەرەبی سۆسیالیست، ڕێکخراوی یەکێتیی سۆسیالیستە دیموکراتەکان، حیزبی ئیستقلال، ڕابیتەی نەتەوەیی و بزووتنەوەی نەتەوەخوازانی عەرەبی ، وەک هێزی سیاسیی خۆیان هەڵوەشاندەوە.

کۆنگرەکە (١١) ڕۆژی خایاند، بۆ دیاریکردنی لیژنەی جێبەجێکردن (٥٠) ئەندام هەڵبژێردران، پاشان لەناو ئەواندا هەر یەک لە: عەبدولسلام عارف، تاهیر یەحیا، عەبدولکەریم فەرحان، سوبحی عەبدولحەمید، د. شامل

(٢١٢) د. جعفر عباس حميدي، تأريخ الوزارات في العهد الجمهوري، الجزء السابع، ص ١٦٥.

سامەڕایی، د. عەبدولکەریم هانی، د. خەیرەددین حەسیب، عەبدولعەزیز دوری، ئەحمەد مەتلوب و عەبدوللەتیف کەمالی هەڵبژێردران.

شایەنی گوتنە، ئەندامانی لیژنەی جێبەجێکردن هەموویان لە کەسانی سەربەخۆبوون، بەڵام لە ئەنجوومەنی گشتی و لیژنە لاوەکییەکاندا چەند کەسایەتیەک لە حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان بەشدارییان تێدا کرد لەوانە:

١. فوئاد ڕیکابی، یەکێتیی سۆسیالیستە دیموکراتەکان
٢. سەلام ئەحمەد، بزووتنەوەی نەتەوەخوازانی عەرەبی
٣. هاشم عەلی، بزووتنەوەی نەتەوەخوازانی عەرەبی
٤. عەبدولئیلا نەسراوی، حیزبی عەرەبی سۆسیالیستی.
٥. ئەحمەد حەبوبی، حیزبی عەرەبی سۆسیالیستی.
٦. غەربی ئەحمەد، حیزبی عەرەبی سۆسیالیستی.

دواجار عەبدولکەریم فەرحان بوو بە ئەمینداری گشتی ڕێکخراوەکە و فوئاد ڕیکابیش وەک جێگری دەستنیشانکرا.

لە کۆنگرەدا چوار لیژنە دروست کران، ئەوانیش: لیژنەی شۆڕشی عەرەب و یەکێتی عەرەب، لیژنەی یاسایی بنچینەیی، لیژنەی سۆسیالیست و دیموکراسی و لیژنەی سیاسی. هەر لە کۆنگرەدا لەسەر دانانی بنەماکانی پەیمانی کاری نیشتمانی و یاسای بنچینەیی بۆ یەکێتی سۆسیالیستی عەرەبی ڕێکەوتن کرا. زۆربەی ڕێکخراوە سیاسییە بەشداربووکان لە یەکەم ڕۆژدا بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی خۆیاندا و هاتنە ناو ئەو ڕێکخراوە نوێیە، بەڵام ئەوە زۆری نەخایاند، لەبەر ئەوەی ململانێ کەوتە ناو ڕیزەکانییەوە. ئەنجام نوێنەرانی حیزبی عەرەبی سۆسیالیستی دژی دەستڕۆیی بزووتنەوەی نەتەوەخوازانی عەرەبی کشانەوە. لەو حالەتەشدا ململانێی لەسەر ئاستی سەرکردایەتی لێکەوتەوە بەجۆرێک ئەحمەد حەبوبی لە ڕێکخراوەکە کشایەوە، کەچی غەربی حاجی ئەحمەد بە پێچەوانەی هەڵوێستی حیزبەکەی حیزبی سۆسیالیست عەرەبی لەناو یەکێتییەکەدا مایەوە.

ڕێکخراوی یەکێتی سۆسیالیستی عەرەب لقی عێراق، کە لەسەر دەستی عەبدولسلام عارف دامەزرا، لاساییکردنەوەی ئیتحادی ئیشتراکی عەرەبی بوو

که جەمال عەبدولناسر لە میسر دایمەزراند بوو، ئامانج لێدا هەوڵی نزیکەبوونەوەی عێراق و میسر و یەکگرتنی هەر دوو وڵات بوو[٢١٣].

لە ڕاستیدا، لەبەر ئەوەی ڕێکخراوەکە بەلاوازی دروست بوو و ململانێش لەناو ڕیزەکانی درێژەی کێشا، بۆیە وەک پێویست نەیتوانی بنکەیەکی جەماوەری فرەوان پێک بهێنێ. سەرباری ئەوەش ئەوانەی هاتبوونە ڕیزییەوە زۆربەیان لە کەسانی خۆویست و بە مەبەستی گەیشتن بە پلە و پایە هاتبوون، بۆیە دوای ساڵێکدا ڕووی لە لاوازی کرد، ئەنجام ساڵی ١٩٦٨ کۆتایی بە ژیانی هات[٢١٤].

**دووەم: حیزبی بەعس، هەوڵی گەڕانەوە دەدات بۆ دەسەڵات**

لە ڕاپۆرتێکی تایبەتی دەزگای ئاسایشی گشتی عێراقدا ئاماژە بۆ ئەوە کراوە، حیزبی بەعس پلانی ئەنجامدانی کودەتایەکی لە ڕێگای بەکارهێنای هێز و بە پشتیوانی سوریا بۆ دەست گرتن بەسەر دەسەڵات دارشتووە، بۆ ئەو مەبەستەش ڕۆژی ١٤ی ئەیلوولی ١٩٦٤ دەستنیشان کردووە، بەڵام بە هۆی ئاشکرابوونی، نەتوانراوە سەرکەوتوو بێت.

بەپێی پلانەکە سەرەتا ڕێکخستنی حیزبی بەعس باڵی سەربازی دەست بەکار دەبن و بەرنامەی خۆی جێبەجێ دەکات، دواتر باڵی مەدەنی بە ئەرکی سەرشانی خۆی هەڵدەستێت.

پلانی کودەتاکە ڕێکخراوی حەنین دایرشتبوو، کە لەلایەن سەددام حوسێن سەرپەرشتی دەکرا، سەر بە بەشی هەواڵگری پەیوەست بە نووسینگەی سەربازی حیزبی بەعس و لەلایەن عەقید عەبدولکەریم مستەفا نوسرەت سەرکردایەتی دەکران.

لە پلانەکەدا هاتبوو، کاتێک عەبدولسەلام عارف بە مەبەستی چوون بۆ قاهیرە و بەشداربوونی بە کۆنگرەی لوتکەی وڵاتانی عەرەبی دەگاتە

---

(٢١٣) ثناء الحجيمي، احمد الحبوبي ودوره الوطني في تاريخ العراق المعاصر، الطبعة الاولى، (بغداد، ٢٠١٨)، ص ١٠٦- ١١٢.

(٢١٤) د. جعفر عباس حميدي، تأريخ الوزارات في العهد الجمهوري، الجزء السابع، ص١٦٥؛ سيف الدين الدوري، طاهر يحيى، ص١٠٤.

فڕۆکەخـــانەی بەغـــدا، هێرشـــی بکـــرێتە و بکوژرێـــت، بەڵام ئەگەر هـــاتوو بارودۆخەکە لە بار نەبوو دەکرێت لە کاتێکدا فڕۆکەکە لە ئاسماندایە لەلایەن فڕۆکەیەکی شـەڕکەری هێزی ئاسمانی پەلاماربدرێت و تەقەی لێبکرێت. بۆ ئەو مەبەســتەش عەقیـدی فـڕۆکەوان حوســێن حەیـاوی تکریتـی ئامـادەی ئەنجامدانی بوو.

ئاشـکرابوونی پـلانەکە و دزەکردنـی هەواڵـی ئەنجامـدانی، ئاسایشـی گشتی هێنایە سـەر خەت، ئەنجام هەموو ئەوانە بەشداریان تێیدا کرد بوو دەستگیرکران، لەگەڵ ئەوانیشدا بڕێک چەک و پارە، کە لە گەڕەکی عەلویە و کەڕادە لە شاری بەغدا حەشاردران بوون دەسـتی بەسـەردا گیرا. هەر لە میـانەی کارەکانیـان ئاسایشـی گشـتی دەسـتیگرت بەسـەر دوو خـانوودا کە شوێنی کۆبوونەوە و بنکەی نهێنی حیزبی بەعس بوون.

ئاسـایش لە هەوڵەکانیـان بەردەوامبـوون، لەو چوارچێوەیەدا لە شـەوی ٦/٧ی ئەیلوول هێرشیان کردە سـەر دوو خانوو بە ژمارە (٣٠-٨ و ٢٥-٤٤)، لە یەکەمیاندا دەستیان گرت بەسـەر چەندین تفەنگ و ڕەشاشی بچووک و کەرەسـتە و تەقەمەنـی لەگەڵ هەنـدێک جلوبەرگی سـەربازی و بڕێک پـارەی عێراقی و ئۆتۆمۆبێلێک. لە خانووی دووەمدا دەستگیرا بەسـەر دەمانچەیەک لەگەڵ (٢٠٠) لیرەی سوری و ئۆتۆمبێلێکی جۆری شۆفرلێت و ئۆتـۆمۆبێلێکی دیکەی جۆری مارسیدس.

هاوکات لەگەڵ ئەوانەدا ئاسایشی گشتی چەند بەرپرس و کادیرێکی پلە بەرزی حیزبی بەعسی وەک: ئەحمەد حەسـەن بەکر، عەبدولکەریم شێخلی، سـەددام حوسـێن، تەلال فـنەر فەیسـەڵ، حەســەن نەسـار عـامری، خەیـری حەدیسی، سـەلاح عـومەر عەلـی، عەبدولکەریم موسـتەفا نوسـڕەت، محـەمەد مەحجـوب، فـایەق مەکی تکریتـی، محـەمەد سـەعید سـەحاف و عەبـدولخالق سـەمەرایی دەسـتگیر کـرد، ڕەوانەی سـەربازگەی تـاجی کران بۆ لێکـۆڵینەوە لەگەڵیاندا، ئەنجام تا ڕۆژی ١٦ی ئەیلوولی ١٩٦٤ لە شاری بەغدا (٦٤٦) کەس

و له پارێزگاکانی دیکەشدا (٦٥٠) کەس لە ئەندامانی حیزبی بەعس دەستگیرکران[٢١٥].

**سێیەم: سەلیم فەخری[٢١٦] هەوڵی کودەتایەکی سەربازی دەدات**

دوای کودەتا سەربازییەکەی ٨ شوبات ١٩٦٣و ئەو کارەساتەی بەسەر حیزبی شیوعیی عێراقدا هات، کادیر و ئەندامەکانی بەشێکیان هەڵاتن بۆ دەرەوەی وڵات، بەشەکەی دیکەشیان پەنایان بردە ناو هێزی پێشمەرگە لە کوردستان، ئەوانەشی مانەوە لە شارەکاندا خۆیان حەشاردا و توانیان خۆیان لە دەستگیرکردن بپارێزن.

دوای چەند مانگێک لە کوشتن و گرتن و فشاری زۆر، بەتایبەتیش دوای هەڵگەڕانەوەکەی عەبدولسەلام عارف لە ١٨ی تشرینی دووەمی ١٩٦٣ بەسەر بەعسییەکان، گروپێک لە ئەندامانی حیزبی شیوعیی عێراق لەناو شاری بەغدا ڕێکخراوێکیان بەناوی (لیژنەی شۆڕشگێرانە) پێکهێنا. ئەم ڕێکخراوە نەبەرنامەیەکی سیاسی نووسراویان هەبوو، نە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە حیزبی شیوعیی عێراقییەوە هەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا ژمارەیان گەیشتە نزیکەی (٥٠) کەسێک لە عەسکەری و مەدەنی. لەوانەی ڕۆڵیان لەناو

(٢١٥) سيف الدين الدوري، الانقلابات العسكرية والصراع على السلطة في العراق، ص ١٨٩؛ د. جعفر عباس حميدي، تأريخ الوزارات في العهد الجمهوري، الجزء السابع، ص٢٤.

(٢١٦) سەلیم فەخری، ساڵی ١٩٢٠ لە مووسڵ لەدایکبووە، دەرچووی کۆلێژی سەربازی بەغدایە. ساڵی ١٩٤٤ پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی حیزبی شیوعیی عێراقی کردووە، ئەندامی ڕێکخستنی ئەفسەرانی ئازادیخواز بووە. دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ بوو بە بەڕێوەبەری گشتی ئێزگە و تەلەفزیۆنی عێراق. لە دوایی ٨ی شوباتی١٩٦٣ هاتووە بۆ کوردستان و لەناو هێزی پێشمەرگە ماوەتەوە. پاشان لە شاری بەغدا ڕێکخستنێکی بچووکی شیوعییەکان بەناوی (لیژنەی شۆڕشگێر) پەیوەندی پێوە دەکەن و دەبێت بە بەرپرسیان، بەو هۆیەوە بە نهێنی دەگەڕێتەوە بەغدا و ساڵی ١٩٦٤ پلانی کودەتایەک دادەنێت، دوای ئاشکرابوونی هەوڵەکانی زیندانی دەکرێت. لە دوای تەمووزی ١٩٦٨ ئازاد دەکرێت و ڕوو لە هەندەران دەکات. لە مارتی١٩٨٠ لە بەیروت کوژراوە. محەمەد فاتیح، حیزب و ڕێکخراوە مارکسییەکان لە جیهانی عەرەبیدا، چاپی یەکەم، (هەولێر، ٢٠١٣)، ل ٣٢٤.

ڕێکخراوەکە دیاربوو بریتی بوون لە: مولازمی فرۆکەوان عەبدولنەبی جەمیل، مولازم شاکر عەزاوی، جەواد قیرتاس، مولازم سەلاح عەزاوی، کەریم عەزیز، نسەیف جاسم، ڕەمەزان گاتع، خەلیل عەزاوی، عەبدولموحسین مەنزور و کازم زبالە[٢١٧].

ئەو ڕێکخستنە نهێنییە دوای ئەوەی گەشەی کرد، سەرکردایەتییەکەی لە بەغدا داوای لە چەند ئەفسەرێکی پلە بالا کرد لەوانەی هەڵاتبوون بۆ ناو هێزی پێشمەرگەی کوردستان، بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە بۆ بەغدا و زەمینە لەبارە بۆ بەرپاکردنی کودەتایەک و دەسگرتن بەسەر دەسەڵات. بۆ ئەو مەبەستەش لێژنەکەی بەغدا نوێنەرێکی خۆی بەناوی موتعەب خەمیس ڕەوانەی کوردستان کرد. ناوبراو لە کوردستان چاوی بەچەند ئەفسەرێکی پلە بالا کەوت، جگە لە عەقید سەلیم فەخری ئەوانەی دیکە ئامادەنەبوون بگەڕێنەوە بەغدا. (عەقید سەلیم لەسەردەمی عەبدولکەریم قاسم بەرپرسی ئێزگە بوو، ئەندامێکی چالاکی حیزبی شیوعیی عێراق بوو).

عەقید سەلیم لەگەڵ موتعب خەمیسی بەڕێگای پارێزگای دیالە و بە پێناسەیەکی ساختە گەڕایەوە شاری بەغدا. لە بەغدا لەو شوێنەی بۆی تەرخان کرابوو، دەستیکرد بە چالاکی و پەیوەندییەکانی و دانانی بەرنامەی کودەتاکە. یەکەم بەیاننامەی ئامادەکرد بۆ بڵاوکردنەوە لە ئێزگەی بەغداوە، هەروەها ناوی سەرۆک کۆمار و جێگرەکەی لەگەڵ ئەندامانی ئەنجوومەنی وەزیرانی حکوومەتەکەشی ئامادەکرا بوو[٢١٨]، کە بریتی بوون لە:

١. کامیل چادرچی، یان ئیسماعیل سەفوەت، سەرۆک کۆمار.
٢. مستەفا بارزانی، جێگری سەرۆک کۆمار.
٣. سەلیم فەخری سەرۆک وەزیران.
٤. ئیبراهیم کوببە، وەزیری ئابووری.
٥. محەمەد حەمید، وەزیری دارایی.

---

(٢١٧) د. علي كريم سعيد، العراق البيرية المسلحة حركة حسن سەريع، ص ٢١١.
(٢١٨) وادیارە بەشی زۆری ئەوانەی ناویان بۆ ئەو کابینەیە دانرابوو، ئاگادار نەکرابوونەوە.

٦. عەبدولوەهاب مەحموود، وەزیری دەرەوە.
٧. عەبدولوەهاب قەیسی، وەزیری داد.
٨. جەلال تاڵەبانی، وەزیری نیشتەجێکردن.
٩. جەلال باڵتە، وەزیری ناوخۆ.
١٠. مستەفا عەلی، وەزیری ئاوقاف.
١١. عەزیز شەریف، وەزیری کار.
١٢. عەبدولفەتتاح ئیبراهیم، وەزیری نەوت.
١٣. ڕافد سوبحی ئەدیب، وەزیری مەعاریف.
١٤. محەمەد جەواهیدی، وەزیری ڕۆشنبیری.
١٥. عەبابس بەلداوی، وەزیری شارەوانییەکان.
١٦. محەمەد ساڵح بەحرعلوم، وەزیری دەوڵەت.
١٧. عەقید ڕوکن عەبدولڕەحمان قازی، فەرماندەی گشتی سەربازی.
١٨. سەعید مەتەڕ، عەبدولقادر مەحموود، ئەحمەد موحسین، محەمەد عەلی و عەبدوللا سەعید، فەرماندەی فیرقەکانی سوپا[٢١٩].

پلانی کودەتاکە بەم شێوەیەی خوارەوە دانرابوو:

ژمارەی هێزەکەی لیژنەی شۆڕشگێڕ نزیکەی (٨٠٠) چەکدار دەبوون، دابەشکرابوون بەسەر سێ گروپ:

١. (٤٠٠) چەکدار لە بەری ڕووباری دیجلەوە و بەهۆی بەلەمەوە هێرش دەکەنە سەر کۆشکی کۆماری.
٢. (٢٠٠) چەکدار بەهاوکاری ئەو هێزەی، کە پێشووتر پەیوەندییان پێوە کراوە هێرش دەکەنە سەر ئێزگەی بەغدا و پارێزگاری لێ دەکەن..
٣. (٢٠٠) چەکدار هێرش دەکەنە سەر سەربازگەی ڕەشید و زیندانی ژمارە (١) سەربازی.

کاتی دیاریکراو بۆ ئەو پیلانەی کاتژمێر دووی شەوی ٢٩-٣٠ ی تەمووزی ١٩٦٤ بوو. وادیارە پێش هەر جوڵەیەکی کردەیی، زانیارییەکان

(٢١٩) سيف الدين الدوري، الانقلابات العسكرية والصراع على السلطة في العراق الجمهوري، ص ١٨١.

لەبارەی کارەکانیان گەیشتبووە دەسەڵات، بۆیە ئەو گروپە بە سەلیم فەخری و ئەوان لەگەڵیدا بوون بە چوار ڕۆژ بەر لە ئەنجامدانی پیلانەکەیان هەموویان دەسگیرکران و ڕەوانەی دادگا کران. سەرەتا بڕیاری کوشتنیان لەلایەن دادگاوە بۆ دەرچوو، بەڵام سەلیم فەخری تا دوای کودەتاکەی ١٧ی تەمووزی ١٩٦٨ لە بەندیخانە مایەوە، ئینجا ئازادکرا و ڕووی کردەوە دەرەوەی عێراق[٢٢٠].

**چوارەم: یەکەم هەوڵی عەمید عارف عەبدولڕەزاق بۆ دەستگرتن بەسەر حکوومەتدا**

دوای سەرکەوتنی کودەتاکەی عەبدولسەلام عارف لە ١٨ی تشرینی دووەمی ١٩٦٣ بەسەر دەسەڵاتەکەی بەعسییەکاندا، ململانێی سیاسیی لەنێوان ئەفسەرە عەرەبچییەکانی ناو سوپای عێراق لەسەر دەسەڵات پەرەی سەند. لێرەدا دوو بەرە یەکلابوونەوە، یەکەمیان بەرەیەک لەژێر ئاراستەی عەبدولسەلام عارف بوون، دووەمیان لەژێر ئاراستەی عەمید ڕوکن عارف عەبدولڕەزاق فەرماندەی هێزی ئاسمانی بوون[٢٢١].

٣ی ئەیلوولی ١٩٦٥ بە هۆی هەندێک بابەت و کێشەی ناوخۆیی و لەژێر فشاری سەرۆک کۆمار تاهیر یەحیا سەرۆک وەزیران دەستی لە کار کێشایەوە، سەرۆک کۆمار بۆ جێگای ئەو عارف عەبدولڕەزاق-ی دەست نیشانکرد. ناوبراو سەرەتا ڕازی نەبوو، لەبەر ئەوەی بە گومانەوەی سەیری داواکاری سەرۆک کۆماری دەکرد، بەڵام کاتێک مەرجەکانی هاتنە دی[٢٢٢]، ڕازی بوو ببێت بە سەرۆک وەزیران، ئەنجام لە ٦ی ئەیلووی ١٩٦٥ کابینەی نوێی ڕاگەیاند[٢٢٣].

(٢٢٠) د. حسن لطيف الزبيدي، موسوعة الاحزاب العراقية، ص٥٥.

(٢٢١) سيف الدين الدوري، عبدالرحمن البزاز، الطبعة الاولى، (بيروت، ٢٠٠٦)، ص٣٩.

(٢٢٢) مەرجەکانی بریتی بوون لەوەی جگە لە سەرۆک وەزیران، خۆی وەزیری بەرگری و فەرماندەی هێزی ئاسمانی بێت.

(٢٢٣) محمد جمال باورت، الاحزاب والحركات والتنظمات القومية في الوطن العربي، الطبعة الاولى، (بيروت، ٢٠١٢)، ص ٤٠٠..

چەند سەرچاوەیەک ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە عەبدولسەلام عارف ئامانجی لەو بڕیارە بریتی بووە لە:

١. دوورخستنەوەی عارف عەبدولڕەزاق لە فەرماندەیی هێزی ئاسمانی.
٢. بەکارهێنانی وەک ئامرازێک دژ بەو ئەفسەرانەی دژی سیاسەتی سەرۆک کۆمارن.
٣. دوورخستنەوەی خودی عارف عەبدولڕەزاق لە دەسەڵات.

نووسەری سووری محەمەد جەمال باروت لە کتێبەکەیدا (**حركة القوميين العرب**)دا نووسیویەتی: "**عەبدولسەلام عارف ڕێبازێکی تایبەتی هەبوو لە کاری سیاسی، کە پڕبوو لە پیلان و ململانێ خولقاندن و بەوردی پێی هەڵدەستا، لە کارەکانی بە پێچ و پەنابوو، هەر لە چوارچێوەی ئەو بەرنامەیەی خۆی ئەرکی سەرۆک وەزیرانی بە عارف عەبدولڕەزاق سپارد**".

پێدەچێت عارف عەبدولڕەزاق-یش وریا بووبێت و بەگومانەوە تەماشای داواکەی سەرۆک کۆماری کردبێت، هەروەها ڕەنگە لە مەبەستیشی تێگەیشتبێت، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەویش ئامانجی کودەتای بەسەر عەبدولسەلام عارفدا هەبووە بۆیە قبووڵکردنی داواکەی وەک دەرفەتێک سەیرکردووە[٢٢٤].

١٢ی ئەیلووی ١٩٦٥ بڕیار بوو سەرۆک کۆمار عەبدولسەلام عارف بە سەردانێکی فەرمی و بە ئامانجی بەشداریکردن لە کۆنگرەی لوتکەی دەوڵەتە عەرەبییەکان بچێتە وڵاتی مەغریب. ڕۆژی ١١ی ئەیلولی فەرمانێکی کۆماری بۆ دیاریکردنی ئەنجوومەنێک بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری وڵات لە ماوەی سەفەری سەرۆک کۆمار دەرچوو، ئەنجوومەنەکە پێکهاتبوون لە:

١. عارف عەبدولڕەزاق-سەرۆک وەزیران، سەرۆکی لێژنە
٢. عەبدولڕەحمان عارف-سەرۆک ئەرکانی سوپا، ئەندام
٣. عەبدوللەتیف دەڕاجی-وەزیری ناوخۆ، ئەندام

(٢٢٤) سيف الدين الدوري، الانقلابات العسكرية والصراع على السلطة في العراق الجمهوري، ص ١٩٥.

دیـــاره لە هەلـــومەرجێکی لەو شـــێوەیە بـــۆ کەســـێکی وەک عـــارف عەبدولڕەزاق، کە لە لوتکەی دەسەڵات بوو، ئەنجامدانی کودەتا کارێکی دژوار نەبوو.

پیلانەکەیان لە چەند خاڵێک کورتکردبووەوە:

١. یەکە سەربازییەکان، ئەوانی لایەنگری عارف عەبدولڕەزاق-ن لە ڕۆژی ١٥ی ئەیلوول بخرێنە حاڵەتی ئامادەباشی.
٢. ئەفسەرە پلە بەرزەکان ئەوانی لایەنگری سەرۆک کۆمارن، داوا بکرێن بۆ بارەگای سەرۆک وەزیران و دواتر هەموویان بەندبکرێن.
٣. کاتژمێر دووی پاش نیوەڕۆ عارف عەبدولڕەزاق لە ئێزگەی بەغداوە، دوورخســـتنەوەی عەبدولســـەلام عـــارف لە دەســـەڵات ڕادەگەیەنێـــت و ئەنجوومەنی نیشتمانیش هەڵدەوەشێنێتەوە.

پیلانەکە دواتـر گۆڕانکـاری بەسـەردا هـاتوو و بەم شـێوەی خـوارەوە داڕێژرایەوە:

١. کاتی ئەنجامدانی پیلانەکە لە ڕۆژی ١٥ی ئەیلوول پێشخرا بۆ شەوی ١٥/١٤ی ئەیلوولی ١٩٦٥.
٢. هەر یەک لە: ڕائید عەبدولئەمیر ڕوبەیعی، ڕائید سوبحی عەبدولحەمید، عەقید محەمەد مەجید، عیسا شاوی و عەقید عەدنان ئەیوب سەبری لە ئێوارەی ١٤ی ئەیلوول دەست دەگرن بەسەر سەربازگەی ئەبوغرێب.
٣. دەبابەکانی کە لە سەربازگەی ئەبوغرێب دەستیان بەسەر دادەگیرێت لە ڕۆژی ١٥ی ئەیلـــوول بـــۆ دەســـتگرتن بەســـەر ئێـــزگە و شـــوێنە گرینگەکانی شاری بەغدا بەکار دەهێنرێن.
٤. سەر لە بەیانی ڕۆژی کودەتاکە بەیاننامەی ئامادەکراو لە ئێزگە بڵاو بکرێتەوە.
٥. فڕۆکەکانی هێزی ئاسمانی وەک پشتگیرییەک بەسەر ئاسمانی شاری بەغداا بسووڕێنەوە.
٦. ســـەرکردایەتی کودەتـــاکە لە بارەگـــای ســـەرۆک وەزیـــران لەلایەن هەر یەک لە عارف عەبدولڕەزاق و عەقید هادی خەماس ئاراستە دەکرێن.

ئەو پلانەی دانرابوو بەوردی جێبەجێکراو کارەکان سەرکەوتوو بوون، بەڵام لەو کاتانەی هەنگاوەکانی کودەتاکە ئەنجام دەدران، پەیوەندییەکی تەلەفۆنی لە کەسێکەوە، کە نەزانرا کێ بوو؛ بۆ سەرۆک وەزیران عارف عەبدولڕەزاق هات گوایە ڕائید عەبدولئەمیر ڕوبەیعی نەیتوانیوە دەست بەسەر سەربازگەی ئەبوغرێبدا بگرێت، بەو هۆیەوە عارف عەبدولڕەزاق بڕیاری دواخستنی کودەتاکەیدا.

لە ڕاستیدا ڕووداوی دیکەش خۆی سەپاندبوو، کە بوو بەهۆی سەرنەکەوتنی کودەتاکە، ئەویش کاتێک عەقید عەبدولحەمید سامەڕایی هەواڵی کودەتاکەی زانی، یەکسەر ئاگاداری عەقید سەعید سلیبی فەرماندەی سەربازی ناوچەی بەغدا دەکاتەوە، ئەویش یەکسەر هەموو هێزەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆی ئاگادار دەکاتەوە بۆ بەر هەڵستیکردنی هەر کردارێک دەیانخاتە حاڵەتی ئامادە باشی. لە لایەکی دیکەشەوە لیوا عەبدولڕەحمان عارف سەرۆکی ئەرکانی سوپا کەوتە جوڵە و گەیشتە ئێزگەی بەغدا و ڕێگا نەدرا دەستی بەسەردا بگرن، بۆیە حاڵەتی کتوپڕی لە کارەکەدا نەما.

هەر لەو سەروبەندەدا، باڵیۆزی کۆماری میسر لە عێراق، پەیوەندی بە سەرۆک جەمال عەبدولناسرەوە دەکات و دەربارەی ڕووداوەکانی شاری بەغدا ئاگاداری دەکاتەوە.

بۆیە عارف عەبدولڕەزاق سەرۆک وەزیران و فەرماندەی کودەتاکە لەگەڵ چەند ئەفسەرێکی لایەنگری خۆی، بە پەلە و بە هۆی فڕۆکەوە، شاری بەغدا بەجێ دەهێڵن و ڕوو لە قاهیرەی پایتەختی میسر دەکات و خۆی لە لێپرسینەوەی ڕزگار دەکات[٢٢٥].

**باسی سێیەم: مردنی سەرۆک کۆمار عەبدولسەلام عارف**

لە ١٢ی نیسانی ١٩٦٦ سەرۆک کۆمار عەبدولسەلام عارف دەستی کرد بە گەرێکی دیکە لە سەردان و گەڕان بە ناوچەکانی باشووری عێراق، لە

(٢٢٥) د. محمد حمدي الجعفري، تدخل العسكريين العراقيين في السياسة ١٩٥٨ – ١٩٦٨، ص١٨٩.

شاری بەسرە دەستپێکرد، لەو سەردانە چەند وەزیر و کار بەدەستێکی بالای حکوومەت و گرووپێکی گەورەی ڕاگەیاندنی لەگەڵدا بوون، بە سێ فرۆکەی هەلیکوپتەر دەگوازرانەوە.

ڕۆژی ١٣ی نیسان سەرۆک و وەفدە یاوەرەکەی گەیشتنە شاری قورنە، دوای تەواوبوونی کار و بەرنامەی سەردانەکەی بە سواری هەلیکوپتەرێک ڕووی لە ناوچەیەکی کەنداوی عەرەبی کرد، لە کاتژمێری (٦،٥٠) ئێوارە دوای کاتێکی زۆر کەم هەواڵی پسانی پەیوەندی و ونبوونی فرۆکەی سەرۆک گەیشتە بەرپرسانی شاری بەسرە.

سەر لەبەیانی ڕۆژی ١٤ی نیسانی ١٩٦٦ ڕادیۆی بەغدا بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە تێیدا هاتبوو: سەرۆک عەبدولسەلام عارف بەهۆی کەوتنە خوارەوەی فرۆکەکەی کۆچی دوایی کردووە، هەموو ئەوانی لەو فرۆکەیە بوون کۆچی دواییان کرد، بۆیە بەپێی مادەی (٥٥)ی دەستوری کاتی عێراق، سەرۆک وەزیران بەشێوەیەکی کاتی ئەرک و بەرپرسیایەتی سەرۆک کۆمار تا هەڵبژرادنی سەرۆک کۆماری نوێ گرتە دەست[٢٢٦].

عەبدولڕەحمان بەزاز سەرۆکی حکوومەت بڕیاردرا بە پێکهێنانی لیژنەیەک بە سەرۆکایەتی عەقید زیدان ئەحمەد زیدان تا لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکەدا بکەن، لیژنەکە دوای ئەوەی کۆتایی بەکارەکانی هێنا لە بەیاننامەیەکەدا ئاماژەی بەو ڕووداوە کرد و نووسیی بووی:

١. فرۆکەی هەلیکۆپتەری سەرۆک لە کاتژمێری (١٨،٥٠) فڕیوە و دوای ئەو دوو فرۆکەکەی دیکە بە دوای ئەودا لە شاری قورنەوە فڕیوون.
٢. دوای تێپەڕبوونی (٧) خولەک فرۆکەی سەرۆک ڕووبەڕووی ڕەشەباو گەردەلول و خۆڵبارین بووەتەوە وەمەودای بینین نەماوە، ئەنجام فرۆکەکە چەند جارێک بەدەوری خۆیدا سووڕاوەتەوە و بەرزبۆتەوە و نزم بۆتەوە، بەمەش خۆی بە زەویداداوە و تەقییەوە و ئاگری گرتووە، ئەوانی لەناو فرۆکەکە بوون، هەموویان سووتاون و مردوون، ڕووداوەکە بە حاڵەتی قەزاو قەدەر لێکدراویەوە.

(٢٢٦) د. جعفر عباس حميدي، تأريخ الوزارات في العهد الجمهوري، الجزء الثامن، ص ٣١١.

شایەنی گوتنە، فڕۆکەکە هەر یەک لە: عەبدولسەلام عارف، عەبدوللەتیف دەڕاجی وەزیری ناوخۆ، عەمید جیهاد ئەحمەد فەخری، عەمید زاهیر محەمەد سالْح، عەمید عەبدولهادی حافز، ڕائید عەبدوللا مەجید، نەقیبی فڕۆکەوان خالید محەمەد نووری، کەریم حەمید وەک میکانیک، عەریف محەمەد عەبدولکەریم، مستەفا عەبدوللا و محەمەد حەیانی تێدابووە.

وەزارەتی دادی عێراق، لێژنەیەکی لێکۆڵینەوەی تایبەتی لە چەند دادوەرێک پێکهێنا، لێژنەکە چاوی بە (٤٠) کەس کەوتوو و ئیفادەیانی وەرگرتووە، ئەنجام لە ڕۆژی ٣٠ی نیسان ١٩٦٦ گەیشتە ئەم ڕاستیانە:

یەکەم: بۆ لێژنەکە دەرکەوت کەوتنە خوارەوەی فڕۆکەی سەرۆک بە هۆکارێکی تێکدەرانە یان تەقینەوەیە نەبووە.

دووەم: بۆ لێژنەکە دەرکەوت، چەند کەموکوڕییەک یارمەتیدەر بوون بۆ ئەو ڕووداوە. لە وانە:

١. نەبوونی فڕۆکەوانی یاریدەدەر لە هەرسێ فڕۆکەکە، ئەوانی کاروانی سەرۆک کۆماریان پێکدەهێنا.
٢. لەو فڕۆکانەدا ئامێری دیاریکردنی ئاراستە (ڕادیوکومیس)یان تێدا نەبووە، کە کاری فڕۆکەوان ئاسان دەکات لە کاتی فڕین.
٣. فڕۆکەوانی هەر سێ فڕۆکەکە پێش فڕینیان ڕاپۆرتی کەش و هەوایان وەرنەگرتووە، بەڵکو ئەو ڕاپۆرتەیان لە کاتی فڕین پێ گەیشتووە، کە باسی لە هەڵکردنی ڕەشەبا و گەردەلول کردووە.
٤. فڕۆکەخانەی شاری بەسرە بە ئەرکی خۆی هەڵنەستاون بە ئاگادارکردنەوەی فڕۆکەوانەکە لەبارەی کەش و هەوا.
٥. ئامێری دیاریکردنی ئاراستە لە فڕۆکەخانەی بەسرە نەبووە، تا فڕۆکەوانەکان کاری پێ بکەن و ڕێنمایی بکرێن.

بۆیە لێژنەی وەزارەتی دادیش گەیشتە ئەو ئەنجامەی، ڕووداوەکە قەزا و قەدەرە بووە[٢٢٧].

---

(٢٢٧) احمد شامل عبدالقادر، مقتل عبدالسلام عارف في حادث المروحية، مجلة اسرار، العدد (٧)، (بغداد، حزيران ٢٠١٧)، ص ٨.

د. سوبحی نازم (عەمیدی خانەنشیکراو) لە لیکۆڵینەوەیەکی تایبەتی خۆیدا چەند ڕاستییەک دەربارەی ڕووداوەکە دەخاتە ڕوو. ناوبراو لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ مولازم مەحموود ڕەئوف، کە ئەرکی پاسەوانی فڕۆکەکانی سەرۆکی پێ سپێردرابوو لە بەسرە و قورنە، دەگێڕێتەوە: عەمید زاهیر محەمەد سالح یاوەری سەرۆک کۆمار ئاگاداری کردمەوە، فڕۆکەکانی سەرۆک (سێ هەلیکۆپتەر بوون)، لە هەموو لایەکەوە دەپارێزن، سەربازەکانت بە دەوریان دابەش دەکەیت و کەس لێیان نزیک نا بێتەوە تەنها فڕۆکەوان و دەستەی شارەزا تەکنیکییەکانی تایبەت بەفڕۆکەکان نەبێت، ئەوانیش دەبێت هەموویان بناسرێن، هیچ بڕیارێک لە کەس وەرناگرن تەنها لە من نەبێت. کاتژمێری (١٠) سەر لەبەیانی ڕۆژی چوارشەمە ١٣ی نیسان بەدوو ئوتومبیل سەربازەکانم گەیاندە شاری قورنە، کە سەرۆک بۆی دەچوو، لەو شارە لە گۆڕەپانی کارگێڕی خۆجێی، کە شوێنی نیشتنەوەی فڕۆکەکان بوو بارەگامان ڕێکخست و کەوتنە پاسەوانی هەلیکوپتەرەکان. سەرۆک دوای ئەوەی گەڕان و سەردانی شاری قورنەی تەواوکرد، کاتژمێر (٦،٤٥) گەیشتەوە لامان، یەکسەر مولازم مەزکور فلەیحی فڕۆکەوان فڕۆکەکەی خستەکار بۆ فڕین و سەرۆک و یاوەرانی سەرکەوتن، بەڵام هەر دوای (٢-٣) خولەک، ئامێری فڕۆکەکە لە ئیشکردن وەستا، لەو ماوەیەدا سەرۆک و هاوڕێیانی هاتنە خوارەوە ڕوویان لە فڕۆکەی دووەم کرد، کە نەقیب خالید محەمەد نووری فڕۆکەوانی بوو، فڕۆکەکە کەوتە ئیشکردن و بە ئاسمان بەرز بووەوە، فڕۆکەی سێیەم دوای چەند خولەکێکی کەم بەدوایدا هەڵسا، دوای نزیکەی (٥) خولەکی دیکە، فڕۆکەی مولازم مەزکور کەوتەوە کارکردن، ئەویش دوای ئەوەی تەکنیکییەکان کەموکوڕییەکانیان چاکردەوە و بەرزبۆوە بە دوای ئەوانی تردا، پرسیارمان کرد کەچی ڕوویدا بوو وتیان، کێشەیەکی کارەبایی بوو چاکمان کردەوە. پاش چەند خولەکێک فڕۆکەکەی مولازم مەزکور گەڕایەوە و نیشتەوە، ئێمەش سەرمان سورما، دوا بەدوای ئەو فڕۆکەکەی دیکەش گەڕایەوە و نیشتەوە، فڕۆکەوانەکان دابەزین و دەستیان بە هاوارکردن کرد و وتیان فڕۆکەی سەرۆک دیار نەما و بزبوو،

دەنگوباسـەکان بە پەلە گەیشـتە بەرپرسـانی پارێزگـا لە بەسـرە، بە هەمـوو لایەک لەسەر زەوی و لە ئاسماندا بەدوای دەگەڕان(٢٢٨).

مـولازم مەحمـوودی فڕۆکەوان دەڵێت: مـن وا دەبینم پیلانێک هەبووە دژی سـەرۆک، چـونکە دەسـتکاری سیسـتمی کارەبـایی فـڕۆکەی یەکەم و دووەم کراوە، بۆ ئەوەی لە دوای چەند خولەکێک لە کارکردن بوەستێت، کە فـڕۆکەی یەکەم چـاککرایەوە وەک خـۆی گەڕایەوە نەوکەت، بەڵام سـەرۆک چـاوەڕوانی نەکـرد و سـواری فـڕۆکەی دووەم بـوو، کە هەمـان تێکـدان لە سیستمی کارەباییەکەی کرا بوو، ئەنجام لە ئاسمان لە کاتی فڕیندا تووشی وەستان هات(٢٢٩).

---

(٢٢٨) صبحي ناظم توفيق، حكاية انتخابات عبدالرحمن عارف لرئاسة الجمهورية، مجلة اوراق من ذاكرة العراق، العدد (٦٠)، (بغداد، ١٥ نيسان ٢٠١٧)، ص ١٠.

(٢٢٩) د. جعفر عباس حميدي، تأريخ الوزارات في العهد الجمهوري، الجزء الثامن، ص٣١١.

## تەوەرەی چوارەم: سەردەمی عەبدولڕەحمان عارف

بەندی (٥٥) لە دەستوری کاتی عێراق لە سەردەمی عەبدولسەلام عارفدا چۆنییەتی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری بەم شێوەیە دیاریکردووە:

لە کاتی بەتاڵبوونی پێگەی سەرۆک کۆمار بە هەر هۆیەک بێت، لە ماوەی یەک هەفتەدا، کۆبوونەوەی هاوبەشی نێوان ئەنجوومەنی وەزیران و ئەنجوومەنی بەرگری نیشتمانی بەسەرۆکایەتی سەرۆک وەزیران بۆ هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار گرێدەدرێت و بەزۆرینەی دوو لەسەر سێی دەنگەکان لە کۆی گشتی ئەندامان، سەرۆک کۆماری نوێ هەڵدەبژێردێت.

ڕۆژنامە و هەواڵە جیهانی و عەرەبییەکان یەک بۆچوون بوو لەسەر ئەوەی نەمانی عەبدولسەلام عارف دەبێتە هۆی پەرەسەندنی ململانێ لەسەر دەسەڵات. بۆیە بۆ شارەزابوون و تێگەیشتن لە بوون و هێزی ئەو لایەنە سیاسییانەی ئەو سەردەمە و پەیوەندییان بەو دۆخە و بەو ململانێیەوە، بە کورتی باسیان دەکەین:

**یەکەم: هێزە سیاسییە مەدەنییەکان**

١. **هێزە عەرەبییە نەتەوەخوازەکان**، پێکهاتبوون لە: بزووتنەوەی نەتەوەخوازانی عەرەب، حیزبی ئیستقلال، حیزبی عەرەبی ئیشتراکی، یەکگرتووخوازە سۆسیالیستەکان، بزووتنەوەی عەرەبی ئیشتراکی و کۆنگرەی نەتەوە خوازە سۆسیالیستەکان.

٢. حیزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی، ئەم حیزبە لە ١٨ی تشرینی دووەمی ١٩٦٣ ڕووبەڕووی فشاری دەسەڵات هاتبووەوە بەو هۆیەوە زۆر لە کادیر و سەرکردەکانی یان زیندانی کرابوون یان بەرەو سوریا هەڵاتبوون.

٣. هێزی نەتەوەخوازە کوردییەکان، پارتی دیموکراتی کوردستان، ئەو هێزە لە ئەیلوولی ١٩٦١وە لە ململانێیەکی چەکدارانەی توندبوودا لەگەڵ ڕژێمدا.

٤. هێــزە دیموکراســە چاکســازیخوازەکان، وەک حیزبــی نیشــتمانی دیموکراسی کامیل چادرچی، حیزبی نیشتمانی پێشکەوتخواز محەمەد حەدیــد. ئەو دوو حیــزبە زۆر لاواز ببــوون و کاریگەرییــان بەســەر ڕووداوەکان کەم ببووەوە.

٥. شیوعییەکان، ئەگەرچی حیزبی شیوعی خاوەن ڕێکخستنی بەهێز و جەماوەری فرەوان بوو، بەڵام دوای کودەتاکەی ٨ی شوباتی ١٩٦٣ ئەو جۆرە ڕێکخستن و جەماوەرەی نەمابوو، بەشی زۆری سەرکردە و ئەندامانی بەهۆی کوشتن و زیندانی و هەڵاتنیان بۆ دەرەوەی عێراق لە دەستدابوو.

٦. هێزە ئاینییەکان، کۆمەڵەی ئیخوان مووسڵمین و حیزبی تەحریر، ئەو هێزە سیاسییانە بەنهێنی کاریان دەکرد، توانای مادی و ڕاگەیاندنی باشیان هەبوو[٢٣٠].

**دووەم: هێزە سیاسییەکان لەناو سوپای عێراق**

دوای ئەوەی عەبدولسەلام عارف بە تەواوی لە ١٨ی تشرینی دووەمی ١٩٦٣ دەسەڵاتی گرتە دەست لەناو سوپای عێراق چەندین گروپی سیاسی پەیدابوون، لەوانە:

١. گروپی تاهیر یەحیای سەرۆک وەزیران، لەسەردەمی عەبدولسەلام عارف ئەم گروپە چەند ئەفسەرێکی تکریتی و ئەوانی لە حیزبی بەعس دوور کەوتبوونەوە دەگرێتە خۆی. بەڵام دوورکەوتنەوەی تاهیر یەحیا لە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران گروپەکەی لاواز کرد.

٢. گروپی ئەفسەرە موسڵاوییەکان، ئەوانی لە دەوری لیوا عەبدولعەزیز عوقەبلی گردببونەوە.

٣. گروپەکەی عەبدولسەلام عارف بەهێزترین گروپ بوون، لە ئەفسەرە دیارەکانی وەک: لیوا عەبدولڕەحمان عارف، عەمید سەعید سلیبی و کۆمەڵە ئەفسەرێکی دیکەی پلە باڵا پێکهاتبوون.

---

(٢٣٠) د. جعفر عباس حميدي، تأريخ الوزارات العراقية في العهد الجمهوري، الجزء التاسع، ص ٦.

٤. گرووپی ئەفسەرە ناسرییەکان، لایەنگرانی ئەم گرووپە سەر بە ڕێکخستنی عەرەبچییەکان بوون، وەک: بزووتنەوەی نەتەوەخوازانی عەرەب، یەکگرتووخوازە سۆسیالیستەکان، لە ئەفسەرە دیارەکانیان: عەمیدی فڕۆکەوان عارف عەبدولڕەزاق، عەمید عەبدولکەریم فەرحان، عەقید سوبحی عەبدولحەمید، عەقید هادی خەماس، ئەو ئەفسەرانە پشتگری هەردوو هەوڵە کودەتاکەی (١٩٦٥ – ١٩٦٦) یان بەسەرکردایەتی عارف عەبدولڕەزاق کرد[٢٣١].

**باسی یەکەم: پڕۆسەی هەڵبژاردنی عەبدولڕەحمان عارف**

بۆ هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار، سێ بیروبۆچوون یان ئاراستەی جیاواز دەرکەوتن:

یەکەم، لەپێناو بەرژەوەندی گشتی و دەستەبەرکردنی سەقامگیری سیاسی ئەفسەرێکی ناو سوپا بەسەرۆک کۆمار دابنرێت. ئەو کەسەش لەو ئەفسەرانەبێت، کە بەشدارییان لە شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨) کردووە بەهێزترین پاڵێوراویش بۆ ئەو پێگەیە لیوا عەبدولڕەحمان عارف برای عەبدولسەلام عارف بوو.

دووەم، ئاراستەی دووەم داوای پێکهێنانی ئەنجوومەنی سەرۆکایەتی کرد بۆ ماوەیەک تا هەڵبژاردنی گشتی دەکرێت، لە وانەی ئەم بیروبۆچوونەیان هەبووە، ناجی تاڵیب، تاهیر یەحیا، سوبحی عەبدولحەمید. ئەو کەسانەی ناویشیان خرابووە ڕوو بۆ ئەو ئەنجوومەنە: ئەحمەد حەسەن بەکر، تاهیر یەحیا، ناجی تاڵیب، بابا عەلی شێخ مەحموود، هەروەها پێشنیازیان کرد ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە (٢٥) ئەندام دابمەزرێت، کە هەموویان ئەفسەربن و شانبەشان ئەنجوومەنی سەرۆکایەتی کار بکات[٢٣٢].

سێیەم، ئاراستەی سێیەم داوای هەڵبژاردنی کەسێکی مەدەنی بۆ سەرۆک کۆمار دەکرد، ئەو ئاراستەیەش عەبدولڕەحمان بەزاز پشتگیری دەکرد.

---

(٢٣١) جعفر عباس حميدي، تأريخ الوزارات في العهد الجمهوري، الجزء التاسع، ص ٧.

(٢٣٢) صبحي ناظم توفيق، حكاية انتخابات عبدالرحمن عارف لرئاسة الجمهورية، ص ١٠.

بەپێی بەندی (٥٥) دەستوری کاتی، لە ٦ی نیسانی ١٩٦٦ هەردوو ئەنجوومەنی وەزیران و ئەنجوومەنی بەرگری نیشتمانی لە تەلاری ئەنجوومەنی نیشتمانی بۆ هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار کۆبوونەوە.

ئامادەبووان لە ئەنجوومەنی وەزیران بریتی بوون لە: عەبدولرحمان بەزاز سەرۆک وەزیران، عەمید ڕوکن عەبدولعەزیز عوقەیلی وەیزری بەرگری، شوکر ساڵح زەکی وەزیری دارایی و وەزیری نەوت بەوەکالەت، د. محەمەد ناسر وەزیری ڕۆشنبیری، د. عەبدولڕەزاق محیّدین وەزیری یەکگرتن، سەلمان عەبدولڕەزاق ئەسوەد وەزیری پلاندانان، عەدنان پاچەچی وەزیری کاروباری دەرەوە، موسڵیح نەقشبەندی، وەزیری دەوڵەت، خدر عەبدولغەفور-وەزیری پەروەردە، د. عەبدوللەتیف بەدری-وەزیری تەندروستی، د. عەبدولحەمید هیلالی وەزیری ئابووری، فارس ناسر حەسەن وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی، کازم ڕەوان وەزیری داد، د. حەسەن سامر وەزیری شارەوانی، ئەحمەد عەدنان خافر وەزیری هاتووچۆ و گەیاندن، مەحموود حەسەن جومعە وەزیری کشتوکاڵ و سەلمان سەفوانی وەزیری دەوڵەت.

ئامادەبووان لە ئەنجوومەنی بەرگری نیشتمانی، ئەندامانی ئەنجوومەنی بەرگری نیشتمانی لە دوو جۆر پێکدەهاتن، ئەندامە سەرەکییەکان و ئەندامە لاوەکییەکان. بەشداربووان بریتی بوون لە: ئەندامە سەرەکییەکان، عەبدولسەلام عارف سەرۆک کۆمار، عەبدولڕەحمان بەزاز سەرۆک وەزیران، عەمید ڕوکن عەبدولعەزیز عوقەیلی وەزیری بەرگری، لیوا ڕوکن عەبدوللەتیف دەراجی وەزیری ناوخۆ، شوکر ساڵح زەکی وەزیری دارایی، لیوا عەبدولڕەحمان عارف سەرۆکی ئەرکانی سوپا، لیوا مونیر حیلمی فەرماندەی هێزی ئاسمانی، موقەدەم مەهدی دەروێش خەتیب فەرماندەی هێزی دەریایی و عەبدولڕەحمان بەزاز - وەزیری دەرەوە بەوکالەت[٢٣٣].

---

(٢٣٣) صفوة فاهم كامل، عبدالرحمن عارف - الرئيس البار (دار الرافدين، دون سنة الطبع)، ص ٤٢.

هەرچی ئەندامە لاوەکییەکان بوون بریتی بوون لە: عەبدولحەمید هیلالی وەزیری ئابووری، ئەحمەد عدنان حافز وەزیری هاتوچۆ و گەیاندن، محەمەد ناسر، وەزیری ڕۆشنبیری، عەمید زەکی حیلمی فەرماندەی فیرقەی یەکەم، لیوا ئیبراهیم فەیسەڵ فەرماندەی فیرقەی دووەم، لیوا مەحموود عریم فەرماندەی فیرقەی سێیەم، عەمید یونس عەتار باش فەرماندەی فیرقەی چوارەم، عەمید نووری خەلیل فەرماندەی فیرقەی پێنجەم، لیوا سەعید ساڵح قەتان یاریدەدەری یەکەمی سەرۆک ئەرکانی سوپا، لیوا حەمودی مەهدی یاریدەدەری دووەمی سەرۆک ئەرکانی سوپا و عەمید سەعید سلیبی فەرماندەی سەربازی ناوچەی بەغدا.

ئەنجام هەر یەک لە عەبدولڕەوحمان عارف، عەبدولعەزیز عوقەیلی و عەبدولڕەحمان بەزار خۆیان کاندید کرد، لە یەکەم پرۆسەی دەنگدان عەبدولڕەحمان عارف (١٣) دەنگ، عەبدولڕەحمان بەزار (١٤) دەنگ و عەبدولعەزیز عوقەیلی (١) دەنگیان بەدەستهێنا.

بەپێی بەندی (٥٥) دەستوری کاتی، لەبەر ئەوەی هیچ کاندیدێک دوو لەسەر سێی دەنگەکانی بەدەست نەهێنا، بڕیاردرا بۆ جاری دووەم پرۆسەی دەنگدان بۆ هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار دووبارە بکرێتەوە. لە دووەم کۆبوونەوە، عەبدولعەزیز عوقەیلی بەشداری نەکرد، هەروەها عەبدولڕەحمان بەزاز لەژێر هەڕەشە و فشاری چەند ئەفسەرێکی پلە باڵای ناو سوپا و پاسەوانی کۆماری، بەتایبەتیش سەعید سلیبی بۆ بەرژەوەندی عەبدولڕەحمان عارف کشایەوە. ئەنجام لیوا عەبدولڕەحمان عارف (برای عەبدولسەلام) بوو بە سەرۆک کۆمار.

**باسی دووەم: ململانێیەکانی نێوان حیزبی شیوعی و دەسەڵات**

یەکەم: لە کانوونی دووەمی ١٩٦٧ عەزیز حاج(٢٣٤) ئەندامی سەرکردایەتی حیزبی شیوعیی عێراق لە دەرەوەی وڵات بەرەو بەغدا

(٢٣٤) عەزیز حاج، عەزیز حاجی عەلی حەیدەر، ساڵی ١٩٢٦ لە خێزانێکی کوردی فەیلی لەدایکبووە ، کاتێ خوێندکار بووە لە خانەی مامۆستایان پەیوەندی بە حیزبی شیوعی کردووە. ١٩٤٦ سەرنوسەری ڕۆژنامەی (الاتحاد والشعب) دەگرێتە ئەستۆ. ساڵی

گەڕایەوە. لە ١٧ی ئەیلوولی ٩٦٧ لە کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی، باڵێک لەژێر ناوی حیزبی شیوعی عێراقی (سەرکردایەتی ناوەندی) جیابوونەوەی خۆیان ڕاگەیاند. دەستەی سەرکردایەتی ناوەندی پێکهاتبوون لە: عەزیز حاج (سکرتێر)، حەمید خزر سافی، ئەحمەد مەحموود حەللاق، کازم ڕەزا ئەلسەفار و مەتی هندی. ئەم باڵە ژمارەیەکی زۆری کادیر و ئەندامانی حیزبی شیوعی لەگەڵ خۆی ڕاکێشا بەتایبەتی لە ڕێکخستنەکانی لقی بەغدا، لەگەڵ ژمارەیەکیش لە ڕێکخستنەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق.

دیارە پێش جیابوونەوە، ململانێی توونـد لەنێوان عەزیزحاج و مەکتەبی سیاسی حیزبی شیوعی ڕوویدا بوو، عەزیز حاج پلانی داڕشتبوو دەست بەسەر بارەگا و کەرستەکانی حیزب دابگرێت (کە لە چەند شوێنێک لەناو شاری بەغدا بە نهێنی شاردرابوونەوە)، هەروەها هەوڵیدابوو چەند ئەندامێکی سەرکردایەتی بە تاوانی پێڕەوکردنی ڕێباز و سیاسەتێکی ڕاستڕەوانە و خۆ بەدەستەوەدان بەرانبەر دەسەڵات دەستگیر بکات و دادگاییان بکات، بەڵام هەوڵەکەی شکستی هێنا و بۆی نەچووە سەر[٢٣٥].

سەرکردایەتی ناوەندی حیزبی شیوعی بەسەرکردایەتی عەزیز حاج جەختی لەسەر ئەم بنەمایان دەرکردەوە:

١. سەربەخۆیی کارکردن لە چوارچێوەی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی نێودەوڵەتی.
٢. پێڕەوکردنی ڕێبازی کۆمۆنیستی چینی.
٣. بەرهەڵستی ڕەوتە چاکسازییەکان و پشتگیری ڕەوتە شۆڕشگێرەکان.

---

١٩٤٨ بڕیاری زیندانی هەتاهەتایی دەدرێت. ساڵی ١٩٥٨ بووە بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی شیوعی، ساڵی ١٩٦٤ لە حیزبی شیوعی جیابووەتەوە و ساڵی ١٩٦٧ ڕێکخستنێک لەژێر ناوی (کادیری شۆڕشگێر)ی پێکهێناوە. ساڵی ١٩٦٧ حیزبی شیوعی (سەرکردایەتی ناوەند) پێک دەهێنێت، ساڵی ١٩٦٩ دەگیرێت و لەژێر ئەشکەنجە دەروخێت، پاشان ئازاد دەکرێت و دەچێتە دەرەوەی عێراق، ساڵی (٢٠٢٠) لە پاریس کۆچی دوایی کردووە. د. حسن لطيف الزبيدي، موسوعة الاحزاب العراقية، ص ٤٧٣.

(٢٣٥) سيف عدنان القيسي، قراءات في ذاكرة عزيز محمد، الطبعة الاولى، (بغداد، ٢٠١٥)، ص ٥٩؛ حمدي العطار، اعترافات سياسي اممي، الطبعة الاولى، (بغداد، ٢٠١٨)، ص١٣٢..

٤. بانگەشە بۆ خەباتی چەکداری شۆڕشگێرانەی جەماوەری.
٥. دامەزراندنی سیستمێکی شۆڕشگێرانەی ملیللی و دیموکراسی، بەسەرکردایەتی چینی کرێکار.

دووەم: لە کۆتایی ساڵی ١٩٦٧ کادیری پێشکەوتووی حیزبی شیوعیی عێراقی خالید ئەحمەد زەکی(٢٣٦)، کە بۆ خوێندن چووبووە ئەورووپا گەڕایەوە. مەبەست لە گەڕانەوەکەی هەڵگیرساندنی خەباتی چەکداریی بوو لە ناوچەکانی باشووری عێراقدا. ناوبراو لە بەغدا چاوی بە عەزیز حاج کەوت، کاروباری نێوان خۆیانی لەگەڵدا ڕێکخست بە ئامانجی ئەوەی هاوکاری یەکتر بکەن.

خالید لەگەڵ چەند کەسێکی دیکە ڕوویان لە باشوور کرد چوون بۆ ناوچەی هۆر و زۆنگاوەکان. لەو ناوچانە ژمارەیەک کادیر و ئەندامانی حیزبی شیوعی، ئەوانی لە دوای کودەتای ٨ی شوبات لە بەغدا هەڵاتبوون، ئەوانەی لە زیندانی شاری حیللە ڕزگاریان ببوو، ئەوانەی لە ڕاپەڕینەکەی حەسەن سەریع لە سەربازگەی ڕەشیدی بەغدا هەڵاتبوون، خۆیان حەشاردا بوو(٢٣٧).

خالید بەورەیەکی بەرزەوە گەیشتە ناوچەکە، بە ئامانجی ڕووخاندنی ڕژێم و گەیشتن بە دەسەڵات بەشێک لەو کەسانەی کۆکردەوە و بەرنامەی

---

(٢٣٦) خالید ئەحمەد زەکی، ساڵی ١٩٣٥ لە بەغدا لەدایکبووە، لە ناوەڕاستی شەستەکان لە لەندەن بڕوانامەی ئەندازیاری وەرگرتووە، پاشان بووە بە سەرۆکی کۆمەڵەی خوێندکارە عێراقییەکان لە لەندەن، لەلایەن فەیلەسوفی بریتانیا (برتاندراسل) بە سکرتێری ڕێکخراوی ئاشتی جیهان دیاری کراوە. ناوبراو هەر زوو پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی حیزبی شیوعیی عێراق کردووە. ساڵی ١٩٦٧ دوای گەڕانەوەی بۆ عێراق و نیازی ئەنجامدانی ڕاپەڕینی هەبووە و بۆ ئەو مەبەستەش پەیوەندی بە عەزیز حاج کردووە. دوای چوونی بۆ ناوچەکانی هۆر و زنگاوەکانی باشوور، دەستی کردووە بە چالاکی ڕێکخستن و شەڕی پارتیزانی، ئەنجام لە ٣ی حوزیرانی ١٩٦٨ لە شەڕێکی سەختدا کوژراوە. د. علي كريم سعيد، العراق البيرية المسلحة حركة حسن سەريع، ص٣٥.

(٢٣٧)د. علی كريم سعيد، العراق البيرية المسلحة حركة حسن سەريع، ص ٢١٠.

خەباتی چەکدارییان دارشت. هاوکات سەرکردایەتی ناوەندی حیزبی شیوعیی لەناو شارەکان دەبوو لەژێر ناوی (بەرەی تێکۆشانی میللی چەکدار) ئەو ئەرکە بگرێتە ئەستۆ، لەگەڵ ئەوەشدا چەک و تەقەمەنی بۆ گوندەکان و جوتیاران پەیدا بکەن و لە ڕێگای ڕاگەیاندنەوە جەماوەر هۆشیار بکەنەوە.

سێیەم: شەڕو پێکدادانەکان: بەپێی پلانێک گروپە چەکدارەکەی خالید، لەناوچەی فوراتی ناوەڕاست هێرشیان کردە سەر دوو بنکەی پۆلیس و بنکەکانیان داگیرکرد و پۆلیسەکانیان چەک کرد. ڕۆژانی دواتر لەگەڵ هێزەکانی پۆلیس و ئاسایش لە هۆر و زۆنگاوەکانی هەردوو پارێزگای عیمارەو ناسرییە شەڕە تەقە و پێکدادان درێژەی کێشا. لەناو شار و شارۆچکەکانی ناوچەکەش چەند کەسانێک سەر بە هەمان گروپ پەلاماری چەند قوتابخانەیەکی ئامادەییاندا، هەندێک کەرەستەی چاپ و ڕونیۆیان دەست کەوت، بۆ چاپکردنی بڵاوکراوەکانیان سوودی لێ وەرگیرا.

بڵاوبوونەوە دەنگوباسی ڕووداوەکان لەناو خەڵک لە شارۆچکە و گوندەکان، سەرنجی خەڵکی ڕاکێشا، لەبەر ئەوەی سەردەمەکە سەردەمی خەباتی چەکداری گەلانی دیکەی وەک: کوبا، ڤێتنام، کەسایەتی جیڤارا، کاسترۆ و هۆشی منە سەرنجی خەڵکی ڕاکێشابوو، لەو چاوچێوەیەدا ڕووداوەکانی ناوچەی عیمارە و ناسرییە، بەو چاوە سەیر دەکرا.

لە شارەکانی دیکەدا، بەتایبەتی بەغدا، سەرکردایەتی ناوەندی حیزبی شیوعی (گروپەکەی عەزیز حاج) ئەوانیش ڕێکخستنێکی تایبەتی لەو جۆرەیان پێکهێنابوو، چەند چالاکییەکیان جێبەجێکرد و پەلاماری چەند دامەزراوە و سەرچاوەیەکی داراییاندا، لەو چالاکیانەدا نزیکەی (٨٠) هەزار دیناریان دەسکەوت (کە بۆ ئەو سەردەم بڕە پارەیەکی زۆر بوو)، بەڵام وەک ئەوەی ڕێککەوتبوون هاوکاریان پێشکەشی گروپەکەی خالید ئەحمەد زەکی نەکرد.

هێزە سەرەکییەکەی خالید ئەحمەد زەکی دوای ئەوەی لە ناوچەی عیمارە بنکەیەکیان دامەرزاند لەسەر شێوەی (کەپرێک) لەناو زۆنگاویک و هەندێ پێداویستیان لە چەک و کەلوپەل پەیدا کرد، ڕوویان لە زۆنگاوەکانی ناوچەی ناسرییە کرد. ئەوێ لە ڕووی دانیشتوانەوە بە تایبەتی جوتیار و کاسبکار و ڕاوچیانی ماسی چڕتر بوو. لەو ناوچەیەدا گروپێکی دیکەی

چەکدار هەبوون کە ئەندامێکی حیزبی شیوعی بەناوی ئەمین خەیون سەرکردەیان بوو (ئەوانە لە دوای کودەتاکەی ٨ شوباتی ١٩٦٣) خۆیان لەو ناوچەیە حەشاردابوو، دژی هێزەکانی پۆلیس و ئاسایش بە چالاکی هەڵدەستان، ئەوانە لەگەڵ هێزەکەی خالید بەیەک گەیشتن، بەیەکەوە بەرنامەیان دارشت بۆ پەلاماردانی چەند بنکەیەکی دیکەی پۆلیس، لەوەشدا لە کارەکانیان سەرکەوتوو بوون.

لە ئاست ئەو پەرەسەندنە لە چالاکییەکانی ئەو گرووپە چەکدارانە حکوومەت بڕیاریدا هێزی سوپا ڕەوانەی ناوچەکە بکات، لە ئاکامدا بەپەلە هێزێکی گەورە بە پاڵپشتی هەلیکۆپتەری شەڕکەر گەمارۆی ناوچەکەیاندا، ڕێگاکانی هاتووچۆ و دەرباز بوونیان گرت، تا دەهات ئەو شوێنەی گرووپی چەکدارەکان تێیدا بوون تەسکتر دەبووەوە، هەندێک چەکداریش وردە وردە خۆیان دەشاردەوە و هەڵدەهاتن، بەمەش هێزە پارتیزانەکە ڕووی لە لاواز بوون کرد و ژمارەیەکی زۆرکەم مانەوە.

لە ڕۆژی ٣ی حوزەیرانی ١٩٦٨ لە شەڕێکی یەکلاکەرەوە، سەرکردەی گرووپە چەکدارەکان خالید ئەحمەد زەکی و دوو لە هاورێیێکانی کوژران، چەند کەسێکیانیش بە برینداری بەدیل گیران، بەو ئەنجامە کۆتایی بەو خەباتە چەکدارییە هات.

چوارەم: لە کوردستاندا عەزیز حاج لەگەڵ سەرکردایەتی بزووتنەوەی چەکداری کوردستان دەستیکرد بە پەیوەندیکردن، ناوبراو هەوڵیدا چەند بنکەیەکی پارتیزانی بۆ شیوعییەکانی کوردستان دابمەزرێنێت. لەو پەیوەندییەدا سکرتیری پارتی دیموکراتی کوردستان حەبیب محەمەد کەریم ڕۆڵی هەبوو. عەزیز حاج لە بەشێکی هەوڵەکانی داوای چەکی دەکرد لەسەرکردایەتی پارتی، بەڵام سەرۆکی پارتی مستەفا بارزانی ڕازی نەبوو، لەبەر ئەوەی لە هەوڵی ئەوەدابوو نێوان هەردوو باڵەکەی حیزبی شیوعیی عێراقی یەکبخاتەوە.

لە ٢٢ی شوباتی ١٩٦٩ دەزگا ئەمنیەکانی حکوومەتی بەعس لەناو شاری بەغدا توانییان شوێنی نهێنی خۆشاردنەوەی ئەندامانی سەرکردایەتی ناوەندی حیزبی شیوعی بدۆزێنەوە، ئەنجام ژمارەیەک لە سەرکردەکانی ئەو

حیزبە دەسگیرکران، لەوانە: عەزیز حاج، مەتی هندو، ئەحمەد مەحموود حەلاق و بێتەر یوسف. هەموویان بۆ لێکۆڵینەوە ڕەوانەی زیندانی (قەسر نهایە) کران، لە وێدا بەرەو ڕووی ئەشکەنجەی توندوتیژ بوونەوە، عەزیز حاج بەرگەی نەگرت و نهێنییەکی زۆری حیزبەکەی ئاشکرا کرد، بەو هۆیەوە ژمارەیەکی زۆری کادیر و ئەندامانی ئەو حیزبە دەستگیرکران و بەرەو ڕووی ئەشکەنجەی دڕندانە بوونەوە. هەردوو سەرکردەی حیزب مەتی هندو و ئەحمەد مەحموود حەلاق لەژێر ئەشکەنجە گیانیان لە دەستدا. بیتەر یوسف-یش وەک عەزیز ڕووخا و نهێنی حیزبی ئاشکرا کرد. لە ئاکامدا ڕێکخستنەکانی ئەم حیزبە تا دوای یەک ساڵ خۆیان نەگرتەوە، ئیدی سەرکردەیەکی دیکەیان بە ناوی ئیبراهیم عەلاوی هەوڵی زۆریدا بەڵام ئەنجامێکی وای بەدەست نەهێنا [٢٣٨].

**باسی چوارەم: دووەم هەوڵی کودەتای عارف عەبدولڕەزاق**

دوای ئەوەی عارف عەبدولڕەزاق لە یەکەم هەوڵی بۆ هەڵگەڕانەوە بەسەر عەبدولسەلام عارف سەرکەوتوو نەبوو، بەرەو قاهیرە بە فڕۆکە لەگەڵ چەند ئەفسەرێک هەڵاتن و لەوێ حەوانەوە. پاش مردنی عەبدولسەلام عارف لە ١٣ی نیسانی١٩٦٦ ئەو گروپە بەنهێنی گەڕانەوە بەغدا و بە ئامانجی ئەنجامدانی کودەتایەکی سەربازی دەستیانکرد بە پەیوەندیکردن لەگەڵ ئەفسەرەکانی دیکەی ناو سوپا. بەمەش پلانیان دارشت. ناوەرۆکی پلانەکەیان بریتی بوو لە:

١. بە هاوکاری یونس عەتار باشی فەرماندەی فیرقی چوارەم دەست بگرن بەسەر بنکەی ئاسمانی مووسڵ، هێرش ئاسمانی بکەنە سەر بەغدا.
٢. دەست بگرن بەسەر هەردوو سەربازگەی تاجی و ئەبوغرێب.

---

(٢٣٨) شوکت خزندار، سفر ومحطات، الطبعة الاولى، (بیروت، ٢٠٠٥)، ص١٠١؛ شامل عبدالقادر، قصة اعتقال عزيز الحاج، مجلة اوراق من ذاكرة العراق، العدد (١٠٢)، (بغداد، ٢٠٢١/٣/١٥)، ص٢٤.

٣. دەست بگرن بەسەر بەشێک لە بێ تەلەکانی ئێزگەی بەغدا و ئەبوغرێب، بۆ بڵاوکردنەوەی بەياننامە و ئاگادارييەکان.
٤. بە زرێپۆش هێرش بکەنە سەربازگەی تاجی لە بەغدا[٢٣٩].

عارف عەبدولڕەزاق لەگەڵ سوبحی عەبدولمەجید و چەند ئەفسەرێکی دیکە لە ڕۆژی ٢٩ی حوزەیرانی بۆ ئامادەکردنی پلانی کودەتاکەیان بەغدا یان بەجێهێشت چوونە ناوچەی مووسڵ. لە وێدا بە هاوکاری عەمید یونس عەتار باشی فەرماندەی فیرقەی چوارەم توانیان دەست بەسەر بارەگای فیرقەکە بگرن. دواتر هەستان بە دەستگرتن بەسەر بنکەی ئاسمانی لە شارەکانی مووسڵ و کەرکووک و حەبانییە. ئینجا دەستیان گرت بەسەر هەردوو سەربازگەی تاجی و ئەبوغرێب. لە ڕێگای بەشەکانی ئێزگەی بەغدا لە ناوچەی ئەوغرێب بەياننامە و ئاگادارييەکانیان بڵاوکردووە. بە فڕۆکە هێرشیان کردە سەر کۆشکی کۆماری و داوایان کرد سەرۆک کۆمار خۆی بدات بە دەستەوە.

لە بەرانبەر ئەو هەوڵانەدا چەند بەياننامەیەک و ئاگادارييەک بۆ خەڵکی عێراق بڵاوکرایەوە. هێزەکانی پاسەوانی کۆماری لە چەند لایەکەوە بەرەو ئەبوغرێب و بنکەی ئاسمانی حەبانییە ڕۆیشتن و دەستیان بە جموجۆلکرد و ئەو شوێنانەیان خستەوە ژێر دەسەڵاتی خۆیان. لە ئەنجامی پەیوەندییەکی نێوان سەرۆک کۆمار و چەند ئەفسەرێکی فیرقەی چوارەم لە مووسڵ، عارف عەبدولڕەزاق و فەرماندەی فیرقە و چەند ئەفسەرێکی دیکە دەستگیرکران و ڕەوانەی بەغدا کران، پاشان حکوومەت بەغدا تێشکانی هەوڵی کودەتاکەی ڕاگەیاند.

لە کاتژمێر یەکی پاش نیوە شەوی ٣٠ی حوزەیرانی ١٩٦٦ لە بەياننامەیەکی حکوومەتدا ناوی بەشداربووەکانی کودەتاکەی ڕاگەیاند و داوای لەلایەنە بەرپرسەکانیش کرد دەستگیریان بکەن. ناوەکان بریتی بوون لە: عەمید عەبدولکەریم فەرحان، عەقید ڕوکن هادی خەماس، عەقید ڕوکن عیرفان وەجدی، عەقید ڕوکن عەلی حوسێن جاسم، ڕائید ڕەحیم سەلمان،

(٢٣٩) جمال مصطفى مردان، انقلابات فاشلة في العراق، (بغداد، دون سنة الطبع)، ص٨٠.

نەقیب کەریم جاسم، عەقید ڕوکن عەدنان ئەیوب سەبری، مولازم عەبدولمەجید عەبدولحەمید، مولازم سەباح عەلی غالب، مولازم عەبدولمەجید نیعمە، مولازم مەرعی حەسەن، ئەحمەد حەبوبی، مەهدی چایچی، نازم شێخ، فوئاد ڕیکابی، عەبدولئەمیر ڕیکابی، عەدنان ڕاوی، عیسا بیجاری، هاشم عەلی موحسین، نووری نەجم، جەلال هیتی، عەبدولوەهاب کەمالی.

بۆ ڕۆژی دوایی، ڕۆژنامەکانی بەغدا ناوی (٥١) کەسی دیکەیان (عەسکەری و مەدەنی)یان بڵاوکردەوە، لە وانی پەیوەندییان بەو پیلانەوە هەبووە[٢٤٠].

لەگەڵ ئەوەی بەهۆی زۆری ژمارەی بەشداربووان و دەستگرتنیان بەسەر چەند سەربازگەیەکی گرینگدا و ئەو هەوڵە بە گەورەترین هەوڵی کودەتا دەژمێردرێت بە بەراود لەگەڵ هەوڵەکانی پێشوو. کەچی سەرکەوتوو نەبوو، سەرچاوەکان هۆکارەکانی سەرنەکەوتنی کودەتاکە دەگەڕێننەوە بۆ:

١. کارانەبوونی ئەو هێزانەی کە بۆ ئەنجامدانی کودەتاکە پشتیان پێبەسترا بوو.
٢. ئاشکرابوونی پیلانی کودەتاکە و گەیشتنی زانیاری بە دەستی سەرۆک کۆمار و سەرۆکی حکوومەت. لەو بایەوە عەبدلڕەحمان بەزاز لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی ئاماژەی بۆ ئەوە کرد، دە ڕۆژ بەر لە ئەنجامدانی کودەتاکە، زانیاری گەیشتۆتە ئیستخبارات عارف عەبدولڕەزاق بە ئامانجی ئەنجامدانی کودەتا لە قاهیرە هاتۆتەوە، هەروەها ڕایگەیاند بەر لە یەک هەفتە ناوی بەشداربووەکانیشیان، کە بریتی بوون لە: عارف عەبدولڕەزاق، ڕەشید موحسین، هادی خەماس، مومتازە سەعدوون، ئەحمەد حەدیسی، شەهاب ئەحمەد، عەبدولئەمیر ڕوبەیعی، سامر ساڵح و سەباح عەبدولقادر، بەدەست گەیشتووە.

ئەنجام حکوومەت خۆی بۆ ڕووبەروو بوونەوەکە ئامادە دەکات، بەسەریان سەردەکەوێت[٢٤١].

---

(٢٤٠) ثناء الحجيمي، احمد الحبوبي ودور الوطني في تاريخ العراق المعاصر، ص١٣٣.
(٢٤١) سيف الدين الدوري، الانقلابات العسكرية والصراع على السلطة في العراق الجمهوري، ص ٢١٤.

# تەوەری پێنجەم: گەڕانەوەی دەسەڵاتی حیزبی بەعس

## باسی یەکەم: کودەتای ١٧ی تەمووزی ١٩٦٨

ماوەی حکومڕانی لیوا عەبدولڕەحمان عارف لە نیسانی ١٩٦٦ وە تا ١٧ی تەمووزی ١٩٦٨، بە ماوەیەکی هێمن دادەنرێت لە ژیانی سیاسیی عێراقدا. عەبدولڕەحمان کەسایەتییەکی لێبوردە و ئاشتیخوازی هەبوو، بەپێی تێڕوانینەکان کاری بۆ بەرژەوەندی گشتی دەکرد، لە ماوەی دەسەڵاتداری ناوبراو زۆربەی زیندانە سیاسییەکان ئازادکران، ڕاوێژی لەگەڵ زۆرێک لە کەسایەتی و حیزبە سیاسییەکان دەکرد، چاوی بە سەرکردایەتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کورد کەوت، لە ١٩ی حوزەیرانی ١٩٦٦ لەگەڵیاندا ڕێککەوت.

لە بواری ئابووری و گەشەپێدان چەند هەنگاوێکی هاوێشت، بە مەبەستی وەبەرهێنانی نەوت لە کێڵگەی ڕومێلەی باکوور لە باشووری عێراق و سەندنەوەیان لە کۆمپانیا بیانییەکان لە کانوونی یەکەم ١٩٦٧ ڕێککەوتنی لەگەڵ یەکێتیی سۆڤییەت واژوو کرد، هەروەها لەگەڵ کۆمپانیای نەوتی (ئاراب)ی فەرەنسی بۆ وەبەرهێنانی نەوت گەیشتنە ڕێککەوتن.

دیارە ئەو کارانەش بوونە هۆی ئەوەی سەرنجی کۆمپانیاکانی بریتانیا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ڕابکێشێت و جێگای ناڕازی بوونیان بێت، بەمەش دەزگاکانی هەواڵگری لەو دوو وڵاتە بەگومان بوون لە هەنگاوەکانی، ئەنجام بە ئامانجی ڕووخاندنی لەگەڵ چەند وڵاتێکی عەرەبی لە ناوچەکە کەوتنە کارکردن.

کەسایەتی عەبدولڕەحمان عارف بە کەسایەتییەکی لاواز بەرانبەر بە کێشەی سیاسی ناسرابوو، بەو هۆیەوە لە باشووری عێراق ڕاپەڕینی چەکداری دژ بە ڕژێمەکەی سەری هەڵدا، لەناو شاری بەغدا، حیزبی بەعس و هەندێک لایەنی سیاسیی دیکەی عەرەبی نەتەوەخواز بە ئاشکرا چالاکیان لە دژی هەبوو، لە بەرانبەردا هیچ هەنگاوێکی کارای نەبوو.

لەو بـارودۆخەدا، ململانێیەکی توونـد بـۆ دەسـگرتن بەسـەر دەسـەڵات بەرپا بوو، چەند لایەنێک دەستیان لەو کارە هەبوو. لەوانە: حیزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی (باڵی ڕاستڕەو) [٢٤٢]، لەگەڵ کۆمەڵە ئەفسەرێکی سەر بە ڕەوتی ناسری و چەند گروپێکی دیکەی هەڵپەرست، لەلایەکی دیکەوە حیزبی شیوعی سەرکردایەتی ناوەندی، بەسەرکردایەتی عەزیز حاج دروشمی ڕووخاندنی ڕژێمی بەرزکردبۆوە.

لە مانگی تەمووزی ١٩٦٦ حیزبی بەعس (باڵی ڕاستڕەو) لە ناوچەیەکی نزیک شاری بەغدا شەشەم کۆنگرەی گرێدا. لە کۆنگرەدا ئەحمەد حەسەن بەکر بە ئەمینداری گشتی سەرکردایەتی هەرێمی عێراق هەڵبژێردرا. پاشان بەرنامەی سەرەکی کودەتا و خۆ ئامادەکردن بۆ دەستگرتن بەسەر دەسەڵات دارێژرا.

هەر لەو قۆناغەدا گروپێک لە ئەفسەرانی هێزی پاسەوانی کۆشکی کۆماری لەژێر ناوی بزووتنەوەی شۆڕشگێرانی عەرەب پێکهاتن، کە بریتی بوون لە: ئیبراهیم داود[٢٤٣] فەرماندەی پاسەوانی کۆماری، عەبدولڕەزاق نایف[٢٤٤] یاریدەدەری بەڕێوەبەری ئیستخباراتی سەربازی، سەعدوون غێدان

(٢٤٢) لەو ساڵانەدا حیزبی بەعس ببوون بە دوو باڵ، باڵی ڕاستڕەو لەلایەن میشیل عەفلەق و باڵی چەپڕەو لەلایەن حافیز ئەسەد سەرپەرشتی دەکران.

(٢٤٣) ساڵی ١٩٢٩ لە شارۆچکەی هیتی سەر بە پارێزگای ئەنباری لەدایکبووە، ئەفسەری سوپای عێراق بووە و لەسەردەمی عەبدولڕەحمان عارف فەرماندەی لیوای پاسەوانی کۆماری بووە. لەگەڵ عەبدولڕەزاق نایف و حیزبی بەعس هاوکار بوون بۆ ڕووخاندنی ڕژێمەکەی عارف. دوای سەرکەوتنی کودەتاکە دەبێت بە وەزیری بەرگری. ناوبراو لە ٣٠ی تەمووزی ١٩٦٨ لە دەسەڵات دوور دەخرێتەوە و لە باڵیۆزی وەزارەتی دەرەوە دادەنرێت، پاشان لەو کارەش دوور دەخرێتەوە. هادي حسن عليوي، رجالات العراق الجمهوري من عبدالكريم قاسم الى صدام حسين، ص٣٩٦.

(٢٤٤) عەبدولڕەزاق نایف، ساڵی ١٩٣٤ لە فەلوجە لەدایکبووە، ساڵی ١٩٥٣ کۆلێژی سەربازی تەواو کردووە، لە بریتانیا بابەتی هەواڵگری خوێندووە، لە سەردەمی عەبدولڕەحمان عارف بە بەڕێوەبەری هەواڵگری سەربازی دانراوە، لە ١٧ی تەمووزی ١٩٦٨ لەگەڵ حیزبی بەعس بەشداری کودەتایەک دەکات و بەسەرۆک وەزیران دادەنرێت، دوای چەند ڕۆژێک لە ٣٠ی تەمووزی ١٩٦٨ لە دەسەڵات دوور خراوەتەوە.

فەرماندەی کەتیبەی دەبابەکانی کۆشکی کۆمار و چەند ئەفسەرێکی دیکە. ئەوانەش پلانیان دارشتبوو بۆ کودەتا و دەسگرتن بەسەر دەسەڵات[٢٤٥].

ئیبراهیم داود دەگێڕێتەوە، بەر لە یەک مانگ لە ئەنجامدانی کودەتا، بەناوی بانگکردن بۆ نان خواردن، بوونەتە میوانی مەولود موخلیس ئەفسەرێکی ئیستخباراتی عەسکەری. ئەوانی لە وێدا ئامادەبوون، بریتی بوون لە: ئەحمەد حەسەن بەکر، حەردان تکریتی، ساڵح مەهدی عەماش عەبدولڕەزاق نایف. ئامادەبووان دوای نانخواردن، گفتوگۆیان لەبارەی پلانی کودەتا کردووە. سەرەتا سوێندیان بە قورئان خواردووە ڕاستگۆبن لەگەڵ یەکتر. پاشان لەسەر دابەشکردنی پۆستەکان قسە کراوە، داود ئاماژە بۆ ئەوە دەکات داوایان لەو کردووە ببێتە سەرۆک کۆمار. ناوبراو دەڵێت: پێم وتن من تەمەنم (٣٦) ساڵە و کەسێکی عەسکەریم و سیاسەتمەدارێکی شارەزانیم بۆیە ئەوە بەمن ناکرێت، ئەو پێگەیە شایستەی ئەحمەد حەسەن بەکرە، بەڵام بەمەرجێک نەکرێتە فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانیش لەیەک کاتدا. ئیبراهیم داود لەسەری بەردەوام دەبێت و دەڵێت دواتر پێگەی سەرۆک وەزیرانیان بۆمن پێشنیاز کرد، بەڵام ئەویشم قبول نەکرد، ئەنجام وا ڕێککەوتین، کە ببم بە وەزیری بەرگری و فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان[٢٤٦]، بە کورتی پلە و پایەکان بەم شێوەیە دابەشکران[٢٤٧]:

١. ئەحمەد حەسەن بەکر، سەرۆک کۆمار.
٢. عەبدولڕەزاق نایف، سەرۆک وەزیران.
٣. ئیبراهیم داود، وەزیری بەرگری.
٤. حەردان تکریتی، سەرۆک ئەرکان.

---

ساڵی لە ١٩٧٨ کوژراوە. هادي حسن عليوي، رجالات العراق الجمهوري من عبدالكريم قاسم الى صدام حسين، ص ٣٨٧.

(٢٤٥) حسن السعيد، نواطير الغرب صفحات من ملف علاقات اللعبة الدولية مع البعث العراقي ١٩٤٨ – ١٩٦٨، ص٦٠١.

(٢٤٦) صفوة فاهم كامل، عبدالرحمن عارف رئيس البار، ص٢٢٨.

(٢٤٧) ئەو چوار کەسەی، کە لەگەڵ ئەحمەد حەسەن بەکر ناوییان دێت، بەدەر لە پۆستەکانیان دەبن بە جێگری سەرۆک کۆمار.

٥. ساڵح مەهدی عەماش، وەزیری ناوخۆ.

لەو دانیشتنەدا ڕۆژی ١٧ی تەمووزی ١٩٦٨ وەک ڕۆژی ئەنجامدانی کودەتا دەستنیشان دەکرێت.

پلانی کودەتاکە بە کورتی بریتی بووله: شەوی ١٧/١٦ی تەمووز سەعدوون غێدان فەرماندەی کەتیبەی دەبابەکانی هێزی کۆماری بە ئۆتۆمۆبێلەکەی خۆی هەر یەک لە ئەحمەد حەسەن بەکر، ساڵح مەهدی عەماش و حەردان تکریتی دەگەیەنێتە ناو کۆشک، بە هەموویان دەست دەگرن بەسەر هێزی پاسەوانی کۆماری. لە بەرەبەیانی ١٧ی تەمووز عەبدولڕەزاق نایف بە هاوکاری چەند ئەفسەرێکی لایەنگیری خۆی دەست دەگرن بەسەر وەزارەتی بەرگری، ئیبراهیم داودیش دەست دەکرێت بەسەر ئێزگەی بەغدا. ئەنجام پلانەکە وەکو خۆی جێبەجێکرا. گروپی ناو کۆشکی کۆماری دەستیان گرت بەسەر هێزەکە و سەر لە بەیانی پێنج گولە تۆپی دەبابەیان تەقاند، سەرۆک کۆمار لە هەڵساو شلەژا، تەماشای کرد دەورووبەری کۆشک بە هێز گیراوە، بەو هۆیەوە بێ کێشە خۆی ڕادەست کرد و بە فرۆکە ڕەوانەی لەندەن کرا.

گروپی سێیەم، کە دەستیان بەسەر ئێزگەدا گرتبوو لە کاتژمێر (٧،٥) سەر لە بەیانی یەکەم بەیاننامەی کودەتایان خوێندەوە. دواتر وردە وردە دەستگیرا لەسەر هەموو دەزگاکانی دەوڵەت و کارەکان کەوتە ژێر دەستیان، ئینجا ناوی بەرپرسە باڵاکانی کودەتاکە بڵاوکرایەوە.

ئەحمەد حەسەن بەکر وەک سەرۆک کۆمار ناسێندرا و ئەنجوومەنی وەزیران بە سەرۆکایەتی عەبدولڕەزاق نایف و ئەندامێتی (٢٥) وەزیر پێکهێنرا. پێگە سەربازییەکان بەم شێوەیەی خوارەوە دابەشکران:

١. ئیبراهیم داود، وەزیری بەرگری و فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان.
٢. حەردان تکریتی، سەرۆک ئەرکانی سوپا و فەرماندەی هێزی ئاسمانی.
٣. سەعدوون غێدان، فەرماندەی پاسەوانی کۆماری.
٤. حەماد شەهاب، فەرماندەی لیوای دەی زرێپۆش بۆ پاراستنی بەغدای پایتەخت.

هەر لەیەکەم ڕۆژی سەرکەوتنی کودەتاکە، ئاماژە و دیاردەی جیاواز لە بڕیار و هەڵسوکەوت دیار بوون، هەروەها ناکۆکی لەنێوان هەردوو گروپی دەسەڵاتدار، بەرپرسانی حیزبی بەعس و ئەفسەرەکانی دیکە دەرکەوتن. جگە لە بەرژەوەندی تاکی تایبەتی و فشاری دەرەکی، هیچ شتێکی دیکە کۆیانی نەکردبوویەوە.

ڕۆژنامەی (الجمهورية) سەر بە بەعسییەکان و ڕۆژنامەی (الثورة) سەر بە ڕەوتەکەی عەبدولڕەزاق نایف بوون. وتاریان لە دژی یەکتری دەنووسی. ناکۆکی و توونددوتیژی بەڕادەیەک لەنێوانیان سەری هەڵدا وەزیری ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن ناچار بوو لەسەر بڕیاری عەبدولڕەزاق نایف لە ٢٤ی تەمووز هەردوو ڕۆژنامەکە بکاتە یەک. نووسەر و کادیرە بەعسییەکان لە ڕۆژنامەکە دەرکران، جگە لەوە لەسەر بڕیاری عەبدولڕەزاق فەرمانبەرە بەعسیەکان لە ئێزگەش دوور خرانەوە.

سەرەتا هەنگاوەکانی عەبدولڕەزاق نایف لە کاروباری وڵاتدا وەک سەرۆک وەزیران بریتی بوو لە:

١. هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستە نەوتییەکان لەگەڵ کۆمپانیای (ئیراب)ی فرەنسی.
٢. هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری گێڕانەوەی کێڵگەی نەوتی (ڕومیلە)ی باکور بۆ کۆمپانیای نەوتی نیشتمانی.
٣. هەڵوەشاندنەوەی دامەزراندنی کۆمپانیای نەوتی نیشتمانی.
٤. کۆمپانیای (بان ئەمریکا) ڕێگای پێدرا بەرهەمی گۆگرد دەربهێنێت لە خاکی عێراقدا.

بەپێی بۆ چوونی چاودێران کارەکانی عەبدولڕەزاق نایف تەنها بۆ ڕازیکردنی حکوومەتی بریتانیا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بوو[٢٤٨].

(٢٤٨) د. كاظم حبيب، لمحات من عراق القرن العشرين ...، الجزء الثامن، ص١١.

سەرکردایەتیی حیزبی بەعس بەهۆی هەوڵەکانی ئەحمەد حەسەن بەکر توانی هەردوو ئەفسەری دیار حەماد شەهاب فەرماندەی لیوای دەی زرێپۆش لەگەڵ سەعدوون غێدان فەرماندەی پاسەوانی کۆماری، ڕا کێشێت بەلای خۆیاندا. ئەوە لە لایەک، لە لایەکی دیکەوە پەیوەندی بە حەردان تکریتی سەرۆکی ئەرکان و فەرماندەی هێزی ئاسمانی و ساڵح مەهدی عەماش وەزیری ناوخۆ کرا. ئیدی هەلومەرجەکە زەمینەی دوورخستنەوەی عەبدولڕەزاق نایف سەرۆک وەزیران و ئیبراهیم داود وەزیری بەرگری ڕەخساند.

ڕۆژی ٣٠ی تەمووزی ١٩٦٨ بە بیانووی پشکنین و سەردانیکردنی هێزەکانی عێراق لە وڵاتی ئوردن ئیبراهیم داود وەزیری بەرگری بەرەو ئوردن بەڕێکەوت، لە بەغدا بە بڕیاری فەرماندە حەماد شەهاب جوولە بەر لیوای دەی زرێپۆش کرا و شوێنە گرینگەکانی گرت. هەر هەمان ڕۆژ فڕۆکەیەکی سەربازی تایبەت، کە ژمارەیەک ئەفسەر و سەربازی هەلگرتبوو بەرو ئوردن جوولەی کرد، لەوێدا لە فڕۆکەخان نیشتەوە، ئەو گروپە ئەفسەر و سەربازانە بەرەو بارەگای فیرقەی چوارەم ڕۆیشتن[٢٤٩] و ئیبراهیم داود دەستگیرکرا و بەرەو بەغدا گەڕێنرایەوە، ئایاد عەلاوی لە بەرگی یەکەمی یادداشتەکانی نووسیویەتی:" **لە بەغداوە بە بیانوی پشکنینی هێزەکان عێراق لە ئوردن، ئیبراهیم داود گەیشتە ئوردن، پێشتر ئەحمەد حەسەن بەکر پەیوەندی لەگەڵ حەسەن مستەفا نەقیب فەرماندەی هێزەکە کردبوو، تا هاوکاری بکات لە دەستگیرکردنی ئیبراهیم داود".**

هاوکات لەگەڵ ئەو هەنگاوە سەرۆک کۆمار لە شاری بەغدا داوای لە عەبدولڕەزاق نایف سەرۆک وەزیران کرد بۆ هەندێک کاروبار سەردانی کۆشکی کۆماری بکات. لە کۆشکی کۆماری کاتێک عەبدولڕەزاق نایف خەریکی خوانی نیوەڕۆ بوو، سەددام حوسێن لەگەڵ چەند چەکدارێک چوونە ژوورەوە و دەستگیریان کرد.

(٢٤٩) ئەو فیرقە سەربازییە لە ڕۆژانی جەنگی عەرەب ئیسرائیل ساڵی ١٩٦٧ لە وێدا نیشتەجێ کرابوون.

بەم شێوەیە دەسەڵات بە تەواوی کەوتە ژێر دەستی حیزبی بەعس، ئەو بارودۆخەش ڕێگای خۆشکرد بۆ ئەوەی سەددام حوسێن هەنگاو بە هەنگاو دەسەڵاتەکانی دەوڵەت لەژێر دەستی خۆی کۆبکاتەوە، ئەنجام لە حوزەیرانی ١٩٦٩ بوو بە سکرتێری گشتی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و پاشانیش بوو بە جێگری سەرۆک کۆمار.

**باسی سێیەم: هەندێک لە ڕووە شاراوەکانی کودەتاکەی ١٧ تەمووز**

عەبدولڕەحمان عارف سەرۆک کۆمار ساڵی ١٩٦٨، پاش بەجێهێشتنی شاری بەدا و دەکردنی لە دەسەڵات، ڕوون لە شاری لەدەن کرد، پاشتر بە یەکجاری لە شاری ئەستەنبوول لەگەڵ خێزانەکەی جێگر بوو. ناوبراو ساڵی ساڵی ١٩٧٠ لە چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەوانی، باس لە ڕۆڵی عەبدولڕەزاق نایف لە کودەتای ساڵی ١٩٦٨ دەکات. بەپێی بۆچوونی عارف بێت، عەبدولڕەزاق نایف لە ڕێگای وڵاتی عەرەبستانی سعودی پشتیوانی کراوە، لەو چوارچێوەیەشدا وەک دەلال بەشیر تالیب و ناسر حانی لە باڵیۆزخانەی عێراق لە بەیرووت ڕۆڵیان لە نزیکبوونەوەکان بینیوە.

عارف درێژە بە قسەکانی دەدات و دەڵێت: "**لە ڕۆژی دووی حوزەیرانی ١٩٦٨، ڕاپۆرتی ئاسایشم بەدەست گەیشت، ناوەڕۆکەکەی بە کورتی بەم شێوەیە بوو: چەند ئەفسەرێکی عێراقی هەندێکیان هەر لەسەر کاربوون و بەشێکیان خانەنشین بوون، بەشێوەیەکی بەردەوام هاتووچۆی باڵیۆزخانەی بریتانیا دەکەن لە بەغدا، لە وانەی ناسرابوون بریتی بوون هەریەک لە: ئەحمەدحەسەن بەکر، حەردان تکریتی، ساڵح مەهدی عەماش و ئەکرەم یاسین، شەوانە دوو دوو سەردانی ئەو شوێنەیان دەکرد، هەفتەی دوو جار کەواتە مانگێک بوو ئەو کارەیان بەدەستەوە بوو**"[(٢٥٠)].

لەلای خۆیەوە، عەبدولڕەزاق نایف دەڵێت:" **بڕیارم دابوو بە کارێک هەڵسم بۆ گۆڕینی دەسەڵات، ڕۆژی ١٦ی نیسانی ١٩٦٨ دیاریکرابوو، بەڵام**

---

(٢٥٠) شامل عبدالقادر وقيس عبدالرحمن عارف، يروي خلفيته انقلابات ١٧ تموز ١٩٦٨ وحقيقة الانقلابيين، مجلة الاورق من ذاكرة العراق، (بغداد، ٢٠١٧/٤/١٥)، ص٢٨.

**کارەکەم دواخست. سەرکردایەتی بزووتنەوەی شۆڕشگێرانی عەرەب[٢٥١] داوای کۆبوونەوەیان کرد و لە ڕۆژی (٩ نیسان) کۆبوونەوە، پرسیاریان لێم کرد لە هۆی دواخستنی کارەکە، منیش سوێندم خوارد بۆیان، باڵیۆزخانەی بریتانیا لە بەغدا پەیوەندی پێوە کردم پێی ڕاگەیاندم: ئەوەی ئێوە دەتانەوێت بیکەن جێبەجێ نابێت، ئێمە لەناوتان دەبەین و عەبدولڕەحمان عارفیش لەگەڵتان لەناو دەبەین، ئەگەر بەو شێوەیە نەبێت، کە ئێمە دەمانەوێت. دواتر لەگەڵ باڵیۆزی بریتانیا کاتێکمان دیارکرد بۆ چاوپێکەوتن و گفتوگۆ، لە کاتی چاوپێکەوتنەکە باڵیۆز ئامادەبوو، ئەحمەد حەسەن بەکری لەگەڵدا بوو، باڵیۆز وتی، لەگەڵ ئەم کەسە بەیەکەوە شۆڕش دەکەن".**

بەڕێوەبەری ئاسایشی گشتی ڕەشید موحسین لەو سەردەمە، دەڵێت:" **پێش یەک هەفتە لە کودەتاکەی (١٧ تەمووزی ١٩٦٨) چاوم بە تاهیر یەحیای سەرۆک وەزیران کەوت، ئاگاداری کردمەوە کارەکە پێگەیشتووە [مەبەستی کودەتایە-محەمەد فاتیح]، میسر سێ ملیۆن دیناری عێراقی ناردووە پارەکە گەیشتۆتە دەستی دکتۆر ناسر حانی باڵیۆزی عێراق لە بەیروت و لەوێوە گەیشتۆتە بەغدا و دابەشکراوە بە سەریان، یەکێک لەو کەسانەی پارەی وەرگرتووە ئەفسەرێکی پاسەوانی کۆشکی کۆمارییە بە پلەی مولازم، بەشەکەی ئەو (٧٠) هەزار دینارە، تەنها بۆ ئەوەی دەرگاکانی کۆشکی کۆماری بکاتەوە**"[٢٥٢].

**باسی چوارەم: بەرەی نیشتمانی و نەتەوایەتی پێشکەوتخواز**

پەیوەندییەکانی نێوان حیزبی شیوعیی عێراقی و حیزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی لە عێراق هەڵبەز و دابەزی زۆری بە خۆوە بینیوە، بە تایبەتی دوای گەڕانەوەی حیزبی بەعس بۆسەر دەسەڵات لە ١٧ی تەمووزی ١٩٦٨دا.

---

(٢٥١) عەبدولڕەزاق نایف خۆی سەرۆکیان بوو.

(٢٥٢) نزار عبدالکریم الخزرجي، الحرب العراقیة الایرانیة، (بغداد، ٢٠٠٥)، ص٩٥؛ ایاد علاوي، بین النیران، الجزء الاول، الطبعة الاولى، (دار المدى، ٢٠١٨)، ص١٠١؛ صبحي ناظم توفیق، حکایة انتخابات عبدالرحمن عارف لرئاسة الجمهوریة، ص٢٨.

سەرکردایەتیی حیزبی بەعس لە یەکەم بەیانیان، کە سەر لە بەیانی ڕۆژی ١٧ تەمووز دەرچوو، داوایان کرد ناکۆکییە کۆنەکان لە بیر بکرێن، لەبەر ئەوەی بەڵێن درابوو ئەنجوومەنێکی نوێنەران لە هەموو کەرت و لایەنە نیشتمانی و میللییەکان پێک بهێنرێت. خەڵکی لەسەر بنەمای لێهاتووی و یەکسانی سەروەری یاسا دابنرێن.

حیزبی شیوعیی عێراقی باڵی کۆمیتەی ناوەندی لە یەکەم کاردانەوەی بەرانبەر کودەتاکەی ١٧ی تەمووز، لە بەیاننامەکەیدا لە ڕۆژی ٢٩ی تەمووز داوای دامەزراندنی حکوومەتێکی ئیتیلافی کرد، کە هەڵقوڵانی بەرەیەکی نیشتمانی بێت و هەموو هێزە پێشکەوتخوازەکان بگرێتە خۆی، هەروەها داوای کرد دیموکراسییەت بێتەدی و هەموو زیندانە سیاسییەکان و گیراوەکان ئازاد بکرێن و دەرکراوەکانیش بگەڕێنەوە سەر کارەکانیان.

حیزبی بەعسی جارێکی دیکە لە ٣٠ی تەمووز ڕۆژی هەڵگەڕانەوە و دەرکردنی ئەو ئەفسەرانەی بەشداریان لە کودەتاکەی سەر عەبدولڕەحمان عارف کرد، بەیانی ژمارە (٢٧) دەرکرد و بانگەوازێکیان ئاراستەی هێزە سیاسییەکان کرد بەشداری لە حوکمڕانی وڵات بکەن و ئەرکی بەرپرسیاریەتی هەڵبگرن[٢٥٣].

حیزبی شیوعی لای خۆیەوە لە ئەیلوولی ١٩٦٨ پڕۆژەیەکی لەژێر ناونیشانی پڕۆژەی پەیمانی بەرەی نیشتمانی خستەڕوو، داوای پێکهێنانی هاوپەیمانی سیاسیی لەنێوان حیزبەکان و نوێنەرانی چین و توێژە کۆمەڵایەتییەکان کرد.

لە نیسانی ١٩٧٠ ڕۆژنامەی (الثورة)ی حیزبی بەعس زنجیرە وتارێکی بڵاوکردەوە تێیدا مەرجەکانی بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی نیشتمانی ئاشکرا کرد، بەڵام حیزبی شیوعی زۆربەی مەرجەکانی لاپەسەند نەبوو، بە تایبەتی ئەو مەرجانەی پەیوەندی بە سەرکردایەتیکردنی بەرەوە هەبوو. لە بەرانبەردا حیزبی شیوعی کەمترین ئاستی مەرجەکانی ئەو بەرەیەی خستەروو، لەگەڵ شێوەی بەشداریکردن لە حکوومەتێکی هاوپەیمانی تێیدا حیزبی بەعس یەک

---

(٢٥٣) د. کاظم حبیب، لمحات من عراق القرن العشرین، الجزء الثامن، ص٢١٠.

له لایەنەکان بێت، گرینگترین ئەو مەرجانەش ڕازی بوون بوو بە بنەمای سەربەخۆیی هەموو حیزبێک لە ڕووی ئایدۆلۆجی و سیاسیی و ڕێکخراوەیی، لەگەڵ ئازاد بوون لە دەرکردنی ڕۆژنامە. حیزبی شیوعی پێیوابوو بەرە یان حکوومەتی هاوپەیمانی قۆناغێکی گواستنەوەیەوە بەرەو بەدیهێنانی سیستمی سۆسیالیستی.

زستانی نێوان سالانی (١٩٧٠-١٩٧١) شیوعییەکان بەرەو ڕووی هەڵمەتێکی گرتنی فرەوان بوونەوە، لەو هەڵمەتە چەند سەرکردەیەکی حیزبی شیوعی دەستگیرکران، بەلام لە هاوینی ١٩٧١ دۆخەکە بۆ بەرژەوەندی حیزبی شیوعی گۆڕا، ئەویش لەبەر چەند هۆکارێک، لە هەموویان گرینگتر حیزبی بەعس خۆی ئامادە دەکرد بۆ گفتوگۆ لەگەڵ کۆمپانیا بیانییەکانی نەوت لە عێراق، لەگەڵ بوونی گرژی لە کوردستان لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان، دۆخەکە حکوومەتی بەعسی ناچار کرد لە هەندێک هەڵوێست و کردارەکانی بۆ بەرژەوەندی حیزبی شیوعی وازبێنێت، لەو کارەش حیزبی بەعس زیاتر مەبەستی ڕازیکردنی یەکێتیی سۆڤییەت بوو بەرانبەر بەو بارودۆخەی لە عێراقدا دەگوزەرێت.

ڕۆژنامەی (الثورة)ی حیزبی بەعس لە ١٦ی تشرینی دووەمی ١٩٧١ دەقی پەیمانی کاری نیشتمانی بڵاوکردەوە، لەو بابەتانەی گرتبوویە خۆی بریتی بوون لە: پێکهێنانی هاوپەیمانییەتی لەنێوان هێزە سیاسییە پێشکەوتخوازەکان بۆ بەشداریکردن لە حکومڕانی، داکۆکی لەسەر ئازادی حیزبایەتی و کاری ڕۆژنامەگەری، قەدەغەکردنی کاری ڕێکخستنی سیاسی لەناو سوپای عێراق، تەنها بۆ حیزبی بەعس نەبێت.

حیزبی شیوعی لە بەیاننامەیەک کە لە ١٧ی تشرینی دووەمی ١٩٧١ دەریکرد، پێشوازی خۆی بۆ پەیمانی کاری نیشتمانی دەربڕی، پێدەچێت لەو ماوەیەدا یەکێتیی سۆڤییەت فشاری زۆری بەسەر حیزبی شیوعیی عێراقییەوە هەبوو بێت، کە ناچاری کرد پێشوازی لە وەها هەنگاوێک بکات. ئەنجام لە شوباتی ١٩٧٢ گفتوگۆی نێوان هەردوو حیزب بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی نیشتمانی دەستپێکرد، بڕیار بوو بەرەکە چەند حیزبێک بگرێتە خۆی تا بەشداریکردن لە حکومڕانی وڵات لەسەر بنەمای پەیمانێک بکەن. بۆ

ئەو مەبەستە داوا لە پارتی دیموکراتی کوردستان کرا بەشداری گفتوگۆکان بکات، بەڵام پارتی ڕازی نەبوو[٢٥٤].

لێرەدا دەردەکەوێت کە پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو حیزب بەرەو ڕووی ململانێ و ڕاکێش ڕاکێشێکی زۆر بۆتەوە، کاریگەری فاکتەرە ناوخۆییەکانی هەردوو حیزب و هۆکاری دەرەکیشی بەسەرەوە بووە تا گەیشتۆتە ئەو قۆناغە.

گفتوگۆکان تا هاوینی ساڵی ١٩٧٢ درێژەی کێشا، لە میانەی گفتوگۆکاندا زۆر خاڵی جیاواز و کۆسپ هاتنە پێشەوە، بەڵام لەژێر فشاری یەکێتیی سۆڤییەت و حیزبە سۆسیالیستەکانی دیکە، کە پەیوەندییان لەگەڵ حکوومەتی بەعس باش بوو، بەرژەوەندی ئابووریشیان لەو وڵاتە بۆ پەیدا ببوو، بۆیە دوای چەند گۆڕین و ڕاستکردنەوەیەک لە بەندەکانی پڕۆژەی هاوپەیمانیەتەکەیان لە ١٧ی تەمووزی ١٩٧٣ واژوو کرد، لە جیاتی حیزبی بەعس ئەحمەد حەسەن بەکر، عەزیز محەمەد لە جیاتی حیزبی شیوعی واژوویان کرد.

عەزیز محەمەد سکرتێری حیزبی شیوعیی عێراقی لەو سەردەمە لە چاوپێکەوتنێکدا، دەڵێ: واژۆمان لەسەر پەیمانی بەرە کرد، هەرچەندە لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستانەوە چەند جارێک ئاگادار کراینەوە و داوامان لێکرا کە ئەو کارە نەکەین. یەک لەو هۆیانەی پاڵی پێوە ناین لەگەڵ حیزبی بەعس ڕێکبکەوین، ئەوەیە ئێمە دوای ڕێککەوتنی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ لەنێوان پارتی و حیزبی بەعس بەتەنها مابووینەوە، ئەو بارەش پێگەی ئێمەی لاواز دەکرد[٢٥٥].

شایانی باسە، هەندێک لەو کەسانەی نزیکبوون لە سەرچاوەی بڕیار لەناو حیزبی بەعس، باس لەوە دەکەن هاوپەیمانی حیزبی بەعس لەگەڵ حیزبی شیوعی لەو بڕوایەوە نەبووە کە بەشداریان هەبێت لە حکومڕانیدا،

(٢٥٤) سيف عدنان القيسي، قراءات في ذاكرة عزيز محمد، ص٨١..
(٢٥٥) رحيم عبدالحسين عباس، الجبهة الوطنية، مجلة كلية التربية، العدد (٢٠)، (جامعة بابل، ٢٠١٥)، ص٥٤٤.

بەڵگەش لەسەر ئەوە، هەر چەند ڕۆژێک دوای ئەو ڕێککەوتنەی لەگەڵ حیزبی شیوعی سازکرا، حیزبی بەعس لە بەیانێکی، کە بەسەر ئۆرگانە حیزبیەکان بڵاکراوەنەتەوە، داوای کردووە پێشنیازەکانیان بۆ پارچەپارچەکردنی حیزبی شیوعی بنووسن. بەمەش دەتوانرێت بوترێت هاوپەیمانی لای حیزبی بەعس پێویستییەکی کاتی بوو، هۆیەکەی بارودۆخی ناوخۆیی و دەرەکی حیزبی بەعس بووە کە پێیدا تێپەر دەبوو.

ساڵی (١٩٧٧) زۆر ئاماژە و دیاردەی جۆراوجۆر دەرکەوتن ئەوەیان دەورووژاند، کە حیزبی بەعس سووره لەسەر پەشیمان بوونەوە لە هاوپەیمانیەتەکەی لەگەڵ حیزبی شیوعیدا. هەرچەندە ئەو هەڵوێستە لای حیزبی شیوعی ئاشکراو ڕوون بوو، بەڵام پابەندبوونی خۆی بەو هاوپەیمانیەتییە لەگەڵ حیزبی بەعس لە زۆر ڕووداو و بۆنەدا دەربڕی، لەوانە: لە سەرکوتکردنی ڕاپەڕینە مىللییە ئاینیەکە، کە لە پارێزگای نەجەف ڕوویدا.

وەلێ لەگەڵ ئەوەشدا لە کۆمیتەی ناوەندی حیزبی شیوعی لە مانگی شوباتی ١٩٧٧ بەیاننامەیەکی دەکرد و جیاوازییەکانی نێوان خۆیان و حیزبی بەعسی ئاشکرا کرد، کەچی دیسانەوە هەر لە پشتگیرکردنیان مانەوە.

لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٧٧ و سەرەتاکانی ١٩٧٨ دەسەڵاتداری حیزبی بەعس هەڵمەتێکی فرەوانی دەستگیرکردنیان لەناو شیوعییەکان دەسپێکرد، ئەوانەی دەستگیرکران تاونبار کران بەوەی لە یاسا لایانداوە، بەڵام بێ ئەوەی ئاماژە جۆری لادانەکەیان بکەن.

لە ئازاری ١٩٧٨ کۆمیتەی ناوەندی حیزبی شیوعی ڕەخنەی توندی لە حیزبی بەعسی گرت، گرینگترین ئەو ڕەخنانەش درێژە پێدانی قۆناغی گواستنەوە و نەبوونی دەستوری هەمیشەیی، هەروەها ئەنجامنەدانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی، سەرەڕای ڕەخنە لە شێوازی جێبەجێکردنی یاسای ئۆتۆنومی لە کوردستان(٢٥٦).

---

(٢٥٦) د. كاظم حبيب، لمحات من عراق القرن العشرين، الجزء الثامن، ص٢١٤.

لە نیسانی ١٩٧٨ دەزگا ئەمنییەکانی حکوومەت هەڵمەتێکی گرتن و زیندانیکردنی ئەندامانی حیزبی شیوعی ئەنجامدا، ئەمجارە تاوانباری کردن بەوەی لەناو هێزەکانی سوپادا ڕێکخستنیان هەیە، ئەوەش لە کاتێکدایە تەنیا بۆ حیزبی بەعس ڕێگەپێدراوە. ئەنجام بەندکراوەکان درانە دادگا و بڕیاری کوشتنیان بۆ دەرچوو. لێرەدا هەرچەندە بۆ ڕزگارکردنیان حیزبی شیوعی هەڵمەتێکی گەورەی دەست پێ کرد لەناو عێراق و دەرەوە، هەروەها بەرپرسانی یەکێتیی سۆڤییەت و وڵاتانی دیکەی سۆسیالیستی داوایان کرد چاوخشاندنەوە بە بڕیارەکە بکەن، کەچی سەرکردایەتی حیزبی بەعس هەموو ئەو هەوڵانەی پشت گوێ خستن و بە دووجار نزیکەی (٣١) کەسیانی لە سێدارەدا.

ڕووداوەکان پەرەیان سەند، لە کۆتاییەکانی ١٩٧٨ و سەرەتاکانی ١٩٧٩، هەموو بارەگاکانی حیزبی شیوعیی عێراقی داخران، تەنها بارەگای ڕۆژنامەی (طريق الشعب) مایەوە. هەر لەو قۆناغەدا حیزبی بەعس بە ئامانجی زیندووکردنەوەی هاوپەیمانییەتەکە، هەنگاوەکانی بەرانبەر بە حیزبی شیوعی خاوکردەوە. لەوەشدا هەم بارودۆخی ناوخۆی حیزب هەمیش فشاری دەرەکی کاریگەریان هەبوو. سەددام حوسێن کە بوو بە کەسی یەکەمی وڵات داوای لە حیزبی بەعس کرد گفتوگۆ دەست پێی بکەنەوە. لە وەڵامدا حیزبی شیوعی چەند داواکارییەکی هەبوو لە وانە: ڕاگرتنی هەڵمەتەکانی گرتن و کوشتن، کۆتایی هێنا بە قۆناغی گواستنەوە، نووسینی دەستووری هەمیشەیی، لەگەڵ هێناکایەتی ژیانێکی دیموکراسیانە. لە بەرانبەردا وەڵامی حیزبی بەعس ڕەخنەیەکی زۆری بێ سەر و بەر بوون، ئەنجام ڕۆژنامەی حیزبی شیوعی لە دەرچوون قەدەغە کرا، وەزیرەکانی حیزبی شیوعی لە حکوومەت کشانەوە، ژمارەیەکی زۆری کادیر و ئەندامانی حیزبی شیوعی شارەکانیان بەجێهێشت و ڕوویان کردە کوردستان یان دەرەوەی عێراق. دواجار لە تەمووزی ١٩٧٩ کۆمیتەی ناوەندی حیزبی شیوعی لە کۆبوونەوەیەک لە شاری براغ پایتەختی چیکوسلۆڤاکیا بەڕەسمی کشانەوەی خۆی لە هاوپەیمانییەتی لەگەڵ حیزبی بەعس ڕاگەیاند.

## باسی پێنجەم: هەوڵەکان بۆ گۆڕینی دەسەڵات

### یەکەم: هەوڵەکەی لیوا عەبدولهادی ڕاوی

لە ٧ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٨ واتە چەند ڕۆژێک دوای گەیشتنی ئەحمەد حەسەن بەکر و سەددام حوسێن بە دەسەڵات، ئەو دەنگوباسانەی لە لە بەغداوە دەگەیشتنە بەیروت، ئەوەیان ئاشکرا دەکرد، دەسەڵاتەکەی حیزبی بەعس لە عێراق توانیویەتی نوشستی بە هەوڵێک بۆ گۆڕینی ڕژێم بهێنێت. بەهۆی ئەو ڕووداوە زیاتر لە (٨٠) ئەفسەری پلە جیاواز لەناو سوپا و خەڵکی مەدەنی دەستگیرکران و ڕەوانەی دادگا کران. بەپێی هەواڵەکان هێزێکی سەربازی ڕژێم چەند سەعاتێک بەر لە ئەنجامدانی کودەتایەک لە کاتی کۆبوونەوە بۆ جێبەجێکردنی پلانەکەیان لە ڕۆژی (٢٨/ئەیلوولی/١٩٦٨) پەلاماری کۆمەڵێکیان داوە. سەرکردەی ئەو کۆمەڵە لیوای خانەنشین عەبدولهادی ڕاوی بوو، لەو کارە هەردوو ئەفسەری پلە باڵا لیوا عارف عەبدولڕەزاق، موقەدەم سوبحی عەبدولمەجید هاوکاربوون.

هادی ڕاوی پێشتر لەگەڵ بزووتنەوەی نەتەوەخوازانی عەرەب بەشداری هەوڵێکی بەسەر ڕژێمەکەی حیزبی بەعس لەدوای ٨ی شوباتی ١٩٦٣دا کردبوو، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو بوو.

لە سەرەتایی ساڵی ١٩٦٨ ڕاوی بە هاوکاری هەریەک لە: سوبحی مەدحەت سەعد ئەفسەری پۆلیس، پارێزەر ئەحمەد جبوری، د. عەلی هاشمی و د. نەزار تەبەقچەلی مامۆستایانی زانکۆ، لەژێر ناوی کۆمەڵەی سندوقی هاوکاری عەرەب کۆمەڵەیەکیان دامەزراند، ئەرکی بنچینەیی کۆمەڵەکە کۆکردنەوەی پارە و یارمەتی بوو بۆ خەڵکی عەرەبی فەڵەستین و پشتگیریکردنی کێشەی فەڵەستین. لەوانی بوونە ئەندامی کۆمەڵە ئەیاد ئەعرەجی ناوێک بوو، کە دواتر دەرکەوت پەیوەندی بە دەزگا ئەمنییەکانی حکوومەت هەبووە.

لەو ماوەیەدا عەبدولهادی ڕاوی لە ڕێگای ئەعرەجییەوە نامەیەک بۆ عەبدوللەتیف کەمالی ناوێک دەنێرێت[٢٥٧]، لەنامەکەدا داوای کردبوو کەمالی بۆ بەدەستهێنانی پشتگیری لەکاتی بەرپاکردنی کودەتا دژ بە ڕژێمی بەعس لە عێراق هەڵسێت بە پەیوەندیکردنی لەگەڵ ڕژێمەکەی حافز ئەسەددا. لێرەدا کاتێک کەمالی وەڵامی نامەکە دەنێرێتەوە، ناوەرۆکی هەردوو نامەکە دەگاتە دەست دەزگای ئەمنییەکانی عێراق، بۆیە هەر دوا بەدوای ئەو زانیاریانە لەلایەن دەزگا ئەمنیەکانی حکوومەتی بەغدا هەڵمەتی دەستگیرکردن دەست پێدەکات و هەریەک لە: لیوا عەبدولهادی ڕاوی و سوبحی مەدحەت، لەگەڵ: محەمەد حەسەن یاسین، سەلیم مەجول، ئەیاد ئەلبیر، مەزهەر وەیس، عەبدوللەتیف کەمالی و ژمارەیەکی گەورەی عەسکەری و مەدەنی دەستگیر دەکرێن و هەموویان بەرەو ڕووی لێکۆڵینەوە و ئەشکەنجەدان دەبنەوە و پاشان ڕەوانەی دادگا دەکرێن. ئەنجام عەبدولهادی ڕاوی بۆ ماوەی (٧) ساڵ بڕیاری زیندانی بۆ دەردەچێت و ئەوانی دیکەش بە ماوەی جیاواز زیندانی دەکرێن[٢٥٨].

**دووەم: پیلانەکەی لیوا ڕوکن عەبدولغەنی ڕاوی ناسراو بە غەزال**

لە ئێوارەی ٢٠ی کانوونی دووەمی ١٩٧٠ لە ڕادیۆی بەغداوە بەیاننامەیەکی ڕەسمی لەلایەن حکوومەتی عێراق بڵاوکرایەوە. باس لەوە دەکات کۆمەڵە کەسانێکی عەسکەری و مەدەنی بەپاڵپشتی حکوومەتی ئێران و هەواڵگری ئەمریکا، هەوڵیانداوە کودەتایەکی سەربازی لە بەغدا بۆ گۆڕینی حکوومەت ئەنجام بدەن، لەم بارەوە هەردوو حکوومەتی ئەمریکا و ئێران ئامادەیی خۆیان بۆ هەر هاوکارییەک پیشانداوە.

بەپێی زانیارییەکان، وەک ئامادەکارییەک بۆ کودەتاکە فەرمانبەرێکی باڵیۆزخانەی ئێران لە شاری بەغدا بۆ پەیوەندیکردن و ڕێکخستنی کار و

---

(٢٥٧) ناوبراو فەرمانبەر بوو لە باڵیۆزخانەی عێراق لە دیمەشق و سەر بەڕەوتی نەتەوەخوازانی عەرەبی بووە.

(٢٥٨) سيف الدين الدوري، الانقلابات العسكرية والصراع على السلطة في العراق الجمهوري، ص٢٧٩.

چالاکییەکان لەنێوان حکوومەتی شای ئێران و پیلانگێران تەرخانکراوە. یەکەم پەیوەندی لەنێوان هەردوولا لە ڕۆژی ١٥ی نیسانی ١٩٦٩ لە بەغدا سازکراوە، پێشتریش لە شەوی ٢٨ی کانوونی دووەمی ١٩٦٩ پەیوەندییەک لەنێوان نوێنەرێکی پیلانگێران و بەڕێوەبەری دەزگای هەواڵگری ئێران دکتۆر فەرزین لە وڵاتی کوەیتەوە و بە ئامادەبوونی باڵیۆزی ئێران ئەنجامدراوە. لەو چاوپێکەوتنە دکتۆر فەرزین ئامادەیی حکوومەتی ئێرانی دەربڕیوە بۆ هاوکاری، هەروەها هانی پیلانگێرانیداوە پەلە بکەن لە کارەکانیان، ئەوەشی دەربڕیوە، کە ئەمریکا گرینگییەکی زۆری بەو کارە داوە.

دواتر چەندین دانیشتن و کۆبوونەوە لەنێوان هەواڵگری ئێران و گروپی پیلانگێران ئەنجامدراوە، لەو کۆبوونەوانە، ڕێککەوتوون لەسەر ئەوەی حکوومەتی ئێران بە چەک و پارە یارمەتیان بدات. ئەنجام لە ١٥ی تشرینی دووەمی ١٩٦٩ بڕی یەک هەزار ڕەشاش لەگەڵ (٢٥٠) هەزار فیشەکیان بۆ ڕەوانەکراوە و لە چەند شوێنێکی ناو شاری بەغدا شاردراوەنەتەوە. هەروەها لە ١٥ی کانوونی یەکەمیش بەشێکی دیکەی چەک ڕەوانە کراوە، کە بریتی بووە لە دوو هەزار ڕەشاش و ٦٥٠ هەزار فیشەک. هەر بەهۆی باڵیۆزخانەی ئێران لە بەغداوە، دووجار پارە گەیشتووتە دەستی پیلانگێران، جاری یەکەم بڕی (١٠) هەزار دینار و جاری دووەمیش بڕی (٥٠) هەزار دینار بووە، پاشان دوو ئامێری بیتەڵ گەیشتۆتە دەستی پیلانگێڕان.

گروپی پیلانگێڕان بەسەرکردایەتی عەبدولغەنی ڕاوی لەناو شاری بەغدا لە دوو شوێن کۆدەبوونەوە، یەکەمیان ماڵی دکتۆر حەسەن خەفاف لە گەڕەکی (مەنسور)، دووەمیشیان ماڵی دکتۆرە فاتیمە خەراسانی لە گەڕەکی کەڕادە. ئیدی ڕۆژی ٢٠ی کانوونی دووەمی١٩٧٠ دیاریکراوە بۆ ئەنجامدانی کودەتاکە[٢٥٩].

بەپێی چەند سەرچاوەیەک ڕژێمی بەعس لە سێ سەرچاوە زانیاری لەسەر پیلانەکە بەدەست گەیشتووە:

١. بەهۆی دکتۆر حەسەن خەفاف، ناوبراو خزمایەتی لەگەڵ جەواد هاشم وەزیری پلاندانانی حکوومەت هەبووە، هاتۆتە لای و باسی پیلانەکەی

(٢٥٩) شامل عبدالقادر، مؤامرة عبدالغني الراوي، الطبعة الاولى، (بغداد، ٢٠١٩)، ص٢٠.

بۆ گێڕاوەتەوە، ئەویش هەواڵەکەی گەیاندۆتە ئەحمەد حەسەن بەکرد سەرۆک کۆمار.

٢. ڕێگای دووەم، باڵیۆزخانەی یەکێتیی سۆڤییەت لە شاری بەغدا.

٣. ڕێگای سێیەم، نەقیب فازیڵ بەڕاک، ناوبراو تێکەڵی گرووپی پیلانگێران بووە، لەهەمان کاتدا هەموو زانیارییەکانی گەیاندۆتە سەددام حوسێن و بەرپرسە باڵاکان، (بۆیە دواتر بەڕاک بوو بە بەڕێوەبەری گشتی ئاسایش) [٢٦٠].

ڕۆژی ٢٠ی کانوونی دووەمی ١٩٧٠ کاتژمێر (٨) سەر لە بەیانی هەنگاوی یەکەمی کودەتا دەستپێکرد، دەبوایە (٥٠) چەکدار بەسەرکردایەتی عەقید ساڵح سامەڕایی هێرش بکەنە سەر کۆشکی کۆماری، لەلایەن نەقیب فازیڵ بەڕاکەوە ڕێیان بۆ ئامادە بکرێت و بگەنە سەرۆک کۆمار و دەستگیری بکەن. بەڵام کاتێک ئەو هێزە دەگاتە بەردەم کۆشکی کۆماری و دەرگایان بۆ دەکرێتەوە، ئەوا هێزەکانی دەسەڵات پێشتر هەموو ئامادەکارییەکیان هەبووە بۆ دەستگیرکردنیان و تێکشکاندنی هەوڵەکەیان، خودی نەقیب فازیڵ بەڕاک لەو کارە بەشداریکردووە، بۆیە لەماوەیەکی کەم هەموو ئەو هێزەی هێرشیان هێنابوو چەک دەکرێن و دەستگیر دەکرێن. پاشان سەرکردە و ئەندامانی دیکەی پیلانەکە هەر یەکە لە شوێنی خۆیان دەستگیر دەکرێن و کودەتاکە بە نوشستی هێنان کۆتایی دێت. وەلێ ئەوەی تەنیا دەرباز دەبێت لیوا عەبدولغەنی ڕاوی سەرکردەی کوتادەکەیە، کە دەتوانێت خۆی بگەیەنێتە دەرەوەی عێراق.

لە ڕۆژانی دواتر، دادگایەکی تایبەت بە سەرۆکایەتی تەها جەزراوی بۆ دادگاییکردنی تاوانباران پێکدێت، دادگاکە یەک ڕۆژدا خانەیەنێت و بڕیاری کوشتنی (٨١) کەسی عەسکەری و (٤) کەسی مەدەنی ڕاستەوخۆ جێبەجێدەکرێت[٢٦١].

---

(٢٦٠) احمد الحبوبي، تفاصيل عملية الغزال ١٩٧٠، مجلة اوراق من ذاكرة العراق، العدد (٤٥)، (بغداد، ٢٠١٦/١/١٥)، ص٦.

(٢٦١) شامل عبدالقادر، مؤامرة عبدالغني الراوي، ص٢١.

## سێیەم: پیلانەکەی نازم کزار[٢٦٢]

لە ئێوارەی ١ی تەمووزی ١٩٧٣ ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بەیاننامەیەکی لە ئێزگەی بەغداوە بڵاوکردەوە، تێیدا هاتبوو لە ڕۆژی ٣٠ی حوزەیران بەڕێوەبەری ئاسایشی گشتی نازم کزار لە نزیک سنووری عێراق ئێران دەستگیر کراوە، لەبەر ئەوەی ناوبراو هەڵساوە بەڕفاندنی حوماد شەهاب وەزیری بەرگری، سەعدوون غێدان وەزیری ناوخۆ و لیوا عەدنان شەریف فەرماندەی هێزەکانی کۆشکی کۆماری[٢٦٣].

لیوا عەدنان شەریف دەربارەی پیلانەکەی نازم کزار، هەندێک ڕووی ئەو پیلانە ئاشکرا دەکات و دەڵێت: "**نازم چەند دەستە و گروپێکی لە هێزەکانی ئاسایشی گشتی بە فەرماندە مولازم حەسەن موتێری لەناو فڕۆکەخانەی بەغدا لە چەند شوێنێک جێگیرکرد بوو، لە چاوەڕوانی گەیشتنەوەی سەرۆک کۆمار ئەحمەد حەسەن بەکر بوو، ئامانجی کوشتنی ئەو و سەددام حوسێن و هەندێک کەسانی دیکەی نزیک لە وان بوو، بەڵام لەبەر ئەوەی فڕۆکەکەی سەرۆک کۆمار چەند کاتژمێرێک دوا کەوت بێ ئەوەی هۆیەکەی بزانرێت، بۆیە نازم ترسی پێگەیشت و وایزانی پیلانەکەی ئاشکرا بووە. لەو سەروبەندەدا بڕیاریدا هەڵبێت بەرەو سنووری ئێران و ئەو چەند کەسەی وەک بارمتە لەگەڵ خۆی بردوو هێزەکەی لەناو فڕۆکەخانە کشاندەوە**".

---

(٢٦٢) نازم کزار، ساڵی ١٩٤٠ لە عیمارە لەدایکبووە، پاشان لەگەڵ خێزانەکەی چووە بۆ بەغدا، دەرچووی قوتابخانەی پیشەسازییە، ساڵی ١٩٦١ بەهۆی پەیوەندی بە حیزبی بەعس گیراوە، دوای کودەتای ٨ی شوباتی ١٩٦٣ بە بەرپرسی لێژنەی لێکۆڵینەوە دانراوە. ساڵی ١٩٦٨ دوای گەڕانەوەی حیزبی بەعس بۆ دەسەڵات، پلەی لیوای پێدەدرێت و بە بەڕێوەبەری گشتی ئاسایش دادەنرێت. ساڵی ١٩٧٣ هەوڵی کودەتایەک دەدات بەسەر دەسەڵاتەکەی ئەحمەد حەسەن بەکر و سەددام حوسێن، بەڵام سەرکەوتوو نابێت و دەکوژرێت. هادي حسن عليوي، رجالات العراق الجمهوري من عبدالكريم قاسم الى صدام حسين، ص ٢٩٩.

(٢٦٣) نازم کزار لەبەر ئەوەی بەرپرسی حیزبی هەرسێکیان بووە، داوای لێکردوون بۆ هەدێک کاروباری حیزبی ئامادە بن.

بەکری سەرۆک کۆمار، کاتێک گەیشتەوە فڕۆکەخانە، سەددام حوسێن و چەند وەزیر و بەرپرسێکی باڵای حیزبی بەعس لە پێشوازیدا بوون، بەڵام ئەوەی سەرنجی ڕاکێشا ئامادە نەبوونی هەردوو وەزیری بەرگری و ناوخۆ بوون، کە دوو کەسی نزیکن لە خۆی، دیارە ئەوەی لە سەددام پرسیوە و ئەویش لە ڕێگا بەرەو کۆشکی کۆماری لە ڕووداوەکە ئاگاداری کردۆتەوە(٢٦٤).

هاوکات لەگەڵ ئەوەدا فڕۆکەی هەلیکۆپتەری شەڕکەر بەشوێن نازم و تاقمەکەی دەگەڕان، لە دەوروبەری ئێوارەی ئەو ڕۆژە هێزەکەی نازم گەیشتبوونە نزیک سنوور و لە خانویەکی چۆڵدا خۆیان حەشار دابوو. کاتێک فڕۆکەکان بەسەریاندا دەسووڕێنەوە تەقەی لێ دەکەن بەوەش شوێنی خۆیان ئاشکرا دەکەن، ئەنجام هێزێکی دیکە بەرەو شوێنەکە دەکەوێتە ڕێ و دەوریان دەگیرێت. بەپێی سەرچاوەکان نازم بەو ئامێرە بێتەلەی هەڵیگرتبوو پەیوەندی بە کۆشکی کۆمارییەوە دەکات و داوای ڕێککەوتن دەکات، بەڵام ئەو مەرجانەی خستیبوویە ڕوو قبوڵ نەکران.

لێرەدا مەرجەکانی نازم، لە چەند خاڵێکدا دەخەینە ڕوو:

١. چاکسازی و پاکسازی لە دەزگاکانی دەوڵەت بکرێت و خزمەکانی ئەحمە حەسەن بەکر و سەددام حوسێن دوور بخرێنەوە.
٢. سوپای عێراق بۆ بەرەی ڕۆژهەڵات فەڵەستین ڕەوانە بکرێن.
٣. کێشەی کورد بە مەرجی پارێزگاریکردن لە خاکی عێراق چارەسەر بکرێت.
٤. کۆنگرەی حیزب لە عێراق لە ماڵی عەبدولخالق سامەڕایی(٢٦٥) ئەنجام بدرێت.

---

(٢٦٤) شامل عبدالقادر، ناظم كزار، الطبعة الاولى، (بغداد، ٢٠١٤)، ص١٨٤.

(٢٦٥) عەبدولخالق سامەرائی، ساڵی ١٩٣٥ لە مووسڵ لەدایکبووە. ١٩٦٤ بووە بە ئەندامی سەرکردایەتی حیزبی بەعس، لەنێوان (١٩٦٩-١٩٧٣) ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بووە، لەنێوان (١٩٧٣-١٩٧٩) بەهۆی تاوانبارکردنی بە پەیوەندی لەگەڵ نازک کزار زیندانی کراوە. ساڵی ١٩٧٩ بڕیاری کوشتنی بەسەردا جێبەجێ کراوە. د.حسن لطيف الزبيدي، موسوعة الاحزاب العراقية، ص ٤٠٧.

نـازم دوای ئەوەی داواکارییەکـانی قبـوڵ نەکـران، بڕیاریـدا هەرسـێ بارمتەکەی لای بکوژێت، داوای لە پاسەوانەکانی خۆی کرد ئامادەیان بکەن، بەدەمـانچەکەی خـۆی تەقەی لێکـردن، ئەنجـام حومـاد شـەهاب بە بریـنداری گیـانی سـپارد، سـەعدوون غێدان تەنیـا بریـندار بـوو، هەرچـی لیـوا عەدنـان شەریف بوو لەبەر ئەوەی خۆی خست برینداریش نەبوو. نازم وایزانی هەر سێکیان مردوون.

دوای شـەڕە تەقەیەکی کەم لەگەڵ ئەو هێزەی هێرشـی هێنـابوو، نـازم بریندار دەبێت و هێزەکەی خۆیان دەدەن بەدەستەوە، ئیدی نازم بە فڕۆکەی هەلیکوپتەر بەرەو قەسری نیهایە گوازرایەوە و لە نووسینگەکەی خۆی پاڵیان خسـت. لەو کـاتەدا بەشـێک لە ئەنـدامانی سـەرکردایەتیی حیزبی بەعـس وەک تەها یاسین ڕەمەزان(٢٦٦)، عیززەت دوری، نەعیم حەداد، محەمەد مەحجوب و غـانم عەبـدولجەلیل ئامـادەبوو. سـەددام حوسـێن پێشـووتر بەتەنهـا چـاوی پێکەوتبوو، هەنـدێک گفتوگۆی دەربـارەی ئەو کـارەی پێـی هەڵسـا بـوو لەگەڵ کردبـوو. تەهـا یاسـین بەقسـە و جنێو ڕووی لە نـازم کـرد، هەروەهـا ئەوانـی دیـکەش، ئیـدی هەمـوو کەوتـنە لێدانی، نـازم خـوێنی لەبەر دەڕۆیشـت لەپڕ چاوی کردەوە و داوای لێکردن کە لێی نەدەن، و پێی وتـن، ئەو کە بەو کـارە هەڵساوە ئەوە لەپێناو ئەوان بووە، لەپێناو حیزب بووە، لەبەر ئەوەی ئەحمەد حەسـەن بەکـر و سـەددام حوسـێن هەمـوو دامودەزگاکـانی حکـوومەت و حیزبیان لە خزم و عەشیرەتی خۆیان پڕ کردووە، حیزب ڕۆڵی نەماوە، نـازم

(٢٦٦) تەها یاسین ڕەمەزان ساڵی ١٩٣٩ لە شاری مووسڵ لەدایکبووە، سەرەتای لە سوپای عێراقی پلەی عەریف بووە، ساڵی ١٩٦٣ لە ڕێکخستنە سەربازییەکانی حیزبی بەعس کاری کردووە، ساڵی ١٩٦٨ پلەی سەربازی بەرز بۆتەوە وەک ئەفسەرێک بە پلەی (ڕەئیس) لەناو سوپا کاری کردووە. دوای کودەتاکەی ١٧ی تەمووزی ١٩٦٨ بووە بە ئەندامی سەرکردایەتی حیزبی بەعس. لەنێوان (١٩٧٢-١٩٧٦) وەزیری پیشەسازی بوو، ساڵی ١٩٧٩ جێگری سەرۆک وەزیران بووە، لەنێوان (١٩٩١-٢٠٠٣) جێگری سەرۆک و سەرکردەی سوپای جەیشی شەعبی بووە، دوای ڕووخانی ڕژێم دراوە بە دادگا و ساڵی ٢٠٠٧ بڕیاری لە سێدارەدانی بەسەردا جێبەجێکراوە. د. حسن لطیف الزبیدي، موسوعة الاحزاب العراقیة، ص ٢٦٩.

لە کۆتاییدا گوتی: من هەموو شتێکم دەربارەی سەددام زانیوە، تەنها یەک شت نەبێت، ئەویش ئەوەیە کێ پشتگیری دەکات، دواتر نازم لەو جێگایە کۆتایی بەژیانی هات[٢٦٧].

سەرکردایەتی حیزبی بەعس بۆ لێکۆڵینەوە و سزادانی تاوانبارانی ئەو ڕووداوە، بڕیاری بە پێکهێنانی دادگایەکی تایبەت بە سەرۆکایەتی عیززەت دوریدا. بڕیارەکانی ئەو دادگایە بە دووجار دەرچوون، لە جاری یەکەم بڕیاری کوشتنی (٢٢) کەسی لە نازم کزار و دەستە و تاقمەکەی دەرکرد. لە جاری دووەم، بڕیاری لە سێدارەدانی (١٤) کەسیدا لە وانەی لە دەرەوەی دەزگای ئاسایشی گشتین، ئەوەشیان بەبیانوی ئەوەی پەیوەندییان بە نازم هەبووە و ئاگادارییان لە پیلانەکە بوونە.

لەو کەسانەی بڕیاری کوشتنیان لەسەر دەرچوو:

١. عەبدولخالق سامەڕایی، پاشان بڕیاری کوشتنەکەی گۆڕا بۆ زیندانی هەتا هەتایی. ناوبراو ئەندامی سەرکردایەتی حیزب بوو.
٢. محەمەد فازیڵ، کە ئەندامی سەرکردایەتی بوو، بەڵام بڕیارەکەی لەسەر جێبەجێکرا.
٣. لە وانی دیکە کە بڕیاری کوشتنیان لەسەر جێبەجێکرا بریتی بوون لە: داود ڕوره نەقیب ئاسایش، مولازم ناسر فنجان سەعدوون، مولازم سەعدی سادق، مولازم حەسەن ئیبراهیم موتێری، مولازم محەمەد مەتەر حوسێن، مفەوەزی ئاسایش ناجی سالح موفەق، مفەوەزی ئاسایش ئیسماعیل عەبد محەمەد، مفەوەزی ئاسایش عەبدولهادی عەبدوللا، ئەمین عەبدوللا و فوئاد محەمەد حەمید[٢٦٨].

دەربارەی ئەو ڕووداوە، سەلاح عومەر عەلی ئەندامی سەرکردایەتیی حیزبی بەعس، دەڵێت:" **نازم کزار لەلایەن خودی سەددام حوسێن**

---

(٢٦٧) شامل عبدالقادر، قصة الحوار الذي داربين صدام وناظم كزار، مجلة اوراق من ذاكرة العراق، العدد (٥٤)، (بغداد، ٢٠١٦/١٠/١٥)، ص ١٥.

(٢٦٨) شامل عبدالقادر، ناظم كزار، ص ١٨٤؛ برزان التكريتي، محاولات اغتيال الرئيس، الطبعة الاولى، (بغداد، ١٩٨٤)، ص ٩١.

**ڕاسپێردرابوو سەرۆک کۆمار ئەحمەد حەسەن بەکر بکوژرێت، بەڵام نازم پلانی کوشتنی هەردووکیانی دانا، کزار گەیشتە ئەو باوەڕەی ئەو یارییەی سەددام و بەکر لەگەڵ یەکتر دەیگێڕن لەسەر حیسابی حیزبی بەعس دەبێت".**

بەرزان تکریتی، لە کتێبەکەی (محاولات أغتیال الرئیس)، دەنووسێت:" **پەیوەندی نێوان نازم کزار و هەریەک لە محەمەد فازیل و عەبدولخالق سامەڕایی لە سەرەتای دەست پێ کردنی بۆ لەناو بردنی ئەحمەد حەسەن بەکر و سەددام حوسێن بووە. چاوپێکەوتن و کۆبوونەوەکانی محەمەد فازیڵ و کزار ڕۆژانە بووە، هەر لە ڕێگای ئەوەوە هەموو بیرو بۆچوونەکانی عەبدولخالق سامەڕایی گەیشتوونەتە کزار**"(٢٦٩).

**باسی شەشەم: کۆنگرەی هەرێمایەتی حیزبی بەعس ١٩٧٩**

**یەکەم: پیلان دژی سەددام حوسێن**

بەرزان تکریتی برای سەددام حوسێن لە دایکەوە، لە کتێبەکەی (محاولات أغتیال الرئیس) بەم شێوەیەی خوارەوە باسی هەوڵی لە ناوبردنی سەددام حوسێن دەکات. سەرەتای ساڵی (١٩٧٥) لەناو ڕێکخستنەکانی حیزبی بەعس لە عێراق لە ئاستی باڵا لیژنەیەکی نهێنی پێکهاتبوو بۆ پشتگیری ڕژێمەکەی حافز ئەسەد لە سوریا، ئەندامانی لیژنەکە بریتی بوون لە: محەمەد عایش، محەمەد مەحجوب، غانم عەبدولجەلیل و عەنان حەمدانی. هەر چواریان ئەندامی سەرکردایەتی حیزب بوون لە عێراق(٢٧٠).

لیژنەکە کاری دەکرد بۆ خۆشکردنی بارودۆخ و ئامادەکردنی زەمینەی لەبار بۆ یەکگرتنەوەی هەردوو باڵەکەی حیزبی بەعس لە سوریا و عێراق، هەروەها هەوڵدان بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی یەکگرتوو لەنێوان هەردوولا، کە ئەحمەد حەسەن بەکر سەرۆکی دەوڵەت و حافز ئەسەدیش جێگری بێت.

لیژنەکە دەبوایە هەوڵبدات پەیوەندییەکانی لەسەر ئاستە جیاوازەکانی ناوخۆی حیزب فرەوان بکات، پەیوەندی بە کادیران بکات بە تایبەتی

---

(٢٦٩) برزان التكريتي، محاولات اغتيال الرئيس، ص٩١.

(٢٧٠) برزان التكريتي، محاولات اغتيال الرئيس، ص١٤١.

عەسکەرییەکان. ئەو لیژنەیە بەشێوەیەکی نهێنی لە ڕێگای محەمەد عایش پەیوەندی بە مەحموود حەدید ناوێک هەبووە، ناوبراو سەرۆکی یەکێتیی کرێکارانی سوریا بوو، ئەو پەیوەندییانەشی لە کاتی کۆنگری کرێکارییە نێو دەوڵەتییەکان ئەنجام دەدرا بۆ ئەوەی جێگای سەرنج ڕاکێشان و گومان نەبێت.

هەر لەو ساڵەدا واتا ١٩٧٥ محەمەد عایش کاتێک سەردانی سوریای دەکات لە وێدا چاوی دەکەوێت بە ئەحمەد زەنوون ناوێک، ناوبراو بەرپرسی کاروباری عێراقییەکان بووە لە سوریا، لە میانەی ئەو چاوپێکەوتنە محەمەد عایش بەناوی لیژنەی نهێنی نامەیەکی بۆ سەرۆکی سوریا حافز ئەسەد ناردووە، دوای ماوەی یەک مانگ وەڵامەکەی گەڕاوەتەوە، وەڵامەکە لەبەر ئەوەی ئەرێنی بووە، جێگای دڵخۆشی ئەندامانی لیژنەکە بووە.

لەو نامەیەدا محەمەد عایش داوای کرد بوو حافز ئەسەد پشتگیرییان بکات لە کارەکانیان، دیارە وەڵامەکەشی ئامادەیی سوریای پیشانداوە لە هەر هەنگاوێک، کە ببێتە هۆی دروستبوونی دەوڵەتی یەکگرتوو، هەروەها یەکگرتنەوەی هەردوو باڵەکەی حیزبی بەعس لە عێراق و سوریادا.

دوای ماوەیەک شێوازی پەیوەندی نێوان لیژنەی نهێنی و ڕژێمی سوریا گۆڕانی بەسەر داهات، عەقید حوسێن، کە لە بالیۆزخانەی سوریا لە بەغدا کاری دەکرد بووە ئامرازی پەیوەندی نێوان هەردوولا، ناوبراو داوا و ڕێنماییەکانی حکوومەتی سوریای بە لیژنەکە دەگەیاند، هەروەها لیژنەکەش بەهۆی غانم عەبدولجەلیل، کە بەرپرسی نووسینگەی سەددام حوسێن بوو، هەموو زانیارییەکانی دەگەیاندە لایەنی سوریا.

لەو ماوەیەدا لیژنەکە بەهۆی مونیف ڕەزاز ئەندامی سەرکردایەتی نەتەوەیی حیزبی بەعس، هەندێک زانیاریان پێگەیشت، کە لە کۆبوونەوەیەک بە ئامادەبوونی: ئەحمەد حەسن بەکر، سەددام حوسێن، عیززەت ئیبراهیم دوری، تاریق عەزیز، باسی ئەوە کراوە، کە ئەحمەد حەسەن بەکر بەهۆی خراپی باری تەندروستی نیازی ئەوەی هەیە دەست لە کار بکێشێتەوە.

ئەم هەواڵە لەلایەن ئەندامانی لیژنەی نهێنی لێکدانەوەی بۆ کرا، هەروەها بەباشیان زانی ڕێگا خۆشکەربێت بۆ ئەوەی دەوڵەتی یەکگرتووی

نێوان عێراق و سوریا دروست بێت و حافز ئەسەد بەپێی پەیمانی نەتەوەیی ببێتە سەرۆک، بەڵام پرسیارێک پێویستی بە وەڵامدانەوە بوو، هەڵوێستی سەددام حوسێن چۆن دەبێت؟ لەبەر ئەوەی بەپێی یاسای دەوڵەت سەددام جێگری سەرۆک کۆمارە. لە کۆبوونەوەکانی لیژنەی نهێنی باس لەوە کرا هەوڵبدرێت گۆڕانێک ئەنجام بدرێت و کۆتایی بە ڕۆڵی سەددام حوسێن بهێنرێت.

لەو ماوەیەدا ئەندامێکی لیژنەی نهێنی توانی فەریق ڕوکن وەلید مەحموود سیرت فەرماندەی فەیلەقی دووەمی سوپای عێراق بۆلای خۆیان ڕابکێشێت، بەمەش محەمەد عایش داوای لەو فەرماندەیە کرد توانا سەربازییەکانی بۆ ئەنجامدانی کودەتایەک ڕوون بکاتەوە. فەرماندەی ناوبراو داوای کردبوو دەرفەتی پێ بدرێت بۆ چەند مانگێک تا باشتر خۆی ئامادە بکات، هەروەها پێشنیازی کرد لەگەڵ حافز ئەسەد قسەبکرێت لە کاتی پێویست بەهێزی ئاسمانی هاوکارییان بکات، دیارە ئەنجامی پەیوەندییەکانیان بە ڕژێمی سوریا بە ئەرێنی وەڵامی هاتوتەوە.

لیژنەکە بۆ سەرپەرشتیکردنی پیلانی گۆڕانکارییەکە، ئەو ئەرکەی بە محەمەد عایش و غانم عەبدولجەلیل سپارد، پلانەکەشیان لە چەند خاڵێکدا کورت کردەوە:

١. دوورخستنەوەی ئەحمەد حەسەن بەکر لە سەرۆکایەتی کۆمار و بەندکردنی.
٢. کوشتنی سەددام حوسێن.
٣. بڕینی کارەبا و هێڵی تەلەفۆن لە دامودەزگا سەرکردایەتییەکان.
٤. بەرپاکردنی خۆپیشاندانی جەماوەری لە شەقامەکانی شاری بەغدا.

بەرزان تکریتی درێژە بەقسەکانیدەدات و دەڵێت: لە ڕۆژی ١١ی تەمووزی ١٩٧٩ داوا لە ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و سەرکردایەتی حیزبی بەعس کرا کۆبوونەوەیەکی هاوبەش ئەنجام بدەن، لەو کۆبوونەوەیەدا ئەحمەد حەسەن بەکر داوای کرد ئەرکی سەرۆکایەتی دەوڵەتی لێوەربگیرێت لەبەر ئەوەی تەندروستی ناتەواوە و وەک پێویست

ناتوانێت بە ئەرەکەکانی هەستێت. ئەنجام داواکەی دەخرێتە دەنگدان و کۆی ئەندامان ڕازی دەبن لەسەری. بەڵام لە کۆبووەوەی ڕۆژی ١٢ی تەمووز محی مەشهەدی داوا دەکات چاوێک بە بڕیارەکەدا بخشێننەوە، لەبەر ئەوەی پەلەی لێکراوە. داواکەی مەشهەدی دەبێتە جێگای سەرنج ڕاکێشان و کارێکی نامۆ، محی هەست بە حالەتێکی نائاسایی دەکات و وا تێ دەگات، کە بۆتە جێگای گومان، لەسەر لاپەرە کاغەزێک دێرێک بۆ محەمەد عایش دەنووسێت:" **من ڕۆڵم ئاشکرا بووە واباشترە دەس لە کار بکێشمەوە**"، بەڵام عایش لەسەر هەمان لاپەڕە وەڵامی دەداتەوە: "**بۆ پەلە دەکەیت، دەتەوێت دۆخەکە بەسەرمان بتەقێتەوە**". ئەو پەرە نووسینە دەکەوێتە دەستی پیاوانی سەددام و بووە بەڵگەی ئاشکرابوونی پیلانەکە. ئەمە پوختەی نووسینەکەی بەرزان تکریتی بوو.

ئەو ڕووداوە لایەن و بەشێک لە چاودێران و سیاسەتمەدارانی ئەو سەردەمە، بیروڕای جیاوازیان لەسەری هەیە. بەشێک دەڵێن هەر جۆرە پیلان و کودەتایەک بوونی نەبووە، بەڵکو سەددام حوسێن دۆخەکەی بە هەلزانیوە بۆ ئەوەی بگاتە پێگەی یەکەم لە دەوڵەت و ئاواتەکانی بەدی بهێنێت و ناحەزەکانی لەناو بەرێت، بەڵکو ئەوەی سەددام کردی کودەتایەک بوو بەسەر هاوڕێکانی.

کاتێک سەددام حوسێن دەسگیر کرا لەلایەن هێزەکانی ئەمریکا لە ١٣ی کانوونی یەکەمی ٢٠٠٣، لەلایەن ئەفسەرەکانی هەواڵگری ئەمریکاوە لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا دەکرا. لە میانەی ئەو لێکۆڵینەوەیە پرسیارێک لە سەددام حوسێن کرا دەربارەی دوورخستنەوەی ئەحمەد حەسەن بەکر لە دەسەڵات، سەددام حوسێن لە وەڵامدا وتی: ئەو بۆچوونە ڕاست نییە، کە من ئەحمەد حەسەن بەکرم لە دەسەڵات دوور خستبێتەوە، پەیوەندی من لەگەڵ بەکر زۆر دۆستانە بوو، من وەک باوک سەیری ئەوم کردووە و ڕێزم لێ گرتووە، بەکر نەخۆش بوو توانای بەڕێوەبردنی کاروباری دەوڵەتی نەمابوو. هەروەها درێژە بەقسەکانیدا و وتی، من دووجار ویستوومە لە دەسەڵات دووربکەومەوە، جاری یەکەمیان لە ٣٠ی تەمووزی ١٩٦٨ کاتێک عەبدولڕەزاق نایف و ئیبراهیم داود لە دەسەڵات دوور خرانەوە. جاری

دووەمیشیان ساڵی ١٩٧٤، بەڵام لە هەردوو جارەکە ئەحمەد حەسەن بەکر منی پەشیمان کردەوە[٢٧١].

تایە عەبدولکەریم ئەندامی سەرکردایەتی حیزبی بەعس و ئەندامی ئەو دادگایەی کە بۆ دادگاییکردنی ئەو کەسانە دیاریکرا لە چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ تەلەفزیۆنی (العراقیة) لە ١١ی ئازاری ٢٠٠٩، وتی: هیچ جۆرە پیلانێک دژی سەددام نەبوو، بە ڕاشکاوی و بۆ مێژوو دەیڵێم بەو کارەی سەددام، یەکێتیی عەرەب لە شا دەماری خوێنەوە پارچە پارچە کرا و کۆتایی پێ هات.

چەند سەرچاوەیەکی دیکە ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، کە سەرۆک کۆمار ئەحمەد حەسەن بەکر ناچار کرا بەوەی دەس لە کار بکێشێتەوە و ڕێگا بۆ سەددام خۆش بکات، ئەوە لەسەر ویستی خۆی نەبووە و بەشێک لە ئەندامانی سەرکردایەتی حیزبی بەعس وەک: محەمەد عایش، عەدنان حەمدانی، محی مەشهەدی، غانم عەبدولجەلیل و محەمەد مەحجوب ناڕازی بوون[٢٧٢].

**دووەم: دادگا و کۆتاییهێنان بە دۆخەکە**

بۆ ئەوەی بڕیار و ڕێکارییەکان شێوەیەکی ڕەسمی و یاسایی وەربگرن، ئەوا لەسەر بڕیاری سەددام حوسێن دادگایەکی تایبەت پێکهات لە: نەعیم حەداد-سەرۆکی دادگا و ئەندامێتی هەر یەک لە: سەعدوون شاکر، سەعدوون غێدان، تایە عەبدلکەریم، حەسەن عەلی، حیکمەت ئیبراهیم و عەبدوڵلا فازیڵ. کە هەر هەموویان ئەندامی سەرکردایەتی حیزبی بەعس بوون. دادگا لە ماوەی چەند ڕۆژێک کۆتایی بە کارەکانی هێنا و بڕیاریدا بە کوشتنی (٢٢) کەس وانەی تاوانبار بوون[٢٧٣].

---

(٢٧١) شامل عبدالقادر، كيف طرد البكر من رئاسة الجمهورية، مجله اوراق من ذاكرة العراق، العدد (٧٠)، (بغداد، ٢٠١٨/٢/١٥)، ص٤٦.

(٢٧٢) برزان التكريتي، محاولات أغتيال الرئيس، ص١٤١؛ اياد علاوي، بين النيران، الجزء الاول، ص١٤٩.

(٢٧٣) شامل عبدالقادر، مجزرة قاعة الخلد تموز ١٩٧٩، الطبعة الاولى، (بغداد، ٢٠١٢)، ص٢٤٥.

تاوانبارەکـان ژمارەیـان (٦٨) کەس بـوو، هەموویـان ئەنـدامی بەعـس بوون بە پلەی جیاواز، لەوانە (٢٢)یان ئەندامی سەرکردایەتی بوون، (١٥) یان کە بڕیاری کوشتنیان بۆ دەرچوو بریتـی بوون لە: عەبدولخالق سامەڕایی، محەمەد فازیڵ، عەبدولوەهاب کەریم، کەریـم شـێخلی، سـەلاح سـاڵح، فلەیح حەسەن جاسم، محەمەد عایش، محێ مەشهەدی شەمەری، عەدنان حوسێن، عەبـاس حەمـدانی، مـحەمەد مەحجـوب، غـانم عەبـدالجەلیل، مـورتەزا سـەعید عەبـدولباقی، کـوردی سـەعید عەبـدولباقی و فەریـق ڕوکـن وەلیـد مەحمـوود سیرت[٢٧٤].

دادگـا بڕیـای زینـدانیکردنی (٢٠) کەس لە ئەنـدامانی سـەرکردایەتی لقەکان بەماوەی جیاواز تا دەگاتە (١٥) ساڵ دا. زنجیرەی گرتن و زیندانی و دوورخستنەوە لە بەرپرسیاریەتی حیزبی و حکومی و کوشتن بە شێوازی جیاواز، درێژەی کێشا تـا کۆتـایی مـانگی ئـابی ١٩٧٩، تـا ئەو مـاوەیە نـزیکەی (٥٠٠) کەسی دیکە بەر سزا کەوتن.

شـێوازی کوشـتنی ئەو (٢٢) کەسـەی ئاماژەمـان بـۆ کـردن وەک مێژوونووسـان باسـی دەکەن کارێـک بـوو لە مێـژووی مرۆڤـایەتی وێـنەی نەبووە، ئەو (٢٢) کەسە لە گۆڕەپانێکی نزیک مزگەوتی (ئوم التبول) لە شاری بەغدا هەریەکە بە ستوونێک بەستراونەتەوە، هەموو ئەندامانی سەرکردایەتی لقەکانی حیزب و کادیری پێشکەوتوو کۆکرابوونەوە و چەکدار بوون، هەر تاوانبارێک لەو (٢٢) کەسە لەلایەن گروپێکی کادیری حیزبی تەقەیان لێکراوە و کوژراون[٢٧٥].

ئەو بڕیـارەی سـەددام حوسـێن، پـاکردنەوەی ڕیزەکـانی بەعـس بـوو لەهەر جـۆرە بەرهەڵەسـتی و نـاڕەزاییەک، قۆنـاغێکی نـوێ بـوو لە ژیـانی سیاسی عێراق، ئەنجام دەسەڵاتی ڕەها کەوتە دەست سەددام حوسێن.

---

(٢٧٤) صباح ابراهيم، مجزرة الرفاق ١٩٧٩، مجلة اوراق من ذاكرة العراق، العدد (٨٤)، (بغداد، ١٥ نيسان ٢٠١٩)، ص ١٨.

(٢٧٥) اياد علاوي، بين النيران، الجزء الاول، ص١٤١.

**باسی حەفتەم: هەوڵی تیرۆرکردنی سەددام حوسێن ساڵی ١٩٨٢ لە دوجەیل**

لە ٨ی تەمـــووزی ١٩٨٢ ســـەددام حوســـێن، ڕووی لە شـــارۆچکەی دوجەیل کرد، کە دەکەوێتە باکووری شاری بەغدا بە دووری (٦٠) کم. دیارە ئەو سەردانە چەند هۆکارێکی لە پشتەوە بوو، دانیشتوانی شارەکە تێکەڵبوون لە خەڵکی سوننە و شیعە، بە ژمارە دە هەزار کەس دەبوون، کار و کاسبیان زیـاتر جوتیـاری و ئـاژەڵ بەخێـوکردن بـوو. وێـڕای ئەوەی ژمارەیەکیـان لایەنگری بەعـس بـوون، بەڵام ژمـارەیەکی زۆریـان پەیوەنـدییان بەحیزبـی دەعـوەی ئیسـلامی هەبـووە، کە دروشـمی ڕووخانـدنی ڕژێمـی سـەددامی هەڵگرتبوو.

دەتوانرێـــت بوترێـــت ئامـــانج لە ســـەردانەکە ســـەددام حوســـێن بەرپەرچـدانەوەی پڕوپاگەنـدەی ئێـران و حیزبـی دەعـوە بـووە دەربـارەی ئەوەی، کە خەڵکـی عێـراق دژی سـەددام و ڕژێـمەکەی دەوەسـتن. ئەوە لە لایەک، لە لایەکی دیکەوە ڕەنگە مەبەستیش ئەوە بووبێت قەبارەی نەیارەکانی حیزبی بەعس و ڕژێم بزانرێت.

دوای کۆتـایی هـاتنی بەرنامەکـانی سـەردانەکەی، کـاروانی سـەددام حوسـێن ڕووی بەرەو بەغـدا گەڕایەوە، لە دەروازەی دوجەیـل لەنـاو بـاغ و بێستانەکاندا لەچەند لایەکەوە بە چڕی تەقە لە کاروانی سەددام حوسێن کرا و چەند پاسەوانێک بریندار بوون. وەک باسکرا ئەو هێرشە بۆ سـەر سـەددام حوسێن لە تۆڵەی لە سێدارەدانی پیاوی ئاینی بەناوبانگی شیعە محەمەد باقر سـەدر بـوو. ئەوانەی بەشـداری هێرشـەکەیان کـرد ژمارەیـان (دە) کەسـێک دەبوون. تەقەکردن لەنێوان هەردوولا چەند سەعاتێکی خایاند، چەند کەسێک لە هێـرش بەرەکـان کـوژران و هەنـدێکیان برینـدار بـوون و دەسـتگیرکران و هەندێکیشان توانیان دەربازبن[٢٧٦].

بـۆ ڕۆژی دوایـی هێزێکـی گەورەی حکـوومەت هێرشـیان کـردە سـەر دوجەیـل لە هەمـوو لایەکەوە، ئەوانـی گومانیـان لەسـەر بـوو بەخێـزانەوە هەموویـان دەسـتگیرکران، بەپێـی سـەرچاوەکان تاکۆتـایی مـانگی ئەیلـوولی

(٢٧٦) د. كاظم حبيب، لمحات من عراق القرن العشرين، الجزء التاسع، ص٢١٧.

١٩٨٢ زیاتر لە (٣٩٣) پیاو لە تەمەنی (١٩) ساڵ بەسەرەوە دەستگیرکران، هەروەها (٣٩٤) ئافرەت و منداڵیش بەندکران، ئەوانە هەموویان خرانە ژێر لێکۆڵینەوە و ئەشکەنجە، ئەنجام (١٤٨) کەسیان ڕەوانەی دادگای شۆڕشی تایبەت کران. دادگاییکردنیان چەند مانگێکی خایاند، ئەوانی دیکە ڕەوانەی گرتو خانەی (لیا) کران لە بیابانی ڕۆژئاوای پارێزگای موسەننا، لە ماوەی دەستگیرکردنیان نزیکەی (٤٠) کەسیان لەژێر ئەشکەنجە مردن لەناویاندا (٧) کەس لەیەک خێزان بوون، ئەوانی ڕەوانەی گرتووخانەکەش کران نزیکەی (٤٠٠) کەس دەبوون، بەرەو ڕووی جۆرەها باری برسێتی و تینوێتی و ئەشکەنجە و نەخۆشی بوونەوە.

لە دادگای شۆڕشدا، ئەو (١٤٨) کەسەکەی ڕەوانە دادگا کرابوون، لە ٤ حوزەیرانی ١٩٨٢ بڕیاری کوشتنیان بەسەر جێبەجێکرا و سامان و موڵک و ماڵیشیان دەستی بەسەردا گیرا.

لە لایەکی دیکەوە هەموو ئەو باخ و بێستانانەی دەکەوتنە سەر ڕێگاکانی دەرەوەی دوجەیل تەختکران و دەستگیرا بەسەر زەوییەکاندا.

دوای ڕووخانی ڕژێمەکەی سەددام حوسێن ساڵی ٢٠٠٣، دادگایەکی تایبەت پێکهات لەژێر ناوی: (دادگای عێراقی باڵا بۆ تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی)، یەکەم دادگاییکردن تایبەت بوو بە تاوانی دوجەیل، تاوانبارەکان بریتی بوون لە: سەددام حوسێن سەرۆک کۆمار، تەها یاسین ڕەمەزان جێگری سەرۆک کۆمار، عەواد بەندر سەرۆکی دادگای شۆڕش، بەرزان تکریتی، سەرۆکی دەزگای هەواڵگری، عەبدوڵلا کازم بەرپرسی حیزبی دوجیل، موزهر عەبدوڵلا کازم بەرپرسی ئەمنی دوجیل، عەلی دایم عەلی ئەندامی حیزبی بەعس، محەمەد عەزاوی عەلی و خەڵکی شارۆچکەی دوجەیل.

دادگا دوای لێکۆڵینەوە و ڕێکارییەکانی، بڕیاریدا بە:

١. لە سێدارەدانی هەر یەک لە: سەددام حوسێن، بەرزان تکریتی، تەها یاسین ڕەمەزان و عەواد بەندەر.
٢. زیندانیکردنی هەر یەک لە: عەبدوڵلا کازم، موزهر عەبدوڵلا و عەلی دایم بۆ ماوەی (١٥) ساڵ.

٣. ئازادکردنی محەمەد عەزاوی عەلی.

دەزگای هیومان ڕایتس وتشی جیهانی، لە ڕاپۆرتێکی دوور و درێژیدا، تایبەت بەو دادگایکردنە، ڕەخنەی لە هەندێک کاری دادگا گرت و هەندێک کەموکوڕی خستۆتەروو:

١. هەڵسوکەوتەکانی دەسەڵات لە ئاست دادگاییەکە، لەسەربەخۆیی و بێلایەنی، بووە بە هۆی لاوازی دادگا.
٢. نەخستە ڕووی ئەو تاوانانەی، کە لە لیستێکی تەواو بە دوور و درێژی ئاراستەی تاوانباران کرابوو.
٣. بوونی خەوش کەموکوڕی لەبەڵگەکانی تاوانبارکردن و بێ تاوانی.
٤. خواردنی یەکێک لە مافە بنچینەییەکانی تاوانباران ، بە هۆی ڕووبەڕوونەکردنەوەی تاوانباران لەگەڵ شایەتەکان.
٥. پەلەکردن و هەڵە لە ڕەفتاری دادگاییەکە، ئەو حاڵەتە بێ لایەنی دادگا لاواز دەکات(٢٧٧).

**باسی هەشتەم: کودەتا شکستخواردووەکەی جبورییەکان ساڵی ١٩٩٠**

ئامانج لەو هەوڵە کۆتاییهێنان بەژیانی سەددام حوسێن و گۆڕینی ڕژێمەکەی بوو. وا بڕیاربوو هەوڵەکە ڕۆژی ٦ی کانوونی دووەمی ١٩٩٠ لە کاتی ئاهەنگگێڕان لە یادی دامەزراندنی سوپای عێراق ئەنجام بدرێت. ئەوانی پلانی کودەتاکەیان دارشت بوو بە زۆری لە ئەفسەر و سەربازانی ناو کۆشکی کۆماری بوون. نەقیب سەتم غانم جبووری سەرکردایەتی دەکرد، بزووتنەوەکەیان ناولێنا بزووتنەوەی شەشی کانوونی دووەم، ئەگەر ئەو هەوڵە سەرکەوتوو بوایە ئەوا پێشنیاز کرابوو لیوا ڕوکن محەمەد جەسان جبوری) بکرێتە سەرۆک کۆمار.

لە ڕۆژی یەک شەممە ٦ی کانوونی دووەمی١٩٩٠ کاتێک نمایشی سوپا بەبۆنەی دامەزراندنی ئەنجام دەدەن و یەکە سەربازییەکان لەبەردەم سەرۆک کۆمار سەددام حوسێن تێپەر دەبن، یەکەکانی پاسەوانی کۆماری بەشداری لە ئاهەنگەکە دەکەن، لەو کاتەدا چەند دەبابەیەکی پاسەوانی

(٢٧٧) د. كاظم حبيب، لمحات من عراق القرن العشرين، الجزء التاسع، ص٢١٨.

کۆماری ڕووی چەکەکانیان ئاراستەی شوێنی دانیشتنی سەددام حوسێن و هاوڕێکانی بکەن و بە توونـدی تەقەیـان لـێ بکەن، لە هەمـان کاتـدا چەنـد فڕۆکەیەکی شـەڕکەر هێـرش بکەنە سـەریان، لەلایەکی دیکەوە یەکەیەکی سـەربازی دەسـت بەسـەر ئیـزگە و تەلەفزیـۆن بگرێـت و بەیاننـامە و ئاگادارییەکـان بـڵاو بکـاتەوە، هەروەهـا هێزێکی دیکەی پاسـەوانی کۆمـاری دەست بگرێت بەسەر کۆشکی کۆماری، هەموو کارەکان لەیەک کاتدا ئەنجام بدرێن[٢٧٨].

ئاشکرایە پلانەکە توکمە بوو، بەڵام ئەوەی بووە هۆی ئاشکرا بوونی، ئەفسـەرێکی پاسـەوانی کۆمـاری سـەر بە گروپێکـی پلانگێـران، بەمەسـتی هاوکاری کردنیان باسی پلانەکەی بۆ برایەکی خۆی دەکات، کە ئەفسـەرە لە یەکەیەکی دیکەی سوپای عێراق، ئەو ئەفسەرە ڕاستەوخۆ هەواڵەکە دەگەینێتە دەزگای هەواڵگری، بۆیە یەکسـەر دەسـت دەکرێت بە دەسـتگیرکردنی چەنـد ئەفسـەرێک لەو تـاقمە و لە ڕۆژی ئاهەنگێرانەکەشـدا سـەددام حوسێن ئامـادە نابێت.

دوای لێکـۆڵینەوە، (١٣) ئەفسـەر بە پـلەی جیـاواز لەگەڵ ژمـارەیەک خەڵکی مەدەی بڕیاری کوشتنیان بەسەردا جێبەجێکرا[٢٧٩].

**باسی نۆیەم: ڕاپەڕینەکەی ئازاری ١٩٩١**

ئەو تێکشـان و دارمـانە تۆقێنەرەی تووشـی هێزەکـانی سـوپای عێـراق هـات لە وڵاتـی کوەیـت، کە خـۆی دەنوێنێـت لە حالەتەکـانی نەمـانی پەیوەندییەکانی نێوان یەکە سەربازییەکان و سەرکردایەتی و نەبوونی هەر بڕیارێـک بـۆ بەرچـاو ڕوونـی، سـەرەڕای وێرانبـوونی زۆربەی هۆیەکـانی گەیانـدن و گواسـتنەوە، هەڵاتنی هەزاران ئەفسـەر و سـەرباز و بەجێهێشـتنی بەرەکـانی جەنـگ، وێـران بـوون و پەککەوتنـی ژمـارەیەکی گەورەی چەکـی

---

(٢٧٨) شامل عبدالقادر، انقلاب المنصة ١٩٩١، مجلة اوراق من ذاكرة العراق، العدد (٨٤)، (بغداد، ٢٠١٩/٤/١٥)، ص٣٦.

(٢٧٩) رائد جعفر مطر، موسوعة شذرات المطر (http://raidmoter.blogspot.com).

قورس، تێشکان و پاشەکشەی نارێک و سەر لێشاوا و لەژێر هەڕەشەی هێرشی هێزی ئاسمانی هاوپەیمانان، سەرەڕای برسێتی و شەکەتی و بێورەیی و بێ ئومێدی و زاڵبوونی ترس، هەموو ئەوانە ڕەنگدانەوەی توونید و قوڵی پڕ ڕق و قینەی خوڵقاند لە ناخی هەزاران سەرباز و ئەفسەری ناو یەکە جیاوازەکانی سوپا، لە ناخ و دەروونی هەزاران هاوڵاتی، کە بەبەر چاویانەوە ڕۆڵە و کەس و کاریان بوونە سووتەمەنی جەنگی سەرکردەیەکی وەک سەددام حوسێن[٢٨٠].

لەگەڵ ڕاگەیاندنی بڕیاری شەڕ ڕاگرتن لە ٢٨ی شوباتی ١٩٩١، ناوچەی بەسرە پڕبوو لە هەزاران خەڵکی ناوچەکانی دیکەی عێراق، ئەوانە لە هەموو لایەکەوە لە شاری بەسرە گردببوونەوە بۆ پرسیارکردن و زانینی چارەنووسی کوڕ و براو کەس و کاریان، لە وانەی بۆ جەنگ ڕەوانەی کوەیت کرابوون، بەتایبەتی دوای تێشکان و کشانەوەی ئەو هێزانە.

بارودۆخەکە زۆر نالەبار و ڕق و قیناوی بوو، بەرانبەر بە ڕژێم و خودی سەددام حوسێن هەڵچوونی توونیدی پێوە دیار بوو، خەڵکی چاوەڕوانی هاندەرێک بوون بۆ ڕاپەڕین و تۆڵە کردنەوە لەو ڕژێمە، زەمینەی ڕاپەڕین و هۆکارە ناوخۆیی و دەرەکییەکانی پێگەیشتبوون، تەنها ئاگرێکی دەویست، ئەنجام پریشکی ڕاپەڕین لەسەر دەستی سەربازێکی ئاسایی لە ناوەڕاستی شاری بەسرە بەرپابوو.

لە یەکی ئازاری١٩٩١ کاتێک لەشکرە شکاوەکەی سەددام پۆل پۆل ڕوویان کردە بەسرە، سەربازێکی سەر یەکێک لە دەبابەکان کاتێک گەیشتە ناو شار، بەرەو ڕووی پەیکەرێکی گەورەی سەددام حوسێن بووەوە کە بە جل و بەرگی سەربازییەوە لە بەرانبەر بارەگایەکی حیزبی بەعس دروستکرابوو، سەربازەکە لە دەبابەکەی هاتە خوارەوە، بەهاوار و قسەی ناشرین ڕووی لە پەیکەرەکە کرد، ئەو سەربازە وەک هەزارانی دیکە، ئەوەندە باری دەروونی شڵەژابوو، ئەوەندە پڕ خەم و ئێش و ئازار بوو، ئەوەندە نارەحەتی و ڕووبەڕووی ترس ببۆوە و مردن ڕووی لە ژیانی

---

(٢٨٠) د. كاظم حبيب، لمحات من عراق القرن العشرين، الجزء العاشر، ص ١٨٧.

کردبوو، ئەوەندەی دیاردەی زوڵم و نا دادپەروەری هەست پێکردبوو، چیتر بەرگەی ئەو دۆخەی نەگرت کاتێک پەیکەرەکەی سەددامی بەرچاوکەوت، کە هۆکاری هەموو ئەوەی دەیچێژێت و بەرەو ڕووی دەبێتەوە، هەڵدەچێت، دژی سەددام و ڕژێمەکەی هاوار دەکات، هەڵوێستەکەی سەرنجی دەورووبەری خۆی ڕاکێشا و گردبوونەوە لە دەوریدا، هەموو هاواریان دەکرد و هێرشیان کردە سەر سەددام. سەربازەکە سەرکەوتەوە ناو دەبابەکەی و ڕووی لوولەی تۆپەکەی سووراند بەرەو پەیکەرەکەی سەددام و تەقەی لێکرد، پەیکەر پارچە پارچە بوو، گوڵە تۆپی ئەو دەبابەیە بەرزکردنەوەی مەشخەڵی ڕاپەڕین بوو، لە هەموو لایێکەوە هاواری دەستخۆشی لێکرا، بەدەنگی بەرز هاواریان دەکرد، **سەددام کۆتایی هات، سوپا هەمووی مرد**، ئەو هەڵچوون و گرژییە لەناو شاری بەسرە پەرەی سەند، جەماوەرێکی زۆری خەڵکی شارەکە ڕژانە شەقامەکان و بەدەنگی بەرز دژی ڕژێم هاواریان دەکرد[٢٨١].

خەڵکی، دەستە و کۆمەڵ دەستیانکرد بە هێرش کردن و پەلاماردانی بنکەکانی پۆلیس و بارەگا کانی حیزبی بەعس و دامودەزگاکانی حکوومەت و سوپا، زیندان شکا و بەندکراوەکان ڕزگاریان بوو. دەست بەسەر چەکی سووکدا گیرا. تالان و سووتاندنی دامەزراوەکانی حکوومەت پەرەیان سەند. شەڕو ڕووبەڕوو بوونەوە ڕوویاندا. شاری بەسرە کەوتە ژێر دەسەڵاتی جەماوەر. ئەو بارودۆخە و ڕووداوە شاری بەسرەی تێپەڕاند، زۆر بەخێرایی گەیشتە شارەکانی عیمارە، نەجەف، ناسرییە، کوت، حیللە و کەربەلا. ناوەڕاستی عێراق و باشووری کەوتە ژێر دەستی جەماوەری ڕاپەڕیو، هیچ دامودەزگایەکی حکوومەت دەوامی تێدا نەما بەسەدان پۆلیس و ئاسایش و بەرپرسی حیزبی و حکومی کوژران.

لە کوردستانیش، جەماوەر بەرێنمایی و ئاراستەکردنی حیزبەکان ڕاپەڕینیان دەست پێ کرد، سەرەتا لە شاری ڕانیە ڕوویدا، لە ٥ی ئازار ڕانیە ئازاد کرا، پاشان لە زۆربەی شار و شارۆچکەکان و ناوچە جیاجیاکان، هێرش کرایە سەر سەربازگەکان، بارەگاکانی حیزبی بەعس و دامودەزگاکانی

---

(٢٨١) عبدالهادي الركابي، وثائق لانموت، (بغداد، ٢٠٠٨)، ص٨٣.

ئەمن و ئاسایش و بنکەکانی پۆلیس، لە ٧ی ئازار شاری سلێمانی ئازاد کرا، لە ١١ی ئازار هەولێر و لە ٢١ی ئازار کەرکووک، هەروەها شار و ناوچەکانی دیکەی کوردستان.

ئەنجام، لە کۆی (١٨) پارێزگای عێراق، (١٤) پارێزگا لەلایەن جەماوەر و حیزبەکان ئازادکران و دەسەڵاتی ڕژێمی سەددامیان بەسەرەوە نەما، تەنها پارێزگاکانی مووسڵ، سەلاحەددین، ئەنبارو بەغدای پایتەخت نەبێت، کە دەسەڵاتی ڕژێمیان بەسەرەو مابوو، ڕەنگە ئەو دۆخەش بۆ چەند هۆکارێک بگەڕێتەوە، وەک:

١. بوونی هێزی سەربازی بە توانای ڕژێم لەو ناوچانە.
٢. پشتگیری عەشایەرە عەرەبییەکانی ئەو ناوچانە لە ڕژێمی سەددام.
٣. ئەو ئاراستە و مۆرکە سیاسییەی ڕاپەڕین وەریگرت و لە ڕاگەیاندنەکان ڕەنگی دایەوە. ڕاپەڕینی شیعە و کوردەکانە دژی دەسەڵاتی عەرەبی سوننە، دیارە ئەوەش کاریگەری بەسەر ناوچە سوننەکانەوە هەبوو.

دەربارەی ڕووداوەکانی ڕۆژانی ڕاپەڕینیش، لێرەدا پێویست دەکات چەند ڕاستییەک بخەینەروو:

١. ڕاپەڕینەکە بە کاریگەری تێشکانی سەربازی و بێ ئومێدی جەماوەر لە ڕژێمەکەی سەددام بەرپابوو، کە دەرئەنجامی جەنگ و سیاسەتە چەوتەکانی ئەو ڕژێمە بوو.
٢. ڕاپەڕین دیاردەیەک بوو لە خۆیەوە بەرپا بوو، هێزە بنچینەییەکانیشی هێزی عێراق بوون، بەڵام دواتر لە ناوچەکانی باشوور بەرەو ڕووی دەستێوەردانی هێزە ئیسلامییە سیاسییەکان بۆوە.
٣. یەکلا نەبوونەوە و پێنەگەیشتنی پرسی دەسەڵات لەنێوان جەماوەری ڕاپەڕیوودا.
٤. حیزبە سیاسییە دیموکراسییەکان لە باشووری عێراق ڕۆڵیان لە سەرهەڵدانی ڕاپەڕینەکە نەبووە، بەڵام لە کوردستان، حیزبەکان ئاراستەی ڕاپەڕینیان دەکرد.

٥. بەهۆی نەبوونی ڕۆڵی حیزبە سیاسییە دیموکراسییەکان، هێزەکانی ئیسلامی سیاسی جێگای خۆیان کردەوە و زاڵبوون بەسەر ئاراستەی ڕاپەڕینەکە و دورشمەکانی خۆیان خستەروو.

ڕژێمی عێراق لەماوەی (٣٠-٤٠) ڕۆژ توانی دەسەڵاتەکانی خۆی بۆسەر هەموو ناوچەکان بگەڕێنێتەوە، ئەویش لە ئەنجامی زنجیرە هێرشێک کە بەسەرکردایەتی عەلی حەسەن مەجید[٢٨٢] و بەکارهێنانی هێزی پاسەوانی کۆماری و هەموو جۆرە چەکێکی قورس و فڕۆکەی هەلیکۆپتەر بەرەو باشوور و ناوەڕاستی عێراق دەستی پێ کرد[٢٨٣].

لە زنجیرە هێرشێکی دیکەدا بەرەو شارەکانی کوردستان بە سەرکردایەتی عیززەت دوری لە سەرەتای مانگی نیسان لە ڕێگای بەکارهێنانی فڕۆکەی جەنگی دوای شەڕێکی سەخت توانی شاری کەرکووک داگیر بکاتەوە، پاشتر پەلاماری هەردوو پارێزگای هەولێر و سلێمانیدا، دهۆکیش لە شاری مووسڵەوە هێرشی بۆ کرد و دەستی بەسەرداگرتەوە.

ئەو هێرشەی هێزەکانی ڕژێم بۆسەر کوردستان بوو بەهۆی ئاوارە بوونی نزیکەی یەک ملیۆن کەس لە دانیشتوانی شارەکانی کەرکووک و هەولێر و سلێمانی، بەو هۆیەوە ڕوویان لە ناوچە سنورییەکان کرد. دیارە ئەو دۆخە بوو بە هۆی نالەباری ژیانی خەڵکی، ئەنجام کۆمەڵگای نێو دەوڵەتی ناچاربوو بڕیاری ئەنجوومەنی ئاسایش نەتەوە یەکگرتووەکان تایبەت بە قەدەغەکردن فڕینی فڕۆکەی شەرکەر لەسەرووی هێڵی (٣٦)ی پانی بۆ ناوچەکە دەربکات و ناوچەیەکی ئارام دیاری بکات. ئیدی دواتر هێزی سوپای عێراق لێی کشایەوە و سیستمی فیدراڵی تێیدا چەسپا.

---

(٢٨٢) عەلی حەسەن مەجید، ساڵی ١٩٤١ لە گوندی عوجە لە پارێزگای سەلاحەددین لەدایکبووە. دەرچووی قۆناغی سەرەتاییە، لەناو سوپای عێراق پلەی سەربازی نائیب عەریف بووە. لەسەردەمی دەسەڵاتی سەددام حوسێن، پلەی لەناو حیزبی بەعس بووە بە ئەندامی سەرکردایەتی، ساڵی ١٩٨٥ وەزیری بەرگری بووە، ساڵی ٢٠٠٣ گیراوە. ساڵی ٢٠١٠ بڕیاری لە سێدارەدانی لەسەر جێبەجێکراوە. هادي حسن عليوي، رجالات العراق الجمهوري من عبدالكريم قاسم الى صدام حسين، ص٦٣٢.

(٢٨٣) ظاهر علي احمد، العراق وكوردستان، (اربيل، ٢٠٢٠)، ص١٧٢.

ئەگەر لە هۆیەکانی شکستی ڕاپەڕینەکە بکۆڵینەوە، دەکرێت ئاماژە بۆ چەند خاڵێکی سەرەکی بکەین:

١. ڕاپەڕینەکە کردەیەکی هەرەمەکی جەماوەری بوو، سەرکردایەتی و پلانی نەبوو.
٢. بەهۆی توندڕەوی ئاینی لە چەند ناوچەیەکدا خەسڵەتێکی تائیفی هەڵگرتبوو.
٣. نەبوونی هۆیەکانی پەیوەندیکردن و ڕاگەیاندنی ئازاد و سەربەخۆ بۆ گواستنەوەی ڕووداوەکان.
٤. دوای کپبوونەوەی دۆخەکە و بڵاوبوونەوەی جەماوەر تەرازووی هێز بۆ بەرژەوەندی ڕژێم گۆڕانی بەسەر داهات و هێزەکانی خۆی کۆکردەوە و ڕێکی خستنەوە
٥. ڕۆڵی نەرێنی حکوومەتی ئێران لە ناوچەکانی باشوور و ناوەڕاست.
٦. ڕاگرتنی هێرش و فشارەکانیی ئەمریکا بۆ سەر ڕژێمی عێراقو ڕێگەپێدانی بە بەکارهێنانی چەکی قورس وەک هەلیکوپتەری شەڕکەر و تۆپ و دەبابە(٢٨٤).

**باسی دەیەم: هەوڵی کودەتای سەربازی لەلایەن عەقید عەبدولڕەزاق جبوری ساڵی ١٩٩٤**

عەیقد ڕوکن عەبدولڕەزاق سولتان جبوری لە نووسینێکیدا دەڵێت: فەرماندەی لیوایەکی پاسەوانی کۆماری بووم. ساڵی ١٩٩١ سوپام بەجێهێشت بەرەو دەرەوەی عێراق هەڵاتم، سەرەتای حوزەیرانی ١٩٩٤ بەنهێنی لە ڕێگای کوردستانەوە گەڕامەوە بۆ وڵات. سەردانی لیوا محەمەد مەزلوم فەرماندەی بنکەی بەرگری ئاسمانیم کرد لەماڵەکەی خۆیدا لە شاری بەغدا. مەبەست لە سەردانەکەم ئامادەکردنی پلانێک بوو بۆ گۆڕینی ڕژێمەکەی سەددام حوسێن، ئەو هەوڵە ناومان لێنا (بەرەبەیانی ڕاستگۆ). من نزیکەی (٣٥) ڕۆژ لە عێراق مامەوە، لەو ماوەیدا چەند بنکەیەکی نهێنیم لە چەند شارێک دامەزراند، بەشێوەیەکی نهێنی لەگەڵ چەند ئەفسەرێک دەسوڕامەوە.

---

(٢٨٤) د. كاظم حبيب، لمحات من عراق القرن العشرين، الجزء العاشر، ١٨٧؛ عبدالهادي الركابي، وثائق لاتموت، ص ٨٤.

چاوپێکەوتنەکەم بۆ لیوا محەمەد مەزلوم نەبووە هۆی سەرسورمانی و پلانەکەشم لای شتێکی کتوپڕ نەبوو بۆی، لەبەر ئەوەی پێشتر ئەو بیرۆای منی دەزانی. ئەوەی من لە مەزولم داوام کرد تەنها هێزی ئاسمانیمان بۆ دابین بکات، من خۆم سەرکردایەتی چەند تیپیک دەکەم لە پاسەوانانی کۆماری لە وانەی لە دەوری شاری بەغدان، ئەویش دوای ئەوەی لە ناوچەی ئەبوغرێب بنکەیەکی سەرکردایەتی پێکدەهێنم.

پلانی کودەتاکە بەو شێوەیەک دارێژرابوو چوار تیپی پاسەوانی کۆماری (٦٠ هەزار سەرباز) لەگەڵ (٣٥٠) دەبابە لە هەمووولایەکەوە بڕژێنە ناو شاری بەغدا، هەموو ڕێگا سەرەکییەکان بۆ دەرەوەی شار دابخرێن، دواتر پەلاماری هێزی پاسەوانی تایبەتی کۆماری بدرێت و ئەو هێزە لە کار بخرێت و کۆتایی بە ڕۆڵی بهێنرێت، هەروەها پەیوەندی و ڕێکخستنی تەواو لەنێوان سەرکردایەتی هێزی کودەتا و سەرکردایەتی فەیلەقەکان لە ناوچەکانی عێراق دروست بێت، ئەگەر ڕادیۆ و تەلەفزیۆن بێ زیان مانەوە ئەوا یەکسەر بەیاننامەی سەرکەوتن بڵاوبکرێتەوە.

عەقید ڕوکن عەبدولڕەزاق لە درێژەی قسەکانی دەڵێت: لیوا محەمەد مەزلوم داوای لێکردم کە بۆ ماوەی شەشی مانگ ئەو پلانە دوابخرێت، واتە تا مانگی ئازاری ١٩٩٥، لەوەدا مەبەستی بوو ئامادەکارییەکان بە شێوەیەکی نهێنی لەناو سوپا تەواو بکرێن، هەروەها تەواوی فڕۆکەوانەکان دابین بکرێن. من لەگەڵ ئەو ئەفسەرانەی باوەڕیان بە جوڵانەوەکە هەبوو لە پەیوەندی بەردەوامدا بووم، بزووتنەوەکەشمان ناو لێنابوو (بزووتنەوەی ئەفسەرانی سوپا بۆ ڕزگارکردنی عێراق).

هۆی سەرنەکەوتنی پیلانەکە، وەک دەیگێڕنەوە بۆ هەڵەیەکی کوشتندەی عەقیدی خانەنشین شاکر فەزع زەوبەعی دەگەڕێتەوە. ناوبراو بە پێچەوانەی ڕێنماییەکان پەیوەندی لەگەڵ چەند ئەفسەرێکی سوپای عێراق کردووە، باوەڕی وابووە دەکرێت هاوکاریان بەدەست بێنێت و هەندێک زانیاری دەربارەی هەڵسوکەوتی سەددام حوسێن دەست بکەوێت. ئەو ئەفسەرانە چەند کەسێکیان پەیوەندییان بە ئەمنی تایبەتی سەددام حوسێن هەبووە، بۆیە هەواڵەکەیان پێ دەگات و عەقید شاکر دەستگیر دەکرێت و

دواتریش لیوا محەمەد مەزلوم، پاشان سنووری گرتن و لێکۆڵینەوەکان فرەوان دەبن و ژمارەیەکی دیکەش دەستگیر دەکرێن و بڕیاری کوشتنیان لەسەر جێبەجێ دەکرێت، بەمەش هەوڵەکە سەرکەوتوو نابێت(٢٨٥).

**باسی یازدەهەم: پلانی لیوا محەمەد شەهوانی(٢٨٦)**

لە ڕۆژی ٥ی مایسی ١٩٩٥ دەزگای هەواڵگری عێراق لەلایەن کەسێکی میسری بەناوی عیززەت محەمەد عەبدولڕەزاق کە شوفێری تایبەتی پۆستەی دبلۆماسی بوو لە باڵیۆزخانەی میسر لە ئوردن، هەواڵێکی پێگەیشت، کە لیوا محەمەد پەیوەندی بە هەواڵگری ئەمریکاوە هەیە، ئەو هەواڵەش بەهۆی کچی لیوا محەمەد وەرگیراوە. هەر لەو ماوەیەدا هەواڵگری عێراق چەند زانیارییەکی دیکەی لەلایەن دورەید سەمیر جیهاد ناوێک، کە بەکرێگیراوێکی هەواڵگری ئەمریکا بوو بەدەست گەیشت، لەو زانیاریانەشدا ناوی لیوا محەمەد شەهوانی هاتبوو، کە زانیارییەکانی پێشوی ڕاست دەکردەوە دەربارەی ناوبراو(٢٨٧).

(٢٨٥) شامل عبدالقادر، انقلاب اللواء الركن محمد مظلوم، مجلة اوراق من ذاكرة العراق، العدد (٦٧)، (بغداد، ١١/١٥/ ٢٠١٧)، ص ٢٨.

(٢٨٦) محەمەد شەهوانی، ساڵی ١٩٣٨ لە مووسڵ لەدایکبووە، ساڵی ١٩٥٥ ئامادەیی تەواو دەکات، ساڵی ١٩٥٧ خولێکی سەربازی تەواو دەکات و دەبێتە ئەفسەر لە سوپای عێراق، لە بواری وەرزشی چالاکبووە و چەندین ڕێز لێنانی وەرگرتووە. لەناو سوپا پلەی بەرز بۆتەوە بووە بە لیوا. ساڵی ١٩٨٤ خانەنشین کراوە. گومان دەکرێت پەیوەندی بە مردنی (عەدنان خەیروڵلا) هەبێت، ساڵی ١٩٩٠ هەڵدێت بەرەو وڵاتی ئوردن، خەریکی ڕێکخستنێک دەبێت لەناو عێراق بۆ ئەنجام دانی کودەتا، ساڵی ١٩٩٦ ڕێکخستنەکەی ئاشکرا دەبێت، ژمارەیەک لەو کەسانە دەگیرێن دەکوژرێن، سێ کەس لەوانە لە کوڕانی شەهوانی دەبن، لە ترسی کوشتن وڵاتی ئوردن بەجێ دەهێڵێت و ڕوو لە ئەمریکا دەکات، ساڵی ٢٠٠٤ دوای روخاندنی ڕژێم بووە بە بەرپرسی هەواڵگری عێراق. د. حسن لطيف الزبيدي، موسوعة الاحزاب العراقية، ص ٤٢٨.

(٢٨٧) شامل عبدالقادر، اسرار انقلاب اللواء محمد الشهواني، مجلة اسرار، العدد (٦)، (بغداد، ايار ٢٠١٧)، ص٢.

دەزگـــای هەواڵگــری عێــراق نووســـراوێکی بە ژمـــارە (٧٩٧) لە ٢٢ی حوزەیرانی ١٩٩٦ ئاراستەی سـەرۆکایەتی کۆمار کرد، بەپێی ناوەرۆکی ئەو نووسـراوە، لیوا شـەهوانی داوای لەو شـوفێرە میسـرییە کردووە بەرانبەر بە چوار هەزار دۆلار جانتـایەکی بـۆ بگـوازێتەوە نـاو عێـراق، جانتـاکە چەنـد ئامێرێکی تەکنیکی تێدا بووە، شـوفێرە میسـرییەکە جانتـاکەی بە ئۆتـۆمبێلی باڵیۆخانەی میسر لە ئوردنەوە گەیاندۆتە عێراق، بەڵام ڕاستەوخۆ بردوویەتی بۆ دەزگای هەواڵگری عێراق نەک ئەو کەسانەی بۆیان نێردرابوو.

پیاوانی هەواڵگری کەوتنە پشکنینی ئامێرەکان و جۆرەکەی چییە، بۆیان دەرکەوت ئـامێری پەیوەنـدیکردنن لە ڕێگـای مـانگی دەســتکردەوە، بـۆیە ئامێرەکان گەیاندرایەوە بەو کەسانەی بۆیـان ڕەوانەکراوە، دوای لێکۆڵینەوە دەرکەوت ئەوانە هەموویـان لە خـزم و کەسـەکانی لیـوا مـحەمەد شـەهوانین، بۆیە کەوتنە ژێر چاودێرییەکی وردەوە.

دەزگای هەواڵگری عێراق داوای لە عیززەت شـوفێرە میسـرییەکە کرد، کە پەیوەندی لەگەڵ ئەو کەسانەی سەر بەلیوا شەهوانین بەردەوام بێت، پاش ماوەیەک جارێکی دیکە لیوا شەهوانی داوای لە عیززەتی شوفێر کرد، لە ١٥ی حوزەیرانی ١٩٩٦ جانتایەکی دیکەی بۆ عێراق بۆ بگوازێتەوە. کار بەدەستانی دەزگـــای هەواڵگــری عێــراق ئەو جانتایەشــیان کەوتە دەســت و لەلایەن شــارەزایان پشــکنینان بـۆی کــرد، دەرکەوت هەمــووی ئـامێری تێکـدان و شێواندنی پەیوەندیکردنن.

دوای ئەو ڕووداوانە بڕیاری دەستگیرکردنی ئەندامانی تۆڕەکەی لیوا شەهوانی دەرچوو، لەیەک کاتدا چەند دەستەیەکی هێزی هەواڵگری هەڵمەتی گرتنیـان دەسـتتپێکرد، لە وانەی دەسـتگیرکران (٧) کەس لە شـانەی سـەرەکی ئەو تۆڕە بوون، سێ کەسیان لە کوڕانی لیوا شەهوانی بوون.

لە ١٧ی حوزەیرانی ١٩٩٦ دەستکرا بە لێکۆڵینەوە لەگەڵیان، دەرکەوت:

١. بــوونی هێڵێکــی ڕێکخســتن لە کەســانی عەســکەری و مەدەنــی بەمەبەســتی خـۆ ئامــادەکردن بـۆ کودەتـایەک بەســەرکردایەتی مــحەمەد شــەهوانی، کە لەلایەن هەواڵگــری ئەمریکـاوە هاوکاریـان دەکرێت. هێڵەکە لەژێر ناوی (سوپای عێراقی ئازاد) کاری دەکرد و

له چوارچێوەی بزووتنەوەی ویفاقی نیشتمانی بەسەرکردایەتی ئەیاد عەلاوی بوو.

٢. لەناو شاری بەغدا و پارێزگای میسان سێ هێڵی ڕێکخراوەیی ئاشکرابوون، کە ئامێری پەیوەندیکردنیان بەکارهێناوە لە ڕێگای مانگی دەستکردەوە.

لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکان (٦١) کەس بەندکران، لەناویاندا (٢٤) ئەفسەری سوپای عێراقی تێدا بوو بەپلەی جیاواز لە عەمیدەوە بەرەو خوار.

هێڵەکانی ڕێکخستن کاریان پەیوەندکردن بووە بە کەسانی شارەزا و ئەفسەرانی ناو سوپای عێراق بەمەبەستی دارشتنی پلان بۆ کودەتا بەسەر ڕژێمەکەی سەددام حوسێن. ئەنجام بەندکراوەکان لە دادگایەکی تایبەت لە ٥ی ئەیلوولی ١٩٩٦ بڕیاری کوشتنیان بەسەردار جێبەجێکرا[٢٨٨].

**باسی دوازدەهەم: هەڵاتنی حوسێن کامل ساڵی ١٩٩٥**

حوسێن کامیل حەسەن مەجید، لە گوندێکی سەر بە پارێزگای سەلاحەددینی نزیک شاری تکریت ساڵی ١٩٥٤ لە خێزانێکی هەژاری جوتیاری لەدایکبووە، خوێندنی سەرەتایی خوێندووە ناوەندی بۆ تەواو نەکراوە، بەردەوام بە کەسێکی دەبەنگ و سەرنەکەوتوو وێناکراوە[٢٨٩].

ساڵی ١٩٧٧ خۆی گەیاندە لای بەرزان تکریتی و داوای لێکردووە لای خۆی لەسەر کارێک دابمەزرێنێت، بەرزان تکریتی لە پرسگای دەزگای هەواڵگری بە فەرمانبەر جێگای بۆ کردۆتەوە، بەردەوامیش خەریکی ڕێنماییکردن و ڕۆشنبیرکردنی بووە، کە چۆن هەڵسوکەوت بکات و ڕەفتاری شارستانی بێت و جلوبەرگی چاک و خۆی خاوێن ڕابگرێت.

ساڵی ١٩٧٩ بووە بە ئەندامێک لە دەستەی پاسەوانانی سەددام حوسێن و پلەی ئەفسەری پێدراوە، وردە وردە لە سەددام نزیک بۆتەوە،

(٢٨٨) اياد علاوي، بين النيران، الجزء الاول، ص٢٣٠-٢٣٦.

(٢٨٩) هادي حسن عليوي، رجالات العراق الجمهوري من عبدالكريم قاسم الى صدام حسين، ص ٦١٧.

ساڵی ۱۹۸۳ بووه بە زاوای سەددام و لەگەڵ ڕەغدی کچی هاوسەرگیری کردووە، بەو شێوەیە ناوبانگی بەرز بووەوە و دەسەڵاتەکانی پەرەیان سەندووە.

حوسێن کامیل دوای ئەوە چەندین پلەوپایەی هەستیاری بە دەستەوە گرتووە، لەوانە: بەرپرسی ئەمنی تایبەتی سەددام حوسێن، سەرپەرشتی هەموو هێزەکانی پاسەوانی کۆماری، سەرپەرشتیکردنی پیشەسازی سەربازی، وەزیری بەرگری، حوسێن کامیل هەموو ساڵێک پلەیەکی سەربازی بەرز دەکرایەوە تا گەیشتە پلەی فەریقی یەکەمی ڕوکن، تەنها کەس بوو پاش سەددام لە دەرکردنی بڕیارەکان، لەناو کۆشکی کۆماری بەسەرۆکی بچووک ناوبانگی دەرکردبوو، وەک دەوترێت پێش هەڵاتنی بەرەو ئوردن سەددام نیازی هەبووە بیکات بە سەرۆک وەزیران.

حوسێن کامیل بەڕادەیەک متمانەی سەددامی بە دەستهێنابوو، کە سەددام ڕێگای دابوو بەچەکەوە بچێتە نووسینگەکەی، ئەو لە کاتێکدا هەردوو کوڕەکەی عودەی و قوسەی بەم شێوەیە ڕێگایان پێ نەدراوە[٢٩٠].

حوسێن کامیل پەیوەندی لەگەڵ بەرزان تکریتی ئاسایی نەبوو، ئەو پەیوەندییە پڕبوو لە ڕق و قینی شاراوە، بەتایبەتی دوای ئەوەی ڕەغدی کچی سەددام بووە هاوسەری حوسێن کامیل، بەهۆی ئەو هاوسەرگیرییە پەیوەندی نێوان سەددام و براکانیشی بەرزان، سەبعاوی و وەتبان ئاسایی نەما. لە لایەکی دیکە حوسێن کامیل پەیوەندی لەگەڵ عودەی کورە گەورەی سەددام ئاسایی نەبوو، لەلایەن عودەیەوە دوور بوو لە ڕێزگرتن و رق و ئیرەیی زاڵ بوو بەسەریا، کاتێک پلەوپای حوسێن لەناو دەسەڵات زۆر بەرز دەبوویەوە، عودەی ئەوەی پێ قبول نەدەکرا، بەردەوام حوسێن جێگای گاڵتە پێکردنی عودەی بوو، حوسێن کامیل هەستیکرد کە عودەی هەڕەشەیە لەسەری و خەریکی ئەوەیە لای سەددام پێگەی لەق بکات. هەروەها عەلی حەسەن مەجیدیش هەمان هەستی ناڕەزایی بوونی هەبوو بەرانبەر بە

(٢٩٠) صلاح عمر العلي، هروب حسين كامل، مجلة اوراق من ذاكرة العراق، العدد (٧٧)، (بغداد، ٢٠١٨/٩/١٥)، ص١٨.

حوسێن کامیل، بە بڕوای عەلی حەسەن، حوسێن کامیل شایانی ئەو پلەوپایە نەبووە کە سەددام پێی بەخشیووە.

بۆیە لەو بارودۆخەدا حوسێن کامیل بیری لە ڕێگای چارەسەر دەکردەوە، بەهۆی کەم ئەزموونی و لێکدانەوەی سادەی خۆی بیری بەلاڕێدا دەڕۆیشت، بیری لەوە دەکردەوە کە ڕژێم بگۆڕێت و خۆی بگاتە لوتکەی دەسەڵات، بە بۆچوونی خۆی گەیشتن بەو پێگەیەش تەنها بە هاوکاری دەرەکی دەبێت، لە چوارچێوەی ئەو بیروبۆ چونانەش، حوسێن کامیل بڕیاریدا عێراق بەجێ بهێڵێت و بگاتە دەرەوە، حوسێن بە درۆیەک سەددامی خەزوری ڕازی کرد بە ناوی پشودان بچێتە ئوردن لەگەڵ خێزانەکەی بۆ چەند ڕۆژێک، لەلایەکی دیکەوە لەگەڵ سەددام کامیلی برای و عیززەددینی زاوایان بە ئاشکرا تر قسەی کرد، بەڵام لەگەڵ هاوسەرەکانیان هیچ شتێکی لەو بارەوە ئاشکرا نەکرد.

شەوی ٩/٨ی ئابی ١٩٩٥ سێ ئۆتۆمبیلی سەرۆکایەتیی کۆمار لە بەغداوە بە ڕێگای ڕۆژئاوا بەرەو وڵاتی ئوردن کەوتنەڕێ، سێ خێزان هەریەکە لەناو ئۆتۆمبێلێک سنووریان بڕی گەیشتنە پایتەختی ئوردن، لەوێ لەلایەن شا حوسێن پێشوازییان لێکرا، حوسێن کامیل بۆ شا حوسێنی ئاشکرا کرد، کە لە عێراق هەڵاتوون و لە ڕژێم جیابوونەتەوە، داوای کرد حکوومەتی ئوردن وەریان بگرێت و لەو وڵاتە بمێننەوە، شا حوسێن بڕیاریدا لە یەکێک لە کۆشکەکانی بنەماڵەی شا جێگایان بۆ بکرێتەوە[٢٩١].

لە ڕۆژی ١٤ی ئابی ١٩٩٥ حوسێن کامیل کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی ساز کرد باسی لەو هۆیانە کرد، کە پاڵی پێوە ناوە لە سەددام جیابێتەوە، هەروەها وا بە باش دەزانێت کار بۆ ڕووخاندنی ڕژێمی سەددام بکات، بێگومان ئەو ڕووداوە بووە گەورەترین باس و هەواڵی ڕاگەیاندنە جیهانییەکان و لێکدانەوەی جیاوازی زۆری بۆ کرا.

(٢٩١) مشعان الجبوري، القصة الكاملة لحسين كامل، مجلة اوراق من ذاكرة العراق، العدد (٢٨)، (بغداد، ٢٠١٤/٨/١٥)، ص٢٨.

ڕووداوەکە کاریگەری قورسی هەبوو بەسەر سەددام و بنەماڵەکەی، بۆیە بە پەلە و بەنهێنی عودەی کوڕە گەورەی سەددام گەیشتە ئوردن و چاوی کەوت بە شا حوسێن، داوای لێکرد ئەوانە بداتەوە عێراق و ڕێگای مانەوەیان پێ نەدات، بەڵام شای ئوردن بەو داوایە ڕازی نەبوو، عودەی لە هەوڵێکی دیکەی داوای کرد ڕێگای پێ بدرێت چاوی بە خوشکەکانی بکەوێت، لێرەدا حوسێن کامیل ڕازی نەبوو، بۆیە عودەی بە دەست بە تاڵی گەڕایەوە. پاشان خودی سەددام حوسێن نامەیەکی ئاراستەی شا حوسێن کرد و تێیدا باسی ئەوەی کرد، ئەگەر حوسێن کامیل نەدەنەوە دەستی عێراق، ئەوا ناردنی نەوتی لێدەبرێت، بەڵام ئەم جارەش داواکەی سەددام حوسێن قبوڵ نەکرا، لەبەر ئەوەی لەلایەن ئوردنەوە ترسی بڕینی نەوت لەگەڵ وڵاتی عەرەبی سعودیا چارەسەر کرا بوو.

حوسێن کامیل بەهیوای ئەوە بوو بتوانێت ڕژێم لە عێراق بگۆڕێت و ئۆپۆزیسیون پشتگیری بکات و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هاوکارییان بکات، بەڵام هیچ لایەنێک ئامادەکاری خۆی پیشان نەدا، لەبەر ئەوەی جێگای ڕەزامەندی و متمانەی کەس نەبوو، بەڵکو زۆر بە گومانەوە تەماشای هەڵویستەکەی دەکرا. ئەنجام بەهیوای ئەوەی هاوکاری ئەو لایەنانە بەدەسی بێنێت، پەنای بردە بەر بەکارهێنانی ئەو زانیاریانەی تایبەت بە بەرنامەی خۆ پڕ چەککردن لایەتی. لەم بارەوە دەزگای هەواڵگری ئەمریکا لە ماوەی دوو هەفتە لە دانیشتن و چاوپێکەوتن لەگەڵ حوسێن کامیل هەموو ئەو زانیارانەی بەدەست کەوت، کە لە مێشکی حوسێن کامیل کۆکرابۆوە، بێ ئەوەی لە بەرانبەردا هیچی پێ بدات.

دەسەڵات لە ئوردن لەگەڵ تێپەربوونی کات، بازنەی چالاکی و پەیوەندییەکانی لەسەر حوسێندا تەسک کردەوە و ڕێگای پەیوەندیکردنی بە ڕاگەیاندن لێگرت. حوسێن کامیل دوای ماوەیەک هەستی بە گۆشەگیری و

ئابلوقەدان کرد، هیچ لایەنێک ئامادەنەبوو هاوکاری بکات، ئەوە لە کاتێکدا هەرچی نهێنی هەبوو بۆ ئەمریکا و ئۆپۆزیسیون ئاشکرای کردبوو[٢٩٢].

لەو هەلومەرجەدا، سەددام جەسین باش لە دۆخی حوسێن کامیل تێگەیشت، بۆیە دەستیکرد بە پەیوەندیکردن بە حوسێنەوە و خۆشکردنی زەمینەی گەڕانەوەی، داوای لێکرد بگەڕێتەوە و بەڵێنی لێبوردنی پێدا، سەددام نامەیەکی بۆی ڕەوانە کرد، کە لە ڕۆژنامەکاندا بڵاوکرایەوە، داوای گەڕانەوەی لێکرد. حوسێن کامیل کە هەموو شتی لە دەستدابوو، بە ناچاری بڕیاریدا بگەڕێتەوە بۆ عێراق، بیانووشی ئەوە بوو ئەو هۆیانەی پاڵی پێوەنا بۆ هەڵاتن و جیابوونەوە لە ڕژێم، ئەو هۆیانە کاریگەرییان نەماوەو دۆخەکە گۆڕانی بەسەردا هاتووە، نەتەوە یەکگرتووەکان ڕازیبووە عێراق نەوت بەرانبەر خۆراک بفرۆشێت.

لە ڕاستیدا ئەو بڕیارە نیشانەی گەمژەیی و نەزانی حوسێن کامیلی پیشاندا، بە تایبەتی بۆ کەسێک کە شارەزای کەسێتی سەددام حوسێن بوو، ئەو بە درێژایی ژیانی لە کەس خۆش نەبووە کە خیانەتی لێکردبێت. بڕیارەکەی حوسێن کامیل جێگای سەرسورمانی هەموو لایەک بوو، زۆرکەس و لایەن هەوڵیاندا پەشیمانی بکەنەوە بە تایبەتی سەددامی برای و عیزەددینی ئامۆزای، بەڵام بێ سوود بوو.

لە ڕۆژی ١٩ی شوباتی ١٩٩٦ هەمان ئەو ئۆتومبیلانەی لە بەغداوە حوسێن و کەس و کارەکەی گەیاندە ئوردن، بە ڕێکەوتن بەرەو عێراق، تەنها عیززەددین نەبێت بڕیاریدا نەگەڕێتەوە، شا حوسێن خواحافیزی لێکردن و عەبدوڵڵای کوڕی تا سنور بەڕێیکردن. لەسەر سنور لە بەری عێراقەوە، بە فڕۆکەیەکی هەلیکۆپتەر ساجیدەی خێزانی سەددام و عودەی کوڕی گەیشتبوونە شوێنی پێشوازی، پێش ئەوانیش هێزێکی تایبەتی پاسەوانی سەددام لە خاڵی سەرسنور بۆ هەر کار و ڕووداوێکی لە ناکاو دابەشببوون.

---

(٢٩٢) شامل عبدالقادر، شهادة جديدة حول مقتل جسين كامل، مجلة اوراق من ذاكرة العراق، العدد (٩١)، (بغداد، ٢٠١٩/١١/١٥)، ص٣٣.

لەگەڵ گەیشتنی کاروانی حوسێن کامیل بۆ سەرسنور و پەڕینەوەیان بەرەو عێراق، عودەی چووە پێشەوە و هەردوو خوشکەکەی و منداڵەکانی بەرەو لای دایکی بردن، بێ ئەوەی هەر جۆرە بەخێرهاتنێک لە حوسێن و سەددامی برای بکات، پاشان بە سواری هەلیکۆپتەر بەرەو بەغدا گەڕانەوە، حوسێن کامیل تێگەیشت چارەنووسێکی نادیار چاوەڕوانی دەکات، سەددامی برای لێی نزیک بووەوە و پێی گوت: مردن چاوەڕێمان دەکات بابەرەو ئوردن بگەڕێینەوە، بەڵام حوسێن هەر سووربوو لەسەر گەڕانەوە بۆ بەغدا، بە ئۆتۆمبیلەکانی خۆیان کەوتنە ڕێ بەرەو بەغدا و یەکسەر چوونەماڵی خالیسەی خوشکیان لە گەڕەکی سەیدییەی ناو بەغدا، لە وێدا باوکی و دایکی چاوەڕێیان بوون، دیارە حوسێن لە دۆخەکە تێگەیشت، بۆیە چەک و فیشەکی زۆری لە ماڵەوە کۆکردەوە.

لە ڕۆژی ٢٠ی شوباتی ١٩٩٦ عودەی چووە لای خوشکەکانی ڕەغد و ڕەنا دوو فۆرمی تایبەتی باری کەسێتی پێ بوو، داوای لێکردن وەک داواکارییەک بۆ جیابوونەوە لە مێردەکانیان واژووی لەسەر بکەن، دواتر فۆرمەکان بۆ دادوەر ڕەوانە کران و بە ئاگاداری حوسێن کامیل و سەددامی برای، دادوەر بڕیاری جیابوونەوەیانی دەرکردن.

هەر لەو چەند ڕۆژە عەلی حەسەن مەجید چاوی بە سەددام حوسێن کەوت و پێ گووت، ئێمە وەک عەشیرەت لە مافی خۆمان بەرانبەر خیانەتەکەی حوسێن کامیل خۆش نابین، سەددام وەڵامی داوەتەوە: "**من وەک سەددام و خێزانەکەم لێیان خۆش بووینە و بەڵێنم داوە، بەڵام ئێوە وەک عەشیرەت ئازەزووی خۆتانە**"، بۆیە هەر یەکسەر عەلی حەسەن مەجید کەوتە ئامادەکاری بۆ دانانی پلانی کوشتنی حوسێن کامیل.

ئەو خانوانەی کەوتبوونە دەوروبەری خانوەکەی خوشکی حوسێن کامیل هەموویان چۆڵ کران، پاشان لەگەڵ بەرە بەیانی ڕۆژی ٢٣ی شوباتی ١٩٩٦ لە هەموولایەک هێرش کرایە سەر ماڵی حوسێن کامیل، دوای نزیکەی (١٤) کاتژمێر تەقە و شەڕی بەرانبەر، حوسێن و سەددامی برای و باوکی و خوشکەکەی و هاسەرەکەی و منداڵەکانی، هەموویان کوژران و خانوەکەیان بەسەریاندا وێرانکرد.

لە یەکێک لە سەرچاوەکاندا هەندێک جیاواز باسی لە کۆتایی هێنان بە حوسێن کامیل دەکات، بڕیاری کوشتنی حوسێن کامیل دوای گەیشتنەوەی بۆ بەغدا وەرگیراوە، ڕۆژی دوای گەیشتنەوەی لەلایەن سەددام حوسێن داواکراوە، لە کۆشکی کۆماری لەبەردەم سەددام حوسێن و بە ئامادەبوونی عودەی کوڕی و دادوەرێکی شەرعی، سەددام داوای لە حوسێن کامیل و سەددام کامیل کردووە ژنەکانیان تەلاق بدەن، بەڵام ئەوان ڕازی نەبوونە.

ڕۆژی دواتر سەددام دەگاتە شاری تکریت، خزم و عەشیرەتی بیجات کۆدەکاتەوە و پێی وتوون، حوسێن و سەددامی برای خیانەتیان لە عەشیرەت کردووە، پێویستە سزا بدرێن و سزای خیانەتیش کوشتنە(٢٩٣).

**باسی سێزدەهەم: ڕۆڵی ئۆپۆزیسیونی سیاسی لە هەندەران**

ئۆپۆزیسیون لە دژی ڕژێمەکەی سەددام حوسێن، پێش جەنگی کوەیت (١٩٩٠) یەکگرتوو نەبوون، ئەو ئۆپۆزیسیونە بەدەیان بەرەو حیزب و گروپ دەژمێردران، جیاوازبوون لە بیروباوەڕی سیاسی و ئاینی و ئەتنی، ئەوەی کۆیانی کردبۆوە تەنها دژایەتیکردنی ڕژێمەکەی سەددام حوسێن بوو. ئەو دۆخە زادەی چەند هۆکارێک بوو، دەکرێت لە چەند خاڵێک کۆیان بکەینەوە:

١. بوونی جیاوازییەکی گەورە لەنێوان بنەما هزری و سیاسییەکانی حیزب و و لایەنە ئۆپۆزیسیونەکان، کە ببوو بەهۆی جیاوازی بەرنامەکانیان.
٢. ویستی هەر حیزبێک یاخود لایەنێک کە باشترین پێگە و بەرزترین ڕێژەی دەستڕۆیی بەدەست بهێنێت لەناو ئەو هاوپەیمانیەتیانەی نیازی پێکهێنانیان هەیە.
٣. کاریگەری ئاسەواری ڕابردوو لە سەر پەیوەندییە سیاسییەکانی نێوانیان.
٤. فرەیی نەتەوەیی کە ڕۆڵێکی نەرێنی دەگێڕێت، بەتایبەتی لەنێوان هێزە ئیسلامی و نەتەوەییەکان.

---

(٢٩٣) شامل عبدالقادر، اسرار مقتل حسين كامل، مجلة اوراق من ذاكرة العراق، العدد (١١٠)، (بغداد، ١٥/ ١١/ ٢٠١٩)، ص١٢.

٥. کارتێکردنە دەرەکییەکان بەشێوەیەکی گشتی.

دوای کۆتایی هاتنی جەنگ لەگەڵ ئێران و لەسەرووبەندی هێرشی سەر وڵاتی کوەیت، سەرەڕای هێزە سیاسییەکان، چەندین ڕەوتی سیاسی جیاواز لە ڕووی توانا و قەبارەوە لە عێراقدا دەرکەوتن، لەوانە:

١. ڕەوتە نەتەوەییەکان، لە کورد، عەرەب، تورکمان، کلد و ئاشووری.
٢. ڕەوتە ئیسلامییەکان، لەناو شیعە و سوننە.
٣. ڕەوتە دیموکراسییەکان، هێزی سیاسی لیبراڵ و چەپەکان، لەگەڵ جیاوازییەکانی نێوانیان.
٤. ڕەوتی کۆنەپارێز، ئەوانەی ئەگەرچی نوێ بوون، بەڵام ڕەگ و ڕیشەیان بۆ سەردەمی پاشایەتی و هێزە عەشایەرەکان دەگەڕایەوە.
٥. ڕەوتی سەربەخۆ، لە کەسایەتی سیاسی سەربەخۆ و ئاراستەی دیموکراسی پێکدەهاتن[٢٩٤].

## کۆنگرە و دانیشتنە فەرمییەکانی ئۆپۆزیسیون

### یەکەم: کۆنگرەی دیمەشق

دوای هەوڵێکی زۆر، کۆمەڵە هێزێکی سیاسی لە ٢٧ی کانوونی یەکەمی ١٩٩٠ لە کۆنگرەیەک لە شاری دیمەشق بەشداریان کرد ئەوانی بەشدار بوون بریتی بوون لە:

ڕەوتە ئیسلامییەکان: ئەنجوومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی، حیزبی دەعوەی ئیسلامی، ڕێکخراوی کاری ئیسلامی، حیزبی ئیسلامی لە عێراق و بزووتنەوە ئیسلامی کوردستان.

ڕەوتی نەتەوەیی کورد: پارتی دیموکراسی کوردستان، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، پارتی گەلی دیموکراتی کوردستان، حیزبی زەحمەتێکشانی کوردستان و حیزبی سۆسیالیستی کوردستان.

(٢٩٤) د. كاظم حبيب، لمحات من عراق القرن العشرين، الجزء العاشر، ٢٠٤.

ڕەوتی نەتەوەیی عەرەب: حیزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی (باڵی چەپ)، یەکێتی سۆسیالیستی عێراقی، ئەنجوومەنی عێراقی سەربەخۆ، حیزبی سۆسیالیستی عێراقی و گردبوونەوەی سۆسیالیستی عەرەبی.

ڕەوتە دیموکراسییەکان، حیزبی شیوعیی عێراقی، گردبوونەوەی دیموکراسی عێراقی، بزووتنەوەی دیموکراسی ئاشووری.

لە کۆتایی کۆنگرە بەیاننامەیەک دەرچوو، لەسەر شێوەی پەیمانی نیشتمانی بۆ کاری هاوبەش. تێیدا هاتبوو کار دەکەن بۆ ڕووخاندنی ڕژێمی دیکتاتۆری و پاککردنەوەی ئاسەوارەکانی، هەروەها کار دەکەن بۆ پێکهێنانی حکوومەتێکی کاتی کە نوێنەرایەتی گەلی عێراقی بە گشتی بکات[٢٩٥].

**دووەم: کۆنگرەی بەیروت**

کۆنگرەی ئۆپۆزیسونی عێراقی لە شاری بەیروت لە (١١ تا ١٣ی ئازاری ١٩٩١) بەسترا، ژمارەیەکی گەورەی هێز و حیزبە سیاسییەکان و ژمارەیەک کەسایەتی سیاسی سەربەخۆ و نوێنەرانی عەشایەرە عێراقییەکان بەشداریان تێدا کرد.

ئەو هێز و لایەنانەی بەچڕی بەشداریان تێدا کردوو ڕۆڵی باڵایان تێدا گێڕا، بریتی بوون لە هێز و حیزبە ئیسلامییە شیعە عێراقییەکان، هەروەها حیزب و هێزە سیاسییە کوردەکان، ئەمەش لەبەر ئەوەی ڕۆڵ و کاریگەری گروپەکانی دیکە بە شێوەیەکی گشتی لاواز بوو، بە تایبەتی حیزب و هێزە سیاسییە نەتەوەخوازانی عەرەب و هێزە دیموکراسی و سەربەخۆکان.

ئەو دروشمانەی زاڵبوون بەسەر کۆنگرە زیاتر مۆرکی ئیسلامی و گرینگیدان بە ڕاپەڕینی جەماوەری بەسەریدا زاڵبوون.

دوای کۆتایی هاتنی کۆنگرە و شکستهێنانی ڕاپەڕینی جەماوەری، چەند ڕێککەوتن و هاوپەیمانیەتییەکی سیاسی نوێ پێکهاتن، ڕژێم لە بەغدا خۆی چەسپاند لە کوردستانیش بارودۆخی سیاسی لە بەرژەوەندی هەردوو حیزبی سەرەکی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان یەکلا بووەوە.

---

(٢٩٥) اياد علاوي، بين النيران، الجزء الاول، ص١٩٣.

### سێیەم: کۆبوونەوەی نیویۆرک (١٩٩٩)

سـالانی ١٩٩٨ و ١٩٩٩ بـارودۆخی نـوێ لە عێـراق و نـاوچەکە هـاتە پێشـەوە، ئەو بـارودۆخە هانـدەر بـوو بـۆ ئەوەی ئۆپۆزیسـیون لە عێـراق بە خێراتر کار بکات، لەو ماوەیەدا گۆڕان لە هەڵوێستی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەرانبەر عێراق ڕوویدا.

لەو قۆنـاغەدا یاسـای ڕزگـاکردنی عێـراق دەرچـوو. هاوکـاری دارایـی زیاتر بۆ ئۆپۆزسیۆنی عێراق تەرخانکرا. گرژی نێوان ئەمریکا و عێراق زیاتر پەرەیان سەند. ئێران و سوریا زیاتر پاڵپشتی ئۆپۆزسیۆنیان کرد.

لە ئەنجـامی کـار و چالاکییەکـانی د. ئەحـمەد چەلەبـی (١٩٤٤-٢٠١٥) کۆبــوونەوەیەک لە شــاری نیویــۆرک بــۆ لێکــۆڵینەوە و بەدوا داچــوون لە تواناکـانی پەرەپێـدان بە چالاکییەکـانی ئۆپۆزیسـیون دژ بە ڕژێمـی سـەددام حوسێن گرێدرا. چەند حیزب و هێزێکی سیاسی ئامادەی ئەو کۆبوونەوەیە نەبــوون، لەوانە حیزبــی شــیوعیی عێراقــی، گردبــوونەوەی دیموکراســی، ئەنجوومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی، حیزبی دەعوەی ئیسلامی، هەروەها چەند گروپێکی عەرەبی نەتەوەخوازی دیکە. حیزبی کۆماری ئەمریکا و لۆبی جولەکە لەو ولاتە، ڕۆڵـی کاریگەریـان هەبـووە بەو فشـارەی خسـتیانە سـەر حکوومەتی ئەمریکا لە درێژە پێدان بە هاوکاریکردنی ئۆپۆزیسیون لە عێراقدا. لە کۆتایی کۆنگرەکەدا بەیاننامەیەک دەرچوو، تێیدا جەخت لەسەر:

١. کـارکردن بـۆ دامەزرانـدنی سیسـتمێکی دیموکراسـی ئـازاد و فیـدراڵ لە عێراق، کە تێیدا هەموو نەتەوەکان بە مافی ڕەوای خۆیان بگەن.

٢. لەسەر بوونی سیسـتمێکی دیموکراسـی پەرلەمـانی فرەیی، لە سێبەری دەسـتور و سـەروەری یاسـا و سـەربەخۆیی دادوەری و ڕێزگـرتن لە مافەکانی مرۆڤ(٢٩٦).

---

(٢٩٦) د. عبدالوهاب حمید رشيد، مستقبل العراق الفرص الضائعة والخيارات المتاح،، الطبعة الاولى، (سوريا، ١٩٩٧)، ص١٩٣.

## چوارەم: کۆنگرەی لەندەن

لەنێوان ١٤ تا ١٥ی کانوونی یەکەمی ٢٠٠٢ لەژێر دروشمی (لەپێناو ڕزگارکردنی عێراق و دیموکراسییەت) لەشاری لەندەن دوا کۆنگرەی لایەنە ئۆپۆزیسیونەکان لە دەرەوەی عێراق بەسترا. لە کۆتایی کۆنگرە بەیاننامەیەکی سیاسی بڵاوکرایەوە، چەند بابەتێکی تایبەت بە کاری ئۆپۆزیسیون و ڕۆڵی لە ئایندە دەرخستبوو.

لەو کۆنگرەیەدا زیاتر لە (٣٧٠) کەس لە نوێنەرانی ئۆپۆزیسیون بەشداریان کرد، لەوانە (٢٠٠) کەسیان سەر بە حیزبە سیاسییەکان بوون، بەشێکیانیش سەربەخۆ بوون، هەروەها چەند نوێنەرێکی حکوومەتی ئەمریکا بەسەرکردایەتی زەلمای خەلیل زادە[٢٩٧] بەشدار بوون.

وێڕایی ژمارەیەکی بەرچاو لە بەشداربووانی کۆنگرەکە، چەند لایەنێک بەشداریان لە کۆنگرە نەکرد، لەوانە: حیزبی شیوعیی عێراقی، حیزبی دەعوەی ئیسلامی، حیزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی (باڵی چەپ) و بزووتنەوەی سۆسیالیستی عەرەب.

کۆنگرە لیژنەیەکی بە دواچوونی پێکهێنا بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکانی، لیژنەکە لە (٦٥) کەس پێکهاتبوو.

بەیاننامەی کۆنگرە (٢٢) ڕاسپاردی سیاسی گرتبوو خۆی، یەکەمیان ڕووخاندنی ڕژێمی سەددام حوسێن بوو.

---

(٢٩٧) زەڵمای خەلیل زادە، لە ٢٢ی مارتی ١٩٥١ لە ناوچەی مەزار شەریفی ئەفغانستان لەدایکبووە، دوای خوێندنی ناوەندی بۆ ئەمریکا کۆچی کردووە، لە زانکۆی شیکاگۆ بڕوانامەی دکتورای وەرگرتووە، بەڕێوەبەری کۆمپانیایەکی گەورەی نەوت بووە لە ئەمریکا، دواتر چەند کار و فەرمانێکی لە وەزارەتی دەرەوە و وەزارەتی بەرگری ئەمریکا وەرگرتووە، لە سەردەمی سەرۆک جۆرج بۆش لە ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا کاری پێ سپێردراوە، ماوەیەک باڵیۆزی ئەمریکا بووە لە ئەفغانستان، دوای ڕووخاندنی ڕژێمی سەددام (٢٠٠٣) بووە بە باڵیۆزی ئەمریکا لە عێراق، ناوبراو سەر بە حیزبی کۆمارییە. زلماي خليل زادە، ٢٠١٥/٥/١١ (زلماي-خليل-زادە/https://www.aljazeera.net/encyclopedia/icons/2015/5/11).

## پێنجەم: کۆبوونەوەی سەلاحەددین سەرەتای (٢٠٠٣)

لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٣ ئەندامانی لیژنەی ڕێکخستن، کە لە کۆنگرەی لەندەن هەڵبژێردرابوون، ئەوانە لە شارۆچکەی سەلاحەددین کۆبوونەوە بۆ گفتوگۆکردن دەربارەی شێوازی کارکردن و ئایندەی عێراق و پەیوەندی لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. ئەگەرچی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێو دەوڵەتی هیچ بڕیار و ڕەزامەندییەکی لەو بارەوە نەدابوو، بەڵام بڕیاری جەنگ دژی عێراق لەلایەن ئەمریکا و بریتانیا و چەند دەوڵەتێکی دیکە وەرگیرابوو[٢٩٨]. بۆیە کۆبوونەوەکەی سەلاحەددین بڕیاردان بوو لەسەر دوا هەڵوێست و بڕیارەکان لەلایەن زۆرینەی ئۆپوزیسیون دەربارەی جەنگ. بۆیە ئەو خاڵانەی خوارەوە خرانە بەر باس:

١. پەیوەندی نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئۆپۆزیسیونی عێراق و ئایندەی عێراق.
٢. ئەنجوومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی، بابەتی زۆرینەی ناو لیژنەی ڕێکخستنی خستەروو.
٣. ترسی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە هەڵوێستی تورکیا هەبوو بەرانبەر جەنگ دژی عێراق[٢٩٩].

## شەشەم: کۆنگرەی تاران

لە ٦ی ئازاری ٢٠٠٣ بە دەستپێشخەری حکوومەتی ئێران، کۆبوونەوەیەک لە شاری تاران بۆ هەموو حیزب و هێزە سیاسییە شیعەکانی عێراق سازکرا. ئامانج لەو کۆبوونەوەیە یەکخستنی هەڵوێستەکان و کۆکردنەوەی هەموو لایەنەکان بوو بۆ ئەوەی لەگەڵ ڕووخانی ڕژێمی عێراق دەست بەسەر بارودۆخەکە بگرن.

لە کۆنگرە ژمارەیەک لە حیزب و ڕێکخراوە ئیسلامیە سیاسییەکان (ڕەوتی شیعە) بەشداریان کرد، لەوانە: ئەنجوومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی

---

(٢٩٨) ظاهر علي احمد، العراق وكوردستان، ص١٧٥.

(٢٩٩) د. كاظم حبيب، لمحات من عراق القرن العشرين، الجزء الحادي العشر، ص٣٤٢.

له عێراق، حیزبی دەعوەی ئیسلامی له عێراق و ڕێکخراوی کاری ئیسلامی. جگه لەوانەش چەند ڕێکخراوێکی بچووکی دیکه و د. ئەحمه ئەلچەلەبی و چەندین کەسایەتی ئیسلامی بانگکرا بوون. ژمارەی ئامادەبووان نزیکەی (٢٥٠) کەس دەبوون، وەفدێکی حکوومەتی ئێران ئاراستەی کۆنگرەکەی دەکرد.

**باسی چواردەهەم: جەنگەکان له سەردەمی سەددام حوسێن**

**یەکەم: جەنگی عێراق-ئێران**

ئەم جەنگه لەلایەن ڕژێمەکەی سەددام حوسێن ناوی لێنرا (قادسییه سەددام) بەڵام ئێرانییەکان به (بەرگریکردنی پیرۆز) ناویان دەبرد. هەر دووا بەدوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران له شوباتی ١٩٧٩ و کۆتایی هێنان به ڕژێمەکەی محەمەد ڕەزا شا، گرژی کەوته پەیوەندییەکانی نێوانیان. سەرەتا بەهێرشی ڕاگەیاندن دەستپێکرد، دۆخەکه پەرەی سەند بەرەو تۆپبارانکردنی ئاڵوگۆڕی سەر سنووری نێوانیان. دواجار له ١٧ی ئەیلوولی ١٩٨٠ یەک لایەنه سەددام حوسێن بڕیاریدا به هەڵوەشاندنەوەی ڕێککەوتنی جەزائیری ساڵی ١٩٧٥ی دا، بەوکارەش زیاتر گرژییەکان پەرەیان سەند، هێرش و تۆپبارانی سەر سنوور زیاتر بوون، تا له ئاکام گەیشته ئاستی جەنگێکی فرەوانی هەمەلایەنه لەنێوان هەردوولا. سوپای عێراق سەرەتا له ٢٢ی ئەیلوولی ١٩٨٠ هێرشێکی ئاسمانی فرەوانی کرده سەر بنکه سەربازییەکانی ئێران، دواتر هێرشی سەر زەمین دەستپێکرد[٣٠٠].

دیاره چەند هۆیەک هەبوون بۆ سەرهەڵدانی ئەو جەنگه، گرینگترینیان دەگەڕێتەوه بۆ ئەوەی، که ئێران هەوڵیدا گڕی شۆڕش ئاراستەی وڵاتانی کەنداو بکات، لەوەشدا عێراق مەترسی هەبوو لەبەر ئەوەی ڕێژەیەکی گەورەی دانیشتوانەکەی عەرەبی شیعەن. بۆیه له ئاست ئەو دۆخه سەرکردایەتی ڕژێمی عێراق هەڵوێستی توندی وەرگرت.

---

(٣٠٠) د. کمال دیب، موجز تاریخ العراق، الطبعة الاولى، (بیروت، ٢٠١٣)، ص١٦٤.

له لایەکی دیکەوە لێکدانەوەی سیاسەتمەدارانی عێراق بۆ بارودۆخی ناوخۆی ئێران بە جۆرێک بوو، کە ئێران لە بارێکی پڕ کێشە و ئاژاوەی ناوخۆییە، توانای بەرگری کردنی لاوازە و دەرفەت لەبارە عێراق دەستێکی گەورە بوەشێنێت، بۆ ئەوەی لاوازتری بکات یان ئەو ڕژێمە نوێیە بروخێنێت. هێرشەکەی عێراق لەچەند مانگی یەکەمدا سەرکەوتنی بەدەستهێنا و ناوچەیەکی فرەوانی لە خاکی ئێران داگیرکرد و زیانی مادی و مرۆیی گەورەی بە ئێران گەیاند. بەڵام دواتر ئێران خۆی گرت و هێزەکانی ڕێکخستەوەو کەوتە بەرگری.

ساڵی ١٩٨٢ هێرشی پێچەوانە دەست پێ کرد و لەماوەیەکی کەمدا هەموو ئەو ناوچانەی لەشکری عێراق دەستی بەسەردا گرتبوو ئێران وەریگرتەوە ئیدی لە حاڵەتی بەرگری کەوتە حاڵەتی هێرشکردنی بەردەوام[٣٠١].

لەو شەڕەدا، کە (٨) ساڵی خایاند و بەدرێژترین جەنگ لە سەدەی بیستەمدا دادەنرێت، هەڵوێستی حیزب و هێزە سیاسییەکان لە هەردوو وڵاتدا جیاوازی گەورەیان تێدا بەدی دەکرا. لەماوەی ساڵانی جەنگدا، چەندین حیزب و هێزی سیاسی ئێرانی پشتگیری عێراقیان دەکرد، لەوانە، ڕێکخراوی موجاهیدینی خەلق، حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، لەگەڵ چەندین ڕێکخراوی عەرەبیی ناوچەی ئەهواز.

لەبەرانبەردا چەند هێزێکی سیاسی عێراق، پشتگری ئێرانیان دەکرد، لەوانە: ئەنجوومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی، حیزبی دەعوەی ئیسلامی، ڕێکخراوی بەدر، ڕێکخراوی کاری ئیسلامی، پارتی دیموکراتی کوردستان، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستان.

جەنگ لەنێوان هەردوولا درێژەی کێشا، سەرەڕای هەوڵێکی زۆری لایەنی نێودەوڵەتی بۆ ڕاگرتنی بەڵام بێ سوود بوو، تا لە ساڵی ١٩٨٨

---

(٣٠١) شامل عبدالقادر، الحرب مع ايراني، مجلة اوراق من ذاكرة العراق، العدد (٧٧)، (بغداد، ٢٠١٨/٩/١٥)، ص٦ -١٢.

ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بڕیاری (٥٩٨) بۆ ڕاگرتنی شەڕ دەرکرد و هەردوولا پێی ڕازی بوون.

سەرچاوەکان زیانە مادییەکان بە (٤٠٠) ملیار دۆلار دەخەملێنن. جگە لەوەش زیانەکانی دیکە بەم شێوەی خوارەوە ئاماژە پێ دەکەن[٣٠٢].

| جۆری زیان | ئێران | عێراق |
|---|---|---|
| کوژراو | ٧٣٠،٠٠٠ | ٣٤٠،٠٠٠ |
| بریندار | ١،٢٠٠،٠٠٠ | ٧٠٠،٠٠٠ |
| دیل | ٤٥،٠٠٠ | ٧٠،٠٠٠ |
| کۆچکردوو و پەناهەندە | ٢،٠٠٠،٠٠٠ | ٤٠٠،٠٠٠ |

**دووەم: داگیرکردنی کوەیت**

لە شەوی ٢ی ئابی ١٩٩٠ سوپای عێراقی هێرشێکی فرەوانی کردە سەر ولاتی کوەیت و گوند و شار و دەشتی ڕامالی، ئەو هێرشە لە ماوەی دوو ڕۆژدا گەیشتە شاری کوەیتی پایتەخت و داگیری کرد. ئێزگەی بەغدا بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە تێیدا هاتبوو کۆمەڵێک ئەفسەری کوەیتی بەسەرکردایەتی عەقید عەلا، هەوڵیاندا سیستم لە کوەیت بگۆڕن و لە هەوڵەکەیان سەرکەوتن و حکوومەتی کۆماریان ڕاگەیاند، بۆ ئەو مەبەستە داوای هاوکاریکردنیان لە عێراق کرد. بەیاننامەکە جێگای باوەڕپێکردنی هیچ لایەنێک نەبوو، بەڵکو تەنها بۆ چەواشەکاری و چاوپۆشین بووە لە ئاست ڕووداوەکان، لەبەر ئەوەی لە ٩ی ئاب بە بڕیارێک کوەیت کرا بە بەشێک لە عێراق[٣٠٣].

---

(٣٠٢) ظاهر علي احمد، العراق وكوردستان، ص ١٦٨؛ د. كمال ديب، موجز تاريخ العراق، ص٣٩٧.

(٣٠٣) سعود ناصر، اسرار غزو الكويت، مجلة اوراق من ذاكرة العراق، العدد (٢٨)، (بغداد، ٢٠١٤/٨/١٥)، ص٨.

هێرشی لەشکری عێراق بۆ سەر کوەیت لەلایەن بەرپرسانی ئەو وڵاتە چاوەڕوانکراو بوو، لەبەر ئەوەی کۆبوونەوەکانی نێوان هەردوولا و هەوڵە دەرەکییەکان بۆ ڕێککەوتن لەنێوانیان سەرنەکەوتن، جگە لەوەش جولەی سوپای عێراق و لێدوانەکانی سەرکردەکانی حیزبی بەعس لە عێراق، ئەوەی لێدەخوێندرایەوە.

لەگەڵ دەست پێ کردنی هێرشی هێزەکانی عێراق، میری کوەیت و وەزیر و بەرپرسە باڵاکانی کوەیت، ڕوویان لە وڵاتی عەرەبی سعودیا کرد، ئەنجام دوای چەند شەڕ و پێکدادانێکی سنوردار لەنێوان هێزەکانی هەردوولا، هێزەکانی عێراق دەستیگرت بەسەر تەواوی بنکە سەربازی و شوێنە گرینگەکانی وڵاتی کوەیت.

دیارە هەر دوای چەند کاتژمێرێک لە داگیرکردنی کوەیت، هەردوولایەنی کوەیت و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا داوای کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێو دەوڵەتیان کرد، ئەنجوومەنی ئاسایش لە هەمان ڕۆژدا کۆبوونەوەی سازکرد و بڕیاری ژمارە (٦٦٠) دەرکرد و داوای لە عێراق کرد بەبێ هیچ مەرجێک هێزەکانی بکشێنێتەوە.

لەگەڵ کۆتایی هاتنی جەنگی (٨) ساڵەی نێوان عێراق و ئێران، پەیوەندییەکانی نێوان عێراق و کوەیت کۆمەڵە کێشە و کۆسپی هاتە پێش، بەشێک لەو کێشانە ڕەگ و ڕیشەیان بۆ سەردەم و ساڵانی کۆن دەگەڕایەوە، بەڵام لەو ماوەیەدا ناکۆکی و گرژییەکان لەسەر نەوت و قەرز سەریان هەڵدا، کەبێ ئەنجامی کۆبوونەوەکانی نێوانیان و بارگرانی بارودۆخی ئابووری عێراق هۆکار بوون بۆ ئەو جەنگە. جگە لەوەش عێراق بڕێکی زۆر قەرزاری کوەیت بوو. هەردوولا ناکۆکیان لەسەر دەرهێنانی نەوت لە کێڵگەی ڕومیلەی سەرسنوور هەبوو. هەروەها ناکۆکیان لەسەر هێڵی سنووری نێوان هەر دوولا هەبوو. عێراق خواستی کۆنی لە گێڕانەوەی کوەیت بۆ سەر خاکی عێراق هەبوو.

لە ٩ی تشرینی دوومی١٩٩٠ جارێکی دیکە ئەنجوومەنی ئاسایشی نێو دەوڵەتی لەسەر کێشەی داگیرکردنی کوەیت لەلایەن لەشکری عێراق

کۆبووەوە، ئەنجام بڕیاری ژمارە (٩٧٨) دەرکرد و ١٥ی کانوونی دووەمی ١٩٩١ وەک دوا مۆڵەت بۆ کشانەوەی هێزەکانی عێراق لە کوەیت دیاری کرد.

بەرەی نێودەوڵەتی دژ بە عێراق بەهێزتر بوون، لە مانگی کانوونی دووەمی ١٩٩١ هاوپەیمانیەتییەک لە (٢٨) دەوڵەت بە سەرۆکایەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پێکهات، هێزێکی گەورە لە وڵاتی عەرەبی سعودیا و لەناو دەریا نزیک بە کوەیت کۆکرایەوە. کردارە سەربازییەکان لە ١٧ی کانوونی دووەمی ١٩٩١ لەژێر ناوی (ڕەشەبای بیابان) دەستیپێکرد.

سەرەتای جەنگ بە هێرشی ئاسمانی بۆ سەر بنکە سەربازییە جۆراوجۆرەکانی عێراق دەستیپێکرد، پاشان هێرشی سەرزەمین و دەریا، هێزە عێراقییەکان بە ناچاری دوای تێکشکاندنیان پاشەکشەیان کرد، ئەو لەشکرە کە لە کوەیت کۆکرابۆوە توشی زیانی کوشندە هات. هێزەکانی عێراق سەرەڕای تالانکردنی بێ ئەندازەی بازاڕ و دامەزراوەکانی کوەیت، لە دوای خۆیاندا سەدان بیرە نەوتیان سوتاند و بەجێیان هێشت.

**سێیەم: جەنگی ئەمریکا و عێراق (داگیرکردنی عێراق)**

دوای هێرشەکانی ١١ی ئەیلوولی ٢٠٠١ بۆسەر ناوچەی بازرگانی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی لەو وڵاتە، زنجیرە کۆبوونەوەیەکی ڕێکخست، لەو کۆبوونەوانە گەیشتنە ئەوەی بڕیار بدرێت لەسەر دانانی پلان بۆ داگیرکردنی عێراق. لە کۆبوونەوەی ڕۆژی ١٩ی ئەیلوول، بڕیاری ڕەسمی دژی عێراق دەرچوو، هەروەها قۆناغەکانی ئامادەکردن بۆ هێرش بردن دەستیپێکرد. هەردوو ئەنجوومەنی نوێنەران و پیران، کۆکبوون لەسەر کۆتایی هێنان بە ڕژێمی سەددام حوسێن، دەسەڵاتی نائاسایی تەواویشیاندا بە سەرۆکی ئەمریکا جۆرج بۆشی کوڕ، کە جەنگ دژی ڕژێم لە عێراق ئەنجام بدات، لە حالەتێکدا ئەگەر پشتگیری نێودەوڵەتیشی نەبێت.

سەرۆکی ئەمریکا دەبوایە بیانوویەک بدۆزێتەوە بۆ دەست پێ کردنی کارە سەربازییەکان دژی عێراق، دیارە کڕینی مادەی یۆرانیوم لە وڵاتی نیجر و هەوڵدان بۆ دروستکردنی چەکی قەدەغە کراو ئەو بیانووە بوو، پشتی پێ

بەسترا. ئیدی دوای بە جێگەیاندنی دوا ئامادەکارییەکان بۆ هێرشکردنە سەر عێراق، سەرۆکی ئەمریکا جۆرج بۆشی کوڕ لە ئێوارەی ١٩ی ئازاری ٢٠٠٣ بڵاویکردەوە کە هێزەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانانی نێودەوڵەتی بە ئامانجی لاواز کردنی توانای سەربازی عێراقی دەستیان کردووە بەهێرشکردن. بەو جۆرە جیهان بەواق ورمانییەوە خۆی بەرەو ڕووی جەنگێک بینی[٣٠٤].

بڕیاری لێدان لە عێراق گفتوگۆیەکی سەختی لەنێوان ئەوروپا بەتایبەتی ئەڵمانیا و فەرەنسا و ئەمریکا دروستکرد، جگە لەوەش ڕووسیا و چینیش نیگەران بوون، هەموو لایەک مەبەستییان پاراستنی بەرژەوەندییە ئابوورییەکانیان بوو. وەلێ لە کۆتاییدا ئەمریکا بەتەنها هێرشی کرد سەر عێراق بێ ئەوەی پابەندی پەیمانی نەتەوەیەکگرتووەکان یاخود پەیمانی ناتۆ بێت. بەمەش ئەوەی دواتر پشتیوانی ئەمەریکای کرد تەنیان بریتانیا و ئوسترالیا بوون.

لە ١٩ی ئازاری ٢٠٠٣ هێرش لە خاکی کوەیت و لە کەنداوەوە بەرەو بەسرەو سەرووتر دەستی پێکرد، شەڕی توندو دژوار لەنێوان هەردوولا روویدا، لە ڕۆژی ٣ی نیسان لەشکری هێرش بەر گەیشتە دەوروبەری شاری بەغدا، دیارە نا بەرانبەری هێزو ڕۆڵی هێزی ئاسمانی ئەمریکاو چەک و کەرەستەی پێشکەوتوی، ڕۆڵی کاریگەری هەبووە لە سەرکەوتنی ئەمریکاو تێشکانی سوپای عێراق.

لە ٩ی نیسانی ٢٠٠٣ کۆتایی بە دەسەڵاتی سەددام حوسێن هات و ڕژێمەکەی رووخا، دوای (٢٤) ساڵ لە حوکمڕانی دیکتاتوری و لە توندو تیژی بێ وێنە بەرانبەر هێزە سیاسییەکانی ناو عێراق[٣٠٥].

دەربارەی زیانەکانی جەنگ سەرچاوەکان بەشێوەی زۆر جیاواز ژمارەی کوژراو بریندار دەخەنە ڕوو، کە لێرەدا دەیان خەینە ڕوو:

یەکەم: زیانەکان لە سوپای ئەمریکا لە ماوەی ڕۆژانی ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ سوپای عێراق: کوژراو لە هێزەکانی ئەمریکا (٤٤٨٧) سەرباز. بریندار لە سوپای ئەمریکا (٢٤٤١٤) سەرباز.

---

(٣٠٤) د. محمد سهیل طقوش، تاریخ العراق الحدیث والمعاصر، ص٣٩٦.

(٣٠٥) د. محمد سهیل طقوش، تاریخ العراق الحدیث والمعاصر، ص ٤٠٠.

دووەم: زیانەکانی سوپای عێراق، هیچ ئامارێک نەخراوەتە ڕوو، کە بێ گومان لە زیانەکانی سوپای ئەمریکا زیاترە. لەو بارەیەوە لە چەند سەرچاوەیەک بەم شێوەیە خراوەتە ڕوو:

١. وەزارەتی تەندروستی عێراق زیانەکانی عێراقی لەنێوان (٢٠٠٣-٢٠٠٦) لە کوژراوی عەسکەری و مەدەنی بە (١٥١) هەزار کەس مەزەندە کردووە.

٢. نوێنەری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان (یونامی) ژمارەی کوژران لە عێراق، لەنێوان (٢٠٠٣ تا ٢٠١٥) ساڵ بە ساڵ بەم شێوەی خوارەوە خستۆتە ڕوو:

أ- ساڵی ٢٠٠٣ ژمارەی کوژراوان (١٣٣ ١٢) کەس بووە.
ب- ساڵی ٢٠٠٤ ژمارەی کوژراوان (٣١٦ ١١) کەس بووە.
ج-ساڵی ٢٠٠٥ ژمارەی کوژراوان (٥٨٣ ١٦٥) کەس بووە.
د- ساڵی ٢٠٠٦ ژمارەی کوژراوان (٤٥١ ٢٩) کەس بووە.
ه- ساڵی ٢٠٠٧ ژمارەی کوژراوان (٢٦٠٣٦) کەس بووە.
و-ساڵی ٢٠٠٨ ژمارەی کوژراوان (٢٧١ ١٠) کەس بووە.
ز-ساڵی ٢٠٠٩ ژمارەی کوژراوان (٢٧٣ ٥) کەس بووە.
ح-ساڵی ٢٠١٠ ژمارەی کوژراوان (١٦٩ ٤) کەس بووە.
ط- ساڵی ٢٠١١ ژمارەی کوژراوان (١٥٣ ٤) کەس بووە.
ي- ساڵی ٢٠١٢ ژمارەی کوژراوان (٦٢٢ ٤) کەس بووە.
ک- ساڵی ٢٠١٣ ژمارەی کوژراوان (٨٥١ ٩) کەس بووە.
ل-ساڵی ٢٠١٤ ژمارەی کوژراوان (١٦٩ ٢٠) کەس بووە.
م-ساڵی ٢٠١٥ ژمارەی کوژراوان (٥٠٢ ١٧) کەس بووە.

**باسی پازدەهەم: ژیانی سیاسیی لە سەردەمی سەددام حوسێن**

یەکەم: دەکرێت ڕژێمەکەی سەددام حوسێن وەک ڕژێمێکی دیکتاتوری، تاکڕەوی حیزبی عەشایەری، عەسکەر تارییەی پێناسە بکەین، لەبەر ئەوەی ڕێگای بە هیچ جۆرە ئۆپۆزیسیونێکی سیاسی، حیزبی ڕاستەقینە و کارا نەدەدا، کە ببێتە بەشێک لە دیمەنە گشتییەکەی سیستم لەوڵاتدا.

هێزەكـانی ئۆپۆزیسـیون بەهەمـوو ئاراسـتەكانی: نەتەوەیـی، ئـاینی، عەلمـانی، نیشـتمانی، بەشـێك نەبـووە لە سیسـتمی سیاسـیی وڵات، ئەو ئۆپۆزیسـیونە لە ڕووی ڕێكخراوەیی و جوگرافییەوە، بەتەواوی لە دەرەوەی سیستم بووە. لەو چوارچێوەیەدا بەپێویست دەزانرێت ئاماژە بۆ گرینگترین خەسڵەتەكانی ئەو ڕژێمە بكەین:

١. لە دەسـتدانی ڕژێـم بـۆ شـەرعییەت، كەهـیچ پشـتگیرییەكی دەسـتوری نەبووە لە دەسەڵاتدا.
٢. ئەو دەسەڵاتە پشتی بەبنەما و پرەنسیپە دیموكراسییەكان نەبەستبوو، لەچوارچێوەی هەڵبژاردنی ئازاد و دیموكراسیانە دوور بووە لە بنەمای ئاڵوگۆڕكردنی دەسەڵاتی ئاشتیانە.
٣. ئایـدیۆلۆژیایەكی نەتەوەخـوازی شـۆڤێنی، كە ئایـدۆلۆژیای حیزبـی دەسەڵاتدار بووە، سەپاندوویەتی.
٤. دەستڕۆیی و زاڵبوونی تەواوی حیزبی بەعس بەسـەر هەمـوو چومگە سەرەكییەكانی دەسەڵات.
٥. چـــاودێریكردنی تەواو بەســـەر ڕاگەیانـــد و پەروەردە و چـــالاكییە كۆمەڵایەتییە جیاوازەكان و دەزگا ئابوورییەكان و ڕێكخراوە پیشـەیی و جەماوەرییەكان.
٦. پوچەڵكردنی تەواوی ئازادییە دیموكراسییەكان و مافەكانی مرۆڤ لە ڕووی سیاسی و ئاینی و ئابوورییەوە.
٧. جیانەكردنەوەی تەواوی نێوان هەرسێ دەسـەڵاتەكە، بەڵكو دەسگرتنی تەواو بەسەر ئەو دەسەڵاتانە لە ڕێگای دەسـەڵاتەكانی خودی سەددام حوسـێن كە سـەرۆكی كۆمـار و سـەرۆك وەزیـران و سـەرۆكی ئەنجوومەنی سەركردایەتی شۆڕش و فەرماندەی هێزە چەكدارەكان و ئەمینداری گشتی حیزبی بەعس بووە لەیەك كاتدا.
٨. پێڕەوكردنـــی ڕێبـــازی عەســـكەرتارییەت و پەرەســـەندنی توانـــا ســـەربازییەكان و خـۆ پڕچەككـردن و سـەپاندنی عەقلییەتـی هێـز و ڕێبازی دوژمنكارانەی فرەوانخوازی[٣٠٦].

(٣٠٦) كاظم حبيب، لمحات من عراق القرن العشرين، الجزء الحادي العشر، ص ١٦٠.

دووەم: ڕێکخراوی عەرەبی بۆ مافەکانی مرۆڤ، کە ڕێکخراوێکی ناحکومییە، ڕاپۆرتی ساڵانەی خۆی لە ١٩٩١ دەربارەی مافەکانی مرۆڤ لە وڵاتانی عەرەبی بڵاوکردەوە، دیارە مافەکانی مرۆڤ لە عێراق یەک لە بابەتەکانی ئەو ڕاپۆرتە بوو، کە لێرەدا باسی یەک لایەنی دەکەین، بە تایبەتی ئەوەی پەیوەندی بە ژیانی سیاسی و حیزبایەتی هەیە.

ساڵی ١٩٩١ دوای ئەوەی عێراق ناچارکرا لە کوەیت بکشێتەوە لەدوای ئەوەی ڕاپەڕینە جەماوەریەکەی ئازاری ١٩٩١ بەرپا بوو، لەسەر ئاستی دەرەکی و ناوخۆیی ڕژێمەکەی سەددام حوسێن بەرەوڕووی گۆشەگیری و ئابلوقەدانی توونـد بووەوە. دیارە وەک هەلێک بۆ دەرباز بوون لەو دۆخە، هەروەها بۆ ئەوەی ڕژێم وا دەری بخات، کە هەنگاوی دیموکراسیانەی گرتۆتە بەر، ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش کە بەرزترین دەسەڵاتە و خودی سەددام حوسێن سەرۆکییەتی، بۆ ڕێگادان بە دامەزراندن و ڕێکخستنی حیزبە سیاسیەکان یاسای ژمارە (٣٠)ی ساڵی ١٩٩١ی دەرکرد. یاساکە لە (٣٦) مادده پێکهاتبوو، باسی لە مافی هاوڵاتیان دەکرد بۆ پێکهێنانی حیزب و ڕێکخراوی سیاسی ، بەڵام بۆ جێبەجێکردنی ئەو یاسایە دامەرزاندنی حیزبی سیاسی چەندین مەرجی خستبووە ڕوو، کە بە کورتی ئاماژەیان بۆ دەکەین:

١. پێویستە ئەو حیزبە نوێیەی دادەمەزرێت هەموو چالاکییە دەرەکییەکانی هەروەها پەیوەندییەکانی بە حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان لە دەرەوەی عێراق لە ڕێگای لیژنەی پەیوەندییە عەرەبی و نێودەوڵەتییەکان بێت کە سەر بە ئەنجوومەنی نیشتمانییە.
٢. نابێت هیچ جۆرە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لەگەڵ هەر لایەنێکی حکومی لە دەوڵەتێکی دیکە هەبێت.
٣. قەدەغەیە ئەو حیزبانە هەر جۆرە هاوکارییەکی دارایی (وەرگرێت یان بنێرێت) لە هەر کەسێک یاخود هەر ڕێکخراوێک یان هەر لایەنێک، تەنها بەڕەزامەندی ئەنجوومەنی وەزیران نەبێت. بەپێچەوانەوە لایەنی سەرپێچی کەر تووشی سزای زیندانیکردنی هەتا هەتایی دەبێت.

٤. بەپێی مەرجەکانی یاساکە، دەبێت ئەو حیزبەی دادەمەزرێن، ناونیشانی هەموو ئەو کەسانە بداتە وەزارەتی ناوخۆ، کە پەیوەندییان هەیە و ئینتیمایان کردەوە، هەروەها ناوی ئەوانەی دووریش دەکەونەوە.

٥. حکوومەتی بەغدا خۆی هاوکاری سالانە، بە بڕیاری خودی سەددام حوسێن دەدات بەو حیزبانە، ئەویش بەپێی ڕادەی چالاکییان لەبەرگریکردن لە نیشتمان. دیارە ئەو مەرجانەی دانرابوون بەو شێوەیە، ئەو حیزبەی دادەمەزرێت وای لێدێت، کە ببێتە لقێک لە حیزبی بەعسی دەسەڵاتدار(٣٠٧).

ئەو یاسایە هەر بە مردوویی مایەوە، چونکە تا ڕژێمیشی ڕووخا لە (٢٠٠٣) هیچ کەس و لایەنێک ئامادە نەبوون داوایەکی لەو شێوەیە بخەنە بەردەم دەسەڵاتدارانی ڕژێم.

**باسی شازدەهەم: ڕۆڵ و کەسێتی سەددام حوسێن**

سەددام حوسێن مەجید عەبدولغەفور، لە ٢٨ی نیسانی ١٩٣٧ لە گوندی عوجەی سەر بە شاری تکریت، لە خێزانێکی هەژار کە بەهۆی کاری کشتوکاڵی و کاسب کارییەوە دەژیان لەدایکبووە. کاتێک سەددام لەدایکبووە باوکی کۆچی دوایی کردبوو، (سەبحەی کچی تلفاح)ی دایکی ئەرکی بەخێوکردنی هەڵدەگرێت. سەبحە دوای ماوەیەکی کەم شوو دەکاتەوە بە کابرایەک بەناوی ئیبراهیم حەسەن، سەبحە لە ئیبراهیم سێ کوری بوو، بەناوی بەرزان، وەتبان و سەبعاوی.

ئەو هاوسەرگیرییە گۆڕانێکی گەورەی لە ژیانی سەددام دروست دەکات، ئیبراهیم کەسێکی ڕەفتار توندوتیژ و پڕ دەرد و تاوان بووە، دڵڕەقی و بێ بەزەیی و بەدرەفتاری سنووری نەبووە، هیچ جۆرە خۆشەویستی و بەزەییەکی بەرانبەر سەددام نەبووە، بەخراپی لێی داوە، زۆری لێکردووە

(٣٠٧) جليل العطية، فندق السعادة حكاية من عراق صدام حسين، الطبعة الاولى، (لندن، ١٩٩٣)، ص ١٥٥.

فێری کاری کشتوکاڵی و ئاژەڵداری بێت و بیر لە خوێندن و چوونە قوتابخانە نەکاتەوە[٣٠٨].

سەددام لە تەمەنی (١١)ساڵیدا، دایکی بەجێ دێڵێت و ڕووی لە ماڵی خاڵی لە شاری بەغدا دەکات، خەیروڵڵای خاڵی فەرمانبەرێکی بچووک بووە، سەددام لای ئەو گۆڕان بەسەر ژیانیدا دێت، مامەڵەی باشتری لەگەڵ دەکرێت، لەگەڵ عەدنان کوڕە خاڵی بەیەکەوە دەخرێنە بەر خوێندن ساڵی ١٩٤٧ بەرخوێندن، دوای تەواوکردنی قۆناغی سەرەتایی لە دواناوەندی کەرخی شاری بەغدا وەردەگیرێت.

لە ساڵانی پەنجاکان لە ڕیزی ڕێکخراوی ئەلفتوە وەردەگیراوە(٣٠٩).

ساڵی ١٩٥٦ پەیوەندی بە حیزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی کردووە.

ساڵی ١٩٥٩ بەشداری لە هەوڵی کوشتنی عەبدولکەریم قاسمی سەرۆک وەزیران کردووە.

دوای ئەو ڕووداوە بە بریندارى بەرەو سوریا هەڵاتووە، لە وێوە خۆی گەیاندۆتە میسر و لە کۆلێژی یاسا دەستی بە خوێندن کردووە.

ساڵی ١٩٦٣ دوای کودەتاکەی ٨ی شوبات گەڕاوەتەوە عێراق، لەو ماوەیەدا هاتووچۆی سوریا کردووە و چاوی بە میشیل عەفلق کەوتووە.

دوای کودەتاکەی ١٨ی تشرینی دووەمی ١٩٦٣ بە سەرکردایەتی عەبدولسەلام عارف بەسەر حیزبی بەعسدا، کەوتوۆتە بەرەی ئۆپۆزیسیون، بەهۆی چالاکییەکانی دەسگیر کراوە و تا (٢٣ی تەمووزی ١٩٦٦ لە زیندان بووە، دواتر دەرفەتی بۆ ڕێکدەوێت و دەچێتە سوریا.

پێش دەستگیرکردنی ١٩٦٤ بەبڕیاری میشیل عەفلق ئەمینداری گشتی سەرکردایەتی نەتەوەیی حیزبی بەعس پلەی حیزبی بەرزدەبێتەوە و دەبێتە ئەندامی سەرکردایەتی حیزب لە عێراق.

---

(٣٠٨) هادي حسن عيلوي، رجالات العراق الجمهوري، ص ٥٤.

(٣٠٩) ئەو ڕێکخراوێکی لاوان بووە و لە سەردەمی مەلیک غازی دامەزراوە و بیروباوەڕی عەرەبچییەتی و نیشتمانپەوەری بڵاودەکردەوە.

سـەددام ئەرکـی بەرپرسـی دەزگـای ئەمنـی حیـزب (حەنـین) ی پـێ سـپێردراوە، بەمەش لە ڕێگـای ئەو دەزگـایەوە ڕۆڵـی کـاریگەری بینیـوە لە ململانێـیە ناوخۆییەکـانی حیزبـی بەعـس و تیرۆرکردنـی نەیـارانی ئەحـمەد حەسـەن بەکـر و سـەددام حوسـێن و ئامادەکارییەکـان بـۆ کودەتـای ١٧ی تەمووزی ١٩٦٨ و هەڵشکانی بەرەو لوتکە بینیوە[٣١٠].

دوای گەڕانەوەی حیزبـی بەعـس بـۆ سـەر دەسـەڵات لە ١٧و ٣٠ی تەمووزی ١٩٦٨ سەددام دەبێتە کەسێکی گرینگی دیاری ناو حیزب، لە مـانگی تشـرینی دووەمـی ١٩٦٨ بەجێگـری سـەرۆکی ئەنجـوومەنی سـەرکردایەتی شۆڕش دادەنرێت و دەبێتە جێگری ئەحمەد حەسەن بەکر تا ساڵی ١٩٧٩ لەو پێگەیەدا دەمینێتەوە.

ساڵی ١٩٧٩ لە کارێکی کودەتا شێوە بەسەر سەرۆک کۆمار ئەحمەد حەسـەن بەکـر و سـەرکردایەتی حیزبـی بەعـس لە عێـراق، سـەددام دەبێـتە کەسی یەکەم لەناو دەوڵەت و لەناو حیزب، دەسەڵاتەکانی: سەرۆکی کۆمـار، سـەرۆکی ئەنجـوومەنی سـەرکردایەتی شـۆڕش، ئەمینـداری سـەرکردایەتی حیزبـی بەعـس، فەرمانـدەی هێـزە چەکـدارەکان، هەمـوو ئەو پلەوپـایە و دەسەڵاتانەی بەدەستەوە دەگرێت.

لە ٩ی نیسـانی ٢٠٠٣ بەهـۆی هێرشـی ئەمریکـا و هاوپەیمانـان، ڕژێمەکەی سـەددام حوسـێن دەرووخێت و لە ١٧ی کـانوونی یەکەمـی ٢٠٠٣ دەسـتگیر دەکرێـت و دەدرێـتە دادگـا، ئەنجام لە ٣ی کـانوونی یەکەمـی ٢٠٠٦ بڕیاری لە سێدارەدانی بەسەر جێبەجێ دەکرێت[٣١١].

سـەددام حوسـێن لە کـاری سیاسـی و بەڕێـوەبردنی دەسـەڵات، چەنـد بنەمـا و شـێوازێکی سیاسـی و کـارگێڕی تـایبەتی پیـادەکردووە، دەکرێـت لە چەند خاڵێک کورتیان بکەینەوە:

---

(٣١٠) د. عبدالوهاب الكيالي، موسوعة السياسة، الجزء الثالث، الطبعة الثانية، (بيروت، ١٩٩٣)، ص ٦٢٧.

(٣١١) شامل عبدالقادر، القبض على صدام حسين، مجلة اوراق من ذاكرة العراق، العدد (٩٩)، (بغداد، ٢٠٢٠/١٢/١٥)، ص ٤-٦.

١. سەرەتای ژیانی سیاسی سەددام حوسێن لە سێبەری ئەحمەد حەسەن بەکرەوە دەستپێکرد و گەشەی کرد، ئەوان هەردووکیان بە خزمایەتی دەگەیشتنە یەک و لەیەک عەشیرەت بوون. بەکر دوای ساڵی ١٩٦٣ وە بووە کەسی یەکەمی حیزبی بەعسی لە عێراق، سەددام لەژێر چاودێری و سەرپەرشتی بەکر وردە وردە هەموو پێگە و دامەزراوە گرینگەکانی ناوخۆی حیزبی بەڕێوەدەبرد، بەتایبەتیش نووسینگەی هەواڵگری و سەربازی حیزب.
٢. شێوازە تایبەتەکانی سەددام لە کاری حیزبایەتی، هەڵسەنگاندنی هەموو کادیرە پێشەکەوتووەکانی حیزب، ئەوانی لەناو دامەزراوەکانی حیزب کاردەکەن یان لە دامەزراوەکانی دەوڵەت، دەستنیشانکردنی دۆست و نەیارانی خۆی.
٣. پشت گوێ نەخستنی هەر جۆرە کارێکی دوژمنکارانە یان مەترسیدار لەسەر کار و ئایندەی خۆی، دوورخستنەوەی ئەوانی لەگەڵ ئاراستە و ڕێبازی خۆی ناگونجێن.
٤. وەک هەنگاوێکی تەکتیکی، ڕێککەوتنی کاتی لەگەڵ چەند حیزب و هێزێکی سیاسی ئەنجامدەدا، ئەگەر لە ناوخۆی عێراق بێت یاخود لایەنێکی دەرەکی، بۆ بەرژەوەندی خۆی سوودی لە ململانێ و ناکۆکییەکانی ئەو لایەنانە وەردەگرت.
٥. بەکارهێنانی دارایی و سامانی دەوڵەت لە ناوخۆ و دەرەوە بۆ پروپاگەندە و بەرژەوەندی تایبەتی خۆی.
٦. ڕێگا نەدان بە دەرکەوتن و بەرز بوونەوە و پێشکەوتنی هەر کادیرێکی حیزبی ئەگەر خۆی لێی ڕازی نەبێت.
٧. کۆکردنەوەی خزم و ئەندامانی عەشیرەتەکەی و خزمانی خۆی، ئەوانی دڵسۆزبوون لە چەند بازنەیەک لە دەوری خۆی و لەناو چەند دامەزاروەیەکی ئەمنی و مەدەنی.
٨. بەکارهێنانی هەموو شێوازێک و توانایەک و پێداویستییەکی مادی و مەعنەوی، لەپێناو گەورەکردن لە پێگە و کەسێتی خۆی، هەروەها

بەرزکردنەوەی بۆ ئاستێکی پیرۆز و واخستنەروو کە سەددام ئاوات و هیوای گەل و نەتەوەی عەرەبە[٣١٢].

ساڵی ١٩٦٢ سەددام لەگەڵ ساجیدەی کچە خاڵی هاوسەرگیری کردووە، لەو هاوسەرگیرییە دوو کوڕ عودەی و قوسەی لەگەڵ سێ کچ ڕەغد، ڕەنا و حەلای بووە. ساڵی ١٩٨٦ بۆ جاری دووەم لەگەڵ سەمیرە شابەندەر هاوسەرگیریکردووە، لەوەشدا کوڕێکی بەناوی عەلی بووە.

**باسی حەڤدەهەم: بیروڕای چەند شارەزا و نووسەرێک دەربارەی سەددام حوسێن**

بەشێک لە مێژوونووسانی ئەو سەردەمە بۆ چوونیان وایە، کە سەددام حوسێن دووا کەس و بەرپرسی ئەو گروپە سەرکردانە بوو لەناو عەرەبی سوننە، کە لەگەڵ قۆناغی سەرهەڵدانی بیروباوەری عەرەبچێتی و کارکردن بۆ یەکێتیی عەرەب بە گەرمی سەری هەڵدا بەسەر دەستی سەرکردەی عەرەبی بەناوباونگ جەمال عەبدولناسر. لەو سەردەمە گروپێکی گەورەی ئەفسەرانی ناو سوپای عێراق و بەشێک لە سیاسەتمەدارانیش، ئەوانی پەیوەندی کۆمەڵایەتیان و پەروەردەیان بۆ دابونەریتی عەشیرەت و تیرە عەرەبە سوننەکانی ڕۆژئاوای عێراق دەگەڕێتەوە لە بیابانی ڕۆژئاوا، ناوچەکانی ئەنبار و تکریت، مووسڵ، ئەوانە بەهۆی نیشتەجێ بوونیان لە شارەکان و پێگەیشتنیان لە خوێندنگاکان ئاستی ڕۆشنبیری و سیاسییان پێگەیشت و بوونە دەستەبژێری سیاسی ئەو کۆمەڵە، لەناو دەسەڵات و سوپا و دامەزراوەکانی دیکە دەسترۆییان پەرەی سەند و خۆیان لە چەند کۆمەڵێک و ڕێکخراوێکی سیاسی ڕێکخست، لەژێر دروشمی یەکێتیی عەرەب خەباتیان دەکرد بۆ دەست گرتن بەسەر دەسەڵات، زیاتریش کاتێک گەیشتنە دەسەڵات هەر دەستە و کۆمەڵێکیان خەریکی بەهێزکردن و بەدیهێنانی بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیان بوون. وەک: عەبدولسەلام عارف، عارف عەبدولڕەزاق، عەبدولڕەزاق نایف، ئیبراهیم ڕەواد، سەعدوون غێدان، تاهیر یەحیا، حەردان

(٣١٢) صلاح عمر العلي، اسرار صعود صدام الى السلطة، مكتبة الحضارة، بيروت، مقابلة مع احمد منصور، قناة الجزيرة الفضائية.

تكريتـی، سـاڵح مەهـدی عەمـاش، سـەعید سـلیبی، عەبـدولعەزیز عـوقەیلی، عەبدولغەنی ڕاوی، عەبدولڕەحمان عـارف، ئەحمەد حەسـەن بەکر و سـەددام حوسێن.

سەددام لەو قۆناغەدا پەروەردەی ئەو ڕێباز و قوتابخـانەیە بوون، ئەو باشتر شارەزایی پەیدا کردوو لە سەردەمی ئەحمەد حەسـەن بەکر بەوردی کـاری بۆ خۆی دەکرد، بەلێشـاو گەنجی عەرەبی عەشایەری ئەو ناوچانەی لەناو سوپا و دەزگا ئەمنییەکان و دامەزراوەکانی دیکەی دەوڵەت کۆکردەوە و پلەو پایەی پێ بەخشین بێ ئەوەی لە ئاستی ئەو پلانەبن. بەدووریش لە هەمـوو بنەمـا و ڕێسـایەکی یاسـایی و کـارگێڕی کە دەوڵەتـی لەسـەر بەرێـوە دەچوو(٣١٣).

سەرۆکی پێشووتری میسر جەمال عەبدولناسر دەربارەی دیاریکردنی سـەددام حوسـێن بە جێگری سـەرۆکی ئەنجـوومەنی سـەرکردایەتی شـۆڕش سـاڵی ١٩٦٨ وتـویەتی: " **هەڵبژاردنـی جێگـری سـەرۆکی ئەنجـوومەنی سـەرکردایەتی کـارێکە بـۆ برایـان لە عێـراق دەگەڕێتەوە، بەڵام ئەو کـوڕ (سەددام)، ئێیمە دەیناسین کەسێکی سەرکێش و بازاڕییە (بەڵتەچییە)**" (٣١٤).

جۆن نیکسـون، گەورە بەرپرسـی هەواڵگری ئەمریکـا، کە یەکەم کەس بوو لێکۆڵینەوەی لەگەڵ سـەددام حوسـێن کردووە کاتێک دەستگیر دەکرێت سـاڵی ٢٠٠٣، لێکـۆڵینەوەکە چەنـد ڕۆژێکـی خایانـدووە، نـاوبراو بە کـورتی بیروڕای خـۆی لەسـەر سـەددام حوسـێن بەم شـێوەیە دەخـاتەروو: سـەددام حوسـێن تـۆپەڵێکە لە نـاکۆکی (جەسـتەیەکە پـڕ لە نـاکۆکی)، ڕووە مرۆڤـایەتییەکەی جیـاوازە بەتەواوی لەگەڵ ئەوەی تائێسـتا لەسـەری بڵاوکراوەتەوە، سـەددام توانای هەیە ببێتە کەسێک کە سـەرنج ڕابکێشـێت و جێگای بایەخ پێدان بێت، ڕووخۆش و پێکەنیناوی بێت، شارەزا و پێگەیشتووە ئەگەر ئارەزووی هەبێت، بەڵام کاتێک تورە دەبێت و دەسەڵاتی بەسـەر خۆی

---

(٣١٣) د. هادي حسن عليوي، رجالات العراق الجمهوري، ص ٥٤٠؛ باقر ياسين، تاريخ العنف الدموي في العراق، ص ٣٣٨.

(٣١٤) د. جـواد محمـود هاشـم، ذكرايـات فـي السياسـة العراقيـة ١٩٦٧ – ٢٠٠٠، (بيـروت، ٢٠٠٣)، ص ١١٥

نامێنێت، ئەوا دەبێتە کەسێکی بێ شەرم و بێ حەیا و لووت بەرز، زمان پیس و سووک و تۆقێنەریش.

عەبدوللا سەلوم سامەڕایی[٣١٥] ئەندامی سەرکردایەتی حیزبی بەعس دەڵێت: سەددام ڕێگای نەدەدا هیچ بەرپرسێک یان کەسایەتییەک بەرزبێتەوە ئەگەر لەژێر دەسەڵاتی تەواوی خۆی نەبێت، ئەو لە زووەوە خواستی ئەوە بوو بگاتە پێگەی سەرکردایەتی حیزب و دەوڵەت، بۆ لەناوبردنی نەیارانی لەناو حیزب و دەوڵەت دەستی بەدانانی پلانی کوشندە کرد.

تاییە عەبدولکەریم ئەندامی سەرکردایەتی حیزبی بەعس دەڵێت: کردەوەکەی ناو هۆڵی (خولد)ی ساڵی ١٩٧٩، حیزبی بەعسی لەناوبرد و ڕێبازەکەشی شێواند، ئەوەی لە عێراقیش ڕوویدا لەو ڕووداوە کارەساتانەی ئەمڕۆ تێیدا دەژین، ئەنجام و کاردانەوەی ئەو کردار و ڕووداوانەن[٣١٦].

**باسی هەژدەهەم: سەددام حوسێن و هەواڵگری ئەمریکا**

باس و بیروڕای جیاواز هەیە دەربارەی بوونی پەیوەندی سەددام حوسێن بەدەزگای هەواڵگری ناوەندی ئەمریکا (C-I-A)، لێرەدا بە کورتی هەندێک لایەنی ئەو باسانە دەخەینە ڕوو:

لە کتێبی (النفط والاكراد)ی دکتۆر کەمال مەجید کە لە (لەندەن) چاپکراوە لەو کتێبەدا هاتووە: سەردەمی جەمال عەبدولناسر وەزارەتی دەرەوەی میسر نامەیەک ئاراستەی وەزارەتی دەرەوەی سوریا دەکات تێیدا

(٣١٥) عەبدوللا سەلوم سامەڕایی، ساڵی ١٩٣٢ لە سامەڕا لەدایکبووە، بڕوانامەی ماستەری لە مێژووی ئیسلام وەرگرتووە، لەنێوان (١٩٦٤-١٩٧٠) ئەندامی سەرکردایەتی حیزبی بەعس بووە، دوای ساڵی ١٩٦٨ بە وەزیر دادەنراوە و پاشان بووە بە باڵیۆزی عێراق لە وڵاتی هیندستان، ماوەیەک زیندانی کراوە. ساڵی ١٩٩٨ کۆچی دوایی کردووە. د. حسن لطيف الزبيدي، موسوعة الاحزاب العراقية، ص ٤١٤.

(٣١٦) مذكرات تايه عبدالكريم، (طبع ونشر قناة البغدادية التلفزيوني، دون سنة الطبع)؛ حنان فايد، اسرار التحقيقات الامريكية مع صدام حسين، مجلة اسرار، العدد (٧)، (بغداد، حزيران ٢٠١٧)، ص٦٠.

هـاتووه: سـەددام حوسـێن پەیوەندی بەدەزگای هەواڵگری ناوەندی ئەمریکا هەیە، نـاوبراو کە سـاڵی ١٩٦١ گەیشـتە شـاری قـاهیرە تێبینـی لەسـەری پەیدابوو، لەونامەیەدا هاتووە، ئەو پەیوەندییە بۆ ساڵی ١٩٦٠ دەگەڕێتەوە، ئەوەش ئەو بـۆ چـوونە دەسـەلمێنێت، کە ئەو هەوڵەی بـۆ کوشـتنی عەبدولکەریم قاسم درا لە کۆتـایی ١٩٥٩ دەستی هەواڵگری ئەمریکای تێدا هەبووە.

نووسـەر (ولیـام جـی زیمـان) لە نـامەی دوکتـۆراکەی نووسـیویەتی: دەزگـای هەواڵگـری ناوەنـدی ئەمریکـا دەسـتی لەو هەوڵە هەبـووە کە بـۆ کوشـتنی سـەرۆک وەزیـران عەبـدولکەریم قاسـم دراوە لە سـاڵی ١٩٥٩دا. سـەددام حوسـێن کە بەشـداریکردووە لەو کـارە پەیوەنـدی بە دەزگـای هەواڵگری ئەمریکا هەبووە.

وەزیری بەرگری پێشووتری سوریا مستەفا تەلاس لە چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ ڕۆژنامەی (الشرق الاوسط) دەڵێت: سەرۆک جەمال عەبدولناسر ساڵی ١٩٦٩ لە قـاهیرە ئاگـاداری کـردینەوە سـەددام حوسـێن پیـاوی یەکەمـی ئەمریکـایە لە نـاوچەکە، نـاوبراو ئەو کـاتەی لە قـاهیرە بـووە پەیوەنـدی بەردەوامی لەگەڵ باڵیۆزخانەی ئەمریکا هەبووە[٣١٧].

(٣١٧) حسن السعید، نواطیر الغرب صفحات من ملف علاقات اللعبة الدولیة مع البعث العراقي ١٩٤٨ – ١٩٦٨، ص٢١٥.

# بەشی سێیەم
# ماف و ئەرکی کەمایەتییەکان لە عێراق

## تەوەرەی یەکەم: چەمکی کەمایەتی و چەمکی هاوڵاتیبوون

کەمایەتی، کۆمەڵە کەسانێکن، دوورن لە دەسەڵاتداری و زاڵبوون بەسەر کۆمەڵگادا، ئەو کۆمەڵە چەند خەسڵەتێکی دیاریکراوی نەتەوەیی یان ئەتنی، یاخود ئاینی، یانیش زمانەوانی، بەیەکیان دەبەستێتەوە، کە جیاوازیش دەبن لە خەسڵەتەکانی زۆرینەی کۆمەڵگا. ئەو کۆمەڵە کەسانە بەها و پێوەرێکی کلتوورییان هەیە، کە بەهۆیەوە لە کۆمەڵەکانی دیکە جیادەکرێنەوە.

تاکەکانی ئەو کەمایەتییە هۆشیاری و تێگەیشتنیان بۆ جۆرە شوناسێکی کلتووری خۆیان هەیە، جیاواز لە کلتووری کۆمەڵەکانی دەوروبەریان.

ئەو خەسڵەتە ئەتنی و ڕەگەزیانە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتین، بە درێژایی ڕۆژگار لە مێژووی کۆمەڵایەتی مرۆڤ دێنە بەرهەم و دووبارەش دەبنەوە. دیارە جیاوازییە ئەتنیەکانیش لە هەموو کۆمەڵگاکان (تا ڕادەیەک) بە جیاوازییەکان لە دابەشکردنی هێز و دەسەڵاتی ماددی دەبەسترێنەوە، ئەو بەش بەش بوون و کەرتبوونە ئەتنیانە زیاتر توندوتیژ دەبن کاتێک لەسەر بنچینە نەژادییەکان دروست دەبن، یاخود کاتێک حکوومەتەکان پەنا بۆ دوورخستنەوەی کەمایەتییەکان لە ناو کۆمەڵگاکانیان دەبەن(٣١٨).

چەمکی هاوڵاتیبوونی تەواو بە ناتەواوی دەمێنێتەوە ئەگەر مافارەواکانی ئەو کەمایەتییە نەدرێت. لە وڵاتێکی وەک عێراق کێشەی بنچینەی، کە بەرەوڕووی کەمایەتییەکان بۆتەوە، ئەو تێگەیشتنە هەڵەیە بۆ چەمکی هاوڵاتیبوونی تەواو، کە یەکسانی لەماف و نەبوونی جیاوازی دەگرێتەوە(٣١٩) .

(٣١٨) سعد سلوم، حماية الاقليات الدينية والانثنية واللغوية في العراق، (جامعة الكوفة، ٢٠١٧)، ص٣٠.

(٣١٩) انطوان الصنا، حقوق الاقليات في العراق ممثل المجلس الشعبي الكلداني السرياني الاشوري – ولاية مشيغان – امريكا، دراسة ١٣/ تموز/ ٢٠١١ (http://ihrsusa.org/2018/02/02/بحث-بعنوان-حقوق-الاقليات-في-العراق).

هەردوو حاڵەتی کەمایەتی و هاوڵاتیبوون جێگرەوەی یەکترنین، بەڵکو هەردووکیان دوو ڕەگەزی تەواوکەری یەکترن. بوونی ئەو کەمایەتییانە لە کۆمەڵگایەکی دادپەروەر، ڕێگرنابێت لەبەردەم ئەوەی بەڕێ و ڕەسمی بیروباوەر و دابونەریتە کلتوورییەکانی خۆیان هەڵسن، ئەگەر بەکۆمەڵ بێت یان تاک، ئەویش لە چوارچێوەی تایبەتمەندییەکی نیشتمانی، سەرەڕای بوونی تایبەتمەندییەکانی دیکەی کۆمەڵگا.

هەر دەوڵەتێک ئەگەر ویستی ملکەچی کەمایەتییەکان بۆ خۆی یەکلابکاتەوە، ئەوا دەبێت بەپێی دەستورەکەی مافە ڕەواکانیان بۆ دابین بکات. بەڵام لە عێراقدا دەبینین دەستورەکەی بەشێوەیەکی ڕاشکاوانە ئاماژە ناکات بۆ مافەکانیان، دەقەکانی دەستورەکەی ڕوون نین، هەروەها دەبێت باسی ئەوە بکەین عێراق تەنها وڵاتە لە جیهان پشت بە پێناسەی باری شارستانییەت نابەستێت بۆ ئەو کەسانەی بەعێراقی دابنرێن، بەڵکو پێویست بە بوونی بڕوانامەیەکی دیکە دەکات، کە ناوی لێنراوە (ڕەگەزنامەی عێراق)[٣٢٠].

(٣٢٠) سعد سلوم، حماية الاقليات الدينية والانثنية واللغوية في العراق، ص ٣١.

## تەوەرەی دووەم: کەمە نەتەوەیی و ئاینییەکان لە عێراق

کۆمەڵگا پێکدێت لە ژمارەیەکی گەورەی خەڵک، نیشتەجێی ناوچەیەکن و چەند پەیوەستییەکی کۆمەڵایەتی و چەند بەرژەوەندییەکی هاوبەش کۆیان دەکاتەوە، شانبەشان ئەو دۆخەش چەند سیستم و یاسایەک داڕێژراون بۆ ڕێکخستنی هەڵسوکەوتیان و ئاراستەکردنی ڕەفتارەکانیان لەژێر چاودێری دەسەڵاتدا. دیارە کۆمەڵگا لە کۆمەڵە کەسانێکی زیندوو پێکدێن، نەک تەنها کۆمەڵە سیستم و بیروباوەڕێک. ڕەگەزەکانی کۆمەڵگا، مرۆڤایەتییەکان چەند ڕەگەزێک دەگرێتە خۆی:

١. هەمـــوو تاکەکـــان، ئەوە تێگەیشـــتنیان هەیە و درک بەوە دەکەن، کە پێویست دەکات لەسەریان بە یەکگرتوویی بژین.
٢. بوونی ڕووبەرێکی جوگرافی ئەو خەڵکەی لەسەر نیشتەجێ بێت.
٣. بوونی سیستمێک بۆ ئەوەی تاکەکانی کۆمەڵگاکە کار لە یەکگردووبن، هەروەها ڕێگای دەربڕینی بیروڕاکانیان هەبێت.
٤. تاکەکان خاوەن ڕەفتاری کۆمەڵایەتی بن، ئەو ڕەفتارە یارمەتیدەریان دەبێت بۆ ژیانێکی ئاشتیانە[٣٢١].

ئەوەی زانراوە عێراق وەک دەوڵەت قەوارەیەکی دروستکراوی بریتانیا بووە[٣٢٢]، ڕوونترین ڕاستیش بۆ مۆرک و شێوەی ئەو قەوارە دروستکراوە، خۆی لە ڕادەی گوێ ڕایەڵی و ملکەچی هاوڵاتیانی بەرجەستە دەکات. لێرەدا دەکرێت بەڵگە و بیانووی زۆر بهێنرێتەوە بۆ ئەو بیرۆکەکەیەی، کە دەوڵەتی عێراق پێش دامەزراندنی ئایا خاوەن پێناسە و کەسێتی بووە. بەڵام ئەوەی ئاشکرایە هەستی ئینتیما بۆ دەوڵەتی عێراق بەهیچ شێوەیەک لەناو خەسڵەتە

---

(٣٢١) د. عبدالوهاب حميد رشيد، التحول الديمقراطي في العراق، الطبعة الاولى، (بيروت، ٢٠٠٦)، ص٢٥٤.

(٣٢٢) مجموعة مؤلفين، المجتمع العراقي – حفريات سوسيولوجية، اشراف: حسين بن حمزة، (بغداد، ٢٠٠٦)، ص٣٤٧.

سەرەتاییەکانی ئەو گەلانە نەبووە، کە لە سەرەتاکانی دامەرزاندن و پێکهێنانی لەسەر ئەو خاکە نیشتەجێببوون(٣٢٣).

حەننا بەتاتۆ، لە کتێبەکەی هەندێک زانیاریمان دەخاتە بەرچاو دەربارەی پێکهاتەی ئەتنی و ئاینی عێراق لە ساڵی ١٩٤٧، کە بەم شێوەی خوارەوەیە:

| پێکهاتە | ڕێژەیان |
|---|---|
| عەرەبی شیعە | ٪٥١ |
| عەرەبی سوننە | ٪٢٠ |
| کورد | ٪١٩ |
| مەسیحی | ٪٣ |
| جوولەکە | ٪٢.٥ |

ئەو ژمارانە ڕاستی جۆراوجۆری ئەو کۆمەڵگایە ئاشکرا دەکەن، بەڵام ئایا ئەوە وا دەگەیێنێت کە عێراق پێناسەی نیشتمانی لاوازە، یەکەم کەس کە بەشای عێراق دیاریکرا لەلایەن بریتانیا فەیسەڵی کوڕی حوسێن، پاش ماوەیەک لە دەسەڵات گرتنە دەست، بیروڕای خۆی بەم شێوەیەی خوارەوە خستەروو: "**لەم وڵاتە هێشتا گەلێک نییە بە ناوی گەلی عێراق، ئەوەی هەیە کۆمەڵە خەڵکێکی ناحەز و دژ بەیەکن. ئەوانە دوورن لە هەر بیرۆکەیەکی نیشتمانی، ئەوانە نوقمی نەزانین و دوواکەوتوون، هەر جۆرە پەیوەستییەکی هاوبەشی نییە لەنێوانیان، ئارەزووی ئاذاوەن، ئامادەن دژی حکوومەت یاخی ببن**".

**باسی یەکەم: کەمایەتییەکان لە عێراق**

دانیشتوانی عێراق بریتین لە کۆمەڵە ڕەگەز و ئاین و تائیفەیەکی جیاواز، دوو نەتەوەی سەرەکی عەرەب و کورد زۆرینەی دانیشتوان

(٣٢٣) د. زينب هاشم، محاضرات عن دراسات في المجتمع العراقي، (بغداد، ٢٠١٤)، ص ٤-٥.

پێکدەهێنن، سەرەڕای ژمارەیەکی زۆری ڕێبازی ئاینی و ڕەگەز و نەتەوەی جیاواز[٣٢٤]. بۆ بەرچاو خستنی ڕاستییەکان، ئاماری سەر ژمێرییەکانی سێ ماوەی جیاواز دەخەینەروو:

**یەکەم: سەرژمێری ساڵی ١٩٤٧** [٣٢٥]

| تائیفه | ژماره |
|---|---|
| عەرەبی شیعه | ٦٧٣،٠٠٠ |
| عەرەبی سوننه | ٤٢٨،٠٠٠ |
| کورد | ١٧٦،٠٠٠ |
| ترکمان | ٥٠،٠٠٠ |
| کوردی فەیلی | ١٤،٠٠٠ |
| فارس | ٤٩،٠٠٠ |
| مەسیحی | ٩٤،٠٠٠ |
| جولوکه | ١١٣،٠٠٠ |
| ئێزدی و شەبەک | ٤،٠٠٠ |
| سابیئه | ٥،٠٠٠ |

تێبینی: کۆی گشتی دانیشتوانی عێراق لەو سەرژمێرییە ٤،٥٦٤،٠٠٠ کەس بووە [٣٢٦].

**دووەم: سەرژمێری ساڵی ١٩٥٧**

| تائیفه | ژماره |
|---|---|
| عەرەب | ٥،٠١٨،٢٦٢ |
| کورد | ١،٠٤٢،٧٧٤ |
| تورکمان | ١٣٦،٨٠٦ |

---

(٣٢٤) سعد سلوم، حماية الاقليات الدينية والاثنية واللغوية في العراق، ص ١٢١.

(٣٢٥) وزارة الشؤون الاجتماعية العراق، احصاء السكان لسنة ١٩٤٧، (بغداد، ١٩٥٤).

(٣٢٦) د. خليل اسماعيل، كردستان العراق في ضوء التعدادات السكانية، (اربيل، ٢٠١١)، ص ١٢.

| | |
|---|---|
| ئاشووری | ١٠٠،٠٠٠ |
| جولەکە | ٤،٩٠٦ |
| مەسیحی | ٢٠٦،٢٠٢ |
| ئیزدی | ٧٥،٢٥٦ |

تێبینی: کۆی گشتی دانیشتوانی عێراق لەو سەرژمێرە (٦،٥٣٨،١٩٩) کەس بووە.

**سێیەم: سەرژمێری ساڵی ١٩٧٧**[٣٢٧].

| تائیفە | ژمارە |
|---|---|
| ڕێژەی ئیسلام | ٪٩٧ |
| ڕێژەی مەسیح | ٪٢،١٤ |
| ڕێژەی عەرەبی شیعە | ٪٥١ |
| ڕێژەی عەرەبی سوننە | ٪٤٧ |
| ژمارەی مەسیحی | ٠،٥٠٠،٠٠٠ |
| ژمارەی ئێزدی | ٠،١٠٠،٠٠٠ |
| ژمارەی سابیئە | ٠،١٦،٠٠٠ |
| ژمارەی جولەکە | ٠،٠٠٠،٤٠٠ |
| ژمارەی شەبەک | ٠،٠٨٠،٠٠٠ |

تێبینی: کۆی گشتی ژمارەی دانیشتوانی عێراق (١٢،٢٠٠،٠٠) کەس بووە.

**باسی دووەم: زانیاری دەربارەی کەمایەتییەکان**(٣٢٨)

**١. سابیئە**

(٣٢٧) رضا عبدالجبار وفاهم محمد جبر، نمو السكان في العراق والعوامل المؤثرة فيه (١٩٧٧-٢٠٠٧)، مجلة بابل العلوم الانسانية، مجلد (١٩)، العدد (٤)، (جامعة القادسية، ٢٠١١)، ص ٦٢٦.

(٣٢٨) ممتاز لالائي، لازلو مستدفين، اضطهاد مستمر لاقليات العراق، المجموعة الاولية لحقوق الانسان، المملكة المتحدة.

یەک لە ئـاینە کۆنەکـانی جیهـانە، مێـژووی بـۆ شارسـتانییەتی وڵاتـی میسۆپۆتامیا دەگەڕێتەوە، پێغەمبەریان یوحەننا مەعمەدانە، چوونە ناو ئاوی پاکی سروشتی بنچینەی هەڵسوکەوتی ئاینەکەیە. ژمارەیان لە جیهان لەنێوان (٦٠-٧٠) هەزار کەس دەبێت.

### ٢. بەهائییەکان

ئەم ڕێبـازە ئـاینیە بچـووکترین ئـاینی سـەربەخۆیە لە جیهـان، دامەزرێنەکەی (بەهـائوڵلا) یە (١٦١٧-١٦٩٢)، بە نـوێترین پێغەمـبەر دادەنرێت لە زنجیـرەی پێغەمـبەران، زۆرێـک لە مووسـڵمانان بەهائییەکـان بەکەسـانی هەڵگەراوە دادەنێن، لەبەر ئەوەی باوەڕیـان بە ئاینێک هێنـاوە لە دوای ئـاینی ئیسـلامەوە هاتبێت. ئەوانە ژیانیـان لەنـاو کۆمەڵگـای عێـراق ئاسـان نەبـووە، ژمـارەیەک لەوانەی لەو سـی سـاڵەی دوایـدا لە دایکبـوون بەڵگەنـامەی هاوڵاتیبوونیـان نییە، هەروەهـا بۆیـان ئاسـان نەبووە بچنە دەرەوەی عێراق، سەرەڕای ئەوانەش بەزەحمەت منداڵەکانیان لە قوتابخـانە وەرگیراون. بەپێـی ڕاپۆرتی دامەزراوەی ئەمریکی نێودەوڵەتی (**USCIRF**) سـاڵی ١٩٧٥ یاسـای ژمـارە (٣٥٨) لەلایەن حکوومەتەوە دەرچووە و بەهائییەکانیـانی بە موسڵمان تۆمارکردوون[٣٢٩].

### ٣. عێراقییە ڕەشەکان

بـاوەڕوایە ئەوانەش پـاش گەیشـتنی ئـاینی ئیسـلام بـۆ عێـراق، لە ڕۆژهەڵاتـی ئەفریقیـاوە بـۆ عێـراق هێنـراون. ڕەنـگە هەنـدێکیان وەک کـۆیلە هێنـرابن یـان بە بەڵـێن پێـدانی درۆ، بەشـێک لەوانە لە هەشـتاکانی سـەدەی بیسـتەم لە سـوپا کاریـان پێکـراوە. خۆیـان ناڕەزاییـان لەوەیە وەک کـۆیلە تەماشا دەکرێن و هیچ جۆرە مافێکی سیاسییان نییە، بەڵکو بە کرێکاری و خزمەتکردن لە ماڵەکان دەژین.

بەپێـی ڕاپـۆرتی نەتەوە یەکگرتووەکـان (**unami**)، نـزیکەی (٨٠٠) خێزانیـان لە بـارێکی هەژاری و نەخوێنـدەواری و بێکـاری خـراپ دەژیـن.

---

(٣٢٩) حنا بطاطو، العراق؛ الطبقات الاجتماعية والحركات الثورية، الكتاب الاول، ص ٥٧- ٥٨.

ژمارەیـــان بەدوو ملیـــۆن کەس مەزەنـــدە دەکرێـــت، گەورەتـــرین نـــاوچەی نیشتەجێبوونیان پارێزگای بەسرەیە.

### ٤. ئەرمەنییەکان

کەمایەتی ئەتنی و زمانەوانی ئەرمەن، لە سـەردەمەکانی پێش زایین لە عێراق ژیـاون، بەڵام دوای ئەو کارەساتەی بەسـەریاندا هـات لەسـەر دەسـتی دەوڵەتـی عوسـمانی سـاڵی ١٩١٥ ژمـارەیەکی زۆریـان گەیشـتنە عێـراق و لە ناوچەکانی بەسرە، بەغدا، کەرکووک و مووسڵ دەژیان.

### ٥. کلد و ئاشووری

ئەوانە لە بنچینـەدا دانیشـتوانی کـۆنی وڵاتـی مسـیۆپۆتامیان، کلـد و ئاشـووری بەشـێوەیەکی سـەرەکی لە شـارە گەورەکـانی عێـراق ژیـاون، وەک: بەغـدا، مووسـڵ، کەرکـووک و بەسـرە. هەروەهـا لە نـاوچە گوندنشـینەکانی کوردسـتانیش بەجوتیـاری خەریکبـوونە، بە زمـانی سـریانی دەدوێـن، ئاینیـان مەسـیحیەتە، چـوار کلێسـەیان هەیە، کلێسـەی کلـدانی کاسـۆلیکی، کلێسـەی یەعقوبییەکـان (سـریانی ئەرسـەدۆکس)، کلێسـەی نەسـتورییەکان، کلێسـەی سریانی کاسۆلیک. ژمارەیان نزیکەی ١،٤٠٠،٠٠٠ کەس دەبن لە عێراقدا.

### ٦. چەرکەس

لە ڕاستیدا ئەوانە بۆ ئەو ئەرمەنیانە دەگەڕێنەوە کە لە بەشی باکووری ڕۆژئاوای ناوچەی قەوقاز دەژیان، دوای هێرشی سوپای ڕووس بۆ نـاوچەکە سـاڵی ١٨٦٤ ئەوانە بەرەو ناوچەکـانی ژێـر دەسـەڵاتی دەوڵەتـی عوسـمانی کۆچیان کردووە. شەرکەس بە ئاین ئیسلامن. ژمارەیان لە عێراق دوو هەزار کەس دەبن.

### ٧. کوردی فەیلی

ئەوانە ئیسـلامی شـیعەن لەسـەردەمی عوسـمانییەوە لە نـاوچە سـنوورییەکانی نێوان عێراق و ئێران ژیـاون و ژمـارەیەکی گەورەشـیان لە بەغـدا نیشـتەجێبوون. زیـاتر بەکـار و بـاری بازرگـانییەوە خەریکبـوون، لە

شەستەکانی سەدەی ڕابردوو ژوری بازرگانیان دامەزراندوە، لەسەردەمی دەسەڵاتداری سەددام حوسێن زۆرکاری دژ بە مرۆڤایەتیان بەرانبەر ئەنجامدراوە، زۆربەیان بەرەو ئێران دەرکراون و سامان و موڵکیان دەستی بەسەردا گیراوە.

**٨. جولەکە**

مێژووی کۆمەڵگای جولەکە لە عێراق بۆ (٢٥٠٠) ساڵ پێش ئێستا دەگەڕێتەوە، ژمارەیان نزیکەی (١٥٠) هەزار کەس دەبوو، بە زۆر عێراقیان بەجێهێشت.

**٩. کاکەییەکان**

ئەوانە بە ئەهلی حەقیش ناسراون، کۆمەڵە کوردێکن سەر بە ڕێبازێکی ئاینیین، زمانەکەشیان کەپێی دەدوێن، بە (ماچۆ) ناسراوە. شوێنەکانی نیشتەجێبونیان باشووری ڕۆژهەڵاتی شاری کەرکووکە، هەروەها ناوچەی هەورامان لەگەڵ سەر زێی گەورە نزیک قەزای خەبات[٣٣٠].

**١٠. شەبەک**

بەشێوەیەکی سەرەکی لە دەشتی نەینەوا دەژین لەنێوان هەردوو رووباری دیجلە و خازەر، ژمارەیان لە دەوروبەری (٢٠٠) هەزار کەس دەبێت. لە ڕووی کولتوورییەوە هەندێک داب و نەریتیان جیاوازی لەگەڵ کورد و عەرەب هەیە، زۆرینەیان مووسڵمانی شیعەن.

**١١. ئێزیدییەکان**

ئێزیدی لە ڕووی زمان و کلتوورەوە بەشێکن لە نەتەوەی کورد، دانیشتوانی ڕەسەنی ناوچەکەن. ڕێبازێکی ئاینی جیاوازییان هەیە، گۆڕی ڕابەری ئاینیان لە شارۆچکەی شێخانە. ناوچەکانی نیشتەجێبوونیان قەزای شەنگال و چەند گوندێکی نێوان مووسڵ و دهوکە.

---

(٣٣٠) فائز عبدالله العساف، الاقليات وأثرها في استقرار الدولة القومية اكراد العراق نموذجا، رسالة ماجستير غير منشورة، (جامعة الشرقه الاوسط، ٢٠١٠)، ص ٢٩.

**١٢. توركمان**

سێیەم نەتەوەن لە ڕووی ژمارەوە، سەرەتای مێژووی هاتنیان بۆ عێراق بۆ پێش یەک هەزار ساڵ دەگەڕێتەوە. لەسەردەمی دەوڵەتی عوسمانی لەسەر ڕووبەرێکی درێژی ناوچە گردۆلکەییەکان لە شاروچکەی تەلەعفەرەوە بەرەو هەولێر و کەرکووک و تا دەگاتە دەوروبەری دیالە نیشتەجێ بوونە. بەشی زۆریان ئیسلامی سوننەن و کەمێکیان لەسەر ئاینزای شیعەن[٣٣١].

---

(٣٣١) مجموعة من الخبراء، اللجنة الوطنية للسياسات السكانية، تحليل الوضع السكاني في العراق، (دون مكان الطبع، ٢٠١٢).

## تەوەرەی سێیەم: دەستورەکانی عێراق و مافی کەمایەتییەکان لە دەستووردا

دەستور، بالاترین یاسای دەوڵەتە، بەهۆیەوە شێوەی دەوڵەت، سیستمی حوکمڕانییەکە، جۆری دەسەڵاتەکان، ئەرک و پسپۆری دیار دەکرێت، هەروەها پەیوەندی نێوان هاولاتیان دیاری دەکات و ئەرک و مافەکانیان بۆ دەستەبەر دەکات(٣٣٢).

### یەکەم: دەستوری ساڵی ١٩٢٥

ئەم دەستورە لەچەند بەندێک باسی لە مافە سیاسییەکان کردووە، هەروەک لە بەندی (٦)یدا هاتووە:" عێراقییەکان ئەگەر جیاوازیش هەبێت لەنێوانیاندا لە نەتەوە و ئاین و زمان، لە مافەکانیان لەبەردەم یاسادا جیاوازی لەنێوانیاندا نییە، ".

لێرەدا، یاسا بایەخێکی تایبەتی بەمافە سیاسییەکانی کەمایەتییە ئاینییەکان داوە، هەروەک لە بەندی (٣٧) یاسای بنچینەیی عیراقدا باسی هاتووە. بەپێی دەقی ئەو بەندە، وا پێویست دەکات کەمایەتییەکانی وەک مەسیحی و جولەکە لە ئەنجوومەنی نوێنەران، نوێنەریان هەبێت.

یاسای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی ساڵی ١٩٢٤ لە بەندی (٦)دا ژمارەی ئەو کەمایەتیانەی بەم شێوەیە دیاریکردووە:

لیوای مووسڵ: ٢ نوێنەری مەسیحی + ١ نوێنەری جولەکە

لیوای بەغدا: ١ نوێنەری مەسیحی + ٢ نوێنەری جولەکە

لیوای بەسرە: ١ نوێنەری مەسیحی + ١ نوێنەری جولەکە

ئەوە جگە لەو نوێنەرانەی لەلایەن خەڵکەوە هەڵبژێدراون.

---

(٣٣٢) لطيف عبدالحسين موسى، الحقوق السياسية للاقليات الدينية في الدساتير العراقية، مجلة المثنى للعلوم الادارية والاقتصادية، العدد (١)، (جامعة المثنى، ٢٠١٥)، ص٢٢٢.

لەو سەردەمەدا بەپێی یاسای هەڵبژاردن بۆ هەر یەک نوێنەر، پێویستی بە بیست هەزار دەنگی ڕەگەزی نێر هەبووە[٣٣٣].

بەشێک لە شارەزایانی یاسای دەستوری، دەڵێن ئەوەی لەو سەرچاوەیە هاتووە، ئەوە ئاشکرا دەکات کە مەبەست لێی دەستەبەرکردنی بەرژەوەندی کەمایەتییەکان بووە، بەو شێوەی کە تائیفەن نەک بەو شێوەی هاوڵاتی کۆمەڵگایەکن و یەکسانی لەنێوانیاندابێت لەماف و ئەرکەکان، دیارە ئەوەش سەرپێچییەکی ئاشکرایە بۆ ئەو ڕێسا دەستورییەی کە دەستورەکان دانیان پێداناوە. ڕێساکەش ئەوەیە کە هەر نوێنەرێک نوێنەری هەموو نەتەوەیە نەک نوێنەری لایەنێک یاخود تائیفەیەکی دیاریکراو. ئەوانەی لەلایەن تائیفەیەکی ئاینییەوە هەڵدەبژێردرێن سیفەتی نوێنەرایەتی گشتیان نامێنێت، هەروەها نوێنەرەکانی زۆرینەش نابنە نوێنەری کەمایەتی، ئەو کەسەی دەبێتە نوێنەر و متمانەی دەنگدەران بە دەست دێنێت، ئەگەر لەلایەن کەمینە یاخود زۆرینەوە بێت ناکرێت بڵێین ئەوە تەنها نوێنەری تائیفەیەکی دیاریکراوە، ئەوە دەست درێژییە بەسەر مافی نوێنەرایەتی، ئەو حالەتە دەبێتە هۆی جیاکردنەوە و دابەشبوون لەنێوان تائیفەکانی نەتەوە، نەتەوەش دابەش دەکات بەسەر چەند تائیفە و کەمایەتییەک و هەریەکە قەوارەی تایبەتی خۆی دەبێت.

## دووەم: دەستوری کاتی ساڵی ١٩٥٨

مۆرک و ناوەرۆکی ئەم دەستورە لە ئاست مافە سیاسییەکانی ئەو کەمایەتیانە ڕوون و ئاشکرا نەبوو. ئەو (٣٠) بەندەی دەستورەکەی پێکدەهێنا بەس نەبوو بۆ ڕێکخستنی ژیانی سیاسیی لە وڵاتدا، دیارە بەهۆی دۆخە سیاسییەکە پەلەکرابوو لە نووسینەوەی. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەندی (٩)ی دەستور لە ماف و ئەرکە گشتییەکان بۆ هەموو لایەنەکانی گەل بڕیاری لەسەر بنەمای یەکسانی دابوو، ئەوەش وەک بەشێک لەو بنەما گشتییەی

(٣٣٣) دریڤان عبدالقادر بکر، المرکز القانوني للمواطن وضماناته دراسة في الدساتیر العراقیة، (السلیمانیة، ٢٠١٢)، ص ١٥٦- ١٨٥.

دەستورەکان پێڕەوی دەکەن. جگە لەوە بەندی (١٢)ی دەستور جەختی لەسەر ڕێزگرتن لە ئازادی ئاینی و داب و نەریتە ئاینیەکان دەکرد، بەمەرجێک پێچەوانەی داب و نەریتی گشتی نەبێت.

دواتر ساڵی (١٩٥٩) یاسای ژمارە (١١٥) دەرچوو، ئەو یاسایە باسی لە ڕێکخستنی ئازادی کۆڕ و کۆبوونەوە و خۆپیشاندەکان دەکرد.

زۆربەی دەقە دەستورییەکان بە دەستەواژەی بەپێی یاسایەک ئەو حاڵەتە ڕێکدەخرێت کۆتایی دەهات، دیارە ئەو جۆرە یاسایانەش دەرنەچوون..

## سێیەم: دەستوری کاتی ساڵی ١٩٦٣

لە دەستوری ساڵی ١٩٦٣، بەندی (١٩)، بەندێکی دیار و زەقە کە بنەمای یەکسانی دەخاتە ڕوو، دەقی بەندەکە بەم شێوەیە داڕێژراوە: عێراقییەکان لە ماف و ئەرکە گشتییەکان لەبەردەم یاسا یەکسانن، بەهۆی ڕەگەز یان بنچینە، یاخود زمان، یانیش ئایین جیاوازی ناکرێت لەنێوانیان. هاوڵاتیان بەعەرەب و کوردەوە هەموو هاوکار دەبن بۆ پارێزگاری کردنی قەوارەی نیشتمانی، دەستور لە چوارچێوەی یەکێتی خاکی عێراق مافە نەتەوەییەکان دەستەبەر دەکات.

ئەم دەقە دورە لەوەی بە دوور و درێژی باس لە مافی سیاسی کەمایەتییەکان بکات، بەڵکو پشت گوێی خستوون، دەستور عەرەب و کوردی بەپێکهاتەی گەل داناوە، ئاماژەی بۆ کەمایەتییەکان نەکردووە، ئەو بۆ چوونەش ڕێگردەبێت لەبەردەم ئەو کەمایەتیانە بۆ بەدیهێنانی مافەکانیان، بەتایبەتی لەبواری سیاسی و داب و نەریت و بیروباوەڕەکانیان.

## چوارەم: دەستوری کاتی ساڵی ١٩٦٤

ئەم دەستورە جیاوازییەکی زۆری نەبووە لەگەڵ ئەوەی پێشتر، زۆر لە بەندەکانی هەمان ژمارەیان هەڵگرتووە. لە بەندی (١٩)دا، هەمان بنەمای یەکسانی دەستەبەر کردووە، کە لە دەستوری ١٩٦٣ هاتبوو. لەبەندی

(٦)یشـدا، لەسـەر هەمـان بنەمـا ڕۆیشـتبوو، بێ ئەوەی زۆرتـر ئامـاژە بـۆ بابەتەکانی دیکە بکات.

## پێنجەم: دەستوری کاتی ساڵی ١٩٦٨

ئەم دەستورە ئاماژەیەکی تێدا نەبوو بۆ مافە سیاسییەکانی کەمایەتییە ئاینی و ڕەگەزییەکان، بەڵکو بە ئاشکرا پشت گوێیانی خستبوو. لە بەندی (٢١)یدا خەڵکی عێراقی بەدوو نەتەوەی عەرەب کورد دیاریکردووە، دەقی بەندەکە بەم شێوەی دارێژراوە:" عێراقییەکان یەکسانن لەماف و ئەرکەکانیان بەرانبەر یاسا، بەهۆی ڕەگەز یان نەتەوە یاخود زمان و یانیش ئاین جیاوازی ناکرێت لەنێوانیان. بە عەرەب و کوردەوە هەموو هاوکاردەبن بۆ پارێزگاکردنی نیشتمان، دەستور مافە نەتەوەییەکانیان لە چوار چێوەی عێراقێکی یەکگرتوو دەپارێزێت". لێرەدا تەنها ناوی عەرەب و کورد هاتووە وەک دوو نەتەوەی گەلی عێراق.

## شەشەم: دەستوری کاتی ساڵی ١٩٧٠

لەلایەن ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش ساڵی ١٩٧٠ ئەم دەستورە دەرچوو، لەبەندی یەکەمیدا هاتبوو "ئامانجی حکوومەتی عێراق، بەدیهێنانی دەوڵەتی یەکگرتووی عەرەبە، هەروەها دامەزراندنی سیستمی سۆسیالیستیە".

لە بەندی پێنجەمیدا هاتبوو: "عێراق بەشێکە لە نەتەوەی عەرەب. گەلی عێراق پێکدێت لە دوو نەتەوەی سەرەکی، ئەوانیش نەتەوەی عەرەب و نەتەوەی کورد. لە چوارچێوەی عێراقێکی یەکگرتوودا دەستور مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد و مافەڕەواکانی کەمایەتییەکان دەستەبەر دەکات ".

ئەوەی جێگای سەرنجە لەسەر ئەم دەستورە:

١. بابەتەکانی بەشێوەیەکی باو و گشتی دارێژراون، لە ناوەرۆکدا وردەکاریان تێدانییە.
٢. هەرچەندە ناوی گەلی کوردی هێناوە، بەڵام ناوی کەمایەتییەکانی دیکەی نەهێناوە.

٣. عێراقـی بەگشـتی کـردۆتە بەشـێک لە نەتەوەی عەرەب، کە ئەوەش دەست درێژییە بۆ سەر گەل و کەمایەتییەکانی دیکە.
٤. ئەو پشت گوێ خستنە بۆ مافی گەل و کەمە نەتەوەییەکانی دیکەی لە چوارچێوەی ئایدیۆلۆژیای حیزبێک بووە کە دەستی بەسەر دەسەڵات داگرتبوو.

## حەوتەم: پرۆژەی دەستوری هەمیشەیی ساڵی ١٩٩٠

لەم پرۆژەیە لە پشت گوێ خستن و دەست داگرتن بەسەر مافی کەمایەتییەکان، دەست درێژی و زۆردارییە دەستورییەکان زیاتر بەدی دەکرێت.

لە بەندی (٥٨)دا هاتووە: " ڕێگا بە دامەزراندنی حیزبە سیاسییەکان و کۆمەڵە و یانەکان نادرێت، کە لەسەر بنچینەی تێکەڵکردنی ئاین بە سیاسەت یاخود بە تائیفە دامەزرێن و مەبەست لێیان دوورخستنەوەی عێراقە لە نەتەوەی عەرەب". کەواتە ئەم بەندە ڕێگا نادات بەوەی هەر کۆمەڵە کەمایەتییەک، نەتەوەیی یان ئاینی بێت بەرنامەی سیاسی بۆ خۆی هەبێت و بەهۆیەوە بەرگری لە خۆی بکات.

لە بەندی (٥٩)ی هاتووە:" تەنها حیزبی بەعس بۆی هەیە بە کاری حیزبی سیاسی لەناو هێزی چەکدار و هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ هەڵسێت". دیارە ڕوون و ئاشکرایە ئامانج لەو بۆ چوونە ئەوەیە، هێزی چەکدار بەهەموو بەشەکانییەوە بە بیروباوەڕی حیزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی پەروەردە دەکرێن، ئەوە لە کاتێکدایە ئەو حیزبەی بە کودەتای سەربازیی دەستی بەسەر دەسەڵاتدا گرتووە[٣٣٤].

(٣٣٤) شورش حسن عمر، حقوق الشعب الكردي في الدساتير العراقية دراسة التحليلية مقارنة، (السليمانية، ٢٠٠٥). ص٢٤٢؛ عابد خالد رسول، الحقوق الساسية في الدساتير العراقية، (السليمانية، ٢٠١٢)، ص ٣١٥.

## تەوەرەی چوارەم: بارودۆخی سیاسی تورکمان

هەر لەسەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق، بۆچوونی تورکمان وابووە مافەکانیان بەتەواوی دەستەبەر نەکراوە، لەبەر ئەوەی دەستورەکانی عێراق لە یاسای بنچینیەوە ساڵی ١٩٢٥ تا دەگاتە دەستوری کاتی عێراق ساڵی ١٩٧٠ و هەموار کردنەوەکانیشی، بەشێوەیەکی تایبەت باسی لە مافی تورکمان نەکردووە. سەرباری ئەوەش ئارەزاوومەندانە هەندێک لەو بەندانەی دەستوور کە پەیوەندییان بە مافی کەمایەتییەکان هەبووە جێبەجێ نەکراون(٣٣٥).

دوای ئەوەی حیزبی بەعس ساڵی ١٩٦٨ دەسەڵاتی گرتەوە دەست، لەو ساڵانە چەند ڕووداوێک ڕوویاندا، بە بۆچوونی تورکمان دژی ئەوان بوو، وەک بڕیاری لە سێدارەدانی نیزامەددین عارف وەزیری ئابووری سەردەمی عەبدولڕەحمان عارف، بە بیانوونی ئەوەی سیخوری بۆ ئیسرائیل کردووە و پەیوەندی بە ڕێکخراوێک هەبووە، کە بۆ بەرژەوەندی تورکیا کاری کردووە. ئەوە لە لایەک، لە لایەکی دیکەوە، حکوومەت کۆمەڵێک بازرگان و کەسایەتی کەرکووکی لە کانوونی دووەمی ١٩٦٩ زیندانی کردن.

حیزبی بەعسی دەسەڵاتدار لە ٢٤ی کانوونی یەکەمی ١٩٧٠ بەمەبەستی چارەسەرکردنی چەند کێشەیەکی نەتەوەیی لە عێراق، لەلایەن ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشەوە بڕیاری ژمارە (٨٩) دەرکرد. ئەو بڕیارە مافەکانی ڕۆشنبیری و خوێندنی بۆ تورکمان بەدی دەهێنا. بەمەش دوای ئەو بڕیارە (١٠٤) قوتابخانە لە پارێزگای کەرکووک بۆ خوێندنی تورکمانی کرانەوە. وەلێ ساڵێک بەسەر جێبەجێکردنی ئەو بڕیارە تێپەر نەبوو بوو، ڕژێم چەند هەنگاوێکی بۆ بەتاڵکردنی ناوەرۆکەکەی دەست پێ کرد.

لە ڕاستیدا ژمارەی قوتابخانەکان کەم بوون، لەبەر ئەوە خوێندنی تورکمانی درێژەی نەکێشا، پاشان ناوی قوتابخانەکان گۆڕان بەناوی عەرەبی،

---

(٣٣٥) عابد خالد رسول، الحقوق الساسية في الدساتير العراقية، ص ٩٤.

تورکمـان داوای ئەوەیـان دەکرد کتێبەکـان بەپیتی لاتینی تورکی چاپ بکرێن نەک بە پیتی عەرەبی. ئەو دامەزراوە ڕۆشنبیریانەی دامەزرابوون لە ئێزگە و تەلەفزیـۆن و ڕۆژنـامە و دامەزراوە ئەدەبییەکـان، هەمـووی لەلایەن پیـاوانی ڕژێمـی بەعـس دەسـتی بەسـەردا گیـرا بـوو، بـۆیە جەمـاوەر و کەسایەتییەکانی تورکمـان نـاڕەزایی خۆیـان پیشـاندا، لە بەرانبەردا دەسـەڵات ژمارەیەکی زۆری گرتن و زیندانی کردن.

تورکمانەکان ساڵی ١٩٦٣ یارمەتی بەعسییەکانیدا لە کاتی ئەنجامدانی کودەتـاکەدا، بەمەش تـا سـاڵی ١٩٧٠ نـاکۆکی وا لە نێوانیـان ڕووی نەدا، لەو ساڵە بەدواوە فەرمـانڕەوایی ڕژێمـی بەعس هەوڵـی بچووکردنەوەی هەمـوو سـەرکردە ناسـراوەکانی دەدا لە عێـراق بە تورکمانیشـەوە، هەروەهـا دژی هەموو ئاراستەیەکی ناعەرەبی بوو، کۆسپی دەخستە بەردەم لاوانی تورکمـان لەوەی لە کۆلیژەکانی پۆلیس و سوپا وەربگیرێن (تەنها ئەوانی بەعسی نەبن)، بەڵام سـەرەڕای ئەو جیـاوازی و ململانێیانەشـیان، بەهـۆی مەترسـییەکان لە کورد و داواکانیان دەربارەی کەرکووک، پەیوەندی تورکمان لەگەڵ دەسەڵاتی بەعس نەپچڕا.

دوای سـاڵی ١٩٧٥ و دوای ئەوەی حیزبـی بەعـس دەسـەڵاتی تەواو چەسپا بەسەر عێراق، ئەوا ئەو حیزبە سیاسەتی گرتنەخۆو هەڵخەڵەتاندن و پەیوەنـدیکردنی لەگەڵ تورکمـان بەکـار دەهێنـا، لەسـەرێکەوە بڕیـاری چارەسەرکردنی کێشەیەکی دەدان و ڕەزامەندی دەربڕی لەسەر چەند ماف و بەرژەوەندەکانیان، کەچی دوای ماوەیەک لێ پەشیمان دەبوونەوە. ئەنجام لە چەند ڕوویێکەوە، هەندێک کاری بەرانبەر ئەنجامدان[٣٣٦].

یەکەم: لە کاروباری کارگێڕییەوە،

١. گۆڕینی باری ئیداری و دانیشتوانی ناوچە تورکمانییەکان.
٢. گۆڕینی ناوی گەڕەک، گوند، ڕێکخراو و تیپە وەرزشییەکان.
٣. هەڵوەشاندنەوەی یەکە کارگێڕییەکان، بۆ بەرژەوەندی بە عەرەبکردنی کەرکووک.

(٣٣٦) د. مكرم طالباني، كردستان والحقوق القومية للتركمان، (السليمانية، ٢٠٠٨)، ص ٤٠.

٤. پیادەکردنی سیاسیەتی دوورخستنەوەی خەڵک و بە عەرەبکردنی ناوچەکە.

دووەم: کارە نامرۆڤایەتییەکان.

١. لێپرسینەوە لەو خێزانە تورکمانانەی کە ئەندامێکیان پەیوەندی بە ئۆپۆزیسیون هەیە، یان لە خزمەتی سەربازی هەڵاتوون.
٢. گواستنەوەی خێزانە تورکمانەکان لە پارێزگای کەرکووکەوە بەرەو باشوور.
٣. ڕێگانەدان بە کڕینی خانوو زەوی لەلایەن تورکمان.
٤. سەرژمێرکردنی ئەو خێزانە تورکمانانەی جێگای ڕەزامەندی نین.
٥. وێرانکردنی گوندی تورکمان و کۆچ پێکردنیان.
٦. دەرکردنی کرێکارانی تورکمان لەچەند پرۆژەیەکی حکومی و دامەزراندنی عەرەبی هاوردە لە شوێنیان.
٧. ساڵی ١٩٩٧ بڕیارێکی دەسەڵات دەرچوو، ڕێگەی گرت لەوەی پێناسەی باری شارستانی بەهەر تورکمانێک بدرێت ئەگەر نازناوێکی تورکمانی هەڵگرت بێت.
٨. لە سێدارەدان و گرتن و زیندانیکردنی تورکمان بە تاوانی پەیوەندی بە ڕێکخراوە ساسییەکان.

تا کۆتایی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو، هیچ جۆرە حیزب و ڕێکخستنێکی سیاسی ئاشکرای تورکمان دەرنەکەوتوون، هەروەها ئەو ڕێکخستنە سیاسییە نهێنیانەی ماوە ماوە دەرکەوتوون لە ساڵانی پێشووتر، ئەوانە هیچ ڕۆڵێکی کارا و بەرجەستەیان نەنواندووە و گەشەیان نەکردووە و پەرەیان بە چالاکییەکانیان نەداوە، بەڵکو دوای تەمەنێکی کورت کۆتایی بەژیانیان هاتووە. بەڵام لە کۆتایی حەفتاکان و لەگەڵ پەرەسەندن و بەهێزبوونی ئۆپۆزیسیونی عێراق دژی ڕژێمی تاکڕەوی سەددام حوسێن، چالاکییە سیاسییەکانی تورکمانیش ڕوویان لە پەرەسەندن کردووە. لێرەدا بە کورتی ئاماژە بۆ ناوی چەند حیزب و ڕێکخراوێکی سیاسی تورکمانی دەکەین، کە لەو سەروبەندەدا دامەزراون:

١. ڕێکخراوی دیموکراتخوازی نیشتمانپەروەرانی تورکمان، ساڵی ١٩٧٩ بەسەرۆکایەتی عیزەددین قۆجە دامەزراوە. ساڵی ١٩٨١ لە بەرەی (جەوقەد) ئەندام بووە.
٢. حیزبی نیشتمانی تورکمان، ساڵی ١٩٨٠ لە ئەنقەرە دامەزراوە، موزەفەر ئەرسەلان سکرتێری بووە.
٣. بزووتنەوەی تورکمانی نیشتمانی دیموکرات. لە تشرینی دووەمی ١٩٩٣ بە سەرۆکایەتی عەزیز قادر سەمانچی دامەزراوە.
٤. یەکێتی ئیسلامی بۆ تورکمانی عێراق، لە ٢ی ئازاری ١٩٩١ دامەزراوە.
٥. حیزبی برایەتی و یەکێتی تورکمان. ساڵی ١٩٩٢ لە شاری سلیمانی دامەرزاوە.
٦. حیزبی یەکگرتووی تورکمان (ترکمان بیرلیک پارتیسی) لە قوبرس بە سەرۆکایەتی ئەحمەد کوتش دامەزراوە.
٧. حیزبی یەکێتی تورکمان ( تورکمان ئیلی) بە سەرۆکایەتی ڕیاز ساری هیە ساڵی ١٩٩٤ لە شاری هەولێر دامەزراوە.
٨. بزووتنەوەی تورکمانە سەربەخۆکان ساڵی ١٩٩٥ لە شاری هەولێر دامەزراوە.
٩. حیزبی گەلی تورکمان، لە ئەنقەرە لە ١٩٩٧ بە سەرۆکایەتی تورهان کەتانە دامەزراوە.
١٠. بەرەی تورکمانی، لە ئازاری ١٩٩٥دا دامەزراوە، یەکەم سەرۆکی دکتۆر ئیحسان دۆغرەمەچی بوو. ساڵی ١٩٩٧ یەکەم کۆنگرەی لە شاری هەولێر گرێداوە. چەند حیزب و ڕێکخراوێک دەگرێتە خۆی، وەک: حیزبی نیشتمانی تورکمان، حیزبی یەکێتی تورکمان، بزووتنەوەی تورکمانە سەربەخۆکان، یانەی قارداشلق تورکمان[٣٣٧].

(٣٣٧) عزيز قادر صمانجي، التاريخ السياسي لتركمان العراق، الطبعة الاولى، (بيروت، ١٩٩٩)، ص ٣٠٢؛ عمار علي السمر، شمال العراق ١٩٥٨ – ١٩٧٥، الطبعة الاولى، (بيروت، ٢٠١٢)، ص ٤٣٦.

## تەوەری پێنجەم: بارودۆخی مەسیحییەکان لە عێراق

دوای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق ساڵی ١٩٢١، ئاشووری و مەسیحییەکان بەشێوەیەکی گشتی، ئەوانی بە زۆری لەناوچەکانی کوردستانی عێراق نیشتەجێبوون، وەک کەمینە لەم وڵاتە دەژیان. پاشان بەهۆی ڕووداوەکانی نیشتەجێکردنیان لە ساڵانی سییەکانی سەدەی ڕابردوو، ململانێ و ناکۆکی توندیان لەگەڵ حکوومەت بۆ پەیدابوو (پێشتر ئاماژەمان بۆی کردووە). بەوهۆیەوە ئەوانەی دەرفەتییان بۆ ڕەخسا کۆچیان کرد بۆ وڵاتانی ئەوروپا و ئەمریکا[٣٣٨].

دوای دۆزینەوە و دەرهێنانی نەوت لەناوچەی کەرکووک، ژمارەیەکی زۆریان لە کۆمپانیای نەوتی کەرکووک دامەزران و لە شارەکەش نیشتەجێ بوون. مەسیحیەکان بەهەموو بەشەکانیانەوە. لەعێراق لەسەردەمی پاشایەتی ڕێگای ئەوەیان پێ نەدرابوو بەزمانی خۆیان بخوێنن، هەروەها هیچ مافێکی ڕۆشنبیریان نەبوو. لە ڕووی سیاسییەوەش، هیچ جۆرە ڕێکخراوێکی سیاسی ئاشکرایان نەبوو، بەڵام بەشداری سیاسیانە لە نێو زۆرێک لە حیزبە سیاسییەکانی عێراقدا هەبوو، لەوانە: حیزبی (الحر العراقي)، حیزبی (الامة) و حیزبی ئیستقلال، بەڵام زیاتر لە ناو حیزبی شیوعیی عێراقی و حیزبی نیشتمانی دیموکراتی ڕۆڵیان هەبوو. لە کەسە دیارەکانییان لە حیزبی نیشتمانی دیموکراتی نەجیب سایغ بوو.

لەناو ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لە سەردەمی پاشایەتی لە زۆربەی خولەکان مەسیحیەکان نوێنەریان هەبووە، وەک حەننار زەنویی نوێنەری شاری مووسڵ بووە. لە سەردەمی کۆماری مەسیحییەکان، ڕۆڵی دیاریان هەبووە، ژمارەیەک کەسایەتی ڕۆشنبیری و سیاسی و ئاینیان لێ هەڵکەوتووە، لەوانە داود سایخ، کە یەکێک بووە لە سەرکردەکانی حیزبی شیوعی عێراقی لە سەردەمی عەبدولکەریم قاسمدا، هەروەها کەسانی دیکەی

(٣٣٨) عوديشو ملكو كوركيس اشيثا، نكبة سميل ١٩٣٣ اسبابها و تأثيراتها المحلية والدولية، ص ٣٥.

ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی وەک: جەرجیس فەتحوللا، خدوری خدوری یان لێ هەڵکەوتووە.

لە ڕووی ئاینیەوە ڕێگایان پێدراوە ئازادانە بە داب و نەریت و ڕێبازی ئاینی خۆیان هەڵستن.

لە دوای ئەوەی حیزبی بەعس دەسەڵاتی تەواوی بەسەر کاروباری دەوڵەت سەپاند، گۆڕانی گەورە لە کار و ڕۆڵی مەسیحیەکان ڕوویدا. هەر لە چوارچێوەی سیاسەتی حیزبی بەعس بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کەمایەتییەکان، چەند بڕیارێک دەرچوو، ئامانج لەو بڕیارانە دوورخستنەوەی ئاشوورییەکان بوو لە کاریگەری حیزبی شیوعی عێراقی و پارتی دیموکراتی کوردستان، تا ئەوەی لە حیزبی بەعس نزیک ببنەوە. ئەنجام بڕیاردرا بە پێکهێنانی (لیژنەی ناوەندی بۆ تائیفەی ئاشووری نەستوری)، بەپێی ئەو بڕیارە ئاشوورییەکان مافی هەڵبژادنی نوێنەرەکانیان بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری ئاینی و باری کەسایەتیان هەبوو.

هەر لە چوارچێوەی هەمان سیاسەت، حکوومەتی بەعس داوایەکی ڕەسمی نارد بۆ مار شەمعون(٣٣٩) بەتریرکی کلێسەی ڕۆژهەلات تا ئەوەی سەردانی عێراق بکات و ڕەگەزنامەی عێراقی بگەڕێندرێتەوە.

---

(٣٣٩) مارشەمعون، ساڵی ١٨٨٧ لە هەکاری لەدایکبووە. دوا بەتریکی کلێسەی ڕۆژهەڵاتی ئاشوورییەکان بوو لە ناوچەکە، ساڵی ١٩٠٣ پێگەی بەتریارکی بەدەستەوە گرتووە، لە ماوەی جەنگی یەکەمی جیهانی دژ بە عوسمانییەکان پشتگری هێزەکانی ڕووسیای کردووە، بەهۆی فشار و هەڕەشەی عوسمانی ناچار بوو لەگەڵ هەزاران ئاشووری لە ناوچەکە کۆچ بکەن بەرەو ناوچەی ورمێ، پاشان لەژێر چاودێری بریتانیا هاتوونەتە عێراق و لە کوردستان نیشتەجێ کراون، ساڵی ١٩٣٣ بەهۆی شەڕ و پێکدادانی ئاشوورییەکان لەگەڵ سوپای عێراق، عێراقی جێ هێشتووە، ساڵی ١٩٧٥ لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کۆچی دوایی کردووە. بهاء حسين، مسيحيون العراق ١٩٥٨ – ١٩٦٧ دراسة تأريخية، رسالة ماجستير غير مەنشورة، (جامعة القادسية، ٢٠١٧)، ص٦٣.

مار شەمعون سەردانی عێراقی کرد و پێشوازییەکی گەورەی لێکرا و حکوومەت چەند داواکارییەکی بۆی جێبەجێکرد، لەوانە مولکییەتی کلێسەکان بگۆڕدرێنە سەر ئەوانەی لە ئاشوورییەکان بەرێوەی دەبەن.

لە ١ی مایسی١٩٧٠ ئەحمەد حەسەن بەکر بڕیاریدا بەدانانی مارشەمعون بە سەرۆکی باڵا بۆ نەتەوەی ئاشووری لە عێراق، ئەو بڕیارە وایکرد ژمارەیەکی زۆری ئاشووریەکان پەیوەندی بەریزەکانی حیزبی بەعس بکەن، بەڵام مار شەمعون ڕازی نەبوو ببێتە سەرپەرشتیاری کاروباری سیاسی کلێسە، دوای مانگێک عێراقی بەجێ هێشت و جارێکی دیکە نەگەڕایەوە، ناوبراو ساڵی ١٩٧٥ لە ئەمریکا و لەسەردەستی کەسێکی ئاشووری کوژرا، لەوەشدا گومان دەکرێت دەستی حکوومەتی بەغدای تێدا هەبێت.

١٦ی نیسانی ١٩٧٢ بڕیاری مافە کلتوورییەکان بۆ ئەوانی بەزمانی سریانی دەدوێن دەرچوو (ئاشووری، کلدان، سریان)، دوای ئەوە چەندین یانە، کۆمەڵەی ڕۆشنبیری و هونەری و ئێزگەی سریانی دامەزران هەروەها ژمارەیەک ڕۆژنامە و گۆڤار بە هەردوو زمانی عەرەبی و سریانی دەرچوو.

لە ٢٠ی کانوونی یەکەمی١٩٧٢ بڕیارێکی تایبەت بەلێبووردن لەو ئاشووریانەی ساڵی ١٩٣٣ پەیوەندییان بە بزووتنەوەی ئاشوورییەکان هەبووە دەرچوو، جگە لەوەش مافی گێڕانەوەی ڕەگەزنامەی عێراقیان پێدرایەوە، لەو بڕیارە هەردوو کەسایەتی دیاری ئاشوورییەکان (مار شەمعون، مالیک یاقۆ) مەبەستی سەرەکی بوون.

سەرکردایەتی حیزبی بەعس لە عێراق مەبەستی بوو لە جیاتی مار شەمعون سەرکردەیەکی نائاینی بۆ ئاشوورییەکان بدۆزێتەوە، ئەو سەرکردەیەش مالیک یاقۆ بوو، سەرۆکی عەشیرەتی تەیاری باڵای ئاشوورییەکان، ناوبراو یەک لەو سەرکردانە بوو دوای ڕووداوەکانی ساڵی ١٩٣٣ بەرەو سوریا هەڵات بوو، پاشان لە سوریاوە چووبووە کەنەدا. حکوومەتی عێراق لە شوباتی ١٩٧٣ داوای لێکرد سەردانی عێراق بکات، مالیک ڕازی بوو، لەگەڵ وەفدێکی یەکێتیی ئاشوورییەکان لە جیهان گەڕایەوە، حکوومەت یەکسەر ڕەگەزنامەکەی بۆ گەڕاندەوە و لە جێگای

مار شومعون بەسەرۆکی نەتەوەی ئاشووری دیاریکرد. ئەنجام لیژنەیەک بەسەرۆکایەتی مالیک پێکهات و نوێنەرانی کلیسەکانی کلدانی و سریانی گرتە خۆی، ئەرکی ئەو لیژنەیە پیادەکردنی ئەو یاسانەیە بوو، کە پەیوەندی بە ئاشوورییەکانەوە هەبوو، هەروەها ئەرکێکی دیکەی ئامادەکردنی پڕۆژەیەک بوو بۆ دیارکردنی سنووری نیشتەجێبوونی ئاشوورییەکان لە باکوری عێراق بۆ ئەوەی بکرێنە یەکەیەکی کارگێڕی.

مالیک بە هەڵسوکەوتی لەگەڵ حکوومەت بە وریایی کاری دەکرد، بڕوایەک لای ئاشوورییەکان دروست ببوو حکوومەتی عێراق ئەو کارانەیان بۆ جێبەجی دەکات بۆ ئەوەی دژی کورد و پارتی دیموکراتی کوردستان بە کاریان بهێنێت. مالیک پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ بارزانی هەبوو، لە کۆتاییدا بە داوای حکوومەتی بەغدا بەپێکهێنانی هێز بۆ پارێزگاریکردنی ئەو ناوچانەی بۆیان دیاری دەکرێت ڕازی نەبوو، لەوەشدا پێچەوانەی بەشێک لە ئەندامانی وەفدەکەی بوو، کە داواکاری و سیاسەتی حکوومەت ڕازی بوون[٣٤٠].

کانوونی دووەمی ١٩٧٤ مالیک یاقۆ کتوپڕ مرد، گومانیش دروست بوو حکوومەتی عێراق دەستی تێدا هەبێت.

دوای مردنی یاقۆ ئەندامانی یەکێتی ئاشوورییەکان لە جیهاندا، لەگەڵ حکوومەت درێژەیاندا بە گفتوگۆکانیان، حکوومەت سووربوو لەسەر پێکهێنانی هێزی تایبەت بۆ ئاشوورییەکان، بەڵام لایەنی ئاشووری ئەو داوایەی حکوومەتیان پێ قبول نەبوو، لەبەر ئەوەی کاری ئەوان شێوازێکی ئاشتیانەی گرتبووە خۆی.

لەلایەکی دیکەوە بەشێک لە مەسیحییەکانی کوردستان لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان کاریان دەرکرد، پارتی لەناوچەی مەسیحییەکان چەند بنکە و بارەگایەکی بۆ بەرەنگار بوونەوەی سیاسەتی حیزبی بەعس کردەوە. بارزانی ساڵی ١٩٧١ بڕیاریدا بەپێکهێنانی لیژنەیەک بەسەرۆکایەتی کورکیسی مالیک یاقۆ لەژێر ناوی لیژنەی کاروباری مەسیحییەکان لە کوردستان، پارەو

---

(٣٤٠) نجم ماريو و عطاالله كريستين، مسيحيو العراق حضور الى احتضار ام الى قيامة، الطبعة الاولى، (لبنان، ٢٠١٠)، ص ٣٧.

چەکی پێویستیان بۆ تەرخانکرا، ئەو لیژنەیە لەسەر کارەکانی بەردەوامبوو تا ساڵی ١٩٧٥.

بەشێک لە حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی مەسیحییەکان لە عێراق[٣٤١]:

١. حیزبی نیشتمانی ئاشووری، لە ١٤ی تەمووزی ١٩٧٣ لە شاری بەغدا لەسەردەستی مالیک یاقۆ دامەرزاوە، یەکەم کۆنگرەی لە ٢٤ی ئەیلوولی ١٩٧٤ بەستووە.
٢. بزووتنەوەی دیموکراتی ئاشووری، لە ١٢ی نیسانی١٩٧٩ لە شاری دهۆک دامەرزاوە، سەرۆکەکەی هرمزموشیرە.
٣. حیزبی میزۆپۆتامیای دیموکرات (بین نەهریەن)، ساڵی ١٩٩١ لە شاری هەولێر بە سەرۆکایەتی جەمیل نەمرود دامەرزاوە.
٤. ئەنجوومەنی نەتەوەیی ئاشووری، لە نیسانی ٢٠٠٢ لە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا دامەزراوە، ئەمیندارەکەی غەسان شەژایا بوو.
٥. بەرەی نیشتمانی ئاشووری، لە ٢٦ی کانوونی دووەمی ٢٠٠٤ لە بەغدا دامەرزاوە.
٦. گردبوونەوەی نیشتمانی ئاشووری، ساڵی ٢٠٠٥ لە شاری بەغدا دامەزراوە. لەچەند لایەنێک پێکهاتووە وەک: حیزبی بین نەهرین، بەرەی نیشتمانی ئاشووری، ڕێکخراوی ناسیۆنالیستی ئاشووری، کۆنگرەی ناسیۆنالیستی ئاشووری، یەکێتیی خوێندکارانی ئاشووری، یەکێتیی لاوانی ئاشووری، کلێسەی ئاشوورییەکان، بزووتنەوەی دیموکراتی ئاشووری.
٧. هاوپەیمانانی نیشتمانی ئاشووری.
٨. ڕێکخراوی ناسیۆنالیستی ئاشووری.
٩. یەکێتیی خوێندکارانی ئاشووری لە عێراق.
١٠. یەکێتیی لاوانی ئاشووری لە عێراق.
١١. یەکێتیی ژنانی ئاشووری.
١٢. ڕێکخراوی ئاشووریە سەربەخۆکان.

---

(٣٤١) محەمەد فاتیح، حیزب و ڕێکخراوە سیاسییە عێراقییەکان ١٩١٠-٢٠١٠، ل١٥٠.

١٣. کلێسەی ئاشوورییەکان.
١٤. بەرەی ئاشووری یەکگرتوو.
١٥. کۆنگرەی نەتەوەیی ئاشووری[٣٤٢].

(٣٤٢) بهاء حسين، مسيحيون العراق ١٩٥٨ – ١٩٦٧ دراسة تأريخية، رسالة ماجستير غير مەنشورة، (جامعة القادسية، ٢٠١٧)، ص٦٥؛ عمار علي السمر، شمال العراق ١٩٥٨ – ١٩٧٥، ص ٤٤٠.

# بەشی چوارەم

# کورد و ململانێ لەگەڵ دەسەڵاتەکانی عێراق

## تەوەری یەکەم: کوردستان لەسەرەتاکانی جەنگی یەکەمی جیهانی

بەر لە جەنگی یەکەمی جیهانی (١٩١٤-١٩١٨) کوردستان لەنێوان هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و ئێرانی دابەشبوو بوو بەسەر دوو بەش. دەوڵەتی عوسمانی و دەوڵەتی ئێرانی وەک دوو دەوڵەتی دراوسێ وێڕایی بەردەوامی ململانێی نێوانییان لە ڕێککەوتننامەی زەهاو ساڵی ١٦٣٩ کوردستانیان لە نێوان خۆیاندا دابەشکرد بوو، بەمەش ئەو بارودۆخە تا ساڵانی جەنگی یەکەمی جیهانی مایەوە.

لە سەروبەندی جەنگی یەکەمی جیهانی بریتانیا، فەرەنسا و ڕووسیا، کە لەبەرەیەکدا بوون دژی ئەڵمانیا و دەوڵەتی عوسمانی، کەوتنە پەیوەندی و گفتوگۆ دەربارەی ئایندەی ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. ئەو دانوستان و گفتوگۆ و پەیوەندییانە بە ڕێککەوتنێکی نهێنی لەنێوان هەرسێ لا لە ١٩ی شوباتی ١٩١٦ لە شاری بترۆگرادی ڕووسیا کۆتایی هات.

ئەو ناوچانەی لە ماوەی چەندین ساڵ بوو دەوڵەتی عوسمانی دەستی بەسەردا گرتبوو، ئەنجام ئەو ڕێککەوتنە کە ڕێککەوتنی (سایکس-بیکۆ) ناسرا، تا سەرهەڵدانی شۆڕشی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩١٧ لە ڕووسیا، بە نهێنی مایەوە..

بەپێی بەندەکانی ڕێککەوتننامەی سایکس-بیکۆ باشووری کوردستان (ویلایەتی مووسڵ) بەشی فەرەنسا بوو، بەڵام دواتر گۆڕانی بەسەر داهات و خرایە ژێر دەسەڵاتی بریتانیا. لەبەر ئەوەی لە زووەوە ئەو بەشەی کوردستان بەهۆی پێگە ستراتیژییەکەی و سامانە سروشتییەکەی جێگای بایەخ پێدانی بریتانیا بوو.

دوای گەیشتنی بریتانییەکان بە شاری بەغدا لە ساڵی ١٩١٧دا، لە شاری لەندەن لێژنەیەک بەناوی لێژنەی بەڕێوەبردنی کاروباری وڵاتی نێوان دوو ڕووبار پێکهێنرا. لە لێژنەکەدا لورد کیرزون وەزیری دەوڵەت بۆ کاروباری هیندستان وەک سەرۆک لەگەڵ وەزیری دەرەوەی بریتانیا و مارک سایکس (١٨٧٩-١٩١٩) وەک ئەندام تێیدا بوون. لە مانگی ئازاری

١٩١٧دا لیژنەکە یەکەم کۆبوونەوەی سازکرد و چەند بڕیارێکی دەرکرد، گرینگترینیان:

١. ناوچە داگیرکراوەکان لەلایەن حکوومەتی بریتانیا بەڕێوەدەبردێن.
٢. ناوچەی بەسرە راستەوخۆ لە ژێر دەسەڵاتی بریتانیا دەبێت.
٣. بەغدا دەکرێتە ویلایەتێکی عەرەبی و فەرمانڕەوایەکی لە خەڵکی ناوچەکە بۆ دادەنرێت، یاخود لەژێر چاودێری بریتانیا دەبێت.

لەگەڵ دەست پێ کردنی جەنگی یەکەمی جیهانی بەشێک لە سەرکردە کوردەکان لە نێویاندا شێخ مەحموودی حەفید (١٨٨١-١٩٥٦) شانبەشانی عەشائیری عەرەبی باشوور پاڵپشتی هێزەکانی دەوڵەتی عوسمانیان کرد، بەمەش لە شەڕەکانی شوعەیبە و گەمارۆدانی کوت بە شدارییان کرد و ژمارەیەکیان لێ کوژراو برینداربوون.

دوای داگیرکردنی شاری بەغدا و کشانەوەی لەشکری عوسمانی، مێجەرسۆن دەستی کرد بە پەیوەندیکردن لەگەڵ کورد، ساڵی ١٩١٨ کاتێک هێزێکی بریتانیا گەیشتنە کەرکووک، شێخ مەحموود بۆ ڕێککەوتن لەسەر مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد پەیوەندی پێوەکردن. شێخ نامەیەکی بۆ فەرماندەی سیاسی بریتانیا لە عێراق ویڵسۆن نووسی و داوایکرد ڕازی بێت لەسەر پێکهێنانی حکوومەتێک بۆ کورد لەشاری سلێمانی، لەژێر چاودێری بریتانیا خۆی سەرۆکایەتی بکات.

داواکاریەکەی شێخ مەحموود بۆ بریتانییەکان جێگای لێکدانەوە و گفتوگۆبووە، بەڵام بەهۆی کشانەوەی لەشکرەکەیان لە شاری کەرکووک و گەڕانەوەی لەشکری عوسمانی، داواکارییەکە پشت گوێ خرایەوە. تورکەکان بەو پەیوەندییەی شێخ مەحموودیان زانی کە لەگەڵ ئینگلیز کردوویەتی، بۆیە بڕیاری خەلیل پاشا فەرمانی گرتنی بۆ دەردەکەن و لە دادگا بڕیاری خنکاندنی دەردەچێت، بەڵام بڕیارەکەی بەسەردا جێبەجێی ناکرێت و شێخ مەحموود دەگەڕێتەوە سلێمانی.

دوای ئاگربڕ و ڕاگرتنی جەنگ لە ٣٠ ی تشرینی یەکەمی ١٩١٨ لەشکری بریتانیا دەگەڕێتەوە ناوچەکە و شاری مووسڵ داگیر دەکات. کۆتاییەکانی ساڵی ١٩١٨ مێجەر نۆئێل دەگاتە سلێمانی، لەلایەن دەسەڵاتی

باڵای بریتانیا ناوەرۆکی چەند ڕێنماییەکی پێی گەیشتبوو، کە تێیدا هاتبوو هەوڵی دابینکردنی هێمنی و ئارامی ناوچەکە بدات و لای دانیشتوانی ناوچەکە وا پیشان بدات بریتانیا لەگەڵ خواست و ویستی ئەواندایە.

سەرەتا بریتانیا هەوڵیدا بەپشت بەستن بەهەندێک کەسایەتی ناوچەکە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ناوچەکە بەڕێوەببات. بەرپرسانی بریتانیا بەڵێنی ئەوەیاندا لەژێر چاودێری ئەفسەرە سیاسییەکانی بریتانیا لە بەڕێوەبردنی کاروباری ناوخۆیی خەڵکیدا ئازادبن. لەو چوارچێوەیەدا ڕێگادرا بە شێخ مەحموود ناوچەی سلێمانی بەڕێوە ببات. هەروەها لە ناوچەکانی چەمچەماڵ و هەڵەبجە کار ئاسانی بۆ خەڵکانی دیکە کران و هەندێک لە فەرمانبەرە کوردەکان بۆ ڕاپەڕاندنی کاروبارەکە دامەزرێنران، بەڵام ئەو سیاسەتەی بریتانییەکان لەبارەی ناوچەکە بڕیاری کۆتایی نەبوو. بۆیە بڕیاری گرێدانی کۆنگرەی قاهیرەیاندا.

بۆ دارشتنی سیاسەتێکی دیاریکراو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئایندەی وڵاتی نێوان دوو ڕووبار، دەسەڵاتدارانی بریتانیا بڕیاری بەستنی کۆنگرەیەکیاندا لە شاری قاهیرە. لە کۆنگرەکەدا چەرچل وەزیری ناوچە داگیرکراوەکان و چەند بەرپرسێکی باڵای دیکەی بریتانیا لە عێراق و ناوچەکە لەگەڵ چەند نوێنەرێک لە دەسەڵاتدارانی ئەو سەردەمی عێراق ئامادەبوون. ئەنجام لەبارەی عێراق بڕیاردرا بە دانانی فەیسەڵی کوڕی حوسێن بە پاشا تێیدا. هەرچی پەیوەندارە بە کورد، کۆنگرە نوێنەری باڵای بریتانیای ڕاسپارد هەنگاوی پێویست لەو بارەیەوە بگرنە بەر. بەو هۆیەوە لە ١ی مایسی ١٩٢١ بەرپرسی باڵای بریتانیا لە عێراق لە بەیاننامەیەکدا بە ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراقی ڕاگەیاند:

١. ناوچە کورد نیشینەکان لە سنووری ویلایەتی مووسڵ، کە لەژێر دەسەڵاتی بریتانیا دان و پێک دێن لە قەزاکانی زاخۆ، ئامێدی، دهۆک و ئاکرێ یەکەیەکی کارگێڕی بە ناوی لیوای دهۆکیان بۆ دروست دەکریت، دهۆک دەبێتە بە ناوەندی لیواکە.
٢. نوێنەری باڵای بریتانیا کار دەکات بۆ ئەوەی چەند ئەفسەرێکی بەریتانی بەشداری بکەن لە بەڕێوەبرنی کاروباری کارگێڕی شارەکانی

هەولێر، کۆیە و ڕەواندز، پێویستە حکوومەتی عێراق ڕەچاوی داخوازی دانیشتوانی ناوچەکە بکات.

٣. ناوچەی سلیمانی دەکرێتە لیوایەکی سەربەخۆ، بەراویژ لەگەڵ بریتانیا بەرپرسانی بەڕێوەبردنی لە خەڵکی ناوچەکە دادەنرێن.

ئەو خاڵانەی سەرەوە ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەکەن، لکاندنی ویلایەتی مووسڵ بەعێراقەوە بەر لە دەرچوونی بڕیاری کۆمەڵەی گەلان ساڵی ١٩٢٥، لای بریتانییەکان یەکلابۆتەوە[٣٤٣].

---

(٣٤٣) جليلي جليل واخرون، الحركة الكوردية في العصر الحديث، ترجمة: د.عبدي حاجي، (دهۆک، دون سنة الطبع)، ص ١٤٤؛ د. كاظم حبيب، لمحات من نضال حركة الوطني للشعب الكردي في كوردستان العراق، الطبعة الثانية، (اربيل، ٢٠٠٥)، ص ١١٨؛ محسن محمد المتولي، كرد العراق، الطبعة الاولى، (بيروت، ٢٠٠١)، ص٧٢؛ مایک گەتنەر، فەرهەنگی مێژووی کورد، وەرگێڕانی: مامکاک، چاپی یەکەم، (هەولێر، ٢٠٠٧)، ل١٩.

## تەوەری دووەم: ڕاپەڕینە نەتەوەییەکانی کورد

لەگەڵ کۆتـایی هـاتنی جەنگـی یەکەمـی جیهـانی و دارمـانی دەوڵەتـی عوســمانی، گەلانــی ژێــر دەســەڵاتی ئەو دەوڵەتە، لەپێنــاوی ئــازادی و سەربەخۆیی ڕێگای تێکۆشانیان گرتەبەر. لەو نێوەندەدا کورد وەک بەشێک لە گەلانی ناوچەکە، بزووتنەوە نەتەوەییەکەی ڕووی لە پەرەسەندن کرد. لەو چوارچێوەیەدا لە باشووری کوردستان چەند شۆڕش و ڕاپەڕینێک ڕوویاندا.

**باسی یەکەم: شۆڕشی شێخ مەحموود حەفید**

**یەکەم: ڕاپەڕینی ساڵی ١٩١٩**

دوای یەکلابـوونەوەی بـارودۆخی نـاوچەکە بـۆ بەرژەوەنـدی بریتانیـا، دەسـەڵاتدارانی بریتانیا لە عێراق وایان بەباش زانی ڕازیبن لەسـەر دانـانی شێخ مەحمـوود بە فەرمـانڕەوای نـاوچەی سلیمانی. بەڵام دوای مـاوەیەک لە هێمنـی و بەرقەراربوونی ئاسـایش و بەهێـز بـوونی پێگە و دەسـەڵاتی شـێخ مەحمــوود، دەســەڵاتدارانی بریتانیــا، بەتــایبەتی دوای هــاتنی میجەرسـۆن و بــوونی بە فەرمــانڕەوای سیاســی بریتانیــا، ئینگلیزەکــان کەوتــنە هەوڵــی ســـنوردارکردنی دەســـەڵاتەکانی حکـــوومەتەکەی شـــێخ مەحمـــوود و پەیوەنــدیکردن بە عەشــیرت و تیــرەو کەســایەتییەکان لە نــاوچەکە و دوورخســـتنەوەیان لە شـــێخ مەحمـــوود، بـــۆ ئەو مەبەســـتەش کەوتـــنە بەخشینەوەی خەڵات.

لە بەرانـبەر ئەو هەڵوێسـتەدا، شـێخ مەحمـوود هەوڵیـدا بەرەی خـۆی بەهێز بکات، بۆیە لەگەڵ کەریم بەگی هەمەوەند و مەحموود خـانی دزلـی و چەند سەرۆک عەشیرەتێکی دیکە ڕێککەوتن ڕووبەڕووی بریتانییەکان ببنەوە. ئەنجـام مایسـی ١٩١٩ دەسـتیان گـرت بەسـەر شـاری سـلێمانی، هێزەکـانی ئینگلیزییـان لێوەدەرنـا. مێجەر سـۆن[٣٤٤] بەر لەوە سلێمانی جێ هێشـتبوو و ڕووی کرد بووە کەرکووک.

(٣٤٤) ئیلی بانسـتەر سـۆن ناسـراو بە مێجەر سـۆن، سـاڵی ١٨٨١ لەدایکبـووە، سـەر بە خێزانێکی ئەریستوکراتی ئینگلیز بـووە لە تەمەنی دوو سـاڵی بـاوکی کـۆچی دوایـی

دوای بیستی هەواڵەکانی سلێمانی، بریتانییەکان لە کەرکووکەوە بەپەلە هێزێکیان ڕەوانەی سلێمانی کرد، بەڵام لە بەرزاییەکانی تاسلوجە لە شەڕێکدا بەرانبەر هێزەکەی شێخ مەحموود شکان. پاشان هێزێکی گەورەتر کۆکرایەوە و بە هاوکاری هێزێکی عەشائیری کورد و هێزێکی لیڤی سەر بە ئینگلیزو بەپاڵپشتی زریپۆش و تۆپی قورس هێرشیان هێنایەوە، لەشکری شێخ مەحموود کە لە دەربەندی بازیان خۆیان قایم کردبوو، لەگەڵیاندا کەوتنە شەڕەوە، ئەنجام شێخ مەحموود بە برینداری لەگەڵ چەند کەسێکی دیکە بەدیلی گیران.

شێخ مەحموود دوای چاکبوونەوەی برینداریەکەی لەگەڵ حەمە غەریبی زاوای درانە دادگای عورفی، کە لەلایەن چەند ئەفسەرێکی ئینگلیز بەڕێوە دەچوو. شێخ مەحموود لە کاتی دادگایدا ڕووبەڕوویان بوویەوە پێی وتن:" **من دان بەو دادگایە نانێم و ئێوە دەسەڵاتێکی بێگانەن مافی دادگایی منتان نییە**". کەچی دادگا لەسەر کارەکانی بەردەوام بوو و بڕیاری خنکاندنی شێخی دەرکرد، بەڵام دواتر ئەو بڕیارە بە دوورخستنەوەی شێخ بۆ دورگەیەک لە نزیک هیندستان گۆڕا.

**دووەم: ڕاپەڕینی شێخ مەحموودی دووەم (١٩٢٢-١٩٢٧)**

سەرەتاکانی ساڵی ١٩٢٢ ناوچەکە بەرەو ڕووی چەندین گۆڕانی سیاسی و عەسکەری بووەوە، لەو ماوەیەدا دەوڵەتی تورکیا فەرمانبەرێکی بە پاڵپشتی هێزێکی سەربازی بەناوی عەلی شەفیق ناسراو بە (ئۆزدەمیر) بۆ ڕەواندز ڕەوان کرد. لەوەشدا ئامانجی دووبارە داگیرکردنەوەی ناوچەکە بوو.

---

کردووە، قوتابییەکی زیرەک و لێهاتوو بووە. ساڵی (١٩٠٢) بەرەو ڕۆژهەلات کۆچ کردووە و لە وڵاتی ئێران نیشتەجێ بووە، لەچەند شارێکی ئەو وڵاتە ژیاوەو تێکەڵاوی ژیانی خەڵکەکەی بووە، بەباشی شارەزای داب و نەریتیان بووە، ماوەیەک لە باشووری کوردستان بە ناوێکی ساختەوە ژیاوە، پێڕەوی ئاینی ئیسلامی هەڵگرتووە، ساڵی ١٩١٦ لەلایەن دەزگای هەواڵگری بریتانیا چەند ئەرکێکی پێ سپێردراوە، ساڵی ١٩١٩ بە فەرمانڕەوای شاری سلێمانی دانراوە. ساڵ ١٩٢٤ کۆچی دوایی کردووە. میر بەسری، ناودارانی کورد، وەرگێرانی: عەبدولخالق عەلائەدین، چاپی دووەم، (هەولێر، ٢٠٠٩)، ل ٢٣٨.

ئۆزدەمیر بۆ جێبەجێکردنی ئەو بەرنامەیە پەیوەندی بە سەرۆک عەشیرەت و تیرە و کەسانی دیکەی دەست ڕۆیشتی ناوچەکە کرد و هەڵمەتێکی گەورەی پڕوپاگەندەی دەست پێ کرد و تێیدا جەختی لەسەر گەڕانەوەی تورک بۆ ناوچەکە کردەوە.

لە پاڵ ئەو ڕووداوانە لە ناوچەکە داوای گەڕانەوەی شێخ مەحموود زۆربوو، لایەنگرانی شێخ وەک مەحموود خانی دزلی و کەریم بەگی هەمەوەند دژی بریتانیا دەجولانەوە و بەکاری سەربازی هەڵدەستان. دەسەڵاتدارانی بریتانیا لە عێراق گەیشتنە ئەو باوەڕەی کاری سەربازی بەتەنها چارەسەر نییە بۆ دۆخەکە، بۆیە بۆ گۆڕینی هاوکێشەکە بیریان لە گەڕانەوەی شێخ مەحموود دەکردەوە[٣٤٥].

ئەیلوولی ١٩٢٢ شێخ گەیشتەوە کوەیت و لەوێوە بەرەو بەغدا، ئینجا هاتەوە سلێمانی. بەر لە گەڕانەوەی شێخ مەحموود بۆ سلێمانی، بەهۆی کارەکانی ئۆزدەمیر و پەیوەندییەکانی بە عەشائیر و کەسایەتییەکان، پڕوپاگەندەی توندی تورک و پیاوەکانی لە ناوچەکە، دەسەڵاتدارانی بریتانیا ناچار کرد بوو لە ٥ی ئەیلوولی ١٩٢٢ شاری سلێمانی چۆل بکەن. بەو هۆیەوە خەڵکی سلێمانی بۆ پارێزگاری و بەڕێوەچوونی کاروباری شار کۆبوونەوە و گەیشتنە ئەوە ئەنجامەی ئەنجوومەنێکی میللی بە سەرۆکایەتی شێخ قادری برای شێخ مەحموود پێک بهێنن تا ئەوەی کاروباری شار بگرنە دەست.

شێخ مەحموود لە بەغدا چاوی کەوت بە فەیسەڵی یەکەم پاشای عێراق و نوێنەری باڵای بریتانیا. لە بارەی ئایندەی ناوچەکە گفتوگۆی لەگەڵدا ئەنجام دابوون.

لە دوای گەڕانەوەی لە تشرینی یەکەمی ١٩٢٢ بووە بە فەرمانڕەوای ناوچەی سلێمانی. دوای چەند ڕۆژێک ئەنجوومەنی وەزیرانی بە سەرۆکایەتی شێخ قادری برای دامەزراند. سوپای نیشتمانی خستە ژێر فەرمانڕەوایەتی

(٣٤٥) فائز عبدالله العساف، الاقليات واثرها في استقرار الدولة القومية اكراد العراق نموذجا، ص٨٠

کابینەی وەزارییەوە. پاشان لە ٤ی تشرینی دووەمی ١٩٢٤ خۆی وەک مەلیکی کوردستان ناساند، ئەنجام ئاڵای کوردستان بە سەر دامودەزگای حکوومەتی سلێمانی بەرزکرایەوە.

بارودۆخەکە درێژەی نەکێشا، بریتانییەکان لە ٢٢ی تشرینی یەکەمی ١٩٢٢ ئاگادارییەکیان ئاراستەی سەرکردە کوردەکان کرد، تێیدا هاتبوو: لە چوارچێوەی سنووری دەوڵەتی عێراق هەردوو حکوومەتی بریتانیا و عێراق دان بە مافەکانی کورد و پێکهێنانی حکوومەتێکی کوردی دەنێن. بەو هۆیەوە هیوادارن هەموو لایەنە کوردییەکان بە زووترین کات بگەنە ڕێککەوتنێک دەربارەی شێوەی ئەو حکوومەتە و سنورەکەی. بۆ ئەو مەبەستی گفتوگۆ لەو بارەیەوە نوێنەرەکانی خۆیان بۆ بەغدا بنێرن.

دانوستانی نێوان حکوومەتەکەی شێخ مەحموود بە سەرۆکایەتی شێخ قادر لەگەڵ لایەنی بەریتانی دەربارەی سەربەخۆیی نەگەیشتە هیچ ئەنجامێک، لەبەر ئەوەی بریتانیا بیانوویان کێشەی ویلایەتی مووسڵ بوو، هێشتا یەکلانەبوویییەوە.

شێخ مەحموود لای خۆیەوە پەیوەندییەکانی لەگەڵ تورک لە ڕێگەی ئۆزدەمیر دەست پێ کردەوە، مەبەست لەو هەنگاوە زیاتر فشار بوو بۆ سەر بریتانیا، نەک دەست هەڵگرتن بێت لە مافەکانی کورد یاخود بۆ کارکردنی بێت بۆ بەرژەوەندی تورک.

ئەو هەنگاوەی شێخ لەگەڵ تورکەکان نێوان سلێمانی و بەغدای گرژتر کرد. بە تایبەتی دوای ئەوەی دەنگۆی ئەوە بڵاوبوەوە شێخ مەحموود نیازی هەیە دەست بەسەر کەرکووک بگرێت. لەو هەلومەرجەدا چەند دەستەیەکی چەکداری کورد و تورک لە ناوچەکانی ڕەواندز و ڕانیە بڵاوبوونەوە و بەرەو ڕووی هێزەکانی بریتانیا بوونەوە و زیانی گەورەیان پێ گەیاندن.

سەرەتای ساڵی ١٩٢٣ ناوچەکانی باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان کەوتە ژێردەسەڵاتی هێزەکانی تورک و کورد، دیارە ئەو هاوپەیمانیەتییەی نێوان ئەو دوولایەنە دژ بە بەرژەوەندییەکانی بریتانیا و حکوومەتی عێراق بوون. بریتانیا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو دۆخە، هەوڵیدا پشتگیری چەند

سەرکردەیەکی کورد بە دەست بێنێت. بەو هۆیەوە پەیوەندی بە سەید تەهای نەهری و ئیسماعیل ئاغای شکاک کرد، تا ئەوەی لە دژی شێخ مەحموود بەکاریان بهێنێت، بەڵام ئەوان ڕازی نەبوون.

بەر لەوە ڕێککەوتنێک لەنێوان بریتانیا و سەید تەها کرابوو، بەو هۆیەوە لە هێرشەکان بۆ گرتنەوەی ڕەواندز سەید تەها بەشداری کرد، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو.

بریتانییەکان دوای چەند هەوڵێک توانیان مەترسی ئۆزدەمیر و لەشکرەکەی لەسەر ناوچە دووربخاتەوە. پاشان هەڵمەتی سەربازیان بۆ سەر سلێمانی دەست پێ کرد، سەرەتا هێرشی ئاسمانی و ئینجا لەشکری پیادەی گەیشتە سلێمانی و شارەکەی داگیرکردووە. ئەنجام لە ١٩ی تەمووزی ١٩٢٤ شێخ مەحموود و لەشکرەکەی لەناو شاردا بەرەو ناوچەی سورداش کشانەوە، دواتر ڕوویان لە سنورەکانی ئێران کرد.

**سێیەم: ڕاپەڕینی بەردەرکی سەرا ٦ی ئەیلوولی ١٩٣٠ لە سلێمانی**

لە مارتی١٩٣٠ و بەهۆی سەرنەکەوتنی وەزارەتەکەی ناجی سوەیدی لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانی، بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی دەرچوو، ئەگەرچی ماوەیەکی زۆریشی بەسەردا تێپەر نەببوو. شا فەیسەڵی یەکەم ئەرکی پێکهێنانی وەزارەتی بە نووری سەعید سپارد. لە ئەرکە سەرەکییەکانی ئەو وەزارەتە واژۆکردنی پەیمانی ساڵی ١٩٣٠ بوو، لەگەڵ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەران بۆ ئەوەی بەندەکانی ئەو پەیمانە پەسند بکات.

گەلی کورد لە ئاست ئەو پەیمانە زۆر بێ ئومێد بوو، لەبەر ئەوەی بەندەکانی هیچ ئاماژەیەکی بۆ مافە بنچینەییەکانی تێدا نەبوو، بۆیە دانیشتوانی شاری سلیمانی بڕیاراندا بە دژایەتی دەنگدان و بەشداری نەکردنیان لە هەڵبژاردندا.

لەو قۆناغەدا حکوومەتی عێراق بڕیاری گواستنەوەی موتەسەڕیفی لیوای سلێمانی تۆفیق وەهبی دەرکرد، بەمەش کاروباری سولێمانی درایە دەستی پشکێنەری کارگێڕی بریتانی، ئەوەش زۆرترین جەماوەری شارەکەی ورژاند.

ڕۆژی ٦ی ئەیلوولی ١٩٣٠ دیاریکرا وەک ڕۆژی هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، هێزەکانی پۆلیس لە ئامادەباشیدابوون و چواردەوری سەرای حکوومەتیان دابوو، لەبەر ئەوەی شوێنی دەنگدان بوو. دانیشتوانی شار لە جیاتی ڕۆیشتن بەرەو دەنگدان بەلێشاو بە شەقامەکاندا لەسەر شێوەی خۆپیشاندان و ناڕەزایی دەربڕین بڵاوبوونەوە، وتارخوێن و شاعیران بەسەر شانی خەڵک بەرزدەبوونەوە و هانی جەماوەریاندەدان تا دژ بە دەنگدان بوەستن. هێزەکانی پۆلیس لەلایەن شەپۆلی جەماوەر گەمارۆدرا بوون، تەنگاوبوون و بۆ ترساندنی خەڵک دەستیان کرد بە تەقە کردن، ئیدی دۆخەکە پەرەی سەند، خۆپیشاندەران بەرد و داریان لە پۆلیس گرت، بەو هۆیەوە شەڕ و پێکدادان دروست بوو، پۆلیس ڕاستەوخۆ تەقەیان لە جەماوەر کرد و دەسەڵاتیان بەسەر دۆخەکە نەما. بە دوای ئەوە هێزێکی سەربازی دیکە بۆ فریاکەوتنی پۆلیس گەیشتن و لەسەر بانە بەرزەکانەوە دەستیان کرد بە تەقە کردن، ئەو ڕۆژە لە مێژووی شاری سلێمانی ناوی لێنرا ڕۆژی ڕەشی ئەیلوول.

ژمارەی کوژراوان لەو ڕووداوە بە (٥٠) کەس مەزەندە دەکرێت، برینداەرەکانیش لە سەرووی (٢٠٠) کەس. دوای ئەو ڕووداوانە ژمارەیەکی زۆری خەڵکی شار و کەسایەتی وەک: عەزمی بابان، شێخ قادری حەفید (١٨٩٥-١٩٥٩)، محەمەد ساڵح بەگ، محەمەد عەبدولڕەحمان ئاغا، عیززەت بەگ، شێخ محەمەد گولانی، تۆفیق قەزاز و ڕەمزی فەتاح گیران و بە بەندی ڕەوانەی شاری کەرکووک کران، لەوێشدا تاوانی هاندانی خەڵک و ئەنجامدانی خۆپیشاندان دادگای کران.

**چوارەم: ڕاپەڕینی سێیەمی شێخ مەحموود (١٩٣٠-١٩٣١)**

دوای دە ڕۆژ لە ڕاپەڕینەکەی بەردەرکی سەرای سلێمانی، شێخ مەحموود نامەیەک بۆ نوێنەری باڵای بریتانیا لە عێراق دەنووسێت و داوای مافەکانی گەلی کورد دەکات، ئەو نامەیە بەپاڵپشتی کۆمەڵێک کەسایەتی و سەرۆک تیرە و عەشیرەتی ناوچەکانی سلێمانی نوسرا بوو. تێیدا داوای دامەزراندنی دەزگایەکی ئیداری سەربەخۆ بۆ کورد لەژێر چاودێری بریتانیا

کرا بوو، شێخ لە کۆتایی نامەکەی نووسیبووی: لە کۆت و زوڵمی حکوومەتی عەرەب ڕزگارمان بکەن.

شێخ مەحموود بە هێزەکانی پەلاماری شاری پێنجوێنیدا و دەستی بەسەردا گرت لە سلێمانی نزیک بووەوە. لە بەرانبەردا حکوومەتی عێراق ئاگاداری شێخ کردەوە خۆی لەو کارانە بە دووربگرێت. ئەنجام هەردوولا هێزەکانی خۆیان سازدا. سوپای عێراق بە پاڵپشتی بریتانیا پەلاماری هێزەکانی شێخ مەحموودیدا ناچاری کرد بۆ ناوچە سنوورییەکان پاشەکشە بکات.

ساڵی ١٩٣١ شێخ بەپێی پلانێک هەوڵیدا لە ناوچەی خانەقین و کفرییەوە ڕاپەڕین بەرپا بکات و لە شاری کەرکووک نزیک ببێتەوە، لەو ناوچانەش شەڕ و پێکدادان ڕوویدا، ئەنجام بەهۆی ناپاکی بەشێک لە سەرۆک تیرە و عەشیرەتەکان کە پەیوەندییان پێوە کرابوو لەلایەن کاربەدەستانی ئینگلیز، شوباتی ١٩٣١ لە شەڕی ئاوباریک لەشکری شێخ شکا و ناچار بوو جارێکی دیکە ڕوو لە سنورەکانی ئێران بکاتەوە.

شێخ مەحموود لەسەر سنوور حکوومەتی ئێران فشاری خستە سەر، بەو هۆیەوە لەگەڵ ئینگلیزەکان کەوتە گفتوگۆ ناچار بوو خۆی بدات بە دەسەوە، ئەنجام ڕەوانەی بەغدا کرا.

ساڵی ١٩٤١ کاتێک شەڕ لەنێوان سوپای عێراق و بریتانیا ڕوویدا، شێخ مەحموود بەهەلی زانی و بەغدای بەجێهێشت و هاتەوە سلێمانی و لەو ساتەوە تا ساڵی ١٩٥٦ لە گوندی داریکەلی مایەوە[٣٤٦].

---

(٣٤٦) ڕەفیق حیلمی، یادداشت، چاپی سێیەم، (سلێمانی، ٢٠٠٣)، ل ٨٠؛ جرجیس فتح اللە، یقظة الکرد، (اربیل، ٢٠٠٢)، ص ١٤٥؛ کریس کۆچیرا، کورد لە سەدەی نۆزدە و بیستدا، وەرگێڕانی: حەمە کەریم عارف، چاپی یەکەم، (هەولێر، ٢٠٠٣)، ل١٤٥؛ عمر علي شریف، استذکارات عن تاریخ الکرد الحدیث، الطبعة الاولی، (کرکوک، ٢٠٠٥)، ص١٥٨؛ محسن محمد المتولي، کرد العراق، ص٧٢.

**باسی دووەم: ڕاپەڕینەکانی بارزان**

**یەکەم: ڕاپەڕینەکەی شێخ ئەحمەد بارزانی (١٩٣١-١٩٣٢)**

سەرچاوە مێژووییەکان لەبارەی هۆکارەکانی سەرهەڵدانی ئەو ڕاپەڕینە، بەدەر لە داواکارییە نیشتمانی و نەتەوەییەکان لە حکوومەتی عێراق لەلایەن شێخ ئەحمەد بارزانی و خەڵکی ناوچەکە، ئاماژە بۆ هەوڵی نیشتەجێکردنی ئاشوورییەکان لە ناوچەکە و سەپاندنی باجی زۆر بە تایبەتی لەسەر بەرووبوومە کشتوکاڵییەکان و دروستکردنی بنکەی پۆلیس و ململانێی عەشائیری بە تایبەتی لەگەڵ شێخ ڕەشید لۆلان دەبنەوە. بەدەر لەوانەش دەسەڵاتدارانی عێراقی دەستیان لە کاروباری ناوچەکە ورداوە و بە چاوی گومانەوە لە هەوڵی بارزانییەکانیان ڕوانیوە. ئیدی بەو هۆیانەی ئاماژەمان بۆ کردن، گرژی و ململانێ لە ناوچەکە دروست دەبێت و هێزەکان ڕووبەڕوو یەکتر دەبنەوە.

حکوومەت بۆ ئەوەی ڕێگری لە پەرەسەندی ڕووداوەکان بگرێت و چارەسەری گرفتەکان بکات، لێژنەیەک لە موتەسەڕیفی هەولێر و مووسڵ، قائیمقامی ڕەواندز و زێبار پێک دێنێت. لێژنەکە لە سەرەتای تشرینی یەکەمی ١٩٣١ لەگەڵ نوێنەرانی لایەنی ناکۆک شێخ ئەحمەدی بارزانی و شێخ ڕەشیدی لۆلان لە ئاکرێ کۆدەبێتەوە. کۆبوونەوەکە ئەنجامێکی وای نابێت، بەو هۆیەوە شەڕو پێکدادانەکان درێژە دەکێشێت.

حکوومەت فەوجێکی سەربازی ڕەوانەی ناوچەی بارزان دەکات. ئەنجام سەرکەوتوو نەبوو، بەو هۆیەوە بارزانییەکان زیاتر پشتگیری عەشائیری ناوچەکەیان بەدەست هێنا. لە بەرانبەردا حکوومەت پەیوەندی کرد بە چەند عەشیرەتێکی ناوچەکە تا لە دژی بارزانییەکان بەکاریان بێنێت

بەهاری ١٩٣٢ حکوومەت هێزێکی سەربازی گەورەی بۆ دەستگرتن بەسەر بارودۆخەکە ڕەوانەی ناوچەکە کرد، بەڵام ئەو هێزەش شکستی هێنا، ئیدی حکوومەت بە هاوکاری بریتانییەکان پەنای بردە بەر هێرشی ئاسمانی و ژمارەیەک گوندی ئاوەدانی وێران کرد. شانبەشان هێرشە ئاسمانییەکان

هێزەکـان لەسـەر زەمیـنەوە ڕوویـان لە نـاوچەکە کـرد لەچەنـد قـۆڵیکەوە بەتووندی هێرشیان کرد.

هێزەکـانی حکـوومەت لە مـانگی مایسـی ١٩٣٢ گەیشـتنە زۆربەی ئەو شـوێنانەی بۆیـان دیـاری کرابـوو، ئەنجـام بارزانییەکـان ناچـار بـوون بەرەو سـنوورەکانی تورکیـا پاشاکشـە بـکەن. وێـڕای ئەوەی حکـوومەتی تورکیـا هێزێکی سەربازی ڕەوانەی سنووری کرد و ڕێگری کرد لە هاوکاری کردنی کوردانی بـاکووری بۆیـان، کەچـی شـێخ ئەحـمەد و هێـزەکەی لە حـوزەیرانی ١٩٣٢ چـوونە نـاو تورکیـا. لە ئاکامـدا حکـوومەتی تورکیـا ڕازی بـوو بە وەرگرتنیان بە مەرجی ئەوەی چەکەکانیان دابنێن.

حکـوومەتی تورکیـا لە ٢٢ی ئـابی ١٩٣٢ شـێخ ئەحـمەد و هاوڕێکـانی تەسلیم بە عێراق کردەوە. حکوومەتی عێراق دووری خستنەوەی بۆ شـاری ناسڕییە و ماوەیەک لەو شـارەدا لەژێر چاودێری مـانەوە، پاشـان هێنـران بۆ پردی و دواجاریش بۆ سلێمانی گواسترانەوە.

**دووەم: ڕاپەڕینی بارزانییەکان ١٩٤٣ – ١٩٤٥ بەسەرکردایەتی مستەفا بارزانی**

یەک لە دیـاردە گرینگەکـانی هەمـوو جەنگێـک تێکچـوونی بـارودۆخی ئـابووری و گـوزەرانی خەڵکە. ڕۆژانـی جەنگـی دووەمـی جیهـانیش، قەیرانـی ئـابووری لەگەڵ خـۆی دروسـتکرد، دیـارە بـارودۆخی عێـراقیش بەهـۆی ئەو قەیـرانە ئـابوورییە جیهـانیە کـاریگەر بـوو، ئـازوقە و خـۆراک روویـان لەکەم بوون کرد، بەهایان زۆر گران بوون و بەزەحمەت دەست دەکەوتن، برسـێتی و بێ کـاری بـاڵی بەسـەر کـۆمەڵانی خەڵـک کێشـابوو، لەوەشـدا نـاوچەی کوردستان بەتەواوی پێی کاریگەر ببوو.

شێخ ئەحمەد بارزانی و مەلا مستەفای برای لە شـاری سلێمانی بـوون، لەژێـر چـاودێری دەسـەڵات، دەنگوباسـی ژیـانی خەڵکـی ناوچەکەیـان پێدەگەیشت. لە حوزەیرانی ١٩٤٣ مەلا مستەفا بە هاوکاری شێخ لەتیفی شێخ مەحموود توانی خۆی لە سلێمانی دەرباز بکات و لە ڕێگای ئێرانەوە بگاتە نـاوچەی بـارزان. بە گەیشـتنەوەی بـۆ نـاوچەکە خەڵکـی لە دەوروبەری

کۆبوونەوە، ئەویش بەرنامەی ڕاپەڕینێکی دیکە لەپێناو مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد دانا.

لەو ڕۆژگارەدا حیزبی هیوا، کە ساڵی ١٩٣٩ دروستببوو، ژمارەیەک ئەفسەر و سەربازی پلەداری ناو سوپای عێراق لە ڕێگای حیزبی هیواوە پەیوەندییان بەو ڕاپەڕینەوە کرد و لە کاروباری سەربازی و ئیدارەی بەشدار بوون[٣٤٧].

سەرەتا مەلا مستەفا دەستیکرد بە ڕێکخستنی هێزەکانی و ئامادەکردنیان، هەروەها هەوڵیدا چەک و تەقەمەنی پەیدا بکات، بۆ ئەم مەبەستەش پەلاماری بنکەکانی پۆلیسی ناوچەکەی دا و دەستی گرت بەسەر چەکی ناو بنکەکان.

کاتێک حکوومەت دەنگوباسی ناوچەکەی پێ گەیشت و لەو ڕووداوانە ئاگاداربووەوە، دەستیکرد بەناردنی هێزی سەربازی بۆ ناوچەکە. ئەنجام لە هەردوو مانگی تشرینی یەکەم و دووەمی ١٩٤٣ دووجار هێرش کرایە سەر هێزەکانی بارزانی، بەڵام ئەو هێرشانە شکستیان هێنا و شۆڕشگێران ناوچەکانی قەزای مێرگەسووریان بەتەواوی ڕزگارکرد و پێگە و ڕێزی حکوومەتیش ڕووخا و عەشائیر ڕوویان لە بارزانی دەکرد.

لە بەغدا بێ ئومێدی و نارەزایی باڵی کێشا بەسەر دامودەزگا و بەرپرسانی حکوومەت، باڵیۆزی بریتانیا (کور نوالیس) ئامۆژگاری جێگرەوەی پاشا و نووری سەعیدی سەرۆک وەزیرانی کرد، کە پێویست دەکات لەگەڵ بارزانی بگەنە ڕێککەوتن، لەهەمان کاتدا فشاری خستە سەربارزانی و داوای لێکرد نەرمی بنوێنێت و لەگەڵ حکوومەت ڕێکبکەوێت. لای خۆیەوە بارزانی ئامادەیی پیشاندا بۆ ڕێککەوتن، بەڵام بە مەرجی جێبەجێکردنی داواکارییەکانی.

بۆ ئامادەکردنی زەمینەی دانوستان و ڕێککەوتن لە بەغدا وەزارەتێکی نوێ بە سەرۆکایەتی نووری سەعید لە ٢٥ی کانوونی یەکەمی ١٩٤٣ پێکهێنرا، لەو وەزارەتە وەزیرێکی کوردی بە ناوی ماجید مستەفا تێدا بوو،

---

(٣٤٧) معروف جیاوک، مأساة بارزان المظلومة، الطبعة الثانیة، (اربیل، ٢٠٠١)، ص ٤٩.

ناوبراو لە ١ی کانوونی دووەمی ١٩٤٤ گەیشتە لای مستەفا بارزانی، دوای گفتوگۆ گەیشتنە ڕێککەوتن. بەپێی ناوەرۆکی ڕێککەوتنەکە دەبوو شێوەیەک لە دەسەڵاتی ئۆتۆنۆمی بدرێتە ناوچە کوردییەکانی کەرکووک، سلێمانی و هەولێر لەگەڵ قەزاکانی دهۆک، ئامێدی، زاخۆ، شەنگال، شێخان و خانەقین، هەروەها دەبوو ڕێگا بدرێت بە گەڕانەوەی بارزانییەکان بۆ زێدی خۆیان. لە گفتوگۆی نێوان ماجید مستەفا و مەلا مستەفا بارزانی ڕێککەوتن لەسەر ژمارەیەک خاڵ دیکە کران. ماجید لە گەڕانەوەی بۆ بەغدا لە ١٥ی کانوونی دووەم، ناوەرۆکی ڕێککەوتنەکەی خستیە بەردەم ئەنجوومەنی وەزیران و ڕەزامەندی لەسەر درا.

مستەفا بارزانی لە ٢٨ی شوبات ١٩٤٤ سەردانی بەغدای پایتەختی کرد، چاوی بە جێگری پاشا و باڵیوزی بریتانیا کەوت و ملکەچی خۆی بۆ حکوومەت دەربڕی.

ڕێککەوتنەکە لەلایەن هەندێک حیزبی سیاسی و چەند کەسایەتییەک بەخودی عەبدولئیلاشەوە بەر هەڵستی کرا، بۆیە حکوومەت نەیتوانی خاڵەکانی جێبەجێ بکات و دووبارە گرژی سەری هەڵدایەوە. مەلا مستەفا هەوڵیدا چارە سەری کێشەکان بکات، لەم بارەوە نامەی بۆ باڵیوزی بریتانیا نارد. نووری سەعید سەرۆک وەزیران لە مایسی ١٩٤٤ سەردانی کوردستانی کرد و چاوی بە ژمارەیەک کەسایەتی جگە مەلا مستەفا بارزانی کەوت، هەروەها ڕێگایدا شێخ ئەحمەدی بارزانی و کەس و خزمەکانی بگەڕێنەوە ناوچەکانی خۆیان، بەڵام بەڵێنەکانی دیکەی حکوومەت جێبەجێ نەکرا.

نووری سەعید خۆی لایەنگری ئەوە بوو جۆرێک لە دەسەڵاتی ئۆتۆنۆمی بدرێتە کوردستان، بەڵام بەهۆی ئەو بەرهەڵستییەی بەرانبەری پەیدابوو، ئەوا هیچ بەشێکی ڕێککەوتنەکە جێبەجێ نەکرا. بۆیە لە ٦ی حوزەیرانی ١٩٤٤ نووری سەعید دەستی لە کارکێشایەوە.

لەسەردەمی حەمدی پاچەچی سەرۆک وەزیرانی نوێ خولێکی دیکەی دانوستان لەنێوان بارزانی و حکوومەت بەڕێوەچوو، بەڵام ئەویش شکستی

هێنـا، لەبەر ئەوەی بـارزانی سـوور بـوو لەسـەر جێبەجێکردنـی بەڵێنەکـانی نووری سەعید.

هەر لەو سـەروبەندەدا، قەیرانـی ئـابووری زیـاتر کـاریگەری بەسـەر ژیـانی خەڵکـی هەژار و گوندنشـینانی کوردسـتان کردبـوو، بـۆیە چەنـد چەکدارێکی کورد پەلاماری کۆگاکانی دانەوێڵەی حکوومەتیاندا و دەستیان گرت بەسەری و دابەشیان کرد بەسەر خەڵکە برسی و هەژارەکەدا.

حکـوومەتی بریتانیـا دەربـارەی ئەو دۆخە ئامۆژگـاری حکـوومەتی عێراقی کرد سیاسـەتێکی نەرم بەرانبەر کـورد پێڕەو بکات، لەهەمـان کاتدا داوای لە کوردیش کرد نەرمی بنوێنن.

لە ٢٥ی کـانوونی دووەمـی ١٩٤٥ لیـژنەی ئـازادی لەلایەن چەنـد تێکۆشـەرێکی کـورد بـۆ رێکخسـتنی چالاکییەکـان و هۆشـیار کـردنەوەی جەمـاوەر و پەیوەنـدیکردن بەلایەنە سیاسـییەکان و کەسـایەتییە کۆمەڵایەتییەکـانی نـاوچەکە و یەکخسـتنی هەڵوێسـتەکان دامەزرا. لە ئەندامە دیارەکـانی ئەو لیـژنەیە، هەردوو ئەفسـەری کـورد، عیـززەت عەبـدولعەزیز (١٩١٢-١٩٤٧) و مستەفا خۆشناو (١٩١٢-١٩٤٧) تێدا بوون.

مەلا مستەفا بارزانی بۆ پەیوەندیکردن بەسەرۆک عەشیرەت و بنەماڵە و کەسـایەتییەکان و بەدەسـهێنانی پشـتگیرییان دەسـتیکرد بە گەڕان و سـەردانی چەنـد نـاوچەیەکی کوردسـتان. لەو چالاکیـانەدا بـارزانی ڕۆڵـی سـەرکردەیەکی لێهـاتووی بەرجەسـتەدەکرد، بەم شـێوەیە هەر لایەک لە ئامادەکارییەکـانی خـۆی بەردەوام بـوو، بـۆیە دوای زنجیرەیەک پەیوەنـدی و نامە گۆڕینەوە لەنێوان حکوومەت و سـەرکردایەتی کـورد، لەگەڵ بێ ئەنجام گەیشـتنی ئەو هەوڵانە، لە ئـابی ١٩٤٥ ئامادەکارییەکـانی حکـوومەت ئاشـکرا بوون، کە نیازی هێرشی سەربازی هەیە.

سەرۆک وەزیرانی حکوومەتی بەغدا، بۆ پاراستنی هێمنی و ئاسایش لەناوچەکانی باکور، داوای کرد لە وەزیری بەرگری ڕێ و شـوێنی پێویست بگرێتەبەر. لەهەمـان کاتدا هێزەکـانی کـورد لەلایەن چەنـد ئەفسـەرێک، کە لە ڕێگـای حیزبـی هیـواوە پەیوەنـدییان کردبـوو، دەسـتیان کـرد بە ڕێکخسـتنی هێزەکان و دابەشکردنیان بەسـەر بەرەکانی شـەڕدا. لەو ئەفسـەرانە: عیززەت

عەبدولعەزیز، ئەمین ڕەواندزی، میرجاج ئەحمەد، مستەفا خۆشناو، خەیروڵڵا عەبدولکەریم (١٩١٢-١٩٤٧)، محەمەد قودسی (١٩٢١-١٩٤٧) و.. چەند ئەفسەرێکی دیکەش بوون.

٨ی ئابی ١٩٤٥ لە ناو پۆلیسخانەی مێرگەسوور، وەلی بەگ ناوێک کە سەرکردەیەکی ناو هێزەکەی بارزانی بوو لە ڕووداوێکی گوماناوی کوژرا، ناوبراو بۆ هەندێک کاروباری ئاسایی بێ چەک چوبووە ناو پۆلیسخانەیەک لە ناوچەی بارزان. حکوومەت بە ڕەسمی هیچ لێپرسینەوەیەکی لەگەڵ تەقەکەران ئەنجام نەدا، ئەنجام هێزێکی چەکدار هێرشیان کردە سەر ئەو پۆلیسخانەیە و داگیریان کرد. ئەو کارە بووە بیانوو، شەڕ دەستی پێ کردەوە. لەلایەن هێزەکانی حکوومەت هێرشێکی فرەوان لە چەند بەرەیەکەوە کرایە سەر هێزەکانی کورد، لەگەڵ ڕاگەیاندنی باری نائاسایی لەهەردوو پارێزگای هەولێر و مووسڵ. لەو هێرشە فرەوانە وێڕای بوونی چاوساغی عەشیائیری سورچی و زێباری و برادۆستی، هێزی ئاسمانی بریتانیا بەچڕی بەشداریان کرد، دوای چەندین شەڕی سەخت و بەهۆی نابەرابەری تەرازووی هێز، هێزەکانی حکوومەت پێشڕەوییان کرد و گەیشتنە ناوچەی بارزان. ئەنجام مەلا مستەفای بارزانی لەگەڵ پاشماوەی هێزەکەی پاشاکشەیان کردوو ڕوویان لە سنورەکانی نێوان عێراق و ئێران کرد(٣٤٨).

### باسی سێیەم: ڕاپەڕینی جوتیارانی دەشتی هەولێر ١٩٥٣

بەگشتی جوتیارانی دەشتی هەولێر لەیەک ئاستی ئابووری و خاوەنداریەتی زەوی نەبوون، هەر لەبەر ئەوەش چەوسانەوە لەسەریان یەک ڕێژەی نەبووە، بە گشتی ئاغاکان خاوەنی زەوی بوونە، بەمەش بە ڕێژەیەکی کەم جوتیار هەبووە خاوەنی پارچە زەوییەک بێت، کەواتە مەمرە و بژی گوزەراندوویانە.

---

(٣٤٨) مەسعود بارزانی، بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد ١٩٣١ – ١٩٥٩، بەرگی یەکەم، (هەولێر، ٢٠١٢)، ل١٣٣؛ زوبیر بلال اسماعیل، ثورات بارزان، ١٩٠٧ – ١٩٣٥، الطبعة الاولی، (دون مكان الطبع، ١٩٨٨)، ص ١٠٧؛ ولیم اكلتن، جمهورية مهاباد الكوردية، ترجمة: جرجيس فتح الله، (بيروت، دار الطليعة، ١٩٧٢)، ص ١٠٢.

هەندێک لە جوتیارە بێ زەوییەکان وەک کرێکاری کشتوکاڵی لەلایەن ئاغا و خاوەن زەوی کاریان کردووە، ئەگەر ئەوکارە بۆ ماوەی ساڵێک بووایە، ئەوەپێی دەگوترا (ڕەنجبەر)، ئەگەر کارکردنەکەشی بۆ ماوەی یەک وەرز بوایە پێی دەگوترا (سەپان). جگە لەوانەش توێژێکی دیکەی کۆمەڵایەتی هەبوون وەک شوان و گاوان، لەگەڵ چەند پیشەیەکی دیکەی وەک: ئاسنگەر، پینەدۆز، ناڵبەندی، بیرلێدەر، خەمچی و تەراح.

شێخ و سەید و مەلاش بەهۆی کاری ئاینییەوە چینێکی مشەخۆر بوون، لە پاڵ ئەوانەدا بەشێکی دیکە پابەندییان هەبوو بەرانبەر ئاغا، وەک: سەرکار، نۆبەتچی، کارەکەر و خزمەتکار.

جوتیاران لە دەشتی هەولێر لە چەندین ڕووەوە پابەند بوو بەرانبەر ئاغا و چەوسێنراونەتەوە، چەندین جۆری سەرانە و باج و پارەیان لێ وەرگیراوە.

سەرچاوەکان لەبارەی هۆکارەکانی سەرهەڵدانی ڕاپەڕینەکە ئاماژە بە ململانێی نێوان جوتیاران و ئاغا دەکەن، لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆڵی حیزبە سیاسییەکان حیزبی شیوعیی عێراق و پارتی دیموکراتی کوردستان لە هۆشیاکردنەوەی خەڵکی و هاندانیان بەرانبەر بە ئاغا باسی لێوە دەکەن. جگە لەوەش هۆکاری ڕاستەوخۆی هەڵگیرسانی ڕاپەڕینەکە بۆ هەڵوێست و کردارەکانی حوسێنی مەلا ئاغای گوندی قازیخانە دەبنەوە.

کۆتایی مانگی شوباتی ١٩٥٣ حوسێنی مەلا ئاغای گوندی قازیخانە داوای لە جوتیارانی گوندەکەی دەکات ئەوەی جووت بە ڕەشەوڵاخ بکات دەبێت یەک عەڵبە گەنم بدات، ئەوەی جووتیش بە گوێدرێژ بکات دەبێت نیو عەڵبە گەنم بدات. کاتێک جوتیاران پرسیاریان کرد لە هۆی ئەو سەرانە و مانای چییە؟ ئاغا وتی: ناوی ئەستەنبوڵانەیە، چونکە دەچمە ئەستەنبوڵ و پێویستم بە پارەیە. بەو هۆیەوە هەموو جوتیارانی گوندەکە بڕیاریاندا نەچنە ژێرباری ئەو داواکارییە. بۆ ئەو مەبەستە جوتیاران لێژنەیەکی چوار کەسی لە: حەمەدئەمین قادر، نووری وەسمان قەرەنی، حەسەن تەها فەتاح و عەبدوڵڵا حەمەدئەمین پێک دێنن. لێژنەکە ڕێنمایی جوتیاران دەکات کەس باجی نوێ نەدات بە ئاغا و هەموو هاوکاری یەک بن. بەم جۆرە هەواڵی

کۆتایی هاتن بە بێگاری و سوخرە بەناو گوندەکان بڵاودەبێتەوە جوتیاران لە دەوری یەکتـر کـۆدەبنەوە و ریـش سـپی لەنێـوان خۆیـان دیـاری دەکەن و سوێند دەخۆن بۆ یەکتر.

ڕاپەڕیـنەکە لە نـاوچەکەدا بڵاودەبێـتەوە و نـزیکەی (٢٠٠) گونـد لە ناوچەی مەخمور تا دەگاتە دەشتی کۆیە دەگرێتەوە. لەو گوندانەی ڕاپەڕینی جوتیارانی پێشگەیشت بریتین لە: بیرەعارەبان، هەرەجە، باشتەپە، دووکەرە، پارانیان، مورتکە، یەدی قزلەر، سۆربەش، قورشاغلو، عەلیاوە، گەڕەشێخان، سێقوچان، گردەڕەشـە، گـردلانکە، کەسننەزان، بـاقرت، قوچەبڵبـاس، شـێراوە، ئاودلۆک چەند گوندی دیکە.

ئامـانجی جوتیـاران لەو ڕاپەڕینە کەمکردنەوەی سـەرانە بـوو لە (٢٠٪) بـۆ (٥٪)، ڕێگـرتن لە دەرکردنـی جوتیـاران لە گونـدەکان، نەهێشـتنی بـاج و سـەران و بێگاری و سـوخرە، لەگەڵ دابەشکردنی زەوییە میرییەکان بەسـەر جوتیاران.

موتەسـەریفی هەولێـر و بەڕێـوەبەری پـۆلیس بە ئامـانجی هێورکردنەوەی بارودۆخەکە سەردانی چەند گوندێکیان کرد و زانیاریـان لە بـارەی کێشـە و گرفتەکـان کـۆکردەوە. بە دوای ئەوە بـۆ ئەوەی ڕێـگە لە پەرەسەندی ڕووداوەکان بگرن هێزێکی پۆلیس گەیەندرایە ناوچەکە و بەنـاو گوندەکانـدا بە مەبەسـتی ترسـاندنی جوتیـاران و پشـتیوانی ئاغاکـان دەسووڕانەوە. کاتێکیش بابەتەکە درێژەی کێشا، ژمارەیەک جوتیار گیران و ڕەوانەی بەنـدیخانەی مووسـڵ و کەرکـووک کـران بە ئەنجامـدانی کـاری سیاسی تاوانبار کران.

بە دوای ئەوە لە هەنـدێک لە گونـدەکان تەقە لە نێـوان پـۆلیس و جوتیـاران ڕوویـدا و چەنـد کەسـێک کـوژران. پـۆلیس بـۆ چاوترسـاندنی جوتیاران یەکێک لە جوتیارەکانیان بە ناوی ڕەحمانە شـەل گرت و مـاوەی شازدە ڕۆژ بە دەست بەستراوی لە ناو ئۆتۆمۆبێل بە گوندەکاندا دەیان گێرا، کەچـی ڕەحمـانە شـەل ڕووی لە جوتیـاران دەکـرد و داوای لـێ دەکـردن خۆراگربن و ورە بەرنەدەن.

جوتیاران لە ڕێگای یاساوە چەند هەوڵێکیاندا و سکاڵایان گەیاندە حوسامەددین جومعە وەزیری ناوخۆی حکوومەتی عێراق، هەروەها سکاڵایان گەیاندە خودی فەیسەڵی دووەم پاشای وڵات، بەڵام وەک پێویست وەڵامی داواکاریەکانیان نەدرایەوە. هەروەها چەند پارێزەرێکی نیشتمانپەروەر لە نموونەی عەونی یوسف، ڕەشید عەبدولقادر، مەعرووف بەرزنجی، حوسێن بەرزنجی، جەبار پیرۆزخان، ئیبراهیم ئەحمەد بڕیاریاندا خۆبەخشانە بەرگری لە گیراوەکان بکەن

ئەنجام ڕاپەڕینەکە چەند مانگێک درێژەی کێشا، بەڵام نەیتوانی وەک پێویست هەموو ئامانجەکانی بەدی بهێنێت[٣٤٩].

---

(٣٤٩) مەهدی محەمەد قادر، پێشهاتە سیاسییەکانی کوردستانی عێراق ١٩٤٥ – ١٩٥٨، (سلێمانی، ٢٠٠٥)، ل٢٣٩؛ عەباس نادر، ڕاپەڕینی جوتیارانی دەشتی هەولێر ساڵی ١٩٥٣، چاپی دووەم، (هەولێر، ٢٠١٩)، ل١٥؛ محسن دزەیی، احداث عاصرتها، الطبعة الاولى، (اربیل، ٢٠٠١)، ص٩٧.

## تەوەری سێیەم: کورد لەسەردەمی دەسەڵاتی کۆماریدا

### باسی یەکەم: کورد و شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨

بەشێوەکی گشتی کورد پشتیوانی لە شۆڕشی ١٤ی تەمووز کرد. هەر لەبەر ئەوەی بەچەند کاتژمێرێک دوای سەرکەوتن، پارتی دیموکراتی کوردستان برووسکەی پشتگیری پیرۆزبایی بۆ عەبدولکەریم قاسم نارد. دوای چەند هەفتەیەکیش بۆ مەبەستی پیرۆزبایی لە سەرکردایەتی شۆڕش دەستە دەستە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بەرەو بەغدا چوون.

پارتی دیموکراتی کوردستان ئەگەرچی خۆی ڕاستەوخۆ بەشداری شۆڕش نەکردبوو، هەروەها ئەندامی بەرەی یەکێتی نیشتمانی-یش نەبوو بەڵام هەوڵی دەدا پەیوەندی لەگەڵ تێکڕایی هێزەکان گرێ بدات. بۆ ئەو مەبەستە سەردانی ئەمینداری سەرکردایەتی حیزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی فوئاد ڕیکابی و میشیل عەفلەق سکرتێری حیزبیان کرد.

ڕاستییەکەی ململانێی نێوان حیزبی شیوعیی عێراق لەگەڵ هێزە سیاسییە عەرەبچییەکان، ڕەنگدانەوەی بەسەر پەیوەندییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان هەبوو، بەڵام دوای دوورخستنەوەی هێزە سیاسییە عەرەبییەکان لە جومگەکانی دەسەڵات، دەرکەوتنی حیزبی شیوعی، پارتی و حیزبی شیوعی لە یەکتر نزیک کردەوە، ئەنجام پارتی بە کاریگەری باڵە چەپەکەی کەوتە پاڵپشتی حیزبی شیوعی.

شایەنی گوتنە، پەیوەندییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بەڕژێمەکەی عەبدولکەریم قاسم بە دوو قۆناغدا تێپەر بوون.

قۆناغی یەکەم: قۆناغی سازان و لێک تێگەیشتن بوو، کە کورد لەو قۆناغەدا چەند دەستەکەوتێکی دەستکەوت وەک:

١. چەسپاندنی مادەی (٣)ی دەستوری کاتی، کە تییدا هاتبوو عەرەب و کورد هاوبەشن لە وڵات. بەمەش مافە نەتەوایەتییەکانی کوردی لە چوارچێوەی یەکێتی خاکی عێراق سەلمێندرا.

٢. کشانەوەی حکوومەتی عێراق لە پەیمانی بەغدا، کە لە ناوەرۆکدا دژ بە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد بوو.
٣. ئـازادکردنی زینـدانە سیاسـییەکان و گەڕانەوە دەرکراوەکـان بـۆ سەرکارەکانیان.
٤. ئازادکردنی شێخ ئەحمەد بارزانی.
٥. گەڕانەوەی مستەفا بارزانی و هاوڕێکانی لە یەکێتیی سۆڤییەت.
٦. ڕێگا پێدان بە ئاشکرا کارکردن بە پارتی دیموکراتی کوردستان.
٧. دەرچوونی ڕۆژنـامەی خەبـات و چەنـدین ڕۆژنـامە و گۆڤـاری دیکە بەزمانی کوردی.
٨. دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتی خوێندنی کوردی.
٩. بەشداریکردنی کورد لە حکوومەتی بەغدا.

قۆنـاغی دووەم، قۆنـاغی نـاکۆکی و شـەڕ هەڵگیرسـاندن: سـەرەڕای هەموو ئەو پەیوەندییانەی نێوان دەسەڵاتی عەبدلکەریم قاسم و سەرکردایەتی پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان، لە کۆتاییەکـانی ١٩٥٩ سـەرەتاکانی ١٩٦٠ سـاردی کەوتە نێوان هەردوولا، ڕەوتی پەیوەنـدییەکان بەجۆرێک گـۆڕان لە ئاکامـدا پێڕەوکردنـی سیاسـەتێکی شـۆڤێنیزمانەی توونـدڕەوی دژ بە گەلـی کـورد لەلایەن خـودی عەبـدولکەریم قاسـمی لـێکەوتەوە. قاسـم لەو قۆنـاغەدا وێڕای دید و بۆچوونەکانی خۆی کەوتە ژێر کاریگەری ڕەوتە شۆڤێنییەکان و هەندێک لایەنی دەرەکی.

لە تشرینی یەکەمی ١٩٦٠ شێخ ئەحمەد بارزانی و مەلا مستەفای برای بەمەبەسـتی ئاگـادارکردنەوەی لە هەوڵەکـانی تێکـدانی پەیوەنـدییەکانیان سـەردانی عەبدولکەریم قاسم-یان کرد. هەر لەو ڕۆژانەدا، سکرتێری پارتی ئیبراهیم ئەحمەد لەلایەن دادگای عورفییەوە داوا کرا.

لە تشـرینی دووەمـی (١٩٦٠) مسـتەفا بـارزانی سـەردانی یەکێتیـی سۆڤییەتی کرد، داوای لە بەرپرسانی ئەو وڵاتە کرد بۆ سەلماندنی مافەکانی گەلی کورد فشار بخەنە سەر عەبدولکەریم قاسم. مستەفا بارزانی لەلایەکی دیـکەوە لەگەڵ هێـزە نیشـتمانی و دیموکراتخوازەکـانی عێـراق زنجیـرەیەک

هەوڵیدا بۆ ئەوەی حکوومەت ڕازی بکەن بارودۆخەکە بەرەو ئاڵۆزی و شەڕ نەبات.

عەزیز شەریف لە یادداشتەکانی باس لەو هەوڵانە دەکات کە شێخ ئەحمەد و مستەفا بارزانی لە بەغدا لەگەڵ عەبدولکەریم قاسم داویانە، بەڵام عەبدولکەریم زۆر بە ساردی گفتوگۆی لەگەڵیاندا کردووە، لەوەشدا بابەتی ناکۆکی نێوان بارزانی و زێبارییەکان کاریگەری هەبووە.

تەمووزی ١٩٦١ پارتی یاداشتێکی ئاراستەی عەبدولکەریم قاسم کرد، کۆمەڵێک داخوازی تێدا بوو، بەڵام قاسم پشت گوێ خستن. لە بەرانبەردا زنجیرە کارێکی توندوتیژی بەرانبەر پارتی ئەنجامدا، کادیر و ئەندامانی گرتن و بارەگاکانی داخستن، ئەنجام بارودۆخەکە بەرەو گرژی هەنگاوی ناو لە ١١ی ئەیلوولی ١٩٦١ شۆڕش هەڵگیرسا[٣٥٠].

**باسی دووەم: کورد و حکوومەتی بەعس ١٩٦٣**

لە دوای کودەتا سەربازییەکەی ٨ی شوباتی ١٩٦٣ و کۆتایی هێنان بە ڕژێمەکەی عەبدولکەریم قاسم، کێشەی کورد و شۆڕشی کورد لە کوردستانی عێراق، یەک لە کێشە گرینگەکان بوو، بگرە گرینگترینیان بوو.

دیارە لە ڕۆژانی پێش ئەنجامدانی کودەتاکە سەرکردایەتی حیزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی لەچەند ڕێگایەکەوە پەیوەندی بەسەرکردایەتی شۆڕش و پارتی دیموکراتی کوردستان کرد بوو، ڕای خۆیان لە دۆزینەوەی چارەسەر لە ڕێگای دانوستان گەیاندبوو. ئەنجام لەبەر ڕۆشنایی ئەو پەیوەندییانە و لەگەڵ سەرکەوتنی کودەتاکە، لەلایەن مستەفا بارزانی بڕیاری ڕاگرتنی شەڕ درا.

١٨ی شوباتی ١٩٦٣ شاندێکی پارتی بەسەرۆکایەتی جەلال تاڵەبانی و ئەندامێتی ساڵح ئەلیوسفی و لوقمان بارزانی گەیشتە بەغدا و زنجیرەیەک

(٣٥٠) شورش حسن عمر، حقوق الشعب الكردي في الدساتير العراقية، ص ١٦٨؛ صلاح الخرسان، التيارات السياسية في كردستان العراق ١٩٤٦ – ٢٠٠١، (بيروت، ٢٠٠١)، ص ٧٥؛ عصام عزيز شريف، مذكرات عزيز شريف، ص ٢١٠؛ محسن محمد المتولي، كرد العراق، ص٢٩٧.

کۆبوونەوە و وتوویژیان لەگەڵ گەورە بەرپرسانی دەسەڵات ئەحمەد حەسەن بەکر، تاهیر یەحیا، عەلی ساڵح سەعدی و حەردان تکریتی، ئەنجامدا.

لە ٢ی مارتی ١٩٦٣ وەفدی حکوومەتی بەغدا تاهیر یەحیا، بابا عەلی شێخ مەحموود، فوئاد عارف و فەتاج شاڵی گەیشتنە شارۆچکەی چوارقورنە وەفدەکە لەلایەن بارزانییەوە پێشوازیان لێکراو پرۆژەی ئۆتونۆمی بۆ کوردستان خرایە بەردەست. لە بەغدا پرۆژەکە لەلایەن ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش خرایە بەرباس، دواتر حکوومەت وەفدێکی میللی کە پێکهاتبوون لە: محەمەد ڕەزا شەبیبی، فایق سامەڕایی، حوسێن جەمیل، فەیسەڵ حەبیب خەیزەران، زەید ئەحمەد عوسمان و عەبدولعەزیز دوری، ڕەوانە کرد. دیارە مەبەست لە هاتنی ئەو وەفدە، بۆ ئەوەی بوو لایەنی کورد هەندێک لە داواکارییەکانیان کەم بکەنەوە. مەلا مستەفا بارزانی لە دوای گفتوگۆ لەگەڵ وەفدەکە، ئاگاداری کردنەوەکە تا کۆتایی مارت مۆڵەت دەدەن بە حکوومەت بۆ وەڵامدانەوە.

لە ١١ی مارت حکوومەتی بەغدا لە بەیاننامەیەکیدا لەلایەن ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشەوە دەرچوو بوو سیاسەتی خۆی بەرانبەر کێشەی کورد ڕوونکردەوە. لای خۆیەوە مستەفا بارزانی وای بەباش زانی دۆخەکە پێویستی بە بەستنی کۆنگرەیەکی گشتی گەلی کورد هەیە.

ئامادەکارییەکان بۆ بەستنی کۆنگرە دەستی پێ کرد، نزیکەی دوو هەزار کەس لە نوێنەرانی پارتی و پێشمەرگە و کەسایەتی کۆمەڵایەتی و عەشائیری و تائیفە و کەمایەتییەکانی کوردستان ئامادەبوون. لە کۆیە لە ١٨ی مارتی ١٩٦٣ بۆ ماوەی چوار ڕۆژ کۆنگرە درێژەی کێشا، لە کۆتایی کۆنگرە بڕیار لەسەر پرۆژەیەک درا، کە دواتر بەهۆی وەفدی کورد بەسەرۆکایەتی جەلال تالەبانی و ئەندامێتی مەسعود محەمەد، مستەفا عەزیز، محەمەد سەعید خەفاف، ساڵح یوسفی، ڕەشید عارف، عگید سدیق، هاشم حەسەن ئاکرەیی، حەبیب محەمەد کریم، خرایە بەردەستی حکوومەت.

وەفدی کوردی لە ٣٠ی مارتی ١٩٦٣ گەیشتنە بەغدا، لەگەڵ وەفدێکی حکوومەت کە پێکهاتبوو لە: ساڵح مەهدی عەماش، حازم جەواد، ناجی تاڵیب، عەلی حەیدەر سلێمان و ئەندامانی وەفدی میللی کە پێشووتر ناومان هێنان

دەستیان بە گفتوگۆ کرد. ئەو کۆبوونەوە و گفتوگۆیەی نێوان هەردوولا نەگەیشتە ئەنجامێکی ئەرێنی، بۆیە لە ڕۆژی ٨ی نیسان سەرۆکی وەفدی کورد یادداشتێکی دایە وەفدی حکوومەت و نیازی گەڕانەوەی بۆ کوردستان ڕاگەیاند.

دوای ئەوەی بێ ئومێد بوون لە ئەنجامی دانیشتنەکان، حکوومەت جەلال تاڵەبانی ڕازیکرد بەمەبەستی دۆزینەوەی چارەسەرییەک کە هەردوولا پێی ڕازی بن لەگەڵ وەفدێکی حکوومەت بچن بۆ قاهیرە. دوای دانوستاکانی قاهیرە جەلال تاڵەبانی ڕووی کردە ئەوروپا، وەفدی هاوڕێی بێ ئەوەی ئەنجامێک بە دەست بێنێن گەڕانەوە. لە کاتی گەڕانەوەیان لە بەغدا ڕێگایان پێ نەدرا بگەڕێنەوە کوردستان، بەمەش تا ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە ١٨ی تشرینی دووەمی١٩٦٣ بە دەست بەسەری مانەوە.

بەو هۆیەوە هەردوولا کورد و بەغدا ئامادەکارییەکانیان لە ڕووی سەربازییەوە دەس پێ کردەوە و لە سەرەتای حوزەیرانی ١٩٦٣ بە هێرشی سەربازی حکوومەت شەڕ دەسی پێ کردەوە[٣٥١].

**باسی سێیەم: دانوستان لەگەڵ ڕژێمەکەی عەبدولسەلام عارف**

لە ئاکامی گۆڕانە سیاسییەکان لە عێراق، لە دوای ١٨ی تشرینی دووەمی ١٩٦٣ و بەلادا نەکەوتنی ململانێی چەکداری، عەبدولسەلام عارف لەگەڵ سەرکردایەتی کورد پەنای بردە بەر دانوستان.

١٦ی کانوونی یەکەمی ١٩٦٣ نامەیەک لەلایەن بابا عەلی شێخ مەحموودەوە گەیشتە مستەفا بارزانی، ناوەڕۆکی نامەکە داواکردنی حکوومەتی نوێ بوو لە سەرکردایەتی پارتی بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێکی ئاشتیانە و ڕاگرتنی شەڕ و دەست بکرێتەوە بە گفتوگۆکردن.

بارزانی ڕەزامەندی پیشاندا لەسەر گفتوگۆ کردن و چاوپێکەوتنی نوێنەرانی حکوومەت، لە ٣٠ی کانوونی یەکەمی ١٩٦٣ وەفدێکی حکوومەت

(٣٥١) مسعود بارزاني، البارزاني و الحركة التحررية الكردية، الجزء الثالث، (اربيل، ٢٠٠٢)، ص٨١. د. واحد عومەر محێدین، دانوستانەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد و حکوومەتەکانی عێراق (١٩٢١ – ١٩٦٨)، ل١٢٣.

گەیشتنە ڕانیە، لەگەڵ وەفدەکە شێخ ئەحمەد بارزانی برا گەورەی مەلا مستەفایان کە بە دەست بەسەری لە بەغدا مایووبەوە لەگەڵیاندا بوو.

وەفدی حکوومەت پێکهاتبوون لە: عەبدولڕەزاق سەید مەحموود پارێزگاری سلیمانی، عەمید عەبدولڕەزاق چەلەبی، عەقید سالم فەرماندەی سەربازی ناوچەی سلیمانی، لە بەرانبەردا وەفدی کوردی بریتی بوون لە: نووری شاوەیس، جەلال تاڵەبانی، عەقید عەبدلکافی نەبەوی، مەسعود محەمەد و عەباس ئاغای مامەند.

کۆبوونەوە و گفتوگۆ لەنێوان هەردوولا تا ١٠ی شوباتی ١٩٦٤ درێژەی کێشا و لەسەر زۆربەی خاڵە سەرەکییەکان ڕێککەوتن کرا، تەنیا جیاوازی لەسەر برگەیەک بوو لە دەستووری عێراق، لایەنی حکوومەت سووربوو لەسەر ئەوەی برگەکە بنووسرێت: "**دەوڵەت دان دەنێت بە مافەکانی هاولاتی بوونی کورد**". کەچی لایەنی کورد پێداگربوو لەسەر دەبێت بنووسرێت: "**دەوڵەت دان دەنێت بە مافە نەتەوەییەکانی کورد**". ئەنجام لەسەر شێوەی دووەم بڕیاردرا.

حکوومەت بەیاننامەیەکی دەربارەی ئەو ڕێککەوتنەکە دەرکرد. بەیاننامەکە ئەو خاڵانەی خوارەوەی لە خۆدەگرت:

١. بڕیاردان لەسەر مافە نەتەوەییەکانی برا کوردەکان و جێگیرکردنی لە دەستوری کاتی.
٢. ئازادکردنی زیندانە سیاسییەکان و گێڕانەوەی موڵک وماڵیان.
٣. گێڕانەوەی دامودەزگاکانی حکوومەت بۆ ناوچەکانی باکوور.
٤. گێڕانەوەی فەرمانبەران دوورخراوەکان بۆ سەرکارەکانیان.
٥. دەستکردن بە ئاوەدانکردنەوەی ناوچەکە.
٦. قەرەبوو کردنەوەی ئەو هاولاتیانەی زیانیان پێ گەیشتووە.
٧. هەڵگرتنی ئابلوقەی ئابووری لەسەر ناوچەکە.
٨. دەستەبەرکردنی ئاسایشی و هێمنی ناوچەکە.

لە ٢ی حوزەیرانی ١٩٦٤ تاهیر یەحیا سەرۆک وەزیران بەسەرۆکایەتی وەفدێکی گەورە گەیشتە ڕانیە، لەوێ گفتوگۆ دەستی پێ کردەوە، ئیبراهیم

ئەحمەد سەرۆکایەتی وەفدی کوردی دەکرد، زۆربەی کاتی گفتوگۆکان دەربارەی دەستوری کاتی عێراق بوو، کە لە ٤ی مایسی ١٩٦٤ بڵاوکرابوویەوە، بە بۆچوونی لایەنی کورد ئەو دەستورە دووربوو لە خواستەکانی کورد، دوای چەندین دانیشتن هەدوولا گەیشتنە ڕێککەوتنێک لەسەر هەموار کردنی دەستور بە مەرجێک ڕاشکاوانە ئاماژە بۆ بوونی گەلی کورد و مافەکانی بکات، بەڵام حکوومەتی بەغدا بەڵێنەکانی جێبەجێ نەکرد.

سەرکردایەتی بزووتنەوەی چەکداری کورد، لە ١١ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٤ یادداشتێکی بۆ سەرۆک کۆمار و سەرۆک وەزیران نارد، لە یاداشتەکەدا هاتبوو: پێویست دەکات بە دەقی ئاشکرا دان بە مافەکانی گەلی کورد بنرێت و ئاماژەی بۆ بکرێت. جگە لەوەش لە یادداشتەکەدا چەند خاڵێکی دیکەش ئاماژەیان بۆ کرا، وەک:

١. ساڵێک زیاترە دانوستان درێژەی هەیە و حکوومەت هیچ هەنگاوێکی بەکردەوە دەربارەی خواستەکانی گەلی کورد جێبەجێ نەکردووە.
٢. لە سێبەری ئەو ڕێککەوتنەی نێوان هەردوولا پرۆسەکانی ڕاگواستنی کورد و بە عەرەبکردنی کوردستان درێژەی هەیە.
٣. حکوومەت سیاسەتی پاوانکردنی دەسەڵات و دوورخستنەوەی گەلی کورد پێڕەو دەکات.
٤. بەستنەوەی مافی نەتەوەیی کورد بە هەڵبژاردنی پەرلەمان خۆدزینەوەیە لە چارەسەرکردنی کێشەکان.
٥. پێویستە حکوومەت داخوازی گەلی کورد، کە ئۆتۆنۆمییە لە چوارچێوەی عێراقێکی دەستوری دیموکراسی جێبەجێ بکات.

گفتوگۆ و نامە گۆڕینەوە و هاتنی نوێنەر لەنێوان هەردوولا درێژەی کێشا تا بەهاری ١٩٦٥، بەڵام بێ ئەوەی هیچ ئەنجامێکی ڕاست و بە کەڵکی بۆ کورد تێدا بەدی بکرێت[٣٥٢].

---

(٣٥٢) مسعود بارزاني، البارزاني و الحركة التحررية الكردية، الجزء الثالث، ص١٢٣؛ د. واحد عومەر محێدین، دانوستانەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد ....، ل٢١٤.

پارتی دیموکراتی کورد لە ١٦ی ئابی ١٩٤٦ بە سەرۆکایەتی مستەفا بارزانی لە بەغدا دامەزرا، یەکەم سکرتێری پارتی هەمزە عەبدوللا بوو، ساڵی ١٩٥١ ناکۆکی تێکەوت و هەمزە عەبدوللا باڵی پێشکەوتووی دامەزراند. لە کۆنگرەی سێیەمدا ساڵی ١٩٥٣ ئیبراهیم ئەحمەد بوو بە سکرتێر.

پارتی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ ئەوەی لەسەردەمی عەبدولکەریم قاسم بە فەرمی ڕێگای کارکردنی پێدرا، بەڵام بەهۆی تێکچوونی پەیوەندییەکانی نێوانیان و سووربوونی لەسەر مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد، لە ١١ی ئەیلوولی ١٩٦١ بەرانبەر بە قاسم پەنای بردە بەر خەباتی چەکداری، کە تا ساڵی ١٩٧٥ درێژەی کێشا.

لە ١٠ی شوباتی ١٩٦٤ ڕێککەوتنێک لەنێوان حکوومەتەکەی عەبدولسەلام عارف و سەرکردایەتی شۆڕشی کورد بەسترا، ئەو ڕێککەوتنە لەنێوان سەرکردەکانی پارتی بیروڕای جیاوازی لەسەر دروست بوو، لە ئاکامدا بووە هۆی ناکۆکی و ململانێ لەنێوان بەشێک لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی پارتەکە بەتایبەتی سکرتیری پارتی ئیبراهیم ئەحمەد، لەگەڵ سەرۆکی مستەفا بارزانی. ئەوەش سەری کێشا بۆ کەرتبوونی پارتی. بەوەش بزووتنەوەی چەکداری سیاسی لە باشووری کوردستان بەرەوڕووی گرفتێکی ترسناک هاتەوە، دۆخەکە تا ساڵی ١٩٧٠ درێژەی کێشا.

باڵی مەکتەبی سیاسی بەسەرکردایەتی ئیبراهیم ئەحمەد لە نیسانی ١٩٦٤ کۆنفرانسێکی حیزبیان لە ماوەت گرێدا، کۆنفرانس (٦) ڕۆژی خایاند وەفدێکیان پێکهێنا لە (٦) ئەندامی سەرکردایەتی بۆلای سەرۆکی حیزب مستەفا بارزانی، کە سوور بوو لەسەر لادانی ئیبراهیم ئەحمەد لە سکرتیری حیزب، لە بەرانبەردا کۆنفرانسی ماوەت بڕیاری هەڵپەساردنی سەرۆکیاندا، بەو بڕیارانەش هەر جۆرە هەوڵێکی نێوانیان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان ئەنجامی باش و ئەرێنی نەبوو.

وەک بەشێک لە سەرچاوەکان هۆی سەرەکیی و ئاشکرای ئەو ململانێیە بۆ ئەو ڕێککەوتنە دەگەڕێننەوە، کە لەگەڵ حکوومەت لە ١٠ی

شـوباتی ١٩٦٤ واژۆکـرا بـوو، بەڵام لە ڕاسـتیدا هۆیەکـان کـۆن بـوون و کەڵەکەیـان کردبـوو، لە نـاو پارتیـدا ژمـارەیەک گرفـت هەبـوون دەکرێـت لەم خاڵانەی خوارەوە ئاماژەیان بکەین:

١. جیـــاوازی لە ئاســـتی ڕۆشـــنبیری و پەروەردەی کـــۆمەڵایەتی و ئایـدیۆلۆجی ئەنـدامانی سـەرکردایەتی پـارتی، بـووە بەهـۆی جیـاوازی نێوانیان لە ئاست کێشە و ڕووداوەکان.
٢. جیـــاوازی لە دیـــد و بۆچوونیـــان دەربـــارەی پەیوەنـــدییەکان لەگەڵ حکوومەتی ناوەند.
٣. ململانێ لەسەر سەرکردایەتی و دەسەڵات گرتنە دەست.
٤. ڕۆڵ و دەســـتێوەردانی حکوومەتەکـــانی دەوروبەری کوردســـتان بە تایبەتی ئێران و عێراق.

مەسعود بارزانی لە کتێبی بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگارخوازی کورد بەرگـی سـێیەمیدا ئامـاژە بـۆ ئەوە دەکـات ئیبـراهیم ئەحـمەد لەو مـاوەیەی لە ئێران بوو، بەڵێنی لە شای ئێران وەرگرتبوو بە هەموو شێوەیەک بۆ تێکدانی ڕێککەوتنـی ١٠ی شـوباتی ١٩٦٤ لەنێـوان بـارزانی و حکـوومەتی بەغـدا هاوکاری بکات. بۆیە ئیبراهیم ئەحمەد لە ڕێگای عەقید عیسا پژمان کە سـەر بە هەواڵگری ئێران بوو لە پەیوەندی بەردەوامدا بووە لەگەڵ ڕژێمـی شـای ئێران.

ئەو ململانێـیە لەنێـوان باڵەکـانی پـارتی دیمـوکراتی کوردســـتان ئاراســـتەیەکی ترســـناکی وەرگـــرت و لەلایەن حکوومەتەکـانی بەغـدا بـۆ لاوازکردنـی بـزووتنەوەی کـورد سـوودی لێـوەرگیرا، ئەوەش کاتێـک بـاڵی مەکتەبی سیاسی سـاڵی ١٩٦٦ بەهەمـوو هێـز و توانـایەوە لەسـەردەمی هەر یەک لە عەبدولسەلام عارف، عەبدولڕەحمان عارف و ئەحمەد حەسەن بەکر، بۆ دژایەتیکردنی باڵی بارزانی چوونە تەک حکوومەتەوە[٣٥٣].

(٣٥٣) مسعود بارزانی، البارزاني والحركة التحررية الكردية، جزء الثالث، ص١٣٣؛ محەمەد فاتیح، حیزبی سیاسی و تیۆری ڕێکخستن، (هەولێر، ٢٠٠٩)، ل ١٥٧.

دوای مردنی عەبدولسلام عارف و هاتنە سەرحکومی عەبدولڕەحمانی برای، بە هۆی سەرنەکەوتنی هێرشە سەربازییەکان، جارێکی دیکە بیر لە گفتوگۆ و ڕێککەوتنی ئاشتیانە کرایەوە. بۆ ئەو مەبەستە شاندێک ڕەوانەی کوردستان کرا: کە پێکهاتبوون لە: مەجید عەلی، ئەحمەد کەمال، ئەکرەم جاف و زەید عوسمان، شاندە لە ١٥ی حوزەیرانی ١٩٦٦ چاویان بە چەند سەرکردەیەکی شۆڕش کەوت و پاشان گەڕانەوە بەغدا. بە دوای ئەوان شاندێکی تێکەڵ بە کورد و عەرەب و تورکمان لە ١٨ی حوزەیران هاتن، ئەندامانی ئەو شاندە پێکهاتبوون لە: ئیبراهیم ڕاوی، د. کازم شبر، عەلی حەیدەر سلێمان. ئیحسان شێرزاد. ڕەئووف ئەحمەد، د. محەمەد ساڵح مەحموود، نورەددین واعیز و حەسەن عەبدولڕەحمان.

دوای ئەو سەردانانە شاندێکی کورد کە پێکهاتبوو لە: ساڵح یوسفی، حەبیب محەمەد کەریم، نافیز جەلال[٣٥٤] و عەلی عەبدوڵلا بەرەو بەغدا بەڕێکەوتن، شاندەکە ماوەی سێ ڕۆژ لە بەغدا مانەوە و چاویان بەسەرۆک کۆمار و سەرۆک وەزیران عەبدولڕەحمان بەزاز کەوت. دوای ئەوەی بیروڕای بەپرسە باڵاکانیان گەیاندە سەرۆکی پارتی مستەفا بارزانی، شاندی کوردی لەگەڵ ئەوەی داکۆکی لەسەر ڕێککەوتن و کۆتایی هێنان بەشەڕ دەکرد، بەڵام داوای ئەوەش دەکرد هێزەکانی باڵی مەکتەبی سیاسیی چەک بکرێن.

وەک لە میانەی ڕووداوەکاندا دەردەکەوێت، عەبدولڕەحمان بەزاز لەگەڵ هەردوو باڵەکەی پارتی دیموکراتی کوردستان لە گفتوگۆدا بووە.

---

(٣٥٤) نافیز جەلال، ساڵی ١٩٢١ لە کۆیە لەدایکبووە، ساڵی ١٩٤٣ کۆلێژی سەربازی بەغدای تەواوکردووە، لە چەند یەکیەکی سوپای عێراق کاری کردووە، ساڵی ١٩٦٣ بەپلەی موقەدەم خانەنشین کراوە، پەیوەندی بە شۆڕشی ئەیلوول دەکات، ساڵی (١٩٧٠) بووە بە وەزیر لە حکوومەتی بەغدا، لە تەمووزی ١٩٧٢ بە ڕووداوی ئۆتۆمبێل کۆچی دوایی کردووە. کەریم شارەزا، نافیز جەلال ١٩٢١-١٩٧٢، ئینسکلۆپیدیای هەولێر، بەرگی (١٠)، (لوبنان، ٢٠٠٩)، ل٤٤٨٨-٤٤٨٩.

ئەنجام دوای چەندین کۆبوونوە لەنێوان حکوومەت و سەرکردایەتی شۆڕش لە ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٦٦ بەیاننامەی ڕێککەوتن، کە ڕەزامەندی هەردوولای لەسەر بوو ڕاگەیەنرا.

بەو هۆیەوە لیژنەی باڵا بۆ جێبەجێکردنی ناوەرۆکی بەیاننامەکە پێکهێنرا، لەلایەن حکوومەتەوە لیوا ڕوکن کەمال مستەفا عەلەمدار و عەمید عەبدولمونعم مەسرەف، لەلایەن کوردیشەوە: نافیز جەلال و موحسین دزەیی، ئەندامانی لیژنەکە بوون. لیژنەکە بەچەند کارێک هەڵسا لەوانە: ئازادکردنی زیندان و گیراوە سیاسییەکان و گەڕانەوەیان بۆ سەر کارەکانیان.

شایەنی گوتنە، بەندەکانی بەیاننامەی ١٢٩ی حوزەیران لەبەر بەرهەڵستنی چەند دەستە و تاقمێک لە ئەفسەرانی ناو سوپای عێراق وەک خۆی جێبەجێی نەکران، بەو هۆیەوە عەبدولڕەحمان بەزاز، کە واژۆی لەسەر بەیاننامەکە کرد بوو لە ٥ی ئابی ١٩٦٦ ناچار کرا دەست لەکار بکێشێتەوە. بەمەش دوای ئەو کە ناجی تالیب کابینەی حکوومەتی پێکهێنا بە تەواوی بەرنامەی کاری لە هی بەزاز جیاواز بوو[٣٥٥].

**باسی شەشەم: ڕێککەوتنی ١١ی مارتی ١٩٧٠**

دوای کودەتاکەی تەمووزی ١٩٦٨، زنجیرەیەک شەڕ و پێکدادان لەنێوان هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە سەرکردایەتی مستەفا بارزانی و سوپای عێراق بە پاڵپشتی هێزەکانی باڵی مەکتەبی سیاسی بەردەوام بوون، بەڵام لە ناوەڕاستی ١٩٦٩ بەدواوە حکوومەتی بەعس بۆی دەرکەوت ئەو شەڕ و پێکدادانە لە بەرژەوەندی ئەودا نییە، ڕەنگە ببێتە هۆی تێکدانی ڕژێمەکەیان، بۆیە سەرکردەکانی حیزبی بەعس کەوتنە بیرکردنەوە لە ڕێگایەکی دیکە، ڕێککەوتن لەگەڵ مستەفا بارزانی.

لێرەدا جێ خۆیەتی  بە کورتی ئاماژە بۆ چەند هۆکارێک بکەین، کە حیزبی بەعسی و سەرکردایەتی بارزانی ناچارکرد پەنا بۆ دانوستان ببەن:

---

(٣٥٥) مسعود بارزانی، البارزاني و الحركة التحررية الكردية، الجزء الثالث، ص١٨٣؛ د. واحد عومەر محێدین، دانوستانەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد ...، ل٢٨٠.

١. ململانێی ناوخۆ لەنێوان سەددام حوسێن و سکرتێری حیزب عەبدوڵڵا سەلوم سامەرایی، لەبەر ئەوەی سەددام دەیەویست پێگەی خۆی بەهێز بکات.
٢. ئاشکرابوونی کودەتای عەبدولغەنی ڕاوی بەهاوکاری ئێران، دژی ڕژێمەکەی حیزبی بەعس.
٣. ململانێی نێوان باڵی مەکتەبی سیاسی لەگەڵ سەرکردایەتی مستەفا بارزانی.
٤. ڕاگەیاندنی ڕازی بوونی حیزبی بەعس بە ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان، ڕێگای گرت لەبەردەم سەرکردایەتی پارتی و مستەفا بارزانی بۆ هەر هەڵوێستێکی دیکە.
٥. ڕۆڵی یەکێتیی سۆڤییەت بۆ نزیکبوونەوەی هەردوولا.
٦. ململانێی توندی نێوان ئێران و عێراق و تێکچوونی پەیوەندییەکانیان لەو قۆناغە.
٧. سەرقاڵ بوونی حیزبی بەعس بە کێشەی فەڵەستین و دژایەتی ئیسرائیل بوو، ڕەوانە کردنی هێزێکی گەورە وڵاتی ئوردن.

لە ٢٤ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٩ عەزیز شەریف لەسەر ڕاسپاردەی ئەحمەد حەسەن بەکر بەنهێنی خۆی گەیاندە بارەگای سەرکردایەتی پارتی و داوای گفتوگۆ و شەڕ وەستانی کرد. سەرکردایەتی پارتیش لە ٢٤ی کانوونی یەکەمی ١٩٦٩ وەڵامێکی ئەرێنی دایەوە. ئەنجام ئەندامێکی سەرکردایەتی حیزبی بەعس لە عێراق لەگەڵ هەر یەک لە عەزیز شەریف و فوئاد عارف گەیشتنە بارەگای سەرکردایەتی پارتی و چاویان بە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی کەوت و بیروڕایان ئاڵوگۆڕ کرد.

لە گەڕانەوەی ئەو وەفدە بۆ بەغدا، دارا تۆفیق ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارتی وەک نوێنەرێکی بارزانی بووە هاوڕێیان. دارا تۆفیق لە بەغدا چاوی کەوت بە ژمارەیەکی زۆری بەرپرسە باڵاکانی حیزب و حکوومەت و لەگەڵ سەرۆک کۆمار و سەددام حوسێن و بەشێکی دیکەی ئەندامانی سەرکردایەتی کۆبووە، لەو ڕێگایەوە بیروباوەڕ و بۆچوونیانی گەیاندە

بارزانی و سەرکردایەتی پارتی و وای دەربڕی، بەعس مەبەستیان ڕێککەوتنە.

کۆتایی کانوونی یەکەمی ١٩٦٩ وەفدێکی فەرمی گەورەی حیزبی بەعس و حکوومەت گەیشتنە بارەگای سەرکردایەتی شۆڕش، لەلایەن مەکتەبی سیاسی پێشوازی کران، نامەیەکی سەرۆک کۆماریشیان هێنابوو. لە کۆبوونەوەی هەردوولا بابەتەکانی ئوتۆنۆمی و چەککردنی هێزەکانی باڵی مەکتەبی سیاسی و شەڕ ڕاگرتن خرایە بەرباس و گفتوگۆ.

٧ی کانوونی دووەمی ١٩٧٠ وەفدێکی پارتی دیموکراتی کوردستان گەیشتنە بەغدا، وەفدەکە پڕۆژەیەکی بۆ ڕێککەوتن لەگەڵ حکوومەت بەدەستەوە بوو، خرایە بەردەم بەرپرسانی حکوومەت و حیزبی بەعس.

١٢ی کانوونی دووەمی١٩٧٠ سەددام حوسێن گەیشتە ڕەواندز و لەلایەن حەبیب محەمەد کەریم سکرتێری پارتی لە بارەگای مەکتەبی سیاسی پێشوازی لێکرا، سەددام دەری بڕی کە ئەو بۆ ڕێککەوتن هاتووە نەوەک بۆ ئاگربڕ، پاشان سەددام داوای کرد چاوی بە بارزانی بکەوێت، ئەنجام لەگەڵ بارزانی بۆ ماوەی سێ کاتژمێر بەتەنیا کۆبووە. بارزانی دوای کۆبوونەوەکە ئاشکرای کرد، کە سەددام داوای لێکردوە هاوکاری بکات بۆ ئەوەی پێگەی لەناو سەرکردایەتی حیزبی بەعس بەهێزبێت تا بتوانێت چارەسەری کێشەی کورد لە سەر بنچینەی ئۆتۆنۆمی بکات، لە بەرانبەر ئەوەدا بەڵێنیداوە بە بارزانی هێزەکانی باڵەکەی مەکتەبی سیاسی چەک بکات.

وەک باس دەکرێت باڵیۆزی یەکێتیی سۆڤییەت لە بەغدا چاودێری گفتوگۆکانی کردووە، پەیوەندی بە ئەندامانی وەفدی هەردوولا هەبووە، لەوەشدا مەبەستی سەرخستنی دانوستانەکان بووە. کەچی محەمەد ڕەزا شای ئێران، بە گەرمی دژایەتی کردووە و داوای لە بارزانی کردووە هاوکاری سەربازی زۆرتری پێشکەش دەکات بە مەرجی ئەوەی لەگەڵ بەعس ڕێک نەکەوێت، بەڵام بارزانی بە گوێ نەکردووە.

٢٨ی کانوونی دووەمی ١٩٧٠ وەفدێکی دیکەی حکوومەت بەسەرۆکایەتی حەردان تکریتی و ئەندامێتی: عەبدولخالق سەمەرایی، عەبدوڵلا سەلوم سامەرایی، سەعدوون غێدان، مورتەزا حەدیسی، سەمیر

نەجیم، عەمید ڕوکن ئیسماعیل تایە نعیمی، عەمید ڕوکن محەمەد عەلی سەعید و عەبدولفەتاح زەڵت دێنە کوردستان. لە کۆبوونەوەکەدا، سەرۆکی پارتی ئامادە دەبێت، لە کاتی گفتوگۆی نێوان هەردوولا کاتی گفتوگۆ لەسەر کێشەی کەرکووک دەکرێت. عەبدوڵڵا سەلوم سامەرانی دەڵێت: من دەڵێم کەرکووک شارێکی کوردستانی نییە، کێ پێچەوانەی ئەوە دەسەلمێنێت؟ بارزانی بە تووڕەییەوە وەڵامی دایەوە و وتی: منیش دەڵێم کەرکووک شارێکی کوردستانە، ئاگادارت دەکەمەوە، بڵێی وانییە، بەڵکو بڵێ ئێمە داگیرمان کردووە، ئەگەر یەک کورد لە کەرکووک بێت ئەوا ئەو شارە شارێکی کوردستانە، باشیش تێ بگە ئێمە دەس لە کەرکووک هەڵناگرین. ئەنجام گفتوگۆکان گرژی تێ دەکەوێت نزیکەی دوو کاتژمێر دەوەستێت، پاشان دووبارە دەست پێ دەکاتەوە.

٣ی شوباتی ١٩٧٠ شاندێکی باڵی بارزانی، کە پێکهاتبوون لە: مەحموود عوسمان، ئیدریس بارزانی، نووری شاوەیس، محەمەد مەحموود عەبدولڕەحمان، نافیز جەلال، موحسین دزەیی و دارا تۆفیق دەچنە بەغدا. ٨ی شوبات بێ ئەوەی دەستکەوتێکیان هەبێت دەگەڕێنەوە. بەم شێوەیە گفتوگۆکان لە مانگی شوبات دەوەستێت.

سەرەتای مارتی ١٩٧٠ خالید عەبدولحەلیم پارێزگاری هەولێر ئاشکرای دەکات گفتوگۆکان دەست پێ دەکاتەوە و لەو ڕۆژانە سەددام حوسێن سەردانی کوردستان دەکات. ئەنجام لە ٩ی مارت شاندنی حکوومەت دەگات و لە ١٠ی مارت لەگەڵ بارزانی کۆدەبنەوە، شەوی ١٠/ ١١ی مارتی ١٩٧٠ بەیاننامەی ڕێککەوتن لە نێوان هەردوولای واژۆ دەکرێت. شاندنی حکوومەت لەو سەردانەدا جگە لە سەددام حوسێن هەر یەک لە: عەبدولخالق سامەرائی، ساڵح مەهدی عەماش، مورتەزا حەدیسی، تاریق عەزیز، ئیسماعیل تایە نعیمی، محەمەد عەلی سەعید، فوئاد عارف و عەزیز شەریف پێکهاتبوون، لە بەرانبەریشدا جگە لە بارزانی، حەبیب محەمەد کەریم، مەحموود عوسمان،

سالّح یوسفی، نافیز جەلال، دارا تۆفیق و مەسعود بارزانی بەشداری دانیشتنەکان بوون[٣٥٦].

**باسی حەفتەم: ڕێککەوتننامەی جەزائیر ٦ی مارتی ١٩٧٥**

دوای تێپەڕبوونی چوار ساڵ بەسەر ڕێککەوتننامە ١١ی مارتی ١٩٧٠، بەهۆی نەگەیشتن بەڕێککەوتنی کۆتایی و مانەوەی کێشەی کەرکووک وەک خۆی، لە بەهاری ١٩٧٤ زەنگی شەڕ لەلایەن حکوومەتی بەعس بەرانبەر کورد لێدرایەوە. حکوومەت بەبێ ڕەزامەندی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان پڕۆژەیەکی بە ناوی یاسای ئۆتونومی بۆ ناوچەی کوردستان یەک لایەنە خستە بواری جێبەجێکردنەوە. ئەنجام ڕووبەڕوو بوونەوە دەستی پێ کردەوە.

هاوینی ١٩٧٤ لەگەڵ گەرمەی شەڕەکان، چەند زانیارییەک گەیشتنە سەرکردایەتی شۆڕش دەربارەی ئەوەی هەوڵی گفتوگۆی نهێنی لەنێوان ڕژێمی عێراق و ڕژێمی محەمەد ڕەزا شای ئێران هەن و ڕەنگە بکەونە ڕێککەوتن. لەلای خۆیەوە سەرکردایەتی شۆڕشی کورد هەوڵیدا لە ڕاستی هەوڵەکان بگات، بۆیە نامەیەکی بۆ حکوومەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا نارد، داوای لێکردن بەڵێنەکانیان بەجێ بهێنن. لە وەڵامدا حکوومەتی ئەمریکا بە دووری زانی کە هەر جۆرە نزیکبوونەوە یاخود پلانێکی سیاسی هەبێت و ببێتە هۆی زیان گەیاندن بە خەباتی گەلی کورد. دواتر لایەنی ئەمریکی ئەو زانیاری و هەواڵانەیان گەیاندە حکوومەتی شای ئێران، شا بۆ دڵنەوایی نامەیەکەی بۆ مستەفا بارزانی نارد.

شوباتی ١٩٧٥، سامی عەبدولڕەحمان[٣٥٧] ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی بەرەو قاهیرە بەڕێکەوت، نامەیەکی مستەفا بارزانی بۆ ئەنوەر سادات

---

(٣٥٦) مسعود بارزاني، البارزاني و الحركة التحررية الكردية، الجزء الثالث، ٢٢٥؛ فەرەیدوون عەبدولڕەحیم عەبدوللا، بارودۆخی سیاسیی کوردستانی عێراق ١١ی مارتی ١٩٧٠ – ١١ی مارتی ١٩٧٤، چاپی یەکەم، (هەولێر، ٢٠٠٦)، ل ٣٩-٤٩.

سەرۆکی میسری پێی بوو، لە نامەکەدا داوا کرابوو میسر کار بکات بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێک بۆ کێشەی کورد لە عێراقدا، ئەوەش لە کاتێکدا مستەفا بارزانی چەند زانیارییەکی بۆ شا حوسێن پاشای ئوردن لەبارەی بارودۆخەکە ناردبوو.

ڕاستییەکەی، ئەو لایەنانە هەموویان بەشداربوون لەو پرۆسەیە، واتە کۆکردنەوەی سەددام حوسێن لەگەڵ شای ئێران لە کاتی بەستنی کۆنگرەی ئوپک لە جەزائیر.

شایەنی گوتنە، عێراق بە تایبەتی سەددام حوسێن جێگری سەرۆک کۆمار، بە هۆی شکستی سەربازی بەرانبەر بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان، دەبوو بیر لە ڕێککەوتن لەگەڵ ئێران بکاتەوە. هەوڵەکان بەنهێنی لە ڕێگای نوێنەرانی میسر و جەزائیر بەردەوام بوون.

نوێنەری حککومەتی میسر ئەشرەف مەروان سەردانی بەغدا و تاران کرد و بیروڕای هەردوولای وەرگرتن، محەمەد ڕەزا شا ئامادەیی خۆی پیشاندا بە مەرجی ئەوەی عێراق دژایەتی ئێران نەکات و پشتیوانی سوریا نەکات، هەروەها لە دژی ڕێککەوتنی میسری ئیسرائیلی نەبێت.

لە لایەکی دیکەوە باڵیۆزی جەزائیر لە شاری بەیروت پاڵپشتی سەرۆکی جەزائیر هەواری بومدیەنی گەیاندە سەددام حوسێن، ئەنجام بومدیەن بەگەرمی ئامادەیی خۆی پیشاندا، کە ڕۆڵی ناوبژیکەر لەنێوان عێراق و ئێراندا ببینێت. لەو سۆنگەیەوە عەبدولعەزیز بوتەفلیقە وەزیری دەرەوەی جەزائیر سەردانی تارانی کرد و چاوی بە عەباس خەلعەتبەری وەزیری

---

(٣٥٧) سامی عەبدولڕەحمان، محەمەد مەحموود عەبدولڕەحمان ناسراو بە سامی عەبدولڕەحمان ساڵی ١٩٣٢ لەدایکبووە، سەرەتای ژیانی سیاسی پەیوەندی بە حیزبی شیوعیی عێراقی کردووە. ساڵی ١٩٦٦ لە کۆنگرەی شەشەمی پارتی دیموکراتی کوردستان بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردراوە. دوای نسکۆی شۆڕشی کورد لە ١٩٧٥ بەشداری لە دامەزراندنی (سەرکردایەتی کاتی) پارتی کردووە. ساڵی ١٩٨١ پارتی گەلی دیموکراتی کوردستانی دامەزراندووە. ساڵی ١٩٩٣ گەڕاوەتەوە ناو پارتی دیموکراتی کوردستان. لە ١ی شوباتی ٢٠٠٤ لە کردەوەیەکی تیرۆرستی لە هەولێر شەهید بووە. د. حسن لطيف الزبيدي، موسوعة الاحزاب العراقية، ص ٣٦٥.

دەرەوەی ئێران کەوت، ئیدی ئامادەسازی بۆ یەکتربینی سەددام حوسێن و محەمەد ڕەزا شا کرا.

٦ی مارتی ١٩٧٥ لە پەراوێزی کۆنگرەی ئۆپک سەددام حوسێن و محەمەد ڕەزا شا ڕێککەوتننامەی جەزائیریان واژۆ کرد، محەمەد ڕەزا شا بەڵێنیدا سنوورەکان لە کوردەکان دابخات و پاڵپشتیان نەکات، لە بەرانبەردا عێراق ڕازی بوو ددان بە مافی ئێران لە کەنداوی فارسی بنێت.

دوای ئەوەی هەواڵی ڕێککەوتننامەی جەزائیر بە سەرکردایەتی کورد گەیشت، مستەفا بارزانی بە یاوەری موحسین دزەیی و مەحموود عوسمان چوونە تاران، لە دیدارێکدا جەنەراڵ مەنسوور پور یاریدەدەری جەنەراڵ نەسیری بەرپرسی دەزگای هەواڵگری ساواک سەرسوڕمانی و بێ ئاگایی لە ئەنجامدانی ڕێککەوتنەکە ڕادەگەیەنێت.

بارزانی لە تارانەوە داوای کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی بۆ دوا بڕیار دەکات، بەو هۆیەوە ٧ی مارتی ١٩٧٥ کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان کۆدەبێتەوە. لە کۆبوونەوەکەدا بڕیاری درێژەدان بە شۆڕش بە شێوەی پارتیزانی دەدرێت.

بارزانی دوای گەڕانەوەی شا بۆ تاران لە ١١ی مارت چاوی پێدەکەوێت، شا باسی ڕێککەوتنەکە و خودی سەددام حوسێنی بۆ دەکات و سێ ڕێگا دەخاتە بەردەمی:

١. خۆ بەدەسەوەدان بە عێراق لەو ماوەیەی لێبووردن دیاریکراوە.

٢. پەنابردن بۆ ئێران.

٣. درێژەدان بە شەڕ.

وەلێ لە هەموو بارەکاندا ئێران سنوورەکانی دادەخات و ڕێگای هاتووچۆ و هاوکاری بە هیچ شێوەیەک نامێنێت.

بارزانی دوای گەڕانەوەی لە تاران لەگەڵ سەرکردایەتی سیاسی و عەسکەری تاوتوێ بارودۆخەکە دەکەن و بە بروسکە داوای دانوستان لە بەعس دەکەن، لە بەرانبەردا بەعس داوای خۆ بەدەستدانەوەیان دەکات. ئەنجام لە ١٨ی مارت بارزانی لە کۆبوونەوەیەکی فراوانی سەرکردایەتیدا

ئاگاداری ئامادەبووان دەکاتەوە، بڕیاری کۆتایی هێنان بە شۆڕشی داوە و دەکشێنەوە بەرەو ئێران. موحسین دزەیی لە یادداشتەکانی خۆیدا نووسیویەتی: دوای ڕێککەوتن لەسەر بەیانی ١١ی مارت بارزانی بیروبۆچوونی خۆی دەربارەی ڕێککەوتنەکە خستەروو، دوژمن لە ماوەی ڕابردوو بە توندی هێرشی کردە سەرمان، بە فڕۆکە و تۆپ و چەکی قورس، ئێمە شێوەی هێرشەکانی ئەومان لەبەرچاو بوو، بەپێی توانا ڕووبەڕووی دەبووینەوە، بەڵام دوای ڕێککەوتنی ١١ی مارت، دوژمن بەردەوام بوو لە دژایەتیمان، شێوەی دژایەتییەکەی گۆڕی بۆیە بە ئاسانی ناتوانین بەرەو ڕووی ببینەوە[٣٥٨].

**باسی هەشتەم: هەڵسوکەوتەکانی حکوومەتی بەعس بەرانبەر کورد دوای ساڵی ١٩٧٥**

لە ماوەی نێوان ڕێککەوتننامە ١١ی مارتی ١٩٧٠ تا ڕێککەوتننامەی جەزائیر لە ٦ی مارتی ئازاری ١٩٧٥، حیزبی بەعسی دەسەڵاتدار لە عێراق بە هەموو ئاراستەیەک و بەپێی پلانێکی ناوەندی لەپێناو یەک ئامانج کاری دەکرد، ئەویش پوچەڵکردنی ناوەڕۆکی بەیاننامەی ١١ی مارت و کۆتایی هێنان یان بنبڕکردنی خەباتی شۆڕشگێرانەی گەلی کورد بوو. ڕێککەوتننامەی ١١ی مارتی ١٩٧٠ دەرفەت بوو بۆ حیزبی بەعس و خودی سەددام حوسێن، لەبەر ئەوەی کاتێکی باشی بەدەستەوە بوو بۆ جێبەجێکردنی ئامانجەکانی.

حیزبی بەعس بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی لەو ماوەیەدا چەند هەنگاوێکی گرتەبەر:

١. کارکردن بۆ باشکردنی پێگە و ناوبانگی حیزبی بەعس لەناو عێراق و لەبەردەم جەماوەری عەرەب و لەسەر ئاستی جیهانی سێیەم، ئەویش لە ڕێگای چەند کار و بڕیارێک، وەک: دەرکردنی یاسای چاککردنی کشتوکاڵ، دانوستان لەگەڵ کۆمپانیا بیانیەکانی نەوت و خۆماڵیکردنی

(٣٥٨) جیراد جالیاند، شعب بلا وطن الکرد وکردستان، ترجمة: عبدالسلام النقشبندي، الطبعة الاولی، (اربیل، ٢٠١٢)، ص ٢٦٣؛ محسن دزەیی، احداث عاصرتها، ص٢٩٠.

نەوت، دارشتی پلانێکی فرەوان بۆ گەشەپێدانی ئابووری لە عێراق بەسوود وەرگرتن لە داهاتی نەوت.

٢. چاککردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ یەکێتیی سۆڤییەت و وڵاتانی سۆسیالیست بۆ بەدەستهێنانی پشتگیری و بێ دەنگی لەهەر ململانێ و ناکۆکییەک لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد.

٣. کارکردن بۆ بەستنی هاوپەیمانییەک و نزیکبوونە لەگەڵ حیزبی شیوعیی عێراقی لەهەمان کاتدا کارکردن بۆ تێکدانی پەیوەندییەکانی نێوان حیزبی شیوعی و پارتی دیموکراتی کوردستان.

٤. دارشتنی پیلانی تیرۆرکردنی سەرکردەکانی پارتی، لەوانە هەوڵی کوشتنی مستەفا بارزانی درا لە ئەیلوولی ١٩٧١.

دوای هەرەسی شۆڕش و کۆتایی هاتن بەخەباتی چەکداری، حیزبی بەعسی فەرمانڕەوا بەپێی بەرنامەیەکی دارێژراو، هەستا بە ئەنجامدانی چەندین کار و کردەوەی دژ بە مافەکانی مرۆڤ و دژ بەیاسا و ڕێککەوتنەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان دژ بە بوونی گەلی کورد و خاکی کوردستان، بەرنامەکەی حیزبی بەعس سێ کۆڵەکەی هەبوو، ئەوانیش: دەرکردن، بە عەرەبکردن، بە بەعسیکردن. دەسەڵاتی حیزبی بەعس و هەموو تواناکانی دەوڵەتیان بۆی بەکاردەهێنا کاریان بۆ ئەو بەرنامەیە دەکرد، بەتایبەتیش لەو ناوچانەی جێگای ناکۆکی بوون، وەک پارێزگای کەرکووک و قەزای خانەقین و شەنگال و زومار و ناوچەکانی دیکەی کوردستان.

دوای ڕووخاندنی ڕژێمی سەددام حوسێن، برێکی گەورەی بەڵگەنامە کەوتە ژێر دەست و لەسەر ئاستی ناوخۆ و جیهانی بڵاوکراوەنەوە، ئەنجام هەموو لایەک لە ڕاستی ڕووداوەکان تێگەیشتن[٣٥٩].

---

(٣٥٩) د. مكرم الطالباني، مراحل تطور الحركة القومية الكردية، المجلد الاول، (السلمانية، ٢٠٠٩)، ص ٣٥٩؛ د. كاظم حبيب، لمحات من عراق القرن العشرين، الجزء الثامن، ص ٢٣٣؛ عبدالباسط سيدا، حول خلفية وطبيعة موقف حزب البعث من المسألة الكردية،

دوای ڕاگەیاندنی ڕێککەوتنی جەزائیر لە ٦ی مارتی ١٩٧٥، بڕیاری ئەوە درا هەموو کەسێک ئازادە لەوەی دەگەڕێتەوە بۆ عێراق، یاخود لە ئێران دەمێنێتەوە، یان هەر بڕیارێکی دیکە دەدات. لەو بارودۆخەدا جۆرێک لە بێ ئومێدی باڵی کێشا بەسەر جەماوەر و پێشمەرگە و ئەندمانی پارتی دیموکراتی کوردستاندا. ئەنجام بەشێک گەڕانەوەی عێراق و بەشەکەی دیکەش بەرەو ئێران ڕێگایان گرتەبەر. لەو هەلومەرجەدا دەکرێت هەڵویستەکان بە چەند جۆرێک پۆلین بکرێن.

١. ئەوانی لەگەڵ بارزانی و سەرکردایەتی پارتی چوونە ئێران، ئەوانە بڕیاریاندا بە هەموو شێوەیەک لەگەڵ ڕێبازی بارزانی بن، ئەوان لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٥ سەرکردایەتی کاتی پارتی دیموکراتی کوردستانیان دامەزران. دەستەی دامەزرێنەر بریتی بوون لە: ئیدریس بارزانی، مەسعود بارزانی، سامی عەبدولڕەحمان، جەوهەر نامیق، عارف تەیفور، کەریم سنجاری، محەمەد ڕەزا، ئازاد خەفاف، ئازاد بەرواری، غازی زێباری، وریا سەعاتی، فازڵ میرانی و عەبدولڕحمان بێداوی.. ئەوانە دەستیان کرد بە ڕێکخستنەوەی کاری سیاسی و دامەزراندنی مەفرەزەی چەکداری، لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٧٦ چەکدارەکانیان گەڕانەوە خاکی باشووری کوردستان و دەستیان بە چالاکی کردەوە.

٢. لەناو ئەوانەی چوونە ئێران، کۆمەڵێکیان ڕێکخراوێکی جیاوازیان بەناوی لیژنەی ئامادەکاری- پارتی دیموکراتی کوردستان پێکهێنا. سەرکردەکانیان بریتی بوون لە: مەحموود عوسمان، قادر جەباری، عەدنان موفتی، مولازم فوئاد ... هتد.

٣. ئەوانی گەڕانەوە عێراق، بەشێکیان بە نهێنی کەوتنە چالاکی سیاسی، ئەنجام ڕێکخراوێکییان بە ناوی: بزووتنەوەی سۆسیالیستی دیموکراتی

---

حوار التمدن، العدد (١١٦٥)، ٢٠٠٥ (https://www.ahewar.org/debat/show.art.asp?aid=35327).

کوردستان دامەزراند، سەرکردەکانیان بریتی بوون لە: ساڵح یوسفی، عەلی عەسکەری، عومەر دەبابە، عەلی هەژار، تاهیر عەلی والی و ڕەسوڵ مامند.

٤. کۆمەڵێکی دیکە کە گەڕانەوە عێراق، زووتر خۆیان ڕێکخستبوو، ساڵی ١٩٧٠ کۆمەڵەی مارکسی – لینینی دامەزراند بوو، سەرکردەکانیان: شەهاب شێخ نووری، فەرەیدوون عەبدولقادر، سالار عەزیز، شاسوار جەلال و ژمارەیەکی دیکە بوون.

٥. لەو بارودۆخەدا، جەلال تاڵەبانی لە وڵاتی سوریا دەکەوێتە چالاکی و پەیوەندیکرن، ئەنجام لە ١ی حوزەیرانی ١٩٧٥ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ڕادەگەیەنن، دەستەی دامەزرێنەر بریتی بوون لە: جەلال تالەبانی، فوئاد مەعسوم، نەوشیروان مستەفا، عادل موراد، عومەر شێخموس، کەمال فوئاد، عەبدولڕەزاق فەیلی.

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دواتر گۆڕانکاری بەسەر داهاتوو، سەرکردایەتەییەکەی بەسەر سێ باڵ دابەشبوون، ئەوانیش کۆمەڵەی مارکسی-لینینی، بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان و هێڵی گشتی.

یەکێتی بەفەرمی لە ١ی حوزەیرانی ١٩٧٦ خەباتی چەکداری ڕاگەیاندن و مەفرەزە سەرەتاییەکانی گەڕانەوە کوردستان لە ناوچە جیاجیاکان بڵاوبوونەوە(٣٦٠).

**باسی دەیەم: چەند سەرەقەڵەمێک لەبارەی گرینگترین ڕووداوەکان لە باشووری کوردستان (١٩٧٦-١٩٩٣)**

لە نیوەی یەکەمی ساڵی ١٩٧٦دا شەڕی پارتیزانی لە کوردستان دەستی پێ کرد، بەلای حکوومەتی بەعس لە بەغدا حاڵەتێکی چاوەڕوان نەکراوبوو.

---

(٣٦٠) نجم سەنگاوی، خەباتی چەکداری و ڕامیاری نەتەوایەتی کورد ١٨٨٠ – ١٩٩٤، (کەرکووک، ٢٠٠٤)، ل ٢٣٦؛ سەوەر عەبدولڕەحمان عومەر، مێژووی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، چاپی دووەم (هەولێر، ٢٠١١)، ل ١١٣؛ د. ئەحمەد حەمەدئەمین، بارودۆخی سیاسیی باشووری کوردستان لە ماوەی دانوستانەکانی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و ڕژێمی بەعسدا ١٩٨٣ – ١٩٨٥، (هەولێر، ٢٠٢١)، ل ٧ بەدواوە.

بەهۆی ناکۆکی سیاسی نێوان هەردوو هێزی سەرەکی یەکێتی و پارتی ململانێی توند لەنێوانیان ڕوویدا و ژمارەیەکی زۆری پێشمەرگەی هەردوولا بوونە قوربانی، کوردستانیش تاڕادەیەک بەسەر دوو بەرەدا دابەش بوو.

لە هاوینی ١٩٧٨ هێزێکی گەورەی یەکێتی بەنیازی هێنانی چەک و پێداویستی جەنگ بەرەو سوریا بەڕێکەوتن. لە ناوچەی هەکاری لە باکووری کوردستان لەگەڵ هێزەکانی پارتی بوو بە شەڕیان و ژمارەیەکی بەرچاو لە سەرکردەکانی یەکێتی شەهید بوون.

بەهاری ١٩٧٩ بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان، بڕیاریدا لە ڕیزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان جیابێتەوە، ئەنجام لەگەڵ لێژنەی ئامادەکاری پارتی یەکیان گرت و حیزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستانیان دامەزراند.

لە ١٢ی تشرینی دووەمی ١٩٨٠ بەرەی (جەوقەد) لە سوریا دامەرزا، لایەنە بەشداربووەکانی بەرەکە پێکهاتبوون لە: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، حیزبی سۆسیالیستی کوردستان، پارتی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی-باڵی چەپ، حیزبی شیوعیی عێراق، بزووتنەوەی سۆسیالیستی عەرەبی، ڕێکخراوی سوپای ڕزگاریخوازی عێراق.

لە ٢٨ی تشرینی دووەمی ١٩٨٠ بەرەی (جود) دامەزرا، لایەنە بەشداربووەکان بریتی بوون لە: پارتی دیموکراتی کوردستان، حیزبی شیوعی عێراقی، حیزبی سۆسیالستی کوردستان.

ساڵانی (١٩٨١-١٩٨٢) جارێکی دیکە شەڕی ناوخۆ لەنێوان لایەنە کوردستانییەکانی سەری هەڵدایەوە لە ناو هەردوو بەرەی (جەوقەد و جود) ژمارەیەکی گەورەی پێشمەرگەی هەردوولا بوونە قوربانی.

١٣ی تشرینی یەکەمی ١٩٨٣ بە ڕەسمی دانوستان لەنێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و حکوومەتی بەغدا دەستی پێ کرد، درێژەی کێشا تا ئەوەی لە ١٥ی کانوونی دووەمی ١٩٨٥ بە ڕەسمی یەکێتی کۆتایی بە دانوستانەکان هێنا.

لە کۆتاییەکانی ١٩٧٨ و سەرەتاکانی ١٩٨٨ پرۆسە بەدناوی ئەنفال دەستی پێ کرد، هێزەکانی ڕژێمی عێراق نزیکەی (٤) هەزار گوندی

کوردستانیان وێرانکرد و نزیکەی (١٥٠) هەزار کەسیش لە پیاو و ژن و منداڵ لە ناوچە بیابانەکانی ڕۆژئاوا و باشووری عێراق زیندە بەچاڵ کران.

١٦ی مارتی ١٩٨٨ شاری هەڵەبجە لەلایەن ڕژێمی بەغدا کیمیاباران کرا و نزیکەی (٥) هەزار کەس لە دانیشتوانی شارەکە شەهید بوون.

حوزەیرانی ١٩٨٨ بەرەی کوردستانی لەنێوان حیزبە کوردستانییەکان دامەزرا.

شوباتی ١٩٩١، دوای شکانی سوپای عێراق لە کوەیت بەهۆی هێرشی هاوپەیمانان، لە سەرانسەری عێراق ڕاپەڕینی جەماوەری دژی ڕژێمەکەی بەعس بەرپابوو، لە باشوور و ناوەڕاستی عێراق، جەماوەری دەستی گرت بەسەر زۆربەی پارێزگاکان، لە کوردستانیش هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە پاڵپشتی جەماوەر پارێزگاکانی سلێمانی، هەولێر، دهۆک و کەرکووک-یان ڕزگارکرد.

نیسانی ١٩٩١ بەهۆی هێرشی سوپای عێراق بۆ کوردستان، کۆڕەوی ملیۆنی ڕوویدا، بەهۆیەوە دەوڵەتە گەورەکان، کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان چەند بڕیارێکیان بۆ بەرژەوەندی گەلی کورد دەرکرد و ناوچەی دژە فڕین لەنێوان هێڵی ٣٤-٣٦ دیاری کرا.

حوزەیرانی ١٩٩١ گفتوگۆ لەنێوان بەرەی کوردستانی و حکوومەتی بەغدا دەستی پێ کرد، بەڵام هیچ ئەنجامێکی نەبوو.

سەرەتای ١٩٩٣ حکوومەت لە ناوچەکانی کوردستان جگە لە ناوچە کێشە لەسەرەکان کشایەوە،

مایسی ١٩٩٣ هەڵبژاردنی گشتی ئەنجامدرا و پەرلەمانی کوردستان هەڵبژێردرا و حکوومەت هەرێمی کوردستان پێکهێنرا و پاشان سیستمی فیدراڵی بڕیاری لە بارەوە درا.

# بەشی پێنجەم
# هەڵسەنگاندنی کۆتایی

## تەوەری یەکەم: هەڵسەنگاندنی ڕۆڵی ئەنجوومەنی وەزیران
## (١٩٢١ – ٢٠٠٣)

بەشێوەیەکی گشتی ئەو ڕێکار و شێوازەی کاری پێکراوە بۆ پێکهێنانی وەزارەتەکـان لە عێراقـدا، ئەوە ئاشـکرا دەکەن گۆڕانکـارییە سیاسـییە زۆر و خێراکان کاریگەرییان بەسـەردا هەبووە، ئەو دیاردە و ڕووداوانەی مێژووی عێـراق لە هەمـوو سـەردەمەکان کـاریگەری و مـۆرکی خۆیـانی بەسـەردا سـەپاندووە، ئەو ڕاسـتییەش لە ژمـارەی وەزارەتەکـان و جۆری پێکهێنانیـان دەردەکەوێت.

لەسەردەمی ڕژێمی پاشایەتی ساڵی ١٩٢٠ تا ئەوەی لە ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ کۆتـایی بە ڕژێمـی پاشـایەتی هـاتووە، سـەرەڕای گۆڕانکـاری لەنـاو خودی یەک کابینەدا، (٥٩) کابینەی وزاری پێکهێنراوە. بەمەش (٥٩) وەزارەت لە ماوەی (٣٨) ساڵدا، ئەوە دەگەیەنێت، هەر وەزارەتێک تێکڕای تەمەنی (٣٣) هەفتە زیاتر نەبووە. درێژترین تەمەنی وەزارەتەکان وەزارەتی ژمارەی (٤٦) بوو، کە نووری سەعید سەرۆکایەتی دەکرد و نزیکەی دوو سـاڵ مـایەوە. لە بەرانـبەردا کـورترین وەزارەت وەزارەتەکەی جەمیـل مەدفەعـی ژمـارە (٢١) بوو، کە تەمەنی تەنیا دوو هەفتە بوو.

سـەردەمی کۆمـاری وەزارەتەکـان بە تەمەنتربـوون، لە مـاوەی (٤٥) ساڵدا، لە تەمووزی ١٩٥٨ تا ڕووخانی ڕژێمەکەی سەددام حوسێن لە نیسانی ٢٠٠٣، تەنهـا (١٨) کـابینەی وەزارەت پێکهێنـراوە، واتـا تێکـڕای تەمەنـی هەر کابینەیەک دووساڵ و نیو بووە، ئەنجام دەتوانرێت بوترێت تێکڕای تەمەنی هەر کـابینەیەکی وزاری لەسـەردەمی کۆمـاری چـوار جـار بەرانـبەر تێکـڕای تەمەنی هەر کابینەیەک لە سەردەمی پاشایەتی دەبێت.

لێـرەدا نابێـت ئەو حـالەتە ڕاسـتی ئەوەمـان لـێ بشـارێتەوە، کە ئەو گۆڕانەی لە سـەردەمی کۆمـاری ڕوویانداوە، لە چواچێوەیی یەک حکوومەتدا بووە، لەبەر ئەوەی لە سەردەمی کۆماریدا زۆر جار یەک کەس هەم سـەرۆک کۆمار، هەمیش سەرۆک وەزیران بووە، بۆیە گۆڕینی سـەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران کارێکی دژوار بووە.

ئەو دیاردەیە ئەوە دەگەیێنێت سەرەڕای جیاوازی نێوان ماوە بەدوایەکاندا لە تەمەنی هەر ڕژێمێکی کۆماری لە ماوەی (١٩٥٨ تا ٢٠٠٣)، ڕێبازی تاکڕەوی لە حوکمڕانیدا پیادە کراوە و سەرۆک کۆمار دەسەڵاتی فرەوانی بەدەستەوە بووە.

ئەو زانیاریانەی لەبەردەستن دەربارەی ئەو کەسانەی بوون بە وەزیر لە هەردوو سەردەمی (پاشایەتی و کۆماری) ئەوە ئاشکرا دەکەن، کە جیاوازییەکانی سەردەمی پاشایەتی کەمترن لە سەردەمی کۆماری. لە سەردەمی پاشایەتی (١٦٤) کەس بوونەتە وەزیر، کەچی لە سەردەمی کۆماری (٢٩١) کەس وەزارەتیان وەرگرتووە.

لە سەردەمی کۆماری لە یەکەم وەزارەتی سەردەمی سەددام حوسێن کابینەی ژمارە (٧٣) لە تەمووزی ١٩٧٩ تا مارتی ١٩٩١ بەردەوام بووە، لەو ماوەیە کە دەستوری کاتی عێراق هەموار کراوەتەوە، بەپێی ئەو هەموار کردنەی دەستور، پێگەی سەرۆک وەزیران لە پێگەی سەرۆک کۆمار جیاکرایەوە و سەعدوون حمادی بوو بە سەرۆک وەزیران، دوای ئەو محەمەد حەمزە ئەلزوبەیدی هاتووە، ئینجا ئەحمەد حوسێن سامەڕائی، پاشان جارێکی دیکە سەددام حوسێن گەڕاوەتەوە بۆتەوە بە سەرۆک وەزیران، دیارە ئەو دیاردەیەش کە پێچەوانەی دەستور بووە، هۆکارەکەی نەبوونی دیموکراسییەت بووە لە عێراقدا.

لەسەر ئاستی گۆڕانکارییەکان لەناو کابینەی ئەنجوومەنی وەزیراندا ئەگەر سەیری سەردەمی ئەحمەد حەسەن بەکر و دواتر سەددام حوسێن بکەین دەبینین کابینەی سەردەمی ئەحمەد حەسەن بەکر، کە لە ٣١ی تەمووزی ١٩٦٨ دامەزراوە، بەردەوام بووە تالادانی ئەحمەد حەسەن بەرکر لە ١٧ی تەمووزی ١٩٧٩. لەو ماوەیەدا (٨٧) کەس بوونە بە وەزیر لە (٢٨) وەزارەتدا، واتە لە چەند وەزارەتێک بەدوای یەکدا چەند وەزیرێک دەسەڵاتیان بەدەستەوە گرتووە، بە گشتی لەو ماوەیەدا تاکە وەزیرێک نەماوە لە پێگەکەی نەگۆڕدرا بێت.

سەردەمی سەددام حوسێن ١٧ی تەمووزی ١٩٧٩ تا ٢٣ی مارتی ١٩٩١ یەک کابینەی وزاری هەیە، لەو کابینەیەدا (٧١) کەس دەبن بە وەزیر لە

(٣١) وەزارەتدا. ئەو کابینە، کە لە مێژووی کابینەی وزاری عێراقی ژمارە (٧٣)یە بە درێژترین کابینە هەژمارە دەکرێت لە ڕووی تەمەنەوە، بەڵام لە ڕووی قەبارەوە وەزارەتەکەی ئەحمەد حەسەن بەکر گەورەترین کابینەی وزارییە.

پەیوەندی گۆڕانکارییە سیاسییەکان و ڕەنگدانەوەیان بەسەر کاری ناو وەزارەتەکان، دەرخەری ئەوەن دەسەڵاتی باڵا زۆرداری و ستەمکاری لە ناو حکوومەتدا پێڕەو کردووە. لەوەشدا بەشێک لە وەزیرەکان بە ڕێگای جیاواز جیاواز کۆتایی بە ژیانیان هاتووە، بە تایبەتی لەسەردەمی سەددام حوسێن دا.

لای بەرپرسی یەکەمی دەوڵەت، هیچ بیانوویەک نییە پاڵ بە وەزیر یاخود سەرۆک وەزیران بنێت تا ئەوەی دەست لە کار بکێشێتەوە، ئەگەر ئەوەش ڕوویدا ئەوە لەلایەن سەرۆکی دەوڵەت ڕووبەڕووی نارەزایی توند دەبێتەوە و پێویست بە لێپرسینەوە و سزادان دەکات.

ئەو ڕووداو و دیاردانەی ئاماژەمان بۆیان کرد، دەرخەری دوورکەوتنەوەی گەل لە حکوومەت ئاشکرا دەکات، هەروەها نیشانەی ڕێگرتنە لە دەربڕینی هەر بیروڕایەک یانیش خواستێکی جیاواز بەرانبەر بارودۆخی وڵات و ئەوەی ڕوو دەدات.

لە سەردەمی هەردوو ڕژێمی پاشایەتی و کۆماری لە بارێکدا ئەگەر ئەنجوومەنی نوێنەران بوونی هەبووبێت یاخود نەبێت، ئەوا هیچ لە راستییەکانی نەگۆڕیوە، سەرۆکی دەوڵەت ئەگەر (شا) یان (سەرۆک کۆمار) بێت دەسەڵات و توانای ئەوەیان هەبووە، ئەنجوومەنی وەزیران هەڵبوەشێننەوە، وەزیر دوور بخەنەوە، ئەگەر دەقی دەستوری ڕێگای دابێت یان پێچەوانە بێت، ئەو حاڵەتە لەسەردەمی کۆماری بەهەموو قۆناغەکانی ئاشکراو روون بووە.

وا گریمانە دەکرێت سەردەمی پاشایەتی، دۆخەکە بەو شێوەیە نەبووبێت، بۆیە گرینگە ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە لە ماوەی کارکردن بە یاسای بنچینەیی (دەستور)، کە لە ساڵی ١٩٢٥ کاری پێکراوە و ماوەی (٣٣) ساڵی خایاندووە، تەنها یەک جار ئەنجوومەنی نوێنەران توانیویەتی ماوەی

چوار ساڵەکەی تەواو بکات، لە کاتێکدا هەموو ئەنجوومەنەکانی دیکە بەرەو ڕووی هەڵوەشاندنەوە بوونەتەوە، ئەگەر وەک ئەوەی پاشا ویستوویەتی کاریان نەکرد بێت.

ڕاستییەکەی پاوانکردنی دەسەڵات لە عێراق چەند شێوەیەکی وەرگرتووە، هەندێک جار کۆمەڵە سیاسەتمەدارێک چەند وەزارەتێکیان پاوان کردووە، هەندێک جاری دیکە ئەو پاوانکردنە مۆرک و ڕەنگی تائیفی و ڕەگەزی یاخود عەشائیری و ناوچەگەری هەڵگرتووە. ڕەنگە بەرچاوترین شێوەکانی پاوانکردنی دەسەڵات ئەو ماوەیە بێت، کە کەوتۆتە نێوان (١٩٦٨-٢٠٠٣) کاتێک حیزبی بەعس دەسەڵاتی پاوانکرد و بڕیاری بە ژمارە (١٠٨٣) ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی دەرکرد. حیزبی بەعس، کە بەپێی یاسای ژمارە (١٤٢) ساڵی ١٩٧٤ حیزبی قائید بوو، ئەنجام دەسەڵات و دەوڵەتی بۆ خۆی یەکلاکردەوە.

چەند تێبنی و سەرنجێک دەربارەی کابینەی وەزاری (١٩٢١-٢٠٠٣)

١. درێژترین ماوەی کابینەی وزاری، یەکەم وەزارەتی سەددام حوسێن بوو، لە ١٧ی تەمووزی ١٩٧٩ تا ٢٣ی مارتی ١٩٩١ خایاند، کە دەکاتە (١١) ساڵ و (٨) مانگی.
٢. کورترین کابینەی وزاری لەتەمەندا، وەزارەتەکەی عەبدولڕەزاق نایف-ە، تەنها (١٤) ڕۆژی بەردەوام دەبێت ئەویش لە ١٧ی تەمووزی تا ٣٠ی تەمووزی ١٩٦٨.
٣. گەورەترین کابینەی وزاری لە ڕووی ژمارەی وەزیرەکانییەوە، سێیەم کابینەی وزاری ئەحمەد حەسەن بەکر بوو، (٢٨) وەزیری لەخۆ گرتبوو.
٤. بچووکترین کابینەی وزاری لە ڕووی ژمارەی وەزیرەکانییەوە، کابینەی وزاری عەبدولڕەحمان عارف بوو، (١٥) وەزیری پێکهاتبوون.
٥. پشکی شیعە لە پێگەی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران لە ماوەی (٤١) ساڵی سەردەمی کۆماری تەنها (٣.٥) ساڵ بووە.
٦. هیچ کوردێک نەبووە بە سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران.

٧. بەدرێژایی تەمەنی حکوومەتە عێراقییەکان، دووجار ژن بوون بە وەزیر ئەوانیش نەزیهە دلیمی لە سەردەمی عەبدولکەریم قاسم، سوعاد خەلیل لە سەردەمی ئەحمەد حەسەن بەکر .
٨. لە سەردەمی حکوومەتەکانی عێراق (پاشایی و کۆماری) هیچ کەسێکی شیعە بە وەزیری ئەوقاف دانەنراوە.
٩. لە سەردەمی پاشایەتی لە کۆی (٥٩) سەرۆک وەزیران، (٤٠) کەسیان ئەفسەری ناو سوپای عێراق بوونە. لەسەردەمی کۆماریش لە ناو (١٨) سەرۆک وەزیران (١٠) کەسیان ئەفسەری ناو سوپا بوونە[٣٦١].

(٣٦١) دليل الوزارات العراقية (١٩٢٠ – ٢٠٠٣)، المركز العراقي لمعلومات والدراسات بغداد، الطبعة الاولى، (دارنور للشروق، ٢٠٠٧)، ص ١٢؛ فوزي حسين الجبوري و كريم زيدان الحيوري، واقع التداول السلمي للسلطه في الدساتير العراقية، مجلة كلية القانون، العدد (٧)، (جامعة كركوك، كلية القانون و العلوم السياسية، ٢٠١٨)، ص ١٠٢.

## تەوەری دووەم: هەڵسەنگاندنی ڕۆڵی ئەنجوومەنی نوێنەران

دەسەڵاتی یاسا دانان لە عێراق وەک دەوڵەتێکی سەربەخۆی هاوچەرخ، بەشێکە لە سیستمی سیاسی دەوڵەت. هەنگاوی یەکەمی دامەزراندنی بۆ ساڵی ١٩٢١ دەگەڕێتەوە کاتی کار پێ سپاردنی فەیسەڵی کوڕی حوسێن یەکەم پاشای عێراق. هەنگاوی دووەمیش وەک تەواوکردنێک بۆ ئەو سیستمە، دوای یەکەم کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی دامەزرێنەر لە مارتی ١٩٢٤ دێت، دوای ئەوەی عەبدولموحسین سەعدوون وەک سەرۆک وەزیران دەست بەکار بوو، لە وتارێکیدا بەڵێنی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی دامەرزێنەریدا.

بۆ ئەو مەبەستە ٤ی مارتی ١٩٢٢ فەرمانی شاهانە دەرچوو. هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی دامەزرێنەر بەدوو قۆناغ تێپەر بوو، لە قۆناغی یەکەم نوێنەرە لاوەکییەکان هەڵبژێردران، لە قۆناغی دووەمیشدا، لەنێوان ئەو نوێنەرانە (١٠٠) کەس بۆ ئەنجوومەن هەڵبژێردران و نوێنەرایەتی سەرانسەری عێراقیان دەکرد. هەنگاوی کۆتایی لە ١٢ی تەمووزی ١٩٢٣ دەستی پێ کرد و لە ٢٧ ی مارتی ١٩٢٤ ئەنجوومەن یەکەم دانیشتنی بەسەرپەرشتی جەعفەر عەسکەری سەرۆک وەزیرانی ئەو سەردەمی ڕێکخرا. پاشان عەبدولموحسن سەعدوون بەسەرۆکی هەمیشەیی ئەنجوومەن هەڵبژێردرا[٣٦٢].

### باسی یەکەم: ئەنجوومەنی نوێنەران لە سەردەمی پاشایەتی (١٩٢٥-١٩٥٨)

ژمارەی خوولەکانی ئەنجوومەنی نوێنەران لەسەردەمی پاشایەتی گەیشتن بە (١٦) خوول، هەر لە کۆبوونەوەی یەکەم ئەنجوومەن لە شاری بەغدا لە ١٦ی تەمووزی ١٩٢٥ تا ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ خایاند.

ئەنجوومەنی نوێنەران لە عێراق نەیتوانی دەسەڵاتە دەستورییەکانی خۆی وەک پێویست بەکاربێنێت لە چاودێریکردنی دەسەڵاتی جێبەجێکردن و

(٣٦٢) فاهم نعمة ادريس، واقع الحياة النيابية في العراق في العهد الملكي دراسة تأريخية، ص٢٤٥.

لێپرسینەوە لە وەزیرەکان و بەدواداچوون بۆ کاروباری دامودەزگاکانی حکوومەت، تا دەگاتە ڕادەی متمانە وەرگرتنەوە لە وەزیرەکان، لەم بوارەدا کەموکوڕی زۆری هەبوو.

لەو (١٦) خوولەدا بە درێژایی سەردەمی پاشایەتی بۆ یەک جاریش بێت دەسەڵاتی وەرگرتنەوەی متمانەی لە ئەنجوومەنی وەزیران بەکارنەهێنا و تەنانەت یەک وەزیریش متمانەی لێ وەرنەگیرایەوە. لەو بارەیەوە سکاڵا و ناڕەزایی دەربڕین لە لاوازی ئەنجوومەنەکانی نوێنەران و پەککەوتەیی لەوەی بە ئەرکە دەستورییەکانی خۆیان هەڵنەستاوە، لەسەر زمانی زۆرێک لە خودی نوێنەران و هەندێک وەزیر و سەرۆک وەزیرەکان باسکراوە.

دەستوری عێراق دەسەڵاتی فرەوانی داوەتە پاشا، بەپێی ئەو دەسەڵاتە، پاشا مافی هەبوو بڕیار لەسەر پێکهێنانی ئەنجوومەنی پیران بدات، ئەو ئەنجوومەنەش بەپێی دەستور دەسەڵاتێکی فرەوانی پێدراوە، نزیک دەبێتەوە لە دەسەڵاتەکانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی هەڵبژێردراو، هەروەها پاشا دەسەڵاتی پەسندکردنی ئەو پڕۆژە یاسایانەی هەبوو کە لە ئەنجوومەنی وەزیرانەوە ئامادەکرا بوون، هەروەها دەسەڵاتی پەسنکردنی ئەو یاسایانەی هەبووە، کە لەلایەن ئەنجوومەنی نوێنەرانەوە دەردەچوون. بەم شێوەیە دەردەکەوێت دەستوری عێراق دەسەڵاتێکی زۆری داوەتە پاشا، لە کاتێکدا دەسەڵاتەکانی ئەنجوومەنی نوێنەران سنوردار کرابوون، بۆ نموونە لە مادەی (١٠٦) هاتبوو ڕێگای بە ئەنجوومەنی نوێنەران نادرێت ئەو خەرجیانە کەم بکات کە بڕیاریان لەسەر دراوە، هەروەها ڕێگا بە هیچ ئەندامێک نادرێت پێشنیار بۆ خەرجکردنی هەر بڕە پارەیەک بکات. لە هەمان کاتدا یاسا ڕێگای بە حکوومەت داوەکە بودجەیەکی کاتی دەربکات و لەسەر بودجەی ساڵی رابردوو بڕوات ئەگەر بودجەی نوێ دواکەوت.

سەرەڕای هەموو ئەوانە، دەستور ئەو مافەی داوەتە پاشا، کە تەنها خۆی سەرۆک وەزیران دیاری بکات بێ ئەوەی پابەند بێت بە بڕیاری زۆرینەی ئەنجوومەنی نوێنەرانەوە، هەروەها دەسەڵاتی ئەوەی هەیە کە سەرۆک وەزیران لابدات لە کاتی پێویست، بەمەش شانبەشانی بەر

پرسـیارییەکی ئەنجـوومەنی وەزیرانـی لەبەردەم ئەنجـوومەنی نـوێنەران، بەرپرسیش بوو لەبەردەم پاشادا..

نووری سەعید کاتێک ساڵی ١٩٤٣ سەرۆک ئەنجوومەنی وەزیران بوو لەبەردەم ئەنجوومەنی نوێنەران لە کاتی گفتوگۆدا وتویەتی: زۆرێک لەوانی سـەرۆک وەزیـران بـوونە، دەسـتیان لەکارکێشـاوەتەوە. بەهـۆی ئامـاژە پێکردنێک یان هەر گوتەیەکی پاشا، بەڵام بە درێژایی تەمەنی ئەنجوومەنی نـوێنەران، وەزیرێـک یـاخود کـابینەیەکی وەزیـران بە بڕیـاری ئەنجـوومەنی نوێنەران لە دەسەڵات دوور نەخراوەتەوە.

وەک لە سـەرچاوەکاندا بـاس دەکرێـت فەیسـەڵی یەکەم داوای لە حکـوومەت کـردووە لە کـاتی هەڵبژاردنـی ئەنجـوومەنی نـوێنەران چەنـد کەسـانێکی سـەر بە ئۆپۆزیسـیون بخەنە لیسـتی هەڵبژێردراوەکـان، چـونکە نـاوبراو بـاوەڕی وابـووە ئەگەر ئەوانە لە دەرەوەی ئەنجـوومەن بـن ئەوا کێشەی زۆر دروست دەکەن، جگە لەوەش پێیان وابووە بەو شێوەیە متمانە جەماوەری بۆ ئەنجوومەن بەدەست دێنن.

**باسی دووەم: سەردەمی کۆماری یەکەم (١٩٥٨ – ١٩٦٣)**

لەو سـەردەمە هـیچ جـۆرە هەڵبژاردنێـک لە عێـراق ئەنجـام نەدراوە تـا ئەنجوومەنی نوێنەرانی دابمەزرێت، هەر لەبەر ئەوەش بوو ئەرکی دەسـەڵاتی یاسـادانان بە ئەنجـوومەنی وەزیـران سـپێردرابوو، ئەنجـام ئەو لایەنەی بڕیارەکانی پەسەند دەکرد ئەنجوومەنی سـەرۆکایەتی بـوو، کە لە سێ کەس پێکهاتبوون سەرۆک و دوو ئەندام.

**باسی سێیەم: سەردەمی عەبدولسلام عارف (١٩٦٣ – ١٩٦٦)**

لە دەسـتوری کـاتی سـاڵی ١٩٦٣دا هـاتبوو: ئەنجـوومەنی نەتەوە دامەزراوەیەکە بە کاروبـاری دەسـەڵاتی یاسـادانان هەڵدەسێت. ئەنجـوومەنی نەتەوە چۆنییەتی پێکهاتنی، ژمارەی ئەندامانی، شێوازی هەڵبژاردنی، کار و ڕێکارەکانی دیکەشی دیاری کردبوو. بەڵام لەو بارودۆخەی عێراق پێیدا تێپەر

دەبـوو، کە پـڕ بـوو لە کێشــە و ململانێـی سیاسـی، بڕیـاردرا ئەنجـوومەنی ســەرکردایەتی شـۆڕش و ئەنجـوومەنی وەزیـران[٣٦٣] بەکـاری دەســەڵاتی یاسـادانان هەڵسـن. دواتـر ئەنجـوومەنی شـورا دامەزرا، بـۆ ئەوەی کارەکـانی دەسـەڵاتی یاسـادانان بگرێتە ئەسـتۆ بەو مەرجەی دواتـر دانـانی ئەندامانی و دەسەڵاتەکانی و موچە و چۆنییەتی ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانی بە یاسایەک دیاری بکـرێن، بەڵام ئەو پێشـنیاز و بیـر و بۆچوونـانە هیچیـان نەهـاتنە بـواری جێبەجێکردنەوە.

**باسی چوارەم: سەردەمی عەبدولڕەحمان عارف (١٩٦٦-١٩٦٨)**

ســەردەمی عەبـدولڕەحمان عــارف (١٩٦٦ – ١٩٦٨)، هـیچ گۆڕانێـک ڕوویندا، نە دەستوری کاتی گۆڕانی بەسەردا هات و نە هیچ جۆرە ژیانێکی پەرلەمانی لە وڵاتدا بوونی هەبوو.

**باسی پێنجەم: سەردەمی ئەحمەد حەسەن بەکر (١٩٦٨-١٩٧٩)**

دوای ئەوەی حیزبی بەعس دەسەڵاتی گرتەوە دەست، دەسـتوری کـاتی سـاڵی ١٩٦٨ دەرچـوو. لەو دەسـتورە ئەرکەکـانی ئەنجـوومەنی سـەرکردایەتی شۆڕش دیاریکران، کە بریتـی بـوو لە: بڕیـاردان لەسـەر یاسـاکان و پەیمـان و ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان، هەروەها دەرکردنی چەند بڕیارێـک کە هێـزی یاسایان هەبوو. لە دیباجەی دەسـتوری کاتیدا بەڵێن درابوو بە ئامادەکردنی دەســتوری هەمیشــەیی بـۆ وڵات و پێکهێنــانی ئەنجـوومەنی نیشـتمانی تــا نوێنەرایەتی هێز و لایەنە نیشتمانییەکان بکات، بەڵام لەبەر ئەوەی دەسـتوری هەمیشەیی دەرنەچوو، ڕێ و شوێنەکانی ئەنجوومەنی نیشتمانیش ڕێکنەخرا.

**باسی شەشەم: سەردەمی سەددام حوسێن (١٩٧٩-٢٠٠٣)**

مـاوەی دەسـەڵاتەکەی سـەددام حوسـێن (١٩٧٩-٢٠٠٣) درێژەپێـدەری مـاوەی دەسـەڵاتەکەی ئەحـمەد حەسـەن بەکر بـوو، دەسـەڵات لەم سـەردەمە کاری بۆ هەڵوەشاندنەوەی یاسای ئەنجوومەنی نیشتمانی دەرکرد، کە سـاڵی

(٣٦٣) جعفر عباس حميدي، تأريخ الوزارات في العهد الجمهوري، الجزء السادس، ص١٥.

١٩٧٠ دەرچوو بوو. بەو هۆیەوە یاسای ژمارە (٥٥)ی ساڵی ١٩٨٠ دەرچوو، تێیدا یاسای هەڵبژاردنەکان و یاسای ئەنجوومەنی نیشتمانی تێکەڵکران.

یاساکە دەسەڵاتەکانی ئەنجوومەنی دیاریکرد بوو، لەوانە، دەرکردنی یاساکان، لەگەڵ چۆنییەتی هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەنجوومەن بەشێویەکی ڕاستوخۆ و ئازادانە.

ئەوەی جێگای سەرنجدانە دەربارەی ئەو ماوەیە، ئەوەیە حیزبی بەعس دەستی گرت بەسەر ئەنجوومەنی نیشتمانی (دیارە دەسەڵات بە هەموو جومگەکانی لە دەستی حیزبی بەعس بوو) زۆربەی ئەندامانی ئەو ئەنجوومەنە سەر بە حیزبی بەعس بوون، ئەوانی دیکەش دەبوایە چەند مەرجێکیان تێدا هەبوایە، ئەوە لە لایەک، لە لایەکی دیکەوە سەرەڕای بارودۆخی نائاسایی وڵات، ڕۆڵی ئەنجوومەنی نیشتمانی تەنها پشتگیری دەسەڵات و خودی سەرۆک کۆمار بووە.

زۆربەی چاودێرانی سیاسی، ژیانی پەرلەمانی ئەو سەردەمەیان بەپرۆسەیەکی درۆزنانە ناو بردووە، لەبەر ئەوەی لەو ماوەیەدا هیچ پرۆسەیەکی دیموکراتی لە عێراق بوونی نەبووە.

## لیستی سەرچاوەکان

### یەکەم: کتێب

#### أ. کتێب بە زمانی کوردی


١. ئەحمەد حەمەدئەمین ئۆمەر، ئەندامە کوردەکانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لە ڕۆژگاری پاشایەتیدا (١٩٢٥-١٩٥٨)، چاپی یەکەم، (هەولێر، چاپخانەی شەهاب، ٢٠٠٧).

٢. د. ئەحمەد حەمەدئەمین، باروودۆخی سیاسیی باشووری کوردستان لە ماوەی دانوستانەکانی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و ڕژێمی بەعسدا ١٩٨٣ – ١٩٨٥، (هەولێر، ٢٠٢١).

٣. ئەحمەد حەمەدئەمین، چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی نوێ و هاوچەرخی عێراق، چاپی یەکەم، (هەولێر، ٢٠١٠).

٤. ڕەفیق حیلمی، یادداشت، چاپی سێیەم، (سلێمانی، ٢٠٠٣).

٥. سەوەر عەبدولڕەحمان عومەر، مێژووی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، چاپی دووەم (هەولێر، ٢٠١١).

٦. عەباس نادر، ڕاپەڕینی جوتیارانی دەشتی هەولێر ساڵی ١٩٥٣، چاپی دووەم، (هەولێر، ٢٠١٩).

**٧.** عەبدوڵلا زەنگەنە، صوت الاكراد – دەنگی کورد یەکەمین ڕۆژنامەی سیاسیی کوردیی سەربەخۆیە، (هەولێر، ٢٠٢٢).

٨. د. عەلی وەردی، چەردەیەکی کۆمەڵایەتییانە لە مێژووی نوێی عێراق، وەرگێڕانی: حەسەن جاف، بەرگی پێنجەم، (سلێمانی، ٢٠٠٥).

٩. فەرەیدوون عەبدولڕەحیم عەبدوڵلا، باروودۆخی سیاسیی کوردستانی عێراق ١١ی مارتی ١٩٧٠ – ١١ی مارتی ١٩٧٤، چاپی یەکەم، (هەولێر، ٢٠٠٦).

١٠. کریس کۆچیرا، کورد لە سەدەی نۆزدە و بیستدا، وەرگێڕانی: حەمە کەریم عارف، چاپی یەکەم، (هەولێر، ٢٠٠٣).

١١. مایک گەتنەر، فەرهەنگی مێژووی کورد، وەرگێڕانی: مامکاک، چاپی یەکەم، (هەولێر، ٢٠٠٧).

**١٢.** محەمەد فاتیح، حزب و ڕێکخراوە سیاسییە عێراقییەکان ١٩١٠ – ٢٠١٠، (سلێمانی، ٢٠١٢).

١٣. محەمەد فاتیح، حیزب و ڕێکخراوە مارکسییەکان لە جیهانی عەرەبیدا، چاپی یەکەم، (هەولێر، ٢٠١٣).

١٤. محەمەد فاتیح، حیزبی سیاسی و تیۆری ڕێکخستن، (هەولێر، ٢٠٠٩).

**١٥.** محەمەد فاتیح، کەرکوک ١٩٥٩ ڕووداوەکانی ١٤ی تەموزی ١٩٥٩، چاپی یەکەم، (هەولێر، ٢٠١٩).

١٦. محەمەد ئیسماعیل محەمەد، ئینقلابی بەکر صدقی، چاپی یەکەم، ( هەولێر، ٢٠٠٧).

١٧. میر بەسرى، ناودارانی کورد، وەرگێڕانی: عەبدولخالق عەلائەدین، چاپی دووەم، (هەولێر، ٢٠٠٩).

١٨. مەسعود بارزانی، بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد ١٩٣١ – ١٩٥٩، بەرگی یەکەم، (هەولێر، ٢٠١٢).

١٩. مەهدی محەمەد قادر، پێشهاتە سیاسییەکانی کوردستانی عێراق ١٩٤٥ – ١٩٥٨، (سلێمانی، ٢٠٠٥).

٢٠. نجم سەنگاوی، خەباتی چەکداری و ڕامیاری نەتەوایەتی کورد ١٨٨٠ – ١٩٩٤، (کەرکووک، ٢٠٠٤).

٢١. د. واحد عومەر محێدین، دانوستانەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد و حکوومەتەکانی عێراق (١٩٢١ – ١٩٦٨)، (سلێمانی، ٢٠٠٦).

**ب. کتێب بە زمانی عەرەبی**

١. احلام حسين جميل، الخلفية السياسية والاجتماعية للاوضاع التي كان يطيق في ظلها دستور عام ١٩٢٥ في العراق، (الدار العربية للموسوعات، ١٩٨٦).

٢. اديب وفي وايني بيزو، العراق دراسة في علاقاته الخارجية و تطوراته الداخلية (١٩١٥-١٩٧٥)، الجزء الاول، الطبعة الاولى، (بيروت، ١٩٨٩).

٣. أديث وني وايف بينروز، العراق دراسة قي علاقاته الخارجية وتطوراته الداخلية ١٩١٥ – ١٩٧٥، ترجمة: عبدالمجيد حسيب، الجزء الاولى، (دون مكان الطبع، ١٩٨٩).
٤. اشراف عبدالوهاب الكيالي، موسوعة السياسية، الجزء الاول، الطبعة الرابعة، (بيروت، ١٩٩٤).
٥. د. انور عبدالملک، الجيش والحركة الوطنية، ترجمة: حسن قبيسي، (بيروت، دون سنة الطبع).
٦. اوريل دان، العراق في عهد قاسم، ترجمة: جرجيس فتح الله، الطبعة الثالثة، (اربيل، ٢٠١٢).
٧. اياد علاوي، بين النيران، الجزء الاول، الطبعة الاولى، (دار المدى، ٢٠١٨).
٨. باقر ياسين، تاريخ العنف الدموي في العراق الوقائع، الدوافع، الحلول، الطبعة الثانية، (دمشق، ٢٠١٤).
٩. برزان التكريتي، محاولات اغتيال الرئيس، الطبعة الاولى، (بغداد، ١٩٨٤).
١٠. د. ثناء الحجيمي، احمد الحبوبي ودوره الوطني في تاريخ العراق المعاصر، الطبعة الاولى، (بغداد، ٢٠١٨).
١١. جرجيس فتح الله، يقظة الكرد، (اربيل، ٢٠٠٢).
١٢. د. جعفر عباس حميدي، تاريخ العراق المعاصر ١٩١٤ - ١٩٦٨، الطبعة الثانية، (بغداد. ٢٠١٥).
١٣. د. جعفر عباس حميدي، تأريخ الوزارات في العهد الجمهوري (١٩٥٨- ١٩٦٨)، الجزء الاول والثاني والسادس والسابع و الثامن، والتاسع، الطبعة الاولى، (بغداد، ٢٠٠٥)
١٤. جليل العطية، فندق السعادة حكاية من عراق صدام حسين، الطبعة الاولى، (لندن، ١٩٩٣).
١٥. جليلي جليل واخرون، الحركة الكوردية في العصر الحديث، ترجمة: د.عبدي حاجي، (دهۆک، دون سنة الطبع).
١٦. جمال بابان، اعلام الكورد، الجزء الثاني، (السلمانية، ٢٠٠٩).
١٧. جمال مصطفى مردان، انقلابات فاشلة في العراق، (بغداد، دون سنة الطبع).
١٨. جمال مصطفى مردان، عبدالكريم قاسم، البداية والسقوط، (بغداد، ١٩٩٠).

١٩. د. جواد محمود هاشم، ذكرايات في السياسة العراقية ١٩٦٧ - ٢٠٠٠، (بيروت، ٢٠٠٣).
٢٠. جيراد جالياند، شعب بلا وطن الكرد وكردستان، ترجمة: عبدالسلام النقشبندي، الطبعة الاولى، (اربيل، دار ئاراس، ٢٠١٢).
٢١. حامد الحمداني، صفحات من تاريخ العراق الحديث، الجزء الثاني، الطبعة الثانية، (دون مكان وسنة الطبع).
٢٢. حسن السعيد، نواطير الغرب صفحات من ملف علاقات اللعبة الدولية مع البعث العراقي ١٩٤٨ – ١٩٦٨، الطبعة الثانية، (بغداد، ٢٠١٥).
٢٣. حسن ظاظا، العراق دراسة في تاريخه السياسي ١٩٠٨-٢٠٠٥، الطبعة الاولى، (دمشق، ٢٠٠٨).
٢٤. د. حسن لطيف الزبيدي، موسوعة الاحزاب العراقية، الطبعة الاولى، (بيروت، ٢٠٠٧).
٢٥. حمدي العطار، اعترافات سياسي اممي، الطبعة الاولى، (بغداد، ٢٠١٨).
٢٦. حنا بطاطو، العراق، الكتاب الاول، ترجمة: عفيف الرزاز، الطبعة الاولى، (بغداد، ٢٠٠٥).
٢٧. حوادث العراق في ١٩٤١ كما رتويها وزارة الخارجية البريطانية، نقلها الى العربية: جعفر خياط، (بيروت، ١٩٥٤).
٢٨. د. خليل اسماعيل، كردستان العراق في ضوء التعدادات السكانية، (اربيل، ٢٠١١).
٢٩. دريڤان عبدالقادر بكر، المركز القانوني للمواطن وضماناته دراسة في الدساتير العراقية، (السليمانية، ٢٠١٢).
٣٠. دليل الوزارات العراقية (١٩٢٠ – ٢٠٠٣)، المركز العراقي لمعلومات والدراسات بغداد، الطبعة الاولى، (دارنور للشروق، ٢٠٠٧).
٣١. ذاكر محي الدين عبدالله، محمد يونس السبعاوي ودوره في الحياة السياسية في العراق، الطبعة الاولى، (الموصل، ٢٠١٤).
٣٢. د. رجاء حسين الخطاب، تأسيس الجيش العراقي تطور دوره السياسي من (١٩٢١-١٩٤١)، (بغداد، ١٩٧٩).

٣٣. زوبير بلال اسماعيل، ثورات بارزان، ١٩٠٧ – ١٩٣٥، الطبعة الاولى، (دون مكان الطبع، ١٩٨٨).
٣٤. د. زينب هاشم، محاضرات عن دراسات في المجتمع العراقي، (بغداد، ٢٠١٤).
٣٥. سروه اسعد صابر، كوردستان من بداية الحرب العالمية الاولى الى نهاية مشكلة الموصل ١٩١٤-١٩٢٦ دراسة تأريخية سياسية وثائقية، (اربيل، ٢٠٠١).
٣٦. سعد سلوم، حماية الاقليات الدينية والانثنية واللغوية في العراق، (جامعة الكوفة، ٢٠١٧).
**٣٧.** سيف الدين الدوري، الانقلابات العسكرية والصراع على السلطة في العراق الجمهوري، الطبعة الاولى، (لندن، ٢٠١٩).
٣٨. سيف الدين الدوري، طاهر يحيى، الطبعة الثانية، (عمان، الاردن، ٢٠١٥).
٣٩. سيف الدين الدوري، عبدالرحمن البزاز، الطبعة الاولى، (بيروت، ٢٠٠٦).
٤٠. سيف الدين القيسي، الحزب الشيوعي العراقي من اعدام فهد حتى ثورة ١٤ى تموز ١٩٥٨، الطبعة الاولى، (سوريا، ٢٠١٢).
٤١. سيف عدنان القيسي، قراءات في ذاكرة عزيز محمد، الطبعة الاولى، (بغداد، ٢٠١٥).
٤٢. شامل عبدالقادر، مجزرة قاعة الخلد تموز ١٩٧٩، الطبعة الاولى، (بغداد، ٢٠١٢).
٤٣. شامل عبدالقادر، مؤامرة عبدالغني الراوي، الطبعة الاولى، (بغداد، ٢٠١٩).
٤٤. شامل عبدالقادر، ناظم كزار، الطبعة الاولى، (بغداد، ٢٠١٤).
٤٥. شورش حسن عمر، حقوق الشعب الكردي في الدساتير العراقية دراسة التحليلية مقارنة، (السليمانية، ٢٠٠٥).
٤٦. شوكت خزندار، سفر ومحطات، الطبعة الاولى، (بيروت، ٢٠٠٥).
٤٧. صبحي عبدالحميد، أسرار ثورة ١٤ تموز ١٩٥٨ في العراق، (بغداد، ١٩٨٣).
٤٨. صفوة فاهم كامل، عبدالرحمن عارف – الرئيس البار، (دار الرافدين، دون سنة الطبع).

٤٩. صلاح الخرسان، التيارات السياسية في كردستان العراق ١٩٤٦ – ٢٠٠١، (بيروت، ٢٠٠١).
٥٠. ظاهر علي احمد، العراق وكوردستان، (اربيل، ٢٠٢٠).
٥١. عابد خالد رسول، الحقوق الساسية في الدساتير العراقية، (السليمانية، ٢٠١٢).
٥٢. عادل غفوري خليل، احزاب المعارضة العلنية في العراق ١٩٤٦ – ١٩٥٤، الطبعة الاولى، (بغداد، ١٩٨٤).
٥٣. د. عامر حسن فياض، جزور الفكر الديمقراطي في العراق الحديث (١٩١٤-١٩٣٩)، (بغداد، ٢٠٠٢).
٥٤. عبدالرحمان البزاز، العراق من الاحتلال حتى الاستقلال، الطبعة الثالثة، (بغداد، ١٩٦٧).
٥٥. عبدالرزاق الحسني، العراق في ظل المعاهدات، الطبعة الثانية، (بغداد، ١٩٧٥).
٥٦. عبدالرزاق الحسني، تأريخ العراق السياسي، الطبعة السابعة، (لبنان، ٢٠٠٨).
٥٧. عبدالرزاق الحسني، تاريخ الوزارات العراقية، الجزء الاول والثاني والثالث والرابع والخامس والسابع والثامن والتاسع، (بغداد، ١٩٨٨).
**٥٨.** د. عبدالرزاق مطلك الفهد، الاحزاب السياسية في العراق ودورها في الحركة الوطنية والقومية ١٩٣٤ – ١٩٥٨، الطبعة الاولى، (بغداد، ٢٠١١).
**٥٩.** د. عبدالفتاح علي البوتاني، حوادث الموصل وكركوك و تداعياتها، (اربيل، ٢٠٢٠).
**٦٠.** د. عبدالفتاح علي يحيى البوتاني، التطورات السياسية الداخلية في العراق ١٤ تموز ١٩٥٨ – ٨ شباط ١٩٦٣، (دهوك، ٢٠٠٧).
٦١. عبدالله الفياض، الثورة العراقية الكبرى سنة ١٩٢٠، الطبعة الاولى، (بغداد، ١٩٦٣).
٦٢. عبدالهادي الركابي، وثائق لانموت، (بغداد، ٢٠٠٨).
٦٣. د. عبدالوهاب الكيالي، موسوعة السياسة، الجزء الثالث، الطبعة الثانية، (بيروت، ١٩٩٣).

٦٤. عبدالوهاب الكيالي، موسوعة السياسة، الجزء الرابع، الطبعة الخامسة، (بيروت، ٢٠٠٩).
٦٥. د. عبدالوهاب الكيالي، موسوعة السياسية، الجزء السادس، الطبعة الثالثة، (بيروت، ١٩٩٥).
٦٦. د. عبدالوهاب حميد رشيد، التحول الديمقراطي في العراق، الطبعة الاولى، (بيروت، ٢٠٠٦).
٦٧. د. عبدالوهاب حميد رشيد، مستقبل العراق الفرص الضائعة والخيارات المتاح،، الطبعة الاولى، (سوريا، ١٩٩٧).
٦٨. د. عديد دويش، تاريخ العراق السياسي المعاصر، ترجمة: مصطفى نعمان، (بغداد، ٢٠١٢).
٦٩. عزيز قادر صمانجي، التاريخ السياسي لتركمان العراق، الطبعة الاولى، (بيروت، ١٩٩٩).
٧٠. د. عصام عزيز شريف، مذكرات عزيز شريف، (دون مكان الطبع، ٢٠١٠).
٧١. عقيل الناصري، الجيش والسلطة في العراق الملكي (١٩٢٠ – ١٩٥٨)، الطبعة الاولى، (دمشق، ٢٠٠٠).
**٧٢.** د. عقيل الناصري، من اوجه الصراع السياسي في الجمهورية الاولى ١٩٥٨ – ١٩٦٣، الطبعة الاولى، (بغداد، ٢٠١٧).
٧٣. علي جاسم الواد، القائد المجهول لثورة ١٤ تموز ١٩٥٨، الطبعة الاولى، (بغداد، ٢٠١٩).
٧٤. د. علي كريم سعيد، علي كريم سعيد، العراق البيرية المسلحة حركة حسن سەريع، الطبعة الاولى، (بغداد، ٢٠٠٢).
٧٥. عمار علي السمر، شمال العراق ١٩٥٨ – ١٩٧٥، الطبعة الاولى، (بيروت، ٢٠١٢).
٧٦. عمر علي شريف، استذكارات عن تاريخ الكرد الحديث، الطبعة الاولى، (كركوك، ٢٠٠٥).
٧٧. فايز الخفاجي، الحرس القومي ودوره الدموي في العراق، الطبعة الاولى، (بغداد، ٢٠١٥).

٧٨. قابل محسن الركابي، الحياة الحزبية في العراق (١٩٥٨-١٩٦٨)، (بغداد، ٢٠١١).
٧٩. د. كاظم حبيب، الاستبداد والقسوة في العراق، (السليمانية، ٢٠٠٥).
٨٠. د. كاظم حبيب، لمحات من عراق القرن العشرين، الجزء الاولى والثالث، والرابع والخامس والسادس والسابع، والثامنن، التاسع، العاشر، الحادي العشر، الطبعة الاولى، (اربيل، ٢٠١٣).
٨١. كاظم حبيب، لمحات من نضال حركة الوطني للشعب الكردي في كوردستان العراق، الطبعة الثانية، (اربيل، ٢٠٠٥).
٨٢. د. كمال ديب، موجز تاريخ العراق، الطبعة الاولى، (بيروت، ٢٠١٣).
٨٣. لونگريک، العراق الحديث من سنة ١٩٠٠ الى سنة ١٩٥٠ تأريخي، سياسي، أجتماعي واقتصادي، ترجمة: سليم طه التكريتي، الجزء الاولى، الطبعة الثانية، (بيروت، ٢٠١٨).
٨٤. لؤي توفيق السويدي، مذكرات توفيق السويدي، (لبنان، دون سنة الطبع).
٨٥. ليث عبدالحسين الزبيدي، ثورة ١٤ تموز في العراق، الطبعة الثانية، (بغداد، ١٩٨٢).
٨٦. مجموعة من الخبراء، اللجنة الوطنية للسياسات السكانية، تحليل الوضع السكاني في العراق، (دون مكان الطبع، ٢٠١٢).
٨٧. مجموعة مؤلفين، المجتمع العراقي – حفريات سوسيولوجية، اشراف: حسين بن حمزة، (بغداد، ٢٠٠٦).
٨٨. محسن دزەیی، احداث عاصرتها، الطبعة الاولى، (اربيل، ٢٠٠١).
٨٩. محسن محمد المتولي، كرد العراق، الطبعة الاولى، (بيروت، ٢٠٠١).
٩٠. محمد جمال باروت، حركة القوميين العرب، (بيروت، ١٩٩٧).
٩١. محمد جمال باورت، الاحزاب والحركات والتنظمات القومية في الوطن العربي، الطبعة الاولى، (بيروت، ٢٠١٢).
٩٢. محمد حديد، مذكراتي – الصراع من أجل الديمقراطية، تحقيق: نجدت فتحي صفوت، الطبعة الاولى، (بيروت – ٢٠٠٦).
٩٣. د. محمد حمدي الجعفري، تدخل العسكريين العراقيين في السياسة ١٩٥٨ – ١٩٦٨، الطبعة الاولى، (دون مكان الطبع، ٢٠٢١).

٩٤. د. محمد سهيل طقوش، تاريخ العراق الحديث والمعاصر، الطبعة الاولى، (بيروت، ٢٠١٥).
٩٥. محمد مظفر الادهمي، الملك فيصل الاول، دراسة وثائيقية في حياته السياسية وظروف مماته الغامضة، (بغداد، ١٩٩١).
٩٦. محمود الدرة، ثورة موصل القومية ١٩٥٩، الطبعة الاولى، (بغداد، ١٩٨٧).
٩٧. مذكرات تايه عبدالكريم، (طبع ونشر قناة البغدادية التلفزيوني، دون سنة الطبع).
٩٨. مذكرات محمد حديد، الطبعة الاولى، (بيروت، ٢٠٠٦).
٩٩. المركز العراقي في المعلومات و الدراسات، الطبعة الاولى، (بغداد، ٢٠٠٧).
١٠٠. المركز العراقي للمعلومات والدراسات، دليل الوزارات العراقية (١٩٢٠-٢٠٠٣)، الطبعة الاولى، (بغداد، ٢٠٠٧).
١٠١. مسعود بارزانى، البارزاني و الحركة التحررية الكردية، جزء الثالث، (اربيل، ٢٠٠٢).
١٠٢. معروف جياوك، مأساة بارزان المظلومة، الطبعة الثانية، (اربيل، ٢٠٠١).
١٠٣. د. مكرم الطالباني، مراحل تطور الحركة القومية الكردية، المجلد الاول، (السلمانية، مطبعة حمدي، ٢٠٠٩).
١٠٤. د. مكرم طالباني، كردستان والحقوق القومية للتركمان، (السليمانية، ٢٠٠٨).
١٠٥. ممتاز لالائي، لازالو مستدفين، اضطهاد مستمر لاقليات العراق، المجموعة الاولية لحقوق الانسان، المملكة المتحدة.
١٠٦. نبيل ياسين، التاريخ المحرم-قراءة تحليلية وقائيعة للفكر السياسي العربي (العراق) أنموذجا، الطبعة الاولى، (دون مكان الطبع، ١٩٩٨).
١٠٧. نجم ماريو و عطاالله كريستين، مسيحيو العراق حضور الى احتضار ام الى قيامة، الطبعة الاولى، (لبنان، ٢٠١٠).
١٠٨. د. نزار توفيق، الصراع على السلطة في العراق الملكي، (بغداد، ١٩٨٤).
١٠٩. نزار عبدالكريم الخزرجي، الحرب العراقية الايرانية، (بغداد، ٢٠٠٥).

١١٠.نوري عبدالحميد العاني وعلاء جاسم، تاريخ الوزارات العراقية في عهد الجمهوري، الجزء الاولى والرابع والخامس والسابع، الطبعة الثانية، (بغداد، ٢٠٠٥).
**١١١.**هادي حسن عليوي، رجالات العراق الجمهوري، الطبعة الاولى، (لبنان، ٢٠١٨).
**١١٢.**هاني الفكيكي، اوكار الهزيمة، الطبعة الثانية، (بيروت، ١٩٩٧).
١١٣.وزارة الشؤون الاجتماعية العراق، احصاء السكان لسنة ١٩٤٧، (بغداد، ١٩٥٤).
١١٤.وليم اكلتن، جمهورية مهاباد الكوردية، ترجمة: جرجيس فتح الله، (بيروت، دار الطليعة، ١٩٧٢).

**دووەم: نامەی دەستنووس بۆ نووسەر**

١. نامەی سامان قەرەچوغی بۆ نووسەر لە ٢٠ی تشرینی دووەمی ٢٠٢١.

**سێیەم: نامەی ماستەر و تێزی دکتۆرا**

١. بهاء حسين، مسيحيون العراق ١٩٥٨ – ١٩٦٧ دراسة تأريخية، رسالة ماجستير غير مەنشورة، (جامعة القادسية، ٢٠١٧).
٢. عوديشو ملكو كوركيس اشيثا، نكبة سميل ١٩٣٣ اسبابها و تأثيراتها المحلية والدولية، اطروحة دكتورا غير منشورة، (جامعة سانت كليمنتس العالمية للتعليم المفتوح، ٢٠١٢).
٣. فاطمة غربي، اتفاقية سايكس بيكو ١٩١٦، رسالة ماجستير غير منشورة، (جزائير، جامعة محمد بوضياف، كلية العلوم الانسانية والاجتماعية، قسم التاريخ، ٢٠١٧).
٤. فائز عبدالله العساف، الاقليات واثرها في استقرار الدولة القومية اكراد العراق نموذجا، رسالة ماجستير غير منشورة، (جامعة الشرق الاوسط، ٢٠١٠).

## چوارەم: توێژینەوەی زانستی


١. د. بلقيس محمد جواد، قراءة في تأسيس الدولة العراقية ١٩٢١ الاهداف والنتائج، مجلة العلوم السياسية، المجلد (٢١)، العدد (٤١)، (بغداد، كلية العلوم السياسية، ٢٠١٠) (https://jcopolicy.uobaghdad.edu.iq/index.php/jcopolicy/article/view/259/202).

٢. حنان فاهم، الدعايات الاجنبية خلال حركة مايس ١٩٤١ في وثائق وزارة الداخلية، مجلّه واسط للعلوم الانسانية، المجلد (٨)، العدد (٢٠)، (جامعة قادسية، ٢٠١٢).

٣. د. حيدر نزار عطية السيد سليمان، الطبيعة السياسية المطلبية لاضراب عام ١٩٣١، مجلة الكلية الاسلامية الجامعة، العدد (١٢)، (الجامعة النجف، ٢٠١٠).

٤. رضا عبدالجبار وفاهم محمد جبر، نمو السكان في العراق والعوامل المؤثرة فيه (١٩٧٧-٢٠٠٧)، مجلة بابل العلوم الانسانية، مجلد (١٩)، العدد (٤)، (جامعة القادسية، ٢٠١١).

٥. د. عماد خميس حمزة ود. علي حسين علي سعيد، موقف الفلوجة من حركة مايس ١٩٤١ دراسة وثائقية، المؤتمر الدولي السنوي الثاني للعلوم الإنسانية الفلوجة خلال العهد الملكي العثماني والعراقي، (جامعة الانبار، ٢٠٢٠)، (https://knepublishing.com/index.php/KnE-Social/article/view/7174/12819).

٦. فاهم نعمة ادريس، واقع الحياة النيابية في العراق في العهد الملكي دراسة تأريخية، مجلة التربية، مجلد (٧)، العدد (١)، (جامعة واسط، ٢٠٠٧).

٧. فوزي حسين الجبوري وكريم زيدان الحيوري، واقع التداول السلمي للسلطه في الدساتير العراقية، مجلة كلية القانون، العدد (٧)، (جامعة كركوك، كلية القانون و العلوم السياسية، ٢٠١٨).

٨. د. كريم حمزة، تاريخ الاستخدام السياسي للهوية المحلية العشائرية في العراق، مجلة العمران للعلوم الاجتماعية، المجلد (٥)، العدد (١٩)، (المركز العربي للابحاث و دراسة السياسات، ٢٠١٧).

٩. لطيف عبدالحسين موسى، الحقوق السياسية للاقليات الدينية في الدساتير العراقية، مجلة المثنى للعلوم الادارية والاقتصادية، العدد (١)، (جامعة المثنى، ٢٠١٥).
١٠. مؤيد جبير محمود، الانتقال من الديموقراطية الى الفردية في العراق – العهد الجمهوري الاولى ١٩٥٨ – ١٩٦٣، مجلة تكريت للعلوم السياسية، المجلد (٣)، العدد (٧)، (جامعة تكريت، ايلول ٢٠١٦).
١١. د. وئام شاكر غني، موقف الملك غازي من سياسة بريطانية اتجاه العراق (١٩٣٣ – ١٩٣٩)، مجلة التربية للبنات، المجلد (٢٦)، العدد (١)، (جامعة بغداد، ٢٠١٥).

**پێنجەم: گۆڤار**

١. احمد الحبوبي، تفاصيل عملية الغزال ١٩٧٠، مجلة اوراق من ذاكرة العراق، العدد (٤٥)، (بغداد، ٢٠١٦/١/١٥).
٢. احمد شامل عبدالقادر، مقتل عبدالسلام عارف في حادث المروحية، مجلة اسرار، العدد (٧)، (بغداد، حزيران ٢٠١٧).
٣. حنان فايد، اسرار التحقيقات الامريكية مع صدام حسين، مجلة اسرار، العدد (٧)، (بغداد، حزيران ٢٠١٧).
٤. سعود ناصر، اسرار غزو الكويت، مجلة اوراق من ذاكرة العراق، العدد (٢٨)، (بغداد، ٢٠١٤/٨/١٥).
٥. شامل عبدالقادر وقيس عبدالرحمن عارف، يروي خلفيته انقلابات ١٧ تموز ١٩٦٨ وحقيقة الانقلابيين، مجلة الاورق من ذاكرة العراق، (بغداد، ٢٠١٧/٤/١٥).
٦. شامل عبدالقادر، اسرار انقلاب اللواء محمد الشهواني، مجلة اسرار، العدد (٦)، (بغداد، ايار ٢٠١٧).
٧. شامل عبدالقادر، اسرار مقتل حسين كامل، مجلة اوراق من ذاكرة العراق، العدد (١١٠)، (بغداد، ١٥/ ٢٠١٩/١١).
٨. شامل عبدالقادر، الحرب مع ايراني، مجلة اوراق من ذاكرة العراق، العدد (٧٧)، (بغداد، ٢٠١٨/٩/١٥).

٩. شامل عبدالقادر، القبض على صدام حسين، مجلة اوراق من ذاكرة العراق، العدد (٩٩)، (بغداد، ٢٠٢٠/١٢/١٥).
١٠. شامل عبدالقادر، انقلاب اللواء الركن محمد مظلوم، مجلة اوراق من ذاكرة العراق، العدد (٦٧)، (بغداد، ١١/١٥/ ٢٠١٧).
١١. شامل عبدالقادر، انقلاب المنصة ١٩٩١، مجلة اوراق من ذاكرة العراق، العدد (٨٤)، (بغداد، ٢٠١٩/٤/١٥).
١٢. شامل عبدالقادر، شهادة جديدة حول مقتل جسين كامل، مجلة اوراق من ذاكرة العراق، العدد (٩١)، (بغداد، ٢٠١٩/١١/١٥).
١٣. شامل عبدالقادر، قصة اعتقال عزيز الحاج، مجلة اوراق من ذاكرة العراق، العدد (١٠٢)، (بغداد، ٢٠٢١/٣/١٥).
١٤. شامل عبدالقادر، قصة الحوار الذي داربين صدام وناظم كزار، مجلة اوراق من ذاكرة العراق، العدد (٥٤)، (بغداد، ٢٠١٦/١٠/١٥).
١٥. شامل عبدالقادر، كيف طرد البكر من رئاسة الجمهورية، مجله اوراق من ذاكرة العراق، العدد (٧٠)، (بغداد، ٢٠١٨/٢/١٥).
١٦. صباح ابراهيم، مجزرة الرفاق ١٩٧٩، مجلة اوراق من ذاكرة العراق، العدد (٨٤)، (بغداد، ١٥ نيسان ٢٠١٩).
١٧. صبحي ناظم توفيق، حكاية انتخابات عبدالرحمن عارف لرئاسة الجمهورية، مجلة اوراق من ذاكرة العراق، العدد (٦٠)، (بغداد، ١٥ نيسان ٢٠١٧).
١٨. صلاح عمر العلي، هروب حسين كامل، مجلة اوراق من ذاكرة العراق، العدد (٧٧)، (بغداد، ٢٠١٨/٩/١٥).
**١٩.** محمد علي المصري، دور حزب البعث في عملية اغتيال عبدالكريم قاسم، مجلة اوراق من ذاكرة العراق، العدد (٦٥)، (بغداد، ٢٠١٧/٩/١٥).
٢٠. مشعان الجبوري، القصة الكاملة لحسين كامل، مجلة اوراق من ذاكرة العراق، العدد (٢٨)، (بغداد، ٢٠١٤/٨/١٥).

**شەشەم: ڕۆژنامە**

١. اسعد محمد علي، ٧٢ عاما على حادثة مقتل الملك غازي، ملحق جريدة المدى، العدد (٤٢٢٧)، (بغداد، ٢٠١١/٤/١٧).

٢. د. عكاب يوسف الركابي، صفحات مطوية من احداث اول انقلاب عسكري في تاريخ العراق دور حكمت سليمان في تطورات يوم الانقلاب، ذاكرة عراقية، ملحق جريدة المدى، العدد (٣٨١٥)، (بغداد، ٢/ ١/ ٢٠١٧).
٣. زهير خضير ياسين، ذاكرة عراقية، ملحق جريدة المدى، العدد (٢٧٣٤)، (بغداد، ٢٠١٣/٢/١٥).
٤. د. عكاب يوف الركابي، محاكمة رئيس وزراء بتهمة التامر على حياة الملك غازي، ذكرة عراقية، ملحق جرية المدى، العدد (٢٩١١)، (بغداد، ٧/ ٩/ ٢٠١٣).
٥. فاطمة صادق السعدي، من احداث وثبة ١٩٤٨..اجتماع قصر الرحاب، ذاكرة عراقية، ملحق جريدة المدى، العدد (٢٧٩٦)، (بغداد، ٢٠١٣/٥/١٢).
٦. جريدة اليقظة العراقية، العدد (١٥٨٨)، (بغداد، ١٩٥٢/١١/٢٣).
٧. د. جليل العطية، عيراقيون، ملحق جريدة المدى، (بغداد، ٥ /٤/ ٢٠١٧).

### حەوتەم: ماڵپەری ئەلكترۆنی

١. ابراهيم خليل العلاف، الملك فيصل الاول (١٩٢١ – ١٩٣٣) ودوره في تأسيس الدولة العراقية الحديثة، مجلة الحوار المتمدن، العدد (٤٥٥٢)، ٢٠١٤، (https://www.ahewar.org/debat/show.art.asp?aid=429600).
٢. انطوان الصنا، حقوق الاقليات في العراق ممثل المجلس الشعبي الكلداني السرياني الاشوري – ولاية مشيغان – امريكا، دراسة ١٢/ تموز/ ٢٠١١ (http://ihrsusa.org/2018/02/02/بحث-بعنوان-حقوق-الاقليات-في-العراق).
٣. حامد الحمداني، من ذاكرة التأريخ اسرار مقتل الملك غازي، الحوار المتمدن، العدد (٣٤٤١)، ٢٠١١/١١/٢٩ (https://www.ahewar.org/debat/show.art.asp?aid=269154).
٤. رائد جعفر مطر، موسوعة شذرات المطر (http://raidmoter.blogspot.com).

٥. زلمـــــــــاي خليـــــــــل زاده، ٢٠١٥/٥/١١ (زلمــــــاي-خليــــــل-زاده/https://www.aljazeera.net/encyclopedia/icons/2015/5/11).
٦. صـلاح عمـر العلـي، اسـرار صـعود صـدام الـى السـلطة، مكتبـة الحضـارة، بيروت، مقابلة مع احمد منصور، قناة الجزيرة الفضائية.
٧. عبدالباسـط سـيدا، حـول خلفيـة وطبيعـة موقـف حـزب البعـث مـن المسـألة الكرديـــــــة، حـــــوار التمـــــــدن، العـــــــدد (١١٦٥)، ٢٠٠٥ (https://www.ahewar.org/debat/show.art.asp?aid=35327).
٨. عبدالخالق حسين، العشائر والدولة، الحوار المتمدن، العدد (٦٣١٣)، ٢٠١٩ (https://www.ahewar.org/debat/show.art.asp?aid=645847).
**٩.** وليام زيمان، التدخلات السرية الامريكية في العراق خلال فترة ١٩٥٨ – ١٩٦٣، ترجمـــــــــــة: عبـــــــــــدالجليل البـــــــــــدري (https://www.algardenia.com/terathwatareck/13938-1958-1963.html)، ٢٠١٤/١٢/١.

**هەشتەم: ئینسکلۆپیدیا**

١. کەریم شارەزا، نافیز جەلال ١٩٢١-١٩٧٢، ئینسکلۆپیدیای هەولێر، بەرگی (١٠)، (لوبنان، ٢٠٠٩).